





سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

## دیدو بۆچوونەکانی نووسەران: ...... لاپەڕەی ...................... ٧


١- ئولگوویەک بۆ هەموو وەرزەکانی ژیان ...................................................... د. کوێستان گادانی

٢- عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە ....... دیمانە: عەلی بداغی

٣- بزووتنەوەی کوردستانی ئێران ئێستاش باوەڕیبە بیرۆکە دێموکراتیکەکانی د. قاسملوو هەیە ... خالید عەزیزی

٤- کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو لە ئیلهام بەخشین بە ژنانی نێو ریزەکانی شۆڕشدا ... دیمانە شەونەم هەمزەیی

٥- بۆشایی ڕێبەریی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هۆکارەوە تا چارەسەر .......................... قادر وریا

٦- ڕێژیمی ئێران بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو ................................. دیمانە: ئازاد مستۆفی

٧- پێویستیی نیڵدانی کورەی خەبات ..................................................... شاهۆ مەتین

٨- دوکتور قاسملوو؛ ڕێبازێک بۆ رووناکبیری کورد ............................................ شاڕوخ حەسەنزادە

٩- د. قاسملوو ڕچەشکێنی ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە ............................ عوسمان بایدەمیر

١٠- بەرژەوەندیی پشتگیری لە جووڵانەوەی کورد! ................................................ مەولوود سوارە

١١- گەڕانەوەیەک بۆ بیرەوەریی دانیشتنەکانی گۆڕاییەکەی «قەڵاتی شا» ...................... ئەحمەد شێربەگی

١٢- ئێستا ئیدی ناسنامەیە .................................................................. کەریم پەرویزی

١٣- هزری قاسملوو ئاوێنەیەک بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو ............................................ سۆران شەمسی

١٤- ئەندێشەکانی د. قاسملوو، ئیستاش چرای ڕووناکی خەبات و تێکۆشانمانن ...................... حەسەن قادرزادە

١٥- فایلە دەنگیەکانی دوا گفتوگۆی قاسملو لەگەڵ بکوژەکانی پێش تیرۆرکردنی بڵاودەکرێتەوە ............. ئاوێنە

١٦- بەبۆنەی تاڵیادی سی ساڵەی شەهیدانی وییەن ................................................. عەلی فەتحی




سەرچاوە Serchawe

١٧- قاسملوو و ڕێڕەوانی ............................................ برایم جەهانگیری
١٨- حەوت وانە لە قاسملوو بۆ ڕێبەرانی داهاتوو .................................... مەجید حەقی
١٩- ڕەخنە لە دوکتۆر قاسملوو ..................................................... سیاوش گودەرزی
٢٠- خومەینیو قاسملو.. لەنۆڤل لو شاتووە تا تاران ................................. ئا: ڕێژنە سەردار
٢١- قاسملوو؛ هێمای نەتەوەیەکی خاوەن کەرامەت .................................. ڕێبوار کەریمی
٢٢- بەهایەک بۆ ئاشتی و خۆشەویستی .............................................. مەجید حەقی
٢٣- دیمانە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەگەڵ ڕۆژنامەی قەبەس ...................... حلمی رەسوڵ ڕەزا
٢٤- کێ "قاسملو"ی بەکوشت دا؟ ..................................................... سات محەمەد
٢٥- لە سییەمین ساڵی تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیدا .................. میرۆ عەلیار
٢٦- "عەبدولڕەحمان"ی عاشق ...................................................... سات محەمەد
٢٧- زەمان نایگاتێ ............................................................. کەریم پەرویزی
٢٨- تیرۆری دوکتور قاسملو و مامەڵەی پشتی پەردەی دونیای سۆسیال دیمۆکراتی دۆست! ......... حەسەن ئەهوەن
٢٩- لە یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودا ........................ لوقمان مێهفەر
٣٠- لە یادی ڕێبەری کاریزمای گەلی کورد دوکتور عبدولرەحمان قاسملودا ........................ وەستا ڕەحمان
٣١- پووشپەڕ، مانگی ڕێزگرتن یان بێڕێزیکردن بە کورد ...................................... پشکۆ ئەحمەدی
٣٢- نە زمان دەتوانێ و نە قەلەم بۆی دەکرێ دەریان ببڕێ ........................................ قادر وریا
٣٣- دوکتور قاسملوو، تێکۆشەرێکی نەسرەوتوو، ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو ............................ ئاشق ئیسماعیلی
٣٤- (کۆمەڵناسیی مەعریفی،یادێک لە شەهید قاسملۆ) ........................................ لە ڕۆژهەڵاتەوە: ا.غ
٣٥- قاسملوی شۆڕشگێرمان لێ مەشارنەوە! ................................................ شەمزین ئەحمەدنەژاد
٣٦- ئەو ڕۆژەی دوکتور قاسملوو تیرور کرا من لە پاریس بووم .................................. ئەحمەد ئەسکەندەری
٣٧- قاسملوو، ریفۆرمیستێک بەو شاخانەوە ................................................. ڕێبوار کەریمی
٣٨- سڵاو لە ڕێبازی پڕ لە شانازی دکتۆر قاسملووی ڕێبەر ........................................ محەممەد سلێمانی
٣٩- قاسملۆ سیمبوولی گەلی کورد یان حزبی دیموکرات؟ ........................................ ئەنوەر حسێن (بازگر)
٤٠- خوێنێکی تازە لە دەماری خەباتو تێکۆشانی شۆرشگێڕانەی کوردستاندا ............................ قادر وریا
٤١- بیرەوەری ................................................................. مستەفا شەمامی

٤٢- وتاری دوكتور قاسملوو لە ئەنستیتۆی هاوەردی لەگەڵ ئامریكای لاتین و ئەفریقا ................ قادر وریا
٤٣- پڕاگماتیزمی دوكتور قاسملوو، پڕاگماتیزمی بە پڕەنسیپ .................................. د. ئیدریس ئەحمەدی
٤٤- چرای ماڵانە قاسملوو ........................................................................ عەلی بداغی
٤٥- قاسملوو شۆڕشێک لە بەهاكاندا و وەستانێک لەسەر بنەماكان .................................. ئارەش ساڵح
٤٦- وتووێژی كوردستان لەگەڵ نەسرین قاسملوو .................................. هەڤپەیڤین: د.ئومید ساعێدی
٤٧- لە یادی قاسملووی ڕێبەردا ................................................................... كاوە بهرامی
٤٨- قاسملوو هێشتاش بۆ لاوانی كوردستان هەر سەرمەشقی خەباتە .............................. ئیبراهیم لاجانی
٤٩- «بۆ دوكتوری مەزن » ........................................................................ شنە
٥٠ سیهەمین ساڵیادی شەهید بوونی دوكتۆر قاسملوو ........................................ ئیبراهیم لاجانی
٥١- نووسراوەیەكی بەپیز .......................................................................... شەهلای دەباغیەوە
٥٢- ئێستە ئیتر سی ساڵە قاسملوو ناتوانێ هەرگیز بمرێ ...................................... موسلیم ئەحمەدی
٥٣- چەند باش دەبوو ئەگەر یادی ٣٠ سالەی تڕۆری شەهید د قاسملوومان بەیەكەوە بەڕێوە بردبا ... ڕەشید قازی
٥٤- Ji bo bîranîna rêberê her tim bi ken (هونراوە) ...................................... عەبدوڵڵا حیجاب
٥٥- گەواهینامەی مێژوومان(هونراوە) ........................................................... مەهاباد قەرەداغی
٥٦- باری وەفا(هونراوە) ............................................................................ بێبەش پیرۆتی
٥٧- بۆ ڕوحی پیرۆزی قاسملوو(هونراوە) ........................................................ كەریم فەرخەپوور
٥٨- گرشەی مێژوو بۆ قاسملوو(هونراوە) ......................................................... بێبەش پیرۆتی
٥٩- بۆ یادی سی ساڵەی شەهید د.قاسملووی نەمر(هونراوە) ......................................... لە ڕۆژهەڵاتەوە
٦٠- قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە! (پەخشانە شێعر) ................................................. هاشم ڕۆستەمی
٦١- "وڵاتی شەهید بە كاتە خۆڵەمێشییەكانەوە" ........................................... نووسەر: داروەن
٦٢- یادی شەهیدی نەمر "فازیل ڕەسوڵ" ...................................................... جیهاد محەمەد

## ڕاگەیاندراوەکان: لاپەڕەی ...................... ٢٧١

* ڕاگەیاندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
* ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاریی بەبۆنەی سی ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملووەوە
* بەیاننامە بە بۆنەی ٣٠ سالەی تیرۆری د.قاسملووی ڕێبەرەوە
* پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە خۆپیشاندانەکەی بروکسێلدا
* بزووتنەوەی کۆماریخوازان، ٣٠هەمین سالرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بەرز و پیرۆز رادەگرێت
* حیزبی دێموکڕاتی کوردستان - دەفتەری سیاسی: ئەمەگناسیتان بۆ شەهید دوکتور قاسملوو هیوابەخشە!
* سپاس و پێزانینی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان
* پەیامی لویس ئایالا سکرتێری گشتیی ئینتەرناسیۆنال سوسیالیست
* وتاری مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆبوونەوەی بەردەم پارلمانی ئوتریشدا)

## کارو چالاکییەکان ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان: ...... لاپەڕەی ........ ٣٠١

* خالید عەزیزی: کورد، فاکتۆری سەرەکی لە ئێران
* ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی دیپرێسە زۆنداخی ئوتریشی لە سەر خۆ پیشاندانەکەی وییەن و بەشێک لە وتەکانی بەڕێز مستەفا شەڵماشی
* لە وڵاتی فینلاند سمینارێک لە ٣٠ ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو هاورێیاندیدا بەرێوەچوو
* خۆپێشاندانی بەرین لە یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو دا لە ویەن
* بریارنامەی خۆپێشاندەرانی بەردەم پارلەمانی ئوتریش
* بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە یادی دوکتور قاسملوو لە شاری هەولێر



سەرچاوە
Serchawe

❊ لە زێدی لە دایکبوونی "دوکتور قاسملوو" یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە بەرز ڕاگیرا

❊ لە شاری سەقز یادی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا

❊ بۆ دوویەمین جار بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری بانە چالاکیی تەبلیغی کرا

❊ بەرزڕاگرتنی یادی شەهید عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شاری تیکاب

❊ بۆ جارێکی دیکە بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری سنە چالاکی کرا

❊ بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری دێولان چالاکیی تەبلیغی کرا

❊ بەرزڕاگرتنی یادی شەهید دوکتور قاسملوو لە ئیلامی دێرین

❊ چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری شنۆ

❊ چالاکیی تەبلیغی لە شاری سەردەشت بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ

❊ سیمینارێکی تایبەت بۆ یاد کردنەوەی دکتور قاسملووی مەزن لە وڵاتی کانادا

❊ مەراسمی پێرلاشیز و پەیمان نوێکردنەوە

❊ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٣٠ی ساڵەی تیرۆری شەهیدانی ویەن شەقامەکانی لەندەنیان هەژاند.

❊ میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان لە ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو

❊ چالاکیی تەبلێغی بەربڵاو لە شاری سنە بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ

❊ چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە لۆڕستان

❊ چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە ناوچەی لەیلاخ

❊ چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە ئاوایی گامێشگۆلی

❊ چالاکیی تەبلیغی "لاوانی شۆڕشگێڕی هەوشار" بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە

❊ هونراوە ........................ بێبەش پیرۆتی



سەرچاوە Serchawe

# دیدو بۆچوونەکانی نووسەران:

## د. قاسملوو، ئولگوویەک بۆ هەموو وەرزەکانی ژیان



**د. کوێستان گادانی**

زۆر کارێکی دژوارە کە پێنووسی کولی من بیهەوێ لەسەر کەسایەتییەک بدوێ کە دەرفەت و شانازیی کاری ڕۆژانەم دەگەڵی نەبووبێ، لە ناوەندی بڕیاردان و کاری ئۆرگانیدا شانازیی ئەوەم نەبووە لە خزمەتیدا بم، بەڵام هاوکات هەر لە دەستپێکی کاری سیاسیمدا ئەم کەسایەتییە ڕێبەرەم بە یەکێک لە ئۆلگووەکانی خۆم هەڵبژاردوە. دژوارتر لەوە ئەوەیە کە بتهەوێ لەسەر کەسێک بدوێی کە لە کات و زەمانی خۆیدا ڕێبەر و کەسایەتییەکی خەللاق بووە و، منی قوتابیی قوتابخانەی شۆڕشی ئەوکات دوای ٣٠ ساڵ لە شەهید بوونی بمهەوێ کاریگەریی ئەم کەسایەتییە لە ژیانی حیزبیمدا دەرببڕم.

هەموو منداڵ و لاوێک تا دەگاتە کات و ساتی بڕیاردان و هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی خۆی دەکرێ بڵێین کە لەژێر کاریگەریی شێوە ڕوانینی بنەماڵەی خۆیدایە. بە تایبەتی لە کومەڵگەی کوردەواریی خۆماندا و ئەویش ٣٠ - ٤٠ ساڵ لەمەوبەر کە ئەم کاریگەرییە بەرچاوتر بوو لەچاو سەردەمی ئێستا. کەواتە ناسین و خۆشەویستیی ڕێبەری شەهید و هەروەها کاریگەریی لەسەر ژیانی من هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە واتە لە تەمەنی ٦ - ٧ ساڵیدا لەژێر تەئسیری خۆشەویستی و تێکەڵاویی بنەماڵەمان دەگەڵ ڕێبەری شەهید؛ دوکتور قاسملوو دەستی پێکردوە. ئەم هەست و سۆز و خۆشەویستییە لەم کاتەوە تا ئێستا و لە داهاتووشدا بۆ یەک ساتیش لە ژیاندا نە کەم بۆتەوە نە کەمیش دەبێتەوە. بە نیشانەی ڕێزلێنان لە کەسایەتیی بەرزی شەهید قاسملوو، لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەم لە چەند خاڵدا باسێک لە کاریگەریی بەڕێزیان لەسەر حیزبی بوونی خۆم بەکورتی بکەم؛

## یەکەم، کۆمەڵایەتی بوون و ڕووخۆش بوونی

لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا باوە کە ئەگەر کەسێک لە هەر بوارێکەوە لە کۆمەڵگەی خۆیدا لێهاتوویەک، خوێندەواری یان دەسەلاتێکی مادی و مەعنەویی بەرچاوی هەبێ، بە شێوەیەک بەرخوردی دەگەڵ دەکەن کە ئەگەر ئەم کەسە کۆمەڵگەی خۆی بە باشی نەناسێ و ژیرانە ئاگای لە خۆی نەبێ ئەم گەورەکردنەوە و ڕێزلێگرتنە تایبەتییە، بە زەرەری کەسایەتییەکە و بگرە کۆمەڵگەش تەواو دەبێ. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەورانی ڕێبەری شەهیدمان، کۆمەڵایەتی بوونی ئەو، تێکەڵاوی و هەڵسوکەوتی دەگەڵ خەڵک هیچکات ڕێگای بەوە نەدا کە ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە، ئەو بکاتە کەسێکی جیاواز و دوور لە خەڵکەکەی خۆی. هەرچەندە ئەو ئێلێمانانەی کەوا دەرەنجامی ئەم دیاردە ناشیرینەی لێ دەکەوتەوە بەڕادەیەکی زۆر لە دوکتور قاسملوودا هەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەی د.قاسملوو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و بە ناوبانگ گەورە ببوو، بە وەرگرتنی بڕوانامەی دکتورا لەو کاتەدا کە بە دەگمەن خەڵکی لای خۆمان تەنانەت هەتا وەرگرتنی لیسانسیش هەڵکشابوون، گەڕانەوەی لە ئورووپا و زانینی چەند زمانی بیانی و هتد؛ بەڵام دێموکرات و عەداڵەتخواز بوونی ئەو مەجالی بۆ چەسپاندنی ئەم دیاردەیە نەهێشتەوە.

ماوەیەک لە دەورانی منداڵی مندا بەڕێزیان بە ناوێکی موستەعار لە ماڵی ئێمە ژیاون، بەڵام هەر ئەوکات گەورەیی ئەوم لە ئاکاریدا هەست پێدەکرد کە هیچ کات خۆی لە ئێمە بە زۆرتر نەدەزانی و لە ساڵانی دواتریشدا،

زیاتر سەلماندی کە ئەم شێوە ئاکارە کارێکتێری بەرزی بەڕێزیان بوو کە یەکێک لە دەرسەکانی بووە بۆ ئێمە.

### دووهەم، خوێندنەوەی تاکەکان و ڕێز لێگرتنیان

لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە ڕەسمییەکانی حیزبیدا، کە ئێمە دەمانتوانی تێیدا بەشدار بین یان لە سەردانی بەڕێزیان بۆ قوتابخانە و لە میوانداریی تایبەت، ئارامی و لە سەرەخۆییەکی تایبەتم لە ڕەفتاری ئەم ڕێبەرەدا دەدیت. ئەوەندەی مەجال هەبا گوێگر بوو و هەوڵی ڕێنوێنی کردنی دەدا و ئەگەریش وڵامێک نەبا یان شوێنەکە بۆ باسەکە گونجاو نەبا زۆر جار دەمانبیستەوە کە بەدواداچوونی بۆ کردوە. ڕەنگبێ زۆر جار چارەی کێشەکانیش نەکرابێ، بەڵام گرینگ ئەوە بوو بەهەر شێوەیەک لێپرسینەوە و بەدواداچوونی دەکرد جا لە ڕێگای ئۆرگانی پەیوەندیدار یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بووبێ. ئەم گوێڕاگرتن و گرینگی پێدانە کارێکی وای کردبوو کە تەنانەت لە لایەن ئەو کەسانەوە کە چارەسەری کێشەکەشی بۆ نەدەکردن، یان دەگەڵیان بە ڕێککەوتن نەدەگەیشت بە ڕێزەوە باس دەکرا. لەم ڕێبەرە مەزنەوە فێر بووین کە دەبێ ئارامیی خۆمان لە کات و ساتی تایبەتدا بپارێزین و بە زمانی ڕێزەوە دەگەڵ خەڵک بدوێین کە هەستی متمانە لە نێواندا پێک بێ. فێر بووین لە هەر کاتێک و لە هەر دۆخێکدا ڕۆحی ئاریکاریمان هەبێ.

### سێهەم، گرینگی دان بە پەروەردە

پەروەردەی ئاکادێمیک ئەزموونی زۆری بە دوکتور قاسملوو لە ڕێگای فێربوون و خۆ پێگەیاندن بەخشیبوو، ڕێبەری ئێمە دەگەڵ ئەوەی لە زانکۆی فەرمیی دەوڵەتیی بەبۆنەی خەباتەوە وانەی نەدەگوتەوە، بەڵام لە کەمترین ئیمکاناتدا هەوڵی پەروەردەی بەرەی داهاتووی لە شاخەکان و لە زانکۆی سیاسیی حیزبدا هەر دەدا. ئەو ئێمەی فێر کرد کە خوێندن هەر بۆ ناو و ماڵ نییە، بەڵکوو پەروەردە و فێرکردنی نەوەی نوێی کۆمەڵگە بۆ ئاوەدانی دوارۆژی نیشتمان پێویستە. یەکێک لەوانەکانی لەم بوارەدا ئەوە بوو کە بەبێ چاوەڕوانی، زانست و تێگەیشتنەکانمان لەنێوان هاوڕێیانماندا بەش بکەین. ڕێبەری شەهیدی ئێمە پێداگر بوو لەسەر ئەوەی ئێمە بە جیاوازییەکانمانەوە جوانین و ڕەنگاوڕەنگی، نەخشێکی جوان دەخولقێنی و، تەمرینێکە بۆ دێموکراسی. ئەم شێوە

پەروەردەیە لە ڕوانگەی منەوە، هەم وەک قوتابی، هەم وەکوو پێشمەرگە و کادرێکی ئەم حیزبە و چالاکی مافی ژنان و... کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم هەبووە. هەروەها دەبێ بڵێم بەگشتی نەسلی ئێمە هەموو کارتێکەریی ئەم وانانەمان لەسەر بووە؛ کە بەدڵنیاییەوە لە هەندێکماندا ڕەنگدانەوەی زیاتری پێوە دیارە. کاتێک دەمدیت چۆن بۆ مافی ژنان و چالاک بوونی ژنان هەوڵ دەدا و دەگەڵ ئەوەی زۆر کۆسپی کولتووری لەسەر ڕێگای پێگەیاندنی ژنان دەهاتە سەر ڕێی، بەڵام هیچکات شلوێ نەدەبوو و، تەنانەت هەمیشە هاندەری ژنانی نیو مالێش بوو کە لەو بوارەی خۆیان پێیان خۆشە کار بکەن و چالاک بن. بۆیە ئێستاش چالاکیی ماندوو نەناسانەی ئەو بەرەیە لە ژنان درێژەی هەیە و جێپێیان لە دەوروبەری خۆیان تێپەڕیوە و زۆربەیان بوونەتە ئۆلگوو بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## چوارەم. کەسایەتیی ناسراو و دیپلۆمات

ئێستا کە ئاوڕ لە دنیای دیپلۆماسی و سیاسیی کورد دەدەمەوە، ئێشی لەدەستدانی ڕێبەری دیپلۆماتمان بەژانتر دەبێ. من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە هەڵسەنگاندن دەبێ بە پێوەری کاتی خۆی بێ نەک بە پێوەرەکانی ئێستا. دکتور قاسملوو دیپلۆماتێکی بێوێنە بووە لە سی - چل ساڵ لەوە پێشدا، هەر ئەوەش وای کرد کە تەنیا کەسایەتیی حیزبی و کورد نەبێ و بەڵکوو زۆرێک لە ئێرانییە سیاسییەکانیش وەک سەرمایەیەکی ئێرانی و نێونەتەویی ناوی ببەن. زانینی چەندین زمانی گرینگ، شارەزا لەسەر دۆخی کوردستان، ئێران و ناوچە و جیهان، بەڕۆژ و ئاپدەیت، لەهەمووی گرینگتر شارەزا بەسەر ویست و خواستی دوژمن (واتە بەتەواوی ناسینی دوژمنەکەی)، پارێزەری بەرژەوەندیی گەل و حیزبەکەی، هێشتنەوەی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی سەربەخۆ، پێکهێنەری پێوەندیی دوولایەنە، بە پلان و بەرنامە کار کردن، بە وەخت هێنانە بەر باسی خاڵە گرینگەکان دەگەڵ لایەنەکان و... خاڵە سەرکەوتووەکانی شێوەی کاری دیپلۆماسیی ڕێبەری ئێمەیان پێک دەهێنا. ئەگەر ئێمە درێژەدەرانی ڕێگای ئەم شەهیدە و ڕێبازی دێموکرات، تەنیا هەندێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم ڕێبەرەمان لە باری دیپلۆماسییەوە ڕەچاو کردبا؛ بەدڵنیاییەوە ئێستا لەم بارەوە دەسکەوتی باشترمان دەستەبەر دەکرد. توانایییەکانی دوکتور قاسملوو ئەوەندە لەسەرەوە بوو کە نەوەک تەنیا هاوڕێیانی بەڵکوو دوژمنانیشی ناچار بە دانپێدانان کردبوو. هیوادارم ئەم کاریگەرییانەی لەم چەند خاڵەدا زۆر بەکورتی باسیان کرا، لەسەر منیش و هاونەسلەکانیشم ڕەنگدانەوەی مەیدانیی زیاتری هەبێ.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم بێگومان بەشێک لە هاوسۆزیی من بۆ ڕێبەری شەهیدمان بووە هۆی ئەوەی کە ئەم نووسراوەیە بنووسم، بەڵام لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییە باشەکانی ئەو پێوەندی بە خۆشەویستیی منەوە نییە. لە کاتێکیشدا ئەگەر هەستم کردوە کە پێویستە ڕەخنە لە کار و بڕیارێکی دوکتور قاسملوو بگرم، بەڕێزەوە ئەو کارەم کردوە چونکی بۆخۆی هەمیشە لەو بڕوایەدا بوو کە ڕەخنە گرتن بۆ بەهێزتر بوون و باشتر بوونە.

هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕی خێرا و بەپەلەی دنیای دەوروبەرمان ئێمەش دەبێ حەول بدەین لەگەڵ ڕەوتەکاندا بڕۆین. پێویستە گۆڕان بەسەر خۆماندا بێنین و ئەمەش دەرسێکی دیکەیە کە لە خوێندنگەی ڕێبەری شەهیدمانەوە فێر بووین، کە وشیارانە چارەسەر بۆ کێشەکانمان ببینینەوە و دڵنیام ئەگەر دوکتور قاسملووش لە ژیاندا مابا؛ دەگەڵ ئاڵوگۆڕی ئەم سەردەمەی ئێستا خۆی ڕێک دەخست.

یاد و ناوی ڕێبەری شەهیدمان هەر دەم پیرۆز بێ و ڕێگا و ڕێبازی دێموکرات بۆ گەیشتن بە ئامانجمان هەر پایەدار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جووڵای ٢٠١٩

## عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە



**دیمانە: عەلی بداغی**

٣٠ ساڵ لە تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی تێپەڕی کە لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەلایەن ئەوانەوە درانە بەر دەستڕێژ. ناودارێکی کورد دەڵێ: «میللەتی کورد وەجاخ کوێر نییە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد کوڕی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم.» خاوەنی ئەم وتە بەنرخە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تێکۆشەری دێرین، یاری غاری دوکتۆر قاسملوو، و هاوسەنگەری بەوەفای بەڕێزیانە؛ کە لە دیدارێکی تایبەتدا هاتووینەتە خزمەتی بۆ ئەوەی بە بۆنەی ساڵیادی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو، لەگەڵ بەڕێزیاندا یادێکمان لە قاسملووی نەمر و باسێکمان لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی ئەم زاتە گەورەیە لە زمان بەڕێز مامۆستاوە کردبێ.

**عەلی بداغی: مامۆستا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم کە جەنابت یەکەم جار دوکتۆر قاسملووت لە کوێ دیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: جارێ لە پێشدا با بڵێم سڵاو لە یادی دوکتور قاسملوو، سڵاو لە گیانی پاکی، سڵاو لە هەموو ئەوانەی کە لە پێناو بیروباوەڕەکەی دوکتور قاسملوودا شەهید بوون، سڵاو و ئاواتی سەرکەوتنیش بۆ ئەوانە کە ئێستاش هەر لە ڕێگەی دوکتور قاسملوو و پێشەوا و بەگشتی حیزبی دێموکراتدا خەبات دەکەن.

ئەمن لەمێژ بوو لەگەڵ ناوی دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم، بەڵام دیتنم بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ی زایینی کە دەبێتە ١٣٤٩ی خۆمان، ئەو وەختە کە ڕێککەوتن لە بەینی دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیدا هەبوو؛ دوکتۆر قاسملوو لە دەرێرا هاتبوو بۆ پیرۆزبایی لە مەلا مستەفا و لە عەینی حاڵدا بۆ پێوەندی بە هاوڕێیانیەوە لە حیزبی دێموکراتدا. چونکی ئەو وەختی حیزبی دێموکرات زۆر پەرشوبڵاو بوو، بێجگە لەوانەی وڵات کە سابیتن، ئەوانی دیکە ژمارەیەکمان لە دەرێ بوون کە پێکەوە پێوەندیی دۆستایەتییان هەبوو نەک پێوەندیی ڕێکخراوەیی. بەشێکمان لە مەنتەقەی شۆڕش لە کوردستانی عێراق بووین، بەشێکیش لە مەناتیقی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق بوون. لەوێ لە زیمنی سەردانی مەلا مستەفادا، مەرحوومی دوکتور قاسملوو چاوی بە برادەرێکمان کەوتبوو بەناوی کاک ئەمیری قازی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو؛ لەوێ باسی ئەوەی کردبوو کە پێم خۆشە یەکتر ببینین. ئێمەش بۆخۆمان کۆبوونەوەیەکمان کرد، بڕیارمان دا دەعوەت لە دوکتور قاسملوو بکەین بێتەوە نێو ڕێبەریی حیزب و تەنانەت وەکوو مەسئوولیش لە ڕێبەریی حیزبدا بێ. بەڵام ئیدی ئەو دیدارە ئەو وەختی نەکرا؛ وا دیاری کرا کە دوکتور قاسملوو بچێتەوە و پاش ماوەیەک بێتەوە. ڕاست تاریخەکەیم لەبیر نییە بەڵام لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٧٠دا بوو کە بۆ یەکەم جار لە بەغدا چاوم بە دوکتۆر قاسملوو کەوت و، دیدارێکی پێنج-شەش ڕۆژەمان هەبوو. کە لە جێی دیکەدا باسم کردوە، لەوێ شەش نەفەر کۆ ببووینەوە، حەوت کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی[پێکەنین] لە حاڵێکدا نە کۆنگرە بوو نە کۆنفڕانس.

**عەلی بداغی:** سەرەتایەکی گرینگ زۆر گرینگ بۆ بنیاتنانەوەی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات کە بوو بە ڕفیقایەتییەکی پتەویش لە نێوان جەنابت و دوکتور قاسملوودا کە هەتا کاتی شەهیدبوونی ١٩ ساڵی خایاند. مامۆستا ئەدی دوادیدارت لەگەڵ دوکتور قاسملوو کەی بوو، لە کوێ بوو و، ئەوەندەی لە بیرتان مابێ باسی چیتان دەکرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دوا دیدار لە کاتێکدا بوو کە ئەمن لە ڕێبەریی حیزبدا نەبووم، دوای کۆنگرەی هەشت بوو کە ئەمن هەڵنەبژێرامەوە ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام پێوەندییەکە هەر پێوەندییەکی مامۆستا و شاگردی بوو

**عەلی بداغی**: خۆت کاندید نەکردبوو مامۆستا!

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: موهیم نییە ئەوە، موهیم ئەوەیە نەبوومە ئەندامی ڕێبەری. دوکتۆر قاسملوو لە هەموو موناسەبەتێکدا زۆری لوتف لەگەڵ من دەکرد، تەنانەت لە مەسائیلی سیاسیدا دەکرێ بڵێم هیچ مەسەلەیەکی عومدەی سیاسی نەبووە، کە لەگەڵم باس نەکا و من ئاگادار نەکاتەوە هەرچەندە لە ڕێبەریدا نەبووم؛ ئەمە هەر تایبەت بەو دواییانە نەبوو پێشێش هەر وابوو. بەینی کۆنگرەی چوار و پێنجیش کە ئەمن دیسان لە ڕێبەریدا نەبووم، ئەو پێوەندییەمان هەر هەبوو. ئاخر دیدار ئەوە بوو کە لەدوای ناردبووم بچم، بۆ یەکەم جار تەواوی قەزیەکەی لەگەڵ من باس نەکرد بەڵام بە شێوەیەکی سەربەستە لە واقیعدا ئەو داستانەی لەگەڵ باس کردم؛ کە بەداخەوە سەری تێدا چوو. پرسیاری کرد کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بێ وتووێژمان لەگەڵ بکا، ئەتۆ نەزەرت چییە؟ گوتم جا سیاسەتی ئەم حیزبە داڕێژراوە، ئەم حیزبە قەتی وتوویژ نەفی نەکردووە. بەڵام بەپێی ئەو زەوابیتە کە ئێمە پەسەندمان کردوە تەنانەت بۆخۆشت گەڵاڵەت کردوە؛ جا ئەووەڵ جار ئەو شرووتە دوکتور قاسملوو بۆخۆی گەڵاڵەی کردبوو و دوایە بەبێ شک ئەوانی دیکەش دەستکارییان تێدا کردبوو. ئەوە ئاخرجار بوو کە ڕۆیشت و بەداخەوە ئیدی یەکترمان نەدیتەوە.

**عەلی بداغی**: مامۆستا پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارە سیاسییەکان ڕەنگبێ بیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانەوە و ئەو کات و ساتانەش بۆ جەنابت زۆر ناخۆش بێ، بەڵام بێگومان بۆ بینەرانمان گرینگە کە ئەگەر بکرێ باس لەو ئانوساتەش بکەی کە هەواڵی تێرۆرەکەت بیست. لەو کاتەدا بیرت لە چی دەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەو ئانوساتە ئانوساتێکی ناخۆش بوو بەڵام بۆ ئێمە وەک دەڵێ تەدریجی بوو، ڕۆژی هەینی بوو، ڕۆژی جێژنی قوربانیش بوو، ئێمە شوێنی کاری دەفتەری سیاسیمان لە دێیەک بوو بەناوی «بۆڵێ» لە بناری قەندیل، بەڵام ماڵەکانمان لە دێیەکی دیکە بوو هەر لە بناری قەندیل بەناوی «ئێنەدزێ». ڕۆژانە هاتوچۆمان دەکرد بەڵام ڕۆژانی جێژن و تەعتیل نەدەچووین. دەوری سەعاتی نۆ و ئەوانە بوو ماشێنێکمان بەدووودا هات لەبیرم نییە کاغەزی لەگەڵ بوو یان نا، بەڵام پێویست نەبوو ئەگەر کاغەزیش نەبووبێ. گوتی: کاک دوکتور سەعید داوا دەکا بێن. کاک مستەفای هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، ئەو و من. کە چووین لە ڕێگادا ئەو کوڕە پێی گوتین: دەڵێن لە ئۆتریش تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە. گوتمان: باشە چ بووە چ نەبووە؟! گوتی:

مەعلووم نییە، هەر ئەوەندە دەزانین تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە بەڵام کێن، کێ نین، بریندار بوون، کوژراون یان چی نازانین. هەتا چووینە لای شەهید دوکتۆر سەعید، دوکتۆر سەعید دیارە بە پارێزەوە بەڵام بە سەراحەت مەسەلەکەی لەگەڵ باس کردین. جارێ عەکسولعەمەلی من لە باری سیاسییەوە ئەوە بوو کە گوتم کاری عێراقییە. چونکی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ عێراق هەبوو زۆری عێراق ئەزیەت دەکرد. هەر حیزبەکەمان وابوو چەند جار ئێمە دەوڵەتی عێراقمان بەتۆمەتی کاری فاشیستی لە بەیانییەی ڕەسمیدا سەرکۆنە کردوە. دوکتور سەعید گوتی: ئەوەی تۆ بۆی دەچی وایە بەڵام هەندێک شت هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە. گوتم وەک چی؟ گوتی: وەڵڵا ئاوەهایە. دیارە کاک مستەفا ئاگای لێ بوو، ئەمن ئاگام لە تەفسیلاتەکەی نەبوو. گوتم: جا کەوابێ موناقەشەی ناوێ، ئەوە وتووێژ بۆ مافدان نەبووە، وتووێژەکە بۆ ئەوە بووە کە ئەوی لەبەین بەرن. لەوێدا وەختی گریان نەبوو، چونکی لە سەعاتی وادا دوکتۆر قاسملوو شەخسی منی فێر کردبوو، کە دەبێ ڕووحییەمان لە شعوورمان بەقوەتتر بێ. چۆنی فێر کردم؛ یەکەم ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان کە شەهید بوو مەرحوومی قادری ویردی بوو. ئێمە لە کومیتەی ناوەندی ١١ کەس بووین، ئەو شەهید ببوو، دوومان لە دەرێ بوون، هەشتیشمان لەوێ بووین. حەوت کەسمان دەگریاین زۆر سەیر دەگریاین؛ تەنانەت کەسێکی وەکوو مەرحوومی کەریمی حیسامی کە پیاوێکی هەم بەتەمەن، هەم بەئیستلاح کارکوشتە بوو. دوکتۆر قاسملوو تانەی لەمن دا، گوتی: هەستە وەختی گریانێ نییە وەرە با بچین بەیاننامە بنووسە. پیلی گرتم ژوورێک لەسەرێ بوو کە مەعموولەن بۆخۆم لەوێ کارم دەکرد؛ کاری نووسین و شت. گوتی: دانیشە بەیاننامەکە بنووسە، گوتم: دوکتۆر مێشکم هیچی تێدا نییە. گوتی: ئەوە ئەووەڵتە، سەت حاڵەتی وا دەبینی، لەو وەختانەدا ئەتۆ دەبێ ڕووحییەت بەقوەت بێ. یەک - دوو کەلیمە ڕێنوێنیی کردم و بەجێی هێشتم، مەجبوور دانیشتم ئەو بەیاننامەی کە دەبوو حیزب دەری بکا نووسیم. جا لەو لەحزەیەدا ئەوەم وەبیر هاتەوە کە دەبێ ئێمە ئەوەندەی دەکرێ ڕووحییە بدەین بە خەڵکی. پاش ماوەیەک هێندێک کارمان کرد، یەکێک لە کارەکان ئەوە بوو، شتێکمان گەڵاڵە کرد بۆ خەڵک کە بەرنامەی ڕادیۆ بڵاوی بکاتەوە: بەداخەوە خەبەرمان وەرگرت کە دوکتۆر قاسملوو لە ڤییەنێ تەقەی لێ کراوە، ئێمە لەگەڵ ڕەفیقەکانمان لە ڤییەن لە تەماسداین بزانین نەتیجەکەی چییە. بۆ ئەوەی یەکسەر خەبەرەکە نەدرابێ. کاری دووەم ئەوە بوو کە شتێکی چووکەڵەمان نووسی، بە بێسیم بیدەین بە تێکۆشەرانی حیزبی، ئیدی بۆ ئەوان ئاوا نووسرا: دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو، بەڵام بیروباوەڕەکەی زیندووە، حیزبەکەش زیندووە؛ شتێکی ئاوا کورت. دواتر ئەمن بە مەرحوومی دوکتۆر سەعیدم گوت: ئەتۆ کارەکانت بکە، ئەمن دەچم بەیاننامەی دەنووسم بێ‌ئەوەی ئەو پێم بڵێ. چووم، دانیشتم بۆ بەیاننامەنووسین بەڵام ئیدی لەوێ نۆرەم بوو، چەند جار لە زیمنی نووسینەکەدا - خۆ ئەو

وەختە کامپیوتێر نەبوو -، کاغەز و قەڵەم بوو، مەجبوور دەبووم کاغەزەکەم لابەرم هەتا ئەوەی نووسیومە بە ئاوی چاوم ڕەش نەبێتەوە. بەهەرحاڵ ئەوە عەکسولعەمەلەکە بوو.

**عەلی بداغی**: زۆر ناخۆش بوو وەبیرهێنانەوەی ئەوە. مامۆستا تێکەڵاوی و کاری هاوبەش و هاوڕێیەتی و هاوسەنگەر بوون لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، بێگومان هەر کەسێک کە لەگەڵی بێ کاریگەریی زۆری لەسەر دادەنێ؛ پێم خۆشە بزانین دوکتۆر قاسملوو لەسەر کام ڕەهەندی ژیانت جیا لە ڕەهەندی سیاسی کە باست کرد کاریگەریی داناوە؟ لەسەر چ لایەنێکی بیرکردنەوەی جەنابت زۆرتر کاریگەری هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: هێمن لەبارەی مەلا ئەحمەدی فەوزییەوە دەڵێ: ئەمن دروستکراوی دەستی مەلا ئەحمەدی فەوزیم. ئەگەر موبالەغە نەبێ ئەمنیش وا دەڵێم، هەم لە باری سیاسییەوە، هەم لە باری ئاداب و ڕەفتار و بەتایبەتی هێندێک شتی زۆر گەورەی هەبوو کە ئێمە هەر ڕەعایەتمان کردبێ و تۆزێک بەلایدا چووبین هەر زۆرە. ئەو ڕۆحگەورەییە، دێموکراتبوون، کەمتر بیرلە تۆڵەکردنەوە، نەزاکەتی کەلام لە نووسیندا، لە زۆر بارەوە ئەخلاقی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوە دەبوو، پیاو ڕەچاوی بکا و لێی فێر بێ. ئەوەی کە لە موقەدەمەی قسەکاندا باست کرد، وا بوو. یەعنی لێی زیاد دەکەم ئەمن لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و لەگەڵ زۆر کەس دانیشتووم، هیچ کەسم لە سەرەوی دوکتور قاسملووی نەدی، هیچ کەس.

جوانترین وەسف بوو لە پەسنی قاسملوودا
هیچ لەبەر تەعەسسوبیش وا نالێم؛ واقعیەت دەڵێم.

**عەلی بداغی**: بێینە سەر پرسیارە سیاسییەکانمان لەم دیدارە تایبەتەدا، زۆر جار دەبیستین: کە دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستاش بێقاسملوویی پێوە دیارە. ئایا ئێوەش وا بیر دەکەنەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن وا بیر دەکەمەوە کە چەند لایەنی هەیە، ئەوەڵەن جێی هیچ کەس پڕ نابێتەوە، نەک دوکتۆر قاسملوو بەڵکوو جێی خەڵکی دیکەش. چونکی ئێمە بەنناییەک نیین ئیحتیاجیمان بە دە فەعلە هەبێ، ئەگەر یەکێکیان نەخۆش بێ یەکی دیکە لە جێگەی دادەنێ. ئێمە قەزیەیەکمان بە دەستەوەیە ئیحتیاجیمان بە

هەمووان هەیە، کەوابێ جێی هیچ کەسمان بۆ پڕ نابێتەوە. شتێکی دیکە دووبارە دەڵێم، بە مردنی هیچ کەس نابێ جێیەکە بەتاڵ بێ، نابێ ڕەوتەکە بوەستێ. ئەسڵەن هونەری ڕێبەرێکی سیاسییش لەوەدایە کە وای کار کردبێ، وای خەڵک پێ گەیاندبێ کە دوای خۆی کارەکە بڕوا؛ دەنا هونەرێکی نییە فەقەت ئەو وەختە کار بڕوا کە بۆخۆی دەیکا. بەڵام ئەگەر ئەوەی لێ دەرچێ، بەڵێ ئەمنیش باوەڕم وایە کە بێقاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە هەتا ئێستا دیارە. چونکی بۆخۆی ئەو چەترە بوو کە هەمووی خڕ دەکردنەوە لە عەینی حاڵدا ڕێبەرێکی گەورە بوو.

**عەلی بداغی**: بە دیوێکی دیکەی ئەم باسەدا، بەهەر حاڵ کۆمەڵێک ئەندامی ڕێبەری، کۆمەڵێک کادری تێکۆشەر، کۆمەڵێک پێشمەرگە هەن لەو نێوەدا، بەهەرحاڵ دوای قاسملوو ئەم حیزبە درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی داوە؛ ئایا ئەمە غەدرێکیش لەم ڕێبەرییە نییە کە بەهەرحاڵ بە شەو و شەونخوونی بە قوربانیدان ئیدامەی کاریان داوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: عەرزم کردی، گوتم نابێ کارەکان ڕاوەستن، کارەکان ڕۆیشتوون و چاکیش ڕۆیشتوون. تەنانەت لەدوای شەهیدبوونی کە ئەمن لە بەخاک سپاردنەکەیدا بەشدار بووم، هاتمەوە موساحەبەیەکی ڕادیۆییمان کرد؛ باسی ئەوەم کرد کە دوکتۆر قاسملوو تەمرینی نەمانی خۆی بە ئێمە دەکرد، ساڵێ لە سێ مانگەوە هەتا شەش مانگ بەجێی دەهێشتین، بۆ ئەوەی ئێمە کارەکانمان بکەین. تەنانەت جارێکی -ئەمن کەمێک سەریحم لەو شتانەدا- دەگەڵ خۆی قسەم دەکرد، گلەییم لە شتێکی کرد گوتم: لە کاری خۆیدا کاک دوکتۆر سەعید بەمشوورتر و مودیرترە تا تۆ. گوتی: چۆن وا دەڵێی دوکتۆر سەعید ڕادیۆی ئیدارە دەکا ئەمن حیزب ئیدارە دەکەم. گوتم: نا حیزب هەموومان ئیدارەی دەکەین، ئەتۆ بەتەنێ ئیدارەی ناکەی. فێعلەن هەرواش بووە. ئەمن لە پێشەوەش کە هەموومان لە بیرمانە ئەووەڵ قسەکانم ئەوە بوون کە سڵاوم لەوانە کرد کە ڕێگاکەی ئیدامە دەدەن، بەڵێ ئەوان فەزڵیان هەیە، هونەریان هەیە لە هیچی کەم ناکەمەوە، بەڵام ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە و تەنانەت کەمێکیش تەفسیری ئەو خەڵکەیە، کە ئێستا دەڵێن قاسملوو جێی بەتاڵە، بریا قاسملوو دە کەسی لە جێ بایەن.

**عەلی بداغی**: مامۆستا فاکتێکیش لە کەسانی غەیرە کورد بێنینەوە، مەسەلەن بۆ نموونە کریس کۆچێرا دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابا ڕەنگبێ پرسی کورد لە شەرایەتی ئێستادا بەرەو ئاقارێکی دیکە چووبا» و ئەوەش هونەری قاسملوو بوو، یان جاناتان ڕەندڵ دەڵێ: «کەسم نەدیوە وەک قاسملوو لە دانیشتن لەگەڵ هەموو ڕێبەرانی دنیادا

تواناى ڕاگرتنى سەربەخۆیى فیکرى و سیاسیى خۆى هەبووبێ.» ئەم وەسفانە، ئەم پێناسەکردنانە چ مەنتقێکى لە پشتە؟ ئەوانە قسەى کۆمەڵێک کەسى ئورووپایین کە ئێحساسى قسە ناکەن.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دوکتۆر قاسملوو جەززابترین ڕێبەرى کورد بوو بۆ هەموو خاریجیەکى، ئەمن شتێک دیکە زیاد دەکەم؛ دوکتۆر کوشنێر لەسەر جەنازەکەى لە زیمنى قسەکانیدا گوتى: «هەتا دەمدى شتى تازەى لێ فێر دەبووم»، جا قسەکانیش دەقاودەق پێم خۆشە وەک خۆى بن. چونکى ئەمن زۆرم پێ جالب بوو بڵێم؛ قسەى جاناتان ڕەندال ئەوەیە کە دەڤیقەن دەڵێ: «تەنیا ڕێبەرى سیاسى بوو کە دەیتوانى لەگەڵ هەر دەوڵەتێکیش دابنیشێ قسەى خۆى بکا و ئازادیی سیاسیى خۆشى نەدۆڕێنێ.» ئەوە وەسفێکى زۆر گەورەیە. ئەو لەگەڵ دەوڵەتانیش (ئەوەندەى دەکرا، لەگەڵ وەزیرى خاریجە، لەگەڵ دەوڵەت، جارى وا بووە لەگەڵ ڕێبەرى دەوڵەتیش دانیشتوە) بەڵام قاسملوو هەر قاسملوو بووە و حیزبەکەى هەر حیزبەکەى بووە. حیزبەکەشى فێر کرد کە بەبێ ویش هەر سەربەخۆ بمێنێتەوە و سەربەخۆیى سیاسیى خۆى بپارێزێ.

**عەلى بداغى**: لە زیمنى قسەکانتدا ئاماژەیەکیشت بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەى ئێمە ئەو کات بە پێى شەرایەتى سیاسى، لەگەڵ مەسەلەن دەوڵەتى ناوەندیى عێراق پێوەندیمان هەبوو بەڵام دوکتۆر قاسملوو تەنانەت ئەزیەتیشى دەکردن.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: تازە زیندانى ئێمە لەلایەن دەوڵەتى عێراقەوە بۆمباران کرابوو ، بەیاننامەیەکمان لەسەر نووسیبوو؛ زۆر توند. بە فاشیستمان ناو بردبوون و مەحکوومان کردبوون. کە سەفەرمان کرد لە کەرکووکێ نانى نیوەڕۆیان بۆ دوکتور قاسملوو ئامادە کردبوو، ئەمنیش لەو وەختەدا بەرپرسى ڕادیۆ بووم. هەر وەژوور کەوتین ئەو دەیناسى ئەمن نەمدەناسى، دوکتۆر گوتى: «ئەوەش وەزیرى ئێعلامى ئێمەیە»، هێشتا دانەنیشتبووین کابرا گوتى: «یانى بەیاننامەى دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتى؟» گوتم: «عەمەلیاتى دۆڵەتوو ئەتۆ دەستوورت دابوو؟» دانیشتین، چایان هێنا دوکتۆر قاسملوو گوتى: «بەیاننامەى دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە.» نازانم نووسیبووى یان نا، چونکى ئەمن ئەو وەختى لە سنە بووم، ئەمن نەمنووسیبوو. گوتى: «ئەمن نووسیومە بەڵام ئەتۆ دۆستى منى حەق بەخۆت دەدەى بێى زیندانەکەم بۆمباران بکەى، زیندانییەکانم بکوژى، تەنانەت پێشمەرگەکانم بکوژى؛ حەق بەمن نادەى مەحکوومت بکەم؟ حیزبى دێموکڕات ئەو پێوەندییانە نازانێ.

**عەلی بداغی**: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو لە سیاسەت و لە کاری سیاسیدا هەلومەرجی دەخوڵقاند یان زیاتر لە هەلومەرجە ڕەخساوەکان بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکەی و نەتەوەکەی باشترین ئیستفادەی دەکرد؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دەکرێ بڵێین ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەتی ڕێبەری سیاسیی حیزبێک کە لە دەسەڵاتدا نییە، قەت ناتوانێ هەلومەرج بخوڵقێنێ، بەڵام ئیدە دەخوڵقێنێ و، مەرحەلەی دووهەمی کە باست کرد بەڵێ وا بوو. لە هەلومەرجی مەوجوود زۆر باش وەدەست دەهات و زۆر زوو ئیستفادەشی لێ دەکرد. تەنانەت جاری دیکەم گێڕاوەتەوە با تیکراریش بێ دەیڵێم؛ ساڵی ١٣٥٧ ئەو لە دەرەوە بوو ئێمە لە عێراق بووین، هاتەوە گوتی: «ئێمە ئیدی نابێ لێرە بین دەبێ بچینەوە، وڵاتی ئێمە دەگۆڕێ.» ئەو وەخت لە ئێران بە کەست گوتبا شا دەڕوا، ئیدی نازانم چی پێ دەگوتی! دەیگوت شێت بووە. بەڵێ تەوزیحی دا و بە قسەمان کرد و بڕیارمان دا، هێندێکمان بگەڕێینەوە. کاک حەسەنی ڕەستگار گوتی: «شا ڕۆیی!» گوتم: «بۆ؟» گوتی: «ئەو کابرایە وەک سوورەداڵەی بەبن باڵی خۆیدا دەڕوانێ. پێشبینییەکانی وان.» بەڵێ فێعلەن وابوو.

**عەلی بداغی**: هەر بەو پێیە ئەگەر دوکتۆر قاسملوو لە ژیاندا مابا، بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە لە دوای شەڕی کەنداو لە مەنتەقەی ئێمە دروست بوون، ئایا دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ هەمان بڕیار و هەمان تەسمیمگیری دەبوو کە ڕێبەریی حیزب کردیان؟ (بە گشتی عەرزت دەکەم نەک لە مەوردێکی خاسدا) یان ڕەنگبێ ئەو کاتە بڕیارەکان جۆری دیکە بان؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نا، ئەمن پێم وایە لەو بارەیەوە، هەندێک موبالەغە لە توانای دوکتور قاسملوودا نەکەین؛ ڕەنگبێ لە تەکنیکدا تەکنیکی وردتر و جوانتر ڕەعایەت بکرێ بەڵام ئەو هەلومەرجەی خوڵقا ئەگەر دوکتۆر قاسملووش مابایە؛ ئێمەی تووشی ئەو حاڵەتە دەکرد. زۆر جار پێمان دەڵێن ئەوە کەمپنشینییە حیزبی دێموکراتی وا لێ کردوە. نا بابە کەمپنشینی وای لێ نەکردوە؛ هەلومەرجی خەباتەکە وایە کە مەجبووری کردووی و کردووتی بەکەمپنشین. کەمپنشینی نەتیجەی هەلومەرجەکەیە، نەک هەلومەرجی ئێستامان نەتیجەی کەمپنشینی بێ. ئەگەر هەلومەرجەکە وا نەبێ، لێرەڕا بە چوار سەعاتان دەچینەوە وڵاتی خۆمان. کەوابێ دوکتۆر قاسملووش مابایە شتی وا هەر دەبوو، جاروبار هەندێک موبالەغە دەکەن لە توانای دوکتۆر قاسملوودا. ئاخر ئێستا هەر یەکە و بۆخۆی دوکتۆر قاسملوویەک دروست دەکا؛ بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندیوە. دەڵێن ئەگەر دوکتۆر قاسملوو مابایە



سەرچاوە Serchawe

حیزبی دێموکرات دوولەت نەدەبوو، دوکتۆر قاسملوو مابوو ٣ ئینشعاب لە حیزبی دێموکراتدا کرا.

**عەلی بداغی**: زیاتر مەبەستم ئەوە بوو کە دەڵێن ئەگەر دوکتۆر قاسملوو مابا ڕەنگبێ ئێمە لە قەندیل دانەگەڕابایـن، ئەوەش نموونەیەک؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەدی بۆ هاتینە قەندیل؟ بۆ چووینە گەلاڵە؟ بۆ چووینە گەورە دێ، لە مەنتەقەی چوارتا؟ خۆ ئەودەم دوکتۆر قاسملوومان مابوو. لە مەنتەقەی چوارتاوە بۆ هاتووینە قەندیل؟ دوکتور قاسملوومان لەوێدا لەگەڵ بوو. هەندێک موبالەغەیە لە وەسفدا. دوکتۆر قاسملوو ئەوەندە گەورەیە پێویست ناکا بە قسەی خیلاف گەورەی بکەین!

**عەلی بداغی**: بەڵێ. مامۆستا پێم خۆشە هەر لە زمان جەنابتەوە بڕێک زیاتر لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو باس بکەین، چی دوکتۆر قاسملووی لە بڕیارداندا، لە ڕێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: دەتوانم بڵێم ئەوەی لە هەموو خەسڵەتێکی دوکتۆر قاسملوو بارزتر بوو، دێموکراتبوون بوو. یەعنی دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا کە بەتەنێ (هەر ئەوە تەعلیماتی حیزبیش بوو دەڵێ: «کادری حیزبی دەبێ لە وەختی زەروورەتدا بتوانێ بۆخۆی بڕیار بدا») تەنیا لەو وەختانەدا بڕیاری دەدا؛ دەنا ئەو وەختە کە ئیمکانی مەشوەرەت لەگەڵ هاوڕێیانی هەبوو هیچ وەختێک بەتەنێ بڕیاری نەدەدا. چەند جاریشم لەبیرە کە ڕەئییەکەی وی و نەزەرەکەی وی ڕەت کراوەتەوە، تەنانەت مەوریدێکم لەبیرە زۆر جاری دیکەش ڕەنگە گێڕابێتمەوە بەڵام دووبارە گێڕانەوەیم پێ خراپ نییە؛ مەسەلەکە زۆر ناکەمەوە. مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ هەموومان نەزەرمان ئەوە بوو کە دەبێ سەفەرێکی بۆ بکرێ، دوکتۆر قاسملوو موخالیف بوو بەڵام تەسویب کرا کە دەبێ ئەو سەفەرە بکرێ، کە تەسویب بوو باسی ئەوە کرا کە سەفەرەکە کێ بیکا، گوتمان: «دوکتۆر قاسملوو!» گوتی: «کاکە ئەمن تەنیا موخالیفی ئەو بڕیارەم چۆن شتی وا دەبێ؟» گوتمان: «بەتۆ نەبێ ناکرێ.» هەستا چوو جێبەجێی کرد بە باشترین شێوەش جێبەجێی کرد، بەڵام مانگێکی نەخایاند هەموومان پەشیمان بووینەوە. دەرکەوت ڕەئیەکەی وی سەحیحترە، ئەو لە پێش ئێمەوە دەرکی کردبوو، ئێمە دەرکمان نەکردبوو؛ بەڵام بەو حاڵە چووە ژێر ڕەئیی ئەکسەریەتی کومیتەی ناوەندی و قبووڵی کرد. لەحاڵێکدا ڕێبەرانی سیاسیی دیکە زۆر جار بۆخۆیان بڕیار دەدەن.

**عەلی بداغی:** بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ وتوویژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەمەی ڕەعایەت نەکرد و بۆخۆی بڕیاری دا.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** عەرزم کردی ئەوە لەو جێیانەیە کە دەبێ بەتەنێ بڕیار بدا. ئەووەڵ جار کە لە دەرێ بوو پێوەندییەکە گیراوە بە حوکمی ئەو بڕیارە سیاسییەی کە بوومانە واتە ئێمە وتوویژ ڕەت ناکەینەوە، ئەوەی کردوە. دوایە هاتۆتەوە لەگەڵ کومیتەی ناوەندی باسی کردوە، لەگەڵ دەفتەری سیاسی بەدرێژی باسی کردوە؛ هەمووی ئەوانە. بەڵام بەهەر حاڵ ئەوە یەکێکە لە مەواریدی هەڵەی دوکتۆر قاسملوو هەڵەیەکیش کە قەت قابیلی جوبران نییە و قەتیش قابیلی لێخۆشبوون نییە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا جیا لە دنیای سیاسەت جەنابت پێگە و جێگەی دوکتۆر قاسملوو لە ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە ئەدەبیاتدا، لە هونەردا چۆن دەبینی؟ ئەگەر باسێک لە عەلایەقی دوکتۆر قاسملوو بکەی لەو بوارانەدا.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دوکتۆر قاسملوو پیاوێکی زۆر جامێع بوو، باسی ئەدەبیات کرابا تێبینیی زۆر وردی ئەدەبیی هەبوو، شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئەدەبی کوردی هەبوو. تەنانەت لەوەدا ساحەبنەزەر بوو کە شێعر یان وتاری ئەدەبییش هەڵسەنگێنێ؛ هەربۆیە ئەو مریدی دوو کەس بوو بە دەرەجەی یەکەم گۆران کە وەختی خۆی گۆران گەورەترین شاعیری دەوران بووە، باوەڕ کە تا ئێستاش خەڵکی دیکە نەیانگەیاندۆتە گۆران، هەموو کەس نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدا. لە شاعیرانی زاراوەی کرمانجییشدا قەدریجان. زۆری شێعری ئەو دووانە لەبەر بوو. باسی ئەدەبیاتی فەڕانسە دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی ئێران دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی وڵاتان دەکرا، لێی شارەزا بوو. تەنانەت لەبیرمە جارێکیان چەند فەڕانسەییەکی لەلا بوون، باسیان کرد و لەبارەی کوردستانەوە ئیزهاری نەزەریان کرد، خیلافیان لەگەڵ وی هەبوو؛ لێیان تووڕە بوو گوتی: «ئەمن چەند ساڵم لە وڵاتەکەی ئێوە خوێندووە، تاریخی ئێوەم خوێندووەتەوە، لە وڵاتی ئێوە ژیاوم، زمانەکە وەک ئێوە دەزانم؛ ئەلعان لەسەر مەسائیلی فەڕانسە خۆم بە ساحەبنەزەر نازانم. ئێوە سەفەرێک هاتوونەتە کوردستان بۆ هەمووتان بوونە ساحەبنەزەر؟!» بەڕاستی بێدەنگ بوون، یەعنی لە زۆر بواردا، دوکتۆر قاسملوو لە حەددی ئینسانێکی مەعموولی بەولاوەتر بوو. هەموو سەمفۆنییەکانی دەناسی، سەمفۆنییە خاریجییەکان کە ئەمن یەکێکیان

ناناسم.

**عەلی بداغی:** مامۆستا ئەگەر ئەوە گرێ بدەینەوە بە دنیای سیاسەت ئایا تواناکانی دوکتۆر قاسملوو، ئەو توانا زۆرانە ئەوی بێمنەت نەکردبوو لە هاوڕێیەتی، لە بڕیاری گشتی یان لە ئیجماعێک کە دەبوو بۆ شتەکانی دیکە ببایە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەوبارەیەوە ڕەئیی من و ڕەئیی ڕەفیقەکانی دیکەی دوکتۆر قاسملوو فەرقی هەبوو. جارێ با ئەوەی بڵێم ئەمن ڕەنگە دە جار، بیست جار لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو شەڕم کردبێ. چونکی ئەمن شاگردی وی بووم. بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەویش پێی خۆش نەبوو شاگردەکەی هەر بڵێ بەڵێ. پێی خۆش بوو ڕەئیی تازە ببیسێ. هێندێ کەس پێیان وابوو دوکتۆر قاسملوو ڕەئیەکانی خۆی دەسەپێنێ، بەڵام ئەمن وام نەدەدی. دوکتۆر قاسملوو هیچ ڕەئیەکی خۆی نەسەپاندوە، بڵێن بۆخۆی دەیکا. بەڵام مەنتقی بەقوەت بوو کە لەسەر ویستەکان و بۆچوونەکانی خۆی ئیستدلالی دەکرد ئەوانی دیکە قسەیان پێ نەدەدما، پەسەندیان دەکرد.

**عەلی بداغی:** ئەدی دوکتۆر قاسملوو کاریگەریی هیچ کەسایەتییەکی کوردی لەسەر نەبوو؟ یان بۆخۆی باسی لە شتێکی کردبێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەباری سیاسییەوە، ئەووەڵەن با ئەوە بڵێم ڕێبەرێک کە لە هیچ کەس فێر نەبێ ڕێبەرێکی زیرەک نییە، هونەری ڕێبەرێکی گەورە ئەوەیە کە لە ئەندامەکان و عونسورەکانی خوارەوەی کۆمەڵیش شت فێر بێ و ئیلهام وەر بگرێ. شت هەیە ئەتۆ نایزانی ئەو دەیزانێ، دەبێ لێی فێر بی؛ کەوابێ لەو بارەیەوە ئەو وشک نەبوو، دەیویست لە خەڵکی فێر بێ. بەڵام وەکوو مامۆستا و مورشید ئەو تەنیا خۆی بە شاگردی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی؛ بەحەقیقەت پێشەوا قازی محەممەدیش لە دوکتۆر قاسملوو لەسەرتر بووە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا دوکتۆر قاسملوو جیا لە کوردستان و کورد کە تێزی دوکتۆراکەی بوو و، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی و کورتەباس کە نامیلکەیەکی تیئۆری بوو؛ نووسینی دیکەی هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نووسینی دیکەی زۆر بوو، جارێ نامیلکەی نێو حیزبی و ڕاپۆرتی کومیتەی مەرکەزی و ئەوانە کە نووسیبوونی بەجێی خۆی. بەڵام بێجگە لەوە ئێستا دوو شتی دیکەیم لەبیرە، یەکێکیان مێژووی کوردستان بوو کە بە هاوبەشی نووسرا، بەشی تورکیە « د. کەندال نەزان» نووسی، بە زمانی فەڕانسە نووسرا، بەشی عێراق «د. عیسمەت شەریف وانلی» نووسی، بەشی سووریەش هەر ئەو نووسی بەڵام بە ناوی مستەفا نازدار، بەشی ئێرانیش دوکتۆر قاسملوو نووسی. لە پاشان دوکتۆر قاسملوو وەکوو کارناس لە وەزارەتی بەرنامەڕێژیی عێراق کاری دەکرد، کتێبێکی زۆر عیلمی و جوانی نووسی بە ناوی بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، بەعەرەبی نووسی. دیارە عەرەبی نەدەزانی بەڵام لە وەزارەت هەیئەتێکی پێک هێنابوو، دوو کەس لەبەر دەستیدا کاریان دەکرد کە هەر دووکیان دوکتۆرایان هەبوو، هەر دووکیان دۆکتورایان لەسەر دەستی وی وەرگرتبوو، هەر دووکیان لە چێکۆسلۆڤاکی ببوون، زمانی چێکی و سلۆڤاکییان دەزانی، بۆیە ئەو ئیدەکانی دەگوتن بە عەرەبییەکی ناتەواو یان بە چێکییەکی سەحیح، ئەوان بە عەرەبی دایاندەڕشت؛ کتێبێکی زۆر بەنرخە. دیارە چاپیان نەکرد بیدەنە دەست خەڵکی هەر لە ئیختیاری خۆیاندا بوو.

**عەلی بداغی**: نەکراوەتە کوردیش؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نەخێر نەکراوە، چونکی نەیانهێشت بکەوێتە بازاڕ.

**عەلی بداغی**: بەڵێ. مامۆستا لە پرسیارەکانی کۆتایی نیزیک دەبینەوە. ئامانجەکانی قاسملوو بەشی زۆری وەدی نەهاتوون بەڵام پێت وایە کە دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو ڕێگای قاسملوو لە ئێستادا چۆن دەپێورێ؟ ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو چۆن لەم ڕێگایە هەنگاو هەڵدێننەوە؟ پێت وایە ئەو شەرایەتەی ئێستا ڕۆحی قاسملووی شاد کردوە یان لێمان ناڕەحەتە؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئیشارە بە قسەکەی کریس کۆچێرا بکەینەوە کە ئەو وەزعەی عێراق پێکهات دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابایە، وەزع جۆرێکی دیکە دەبوو چونکی پیاوی ئەو مەیدانە بوو.» بەبێ شک ئەگەر قاسملوو مابایە تەئسیری لەسەر شتەکان زۆر دەبوو، بەڵام ناحەقی دەبێ، بێئەمەگی دەبێ کە ئێمە نەفشی ئەوانەی دوای قاسملوو نەفی بکەین. دوکتۆر قاسملوو مابایە شتەکان چاکتر دەبوون، بەڵام ئەو ڕەوتەی کە بووە زۆر سەریعتر

نەدەبوو. پێم وایە خراپ نەبووە، هەڵەمان هەیە. لەباری ئیدئۆلۆژی و ئەفکاری سیاسییەوە کەمبوودمان هەیە. بەڵام خەباتەکەمان بەردەوامە، ئاڵایەکەمان بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، ئەوە زۆر موهیممە دەنا خۆ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەدیش نەهاتوونە دی. لە واقیعدا ئامانجی حیزبی دێموکرات و دوکتۆر قاسملوو، ئەوانە هەموویان بناغە دانەرەکەیان پێشەوا قازی محەممەدە. ئەوە ئەمن بە دوو جەنبە دەیبینم، جەنبەیەکی ئەوەیە کە زیرەکی و وشیاریی ڕێبەرانی دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات ئەوەندە زۆر بووە ئیدەیەکی سیاسییان هێناوەتە سەر کاغەز کە پاشی حەفتاساڵیش هەر نوێیە؛ ئەوە زۆر موهیممە. لایەکەی دیکەی ناکامییەکی زۆرە حەفتا ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە، کەچی بە شێوەی تەواو نەهاتوونە دی. ئەگەر ئینسان لە تاریخدا دەژی، تاریخ نابینێ، بەڵام ئەگەر یەکێک (دەڵێن فەڕزی مەحاڵ، مەحاڵ نییە) ساڵی ١٣٣٠ مردبێ و ئێستا زیندووی کەیەوە، هەر سەری سوڕ دەمێنێ کە حەتتا لە باری مەسەلەی نەتەوایەتییەوە کوردستان چەندە پێش کەوتوە؟ خۆ وا نییە هیچ وەدی نەهاتبێ. شتێک لەو ڕۆژانەدا هەبوو پێم خۆشە ئیشارەی پێ بکەم؛ ئەو کۆنگرەیە کە دوێنێ و پێرێ لە سنە گیرا، هەڵلایەکی زۆری لەسەر ساز بوو، ئەمن باسی ئەو هەڵلایە ناکەم، بەڵام ئەوە نەتیجەی خەباتی میللەتی کوردە کە جمهووریی ئیسلامی وادار دەکا بە درۆش بێ، ڕێز لە ناودارانی کورد و گەورەپیاوانی کورد بگرێ. خۆ لە خۆڕا وەدی نەهاتوە. نا وا نییە کە ئامانجەکان بە هیچ جۆر وەدی نەهاتبن. لە وردەکارییەکاندا وەدی هاتوون لە عومدەکەش نیزیک بووینەوە. پێم وایە سبەینێ و دووسبەی نییە و ڕەنگە ئەمن نەیبینم بەڵام ئیشەڵڵا ئێوە حەتمەن دەیبینن؛ وەدی دێ بەڵام ئێستا وەدی نەهاتوە.

**عەلی بداغی**: مامۆستا تەمەندرێژ دەبی ئیشەڵڵا. دوکتۆر قاسملوو لەسەر مێزی وتوویژ شەهید کرا، دوای ئەم ڕووداوە تاڵە ئەویش بەم شێوەیە ئایا دەکرێ وتوویژ و ئاشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مانایەکی هەبێ؟ یان با پرسیارەکەم جۆرێکی دیکە بکەم ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر حاڵەتێکدا دەتوانێ لە تاوانی تێرۆری دوکتۆر قاسملوو خۆش بێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە قسە ناکەم بە ناوی خۆمەوە قسە دەکەم. عەرزم کردی کاری دوکتۆر قاسملوو لە خۆیدا دروست بوو، بەڵام ئەو تەکنیکە کە ئەو گرتیە پێشێ هەڵەیەکی گەورە بوو کە بە قیمەتی گیانی تەواو بوو. ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە دروست نییە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یان هەر دەوڵەتێکی دیکە کە بێتە جێگەی کۆماری ئیسلامی نەفی بکا.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام بەو شەرتە ئوسوولی وتوویژ ڕەعایەت بکا، پێداگر بێ لەسەر حەقیقەتەکان و حەقەکان، لە عەینی حاڵیشدا دەبێ ڕێبەرێکی سیاسیی حیزبێکی سیاسی ئینعتافیشی هەبێ، وا نییە کە یان سفر یان هەزار ڕەنگە لە پێنسەدی بە یەکتر بگەن. بەڵام -زۆر ناخۆشە پیاو ئەوەی بڵێ- بەش بە حاڵی خۆم هیچ ئومێدم بەوەی نییە کە لە بوونی جومهووریی ئیسلامیدا ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد و گەلانی دیکەی ئێران وەدی بێن؛ بۆ تاریخ دەبێ ئەوەی بڵێم.

**عەلی بداغی**: مامۆستا دوا سەرنجت چییە لەسەر ئەم وتووێژە کە قسەیەکی نەگوتراو مابێ بە بۆنەی ئەم یادە کە ئاوڕێکمان لە مێژووی پێوەندییەکانی جەنابت و دوکتۆر قاسملوو دایەوە. ئەگەر پەیامێکت هەبێ بۆ لاوان و نەوەی نوێی کورد.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە مێژووی پێوەندییەکاندا شت زۆرە و دەبێ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئایندەدا لە زیمنی کاردا فێری بن، ئەوە یەکێک بوو لە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو ڕەنگە ئەویش ئی خۆی نەبێ، دەیگوت: «ئینسان لە نێو ئاودا فێری مەلەی دەبێ لە وشکانی فێری مەلەی نابێ.» بۆیە دیپلۆماتێکی ئێمە دەبێ ئیستفادە لە تەجرەبەکانیش بکا، بەڵام شتێکی کە ڕێبوارانی ڕێی دوکتۆر قاسملوو دەبێ فێری بن، ئەوەیە کە ئەو لە بێئومێدی، ئومێدی دەخوڵقاند بەو مانایە کە نەیدەهێشت خەڵکەکە نائومێد بێ. ئێمە ڕۆژی زۆر سەختمان دیوە، یانی ئەو حیزبەی کە لە دەورانی دوکتۆر قاسملوودا ببوو بە حیزبێکی یەک میلیۆنی، دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا هەوڵی زیندووکردنەوەی دا (دیسانەکە دەڵێم هەر بەتەنێ نەبوو خەڵکی دیکەشی لەگەڵ بوو)، کە ئەو حیزبە چەند دە نەفەرێک بوو. تەنانەت لە بارەی خۆشمانەوە نا لە بارەی سازمانەکانی دیکەشەوە، دەیگوت قەت حیزبێک، سازمانێک بە ژمارەی ئەندامەکانی هەڵمەسەنگێنن، بە ئەفکارەکەی هەڵیسەنگێنن، ڕەنگە ئێستا پێنج کەس بێ بەڵام ئەگەر ئەفکارەکەی دروست بێ، ئەگەر سەرنجڕاکێش بێ؛ دەتوانێ لە ئایندەدا ببێتە بیروباوەڕی سەدان و هەزاران و میلیۆنان.

**عەلی بداغی**: مامۆستا سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا.

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەمن سپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

# بزووتنەوەی کوردستانی ئێران ئێستاش باوەڕیبە بیرۆکە دێموکراتیکەکانی د. قاسملوو هەیە




**خالید عەزیزی**

سی ساڵ پێش ئێستا، لە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا؛ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد، لەگەڵ وەفدێک لە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە شاری ڤییەن کەوتە وتووێژەوە. دیپلۆمات - تێرۆریستەکانیکۆماری ئیسلامی کە بە ڕواڵەت بە مەبەستی وتووێژ بەڵام لە نێوەرۆک و کردەوەدا بۆ تێرۆرکردنی ئەو چووبوونە ڤییەن، لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەم وتووێژانەدا دوکتور قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات و عەبدوڵڵا قادریئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندییان تێرۆر کرد.

فەلسەفەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینیدا و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، هەردەم ئەوە بووە کە پرسی کورد لە ئێران پرسێکی سیاسی و نەتەوەییە و، تێکۆشاون هەتا لە ڕێگەی وتووێژەوە ئەم پرس و کێشانە چارەسەر بکرێ.

لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧دا سیاسەتی حیزب بەڕێبەریی دوکتور قاسملوو هەر بەپێی پێشووتر پێداگری لەسەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکان بوو، سیاسەتێک وا لەدوای شەڕی سێ مانگە و بەردەوامیی

حەول و تێکۆشانی خەباتکارانی کورد؛ دەوڵەتی کاتیی بازەرگانی ناچار بە قەبووڵی وتووێژ کرد و بۆ ماوەیەکی کورت ئاشتی و ئاشتەوایی لە کوردستان جێگیر و سەقامگیر بوو.

لەدوای نیزیک بە دە ساڵ لە شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کورددا و بەرخۆدان و پارێزگاریی پێشمەرگەکانی کوردستان، دوکتور قاسملوو بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەم شەڕە نێوخۆییە لە ساڵی ١٣٦٨دا ئامادەیی خۆی بۆ وتووێژ کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەربڕی. بەڵام بەداخەوە پەیامی ئاشتیی گەلی کورد بە نوێنەرایەتیی دوکتور قاسملوو بە فیشەک وڵام درایەوە و بووە هۆی شەهیدبوونی ئەو و هاوڕێیانی.

بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دوای تێپەڕ بوونی سی ساڵ بەسەر ئەم تێرۆرەدا، ئێستاش بڕوای بە بیرۆکەی دێموکراتیک و ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو هەیە و درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆی دەدا و لەم پێناوەدا قوربانیی زۆریشی داوە.

ئێستاش سەرەڕای ئەوەیکە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بەردەوام حەولی ئەوەی داوە پرسی کورد بخاتە خانەیەکی ئەمنیەتییەوە و، بە مەبەستی لەنێو بردنی گەلی کورد بەردەوام ڕێگەچارەی توندوتیژ و ئەمنیەتی ڕەچاو دەکا.

بەڵام گەشەی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئێران و چالاکی و بەشداریی بەکردەوەیان لە گۆڕەپانە جیاوازەکان لە بۆنەگەلی جۆراوجۆری مەدەنی، کولتووری، ئەدەبی و نەتەوەیی لە پێناوی داکۆکیکردن لە مافە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانیان، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی بە تێرۆر و سیاسەتی حاشاکردن لەنێو ناچێ. بەڵکوو بەپێچەوانەوە خەڵکی کوردستان لە خەباتی خۆیاندا شێلگیرتر دەکا.

بەرخۆدان و مانەوەی هێزی پێشمەرگە لە درێژایی ئەم ساڵانەدا لە لایەک و بەردەوامیی خەباتی بەربڵاوی چین و توێژەکانی خەڵک لە بواری مەدەنیدا، شایەدێکە لەسەر ڕاستی و دروستیی سیاسەتی فرەلایەنەی حیزبی دێموکرات و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو لەم بوارەدا.



سەرچاوە
Serchawe

نەمر دوکتور قاسملوو لە دەسپێکی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، بەردەوام دەیگوت: «ئەگەر تاقە ڕۆژێک شەڕ لە کوردستان ڕاوەستێ، خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەدان ڕۆژ قازانج دەکەن.»

ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا بە تێرۆری دوکتور قاسملوو کۆتایی پێ نەهات. تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ئاڵمان لە ساڵی ١٣٧١دا، تەقینەوە لە شەوی یەلدادا لە ساڵی ١٣٩٥ و، هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە شاری کۆیە لە ساڵی ١٣٩٧دا کە بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەی حیزب کە لە نێویاندا ژن و منداڵیشی تێدا بوو؛ کۆی ئەمانە و سەدان پیلانی دیکەی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی بە ئەمنیەتی کردنی کوردستان و تێرۆری دژبەرانی دەسەڵاتەکەی بەتایبەت ڕێبەرانی کوردی ڕەچاو کردوە و هەتا بە ئێستاش بەردەوامە لەسەر ئەم سیاسەتەی خۆی.

ئێستا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، کۆماری ئیسلامییان لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی ناوەکی و ڕێککەوتنی «بەرجام» بەرەوڕووی کێشەگەلی گەورە و بەربڵاو کردووەتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە پێشتریش ڕامانگەیاندوە کە سیاسەت و ئاکاری نابەرپرسانەی ئەم ڕێژیمە بووەتە هۆی کێشە خولقێنی لە نێوخۆ و لە ناوچەدا، لە هەمان کاتدا ڕوونمان کردووەتەوە کە کێشەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی تاران لەسەر ماف و داواکارییەکانمان دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ زووتر لە کێشە و شەڕی نێوان ئێران و ئەمریکا.

کەواتە تەوەری سەرەکیی خەبات و دژایەتیی ئێمە لەگەڵ تاران داواکاریی نەتەوەیی و دێموکراتیک و مرۆڤانەی خەڵکی کوردستانە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوە. هەر بەگوێرەی ئەم جاڕنامەیە گشتپرسی و ڕێفراندۆم بەشێکن لە مافی سروشتیی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. مافێک کە دوکتور قاسملوو خەباتی بۆ کرد و ئێمەش درێژەی پێ دەدەین.

لە ئەگەری هەر چەشنە گۆڕانێکی سیاسی لە داهاتووی ئێران بێتوو هەمدیسان سەرنج نەدرێتە داوا دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی گەلی کورد - هەر بەو شێوەیەی کە تا بە ئێستا وا بووە - نەک هەر زیان دەگەیەنێ بە ڕەوتی

دێموکراسیزاسیۆن لە ئێراندا، بەڵکوو بەگشتی لە قازانجی سەقامگیری و پێشکەوتنی ئێراندا نییە.

بەردەوامیی بیری گشتخوازانەی دەسەڵاتی تاران و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ، داهاتووی ئێران بەرەو کۆمەڵێک سێناریۆی ناڕوون دەبا.

دوکتور قاسملوو وەک سیاسەتوانێکی پراگماتیست و بە پێڕەوی لە واقعبینیی سیاسی، بەردەوام هەوڵی دەدا دەرفەتەکان بقۆزێتەوە و ڕێگەچارەی گونجاو گەڵاڵە بکا و بیخاتە ڕوو. بەڕێزیان لە هەموو ماوەی چالاکیی خۆیدا پێداگری لەسەر یەکیەتی و هاوکاریی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ دیکەی هێزە سیاسییەکانی ئێران دەکرد.

سی ساڵ پێش ئێستا دۆسییەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لەلایەن دەزگای دادی وڵاتی ئۆتریشەوە بەدواداچوونی یاسایی بۆ نەکرا و، بەداخەوە نەک هەر هیچ دادگا و پارێزەرێک بۆ تاوتوێ کردنی ئەم دۆسییەیە دیاری نەکرا و بەڕێوە نەچوو؛ بەڵکوو دیپلۆمات - تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئازادی چوونەوە بۆ تاران.

ڕۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران و گەورەیی هزر و ئەندێشەکانی، سیمای سیاسەتوانێکی دیاری کوردستانی و ئێرانی پێ بەخشیبوو، بەشێوەیەک کە هەر تاک و هێزێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز دوکتور قاسملوو بە ئیی خۆی دەزانێ. هەربۆیە جێگەی خۆیەتی لە سییەمین ساڵڕۆژی تێرۆری ئەم ڕێبەرە بەرچاو و سیاسەتوانە گەورەیەدا، هەموومان پێکەوە و بە هەر شێوازێک کە دەکرێ یاد و بیرەوەریی نەمر قاسملوو بەرز ڕابگرین و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئیدانە بکەین.

یاد و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لە بیرۆکە و مێشکی گەلی کورد و بەرنامەی سیاسیی خەباتی حیزبی دێموکرات بە چەشنی چرایەکی ڕێگای خەبات بۆ هەمیشە هەرمانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

## کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو لە ئیلهام بەخشین بە ژنانی نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا



**دیمانە: شەونم هەمزەیی**

لە کەس شاراوە نییە یەکەم ڕێکخراو لە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەییدا کە ڕێگەی بۆ بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا کردەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە ٧٤ ساڵ پێش ئێستا بە دامەزراندنی «یەکیەتیی ژنانی دێموکرات» ئەم ڕچەشکێنییەی کرد.

باوەڕی حیزبی دێموکرات کە لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە بە ڕوونی دەڵێ کە ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە. تەنانەت کاتێک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا باس لەوە کردوە کە «ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردراندا مافیان وەک یەکە» کە، لە بەشێکی زۆری وڵاتانی پێشکەوتووی ئوورووپایی، ژنان هێشتا مافی دەنگدانیان نەبووە!

مێعماری بەتوانای ئەم حیزبە بەو پێشەنگایەتییە، شەهید دوکتور عەبدوڵڕحمان قاسملووە کە دەڵێ: «لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان. وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەواو لە گەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لەبەین بچێ. بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی

ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوترە و بزووتنەوەکە پێشکەوترە و شانسی سەرکەوتن نزیکترە».

لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوودا «کوردستان» ڕای چەند خاتوونێکی وەرگرتوە کە لە نیزیکەوە دوکتور قاسملوویان دیوە و وەک بۆ خۆیان دەڵێن بۆ ژیانی سیاسی و کاری ڕێکخراوەییان ئیلهامیان لێ وەرگرتوە:



**هەڵاڵە قازی**

لە ژیانمدا چەندین جار شانس و شانازیی ئەوەم بووە کە لە نیزیکەوە د قاسملوو ببینم و کاری لەگەڵ بکەم. پێش شەڕی سەراسەری و فتوای خومەینی دژی گەلی کورد لە چەند شوێنیک کە میوان کرابوو دیتم. کەسایەتییەکی سەرنجڕاکیش، بەڕێز و شارستانیی هەبوو. کەسیک بوو کە لە قەیرانی ڕێبەریی شۆرشی ئێراندا دەیتوانی شوێنەواری بنەڕەتی لەسەر کۆمەڵگە دابنێ.

ئەو کاتەی لە تەشکیلاتی حیزبدا لە نیزیکەوە کارم لەگەڵ دەکرد، ئەرکێکی من تایپی «تێکۆشەر»، نامیلکەی نێوخۆیی حیزب بوو. هیندێک نووسراوە دەچوونەوە بەر دەستی بەڕێزیان و ئەم نووسراوانە دەبا من بردبام بۆ د قاسملوو.

حیزبی دێموکرات بەپێی تایبەتمەندیی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردەواری دەبوا زۆر کاری بنەڕەتی بکا و و د. قاسملوو بەتەنیا نەیدەتوانی هەمو ئاڵوگۆڕێک پێک بینی. بۆ نموونە لە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبدا بەرابەریی

ژن و پیـاو هەبـوو، یـارمەتیی مـاددیی پێشـمەرگەی ژن و پیـاویش وەک یەک بـوو، بەڵام ئەمە هەلە و دەرفەتەی پیـاوان هەیـانبوو ژن نەیـانبوو، بـۆ نموونە پێشمەرگەی وەک زینەبە ڕەشمان هەبـوو کە تـانکی دەشکاند، کەچی پێشمەرگەکانی هاوڕێی کە پیاو بوون دەبوونە سەرپەل و، پێشمەرگە کچەکان هەر پێشمەرگە دەمانەوە.

لە بیرمە جارێک د. قاسملوو لە سەفەری دەرەوە ڕا هاتبوە و منیش بۆ بەخێرهێنانەوەی سەردانم کرد، وەک دیـاری قەڵەمیک و عەترێکی دامی کە زۆر لە لام خۆشەویست بوو. دڵخۆش بـووم کە ڕێبەری حیزبەکەم ڕێـزی گرتـووم و دیاریی تەنیا بۆ هاوکارە پیاوەکانی نەهیناوە. د. قاسملوو و د. سەعید ژن و منداڵیان لە لا نـەبوو و لە تەنیشت پێشمەرگەکان و وەک ئەوان دەژیـان. لـە بیرمە هـەر ئـەو کـات نیوەڕۆیـەک لـە دەفتـەر بـەرەو مەقـەڕی خۆمـان لـە تەشکیلات دەچوومەوە. د. شەرفکەندی دانیشتبوو لە نێو تەشتێکدا یەخەی کراسەکەی بە دوو قامکان گرتبوو و لێکی دەخشاند و دەیشوشت. لێی چوومە پیش و داوام کرد کە ئیجازە بـدا من بـۆی بشـوم. گەڕاوە گوتی سپاست دەکـەم، بەڵام قـەت ئـەو پیشـنیارەی بـە هـیچ پێشمەرگەیەکی دیکـە مەکـە. بـا نەڵـێن چـونکی تـۆ کچی دەبـی ئـەو کارانـە بکەی... دوکتور قاسملوو و دوکتـور شـەرەفکەندی ئەو جۆرە کەسـایەتییانە بـوون کە هەمیشـە بە چاوی ڕێـزەوە لە ژنیان دەڕوانی.

دیدارەکانی دواتری من لەگەڵ د. قاسملوو لە کۆبونەوەکـانی حیزبـی لە دەرەوەی وڵات بـوو. ئەو کـات کە لە دەرەوە بووم بۆم دەرکەوت بۆچی بە تـایبەت د. قـاسملوو کە بە چەند زمانی بیانی قسەی دەکـرد دەبـوا هـاتوچۆی دەرەوە و کـاری دیپلۆماسییان کردبـا و کـاری نێوخـۆیی حیزبیـان بە بەرپرسـانی نێوخـۆی وڵات سپاردبا. لـە نامەیەکدا ئـەو پیشنیار و داوایەم لێکرد کە وەڵامێکی کورتی بۆ ناردمەوە.

ئەو نەوعە دێموکراسییەی د. قـاسملوو بـاوەڕی پێـی هەبـوو لەگەڵ نێـوەرۆکی نیزامـی سیاسیی ئێـران و تەنـانەت کۆمەڵگەی کوردیش نەدەگونجا. ئەو زۆر لە پێش خەڵکەوە بوو.



**خەدیجە مەعزوور**

دوکتور قاسملوو گەلێک خەسڵەت و ڕەفتاری جوان و ئەمڕۆییانەی تێدا بوو کە مرۆڤ مەجزووبی ئەو ڕەفتارانەی دەبوو. ئەو ڕێبەرێکی زۆر بەفەرهەنگ و هەڵسوکەوت جوان بوو. دوکتور قاسملوو کاتی خۆی بەناچار بەشێکی زۆری تەمەنی لە وڵاتانی ئۆرووپایی بە تایبەت وڵاتی فەڕانسە بەسەر بردبوو، کولتوور و فەرهەنگێکی زۆری ئۆرووپایی گوڵبژێر کردبوو و وەسەریەکی نابوو و کردبووی بە تێشوو بۆ ژیانی داهاتووی گەلی کورد. بە هاتنەوەی بۆ نێو خاکی نیشتمان و دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزب، هەموو ئەو ئەزموون و فەرهەنگە جوان و بەکەڵکانەی ئۆرووپای ئاوێتەی فەرهەنگی کوردەواری دەکرد و لە ژیانی ڕۆژانەی حیزبایەتیدا لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بەکاری دێنا. بۆ نموونە لە کات و سات، قەراردانان، کارکردن و...دا. بێ زیادەڕەویی دەڵێم: هەڵسوکەوت و ئاکارەکانی بۆ ئێمە کە لە دەوروبەری دەژیاین و یەکترمان دەدی وانە بوو، وانەیەکی بەنرخ، وانەی فێربوون، خۆڕاگری، متمانە و باوەر بەخۆبوون و ڕێز لە ژن گرتن و... دوکتور قاسملوو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەتایبەت لە گەڵ ئێمە ژنان ئینسانی و پێشکەوتوو بوو. کە لەگەڵ ژنان قسەی دەکرد زۆر وشیارانە و بەوردی وشەکانی هەڵدەبژارد و دەیزانی لەگەڵ لایەنی بەرانبەری کە ژن بێ چی دەڵێ. بۆیە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین وشەی دەدۆزییەوە و بەکاری دێنا.

ئاخافتنەکانی لە ڕادەبەدەر گیرا و کاریگەر بوو لە سەر ئێمە ژنان، بە تایبەت لە سەر من. پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا بیرەوەرییەک کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەمە بگێڕمەوە.کە هەرگیز لە بیرم ناچێ:

ئاخروئۆخرەکانی ساڵی ١٣٥٩ و سەرەتای ساڵی ١٣٦٠ بوو. تازە لە شاری شنۆ بەرەو گوندی (شیوەجۆ) و دۆڵی

دێمۆکڕات دەچووم کە بارەگای حیزبی دێمۆکڕاتی لێ جێگیر کرابوو. ئەمن زۆر شارەزاییم لە سەر ئەم دۆڵە و کەسانی نشتەجێ لەوێ نەبوو، هەموو شتێک بۆ من نامۆ و نائاشنا بوو. ئەو کات من پێشمەرگەیەکی زۆر شەرمێون بووم. نیوەڕۆ و کاتی نانخواردن هات و شوێنی نانخواردنیان پیشان دام. کە چووم بینیم شوێنێکە ١٥ میتر لە ٦ میتر دەبوو و کەم ڕووناکایی و سادە بوو. خەڵکەکە هەموو لەوێ بوون. دوکتور قاسملوو لە سەرەوە دانیشتبوو و فەرمووی: «خەجیج خانم بەخێر بێی، من لەگەڵ ئەو خانمە جوان و شیرینە نان دەخۆم، وەرە لە پەنام دانیشە.» منیش بە حوجب و شەرمەوە چوومە لای کاک دوکتور قاسملوو دانیشتم. زۆری تاریف کردم و قسەی خۆشی زۆری کرد. سفرە ڕاخرا و شتە پێویستەکان داندرا و خواردنەکە شۆرباو گۆشت بوو هات. کاک دوکتور فەرمووی خەجیج خانم گۆشت ناخوا و شۆرباوەکە دەخوا. ئەمنیش لەخۆڕا گوتم وایە و من تەنیا ئاوی گۆشتەکەی دەخۆم. زیاتر لە یەک مانگ ئەو بەزمە هەر درێژەی هەبوو و منیش خەریک بوو بۆ گۆشت دڵم بتۆقێ. ڕۆژێکیان گوتیان گۆشتێکی زۆریان هێناوەتە چێشتخانە. وابزانم گورگ لە مەڕی حیزبی دابوو. کورتی کەمەوە نیوەڕۆیە برینج و گۆشتی سوورکراوە بوو، دیسان وەک هەمیشە کاک دوکتور فەرمووی خەجیج خانم گۆشت ناخوا و برینجەکەی دەخوا. کاک دوکتور قسەکەی تەواو نەکردبوو من بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: نا ئەمن گۆشت دەخۆم و گۆشتیشم زۆر پێ خۆشە! کاک دوکتور قاقایەکی لێدا و فەرمووی: ئافەرین ئەوەم دەوێ! لەمێژە چاوەڕوانی ئەم قسەیەم. ئاخر کاتێک تۆ ناتوانی دیفاع لە مافی خۆت کە من دەیخۆم بکەی چۆن دەتوانی دیفاع لە مافی میللەتێک بکەی. د. قاسملوو بەو شتە سادەیە فێری کردم کە ناحەقی لە کەس قبووڵ نەکەم.



مایەرە قەرەگۆلی

قاسملوو ئیمان و باوەڕی زۆری بە کورد و کوردایەتیی و حیزبی دێموکرات هەبوو. هەموو هەوڵی ئەو لە هەموو دەم و ساتێکدا ئەوە بوو کە کورد و پرسی ڕەوای کورد زیاتر بە دنیا بناسێنێ. د. قاسملوو هەمیشە ڕێزی بۆ

بیروبۆچوونی خەڵکانی دەوروبەری دادەنا، کەسێکی خۆشئەخلاق، زانا، بە دیسپلین بوو و ڕێزی لە دەوروبەری خۆی دەگرت و ئامادە بوو ڕاوێژیان پێ بکا. بیروباوەڕی بەرز و خۆڕاگریی ئەو کاریگەریی زۆری لەسەر هاوسەنگەرانی هەبوو.

ئەو باوەڕێکی زۆری بە خەباتی ژنان هەبوو و هەمیشە دەیگوت ئەگەر بۆخۆتان نەیەنە مەیدان و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانتان نەدەن هیچ کەس ناتوانێ هەقی ئێوە وەدەست بێنێ و بتانداتێ.

شتێک کە قەت لەیادم ناچێتەوە ئەوەیە کە ساڵی ١٣٦٠ کاتێک دوای دەورەیەکی دەرمانی لە فەرانسە گەڕاینەوە، لەسەر داوای کاک دکتور چووینە ناوچەی ئالان کە دەفتەری سیاسیی حیزبیش لەوێ بوو. ڕۆژێک دواتر لە کاتی هاتنەوەدا قادری هاوسەرم پێی گوتم :»ئافرەت وەرە درەنگە با بڕۆین.» دوای ئەوە یەکسەر کاک دکتور بانگی کردمەوە و گوتی: جارێکی دیکە هەق بە کەس مەدە پێت بڵێ ئافرەت، ئافرەت بە مانای زەعیفە دێ و ژن زەعیفە نییە، ئەتۆش لەگەڵ پیاو هیچ جیاوازییەکت نییە و ژن زۆر لەوەی پیرۆزترە کە بە زەعیفە ناوی بێنن.



**ئەسمەر عەباسی**

دوکتور قاسملوو لە بنەماڵەی ئێمەدا زۆر خۆشەویست بوو، ئەمن لە بیرمە زۆر جاران نەنکم، دایکم و پوورم لە مەڕاسیمەکانی بنەماڵەییدا یادیان دەکرد و ئاخیان هەڵ دەکیشا و دەیانگوت جێگای «بەبۆش» زۆر بەتاڵە. ناوی دکتور قاسملوو لە سەردەمیی منداڵییدا «بەبۆش» بوو.

زستانی ساڵی ١٣٥٧ لە تاران بووین کە پوورم بانگی کردین و گوتی ئەمشەو میوانمان دێ و کەس نابێ بچێتە شوێنێک. ئێمە نەماندەزانی چ باسە. هێشتا ڕێژیمی شا نەڕووخابوو. هەموومان دانیشتبوون کە دیتمان کەسێکی خۆشمەشرەف و جوانکەڵە هاتە ژوورێ. پوورم دەسبەجێ باوەشێ پێدا کرد و دەستی کرد بە گریان... ئەمە یەکەم دیداری ئەمن و دوکتور قاسملوو بوو کە خزمی نیزیکم بوو. دەریایەک لە زانست و بەئەخلاق و مەجلیس خۆش. دوای شۆڕشیش زۆرترم لەماڵی خزمان دەدی. بەڵام ئەو زۆر پڕکار و ماندوو بوو بە کاری حیزبەوە.

شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردبوو. ڕۆژێک میوانی ماڵی ئێمە بوو. لە خزمەتیدا دانیشتبووم کە لەپڕ ڕووی تێکردم و گوتی ئەتۆ لە ماڵێ چ دەکەی؟ بۆ نایەیە نێو حیزب. ئێمە دەمانەوێ بەشی ئازەریی ڕادیۆ وەڕێ بخەین و پێویستیمان بە وێژەر هەیە. ئەگەر بە دوومدا ناردی وەرە. کە من هاتمە نێو حیزب دەفتەری سیاسی لە شیوەجۆ بوو. پێشمەرگەیەکی زۆر لەو ناوچەیە بوو و د. قاسملوو نەزم و ئینزباتێکی سەیری لەوێ جێگیر کردبوو. هەر کەسە و کاری خۆی دەکرد. ئەمن دەمدی کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ هەموو بلیمەتی و زانایی خۆی هیچ جیاوازییەکی نەدەکرد لە نێوان خۆی و پێشمەرگەکانی دیکەدا. لەگەڵ ئێمە نانی دەخوارد و لەگەڵمان دادەنیشت و باسی سیاسەت و حیزبایەتی و بارودۆخی ئێران و کوردستانی بۆ دەکردین. بەتایبەت ئێمەی ژنانی هان دەدا کە دەبێ بۆخۆمان لە فیکری ماف و ئازادییەکانی خۆماندا بین و نابێ چاوەڕوان بین ئەو مافانەمان بەبێ ڕەنج و ماندووبوونی خۆمان بدەنێ.

بیرەوەرییەکی خۆشم لە کاک دوکتور هەیە. باڵتۆیەکی هەبوو زۆر جار بە پێشمەرگەکاندا ناردبووی بۆی بدوورمەوە. دەمگوت خاڵە بۆ باڵتۆیەکی تازە ناکڕی؟ هەموو جارێ وەڵامەکەم ئەوە بوو: «ئەگەر بۆ هەموو پێشمەرگەکانمان کڕی ئەمنیش دانەیەکم بەردەکەوێ.»



## سەکینە حوسێنی

ڕەزبەری ١٣٦٠ی هەتاوی بوو کە دوای ئاشکرابوونی پێوەندیم بە حیزبەوە لە شاری سەردەشت هاتمە دەرێ و خۆم بە یەکەم بنکەی حیزب ناساند. دواتر بەپێی کاری پەروەردەییم پاش دیتنی یەکەم دەورەی مامۆستایی لە ئاوایی مووسالان و، دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب، لە سەر داوای کۆڕی پەروەردە ئەرکی مامۆستایەتیم لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا درێژە پێدا. ئەو کات بۆ یەکەم جار لە نیزیکەوە و بە ئاودەنگی شەهید دوکتور قاسملوم دیت. سەردان و لێپرسین و لە ئیختیارنانی کەرەسەی پێویست و جێگاوڕێگا و بواری ئەمنییەتی و پشتیوانی و کەسایەتی پێدانی مامۆستا و قوتابیانی قوتابخانەی کوردی لە سایەی گرینگیپێدانی شەهید کاک دوکتور قاسملۆوە، حاشاهەڵنەگرە.

کاک دوکتور بەپێی دەرفەت و دەرەتان سەردانی خێوەتی دەرس تێداگووتنەوەی دەکردین. ئەو هەتا بڵێی بە گفت و لفت و قسەخۆش و مێهرەبان بوون دەگەڵمان. ڕاسپاردەی بەجیدیی بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی قوتابخانە بە ئۆرگانی پێوەندیدار دەدا. مامۆستایانی بنکەی دەفتەری سیاسی چەند ژن بووین کە لە سایەی سەری ڕێنوێنی و کاریگەریی د. قاسملووەوە کەسایەتیی حەقیقی و حقوقیمان پارێزراو بوو و بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکراین. ژنان دەرەتانی نواندنی نەقش و چالاکییان لە هەموو کۆمیسیونەکاندا هەبوو، یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاون بە پشتیوانی و پشتگەرمیی کاک دوکتورەوە پتر ڕوو لە گەشەسەندن و دەورگێڕان بوون.

بەکورتی شەهید .ر قاسملوو ڕێبەرێکی بەوەج و لێهاتوو و زانای دێمۆکڕات بوو، ئوتوریتە و پرستیژ و گەورەیی و

دەنگ و ڕەنگی حیزب لە سایەی ڕێبەریی ئەودا سنوورەکانی بەزاند و پێشکەوتن و سەرکەوتنی بەشی پەروەردە و بارهێنانی حیزب، لە گرینگی پێدان و پشتیوانی گەرموگوڕی شەهید قاسملووی دەزانم.

وەک مامۆستایەک خۆم بە بەختیار دەزانم کە لە نەتیجەی پەروەردەکردنی چەندین ڕۆڵەی ئەو حیزبەدا کە بە پلەکانی دوکتورا و خوێندنی باڵا و تەنانەت خۆدیتنەوەی بەشێک لەو ئازیزانە لە ڕێبەریی حیزبدا و لە دەورانی پڕ لە شانازیی وجودی دوکتور قاسملووی ڕێبەردا نەخشم بووە.



**خەدیجە ڕۆستەمی**

کاک د. قاسملوو باوەڕی تەواوی بە مافی ژنان هەبوو هەر بۆیەش هەر لە سەرەتای شورشدا لەنێو حیزبی دێموکراتدا ژنانیش توانییان بەشداریی چالاکەنەیان لەو شۆڕشەدا هەبێت. دوکتور قاسملوو هەر زۆر زوو کاریگەریی خۆی لەسەر دیاردەکانی کۆمەڵگە دانا و قەدەغەکردنی «ژن بە ژنە»، «گەورە بە بچووک» و ڕێگری لەوە پیاو دوو ژن بێنێ بۆ ئەم بەرنامە و سیاسەتانە دەگەڕێتەوە دوکتور قاسملوو دایڕشتبوون.

دوکتور قاسملوو هەمیشە دەیفەرموو ئەو کۆمەڵگەیە بەختەوەرە کە مافی ژنی تێدا دەستەبەر کراوە و، هیوادارم ڕۆژێک بێ ئەوە کۆمەڵگەی کوردەواریش بگرتەوە. وە بەحەق بۆ ئەوە هەوڵی دەدا و بووژاندنەوەی یەکیەتیی ژنان و مەیداندان بە ژنان لە کاری ڕێکخراوەیی بەشی زۆری بۆ هەوڵەکانی ئەو دەگەڕاوە. د. قاسملوو دەیفەرموو ئەرکی خوشکان زوور دژوارترە لە پیاوان، خوشکان دەبێ لە دوو بەرە و سەنگەردا خەبات بکەن، هەم بۆ ڕزگاریی گەلی کورد و هەم بۆ مافەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا کە دیارە ئەم دوو ئەرکە پێکەوە زور دژوارن، بۆیەش خوشکان دەبێ پشوودرێژ بن، باوەڕیان بە خۆیان هەبێ و نەترسانە هەوڵ بدەن بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی خۆیان لە

کۆمەڵگەدا.

کاک د. قاسملوو هەوڵی دەدا کچان زیاتر بێنە مەیدانی خەبات و پێشمەرگایەتی، ئەگەرچی هەلومەرجی کۆمەڵگە و خەباتەکەش بۆ ئەوە زۆر گونجاو. بەڵام کاک د. قاسملوو سوور بۆو لەسەر ئەوەی کە ژنانیش سەرباری هەموو دژوارییەکان دەبێ بەشداربن لە شۆڕشدا.


ئەمن بۆخۆم یەکیک لەو کچانەم کە لە سەردەمی کاک د. قاسملوودا پێشمەرگە بووم و بیرەوەریی زۆر بەنرخم لەو سەردەمە هەیە. کاتی خۆی من لە هێزی پێشەوا بووم و پاش ماوەیەک بەهۆی بارودۆخی سەختی ناوچە بێ ئەوەی پێمخۆش بێ بەزۆر بەڕێی شوێنەکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی کرام. ئەمن ئەو بڕیارەم پێناخۆش بوو، بۆیە هەر کە گەیشتمێ داوام کرد کە د. قاسملوو ببینم. فەرمووبووی با بێت. ئانوساتێکی یەکجار خۆش بوو کە دەمدی لە نیزیکە لە خزمەت کاک دوکتور دام. نەمدەزانی چۆن دەست پێبکەم. دواجار هاتمە قسە و گوتم باشە بۆ چی پێتان وایە کچان هەر دەبێ لە نەخۆشخانە و قوتابخانە و ئینتشاراتدا پێشمەرگایەتی بکەن؟ فەرمووی قەولت پێ دەدەم وا نامێنێ لە داهاتوودا. واش بوو. دوایە ڕێژەی کچان زیادی کرد و کاری مەیدانیی زیاتریان پێ سپێردرا. ئەمن هەموو کاتێ خۆم بە ئەمەگداری قاسملوو و بە ڕێبواری ڕێباز و ئامانجەکانی دەزانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# پێویستیی نیڵدانی کورەی خەبات



(لە یادی ٣٠ی ساڵەی تیرۆری د.قاسملوودا)

**شاهۆ مەتین**

دوابەدوای دروست بوونی مرۆڤایەتی و پەرینەوەی لە چاخی ژیانی کێویتی و دروست کردنی ژیانی ژیارمەند، ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان مرۆڤەکان هاتە ئاراوە، کە بیرمەندانێکی وەک ڕۆسۆ، لاک، دریدا و هابز و ... بە جوانی ئاماژەیان پێداوە.

لە ڕاستیدا ئەم گواستنەوە و درووستکردنی ڕێکەوتنە خۆی لە چوارچێوەی ئەم شوعارە باوەدا دەبینێتەوە کە دەڵێ: دابینکردن و گەرەنتی کردنی پێداویستیە ئەساسییەکانی تاک و گومەڵگە بەپاراستنی ئەوانی دیکە لە پێناو پاراستنی خۆت.

هەر وەک دەبینیین لە هەر یەک لە قۆناغەکانی ژیان وەک: چاخی دروست بوونی خێل، پاشایەتی، ئیمپراتوری و ڕۆشەنگەری تاکوو قۆناغی دەوڵەت - نەتەوە، تاکەکان بە پێدانی هێزی تاکەکەسی خۆیان بە دەسەڵاتی سەرووتر کە سەرۆک خێل، پادشا، ئێمپراتۆر یا حاکمییەت لە چوارچێوەی یاسادا بووبێ، دەسەڵاتیان لە نێوان تاکەکان گواستووەتەوە بۆ نێوان کۆمەڵگە و حکوومەت و دوو چەمکی «ئەرک» و «ماف» لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییە لە ناخی یاسای وڵاتدا بۆ هەر دوو لایەن پێناسە کراوە و هەر کامیان دەبێ جێبەجێی بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرە سیاسی و دینییەکان و درووست بوونی دەوڵەت - نەتەوە و، پاش چەند شەڕی گەورەی جیهانی و دامەزراندنی ڕێکخراوەی سیاسی، ئابووری و... لە جیهاندا و پێگەیشتوویی زیاتری تاکەکانی جیهانی مرۆڤایەتی لە ڕێگای زانستو مۆدێرنیزاسیۆن، ئیدی تێگەیشتن لە مافەکان و دەستەبەری دەسەڵاتێکی ئازاد لەپێناو ژیانێکی پڕ لە ئەمنییەت و ئاوێتە بە خۆشبژێوی و؛ ئازاد بوون لە مومارەسەی بەهاکانی خۆیان؛ هەموو کات وەبەر یەککەوتن لە نێوان حکومەت و خەڵکدا دروست بووە و دەشبێ. چونکی حکومەت دەیهەوێ بە قۆرغی مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێنیتەوە و لە لایەکی دیکەش خەڵک دەیانەوێ ئەمنیەت، ئازادی و دادپەروەرییان هەبێ و ئەساسی هەر دەوڵەتێک بەرامبەر بە خەڵکەکەی جێبەجێ کردنی ئەم سێ بنەرەتەیە.

بۆیە لە وەها دۆخێکدا ئەم وەبەریەککەوتنە لە نێوان خەڵک و حکوومەتە تۆتالیتێر و فێندەمێنتالیستەکان چڕتر دەبێ و ئاکامەکەشی یان گەیشتن بە ئازادی و سەربەستییە یا چۆکدادان و خۆبەدەستەوەدان.

هەڵبەت دەسەڵاتە ملهوڕەکانی وەک کۆماری ئیسلامیش بە میکانیزم گەلی جۆراوجۆری وەک: نەخوێندەوار هێشتنەوە و پەرەپێدان بە هەژاری و بێکاری و... وا دەکەن خەڵکی وڵات هەموو کات برسی و هاوکات زراوچووی دەزگای سەرکوت و دەسەڵاتیان بن. چ خاسمە ئەم حکوومەتە تۆتالیتێرە بە بیری فێندەمێنتاڵە هەموو کات ویستوویەتی مەزهەب ئاوێتەی دەزگا داپلۆسێنەرەکەی لە پێناو دەسەڵاتدا و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی وڵات ببێتە گۆڕستانێکی زیندوو.

کە چاو لە مانیفێستی کۆماری ئیسلامی لەو سەردەمدا کە ڕێبەرانی ئێستای ئۆپۆزیسیونی ڕێژیمی پاشایەتی بوون و قسەکانی خومەینی لە کاتی دوورخرانەوەی بۆ فەڕانسەدا لە ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتەدا دەخوێنیەوە، دەبینی دنیایەکت بۆ بۆ وێنا دەکا، کە یۆتۆپیاکەی ئەرەستوو و سۆقرات و سوسیالیزمەکەی مارکس و هاوبیرانیشی دەستی لە دوو نادەن. گەڕانەوەی شکۆ بۆ تاکەکان، عەداڵەت، ئازادی، سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و... گۆشەیەکی بچووک بوون لەم بەهەشتەی خومەینی و هاوبیرەکانی ئاڵاهەڵگری بوون. بەڵام پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و جێگیر بوونی کۆماری ئیسلامی ئەوەی بەهۆی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەوە بە خەڵک بڕا بریتی بوون لە: زیان و زەرەکانی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق، کپکردنی هەرچەشنە دەنگێکی ئازادیخوازی، دابەشکردنی خەڵک بە

خودی و غەیرەخودی و بێبەشکردنی غەیرەخودییەکان لە هەموو مافێک، بەتاڵانبردنی هەموو بەها و بایەخەکانی تاکەکان بە خوڵقاندنی دوژمنی دەرەکی، بێبەشکردنی خەڵک و تاک و کۆمەڵگە بە هەموو جۆراوجۆرییەکانی لە هەر جۆرە ماف و ئازادییەک، بەرەڕووبوونەوەی کۆمەڵگە لەگەڵ بێکاری، گرانی و جۆرەها خەسار و زیانی کۆمەڵایەتی و....

حکومەتی ملهوڕ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا و لە پێناو پاراستنی سیستمەکەی بە بەردەوامی چەند ڕێگەی گرتووەتە بەر: وەک، ترساندنی کۆمەڵانی خەڵک بەهۆی دەزگای سەرکوت

و داپڵۆسێنەرەکەی. هەروەها، برسی کردنی خەڵک بۆ ئەوەی دەرەتانی بیرکردنەوە لە ماف و ئازادییەکانیان و هەلی بەرهەڵستبوونیان پێ نەدەن. لەو نێوەدا ڕوانگەی ڕێژیم بۆ کوردستان جیاوازتر بووە. کوردستانی دەوڵەمەند بە ئاو و خاکی بەپیت و جۆرەها کانزا و سەرچاوەی سروشتیی ژێر زەوینی و بە سامانی مرۆیی پتر لە ١٠ میلیون کەسی هەمیشە وەک ناوچەیەکی داگیرکراو و کۆلۆنی سەیر کراوە. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەموو هەوڵی ڕێژیم لەسەر ئەم بنەمایانە بووە کە ئەوەندەی بۆی دەکرێ سەرچاوەکانی بەتاڵان ببا، خەڵکەکەی لە شوناسی نەتەوەییان دابڕێ و خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی تووشی نەخۆشی و داهێزان بکا.

لەوەها دۆخێک دایە کە ئەرک و ئامانجی هەر تاکێکی ئازادیخوازی ئێرانی و بەتایبەت کورد ئەوەیە کە بەدژی سیاسەتی تێرۆر و داپڵۆسینی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە و پەرە بە مافخوازیی خۆیان بدەن.ساڵیادی تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو دەرفەتێک و هەلێک و بیانوویەکە بۆ بەگوڕترکردنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئازادی و دادپەروەری و یەکسانیدا کە ئامانجی هەرە بەرزی قاسملووی نەمر بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

# ڕێژیمی ئێران بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو



**دیمانە: ئازاد مستۆفی**

**سامانێکی مەعنەویی مەزنی لە حیزبی دێموکرات، کوردستان، خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناڤین ستاند**

" بێ هۆ نییە کە دەڵێن دوکتور قاسملوو نەک هەر تەنیا ڕێبەری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مافویستی کوردستان بوو، بەڵکوو لە ڕێبەرە کاریزماتیک و ئاوانگاردی پێواژۆی دێموکراسی خوازانە لە ئێران بووە. هەر بۆیەش تیرۆری ئەم کەسایەتییە و نەبوونی ئەو، زەربەیەکی بەهێز بوو؛ کە وە جەستەی ڕەوتی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای گێشتن بە ئازادی و دێموکراسی کەوت.

ڕۆژنامەی «کوردستان» لە سییەمینساڵیادی تیرۆری د قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤیەن بە دەست دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆچوونی چەند کەس لە کەسایەتییەکان و چالاکانی سیاسی باقی ڕەوتە سیاسیەکان لە مەڕ تایبەتمەندییە دیارەکانی د.قاسملوومان پرسیوە."



### د.کەریم عەبدیان «کەسایەتیی»، سیاسیی عەرەب و بەرپرسی ماقی مرۆڤی ئەهواز لە واشینگتۆن

ناوی دوکتور قاسملووم بۆ یەکەم جار کاتێک کە لە نیویۆرک خوێندکار بووم و وەک چالاکێکی سیاسی کارم دەکرد، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠ی زایینی لە هاورێ کوردە تێکۆشەرەکانم لە ئەمریکا بیستبوو. هەر لەو ساڵانەدا و دواتر کە بوومە بەرپرسی نێودەوڵەتیی کۆنفدراسیۆنی خوێندکارانی ئێران و چالاکییەکانم لە ئاستی ڕێبەری بە دژی شا توندەی پێ درا، زیاترم لەسەر ئەو زانی و خوێندەوە و پەیامم بۆ نارد و لەوێدا باسی ئەوەم بۆ جەناییان کردبوو کە، خەباتی ئێمەش وەک گەلی عەرەبی ئەهواز لە ئێران هاوتەریب دەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد درێژەی هەیە و ئێمە پێکەوە هاوسەنگەرین. دوای تەواو بوونی خوێندن لەساڵی ١٩٧٦ی زایینی بە نهێنی گەڕامەوە ئێران کە گیرام و بۆ ماوەی ٢ساڵان لە بەندیخانەی ئێڤین زیندانی کرام و هەر لەوێش بوو کە دەگەڵ زۆرێک لە خەباتکار و تێکۆشەرە ڕاستەقینەکانی کورد هەم لە زیندانی ئێڤین هەمیش لە زیندانی قەسر هەروەها لە کۆمیتەی هاوبەشی ساواک و شارەبانی، دەگەڵ هاورێیانی د.قاسملوو قسەم دەکرد و دوای ئازاد بوونیشم و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەردەوام پێوەندییەکانم دەگەڵ ڕێبەرانی کورد پاراست. پێوەندییەکانی ئێمە دەگەڵ دوکتور قاسملوو و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان گەلێک توندوتۆڵ و هەتا شەهیدیش بوو هەر بەردەوام بوو. ئەگەرچی ئێمە لە ساڵەکانی هەوڵ هێندێک جیاوازیی ڕوانگەی سیاسیمان دەگەڵ د.قاسملوو و ڕێبەری حیزبی دێموکرات هەبوو، بەڵام کاک دوکتور نەک هەر تەنیا ڕێبەرێکی کورد بەڵکوو بەڕاستی ئەومان وەک یەکێک ڕێبەرانی نەتەوەی خەباتکاری عەرەب و هەروەها لە ڕێبەران و پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەباتی سەرجەم گەلانی شۆناسخواز، ژێردەستە و پەراوێزخراوی کورد، عەرەب، تورک، بەلووچ و تورکمان و... دەزانی و ئێستاش دەزانم. هەربۆیە بەم هۆکارانەی باسم کرد بەڕاستی بۆشایی و نەبوونی د.قاسملوو هەر وەک گەلی کورد، هەست پێدەکەم. ئەو کە لە فەڕانسە، ناوندی کۆبوونەوەی گەلانی ژێردەستی ئیستعماری



سەرچاوە Serchawe

جیهانی سێهەم، لە سوربۆن دەرسی خوێندبوو و لێی ژیابوو و باش دەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا و ئەمریکای باشوور ئاگادار بوو، لەو ڕوانگەیەشەوە ماموستایەکی باش بوو بۆ هەموومان.



«محەمەد نەزەری». ئەندامی ڕێبەریی ئەنجومەنی یەکگرتوویی تورکمان

ڕەوانشاد دوکتور قاسملوو، وەک ڕێبەرێکی زانا و پراگماتیست لە سیاسەتمەدارانی دێموکرات و ناوداری ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووە. ئەو باوەڕێکی قوڵی بە پێویست بوونی مێژوویی خەڵکی ئێران بە دامەزراندن و نەهادینە کردنی دێموکراسی بۆ دەرباز بوون لە زوڵم و زۆری هەبوو و درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستانی کردبوو درووشمی ستراتژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی کاتێک کە ئێمە، واتە چالاکانی سیاسی تورکمان لە حیزبی توده و ڕێکخراوی ئەکسەریەت جیا بووینەوە و ناوەندێکی کولتووری و سیاسیی سەربەخۆمان دامەزراند، بەپێی ڕاپۆرتی گوتەبێژ و ڕێبەری ئەوکاتی ناوەندەکەمان، ئەم هەوڵەی چالاکانی سیاسیی تورکمان جارێکیتر وەک سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٧، لەلایەن حیزبی دێموکرات بە سەرکردایەتیی د.قاسملوو هاوکاری و پشتگیری کراین و بەو ڕوانینە یەکیەتی خوازانەیە، ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دوو نەتەوەیە ساڵانێکە کە درێژەی هەیە.

دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی چالاکیە سیاسیەکانی خۆی، تەنانەت بە مەرگی جەرگبڕی یەکجارەکیشی بۆ بە جیهانیبوونی پرسی کورد و داخوازییەکانی ئەو گەلە ڕۆڵێکی مێژوویی و لەبیر نەکراوی گێڕاوە. یادی بەڕێز و

ڕێگای بەردەوام بێ.



**«عەزیز دادیار» نووسەر و چالاکی سیاسی بەلووچ**

**«سعدیا! مرد نکو نام نمیرد هرگز**
**مرده آن است که نامش به نکویی نبرند»**

نەمر د.قاسملوو، کەسایەتیی سیاسیی جیهانی، گەورەیی خۆی هەروا بەسووک و سانایی وەدەست نەهێنابوو، ئەو وێڕای خۆشەویستی خەڵکی نیشتمانەکەی، خەڵکی هەموو دوونیای خۆش دەویست، هەربۆیە هەموو سوسیالیستەکانی جیهان، دۆستایەتیی ناوبراویان بە شانازییەوە وەردەگرت و ئەو بە یەکێک لە هاوڕێیان و تێکۆشەرانی جیهانی حیزبە سوسیالیستە نێونەتەوەییەکان دەژمێردرا. قاسملوو یەکێک لەماموستایان و بناخەدارێژەرانی، یەکیەتیی نەتەوەیی هەموو خەڵکی ئێران بوو، درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان هەرماوترین دروشمی سیاسی لە ڕێگای یەکیەتیی نەتەوەیی هەموو ئێرانیەکان بووە.

ئەو لەنێو سیاسەتمەدارانی ناسراوی ئێرانی، یەکێک لە ئاوارتەترین سیاسەتمەدارنی وڵات بوو کە «سازانی سیاسی» لە کرداری خۆی، وێڕای مەرگ و نەمانی خۆی، لە مەیدانی سیاسەتدا، شرۆڤە کرد. کاتێک کە حکوماتی ئاخوندی، ڕێوی ئاسا ویستیان خەڵکی کوردستان بە چەواشەکاری و درۆ لێی داماڵن و ئەو وەک کەسێکی دژە ئاشتی نەتەوەیی بناسێنن، ئەو گیان و ڕۆحی خۆی خستە نێو گۆمی زێڕینی ڕاستی و گیان لەسەردەست ئامادەی خەبات

دەگەڵ مردنێک بوو هەتا سیاسەتی مەلا و کاربەدەستانی ڕێوی حکومات بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکا. ئەگە جار جارە لە سیاسەتەکانی ناوخۆی کوردستانی ئێران، لێرە و لەوێ، ئەمجۆرەی هیندێ لە گرووپە سیاسیەکانی کوردستان بە ڕخنە و لۆمە، کەموکووڕیەکی لێ دەگرن، هیچ لە سیاسەتەکانی و کەسایەتیی شوێندانەری جیهانیی ئەو زاتە کەم نابێتەوە، چوونکە ئەو ناوازە و ئاوارتەیەک لە جیهانی سیاسەتدا نەبوو و هەموو کەسایەتییە مەزنەکانی جیهانی، تووشی ئەو خاڵانە بوونە و ئەویش وەک هەموو مرۆڤێکی سیاسی و ڕیالیستی جیهان بووە.

د. قاسملوو لە بەرەو پێشبردنی خەباتی سیاسی خەڵکی کورد لەئێران، بەردەوام ڕێگای درووستی یەکیەتیی نەتەوەیی دەگەڵ هەموو خەڵکی دەویست، هەربۆیە ئەمڕۆ، هەموو ئێرانییەکان، ئەو وەک گیانبازی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی دەناسن و لە نەمانیدا وێڕای شین گێران سڵاو و سپاس دەنێرن بۆ ڕووح و ڕەوانی ئەو بلیمەتە و یادی هەردەم بەرز ڕادەگرن.



«ڕئووف کەعبی»، ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتیی فیداییانی خەڵقی ئێران

دوکتور عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو هەم بۆ کوردستان و هەمیش بۆ کۆمەڵگەی ئێران سامانێکی سیاسیی لە بڕاننەهاتوو بوو کە توانیی کاریگەریەکی زۆر لە سەر کۆمەڵگەی خۆی دابنێ. ئەم سامانە مەزنە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر مێزی گوتوبێژ لە ئێمەی ستاند، زەربەیەکی گەورە بوو بۆ سەر حیزبی دێموکرات و کوردستان و کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش. من، بەڕێزیانم بۆ یەکەم جار لە میتینگە مەزنەکەی مهاباد کە چاوپێکەوتنێکی کورت بوو دیت، ئەم دیدار و جڤینانە بەردەوام هەبوون و بەڕێزیان کەسایەتییەک بوون

کە هەر جارێ کە دەمدیت، شتێکی تازەی لێ فێر دەبووم، د.قاسملوو دەگەڵ هەبوونی جیاوازی بیروڕا کاریگەری لەسەر بەردەنگەکەی خۆی دادەنا.

د.قاسملوو هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران هەوڵی ئەوە دا کە بەرەیەک لە هێزە دێموکرات و پێشکەوتن خوازەکان پێک بێنی و دواتر هێزەکان بەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە دوکتور قاسملوو وەک زەرورەتێک دەیدی، گەشتن. پێوەندیە بەربڵاوەکانی لە، پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بووە هۆی ئەوە کە بتوانێ باشتر پرس و داخوازییەکانی کورد لە کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکان باس بکا. ناوبراو لە یەکەم کەسایەتییەکانی کورد بوو کە توانیبووی بەو ئاستە بەربڵاوە پرسی کورد لە جیهاندا بێنیتە بەرباس و بیناسێنیت.

وێڕای ئەو هەمووە کێشە و گرفتەی نێو ژیانی و دووری لە نیشتمان و وڵات و خوێندن لە زانستگە و وەرگرتنی بڕوانامە، دوکتور قاسملوو توانی ژان و دەردی خەڵکی کورد بگەیێنێتە کۆمەڵگە ئوروپاییەکان. کاتێک کە د.کوشنێر کە ئەو کات وەزیری ساخلەمیی فەرانسە بوو و لە مەراسیمی ناشتنی دوکتور قاسملوو قسەی کرد گوتی: «د.قاسملوو ماموستای دێموکراسیی من بوو». ئەمە نیشاندەری چالاکییەکانی پێشووی دوکتور قاسملوو لە بەرگری و ناساندنی خەبات و تێکۆشانی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

# بۆشایی ڕێبەریی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هۆکارەوە تا چارەسەر*



**قادر وریا**

باسەکەم بە ناردنی سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادریئازەر لە ٣٠ ساڵەی تیرۆرکرانیاندا و، بە ئاواتخواستنی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بکوژی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و هەزاران تیکۆشەر و شۆڕشگێری دیکەی کورد و ئێرانی، دەست پێدەکەم.

## تێبینم لە سەر چەمک و دەستەواژەی بۆشایی ڕێبەریی سیاسی

ئەم پانێلەی سمینارەکە، کە من تێیدا بەشدارم تەرخان کراوە بۆ باس لە بۆشایی ڕێبەری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای تیرۆری د.قاسملوو دا. هەر بۆیە دەمەوێ لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم ئایا بە تیرۆری د.قاسملوو، بۆشایی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو؟ ئەم پرسیارە کاتێک باشتر وڵامی خۆی وەردەگرێتەوە کە لە بیرمان بێت، هەم ئەو حیزبەی د.قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، دوای ئەویش لە سەر خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە -ئەگەر چی ئیستا لە تویی دوو حیزبدا بەردەوامە - ق هەم ئەو بیر و باوەڕ و بایەخانەی قاسملوویان پی دەناسرێتەوە، وێڕای خۆشەویستیی ئەو ڕێبەرە لە نێو هەر دوو بەشی دێموکراتدا، بەدی دەکرێن.

بۆ ئەوەی مەبەستی دەستەواژەی «بۆشایی ڕێبەریی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» ڕوونتر بێتەوە، دەبێ ئەم تێبینییەش بکەین کە ناکرێ بڵێین بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ ڕێبەریی



سەرچاوە
Serchawe

سیاسییە. ئەو حیزبانەی مێژوویەکی درێژیان لە ڕێکخستن و ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەدا هەیە، یا تێیدا بەشدارن، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، بەشێکی هەر ئەسلی لەو ڕێبەرییە سیاسییەن و، بە کردەوە دەبینین هەم لە نێوخۆ و لە لایەن خەڵکەوە، هەم لە لایەن تارانەوە، هەر وەها لە لایەن دنیای دەرەوەش، بە شێوەیەکی ڕێژەیی حیزبەکان وەک هێزێک کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوە و خەباتی دژ بە کۆماری ئیسلامی دەکەن و کاریگەریی سیاسییان لە سەری هەیە، سەیر دەکرێن.

من بە نۆرەی خۆم ئەم چەمکە بەم جۆرە پێناسە دەکەم کە لە ئێستای بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کەسایەتییەک بەدی ناکەم کە «بەتەنیا» بووبێتە نماد یا هێمای ڕێبەری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات. وەک هێزی سیاسییش، تاقە هێزێک بەدی ناکەم کە بڵێم «بە تەنیا» ڕێبەرایەتیی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. بە بەراوردکردنێکی دۆخی ئەم ٢٠ ساڵەی دوایی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ سەردەمی لە ژیاندابوونی د.قاسملوو، مەبەستەکەی خۆم ڕوونتر دەکەمەوە.

کاتێک د.قاسملوو لە ژیاندا بوو و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو، هەم حیزبەکەی بە مەودایەکی زۆرەوە، گەورەترین هێزی سیاسیی نێو گۆڕەپانی خەبات بوو، هەم کەسی یەکەمی ئەو حیزبە لە ئاستی کوردستان، ئێران و ناوچە و جیهاندا، وەک ناسراوترین و موعتەبەرترین سەرکردەی سیاسیی کوردستان، چاوی لێدەکرا. هەر دووی ئەم ڕاستییانە لە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. واتە هەم حیزبەکەی، ئەو حیزبە یەکگرتوو و بە هێزەی جاران نەماوە- لەگەڵ ئەوەی هەر یەک لەو دوو دێموکراتە لە ڕیزی هێزی یەکەمی ڕۆژهەڵات دان-، هەم ڕێبەرێکی بە توانای وەک د.قاسملوو لە رەئسی حیزب و بزووتنەوەکەدا نییە.

### هۆکارەکانی دروستنەبوونی تاکەکەسێک وەک هێمای ڕێبەری سیاسی

گومان لەوە دانیە کە کاتێک ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەخشەی تیرۆری دوکتور قاسملوویان دادەڕشت، دەیانزانی قاسملوو کاریگەرترین و گرنگترین سەرکردە و کەسایەتی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دایە. ئەوەشیان دەزانی کە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد جێگای ئەو ڕێبەرەیان بۆ پڕ نابێتەوە و ئەمە گەورەترین زەبرە کە دەتوانن بیوەشێنن.

بۆ چی لەم ٣٠ ساڵەدا، قاسملوویەکی دیکە دروست نەبووەتەوە؟ من وا بیر ناکەمەوە کە مرۆڤی دیکە بەو توانا و بەهرە و لێهاتووییانەی د.قاسملوو، لە دایک نابنەوە. دەکرێ کەسانێک بە بڕوانامەی زانستیی بەرزتر لە د.قاسملوو، لە قاسملوو شارەزاتر لە دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زمانزانتر لەو کەسایەتییە، هەر ئێستا هەبن، یا لە داهاتوودا پەیدا ببن. بەڵام لە خۆدا کۆکردنەوەی هاوکاتی هەمووی ئەو تایبەتمەندییانە و کۆمەڵێک بەهرە و ئیعتیبار و ئەزموونی دەوڵەمەندی سیاسی و حیزبایەتی، تەنیا لە پرۆسەی خەبات و تێکۆشان و ڕێبەریکردنی چەندین ساڵەدا، بۆ کەسایەتییەک مسۆگەر دەبێ.

تازە دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ، سەردەمی ئیستا و سەدەی ئیستا لەگەڵ سەردەم و سەدەی پێشوو جیاوازییەکی گەورەی هەیە. سەرهەڵدان و شکڵگرتنی ڕێبەرێکی کاریزما، لە سەردەمی ئیستادا زۆر سەختترە لە سەردەمی پێشوو. تاکی سەردەمی پێشوو (چ لە نێو حیزب و چ لە نێو کۆمەڵ) پشکێکی کەمتری لە خوێندن و خۆ پێگەیاندن، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، پێوەندیگرتن بە دنیای دەرەوە، سوود وەرگرتن لە بەهرەکان و ماف و ئازادییەکانی خۆی پێ دەبڕا. خۆ فیداکردنی تاک لە پێناوی کۆدا، بایەخێکی هەرە بنەڕەتیی کاری شۆڕشگێرانە و خەبات و تێکۆشان لە سەردەمی پێشوودا بوو. لە ئاکامدا، ڕێبەران هاسانتر لە ئێستا دەیانتوانی حیزب ئیدارە بکەن. بە تایبەتی ئەگەر توانا و لێهاتوویی زۆریان هەبایە، زووتر دەبوونە جێگای سەرنج و متمانە و، حیزب و جەماوەرەکەی لە پشتیان ڕادەوەستان. لە سەردەمی ئێستادا تاکەکان چاو و گوێیان کراوەترە، هاسانتر دەتوانن ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان نەقد بکەنەوە. توانایەکی زیاتریان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندن، تەنانەت بۆ کێشەخوڵقاندن بۆ حیزبەکانیان. کولتووری حیزبایەتی و کاری سیاسی، گۆڕانی بە سەردا هاتوە. تاک هەموو شتێکی خۆی لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزب و گشتیدا وەلانانێ. ئەم ڕاستیانەش ئەرکی ڕێبەریکردن لە لایەن تاکەکەسیان زۆر دژوار کردوە. لەگەڵ ئەوەی تەئکید دەکەمەوە کە د.قاسملوو، «سەرۆک» نەبوو و، حیزبەکەی بە شێوەی تاکەکەسی بەڕێوە نەدەبرد، بەڵکوو لە رەئسی ڕێبەرییەکی بە کۆمەڵدا بوو.

پێویستە دوو خاڵی دیکەش هەرلە پێوەندی لە گەڵ دروستنەبوونەوە یا هەڵنەکەوتنەوەی ڕێبەرێکی وەک د.قاسملوو، ئاماژە پێ بکەم:

**یەکەم؛** ململانێیەکان و ناکۆکێیە نێوخۆییەکانی نێوحیزبەکان و لەتبوونەکان و لێکدابڕانەکانیش، هۆیەک بوون بۆ

دروستنەبوونی ڕێبەرێکی بەهێز کە ببێتە هێمای ڕێبەرێکی سیاسیی زۆر دیار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەهۆی ئەم جۆرە ناکۆکی و کێشانە، ئەگەر نیمچە ڕێبەرانێکیش لەو ساڵانەدا دروست بووبن، زۆر شکاو و شکێنراون و، لە ئیعتیبار و بایەخ و سەنگ و قورساییان کەم بۆتەوە.

**دووهەم:** وانییە کە لەم ٢ - ٣ دەیەی دواییدا، لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەوڵی دروستکردنی ڕێبەر یا سەرکردەیەک بۆ ڕۆژهەڵات، نەدرابێ. لە نێو زۆربەی حیزبەکاندا هەوڵ دراوە کەسانێک تا ڕادەی هێمای سەرکردە و ڕێبەرێکی سیاسی نەک هەر بۆ ئەو حیزبە بەڵکوو بۆ ڕۆژهەڵات، زەق بکرێنەوە. لە گەڵ ئەوەی ئەم جۆرە هەوڵانە جۆرێک ملبەملەی زیانبار و نەخۆشی و دیاردەی تاکپەرستییشیان لە نێو ئەو حیزبانەدا پەرە پێداوە و، کولتوور و بنەماکانی حیزبایەتیشیان لە پێناویدا کراوە بەقوربانی، بەڵام ئەو هەوڵانە نەبوون بە هۆی دروستکردنی سەرکردە و ڕێبەری سیاسی و نمادێک بۆ هەموو ڕۆژهەڵات. هەر لە جێدا، ڕێبەرانێک کە لە حیزبەکەی خۆیاندا بە شێوەیەکی ناسروشتی و لە پرۆسەی ململانێیەکی ناسالمی نێوخۆییدا بووبنە «ڕێبەر»، وەرگیرانیان لە بازنەیەکی گەورەتر و گشتیدا وەک «ڕێبەر» هاسان نییە.

**بەرهەم نەدان و ناسەرکەوتوویی ئەم هەوڵانەش (هەوڵی ڕیبەرسازی)، دوو هۆی هەبووە:**

**هۆی یەکەم:** سەرکردە و ڕێبەر لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان و نواندن و سەلماندنی تواناکانی ڕێبەری لە لایەن خودی کەسەکە و، داننانی کۆی حیزب و هەروەها جەماوەر بە قابلییەتەکانی سەرکردەبوونی دروست دەبێ نەک بە دەستی ئەنقەست و بە پوستێرسازکردن و دروشمدان و نمایشی سەیروسەمەرەی پلان بۆ دانراوی ژمارەیەک ئەندام و لایەنگری حیزبەکە بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**هۆی دووهەم:** هەر وا کە لە چەمی قووڵ و گەورە و لە دەریادا نەهەنگ دەدۆزرێتەوە نەک لە جۆگە و تەنکاواندا، ڕێبەری گەورەش لە حیزبی گەورەدا دروست دەبێ نەک لە حیزبی بچووکدا.

## کەمایەسیی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵات چۆن چارەسەر دەکرێ؟

ئێمە باس لە «ڕێبەریی سیاسی» بۆ ڕۆژهەڵات دەکەین. گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتیش، جگە لەحیزبە



سەرچاوە Serchawe

سیاسییەکان و ئەندامانیان، ئەکتەر و بەردەنگی دیکەشی تێدایە. بەردەنگە سەرەکییەکەی ئەو ڕێبەر یا ڕێبەرییە سیاسییە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە سەرنجدان بەو فاکتەرەیە کە من دەمەوێ باس لە چارەسەری کەمایەسیی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەم.

بێ کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و ململانێ حیزبییە زیانبارەکانی ئێستا، بێ بەخۆداچوونەوە و یەکگرتنەوە و کەوتنەوە سەرێەکی حیزبە لەتبوو و لێکدابڕاوەکان، بە دوای ئەم دووهەنگاوەشدا، بێ یەکگرتنی حیزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانەتییەکی سیاسیدا، لەگەڵ کۆی ئەمانەشدا، بێ خوێندنەوەی ویست و زەرفییەت و تواناکانی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ کاری سیاسی و خەبات بۆ مافەکانیان و بێ ڕاکێشانی پشتیوانییان، ڕێبەرییەکی سیاسی کارا و جێگای متمانەی خەڵک، دروست نابێ. لە دڵی ئەم ئاڵوگۆڕانەی پێویستە بکرێن، دەکرێ ڕێبەرێیەکی سیاسی، شکڵ بگرێ و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بنوێنێ. ئەو ڕێبەرییە بە تایبەتی لە سەرەتادا، ناتوانێ تاکەکەسی، یا تاکەکەس بێ. دەکرێ لە کۆمەڵێک سیما لە حیزب و ڕێکخراوی جیاواز، یا هەڵقووڵاو لە هەناوی چەند شێواز و بوار و مەیدانی خەبات، پێک بێ. دووریش نییە لە ڕەوتی چوونە پێشی ئەو هەنگاوانەدا، کەسایەتییەک لە نێویاندا ببێ بە بەرجەستەترین هێمای ڕێبەری سیاسی. بەڵام دڵنیام ئەو کەسە، ئەوە نابێ کە بوون بە سەرکردە و ڕێبەری هەرە دیاری ڕۆژهەڵات، ئارەزووی لە مێژینەیەتی. بەڵکوو کەسایەتییەک دەبێت بەو هێمایە کە دەتوانێ زۆرترین ڕۆڵی هەبێ لە دروستکردنی یەکگرتوویی و هاوپەیمانی لە ئاستی حیزبە سیاسییەکان و، لە ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ لای ئەم هاوپەیمانییە و، لە پێک بەستنەوە و گرێدانەوەی خەڵک و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

***

* بۆ سمیناری مەجازیی «کورد قوربانیی تیرۆریزم»ئامادە کراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

# دوکتور قاسملوو، ڕێبازێک بۆ ڕووناکبیری کورد



شاڕوخ حەسەنزادە

## دوکتور قاسملوو، ڕێبازێک بۆ ڕووناکبیری کورد

### (کورتەمێژوویەکی ڕەوتی ڕووناکبیریی کورد)

### ١

لە بنەڕەتدا چەمکی ڕووناکبیری (intellectualism) بە مانای جیاکردنەوە و هەڵاواردنی دوو بابەت لە یەک مژاردا دێ. کەواتە دەبێ بڵێین نەریتی ڕووناکبیری واتای بەجیا شەنکردنی دوو باس لە یەکتری و شرۆڤە کردنیەتی! یا بە واتایەکی تر ڕووناکبیر کەسێکە بوێرانە بێ هیچ چاوەڕوانی و بەرژەوەندییەک ڕەخنە لە نەریت، هێز و دەستەڵات بگرێ و بەو زانست و جیابیرییەی بەرگری لە مافی بابردەڵە بکا. بەشێوەیەکی گشتی ئاکامی ڕووناکبیری سێ مۆدێل و ڕەهەندیی «شێوازی زانستی»، «بەختەوەریی و ئاسایش» و بیرمەندی(فایدەگرایی) لێ دەردەقوڵێ.

بێگومان سەربەندی «نوێبوونەوە» ملکی ڕۆژئاوایە. ڕینسانسی ئورووپا کە بە لەبیرکردنی سەرجەم باوەرەکانی ئاسمانی، بوون و مرۆڤ دەستی پێکرد دوو ڕەوتی هزری نوێی دامەزراند:

**یەکەم، ئاوەزمەندی یا ڕاسیۆنالیزم.**

**دووهەم، هەستمەندی یا ئەمپریسیزم.**

ئاوەزمەندی بە دێکارت دەستی پێکرد و لەسەر خوانی کەسانی وەک سپینۆزا، نیتز و هێگڵ گەیشتە سەرچڵە پۆپەی خۆی و، هەستمەندیش بە ڕای کەسانی وەک فرانسیس بیکەن دەستی پێکرد و جان لاک، برێکڵی، هیوم و میل بەسەریدا زاڵ بوون.

ڕاسیونالیزم پشتی دە مەعریفەی ئەوپەڕ ئاوەزی کرد و بەگژ بەشێک لە لایەنەکانی «هەستی» داهات، وشەی «ڕووناکبیری» ئالێرەدا گوورا کە ڕاسیۆنالیستەکان بەپێی ڕوونبوونەوە و ئاشکرا کردنی ڕاستییەکانی «هەستی» بە باوەر و هزری خۆیان، پێناسەی ڕووناکبیریان بۆ خۆیان هەڵبژارد. ڕووناکبیر بە کەسێک دەگوترا کە دژی هەرجۆرە ڕاستی و حەقیقەتێک کە سنوورەکانی ئەوپەڕ ئاوەز ببەزێنێ و شاردراوە و نهێنی بێ و سوڕ و حەشاری هەبێ، دەگوترا. بەڵام سەردەمی ئاوەزمەندی دوای گەیشتن بە لووتکە، لە سەدەی حەڤدە و هەژدەی زایینیدا وردە وردە داکشا و جێگای بۆ هەستمەندی لێژ کرد. هەستمەندی لایەنی ئاوەزی جیهانی و مرۆڤیشی ڕەد کردەوە و هەموو مەبەست و لێکدانەوی ڕاستییەکانی بانخۆزاو و مێتافیزیکیشی بە بێمانا شرۆڤە کرد. ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوایی بە ڕەدکردنەوەی نهێنییە شاردراوەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ گرینگییان بە مرۆڤ دا و بایەخ و بەهای ئەویان لە ڕاستیەکانی سرووشتدا؛ لەدوو دا. ئەوە بوو کە «ئۆمانیزم» وەک ڕەگ و ڕەچەڵەکی ڕەسەنی تێفکرینی چاخی ڕەوشەنگەری پشکووت و لە نەبوونی متمانە و باوەر بە جیهانی غەیب، ماکی مرۆڤیان کردە پێوەری ناسین و لە جێگای خوای خوڵقێنەر قوت کردەوە. بوونەوەرێکی وەها بەو هەمووە گرینگییە و بایەخەوە نابێ سنووردار و بەستراوە بێ، هەر بۆیە «لیبرالیزم» بناخەی دووهەمی تێفکرینی جیهانی نوێ بوو. ئۆمانیزم و لیبرالیزم وەک دوو هزری نوێ و پێشکەوتووی چەمکی ڕووناکبیری، مەعریفەی ئۆلی و نەریتە کلاسیکەکانی ڕەد کردەوە بە یەکجاری یاسای کردە گرێبەستی کۆمەڵایەتی، گرێبەست و بەڵێنییەک کە متمانە و بایەخی کۆمەڵگەی تێدا شەقڵ گرت. ئەلێرەدا بوو کە ناسیۆنالیزم لە حاڵێکدا کە یاسای پەیمانی، سەر بە سنووره دیاریکراوەکانی جوگرافیایی بێ و ئەنتێرناسیۆنالیزم، بە پێچەوانەکەی لەدایک بوو.

ئەم چەمک و مەفهوومانە لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ئێراندا خوێندبوویان هاوکات دەگەڵ بزووتنەوەی

مەشروتییەت هاوردەی ئێران کران و جێگای وشەی «نەتەوە» و «نیشتمانپەرەوەری» گرتەوە.

بەڵام ڕووناکبیری بە مانا مۆدێرنەکەی خۆی دوای بێتاوان بوونی ئاڵفرێد درێفووس لە فەرانسە کەوتە سەر زاران و بە نووسینی نامەی پشتیوانی ئێمیل زۆلا و واژۆکردنی ٣٠٠ کەس لە بیرمەندان و ژۆرنالیستەکانی ئەم وڵاتە هەموو جیهانی ڕۆژئاوایی داگرت کە ئاکامەکەشی دواتر(نزیک ٥٠ ساڵ دواتر) دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو!

دوای شکانی قەجەرەکان لە وڵاتی (مەمالیکی مەحرووسەی قەجەر) لەشەڕ دەگەڵ ڕووسەکان، شەبەنگی هەڵکەوتەی ئەو مەملەکەتە دەستیان بە خەسارناسی ئەو شکان و دۆڕانە کرد. «عەباس میرزا»، کوری فەتحەلی شا کەسانێک لە لاوانی سەر بە حکومەتی هەڵبژارد و بۆ درێژەپێدان بە خوێندن و خۆپێگەیاندن و دەست وێراگێشتن بە زانستی ڕۆژ بەتایبەت بە زانستی نیزامی نارده دەرەوە کە لە یەکەم کەسەکان «تاڵبۆف» و «میرزا مەلکم خان» بوون. بەڵام دواتر بە هاتنەمەیدانی کەسێک وەک ئەمیرکەبیر مەدوای نێوان چاکسازیخوازان و موحافیزەکارەکان زیاتر بوو و زانست پتر پەرەی پێدرا. لە کاریگەرترین ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم دەتوانین ئاماژە بە «میرزا فەتحەلی ئاخوندزادە»ی تەورێزی بکەین کە ڕینسانسێکی نوێی لە مەمامليکی مەحرووسەی قەجەر دەست پێکرد و بەدژی نەریتی نەشیاوی دەرباری قەجەر و کولتووری گەلانی ڕۆژئاوا تشتی دەنووسی. کەواتە دەبێ بڵێین سەردەمی «شۆڕشی مەشروتییەت» پڕشنگدارترین چاخی ڕەوشەنگەری و ڕووناکبیران بووە و بە دامەزراندنی یەکەم ڕۆژنامەکان هزر و ڕوانینی بەتایبەت فەیلەسوفانی فەرانسی کەوتە سەر لاپەرەکان و نوێبوونەوەیەک لە ئێرانی ئەو سەردەمدا ڕووی دا، هەڵبەت دواتر (لە نێوەراستەکانی دەیەی پەنجاوە بۆ ژوور)چینێک لە ڕووناکبیرانی ئۆلیش« Religious Intellectualism » سەریان هەڵدا (مستەفا مەلەکیان، سرووش، موجتەهیدی شەبستەری، د.عەلی شەریعەتی و...) و لەم بەشەدا چالاک بوون و هزری نوێی خۆیان پاراو دەکرد و بڵاوەیان پێدەکرد.

کوردستانیش لەم ڕەوتەی پێشڤەچوون و نوێبوونەوە جیا نەبوو و ئێلیتی کوردیش زۆر خۆی دەگەڵ دوای چاخی ڕێنسانسی ئورووپا هاوتەریب دەکرد هیندێک بەتایبەتی تر بەشی باکووری کوردستان کە بە هۆی ژێئۆپۆلۆتیک، هەڵکەوتەی تایبەت، نزیکایەتی دەگەڵ سنوورەکانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵێک هۆکاری تر بیری دژ بە هیندێ نەریتی کلاسیک و نوێبوونەوە بە تایبەت لەمەڕ جیهانبینیی نەتەوەیی دوای سەدەکانی حەڤدە و هەژدەی زایینی لە

ڕۆژئاوا، خۆی دە گۆمی ڕووناکبیری نوێخوازی هاویشت! دەتوانین بڵێین ئەم ڕەوتە بە کەسایەتی ئەحمەدی خانی (١٧٠٦-١٦٥٠ ز) دەستی پێکرد و جیلی سەدەکانی کۆتایی شازدە و هەڤدە، هەڵکەوتەی کورد (فەقێ تەیران، حەریری، مەلای جزیری و...) بە زمانی وێژە و شێعر ڕەوشەنگەری نەتەوەیی و بیری نوێ و زانستیان بڵاو دەکردەوە. مەم و زینی خانی بەڵگەیە بۆ هاوتەریب بوونی زانستی وێژەیی دەگەڵ ڕۆژئاواییەکان و ئاوانگاردی ئەدەبی کوردی و شاکارێکی جیهانییە.

گەلێک لە ڕوانگەی فەلسەفی یونانی و ئیسلامی هێناویتەوە و تان و پۆی شێ دەکا و خۆشی وەک فەیلەسوف و سۆفییەکی مەزنی زانستی دەوارن وێنا دەکات، خانی لەم بەرهەمە ناوازەیەیدا بە دژی هیندێ بیر و نەریتی کۆمەڵگەدا دەرووخێ و هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و خەبات و ئەوین شەن و کەو دەکا و لە بیری بەرەوپێشڤەچوون دایە، مەم و زین بۆ خۆئاگایی نەتەوەیی کورد شادەقە.

با ئەوەش بڵێین ئەگە لە فەرانسە «نوستراداموس» لەبەر پێشگۆییەکانی ناوبانگی جیهانی دەکردەوە و خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکانی چەند سەد ساڵ دوای خۆی کردوە هەر ڕێک لە سەردەمی ئەودا و تەنانەت چەند ساڵ بەر لە نوستراداموس، لە شارەزوور «ئێڵ بەگی جاف» (١٤٩٢ - ١٥٥٣ ز)ی یاری(یارسان) ئەو زانست و خوێندنەوە و پێشگۆییانەی هەبووە و زۆر جێ سەرنجن و تێڕامانن، بۆ میناک پێنج سەد ساڵ پێش باسی ئەمڕۆی ئێران و ڕووداوەکانی دوایی دەکا و دەفەرموێ...

تاعات بە مەجبووری دەبێ
دی بازاری بلووری دەبێ
چینی و فەخفووری دەبێ
گوڵبانگی جەمهووری دەبێ
هەروا بووە و هەروا دەبێ
یا لە درێژەدا دەڵێ...
دیوانی گورگ و مەڕ دەبێ
دەشتی بەغدا بە شەڕ دەبێ

گشتی بۆ زێڕ و زەڕ دەبێ

شەڕی سەرباز بە شەنگ دەبێ

هەوا بووە و هەروا دەبێ

ئەحمەدی خانی بە هۆنینەوە و چڕینی شێعر و فەرهەنگی «نۆبار»ی زارۆکان (نەوبەهار) فەرهەنگی وشەی منداڵان شۆڕشێکی مەزنی هزری دەست پێکرد کە بە ڕای زۆرێک لە ڕووناکبیران و توێژەرانی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەک باوکی ناسیونالیزمی کورد دێتە ناسکرن.

چ بکەم کوو قەوی کەسادە بازار

نینن ژ قوماش ڕا خەریدار

یەعنی ژ تەمەع دراڤ و دینار

هەریەک ژ مەرا وە بوونە دلدار

گەر علم تەمام بدەی بە پوولێک

بفروشی تو حکمەتی بە سوولێک

کەس ناکەتە مەیتەری خوە جامی

ڕاناگرتن کەسەک نزامی

خانیی نەمر لەو هۆنراوەیەدا ئەگەرچی نەختێک بێ هیوایە لە بێ بایەخ بوونی عیلم و زانست بەڵام پەنگ دانەوە و بڕەودان بە زانستی ڕۆژ بە پێویست دەزانێ و لە نەستی تێفکرینی خانیدا نوێبوونەوەیەکی هزری هەست پێدەکرێ. ناوبراو هەر بەوە ناوەستێ و بەردەوام ئاواتە خوازە گەلەکەی وەک گەلانی هاوسێ بە یەکگرتوویی و تەبایی هەوڵی دامەزراندنی حکوماتێک بدەن و لە ژێر سێبەر و ئالای ئەم دەوڵەتە خۆماڵییەی خۆمان سەرقاڵی عیلم و خوێندن بین کە ئەمە سەرچڵە پۆپەی هەست و نەستی شاعیرێکی کوردی سەدەی هەڤدەیە کە ئێستاشی دەگەڵ دابێ ئەم داخوازییە لای زۆرێک لە هەڵکەوتەی کورد هەڵتاوێن نەبووە! جەنابیان دەفەرموێ...

گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقێک

ڤێکڕا بکرا مە ئینقیادەک

ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەڕا دکر غوڵامیٚ
تەکمیل دەکر مە دین و دەوڵەت
تەحسیل دەکرد مە عیلم و حیکمەت

هە لەو سەرووبەندی دا و لە سووچێکی تری کوردستانی مەزن خانای قوبادی (١٧٥٩ - ١٧٠٠ ز) کەسایەتیی هەورامی بە هۆنینەوەی شێعری

«هەرچەن مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە شەکەر بەڵ شیرین تەرەن
یەقینەن جە دوونیای پڕ ئەندێش
هەرکەس دڵشادەن وە زوان وێش»

شۆرشێکی زمانی و بیرکردنەوەیەکی نوێ دەڕوانێتە پرسی نیشتمان و تەنانەت وەک چاکسازیخوازێکی ئۆلیش دەوری هەبووە و دەڵێن یەکەم کەس بووە کە قورئانی پیرۆزی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی (بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ نوسخەیەک لەو وەرگێرانە لە بەردەست دا نییە) بە مەبەستی تێگەیشتنی هەرچی باشتری خەڵقی کورد کە ئەمە لەو سەردەمدا ڕێک کارەکەی مارتین لۆتێرە کە کتێبی پیرۆزی ئینجیلی هێنا سەر زمانی ئەلمانی و شۆڕشێکی مەزنی دەست پێکرد کە ئاکامەکەشی گوورانی پرۆتستانیزم بوو.

حاجی قادری کۆیی(١٨٩٧ - ١٨١٦ ز) ئەو شاعیرەیە کە بیری ئازادیخوازی، ڕخنەگرتن و بە گژداهاتنی هیندێ نەریتی باو و سەقەتەکانی کۆمەڵگەی وەبەر پڵار دا:

(هیچتان نەچووتنە گەردش وا تێدەگەن کە دوونیا
هەر پادشاهی ڕۆمە و شاهی عەجەم لە تاران)

یا دەفەرموێ:

«کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز

بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی

مەلا و شێخ و میر و پادشامان

هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی»

ئەمە ئەو لایەنی هزریی ڕووناکبیری هەڵکەوتە و ئێلیتی کوردە کە هاوکات دەگەڵ هزری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەچووە پێش و بە هۆنراوەی «کیم ئەز»ی جگەرخوێن(١٩٠٣-١٩٨٤ ز) بیری نەتەوایەتی، هەستی گۆڕانخوازی ڕوانگە و هزر لەسەر خوانی شاعیرانی کورد شەقڵی ئاسمان دەشکێنێ و بە گێڕانەوەی ڕووداوە دیرۆکییەکان و سەرکەوتن و نوشست و هەوراز و نشێوی گەلی کورد هەر پێ لەسەر زانست و ڕەوشەنگەری دادەگرێ.

یا ماە شەرەف خان ناسراو بە مەستوورەی ئەردەڵان (١٨٠٤ - ١٨٤٨) یەکەم مێژوونووسی ژن لە جیهان جگە لە بەرهەمە شێعرییەکانی لە سەردەمێکدا کە ژن هیچ بایەخەکێ نەبوو وەک ڕووناکبیرێکی نێیسکار ڕەچە دەشکێنێ و ژنامە دێتە مەیدان.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨ (١٢٧٧ی ک.ە)، «کوردستان» بە هەوڵی ماڵباتی بەدرخانییەکان چەمکی ڕووناکبیری زیاتر برەو پێدا و تیشکێک بوو لە شەوی ئەنگوستەچاوی بەرەوپێشچوونی جیهانی و خۆ ڕێکخستن و نیشاندان و هەتا ڕادەیەکی باش ئەم ئامانجانەی پێکا:

یەکەم، ڕایەڵکەی پێوەندی نێوان کوردانی دەرەوە. دووهەم، هەوڵدان بۆ زەفکردنەوەی پرسی کورد. سێهەم، گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە فەرهەنگ و وێژەی کوردی بەتایبەت لە بەستێنی ڕووناکبیریی کوردی و چوارەم، پێک گرێدانی ڕۆژهەڵات ناسان و دامەزراوەکانی زانستی ڕۆژئاوایی دەگەڵ کوردستان.

بەداخەوە بە ڕێکی نازانین ئاخۆ یەکەم ڕۆژنامەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چ ساڵێکدا بووە، پێشتر دەگوترا کە

حەوتوونامەی «ڕۆژی کورد» کە سەرەتاکانی ١٩٢٠ لە سەردەمی دەستەڵاتداری سمایل ئاغا(سمکۆی شکاک ١٨٨٧-١٩٣٠ز) لە ڕەوتی شۆڕشی ناوبراو لەلایەن ماموستا مەلا محەممەدی تورجانی زادە لە ورمێ چاپ و بڵاو دەبۆوە و وەک یەکەم بڵاوکراوەی کوردی ڕۆژهەڵات دادەنرا؛ بەڵام توێژینەوەکانی ئەم دواییانە باس لەوە دکەن کە دوو بڵاوکراوەی «شەهابی ساقب» و «بیستون» لە ساڵەکانی ١٩٠٦ و ١٩٠٧ هەروەها بڵاڤۆگی «تەمەدون» لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٣ هەتا ١٩٠٥ لە کرماشان و سنە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەشان کراون.

بەڵام دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هاتنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ نێو جەرگەی وڵاتانی جیهانی سێهەم و مانەوەیان، ڕەوشێکی ئێڵ و نارۆون لە دژوازیی نێوان جیهانی مۆدێرن و سەردەمی کلاسیک بەتایبەت بە ڕوانگەی سیاسییەوە درووست بوو. لەم نێوەدا و لە دۆخی شپرزەی ئێرانی سەردەمی پاڵەوی کۆمەڵەی «ژێکاف» (١٣٢١) لەسەر دەستی ڕووناکبیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا و، بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیران بە تایبەت چالاکانی وێژەیی لەدەوری یەکتر کۆ کردەوە و بە بەشداری هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند(١٣٢٤) و بە بڵاوکردنەوەی بیری ناسیونالیستی دە ڕۆژنامەی «کوردستان» و چاپی یەکەم بڵاوکراوەی تایبەت بە منالان(گڕوگاڵ) و دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان؛ کەسایەتیی نەمر پێشەوا قازی محەمەدی وەک ڕێبەر و ڕەچە شکێنێکی مەزن وێنا کرد.

پێشەوا جیا لە کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هاوکات پێگەی ڕووناکبیریشی هەبووە، ئەگە بمانهەوێ لە چەمکی ڕووناکبیریی ئۆلی کەڵک وەرگرین، دەتوانین بڵێین قازی محەمەد لە یەکەمین کەسەکانە کە وەک ڕووناکبیرێکی ئۆلی، زیاتر لە ٧ دەیە پێش لەو کۆمەڵگە نەریتی و کلاسیکەی کە ئایین و باوەڕەکانی ئایینی لەوپەڕی خۆیدا بووە؛ بە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان، سوێند خواردن هاوکات بە قورئانی پیرۆز و بە ئاڵای کوردستان و... ڕێفۆرمێکی دینی دەست پێکردوە و کرانەوەیەک و ڕوانگەیەکی نوێی لە کۆمەڵگەی چەقبەستووی ئەوکاتی کوردستان خوڵقاند.

-----

## ٢

لە بەشی یەکەمی باسەکەماندا کە کورتەمێژوویەکی ڕەوتی ڕووناکبیریی کورد بوو، باسەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان گەیاندە کۆماری کوردستان و کاراکتێری پێشەوا قازی محەممەد. کۆماری کوردستان (حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی پێشەوای نەمر) توانیان ببنە بناغە و ڕەگی ڕووناکبیری، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لە بەشەکانی تری کوردستان. هەڵبەت بۆن و بەرامەی نوێخوازی ئێرانی گرتەوە؛ شۆڕشی هزری، نوێ بوونەوە، هێنانە ئارای چەمکگەلی جۆراوجۆری فەلسەفی و سیاسی، خۆ ڕێکخستن دەگەڵ جیهانی دەرەوە، پێوەندییە دیپلۆماسییەکان، دامەزراندنی یەکیەتییە جۆراوجۆرەکان، برەو دان بە زانست و فێر بوون، ڕاگەیاندن، کولتوور، هونەر (ڕۆژنامە، شانۆ، وێژە، قوتابخانە بە زمانی زگماکی و...) وەک کەرەسەی سەرەکیی ڕووناکبیری ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە.

لە پەنا دامەزراندنی هەندێک حیزب و ڕەوتی سیاسی و ڕووناکبیری لە کوردستان (کۆڕی زانیاریی کورد، ناوەندی ڕۆشنبیری و کلووپەکان، ڕمێنی ڕۆژنامە، چیرۆک، ڕۆمان، شێعر و...)، هەر لە درێژەی خەباتی بەردەوام و نەپساوەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەسایەتیی مەزنی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٣٠٩-١٣٦٨) کە قورسایی و بارستایی زانست و تێگەیشتنی ئەم زاتە لە سەردەمی خۆی و تەنانەت ئێستاشدا بە ئیعترافی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت دوژمنیش، بە تەنیا، کانسێپتی ڕووناکبیری بەتایبەت لە بواری سیاسی و ڕەهەندی فکریی کوردەوە دەگەڵ جیهانی نوێ و مۆدێرن بردە یەک ئاست! ئەو، بوێرانە ڕەخنەی لە هێز و دەستەڵات و نەریتە کەونەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەگرت، کەوابوو لایەنی سەرەکیی تەوفیری ڕووناکبیرێک دەگەڵ خەڵکی ئاسایی و ئەو بەناو ڕووناکبیرانەی تر ئەو خۆ هەڵاواردن و ئەیاخ کردنی نەریتە کلاسیکەکان و ڕەخنە و بەگژدا هاتنی ئەو دەستەڵاتانەیە کە مافی خەڵک پێشێل دەکەن.

د.قاسملوو وەک میناکی ڕووناکبیرانی هەرە پێشکەوتوو و خوێندەواری سەردەمی خۆی بووە، ئەگەرچی بە ڕوانینێکی چەپی تۆخ (کۆمۆنیستی) هاتە مەیدانی سیاسەت و تێفکرینی فەلسەفی، بەڵام هەر وەک «ئایزایا بێرلین» (١٩٠٩-١٩٩٧ ز) بیرمەندی لیبراڵی لیتوانی بە جۆرێک دەکرێ پێکیان بگرین. بۆ کاک دوکتور ئازادییەکانی تاک و دێموکراسی گەلێک پڕبایەخ بوون، بەرێزیان هزری ئابووریی سیاسی و بەشێک لە ئەندێشەکانی دامەزراندنی سۆسیالیزمێکی کوردانەی خۆی لە «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک» لە ساڵی ١٩٨٣ـوە نووسیوە. بەڕاستی پڕزەحمەت بوو کە لە سەردەمی شەڕی سارد لەلایەک سۆسیالیست بی و لەلایەکی تریش، ڕەخنە لە یەکیەتیی سۆڤیەت بگری! بۆ یەکەم جار بوو کە لە ڕەوتێکی سیاسیی کوردیدا، مەفاهیمی هزری و فەلسەفیی نوێ ببنە ئامانج و شرۆڤەیان لەسەر بکرێ. نەمر دوکتور هەر وەک «جان ڕاڵز» (١٩٢١-٢٠٠٢ز) لەمەڕ، ئەسڵی

**بەرابەری، جیاوازی و ئازادی دەدوا.**

**ئەسڵی بەرابەری: لە سۆسیالیزمدا کار دەبێ پێوانەی داهات و ڕەوشی کۆمەڵایەتی بێ.**

**ئەسڵی ئازادی: دژی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکە و باوەڕی قەلبی بە ئازادی و دێموکراسی هەیە. ئەسڵی جیاوازی: ئەگە کار وەک پێوەر لەبەرچاو بگیرێ دەبێ هەندێک کاری تایبەت وەک پزیشکی، کە بە نیسبەت ڕۆژنامە فرۆشی ئەرکی قورستر و گرینگترە، هەر بۆیە دەبێ دەرفەت و هاوکاریی زیاتری بکرێ.**

**سۆسیالیزم دەبێ داهاتە نەتەوەییەکانی بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش بکات. دوکتور قاسملوو بە ئیلهام وەرگرتن لە «لینکۆڵن» بەدوای جۆرێک لە دێموکراسییەوە بوو کە لەژێر سەردێڕی «ئاستی ماگزیمۆمی دێموکراسی» (زۆرترین ئاستی دێموکراسی) پێناسە دەکرێ و بەم شێوەیە «حکوومەت لە، بە و بۆ خەڵک» بەم جۆرە کە باشترین نوێنەرەکان، بەرزترین بەشداری و عیداڵەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بێ.**

**ڕەوانشاد قاسملوو بە دوای مۆدێلێکی سێهەم لە سۆسیالیزمدا دەگەڕا کە بە «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» ناوی هێناوە کە لە وڵاتی کوردان بوەشێتەوە و بە کولتوور و ئابووری و سیاسەتی تایبەت بە خۆی پێناسەی بۆ بکرێ.**
**شەهیدی هەردەم زیندوو د.عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) لە پڕاگ پێتەختی چێکۆسلۆڤاکی (ئەوکات) دوکتورای لە زانستە ئابوورییەکان وەرگرت و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لەو زانستگەیەدا وانەی «ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و بیرۆکەی گەشەی ئابووری» دەگوتەوە. هەر لەو ساڵیدا بوو کە کتێبی «کوردستان و کورد»ی ئامادە کرد کە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە کاری لەسەر کردبوو و ساڵی دواتر ١٩٦٣ لەلایەن وەشانی ئاکادێمی زانستی چێکۆسلۆڤاکی لە پڕاگ بە زمانی چێکی بڵاو بۆوە و هەر زۆر زوو ئەم بەرهەمەی بە زمانەکانی ئینگلیسی، عەرەبی، لەهستانی، سلۆڤاکی، فەڕانسەیی، فارسی و کوردیی سۆرانی و (کوردیی کورمانجی) وەرگێڕدراوە و بڵاو کراوە. ئەم کتێبە کە بە ڕوانگەیەکی ئابووری و سیاسی، نووسراوە وەک یەکەم توێژینەوەی جدی لەسەر مێژوو، ئابووری، جوغرافیا، پرسی کورد و... لە نەوعی خۆی نووسراوە و هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ؛ بە سەرچاوەیەکی باش لە بوارگەلی جۆراوجۆری کورد و کوردستان دەژمێردرێ.**

کاک دوکتور هەر بە تەنیا ڕووناکبیرێکی سیاسی و سەرکردەیەکی حیزبی نەبوو کە ئەمەیان ڕەنگبێ وەک ڕخنەیەک بۆ سەر سەربەخۆیی کەسایەتییە سیاسییە ڕووناکبیرەکان بێتە ئەژمار، بەڵکوو کەسێک بوو لە کەشێکی تووش، سارد، بەستەڵەک و زوخم هاویشتووی تاریک و بوومەلێڵی ژینگەی نەتەوەی کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، ببووە خۆر و ڕەوشەنگەری زانست و ماف و ژینی سەربەستی دەگەشاندەوە. نەمر قاسملوو ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی پۆشتە و دەوڵەمەندی ئاغا گەورە ببوو و لە ئورووپا خوێندبووی و لە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزدا بوو و سەواد و پووڵ و پارەی لێ دەڕژا! بە خوێندنەوەیەکی واقعیی خۆی دە گۆمی شین و مەندی سیاسەت هاویشت و بووە درێژەدەری ڕێبازی سەربەستیی گەل و نیشتمانەکەی. ئەو لەو تیپە ڕووناکبیرە بەڵێندەر و پێشکەوتووانە بوو لە خزمەت خەڵک و نیشتمانی خۆیدا بوو؛ بۆ ڕۆشنگەریی ماف و داخوازیی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەی خاوەن بڕیار و ڕای خۆی بوو و بەرژەوەندیی تاکیی خۆی قوربانیی باوەڕەکەی کرد.

شەهید قاسملوو پێشەکی بۆ «تاریک و ڕوون»ی نەمر مامۆستا هێمن دەنووسێ! (١٩٧٤)، تاریک و ڕوون دەقێکی تەواو ئەدەبی و لەخۆگری دەیان دەسکە شێعری پوخت و پاراو و وێژەیین کە «هێمن» هۆنیویەتەوە، بەڵام قاسملووی سیاسی و ئابووری زان وەهای شەن و کەو دەکا و باڵە کەوی پێدەکا هەر دەڵێی بۆخۆی خوڵقێنەری شێعرە، ئەو شێعر باش دەناسێ و ڕێبازە ئەدەبییەکانیش چاک لێک دەکاتەوە و وەک ڕەخنەگرێکی وێژەیی دەیسەلمێنێ کەسێک ڕووناکبیر بە مانای دەقیقی وشەیە. لە بەشێک لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا دەنووسێ: «هێمن شاعیرێکی ڕیئالیستە، ڕیئالیزمی ڕەخنەگرانە لە نێوەرۆکی شێعرەکانی هێمندا بەتەوای بەرچاو دەکەوێ. هێمن بارە هەرە گرینگ و ئەساسییەکانی تەبیعەت و ژیان و ئادەمیزاد بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و شاعیرانە باس دەکا و کۆمەڵ بۆ بەرەوپێش چوون هان دەدا. هێمن زۆرجار لە هێندێ شێعری خۆیدا لە ناتورالیزم نیزیک دەبێتەوە، ئەوەی کە دەیبینێ باسی دەکا و بە چاوی ڕەخنە سەیری تەبیعەت یان کۆمەڵ ناکا. هەر وابزانە دەیهەوێ تابلۆیەکی تەبیعەت بکێشێ و بیخاتە بەرچاوان. بەڵام شێعری وای کەمە، وادیارە خۆشی ئاگای لێیە کە لە ڕیالیزم دوور کەوتووە، زوو ناتورالیزم بەردەدا و دەگەڕێتەوە سەر ڕیئالیزم کە سەبکی بنەڕەتیی نێوەرۆکی شێعرەکانیەتی. ئەو ناتورالیزمە بە تایبەتی لە «بەهاری کوردستان» و «لە بیرم مەکە» و چەند شێعری تردا خۆی دەنوێنێ.»

«ژێراڵد چاڵیاند»ی فەڕانسەیی ساڵی ١٩٧٧ سەرپەرستیی ئامادە کردن و چاپی کۆمەڵێک وتاری مێژوویی –



سەرچاوە
Serchawe

سیاسیی کورد دەکات بە ناوی «Les kurdes et le Kurdistan» کەتێدا زانایانی سیاسیی وەک «ئارچی ڕۆزوێلت»، «کەندالٌ نەزان» و «دوکتور قاسملوو» ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر پرسی کورد (کۆمەڵگە، ئابووری، سیاسیەت و دیرۆک)ی ئەو گەلە بە وردی باس کردوە. یەکێک لە وتارەکانی کاک دوکتور لەسەر کوردەکانی ڕۆژئاوایە بە ناوی «کوردەکانی سووریە» کە بە حەق وتارێکی شیکاری و فرە ڕەهەندی زانستی و نوێی لەسەر کوردەکانی سووریە ئامادە کردوە. ئەمە جیا لەو دەیان وتارەیە کە لە کۆتایی دەیەی ٤٠ی هەتاوی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو کردۆتەوە و سەدان کۆبوونەوە، کۆنفرانس و سیمیناریشی پێک هێناوە.

کاک دوکتور لە سەردەمێکدا وەک ڕووناکبیرێکی کاریزما دەستەڵاتی مەزنترین حیزبی کوردی (لە بواری تەشکیلات و هێزەوە) گرتە دەست کە شەڕی سارد لە گەرمەی خۆیدا بوو، جیهان بەسەر دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دابەش ببوو، شەڕێکی گەورە لە نێوان ئێران و عێراق لەئارادا بوو، سێ ئیدۆلۆژیی مەزنی سەدەی بیستەم ملیان دەبەر ملی یەکتر نابوو و حکوومەتێک بە ئیدۆلۆژیی تۆخی ئیسلامی و بە باوەڕێکی نوێ دامەزرابوو. ڕێبەرایەتیی حیزبێکی چەپی ناسیۆنالیست لەنێو جیهانبینیی تۆخی کۆمۆنیستی و ئیسلامیی شیعی، نە هێندەی تاڵ کردبوو تفی کەن نە هێندەش شیرین کە قووتی دەن! لەو سەردەمدا کە بەشێکی بەرچاو لە بەناو ڕووناکبیران لە پێناو پۆست و پارە شاباشی بارەگای دەستەڵاتیان دەدا و نەزۆکانە بە لێوەلەرزە پرسی ئازادی و دێموکراسییان باس دەکرد و ماف و ویستی خەڵکیان بن گۆم دەکرد، مێرانە لە مەیدانی خەبات ململانێی دەکرد. لە چاخی دوای پاڵەویی دووهەم و هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سێ ڕەوتی، ڕووناکبیریی چەپ، نەتەوەیی و ئۆلی لە بوورسدا بوون کە کاریان بۆ وێژەمانی سۆسیالیزم، ناسیۆنالیزم و ئیسلام گەرایی دەکرد. لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم کە کاک دوکتور ئەگە نەڵێم پێشەنگ، با یەکێک لەو ڕووناکبیرە پێشڕەوانە بێ، کە خاوەن ئارمانج و شۆڕشگێڕ بوون بە تایبەت لە تیپی ڕووناکبیرانی چەپ و ناسیۆنالیزم-ەکان. دوکتور قاسملوو دروشمی ڕۆشنگەری هەر بەتەنیا لە «بەڵێندەر و ڕێنوێن» بوون گۆڕی بۆ «ڕەخنەی دەستەڵات» و «بە کردەوە هاتنە نێو مەیدانی خەبات» بە دژی زاڵمان. ژان پۆل سارتر دەڵێ: «ڕووناکبیر ویژدانی وشیاری کۆمەڵگەیە و پێی وایە هەر جۆرە نارەزایەتییەک بە دژی دەستەڵات تەنانەت واژۆ کردنێکی ئیعترازیش بەشێک لە فەلسەفەی ڕووناکبیرییە.» لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئێران بەو هەمووە پلۆرالیزمە ئەتنیکی و ئایینییەوە و هەروەها، دەمارگرژی، نەزانی، داگیرکاریی سیاسی، بەگژ یەکتردا هاتنی ئێلیتی کۆمەڵگە بە دژی یەکتر، فرە چەمکی ڕەها و

... خەبات و تێکۆشانی بە کردەوە و ڕەخنەگرانەی زانستی بوو کە دوکتور قاسملوو ڕێچکەی هەڵدێر و مۆری بۆ سەرجەم ئازادیخوازان و گەلی کورد شەق کرد!

بەو هەمووە ئەزموون و چالاکییانەی، بە ڕوونی دەردەکەوێ کاک دوکتور زۆرتر وەک ڕووناکیدەرێک کەڵکەڵەی هەڵخستنی ڕووناکبیری لە مێشک دایە و بە چالاک بوونەوەی ئەم هەوێتییەیە کە بەدوای مافی کورداندا دەگەڕێ و لە دەرەوەی بازنەی حیزبایەتیش گرینگی بە چاند و وێژە و زانست و هونەر و تەنانەت وەرزشیش دەدا؛ ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ ڕووناکبیریی فرە ڕەهەندی ئەو زاتە مەزنەی کورد.

ڕەنگبێ بەرچاوترین ڕەخنە کە دەکرێ لەو زاتە مەزنەی کورد و حیزبی دێموکراتی کودرستان بگیرێ ئەوەیە کە لە ڕەوتی بەستنی کۆنگرەی هەشت «لیستەی فیکس»ی، داهێنا کە بەداخەوە حیزبی پێ لەت بوو و دووهەم و دوامینیش ئەوە بوو بە ئەهوەنی و بێدەنگی چووە باوەشی مەرگ و کورد و ئازادیخوازانی چەپی جیهانی تازیەبار کرد.
کەسایەتیی ڕووناکبیر و سیاسیی شەهید دوکتور قاسملوو ئەوەندە پڕلایەنە کە دەتوانین لە هەموو بەشەکانی زانست تەنانەت بە هونەری شەڕیشەوە موتالای لەسەر بکرێ و ببێتە هەوێنی تێزی زانستیی خوێندکاران. قاسملوو ڕێبازێکە لە ڕووناکبیری، زانست و کوردایەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

## د. قاسملوو ڕچەشکێنی ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە



**عوسمان بایدەمیر**

عوسمان بایدەمیر، کەسایەتیی سیاسیی کوردی باکوور و پارلمانتار لە تورکیە لە وتووێژێکدا لەگەڵ کوردکاناڵ، تیرۆری د. قاسملووی بە بیرەوەرییەکی ناخۆشی ژیانی ناو برد و گوتی ئەو کاتە ئەمن لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ بووم و بەداخ بووم کە بۆ دەبێ سەرکردەیەکی ناوداری نەتەوەکەم جارێکی دی بە دەهۆ و پیلانی دوژمنانمان لەدەست بچێ.

بایدەمیر گوتی د. قاسملووی گەورە ڕچەشکێنی دیپلۆماسیی کورد بۆ ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە بوو و، ئێستا ڕێبەرانی دیکەی کورد وەک میراتێک لەوە دەڕوانن و هەر بەو ڕچەیەدا دەڕۆن کە د. قاسملوو بۆی کردبوونەوە. ئەو فێری کردین ئەوەی لە دەستمان دێ بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بیکەین، بێ ئەوەی دەستێوەردانمان کردبێ لە کاروباری نێوخۆیی یەکتریدا.

عوسمان بایدەمیر گوتی د. قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران چووە سەر مێزی وتووێژ، بەڵام تیرۆری ئەم ڕێبەرە کاریزمایە لەلایەن نێردراوانی ئێرانەوە پێی گوتین کە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان چ لە شام و تورکیە، یان ئێران و عێراق باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد نییە. ئەو کەسایەتییە دیار و هەڵسووڕەی باکووری کوردستان ئەوەشی گوت هەتا پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین چارەسەر نەکرێ، ئەم

وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە نە هێمنی و نە سەقامگیرییان تێدا نابیندرێ. ئەمە هەڕەشە نییە و حەقیقەتێکە کە کورد مافی خۆی هەیە و لە پێناو مافەکانیدا خەباتێکی بەردەوام دەکا و پاشەکشە ناکا. بایدەمیر گوتی با ڕێژیمەکانی ئانکارا، تاران و دیمەشق لە چارەنووسی سەدام دەرس وەربگرن، چونکی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندی کە تێرۆری ڕێبەرە پێشەنگەکانی وەک دوکتور قاسملوو نەبووەتە هۆی ڕاوەستانی جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

---

## بەرژەوەندیی پشتگیری لە جووڵانەوەی کورد!



**مەولوود سوارە**

٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژێکی لەبیرنەکراو و تاڵ بۆ کورد بەتایبەت لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستانە. ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر تێرۆری دکتۆر قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێمۆکرات و ناسراوترین ڕێبەری کوردەکانی ڕۆژهەڵات تێپەڕی. دوکتۆر قاسملوو پاش بەشداریی لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست کە لە سوئێد بەڕێوە چوو، بۆ وتوویژ و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردەکانی ئێران و، درێژەی وتوویژەکان دەگەڵ نێردراوانی دەوڵەتی ئێران چوو بۆ وییەن.

قاسملوو لەسەر ئەساسی ئەو فکرە کە هەر لە بنەڕەت ڕا کورد خوازیاری شەڕ و کوشت و کوشتار نییە و، لە لایەکی

دیکەش ڕاست لەو کاتانەدا کە ڕێژیمی ئێران پاش هەشت ساڵ شەری وێرانکارانە دەگەڵ ئێراق تازە ئاگربەس و کۆتاییهێنان بە شەڕی قبوول کردبوو و، واویدەچوو کە پێویستی بە برێک ئارامی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی وێرانی خۆی هەبێ، بۆ نیشاندانی نیازپاکیی زیاتری کوردەکان و بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی کوردستانیش بگرێتەوە، هەوڵی سازان و ڕێککەوتنی دەدا. هەر بەو مەبەستەش بێ لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنیی دانیشتنەکان دەگەڵ بەڕواڵەت دیپلۆماتەکانی ڕێژیمی ئێران چووە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەو بە نییەتی باش و کۆتاییهێنان بە شەڕ لە کوردستان و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران ڕێگای وتووێژی گرتە بەر. لایەنی بەرانبەریش واتا دەسەڵاتدارانی ئێران لە جیاتی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە، وەک سیاسەت و ئیدە و رەوشتی نەگۆریان، کە کوشتن و تیرۆر و لەنێوبردنە، پلانیان بۆ کوشتنی قاسملوو و هاورێیانی داڕشتبوو.

تیرۆری ڤییەن، نە یەکەم پیلانی تیرۆریستیی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو و، نە لە دوای ئەم تیرۆرەش کۆتاییان بە سیاسەتی حەزفی فیزیکیی نەیاران و جیابیرانیان هێناوە. لە ماوەی هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان لە ئێران، هەتا ئیستا زیاتر لە شەست هەزار کەس لە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون. زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسیی کورد لە باشوری کوردستان، بێ لەبەرچاوی گرتنی سەروەریی وڵاتی جیران لە لەلایەن تیرۆریستەکانی ئیرانەوە تیرۆر کراون. بەدەیان کەس ڕفێندراون و بێسەروشوێن کراون. لە زۆر وڵاتی ئوروپایی و تەنانەت وڵاتانی بەشەکانی دیکەی جیهانیش کردەوەی تیرۆریستی بەهۆی بەکرێگیراوانی سەر بەو ڕێژیمە لە دژی تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی کراون.

تیرۆر و لەنێوبردنی نەیاران و جیابیران بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شتیکی شاراوە نیە و هەموان لێی ئاگادارن. کوردەکان و نیشتمانەکەیان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراون و، ئەوە بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەچێ خەباتی رزگاریخوازانەی بەردەوام و بێ پسانەوەیان هەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا هەوڵ دەدرا تەنانەت دەنگدانەوەی خەباتەکەشیان کپ بکرێ، ئیستا ئەم خەباتەیان بۆ ناشاردرێتەوە. ئەوانەی پێشتر قاسملوویان ناسیوە، دەزانن کە کەسایەتی و بیر و ئەندیشەی ئەو پیاوە دەیتوانی لە چارەسەرکردنی زۆر لە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یارمەتیدەر بێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەی چۆن بوو کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی وڵاتی ئوتریش، کاتێک ئەو ڕێبەرە سیاسییە کوردە لە ڤییەن تیرۆر کرا، بە بەرچاوی هەموو جیهان و تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندە ئابووری و بازرگانییەکانی دوو وڵات، کە بێگومان ئەوەندە زۆریش نەبوون کە هەموو بایەخە مرۆڤایەتیەکانیان بۆ ژێرپێ

بخرێ، تێرۆریستەکانی ناردەوە تاران؟ ئایا نەدەبوو وڵاتانی ئوروپایی کە ناوەندی دەسەڵاتی دێمۆکراتیکی جیهانن، و بۆ خۆیان دەڵێن لەسەر مافی مرۆڤ بە جوابن، لە ئاست ئەم ساتوسەودا شەرماوییەدا نارەزایەتیان دەربڕیبا؟ بڵێی کوردەکان بتوانن ئەم غەدرەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لەبیر خۆیان بەرنەوە؟

سێ ساڵ پاش ٢٢ی پووشپەڕی ٦٨ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆتە بنکە و ماکەی تێرور و کوشت و کوشتار. ئەم ڕێژیمە نەک هەر لە نیوخۆی وڵاتدا ژیانی لە خەڵک کردوە بە جەهەننەم، بەڵکوو بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی ڕەشی مەزهەبی، چاوی تەماحی بڕیوەتە وڵاتانی دیکەی ناوچە. بەبەرچاوی هەموو گەورە هێزەکان دەست لە کاروباری نیوخۆیی وڵاتانی ناوچە وەردەدا و ئیددیعای بەش و دەسەڵاتی هەیە. ئەوان لەهەر جێگایەک بن، کوشتن و ژێر پێنانی بایەخەئینسانیەکان بەدیاری دێنن، و کوردیش ئیستا لەو چوار وڵاتەی دراوسێدا بە گشتی بوونەتە قەڵخان و دەبەرانبەر تێرۆر و تێرۆریسم و دەسەڵاتە دواکەوتۆکاندا پێشەنگی خەبات و قوربانیدانن. بۆیە ناڕەوایە ئەگەر ئەم فیداکارییانە بێ وڵام بن و خەبات و قوربانیدانی ئێمە لە پێناوی ئەو بایەخ و ئامانج و پرەنسیپیانەی کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی جێگای ڕێزن، نەبیندرێ و بە تەنیا بهێڵدرێتەوە.

هەموو لایەک باش شارەزان کە کورد ئیستا گەورەترین میللەتی بێ وڵاتی جیهانە و بە توندترین شیوەی مومکین سەرکەوت دەکرێ و پێش بە چوونە پێشی دەگیرێ. حەق وایە و دەبەرژەوەندی هەموو لایەکدایە کە کورد بایەخی زیاتری پێ بدرێ و پشتی خەباتە ڕەواکەی بگیرێ.

لە ٣٠ ساڵەی تێرۆری قاسملوو و هاوڕێیانیدا جارێکی دیکە وێڕای ڕێزگرتن لە خەباتی ئەو کەسایەتییە گەورە، پەیمانی وەفاداری نوێ دەکەینەوە کە لەجاران زیاتر لەسەر خەباتی ڕەوای گەلەکەمان شێلگیرتر بین و، تا وەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدەمان، دریژەدەر و پێشمەرگەی ڕێگا و ئامانجەکانی بین.


بەرەو جیهانێکی بێ کوشتار، بەرەو داهاتوویەکی بەدوور لە سەرکوت
و سڕینەوە و بێمافی بۆ نەتەوەی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# گەڕانەوەیەک بۆ بیرەوەریی دانیشتنەکانی گۆڕاییەکەی "قەڵاتی شا"



**ئەحمەد شێربەگی**

پێش ڕووخانی ڕێژیمی شا ناوبانگی دوکتور قاسملووم بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی ڕەنگ و ڕوخساری چۆنە، بۆ یەکەم جار لە ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە میتینگی سەت هەزار کەسی گۆڕەپانی تۆپی پێی شاری مەهاباد دووراودوور دیتم و گوێم لە دەنگی بوو. دواییش لە چەندین بۆنەی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی کوردستان وەک وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد دیتم. هەتا ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ دوو ڕۆژ دوای دەستبەکاربوونی دەنگی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار کە هاتمە شاخ لە نیزیکەوە دەستی لەنێو دەستی نام و بەخێر هاتنی کردم بۆ نێو شۆڕش. لەم ڕێکەوتە بەملاوە بەردەوام دوکتور قاسملووم لە نیزیکەوە دیوە، چ لە کۆبوونەوەکانی ڕادیۆ و ئینتشارات، چ لە کۆبوونەوە گشتییەکانی دەفتەر و چ لە بۆنە و شەودانیشتنەکاندا. دوکتور قاسملوو لەگەڵ بەرپرسیارەتیی فورسی سکرتێری حیزبی دێموکرات و ڕێبەریی بزووتنەوەی کوردستان یەکێک لە نووسەران و هاوکارانی بەردەوامی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران و ڕۆژنامەی کوردستان بوو. لە سەرەتاکانی کاری مێدیاییدا بە هۆی کەم ئەزموونی زۆر کلۆڵ بووم، تەنانەت لە خوێندنەوەی دەقەکانیشدا گرفتی یەکجار زۆرم هەبوو، ئێواران کاتی شێوخواردن لە گۆڕاییەکی چووکە لە داوێنی قەڵاتی شای لە دەوری یەک کۆ دەبووینەوە. دوکتور قاسملوو زۆر جار بە هێمنی و زۆر مامۆستایانە بۆ ئەوەی کە لە ئەرکەکەمدا دڵسارد نەبمەوە دەستنیشانی ئەو وشانەی کردبوو کە لە ڕادیۆ بە هەڵە خوێندبوومنەوە. ئەودەم وەک لاوێکی مەهابادی کە هاتمە شاخ و لە دەنگی کوردستانی ئێڕاندا درێژەم بە ئەرکی حیزبی دەدا ئەو زاراوەیەم ڕاگرتبوو کە خەڵکی مەهاباد قسەیان



سەرچاوە
Serchawe

پێدەکرد. هەمووجارێ دەیگوت:

کاک ئەحمەد ئێمە لە ئەدەبیاتی حیزبدا ناڵێین خێن؛ دەڵێین خوێن، ناڵێین خێری؛ دەڵێین خوێری. دەبێ زارت کۆکەیەوە، مەڵێ کوردوستەن؛ بڵێ کوردستان، وەک پاکستان، خووزستان، پیتی ئەلەف درێژ کەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جارێ تەشویقی دەکردم کە دەنگم زۆر باشە، دەنگم دەنگی شاخە و شوێندانەرە لەسەر بزووتنەوە. دەبێ زۆر هەوڵ بدەم، دەبێ زۆر ڕاهێنان بە خۆم بکەم. بەمجۆرە ساتەکانی شاخ دەهاتن و دەڕۆیشتن. هەتا زەمان زیاتر تێدەپەڕی زیاتر لە دەریای زانست و گەورەیی دوکتور قاسملوو دەگەیشتم. لە شەودانیشتنەکانی شاخ کاتێک دەهاتە قسە بە دەنگێکی ئارام و بزەی سەر لێوان باسی ڕووداوەکانی کوردستان و چونیەتیی خەبات و تێکۆشانی دەکرد. شرۆڤەکانی هەمووی هیوابەخش بوون. هەستت دەکرد شوورەیەکی پۆلایینت لە پشتە و بە بوونی ئەو هێز شک نابەی زەفەرت پێ بەرێ. خاکەڕایی و سادە ژیانی و هەڵسوکەوتی باوکانەی وای لێدەکردی کە بە هەموو تواناتەوە کار بکەی. دوکتور قاسملوو سادە دەژیا و هەرچێکی هەبایە بە لەززەتەوە لەگەڵ ئێمە دەیخوارد. بۆ تاقە جارێکیش نەمدیت گلەیی لە خواردن هەبێ. زمانێکی پاراو و خاوێنی هەبوو. تەنانەت لەگەڵ نەیارەکانیشی بە زمانێکی زبر قسەی نەدەکرد. ئەوینداری کوردستان و خەڵکی کوردستان بوو. باوەڕێکی یەکجار زۆری بە هێزی جەماوەری خەڵک هەبوو. دڵگەرم بوو بەو پشتیوانییەی کە خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکراتیان دەکرد. حیزب هەموو ژیانی بوو، هەمیشە هیوای لێی دەباری. هەتا دیتوومە پێکەنینی لەسەر زار بوو. هەمیشە نوکتەی خۆشی دەگێڕایەوە. جەفەنگی لێ دەدا. هەرچەند ئەو کەسی یەکەمی حیزب بوو بەڵام لە مەجلیساندا قەت وای خۆی نیشان نەدەدا کە کەسی یەکەمە. فەزایەکی پێک دەهێنا کە بتوانی قسە بکەی. ڕێزی کادر و پێشمەرگەی زۆر لەبەر بوو. دوکتور قاسملوو هەر بەتەنیا سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزب نەبوو و، ئەو کۆکراوەی چەندین کەسایەتیی گەورە بوو کە دوکتور قاسملوویان پێناسە دەکرد. د.قاسملوو بێجگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی ناوازە و ئابووریزانێکی گەورە و زمانزانێکی کەموێنە بوو کەسێکی بە فەرهەنگ و ئەدیب و ئەدەبدۆست، مێژووناس، شێعرناس، بەئەخلاق، مەجلیس خۆش، نوکتەزان، ورد و دەقیق و، ئاراستە و پاک و خاوێن بوو، هەتا لەکوردستان بوو بۆ جارێکش نەمدیت لە بەرگی پێشمەرگایەتی جیا بێتەوە و جامانەی بەسەرەوە نەبێ. ڕێکوپێکترین پێشمەرگە بوو. وەک کتێبخانەیەکی گەڕۆکی دەوڵەمەند لێم دەڕوانی کە پڕ بوو لە ئەخلاق، لە نەبەزین و ڕاوەستان، لە ڕوانین بۆ ئایندە.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە شانازیی ئەوەم هەبوو لە نیزیکەوە کاری لەگەڵدا بکەم و وەک مامۆستایەکی مەزن لێی بڕوانم گەلێک بیرەوەریی تاڵ وشیرینم لەگەڵی هەیە. لێرە تەنیا ئاماژە بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەک دەکەم کە زۆر لەسەر هەستی دوکتور قاسملوو شوێندانەر بوو.

شەوانە کە لەدەوری یەک کۆ دەبووینەوە پاش بیستنی باس و خواسەکانی شار و شاخ، نۆرەی گەڕەلاوژە دەهات. هەرکەسە لە نۆرەی خۆیدا یان گۆرانییەکی دەگوت یان نوکتەیەکی دەگێڕایەوە. یەکەمجار من سروودی «خوایە وەتەن ئاوا کەی»م وت. ئەوکاتە دەنگم لەوپەڕی بەرزی و ڕەساییدا بوو. بێدەنگی باڵی بەسەر دۆڵەکەدا کێشابوو، دەنگم کە لێ بەرز کردەوە زایەڵەی دەنگی خۆمم گوێ لێ دەبۆوە. سروودەکەم کە خوێندەوە هەموو وێکڕا سەربەندەکەیان لەگەڵ دەگوتمەوە. هەستم کرد ئەم سروودە شوێنێکی یەکجار قووڵی لەسەر د.قاسملوو داناوە. فرمێسک لە چاوی چزا بوو. ئەو سەردەمە بەهۆی تەئسیراتی ژەهراویی حیزبی توودە بەیتێکیان لەو سروودە زیاد کردبوو کە:

« ستالین پێشەوایە بۆ کوردان وەک باب وایە

هەستن هەڵکەن ئاڵایە ئەوا بەرلین گیراوە...»

هەرکە دەگەیشتمە کۆتایی سروودەکە د. قاسملوو دەیگوت ئاخرییەکەی نەڵێی کاک ئەحمەد. ئێستاش نەمزانی د.قاسملوو چ بیرەوەرییەکی لەم سروودە هەبوو کە هەمووجارێ کە دەیبیست فرمێسکی لە چاوان دەگەڕا.

سڵاو لە گیانی نەمری ڕێبەری مەزنی کورد د.قاسملوو، یاد و ناوی بەرز و پیرۆز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ئێستا ئیدی ناسنامەیە



**کەریم پەرویزی**

دوکتور قاسملوو، رێبەری بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی - دێموکراتیک بوو کە چەند دەیە بە دژی دوو جۆر دەسەڵاتی پاشایەتی و ویلایەتی فەقیهی خەباتی کردووە. ئەم بزووتنەوە لە سەرهەڵدانەوە تاکوو وەسەرپێ کەوتن و دواتر تا باڵاکردن و گەورەبوون و هەروەها لە نسکۆ و شکستەکان و پاشەکشێ و پێشڤەچوونەکاندا، ئەزموونی زۆری وەسەریەک نا و بەشێکی گرنگی لە سەرەتاوە بە دەستی بەهێز و داهێنەری پێشەوای نەمر بوو، بەڵام بەشی درێژەدان و نوێکردنەوە و وەسەریەکخستنەوە و رێکخستنەوە و بەرۆژ و دێموکراتیک کردنەوە و گەشەکردنەوەی وەئەستۆی دوکتور قاسملوو بوو و بە بیر و هزری و خەبات و خوێنی ئەو، بوو بە داربەڕوویەکی ئەستووری بۆ هەتاهەتایە لەسەرپێ کە هیچ تۆفانێک ناتوانێ دەستی بە رەگەکانی بگات.

دوکتور قاسملوو داربەڕووی شۆڕشی نیشتمانی کوردستانی وەها ئاودێر کرد و هەرسی کرد و گەشاندییەوە، کە نەک کورد لە ژێر سێبەریدا دەحەسێتەوە، بەڵکوو بوو بە هێما و هاندەر بۆ نەتەوەکانی دیکەش لە ئێراندا و بەتایبەت ئازادیخوازانی راستەقینەی ئێرانی، وەکوو سەرچاوەی فێربوون و هاندران چاویان لێ کردووە و دەیکەن.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە پووشپەڕی وەیشوومەی ساڵی ١٣٦٨دا ویستی بە تەقەکردن لە مێشکی بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستان، ئەم بزووتنەوەیە تووشی فەلەجی هزر و مێشک بکا و لەشی بێسەری

بزووتنەوەکە بکا بە سووتەمەنیی ویستەکانی خۆی و مشەخۆرانی دەسکردی، بەڵام نەیزانی کە ئەم داربەڕووی شۆڕشی کوردستانە، ئیدی لە ڕەگی مێژووەوە گرێ دراوە و نەک تەنیا چەند کادر و پێشمەرگەیەک لە دەوروبەری قاسملووی ڕێبەرن، بەڵکوو دار و بەردی کوردستان دەبن بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوە و زایەڵەی ڕووناکیی هزر و سیمای قاسملوو.

شۆڕشی نیشتمانپەروەری و کاروانی بونیاتنەرانی نیشتمانی نوێ، قۆناخ بە قۆناخ و بڕگە بە بڕگە، بە ڕاسانەوە سەر لە وانەکانی قاسملوو دەدەنەوە و قاسملوو نەک لێیان دوور نییە، بەڵکوو لە ژووری کار و لە سەنگەری نیگابانییان و لە نێو ئاهەنگی موبایلەکانیان و لە دووتوێی کتێبەکانی زانکۆیان و لە میدالیای سەر سینگیانە.

شاخ و باخ و دۆڵ و چیا و شەقام و بازاڕ و کۆڵان و زانستگا و کارگە و کاروان و بەرد و دار و دیواری کوردستان بە ناوی قاسملوو و یادی قاسملوو نەخشێنراون و خۆشترین مۆسیقا دوای ئەی ڕەقیب لای کوردانی وڵاتی خۆر و خۆرهەڵات، سروودی خوایە وەتەن ئاواکەیە.

دوای سێ دەیە لە دەسڕێژی غەدر و تاوان لە مێشکی کوردستان و کورد، نەک دوژمنان بە ئاواتیان نەگەیشتوون، ئێستا ئیدی دوکتور قاسملوو تەنیا سکرتێری حیزبێک نییە، بەڵکوو ناسنامەیە بۆ شۆڕشی نەتەوەیەک و هێما و ئامانجی دوارۆژە بۆ بونیاتنەرانی نیشتمان.


٣١ی پووشپەڕی ٢٧١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# هزری قاسملوو ئاوێنەیەک بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو



**سۆران شەمسی**

دروشمێکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێ:"تۆ تێدەکۆشیت تاکوو ئاسوودە بیت، بەڵام من تێدەکۆشم تاکوو خەڵکانی تر لە من ئاسوودە تر بن".

سەربەرزی کوردستان پێویستی بە لەخۆبوردوویی و فیداکارییە، ئەگەر دەمانهەوێت بۆ لەنێوبردنی هەژاری، جیاوازی چینایەتی، نەخوێندەواری و دابینبوونی ئاسایش و ئارامی، خەبات و تێکۆشان بکەین، کە ئەوەش بە قسە و دروشم ناکرێت، دەبێت وانەی لەخۆبوردوویی و فیداکاری لە پێشمەرگەکانی کوردستان فێر ببین و ئەوەش بە کردەوە بسەلمێنین.

ناساندن و پێناسەکردنی کەسایەتییەکی وەکوو شەهید دوکتور قاسملوو، ئاسان و سانا نییە، چونکە بەڕاستی سات بە ساتی ژیانی ڕێبەری مەزنمان لێوانلێوە لە شانازی و ڕووداوە تاڵ و شیرینەکان، یەکێک لە ڕێگاکانی بەردەوامی پێناسەکردنی کەسایەتییەکان، نووسینی ژیاننامەی ئەوانە، بەڵام کەسانێکی وەک دوکتور قاسملوو کە لە کۆمەڵگایەکی زۆر دواکەوتوودا و لە نەبوونی کەلوپەل و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان و لە ناوچەیەکی

پاشکەوتوودا چاوی بە جیهان هەڵێناوە، ژیاننامەی ئەوان تەنیا دەردو ڕەنجە کە کۆتایی پێ نایەت.

دوکتور قاسملوو، زانا و بلیمەتێکی نەتەوەیی گەلی کوردە، شەهید دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی ناودار، سیاسەتوان و جیهانبینێکی نەتەوەی کورد بە ئەژمار دێت، کە لە ماوەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆڵێکی کارای هەبووە و پێگەیەکی بەرز و باڵای لەنێو سەرجەم چینەکانی نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردستاندا هەبووە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە.

ڕێبەری ناودار و کاریزمای کوردستان، بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی بەرژەوەندی حیزبی، تاک و پلە و پایە و هەروەها لە سەرووی هەموو گرووپ، دەستە و لایەنێکی دیاریکراو دادەنا و گشت هەوڵ و ماندووبوونێکی تەنیا و تەنیا لە پێناو خەباتی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد و کوردستاندا بوو.

**دوکتور قاسملوو بژاردە و بلیمەتێکی سیاسیی جیهانی بوو.**

ناوی دوکتور قاسملوو، هاوڕەنگە لەگەڵ خەبات و تێکۆشان و بەرگریی و بەرەنگاربوونەوەی بێوچانی چەندین ساڵەی، لە ڕێگای ئازادی و داکۆکی لە دێموکراسی و گەورەیی نەتەوەی کورد، کە بە شانازییە مێژووییەکانی نەتەوەکەمانەوە گرێ دراوە.

دوکتور قاسملوو ڕەمزی ئیرادەیەکی پۆڵایینی بەهێزی کوردستانە، کە لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابرووودا بیر و هزری، بناغەی داگیرکەرانی هەژاندووە و ترسی خستووەتە دڵی دوژمنانی گەلەکەمانەوە.

دوکتور قاسملوو، یەکێک لە بەناوبانگ، کارا و کاریزماتیکترین ڕێبەرەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان، بە واتای کردەوە و پراکتیکی بووە، کە دەتوانین بڵێین هەنووکەش هەیە.

ئەگەر نووسەران و مێژوونووسەکان، کارنامە و ڕابردوودی کەسایەتییە گەورەکانی مێژوومان تۆمار بکەن، حەماسە و لەخۆبوردووییەکانی دوکتور قاسملوو و کارنامە مێژووییەکانی، شاخە سەربەرزەکانی نیشتمان و پێدەشت و چۆم و

کۆسارە بەهەیبەتەکانی کوردستان لە دڵی خۆیاندا بۆ هەمیشە تۆماریان کردووە و ئەوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمڕۆ و دوارۆژی کوردستان، ئەو شانازییەیان پێ براوە تاکوو هزر و بیرۆکەکانی ئەو ڕێبەرەی نەتەوەکەمان وەکوو گەوهەرێکی بێوێنەی جیهانی لە لاپەڕەکانی مێژوو و وێژدانی نەتەوەیی خۆیاندا بپارێزن.

ئێمە ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی شەهیدبوونی پێغەمبەری ئاشتی و ڕێبەر و پێشمەرگە و مامۆستا و دیپلۆماتکاری نەتەوەکەمان بەرز ڕادەگرین، کە ڕێبەری قارەمان و بەناوبانگی گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەکەی بوو، کە دەبێژرێت قارەمان، بە واتای قارەمانی شەڕ و گۆڕەپانی شەڕ نییە، بەڵکوو ڕێبەرێکی قارەمان و بەناوبانگ لە ئاشتی، ئاوەدانی، ئازادی و دێموکراسیدا بوو و هەموو خەبات و تێکۆشانی خۆی لەو پێناوەدا بووە و تەنانەت لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کرد، بۆیە بە پێغەمبەری ئاشتی ناسراوە، دوکتور بێرنارد کۆشنێر، کەسایەتی بەناوبانگی فەرانسەویی و هاوڕێی نزیکی دوکتور قاسملوو و دۆستی نەتەوەی کورد، فەرموویەتی: "ئەوان لە ئاشتی و ئارامی ترسان، بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان شەهید کرد".

دوکتور قاسملوو ڕۆڵەیەکی ئەفسانەیی و مێژوویی کوردستان بووە و ژیانی خۆی بۆ دارشتنی بناغەی ڕوونی داهاتوو و پڕ لە دڵنیایی بۆ نەوەکانی پاش خۆی لە وڵاتەکەیدا تەرخان کرد، شەهیدی ڕێبەر، سیاسەتوانێکی زیرەک و وریا بوو، کە ژیانی خۆی بۆ ئازادی کوردستان و ڕزگاری لە ژێرچەپۆکیی نەتەوەی کورد بەسەر برد و تا کاتی شەهیدبوونیشی بە بەڵێن و ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکانی بە پەیمانێکی نیشتمانییەوە وەفادار مایەوە و لەو ڕێگایەشدا گیانی شیرینی بە سەربەستی کورد بەخشی و شەهید بوو.

مێژووی نەتەوەیەک، جگە لە هەڵسوکەتە کردەوییەکانی ئەو نەتەوەیە کە هاوڕەنگی پیرۆزییەکان، دۆڕانەکان، پەروایزخراوییەکان، ئاوات و هیواکان و...، لە ڕێڕەوی ڕێگایەکی مێژووییە، مێژووی ڕێڕەوی ڕێگاکانی مانەوەی هەر نەتەوەیەکیش لە هەوراز و نشێوەکانی ژیاندایە! کە زۆر جار هاوڕەنگ و دەنگی خۆشییەکانە و گۆشەیەک لەو ڕێگایەی ژیاندا، پڕ لە نشێو و دژوارییەکانە، کە بە خرۆشانە گران و بەهێزەکان لە دڵی ڕووباری مێژوودا، ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

بێگومان بەشێک لە ڕێگای پڕ هەوراز و نشێو و دژواری داهاتووەکانی نەتەوەیەک، لە دڵی ئەزموونەکانی ڕابردووی

ئەو نەتەوەیەوە تێپەڕ دەبێت، مێژووی ژیان، وەکوو کەرەستەیەکە، کە بەشەکانی ئەو کەرەستەیە داهاتووەکانی ڕێک دەخاتەوە و بەشەکانی تری ئەو کەرەستەیە، لە کۆگا مێژووییەکانی ڕابردووی ئەو نەتەوەدایە.

بەو تێگەیشتنەوە لە مێژوو و ڕەوتە مێژووییەکانی کۆمەڵگایەکی بەرپرسیار بەرامبەر بە داهاتوو، کۆمەڵگایەک دەبێت، کە تایبەتمەندییەکانی لە ڕێبوارانی بناغەدارێژەری، داهاتوو ڕێگاکانیشی لە شەپۆلەکانی دەریای دڵی مێژووشدا سەفەری خۆیان وەکوو گەوهەرێکی پڕبایەخ و گرانبەها بە داهاتوویان پێشکەش کردووە تاکوو بەو کردەوە پڕ لە شانازییەوە، ناو و یادی خۆیان لە ڕەوتی مێژوودا بۆ هەتاهەتایە بهێڵنەوە و لە ئاستی توانا و هێزی خۆیاندا یارمەتییەکی چووکەش بە کردنەوەی ڕێگای داهاتووی نەتەوەکەیان بکەن.

ئەگەر لە ئەمڕۆدا شانازی بە ڕێبەری شەهیدمانەوە دەکەین، بەو هۆکارەوەیە کە دوکتور قاسملوو هەم مرۆڤێکی لەخۆبوردوو بوو، هەم مانەوەی خۆی لە دڵی مێژوودا تۆمار کرد و هەمیش لە ئاستی تێگەیشتنی خۆی و دوارۆژی ڕووداوەکان و ئاکار و ئاکامە خوازراو و نەخوازراوەکاندا، کە خوێندەوەیەکی ڕوون و ئاشکراگەرایانەی بۆ ڕێباز و ئامانجی ڕێبەرانی پێش سەردەمی خۆی دەکرد.

ڕێبەری شەهید، خۆی لە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و نەتەوەی کورددا هەستی بە بەرپرسیارەتییەکی گەورە دەکرد، هەر ئەو هەست بە بەرپرسیارەتیکردنەی بوو، کە بوێری و ئیرادەی چاونەترسانەی پێ دەبەخشی و بە ورەیەکی بەهێز و بەرزەوە، بە هەیبەت و باوەڕبەخۆبوونێکی ئازایانەوە پێنووسی بە هێنانە سەر تێنووسی گۆڕەپانەکانی خەبات و مێژووەوە، تاکوو بیرەوەرییەکانی لە دێڕەکانی مێژووی تێپەڕدا بهێڵێت و بۆ نەوەکانی داهاتوو ببێتە ڕێگایەکی ڕوون و ئاسۆیەکی هیوابەخش و ڕێڕەوی پاپۆڕی هەم مێژوو و هەمیش سەردەمە جۆاوجۆرەکان بسپێرێت بە من و تۆ و هەموو ئێمە.

دوکتوری بلیمەت، سیاسەتی لەسەر ڕاستای ڕاستی و درووستی دارشتەوە و لە ڕاستیشدا، سیاسەتوانێکی ڕاستبێژ و سادق و ساکار بوو، سیاسەتی لەگەڵ مرۆڤایەتی تێکەڵ کرد، تاکوو قاسملوویەکی سادە و خاکی، بەڵام بەپرستیژ و هەروەها چۆنییەتی ژیانکردن لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕێک خستەوە و فێری کردین، هەروەها ژیانەوەی بە ژیان بەخشی و پێمانی نیشان دا کە بەڕاستی ژیان چییە؟ ژیان واتە نان، ژیانەوە واتە گەورەیی، ئازادی و باوەڕ.

قاسملووی زانا، سیاسەتی بە سفرەیەکی نان و خوان، وەکوو ئەو سیاسەتوانەی کە سیاسەتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەوروبەرەکانیان بەڕێوە دەبرد و لەو پێناوەدا سیاسەت دەکەن، نەبوو.

ژیانی دوکتور قاسملوو کاریگەرییەکی زۆر و پڕنێوەڕۆکی لەسەر ژیانی خەڵک هەبووە و تەنانەت خۆشی هاودەردی خەڵک بوو، دوکتور قاسملوو ئەو ڕێبەرەیە کە لەنێو خەڵکێکی چەوساوە و بندەستدا هەڵقولا و لەگەڵ ئەو خەڵکەشدا ژیاوە، لە نێو خەڵکیشدا توایەوە و لە دڵی خەڵکیشدا هەرمان مایەوە.

ڕەمزی مانەوە و هەرمانی ئەو ڕێبەرەی نەتەوەکەمان، هەر ئەوە بوو کە، ویست و داخوازییەکانی نەتەنیا لە پێناوی نەتەوەکەیدا بوو، بەڵکوو ویست و داخوازی سەرجەم خەڵکی نەتەوەکەشی بوو و هەر لەو پێناودا و بۆ ئەو ئامانجانەش تێدەکۆشی و ئەو خەباتەشی بۆ خەڵکی کوردستان و سەرجەم کۆمەڵگاش ڕوون و ئاشکرا بوو و جگە لە خەڵکی کوردستان، پاڵپشت و پشتیوانێکی بەهێزی تری نەبوو، تەنانەت ژیان و گیانیشی سادقانە پێشکەش و فیدای خەڵک و نیشتمان و ئاوات و ئامانجەکانیانی کرد.

دوکتور قاسملوو، بەو شێوەیە بوو بە دوکتور قاسملوو.

٣٠ی پووشپەڕی ٢٧١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ئەندێشەکانی د. قاسملوو، ئیستاش چرای ڕووناکی خەبات و تێکۆشانمانن



**حەسەن قادرزادە**

(دەقی قسەکانی کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی 233ی پێشمەرگەدا)

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

بەشدارانی بەڕێزی کۆتایی دەورەی ٢٣٣ی سەرەتایی فێرگەی سیاسی- نیزامی کە بە دەورەی سێیەمین ساڵی شەهیدانی ڤییەن ناودێر کراوە، بەخێر بێن بۆ ئەم بۆنەیە.

بەبۆنەی کۆتایی دەورەی ٢٣٣ی سەرەتایی فێرگە، پڕبەدڵ پیرۆزبایی بە بەشدارانی دەورە دەڵێم هەروەها ماندووونەبوونی دەکەم لە بەرپرسی فێرگە و مامۆستایان و پێرسۆنێلی فێرگە ,کە لە پێناوی پەروەردە کردن و بارهێنانی ئەو فێرخوازانە، ئەو تازەلاوانەی کە پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیارە پەروەردە و ڕاهێنان یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، بۆ هەرچی شارەزا کردنی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە ڕیزەکانی حیزبی ئێمەدا خەبات و تێکۆشان دەکەن بۆ ئەوەی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا بە کردەوە بۆ هەرچی باشتر بەڕێوە بردنی ئەرک و ڕێسپێردراوەکانیان بە کاری بهێنن.

## هاوڕێیانی تێکۆشەر!

کۆتایی ئەم دەورەیە هاوکاتە لەگەڵ ٣٠یەمین ساڵی شەهیدکرانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی؛ کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ کە لە ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی، بەرامبەر بە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاویدا لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش، بە دەستی دیپلۆمات - تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران، دوکتور قاسملوو کە بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو و دەیهەویست ڕێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە لایەنی بەرامبەر لە نییەتی ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکی خراپیان وەرگرت و نییەتی دوژمنکارانەی خۆیان بە نیسبەت شەخسی دوکتور قاسملوو و هەروەها جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بە کار هێنا و، سیمای تێرۆریستیی کۆمارەکەیان و ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمەیان بە تەواوی و بۆ جارێکی دیکە سەلماندەوە.

### نەخش و دەوری دوکتور قاسملوو لە جووڵانەوی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا و مەترسییەکانی ڕێژیم لە هەوڵ و خەباتی دیپلۆماسییانەی دوکتور قاسملوو

دوکتور قاسملوو لە هەلومەرجێکدا، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی گرتە دەست، کە ئەم حیزبە لەو سەردەمەدا لە ڕووی فیکری و تەشکیلاتییەوە تووشی ئاڵۆزی و پرش و بڵاوییەکی زۆر ببوو، دوکتور قاسملوو بە لێهاتوویی خۆی و بە شارەزایی لە کاروباری سیاسی و تێگەیشتن لە هەلومەرجی ئەوکاتەی خەبات، هەوڵی دا حیزبی دێموکراتی کوردستان بگێڕێتەوە سەر دۆخی ئەساسیی خۆی، بە کار و بەرنامە و پرۆژەکانی هەوڵی دا لە سەرەتادا کادر و پێشمەرگەکان کە پرش و بڵاو بوون کۆیان کاتەوە و لە هەوڵی پێکهێنانی کۆنفرانس و کۆنگرەدا بێ، بۆ ئەم کارەش تێکۆشا بەرنامە و پرۆگرامێکی پێشکەوتوو و سەردەمیانە بە هاوکاریی کەسانی دیکە لە حیزبدا دابرێژێتەوە، کە بتوانێ ویست و داخوازەکانی گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکانی کومەڵگەی کوردستان و تەنانەت ئامانج و خواستەکانی تێکۆشەرانی کوردی تێدا جێ بکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و لە دوای ئەو بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو، کۆمەڵێک ئوسوول و پرەنسیب و چەمکی نوێ، وەک خەباتی نەتەوەیی، دابینکردنی مافی زەحمەتکێشان، دێموکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، بەرابەریی مافی ژن و پیاو و زۆر پرەنسیپی دیکە، لە بەرنامە و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتدا جێگای خۆیان کردەوە. ئەوە بوو بە بناغەیەک، بۆ پتەو بوون و پەرەپێدانی خەباتی نەتەوایەتی و دامەزرانی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، بۆیە جێی پەنجە و زەحمەتەکانی دوکتور قاسملوو لە ماوەی ١٨ ساڵ سکرتێریی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئێستاش کاریگەرییان هەیە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. دوکتور قاسملوو بڕوایەکی یەکجار زۆری بە، بەیەکەوە بوونی ژیانی ئاشتییانە لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران هەبوو و، لەو بڕوایەدا بوو کە مەسەلەی کورد ڕێگا حەللی نیزامی نییە و، دەبێ لە ڕێگای ئاشتییانەوە جێبەجێ بێ.

دوکتور قاسملوو پێی وابوو هەر ڕۆژێک شەڕ بە دوا بکەوێ، لە قازانجی گەلی کورد دایە، بەڵام بەداخەوە تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکانی کۆماری ئیسلامی، کە لە پایەکانی لەرزۆکی خۆیان دەترسان و حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد کە خاوەنی ڕابردوو و مێژووی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و دێموکراسی بوون، ئەوانیش کە دوژمنی ڕاستەقینەی مافی نەتەوایەتی و دێموکراسی و خودموختاری بوون، زۆر زوو پەیامی ئاشتی خوازانەی گەلی کوردیان ڕەت کردەوە و بەداخەوە شەڕ لە چەندین ناوچەی کوردستان دەستی پێکرد و ئەو شەڕەش بە شێوەی جۆراوجۆر تا ئێستاش درێژەی هەیە.

دکتور قاسملوو وتووێژی وەکوو پرەنسیپێک و بڕوایەک لە سیاستەکانی خۆی و بە ڕێگایەکی دروست و ئوسوولی و بە یەکێک لە شێوەکانی خەبات دەزانی، دوکتور قاسملوو دەیفەرموو: "ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین بەڵکوو شەڕ، بۆ ئاشتی دەکەین. شەڕ بۆ ئەوە دەکەین کە دوژمنانمان تێبگەیەنین و بزانن گەلەکەمان چی دەوێ و هەر بەم مەبەستەش دوژمن ناچار بکەین و بیانکێشینە سەر مێزی وتووێژ."

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئوسوول و پرەنسیپانەی کە دوکتور قاسملوو بڕوای پێی هەبوون (کە زۆرن و لەو دەرفەتەشدا ئیمکانی باسکردنی هەموویان نییە)، بەڵام هەوڵی دوکتور قاسملوو بۆ بە نێونەتەوەیی کردنی خەباتی



سەرچاوە
Serchawe

گەلەکەمان، بۆ ڕاکێشانی بیروڕای گشتی و، دنیای ئازاد، بۆ پشتیوانی کردن لە ماف و داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەمان بوو. یەکێکی تر لەهەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەوە بوو کە دنیای دەرەوە، حیزب و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، ڕێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتن خوازەکان، حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەندام لە ، لە پەیوەندیدا بێ، بۆ ئەوەی خەباتی گەلی کورد و مافەکانی بە دنیای دەرەوە بناسێنێ، دوکتور قاسملوو زۆر تێکۆشا کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا لە جێگایەکی دیار و شوێنێکی تایبەتیی دەنگ و داواکانی ئەم گەلە باس بکرێ. هەوڵی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگە و پێگەیەکی لە ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیستدا هەبێ. هەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بوو کە بۆ یەکەمجار حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی چاودێریی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست وەرگیراو سەرەنجام پاش خەباتێکی، دوور و بێوچان لە لایەن ڕێبواران و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بێتە بەرهەم و ئێستا حیزبی دێموکرات بە ئەندامی ئەسڵی و تەواو وەختی ئینتێرناسیۆنالی سۆسیالیست وەرگیرێ. کۆی ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی زەحمەت و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو و ڕێبەرانی دوای خۆی بوو کە ئەو ڕێگەیان درێژە دا و ئاواتەکەی دوکتور قاسملوویان هێنایە دی. لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕوایەکی قووڵی بە تەبایی و یەکریزیی هێزە کوردستانییەکان هەبوو و هێزەکانی دیکەی ئێران، کە بڕوایان بە دێموکراسی، ئازادی، مافی نەتەوایەتی هەیە و، هەموو ئەو هێز و ڕێکخراوانە کە بڕوایان بەم ئەسڵ و ئوسوولانە هەیە؛ بە دۆست و هاوپەیمانی خۆمان دەزانین. لەگەڵ ئەوەیدا کە دوکتور قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خەباتی دەکرد، بەڵام لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ بە نێونەتەوەیی کردنی، پرسەکانی کورد لە هەموو بە شەکانی دیکەی کوردستان هەوڵی دەدا کە، داکۆکی لە مافی ڕەوای دەیان ملوێن کورد بکا کە لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشن. ئێستاش ئەو ئامانجانەی ئەو خەباتە لە لایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەردەوامن و دەچنە پێش. هزر و بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو، ئیستاش چرای ڕووناکی خەبات و تێکۆشانی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادییە. دوکتور قاسملوو کە ٣٠ ساڵ لەوە پێش لەلایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کرا. ژانی زامی ئەم تێرۆرە ئێستاش لەسەر جەستەی کورد هەست پێ دەکرێ، بەڵام بیروفکری دوکتور قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. بەڵام بەداخەوە وڵاتی ئۆتریش خوێنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کردە سات و سەودای ئابووری و بازرگانی، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە تێرۆریستانی ڕاسپێردراو بۆ ئەم کارە، ئەوەندە ئاشکرابوون کە پێویست بە هیچ بەڵگەیەک نەدەکرا، چون یەکێک لە ئەندامانی هەئیەتی ڕاسپێردراو یا وتووێژکار لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کردەوە تێرۆریستییەدا برینداربوو، بەڵام لە جیاتی بیانگرن و موحاکەمە بکرێن، ڕەوانەی ئێران

کرانەوە. بۆیە تا ئێستاش پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو بە بەستراوی ماوەتەوە بەڵام ئەم تیرۆرە و ئەو پەروەندەیە لە دڵی خەڵکی کوردستاندا هەر وا زیندوویە و ڕۆژیک بکەرانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە بەسزای کردەوەکانی خۆیان دەگەن.

هاوڕێیانی بەڕێز ئێستاش ئێمە ڕێبوارانی ئەم ڕێبازەین کە دوکتور قاسملوو خەباتی بۆ دەکرد و لەو پێناوەدا شەهید بوو. ئەو ڕێژیمە تێرۆریستەی کە چل ساڵە لەسەر کارە و خوێنی دوکتور قاسملوو و هەزاران تێکۆشەری دیکەی کە بە کردەوە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا بوون ڕشتووە، بەڵام ئەم شۆڕشە، ئەم خەباتە هەروا بەردەوامە، پاش ئەو هەموو زوڵم و ستەمە ئێستاش سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەهاتوونەتە سەر ئەقڵ و پەیام و داوا و مافەکانی خەڵکی کوردستان وەربگرن و لە ڕێگای ئاشتییەوە ئەم پرسە چارەسەر بکەن، هەروەک ئاگادارن لە یەک ڕۆژی ڕابردوودا چەند جاشی بەکرێگیراو و خۆفرۆش لە لایەن چەند کەسێکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر لە شاری پیرانشار بە سزای جەنایەت و کردەوەکانی خۆیان گەیشتن، ئەو خۆفرۆشانە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ئەوەندە کردەوەی دژی گەلی ئەنجام دابوو، کە سەرەنجام تووڕەیی خەڵک لە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرانەی دەرحەقیان دەکرا بێدەنگ نەبن و دەستی تۆڵە بە سزای خۆیانیان گەیاندن. بەڵام وا دیارە ئەو خۆفرۆشانە زۆر خۆشخزمەتییان بە کۆماری ئیسلامی کردوە کە بەرپرسان و فەرماندەرانی سپا و قەرارگاکانی سپای پاسداران هەڕەشە لە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە حیزبی دێموکرات دەکەن، لە لێدوانێکدا فەرماندەی قەرارگای هەمزە لە ورمێ بە ناوی "اصانلو" زۆر بێشەرمانە ڕایگەیاندوە. یەک ،بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە بەرپرسیار دەزانێ لە هەر جم و جۆڵێکی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکی دیکەش ئەو کردەوەیە و کوژرانی ئەو جاشە خۆ فرۆشانە دەداتە پاڵ تێکۆشەرانی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە، لە کاتێکدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەل و مەرجی ئێستادا هیچ هێزێکی بە شێوەی ئاشکرا، لە نێوخۆی وڵات نییە، بۆیە لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی سوور و پێداگرە لەسەر درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان تا هاتنەدی ئامانجەکانی گەلی کورد و دابین بوونی ماف و داخوازییەکانی گەلەکەمان، لە خەبات ناوەستێ بەڵام هەمیشە هەوڵی داوە لە ڕێگای ئاشتییانەوە مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێ.

هەروەک ئاگادارن لە چەند مانگی ڕابردوودا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خەلیجی فارس، بەهۆی هەست بە

بەرپرسایەتی نەکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ململانێکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران بۆتە هۆی ئەوەی لە حاڵی ئاڵۆزی و تەنگەژەدا بێ، لەو هەلومەرجەدا ئێران لە قۆناغێکی زۆر ئاستەم و لاوازدایە و لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو پەڕی خراپی دایە، گرانی، تەوەڕروم، بێکاری، هەموویان باری قورسی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکیان قورس و قورستر کردوە. لەگەڵ ئەم وەزعییەتەشدا هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرهەڵستکارەکانی بەردەوامە و بەئاشکرا هەوڵ دەدا لە ناوچەدا پێگەی خۆی بەهێز بکا و جێ پەنجەی بە رووداوەکانەوە دیار بێ. لە پشتگیریی تاقم و گرووپە میلیشیا و تێرۆریستیەکان لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن روون و ئاشکرا و بەردەوامە. ئەم قۆناغە کە کۆماری ئیسلامی تێدایە لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا خراپترین قۆناغە کە پێیدا تێپەڕ دەبێ و، یەکێک لە لەرزۆکترین دەسەڵاتەکانە، لەم سەردەمەدا بۆیە ئێمە هیوادارین خەباتی سیاسی و چالاکیی مەدەنی و ژینگەپارێزی، خەبات و تێکۆشانی ژنان و لاوان لە نێوخۆی وڵات هاوکات لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەکەوە تۆماری کۆماری ئیسلامی تێکەوە ڤپێچن، دڵنیاشین کە ئەم دەسەڵاتە تا سەر ناتوانێ بەو شێوەیە درێژە بە دیکتاتۆری و زوڵم و سەرەڕۆیی بدا. سەرەنجام خەباتی هەموو چین و توێژەکان و گەلانی دیکەی ئێران سەردەکەوێ و پاشەکشە بەم دەسەڵاتە دەکا و بە ئاوات و ویست و داخوازییەکانی خۆیان دەگەن.

لەوە زیاتر وەختتان ناگرم، جارێکی دیکە بەبۆنەی کۆتایی دەورەی ٢٣٣ی سەرەتایی پێشمەرگە، دەورەی ٣٠یەمین ساڵی شەهیدانی ڤییەن، پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە خەبات و تێکۆشاندا.

- بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- سڵاو لە شەهیدانی کوردستان، بەتایبەت شەهیدانی ڤییەن

سەرکەوتووبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# فایلە دەنگیەکانی دوا گفتوگۆی قاسملو لەگەڵ بکوژەکانی پێش تیرۆرکردنی بڵاودەکرێتەوە



ئا: ئاوێنە

پاش تێپەڕینی سی ساڵ بەسەر تیرۆرکردنیدا، دوا گفتوگۆی قاسملو لەگەڵ بکوژەکانی پێش تیرۆر کردنی بۆ یەکەمجار بڵاودەکرێتەوە.

بەشی فارسی بی بی سی لەڕێگەی چەند کەناڵێکی نافەرمییەوە سێ کاسێتی دەنگی دەستکەوتوە کە تا ئێستا لەهیچ میدیایەکەوە بڵاونەکراوەتەوەو دەنگی دوا کاتژمێری تەمەنی عەبدولرەحمانی قاسملوی تیادا تۆمار کراوە کە خەریکی گفتوگۆ بوە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بی بی سی ئاماژە بەوە دەکات کە گومان دەکرێ عەبدولرەحمانی قاسملو بەنهێنی ئەم گفتوگۆیانەی تۆمار کردبێ‌و پاش تیرۆر کردنی کاسێتەکان دەست پۆلیس کەوتبن.

ئەم کاسێتانە دەنگی سێهەمین خولی گفتوگۆ نهێنیەکانی قاسملوە لەگەڵ محەمەد جەعفەری سەحرارودی، بەرپرسی

تیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەڤینا. کە جگە لەدەنگی سەحرارودیو قاسملو، دەنگی مستەفا ئاجودی، ئەندامی تیمی گفتوگۆی ئێرانیشی تیا دەبیسترێ.

لەم کاسێتانەدا سەحرارودی بەگشتی قسە دەکاو ئەوەی خۆی لەقەرەی نادا کێشەی کوردە، لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسیش دەریانخستوە کاتی ئەم گفتوگۆیانە کە قاسملو بەپەرۆشییەوە قسەی کردوە جەعفەری سەحرارودی خەریکی وێنەکێشان بوە لەسەر کاغەزەکەی بەردەمی. بەڵام لەوبەری مێزەکەوە قاسملو خەریکی شیکاریو شرۆڤە کردنی کێشەکان بوەو دەربارەی مێژو، فەلسەفەی حزبەکەیو خواستەکانی کوردو "خودموختاری" بەرۆشنیو راشکاوانە دواوە.

لەبەشێک لەم گفتوگۆیانەدا، دکتۆر قاسملو بەلایەنی ئێرانی دەڵێت: "ئێمە خەڵکێکی ماکسیمالیست و ئاکسترمیست نین"، واپێدەچێ پاسدارە ئێرانیەکان لەمە تێنەگەن، بۆیە دەڵێت "ئێمە زیادەخوازو توندڕەو نین، چاوەڕوانی ئەوەش ناکەین هەمو خواستەکانی ئێمە بەجارێک بەدیبهێنرێن".

پاشان دەڵێت: "هیچ کاتێک بەڵێنی ئەوەمان نەداوە کە کۆماری ئیسلامی دەڕوخێ یان هەرەسدەهێنێ، ئێمە واقیعبینانە مەسەلەکان شیکاریو شرۆڤە دەکەین".

دەشڵێت "هەمو داخوازییەکانمان لەچوارچێوەی سنوری ئێراندایەو ئەم داخوازیانەی ئێمە ئەگەر بەدیبهێنرێن بچوکترین زیان بەیەکپارچەیی خاکو سەربەخۆیی ئێران ناگەیەنێت، بەپێچەوانەوە ئاسایش بۆ ٩٠٠ هەزار کیلۆمەتر سنوری ئێران بەدیدەهێنێو کوردەکانی عێراقو تورکیاش بەرەو لای ئێران رادەکێشێن".

قاسملو لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا جەغت لەوە دەکات کە "هیچ کەسێک لەئێمە ئێرانیتر نییە"و خوازیاری ئەوەیە لەناوچەی خودموختاری کوردستاندا، کوردی لەدوای زمانی فارسی ببێتە زمانی فەرمیو هێزی پێشمەرگە وەک پۆلیسی ئەم ئوستانە دابمەزرێندرێن.

لەم کاسێتانەدا، دەنگی محەمەد جەعفەری سەحرارودی دەبیسترێ کە ئاماژە بەکۆچی دوایی ئایەتوڵا خومەینی

دەکات، ٦ هەفتە بەر لەو دانیشتنە رویداوەو باس لەوەسیەتنامەکەی دەکاو چەند شتێکی بێ بایەخ دەکاو وەڵامی خواستەکانی کورد ناداتەوە.

بی بی سی ئاماژە بەوە دەکات، ئەم گفتوگۆیانە بە پێشنیاری جەلال تاڵەبانی سکرتێری ئەوکاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پشتیوانی ئەحمەد بن بلا سەرۆک کۆماری پێشوی جەزائیر ئەنجامدراوە، کە هەردوکیان هاوڕێی نزیکی قاسملو بون، هەردوکیشیان پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەبوە.

لەخولی یەکەمو دوەمی گفتوگۆکاندا تاڵەبانی ئامادە بوە، لەخولی دوەمدا نەوشیروان مستەفاش ئامادە بوە. بەرپرسی تیمی ئێرانیش لەهەر سێ خولەکەدا، محەمەدی جەعفەری سەحرارودی بوە کە لەفەرماندەکانی سوپای پاسداران بوەو مەڵبەندی سەرەکی چالاکییەکانیشی لەکوردستانی ئێرانو عێراق بوەو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کوردەکانی عێراق بەگشتیو جەلال تاڵەبانی بەتایبەتی هەبوە.

کۆماری ئیسلامی خوازیاری ئەوە بوە خولی سێهەمی گفتوگۆکان بەنهێنی بەڕێوەبچێتو لەم کاسێتانەدا، سەحرارودی دەڵێت لەبەرئەوە نەمانویستوە تاڵەبانی لەدانیشتنەکەدا ئامادە بێت، چونکە ئەو لەهەمو شوێنێک باسی دەکات، "لەبەر ئەم خەسڵەتەی تاڵەبانی هەیەتی بیرمان کردەوە نەبێ باشترە".

خەسرەوی بەهرامی، نوێنەری حزبی دیموکرات لەڤیێنا، بەبی بی سی راگەیاندوە "بڵاوکردنەوەی پاگەندەی گفتوگۆکان لەلایەن خودی ئێرانیەکانەوە بوە، چونکە دەیانویست بیکەن بەبیانو بۆ ئەوەی جەلال تاڵەبانی ئامادە نەبێ، رەنگە نەیانویستبێ ئەو بکوژن، یان دەیانزانی ئەگەر ئەو ئامادەی دانیشتنەکە بێ، وەک دانیشتنەکانی پێشو پێشمەرگەی یەکێتی دەیپارێزنو بەئەنجام گەیاندنی پیلانی تیرۆرکردنەکە قورس دەبێ".


بەهرامی دەڵێت "کاتژمێر پێنجی بەیانی رۆژی دوای تیرۆرکردنەکە، جەلال تاڵەبانی لەتارانەوە پەیوەندی پێوە کردمو بەگریانەوە وتی: قاسملو وەک برام وابو. وتیشی: سەحرارودی بەرپرسی ئەم تیرۆرکردنەیە. بەڵام زۆر بەلامەوە سەیر بو هەر هەمان رۆژ کاتژمێر چوار حزبەکەی جەلال تاڵەبانی لەراگەیاندراوێکدا حکومەتی بەعسی عێراقی بە بەرپرسی ئەم تیرۆرکردنانەی ڤیێنا تاوانبار کرد".



سەرچاوە
Serchawe







سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەبۆنەی تاڵیادی سی ساڵەی شەهیدانی وییەن.



**عەلی فەتحی**

ئەو چەند ڕۆژە بەبۆنەی تاڵیادی سی ساڵەی شەهیدانی وییەن، کۆمەڵێک چالاکی بەڕێوجێمان لە کوردستان و دەرەوە بینی. چالاکی‌یەکان ڕەنگین بوون و هەرکامەیان پەیامی تایبەتی خۆیان پێبوو. ئەو تابلۆیانەی دەخوڵقان، پیرۆزترین هەستی لە ناخی هەر تاکێکی کورددا دەوروژاند.

یەکت دەبینی، ڕێگای دووری دەبڕی و ئاڵا بەدەست خۆی دەگەیاندە شوێنی دیاریکراو بۆ دەنگ هەڵبڕین. ئەوەی‌تر بەرنامەی میتینگی بەڕێوە دەبرد و هەستی دەکرد کە ئەرکە و دەبێ بەجوانترین شێوە بەڕێوەی ببا، بۆوەی ڕوحی شەهیدان لێی‌ڕازیبن. شۆفێر پێیوابوو دەبێ شەونخوونی بچێژێ و بەوەخت هۆگرانی ئازادی بگەیێنێتە گۆڕەپانی هاوار. شاعیر پێیوابوو دەبێ تەواوی هەستی خۆی تێکەڵ بە خامەی پێنووسەکەی بکا و ناسکترین شێعر بۆ خوێنی بەناهەقڕژاو بهۆنێتەوە. ئەندامی نهێنی لەو باوەڕدا بوو کە دەبێ دژوارترین و مەترسیدارترین پلانەکان جێبەجێ بکا و لە کۆتاییدا وێنەی چالاکی‌یەکان بەرێبکاتە نێوەندی حیزبەکان. گەنجەکان، ڕوودا پۆشراو، قەناعەتیان ئەوە بوو، لە چیایەکی بەرزی نیشتمانی داگیرکراوڕا، سی کۆتری پەیامنێر بەرەو ئاسمانی ئەودیوی سنوور بەڕێ بکەن و مژدەی وشیاری و لەسەر هەستبوونی کۆمەڵگا بۆ پێشمەرگەکان بنێرن. لەو دیوەش، ڕاست ئەو ڕۆژە سی لاوی تازە پێگەیشتوو، ڕۆبوونە چەکی پاراستن و بە تەواوکردنی یەکەم تاقیکارییەکان، جلکی پیرۆزی پێیشمەرگایەتیان پۆشی.

لە پەراوێزی دیدارەکانی سەر شەقام و گۆڕەپانیش، گەلێک تابلۆی جوانی پڕ لە هەستت دەبینی. پێشمەرگە دێرینەکان، بە بینینی هاوڕێی قەدیمی ڕۆژانی سەختی خەبات شاگەشکە دەبوون و یەکتریان لە باوەش دەکرد و نۆستالژی دایدەگرتن و بۆ تاوێک دەگەڕانەوە سەردەمی چالاکبوون. منداڵەکان، وێڕای دایک و باوکەکان ئاڵا بەدەست، بە قاچی بچووکیان گەورەترین هەنگاوی نیشتمانی‌یان دەناوە. دایکەکان بە جوانترین جلکی کوردی لەسەر شەقامەکانی ئورووپا، ئاڵابەدەست و بەورە بەرەو مەیدانی بەردەم پارلەمانە مەسڵەحەتخوازەکان دەچوون. هەرهەمووی بۆ سێ پەیام بوو:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان،

خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی شەهیدان،

مەحکوومکردنی سی ساڵ بێدەنگی نێوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئوروپا لەمەر تیرۆر و بەناهەق ڕژانی خوێنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیان.

لەو نێوەدا، هەر لایەو پەیامی خۆی نارد. هەرکەس بە شێوەیەک چالاکی خۆی نواند. بەڵام، ئەوەی پتر لەهەر شتێک کاری لە ڕوح و هەستی من کرد، تابلۆیەک بوو. تابلۆیەکی ئەوەندە سرووشتی کە چاوی مرۆڤی دەکردە کانیاوی فرمێسک. سێ کۆتری ڕەنگینی جوان، سێ منداڵی ئازادی لەبەردەم پۆرترێتی گەورەی شەهید دوکتور قاسملوو، ڕووبەڕووی دیواری قەڵا وێستابوون. هەرکام لەو کۆترە ڕەنگینانە، کۆترێکی سپی لەنێو دەستدا بوو. بە یەکەم فەرمان سێ کۆتری سپی بۆخاتری تاڵیادی سی ساڵەی شەهیدی سەرکردە ئازادکران. کۆتر بەرەو ئاسمان لە شەقەی باڵیاندا، بەڵام کۆترێکی سپی جوان، لە دەلاقەی ڕاستی پۆرترێت دەرکەوت و ئەویش لەسەر لێواری پەنجەرە بچووکەکە پەیامێکی گەیاند: " من هەر لێرەم و لێرە دەژیم و هاوڕێی شەهیدی سەرکردەم. ڕۆژ نییە لە گۆڕەپانی بەردەم خۆم شاهیدی ڕووداوێک نەبم. لە دیداری وەفد و هۆگران ڕا بگرە تا جموجۆڵی شەو و ڕۆژی پێشمەرگەکان، لە بۆمباران و موشەکباران ڕا بگرە تا ڕێپۆرتاژ ئامادەکردنی کاناڵەکان. لە کۆتاییدا، لە کایەی منداڵی پێشمەرگەکانەوە بگرە تا ڕێژە و سانی نیزامی پێشمەرگە نوێیەکان، هەرهەمووی دەبینم. ئەوەی لە گشتیان بەلامەوە سرنجڕاکێشترە، سوێندخواردنی پێشمەرگە نوێیەکانە:


" ئەگەر پێشەوا قازی موحەممەد و هاوڕێیانی لە سێدارە دران، ئەگەر قاسملوو و شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان ترۆرکران، ئەوەتا هەموو ڕۆژێ کۆمەڵێک منداڵ بە پێشەوایی لەدایکدەبن، حەودالی قاسملوو دەبن و وەکوو شەرەفکەندی دڵ بەو نیشتمانە دەسپێرن....".

وەک خۆم دەڵێم: سپاس کۆترە سپی، هیوادارم چ جارێک بزەی پۆرتریتی شەهیدی سەرکردەمان جێنەهێڵێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٩

---

## قاسملوو و ڕێڕەوانی



**برایم جەهانگیری**

"ئێمە یەکەم حیزبین کە ئەخلاقمان هێناوەتە ناو سیاسەت."

ئەو ڕستەی سەرەوە یەکێک لە وتە بەنرخەکانی قاسملوویە، کاکی پەیرەوی ڕێبازی قاسملوو ویژدانەن لە خەلوەتی خۆتدا کڵاوی خۆت بکە قازی، لەو ئەخلاقەی قاسملوو باسی دەکا چەبدی لێفێربووی، لە ئاخاوتن، لە نووسین، لە

هەڵسووکەوت و لە کرداردا!

قاسملوو لە گوفتار و لە کردار ولە هەڵسووکەوت و لە سیاسەت و ئەدەبیات زۆر شتی هەیە بۆ لێفێر بوون، لێفێربوونی بە کردەوە! بە هەڵاوەسینی وێنەیەکی قاسملوو لەماڵەکەت، یان ئارمێکی وێنەداری قاسملوو لەسەر سینگدان نابی بە شاگرد و ڕێرەوی قاسملوو.

ئەگەر کۆی ژیان وبەسەر هات و بڕیار و ئەخلاق و هەڵسووکەوت و بیر و هزری قاسملوو کۆ کەیەوە مەکتەبێکە بۆچۆن ژیان، فەلسەفەی خەباتە بۆ ڕزگاری نیشتمانی داگیرکراو، عەقلانیەتە لە سیاسەتدا، لە کۆمەڵناسی، قوتابخانەیەکە بۆ ئەخلاق و ئەدەب و ئادابی گفتگۆ، دەی تۆ بەو هەڵسووکەوتەت، بەو ئەدەبیاتە شرو شپرێوەت، بۆچی و بە کام هەق خۆت بە شاگردی قاسملوو دەزانی؟ دەت هەوێ قاسملوو لە بەرچاوی خەڵک ناشیرین بکەی؟ ئەگینا بەو ڕەفتار و کردارەت پێم بڵێ خێرت بۆ ڕێبا زو ناو ناوبانگی قاسملوو چیە؟

قاسملوو، ئێتر بوو بە مەکتەب، بۆ بەفەلسەفەی ژیان و بەرخۆدان و بوو بە ڕێباز، ڕیباز کامەیە؟ خۆ ئەو بەجەستە لە ناوماندا نەماوە، ئەوەی شوێنی لەسەر داناوێن و هەمیشە لەدڵماندا خۆشمان دەوێ ، قسە و گوفتار و هەڵسووکەوتێتی. تو بزانە لە ئاخری قسەکانی دا دەگەڵ دیپلۆمات ترۆریستەکانی تاران و پێش شەهید بوونی دەڵێ چێ:

"ئێمە ئێستا داوای خودموختاری دەکەین، بەلام نەسلی دوای ئێمە چی دەوێ ئێمە لێی بەرپرسیار نین، ئایا فیدرالێیان دەوێ یان سەربەخۆیی یان ..."

ئەوە کەسایەتی و ئەو دووبینی و ئەوە شەهامەت و سەداقەتی قاسملوو بوو دەگەڵ گەل دۆست و دەگەڵ دوژمنانی خۆی، بیر بکەوە کاکی برا خوشکی هێژام، ئەی گەنج ولاوی تازە پێگەیشتوو، تۆ کە خۆت بە ڕێرەوی قاسملووی ئەمر دەزانی هەڵسوو کەوتت لەسەر ئەو حیساب دەکرێ، بزانە چەندە لە قاسملوو فێر بووی؟ ئەگەر نا، ناتهەوێ لێی فیر بی دەی تکایە بەس گۆڕەوشاری بدەن بەو زمانە شڕ و بەو هەڵسووکەوتە دواکەوتووانەیەتان، بەس بە ناوی داکۆکی لە حدک و لە حدکا خۆ لەسەر خەڵک و لەسەر یەکتری هەڵزووڕێنن، ڕێز گرتن لە بەرامبەر یەکێک


لە خەسلەتەکانی قاسملوو بوو.

کەم نین ئەو کەسانەی لە هەردووک لای دێمۆکرات و تەنانەت لەدەرەوی ئەو حیزبەشدا کە لە قاسملووی نەمر فێربوون و بەڕاستی قوتابی ڕێبازی قاسملوون، ئەوان و تێکڕای ئەو کەسانەی بە قاسملوو وڕێبازەکەی وەفادارن نابێ ئیزن بدەن کەسانێکی بە هەڵە حیزبی، ڕێ لێونبووی بەسەرحیزبداکەوتوو، بە نێوی داکۆکی لەم لای دێمۆکڕات یان لە ئەوی دیکەیان مەیدانی جنێو سووکایەتیان بۆ ئاواڵا بکرێ، هەرچۆن ئەگەر ئەو تاکە کەسانەش بە ناوی داکۆکی لە قاسملوو وبیر و هزری قاسملوو هەڵسوو کەوتی نابەجێ دەکەن وخەڵکی نەیار و ناحەزی قاسملوو دەلێین ها ئەوەتا ئەوە شاگرەکانی قاسملوو!!! هەر بەو پێیەش ئەندام و لایەنگری هەر لایەنێک هەر چەشنە هەڵسووکەوتێک بکات لەسەر ئەو حیزبە ماڵە بێ هیچ ئەملاو ئەولایەک.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩

---

## حەوت وانە لە قاسملوو بۆ ڕێبەرانی داهاتوو



**مەجید حەقی**

هەر کۆمەڵگایەک، هەر حیزب و ڕێکخراوێک و بنەماڵەیەکی سەرکەوتوو لە یەک تایبەتمەندیدا هاوبەشن:

هەموویـان، خـاوەنی ڕێـبەر یـان بەڕێـوەبەرێکن کە بنەماکـانی ڕێـبەری و بەڕێـوەبەری دەزانـن. ڕێبەرێـک کە لە هەلـومەرجی دژوار و هەسـتیاردا هەست بە گۆڕانکاریەکـانی کەشـو هەوا دەکـات و هەوڵ دەدات بە خۆڕێکخسـتن و سـازماندانی نـوێیەوە سـەرەرای بەلـەمی ڕێکخراوەکەی بەرەو مەنزڵگـای خـۆی ڕێـبەری بکـات. لە کـردنەوەی ئێـوارە خوانی کـۆنگرەی زانسـتی کوردسـتان لە ئۆکتـۆبری ٢٠١٢ دا خـاتوو کـارۆڵ پرۆنهـۆبێر نووسـەری " خولیـا و مـەرگی قـاسملووی کـورد" وتـی: "قـاسملوو لێـرە نـیە تـا ببینێـت خەونەکـانی بـۆ نەتەوەی وەدی هـاتووە. کـۆنگرەی وا لە کوردستانێکی ئـازاد، خەونی قـاسملوو بـوو، قـاسملوو خەونی پێشـڤەچوونی بە وڵاتەکەی دەبینی و خـۆزگەی دەخواست گەلەکەی لە زانسـت و ڕۆشـنبیریدا پێشـکەوێت". چیرۆکـی ژیـانی قـاسملوو چیرۆکـی ژیـانی مـرۆڤێکە کە لە ڕێگـای سەرکەوتن و بەرەوپێشچووندا زۆر هەوراز و نشێوی پێـواوە. بەڵام هەنـدێک تـایبەتمەنـدی قـاسملوو بـوونەتە هـۆی ئەوەی کە بەسـەر کەندۆکۆسـپەکاندا سـەرکەوێت و نـاوی خـۆی لە ڕیـزی گەورە مرۆڤـانی جیهـانی مرۆڤـایەتی و کوردوکوردسـتاندا تـۆمـار بکـات. ئەوەی خـوارەوە کـورتەیەک لە حەفت تـایبەتمەنـدی قـاسملوون کە ئەوی کـرد بە ڕێبەرێکی بێهاوتـا لە نـاو بزاڤی نەتەوایەتی کورددا. لەو تـایبەتمەندیانەدا مرۆڤ دەتوانێت لە گەڵ ئەستوونەکانی بنەمایی گۆڕان و خۆپێگەیاندن، هەڵگرتنی بەرپرسایەتی، ڕاستگۆیی و پشتیوانی گرووپی ببینێ و هەست پێ بکات:

### ١- بیری داهێنەرانە

هۆکـاربوون یـان دەسپێشـخەری واتـایەکی بەرینـی هەیە. دەستپێشـخەری بە واتـای ئەوەی کە مـرۆڤ بەرپرسـایەتی کردەوەکـانی خـۆی بە ئەستۆ دەگرێت و بڕیـاری ڕێـبەر لە سـەر بنەمـای پرەنسیب و بایەخەکـانەوە بنیـانتراوە و پێوەرەکانی هەستی لەنەکاوی و هەلومەرجی ڕۆحی یان پێوەندی تاکەکەسی ئەو لە گەڵ دەوروبەری نیە. ئـالبێرت ئەنیشـتاین دەڵێـت: "جیهانێـک کە خولْقانـدوومانە، بەرهەمـی جـۆری بیـرو ئەندێشـەی ئـێمەیە". هـیچ شـتێک لە داهاتوودا بە بێ بیروئەندێشەی نـوێ گـۆڕانی بەسەردا نـایەت. ڕێبەران گەر بیـانهەوێ جیهـانێکی نـوێ بخـوڵقێنن دەشـێ جـۆری بیرکـردنەوە زەمینەکـانی بیروئەندێشـەی خۆیـان گـۆڕانکـاری بەسـەردا بێـنن. ٨٠%ی خەڵـک بەشـێوەی دژکـردەوە بیـر دەکەنەوە. ئەوان زەحمەت دەکێشن تـا کەموکۆڕیەک یـان کێشـەیەک چارەسـەر بکەنەوە. ٢٠% دیکە بیرمەنـدانی داهێـنەرن کە کـاردەکەن بـۆ خولْقانـدنی شـتێکی نـوێ. بیرمەنـدانی داهێـنەر لە پرسـیاری " چ شـتێک مـومکینە؟" پـێش دەکەون. بیرمەنـدانێک کە دژکردەوەیـی و بە شـێوەی ڕیاکسـیۆن هەڵسـوکەوت دەکەن بیـر لەوە

دەکەنەوە "کە چ شتێک هەڵەیە؟" یا خود "چ کەسێک دەبێ سزا بدرێت؟" ئەوان هەڵسوکەوتیان دژکردەوە بە ژینگەی خۆیـانە. بەڵام بیرمەنـدانی لە چەشـنی قاسملوو بەرینتـر لە ژیـنگەی خۆیـان بیـر دەکەنەوە. ڕێبەرانـی داهێـنەر ئاگاداری چوار دیاری تـایبەتی مرۆڤ واتە خۆئاگاداری، ویژدان، هێزی خەیـاڵ و ئیـرادەی سەربەخۆ و هەروەهـا فەلسـەفەی لە ژوورەوە تەماشـای دەرەوە کـردن بە سـەر هەمـوو کردەوەکانیـان و هەلسـوکەوتیان زاڵـن. ڕێبەرانـی دەستپێشـخەر دەیـانهەوێ لە ژیـانی خۆیانـدا ببـنە هێـزی داهێـنەر. ئەمەش بنەمـاییترین شـتێکە کە هەر کەسێک دەتوانێت لە ژیانی خۆیدا بڕیاری لەسەر بدات.

## ٢- بینینی ئامانجی گەورە

هەمووشتێک دووجـا دەخوڵقێنـدرێت. یەکەم لە جیهـانی بیـرو ئەندێشـەدا و دووەم لە مەیـدانی کـردەوە. ڕێکخـراوی سەرکەوتوو بۆ خوڵقاندنی وێنەیەکی خەیاڵی و ئامانجی دوارۆژ بۆ هەر پلان و پـرۆژەیەک ڕووداوەکـانی داهـاتووی ژیانی خۆیان دەنووسن. ئەوان بە بێ ئەوەی کە ئامانجێکی دیاریان هەبێت ناژین. بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە رووی ئەندێشەوە گرینگترین ئەسڵەکان، بەها و بایەخەکان، پێوەندیەکان و ئامانجیان دەناسن و بەکردەوە پابەندن بەو بنەما ئەخلاقیانە. هەڵبژاردنی ڕەساڵەت و ئەرکی تایبەتی بەرزترین جۆری خەلاقیەت و داهێنانی بیری مرۆڤ لە ڕێکخراوەدایە. خوڵقاندنی فەرهەنگ و چاندێک کە ئامانجەکـان، بیروبۆچوون و نـرخ وبەهـا هاوبەشەکان پێکەوە گرێ بدات، دووربینی و بنەمای ڕێبەری پایەبەرزی لە چەشنی قاسملوون.

## ٣- ئامادەیی بۆ گۆران

ڕێبەرێک کە ئامادەیی هەیە بۆ گـۆران، پێشـوازی دەکـات لە گۆرانکـاری. ئەوان ئاگـاداری قۆناغەکـانی گۆرانکـاری و کاردانەوەیان لە سەر کەسانی ژێـر ڕێبەریـان هەیە و دەزانـن چۆن کەسـانی دیکە لەو گۆرانکـاریەدا بەشدار بکەن. سروشتیە کە هەنـدێک لە ئەنـدامان و کادرەکـان بەرهەڵسـتی گۆرانکـاری دەبـن، چـونکە گۆرناکـاری ئەوانە ناچـار دەکات لە گۆشەی بێدەنگی خۆیـان دەرکەون. ڕێبەرێکی کارامە دەزانێت چۆن هاورێیانی لە گۆشەی بێدەنگی و بـازنەی ئارامی خۆی دەربێنێت و پێبەپێـی خـۆی گەورەیـی و ڕێـزی پێببەخشێت. ڕێبەری وا یـارمەتی هاورێیـانی دەدات بـۆ پێکهێنـانی تێگەیشتنی هاوبەش لە رابردوو و هۆی گۆرانکاری بـزانن. ئەوجـار بە نیشـاندانی وێنەیەکـی ئەرێنـی لە داهاتوو و بەو چالاکیانەی کە هەموو لایەک تیدا بەشدار بن، ڕێبەری بزاڤەکە دەکات بەرەو گۆڕان و بـاشتر بوون.

### ٤- پێكهێنانی ئاسۆی دوور

ئەركی سەرەكی ڕێبەرە كە ژینگەیەكی زیندوو پێک بێنێت كە پێی دەوترێت فەرهەنگی ڕێكخراوەیی. چاندو فەرهەنگی ڕێكخراوەیی واتە گرێدراوەیی و دەروەست بوون. ڕێبەر دامەزرێنەرێكی بەتوانای كولتووری ڕێكخراوەیە. ئەو شێمای ژینگەی سیاسی و ڕێكخراوەیی حیزب ساز دەكات. ئەندامان و كادرەكان هان دەدات بۆ ئەوەی چاكتر لەوەی كە هەن ببن. ڕێبەری داهێنەر دەزانێت كە توانایی دهێنانی ژینگەیەكی بەلێگەر و بە چالش بۆ گەشەكردن و پێگەیاندنی ئەندامان گرنگتر لە تواناییەكانی تەكنیكی دیكەیە.

### ٥- پێشتر تێبگەین دوایە دوای تێگەیشتن لە خەڵک بكەین

دكتۆر قاسملوو گوێگرێكی باش بوو. ئەو بەرلەوەی كە وەڵام بداتەوە یا بەشداری لە باسێک بكات، تەنانەت لە پلینۆمەكانی حیزبیش دا پێشتر گوێ لە هەموو قسە و بیروراكان رادەگرت ئەوكات بیرورای خۆی باس دەكرد. كاتێک مرۆڤ بە ئامانجی تێگەیشتن لە قسەكانی خەڵكانی دیكە گوێ دەگرێت نەک بە نیازی وەڵامدانەوە بەوان، بناغەی پیوەندیەكی تەندوروستی دارشتووە. كاتێک مرۆڤی بەرامبەر هەست بكات كە دەمانهەوێ بەرلە هەمووشت لیی تێبگەین، ئەو خۆی بە كەسێكی خاوەن ڕێز و جێی بڕوا دەزانێت. ئەمەش بەواتای ڕێز لە كەرامەتی مرۆڤی ئەو كەسە گرتنە. لە ئاكامدا لە ڕەوشی بەرگری كردن لە خۆی دەردەكەوێت و قووڵترین بیروهزرەكانی خۆی ئاشكرا دەكات. ئەو كات هەلومەرجێک دەخوڵقێت تا ئەو بەربەستانەی كە بەرگری لە یەكگەیشتن و تێگەیشتن لە یەكتر دەكەن لەناو بچن. دلۆڤانی و بوێری دەوێ تا مرۆڤ هەوڵ بدات وێک بگات و بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان لەیەک گەیشتن و وێكگەیشتن پێک بێنێت.

### ٦- پێكهێنانی هێزی كۆمەڵ

كۆكردنەوەی هێزی كۆمەڵ بەرهەمی ڕێگای سێهەمە. نەک ڕێگای من یان ڕێگای تۆ. ڕێگا چارەسەری سێهەم لە ڕێگا چارەسەری هەردووک لایەنی بەرامبەر چاكترە. هێزی بەكۆمەڵ بەرهەمی ڕێز و حورمەتی دوولایەنەیە. بەرهەمی تێگەیشتن و ڕێزلێنان لە جیاوازیەكانی یەكتر و لە چارەسەری كێشەكان و بەهرەمەند بوون لە هەلەكانی



سەرچاوە Serchawe

هاوبەش. ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەی کە هێزی بەشداری و هاوکاری کردن لە ناوخۆیداندا گەشە پیدەدەن، دەبنە هۆی گەشەپیدانی تواناییەکانی تاکەکەسی بە شێوەیەک کە کۆی هێزی ئەوان لە کۆی هێزی دانە دانەیان زیاتر بێت. کەسانی وا خۆیان لە ژێرپێنانی مافی یەکتر دەپارێزن. ئەوان تەنیا لە رووی ناچاریەوە پێکەوە ناسازێن یا خود هاوکاری یەکتر ناکەن، بەڵکوو بیر لە هاوکاری داهێنەرانە دەکەن کە لەودا هێزی سێهەم جێگای هەردوو هێزەکە بگرێتەوە.

## ٧- گەشەپێدانی بەردەوام

یەکێک لە ئەرکەکانی رێبەری گەشەپیدانی بەردەوامی هێزی فیزیکی، رۆحی، مانەوی، کولتووری و عاتفی رێکخراوە. ئەو تایبەتمەندیە کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە مرۆڤ لە ئاستی تاکەکەسی دا بۆ گەشەکردن و پەروەردەی خۆی هەوڵی بێوەستان بدات. ئەم تایبەتمەندیە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی بەردەوام، ژیانەوەی رێکخراو و تاکەکەسانی ناو رێکخراو و بەرگری لەوە دەکات کە رێکخراو وەک ئاوی مەنگ راوەستاو بێت و بەرەو دارزان و لەناوچوون بروات. رێبەر چ وەک مامۆستا بێت چ وەک رێنوێن، دەشێ هەوڵ بدات کەشی ناو رێکخراو بەشێوەیەک کراوە بێت کە مەجالی هەستی گەشەکردن بە کەسان بدرێت. رێبەرێک کە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانیش بڕوا بەوە بکەن دەتوانن ئەرکی خۆیان بە جوانی ئەنجام بدەن. رێبەران دەشێ یارمەتی ئەندامان و کادرەکان بدەن بۆ ئەوەی کە پرسەکان لە روانگەی دیکەشەوە ببینن. پرسیارێک بخوڵقێنن کە ئەندامان و کادرەکان هان بدرێن بۆ فێربوون. دیارە کە رێبەرانی سەرکەوتوو و دووربین لە کۆکردنەوەی پۆتانسیەلی مرۆڤ سەرکەوتوون. رێبەرێکی ئاسۆبین بۆ ئەوەی کە وزەکان ئامانجدار بن، ناوەند پێک دێنێت. هەروەک بەپێکهێنانی کمیسۆنەکانی ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، قاسملوو ویستوویەتی ناوەندگەلی جۆراوجۆر لە پێوەندی لە گەڵ بەرێوەبردنی خەباتی هەمەلایانەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکبێنێت و وزەکان کانالیزە بکات. هەرکام لەو کومیسیۆنانە خاوەنی ئەرک و ئامانجی روون بوون و لەو چوارچێوەیەدا ئەندامانی بەشەکان بریاراتی خۆیان دەدا و جێبەجێیان دەکرد. ئەمرۆ پێویست بە شێوازی نوێی رێبەری دەکات. دەشێ پێداچوونەوە بکرێت بە شێوازی رێبەری و بەرێوەبەری رێکخراوەکان و رێبەری حیزب بۆ وەڵامدانەوە بەهەلومەرجی نوێی خەبات دابرێژرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بزاڤی کورد سەردەمی قەیرانی "بڕوا" تێپەڕ دەکات. بۆیە دەشێ سەرمایەگوزاری بکرێت لە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی بڕوا و پێکهێنانی هێزی لەیەک گەیشتن. ئاستی بڕوا نیشانەی رادەی بڕوایەکە کە ئەندامانی حیزب لە ناوخۆ بەیەکتر هەیانە و بە پێی هەو لە گەڵ دەورەبەر دەجوڵێنەوە. رادەی بڕوا بە زمانێکی سادە وەک رادەی حیسابی ماڵی یان رادەی داراییەکە کە لە بانک یان شوێنێک پاشکەوتمان کردووە. کاتێک حیسابە بانکیەکان خاڵی دەکرێن و پاشکەوتەکان بەکار دەبردرێن، ئیتر مرۆڤ خاوەنی بڕوای دارایی نیە. بە هەمان شێوە خاڵی کردنی پاشکەوتی هەستیش دەبێتە هۆی لە ناو چوونی بڕوا. کردەوەگەلی وەک با پێشتر تێبگەین ئەوکات تێ بگەیەنین، دلۆڤانی، وەفاداری بە قەوڵ و پەیمانەکان، راستگۆیی و دەروەست بوون لە کاتی بڕیاردان و جێبەجێ کردنیان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی پاشەکەوتی هێزی بڕوامان. بە پێچەوانەوە هەڵاواردن، ناوچەگەرایی، تایفەگەرایی و خزمگەرایی و جیاوازی خستنەوە لە نێوان ئەندامان و کادرەکان دەبێتە هۆی کەمبوونی رادەی بڕوا و خوڵقاندنی قەیرانی بڕوا.

بۆ ئەمەش پێویستە چاویلکەی بڕیار و قەزاوەتی پێشوەخت و هەڵسەنگاندنی لە سەر بنەمای "زێهنیەتی" پێشدا دیاری کراو هەڵگیرێت و بەجیاتی ئەو هەوڵ بدرێت تێگەیشتن و ئاستی وێک گەیشتنی نێوان ئەندامانی رێکخراوە گەشە پێبدرێت. ئەمەش لە رێبەریەوە دەست پێ دەکات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٥ی جووڵای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ڕەخنە لە دوکتۆر قاسملوو



**سیاوەش گودەرزی**

**لە سی ساڵەی ساڵوەرسووڕانەوەی تیرۆری زیندوویاد دوکتۆر قاسملوودا ژمارەیەک کەس جێی ڕەخنە لە باسەکاندا بەتاڵ دەبینن.حەوجێیە چەند تێبینییەک لەم بارەوە بخەمە بەر سەرەنج:**

**... دیارە حەتمەن دوکتۆر قاسلوو بێ هەڵە نەبووەو مێژووی خەباتی حیزبی دیمۆکرات بەتایبەت لە ساڵی ١٩٧٣ هەتا ١٩٨٩ بە لایەنی ئەرێنیدا دەکەوێتە ئەستۆی دوکتۆر قاسموو وەک سکرەتێر و شەخسی یەکەمی حیزب. بەڵام دیسان هەموو بڕیارەکانی حیزبی دیمۆکرات بە تەنیا هی دوکتۆر قاسملوو نەبوون بەڵکوو هی ڕێبەرییەکی بەکۆمەڵ بوون.**

**... ئەزموونی شەخسی؛ من بۆ خۆم دەیان جار لە کۆڕی قسەکانی دوکتۆر قاسملوودا بەشدار بووم بەڵام تەنیا یەکجار دەرفەتی دانیشتنی تایبەتیم لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبوو، ئەویش کۆبوونەوەیەکی درێژ بوو لە نێوان دوکتۆر قاسملوو و چەند کادرێکی نەخۆشخانەی ئازادی. لە کۆبوونەوەکەدا من ڕەخنەم لە دوکتۆر قاسملوو لە سەر پرسێکی گرێدراو بە دوکتۆرە فەرانسەییەکان گرت کە دوکتۆر قاسملوو بە دڵئاوالاییەوە ڕەخنەکەمی وەرگرت.**

... ئەی ڕەخنەی خەڵکی دیکە لە دوکتۆر چی بوون؟ڕاستینەی ڕەخنەکان چی بوون و ڕەخنەگرەکان کێ بوون؟ ئایا بەشێک لەو ڕەخنانەی دەخرانە پاڵی دوکتۆر قاسملوو ڕاست بوون یان تۆمەت؟

٭ حیزبی تودە ڕەخنەگری هەرە زاربڵاوی دوکتۆر قاسملوو بوون. لای تودە دوکتۆر قاسملوو پیاوی غەرب و ناتۆ و سۆسیالدیمۆکراتی غەربی بوو و لە بری ئەوەش ٩ میلیۆن دولاری لە ناتۆ گرتووە. دوکتۆر قاسملوو وەک کۆنەکادری حیزبی تودە کە هەموو ڕێبەرانی تودەشی لە نزیکەوە دەناسین، بە دابڕاندنی یەکجارەکی حیزبی دیمۆکرات لە حیزبی تودە ئەو دوژمنایەتییەی بۆخۆی ساز کردبوو.

٭ لایەنگرانی حیزبی تودە لە ناوخۆی حیزبی دیمۆکراتدا لە ڕەخنەگرانی دوکتۆر قاسملوو بوون و ئەویان وەک هۆکاری دوور کەوتنەوەی حیزبی دیمۆکرات لەبلۆکی سۆڤییەت دەزانی لەکاتێکدا سۆڤییەت لە بەر بەرژەوەندییەکانی حیزبی دیمۆکراتی تورهەڵداشتبوو. ئەمانە لە کۆنگرەی ٤ و گرووپی ٧ کەسی و دواتر لە کۆنگرەی ٦ و دژبەرانی "کورتە باسێک لە سەر سوسیالیزم" دەرکەوتن.

٭ پارتی و لایەنگرە ڕۆژهەڵاتییەکانی. دەزانین هەتا تیرۆری دوکتۆر قاسملوو بە شێوەی فەرمی شەڕی داسەپاوی قیادە مەوەقەتە (پارتی) لە دژی حیزبی دیمۆکرات کۆتایی نەهاتبوو. بێجگە لەوەش پارتی هەروەک سلێمانی موعینی ڕق و قینی لە دوکتۆر قاسملووش هەبوو و هەیە.

یەکەم دوکتۆر قاسملوو حیزبی دیمۆکراتی لە پاشکۆیەتی پارتی کە بە هۆی ئەحمەدتەوفیقەوە مسۆگەر کرابوو دەرهێنا.

دووەم، دوکتۆر قاسملوو پارتی وەک پارتێکی خێڵەکی و دواکەوتوو و نادیمۆکراتیک و کۆنەپەرەست پێناسە دەکرد. لە بەرانبەر ئەمەشدا زۆر درۆ و تۆمەتی نارەوا هەتا ناتۆرەی بەعسی لێدان لە لایەن پارتییە کۆن و نوێیەکان و لایەنگرە ڕۆژهەڵاتییەکانیان دوێنێ و ئیمڕۆ.

٭ کۆمەڵە: لە پێشدا تۆمەتی سازشکار لە دوای هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی دوکتۆر قاسملوو بۆ وتوویژ لە گەڵ

دەوڵەتـی ئێـران دواتـر تـۆمەتی شـەڕخواز لە دوای ئەوە ڕێبەرانـی وەک عەبـدوڵای مـوهتەدی بـۆ خۆیـان شـەڕیان هەڵگیرساند و شەڕەکەشیان تیۆریزە کرد.


* وەک تاکڕەو لە لایەن نەیارانی ناوخۆی خودی حیزبی دیمۆکرات؛ نموونەش کۆنگرەی ٨ و لیستی فیکس. دواتـر دەرکەوت لیستی فیکسی ئاشکرای دوکتۆر قاسملوو لانیکەم لە لیستی شـارەوەی مەحفەلـی و باڵـبـاڵێنی دژبەرانی دیمۆکراتیکتر بوو.

یادی دوکتۆر قاسملوو هەر دەم زیندوو بێ!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩

---

## خومەینیو قاسملو.. لەنۆڤل لو شاتووە تا تاران



ئا: ڕێژنە سەردار

"ئوروپاییـەک لـەوڵاتی کوردانـدا"، کـە لەنوسینی نەسرین قـاسملووەو لەلایـەن"ناهیـد حسـێنی"یـەوە وەرگێـڕراوە، گێڕانەوەی چیرۆکی پێکەوەژیانی کچێکی چیکیو سەرکردەیەکی ناوداری کوردە.



سەرچاوە
Serchawe

## لێناو عەبدولڕەحمان

لێنا لەسەروەختی قەیرانە گەورەکەی دەیەی ١٩٣٠دا لە پراگی پایتەختی چیکوسلۆڤاکی لەدایکبو، هێشتا زۆر منداڵ بو، کە باوکو دایکی لێکجیابونەوە، تەمەنی ٦ ساڵ بو دایکی کوژرا، باوکی زۆر لەخەمی ئەمدا نەبو، رادەستی هەتیوخانەی کرد، ئیتر ئەو منداڵیو مێردمنداڵییەکی پڕ لەخەمو دڵتەنگی بەسەربرد، لەشارێکەوە بۆ شارێکی ترو لەقوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر بەدوای کارو خوێندندا وێڵ بو.

دوای جەنگی دوەمی جیهانی کە کۆمۆنیستەکان لە چیکۆسلۆڤاکیاهاتنە سەر حوکم، دەروی لێکرایەوەو لەزانکۆ وەرگیرا،

قەدەری رۆژگار ئەم کچە پێستسپیو قژ کاڵە ئەوروپییە، بەکوڕە کوردێک دەناسێنێت کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ رویکردوەتە پراگ.

ئەم کوڕە کوردە باڵابەرزو کەشخەیە کە ناوی عەبدولڕەحمان دەبێت، ژیانی لەژیانی لێنا نەدەچو، لەبنەماڵەیەکی فیوداڵەوە هاتبو، کوڕی گەورە ئاغایەکی ناوچەی ورمێ بو بەناوی محەمەد ئاغای قاسملو، نانەی دایکیشی بەبنەچە ئاسوری بو، عەبدولڕەحمانو براکانی پێش کۆتایهاتنی قۆناغی دوا ناوەندی فێری زمانەکانی کوردیو ئازەریو ئاسوریو فارسیو فەرەنسیو عەرەبی بون، لەساتەوەختی روخانی کۆماری مەهابادو لەسێدارەدانی قازی محەمەددا لەمارسی ١٩٤٧، هیچکام لەکوڕەکانی محەمەد ئاغا قاسملو لەکوردستان نەبون، حسێنی کوڕە گەورەی لەتورکیا سەرقاڵی خوێندنی ئەندازەی بیناسازی بو، ئەحمەد لەپاریس بیرکاریی دەخوێندو عەلی لەتەورێز پزیشکییو عەبدولرەحمانیش لەتارانو ساڵێک بەدوای ئەوەشدا بەیارمەتی حیزبی تودە بۆ خوێندن دەچێتە پراگ. پایزی ١٩٥٢، لە پراگ لەئاهەنگێکدا لەگەڵ لێنا یەکتر دەناسنو لەیەکەم بینینەوە دەبنە عاشقو خۆشەویستی یەکدی، ئەوکات قاسملو تەمەنی ٢٠ ساڵو لێنا ١٧ ساڵ دەبێت، زۆر ناخایەنێت لەناو باڵوێزخانەی ئێران مەلایەکی رێکپۆشی شیعە مەزهەب لەیەکتریان مارە دەبڕێتو ئیتر ٣٧ ساڵ بەیەکەوە تاڵیو شیرینی رۆژگار بەڕێدەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

عەبدولڕەحمان کەڵکەڵەی سیاسەتو بیری چەپ لەمێشکیدا بو، بۆیە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئێران، سەرەڕای ئەوەی پوری ئامۆژگای لێنا دەکات کە دوای ئەم موسڵمانە ڕۆژهەلاتییەی هاوسەری نەکەوێتو ژیان لەخۆی تاڵ نەکات، بەڵام لەگەڵی دەڕوات بۆ تاران.

## تاران‌و عومەری خەیام

لێرەوە قۆناغێکی نوێی ئەم ژنە دەستپێدەکات، لەو ژیانی ئاوارەیی‌و حەشارگەی نهێنی‌و چەرمەسەرییەدا، ئەو شەیدای شیعرەکانی عومەری خەیام دەبێت، پاش ماوەیەک دەچنە ماڵەباوانی عەبدولڕەحمان لەورمێ‌و لەوێ زیاتر هەست بە بەریەککەوتنی کولتورەکان دەکات، ئەوەی بەلایەوە سەیرە فرەژنییە، کە محەمەد ئاغا بەقسەی نانەخانی دایکی قاسملو ٢٥ ژنی هێناوەو تەنەنات سەری لەوەش سوڕدەمێنێت کە محەمەدئاغا بەبەرچاوی ژن‌و منداڵەکانییەوە بەمیش دەڵێت "خوشکت هەبێت دەیهێنم!"

نانەخانم ئەوەشی بۆ باس دەکات کە لەبیری نایە قاسملو لەچلەی هاویندا لەدایکبوە یان سەرەتای زستان، دوای بەسەربردنی ١٠ ساڵ لەم ماڵەدا، بەهۆی کاری حیزبی عەبدولڕەحمانەوە دەچنە تەورێز، هاوسەرەکەی بەوەدا بۆی دەردەکەوێت کە لەو ساڵانەوە کاراکتەرێکی گرنگ بوە کە شەوێکیان "نورەدینی کیا نوری" کە دواتر دەبێتە سکرتێری حیزبی تودە، بەبەرگی سەربازییەوە خۆی دەکات بەماڵیانداو پاش ئەوەش تەیموری بەختیار، سەرۆکی ئەوکاتی ساواک سەبارەت بەعەبدولڕەحمان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات.

## بەغداو ئەسپێ

دوای ئەوە لێناو دو کچەکەی بەقاچاغ بەرەو کوردستانی عێراق هەڵدێن‌و سەرەتا لەسلێمانی دەگیرسێنەوە، لەوێشەوە بەجێبێکی شەقوشڕ دەبرێن بۆ بەغدا، هەشت مانگ لەچاوەڕوانیی وەرگرتنی ڤیزەدا لەبەغدا لەگەڵ ئەسپێ‌و کوێرەوەری بەسەردەبات.

لێنا دیسان لەبەغدا بینینی ئەو ژن کڵۆڵو بێدەرەتانانە ئازاری دەدات کە کەمتر لەپیاو سەیر دەکرێن، ئەو باس

لەوە دەکات کە لەم کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیانەدا قەدرو رێزی ئەو ژنانەی کچیان دەبێت، بارتەقای ئەو ژنانە نییە کە کوڕیان دەبێت. بەبۆچوونی لێنا، هەرچەندە عەبدولڕەحمان لەوبارەوە یەکێک لەمرۆڤە دەگمەنو هەڵکەوتەکان بو، بەڵام بۆ رێزگرتن لەپیاوەکانی دیکە، داوای لەلێنا دەکرد کە وەکو ژنێکی گوێڕایەڵو خاکەڕا، واتە ژنێکی موسوڵمان هەڵسوکەوت بکات.

## تاڵەبانی.. میهرەبانو زۆربلێ

ئەو رۆژگارەی لەبەغدا لەحەشارگەیەکەوە بۆ حەشارگەیەکی تر دەچێت، لەحەشارگەیەکدا ناچار دەکرێت لەگەڵ سێ پیاوی گەنج بمێنێتەوە کە یەکێکیان خوێندکاری بواری یاسا بو، زانکۆی بەجێهێشتبو، لەدەست پۆلیس رایکردبو. پیاوێکی میهرەبانو زۆربلێ بو، ناوێکی خوازراوی هەبو، بەڵام ناوە راستەقینەکەی جەلال تاڵەبانی بو. هەر کاتێک لێنا حەشارگەکەی دەگۆڕی، دەبو ناوەکەشی بگۆڕێت، هەر یەکەم شەوی گەیشتنی بەحەشارگە نوێیەکەی، ئەو سێ پیاوە گەنجە دەکەونە خۆیان ناوێکی خوازراو بۆ لێنا بدۆزنەوە. دواجار، جەلال بڕیاری کۆتایی دەداو دەڵێ "ناوی تۆ نەسرینە". نەسرین ناوی گوڵێکی سپییە کە لەشاخەکان دەڕوێ، تا ئێستاش کوردەکان بەو ناوەوە دەیناسن.

## مەلا مستەفاو عەبدولڕەحمان

ساڵی ١٩٥٨، مەلا مستەفا لەرێی گەڕانەوەی لەیەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ماوەیەکی کورت لەپراگ لادەداتو بۆ نانی ئێوارە میوانی بنەماڵەی قاسملو دەبێت، لەو میواندارییەدا مەلا مستەفا پێشنیاری ئەوە دەکات عەبدولڕەحمان بگەڕێتەوە کوردستانی عێراقو درێژە بەخەبات لەدژی رژێمی شا بدات، ئەمیش قبوڵی دەکات. جارێکیتر ژیان لەبەغدا بەشێوەی فەرمی لەساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ دەستپێدەکاتەوە، لێنا لەوەزارەتی نیشتەجێ کردن لەبەغدا کاردەکاو دواتریش بەهۆی کاری حیزبی هاوسەرەکەیەوە جارێکیتر رودەکەنەوە پراگ.

## لەپراگەوە بۆ بەغداو پاریس

ساڵی ١٩٦٨ لەکاتێکدا بۆ خەباتکارانی کوردی رۆژهەڵات ساڵێکی سەختو دژوار دەبێت، بەهاری پراگیش لەدوری



سەرچاوە Serchawe

٢٠٠٠ کیلۆمەتر لەکوردستان لەژێر پۆستاڵی سوپای پەیمانی وارشۆ تێکدەشکێنرێت. بەشێک لەلاپەڕە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم کتێبە کە لەبنەڕەتدا دو ساڵ لەمەوبەر بەزمانی فەرەنسی لەپاریس چاپکراوە، گێڕانەوەی کارەساتی تێکشکانی بەهاری پراگە.

دوای ئەو کارەساتە، ئیتر لێناو عەبدولڕەحمان دڵیان لەپراگ هەڵدەکەنرێو جارێکیتر دەگەڕێنەوە بەغدا، عەبدولڕەحمان لە١٩٧٠ەوە تا ١٩٧٤ لەوەزارەتی پلاندانانی عێراق کاردەکاتو هاوکاتیش بەسکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێت، دواتر دەگەڕێنەوە بۆ پراگو لەساڵی ١٩٧٦ەوە بەهۆی گوشاری پۆلیسی نهێنی چیکوسلۆڤاکیاوە رودەکەنە پاریسو لەوێ نیشتەجێ دەبن، دو کچەکەشیان دەچنە سوید.

## عەبدولڕەحمانو خومەینی

ساڵی ١٩٧٨ کە خومەینی لەعێراقەوە پەنادەباتە بەر پاریسو لەنۆفل لو شاتو نیشتەجێ دەبێت، لێنا سەرەرای تێبینی زۆری لەسەر خومەینی، بەئوتومبێل هاوسەرەکەی دەباتە نۆفل لو شاتو، لەوێ لێنا لەئوتومبێلەکەیدا دەمێنێتەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوسەرەکەی دەکا، لەبەرئەوەی پێیوایە گەڕانەوەی هاوسەرەکەی زۆر دەخایەنێت دەست دەکا بەخوێندنەوەی کتێب، بەڵام هێندە نەبا عەبدولڕەحمان بەتوڕەییەکی لەڕادەبەدەرەوە دەگەڕێتەوە. کاتێک خومەینی ناوی عەبدولڕەحمانی بیستبو، بەسەرسوڕمانەوە وتبوی "کێ ڕێپێداوە بێتە ژورەوە؟ من هیچ قسەیەکم نییە لەگەڵ ئەم پیاوە بیکەم!" سەرەنجام عەبدولڕەحمانیان لەوێ دەرکردبو. لەبەرئەوە زۆر توڕەو غەمگین بو.

بەڵام سەرەرای ئەوەش ئەو لەمەبەستەکەی پاشگەز نەبۆوە، پاش چەند رۆژ سەرلەنوێ بیرۆکەی دیداری ئایەتوڵا خومەینی دەکەوێتەوە سەری، ئەمجارەشیان دەسکەوتێکی بەرچاوتری لەجاری پێشو نابێ.

عەبدولڕەحمان لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێراندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرانو دەبێتە کەسایەتییەکی ناسراو، سەرەنجام بەسەرۆکایەتی وەفدێکی دەفتەری سیاسی دەچنە لای خومەینی، ئەویش ئامۆژگارییان دەکا کە دوای قورئان بکەون. خومەینی رازی نابێت قاسملو ببێتە ئەندامی مەجلیسی خوبرەگان کە بۆ داڕشتنی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵبژێردرا بو، لەکۆتایی بەهاری ١٩٧٩شدا بڕیاری کوشتنی دا.

## جیابونەوەو مەرگ

لێنا دوای روخانی رژێمی شا دەگەڕێتەوە کوردستانو لەنزیکەوە لەگەڵ تراژیدیاو کوێرەوەری خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانو ژنە داماوەکانی وەک جوانو ئامینە دەژی، لەو کاتانەدا هەست بەخەمبارییەکی زیاتر دەکات کە عەبدولرەحمانی هاوسەری خۆی لێدور دەگرێتو هەمو کاتی خۆی بۆ کاری حیزبی تەرخان دەکاو لێنا بۆ تەنهایی بەجێدەهێڵێت، سەرەنجام لێنا دەگاتە تینیو بڕیاری جیابونەوە دەداتو لێکتر جیادەبنەوەو دەگەڕێتەوە پاریس.

دوای داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن رژێمی ئێرانەوە، قاسملوش دەچێتەوە پاریس، بەلام بەپێی گێڕانەوەی لێنا، "عەبدولرەحمان لەئەوروپا بەهیچ شێوەیەک خۆی نەدەپاراستو سەرەتاییترین رێوشوێنەکانی خۆپاراستنی رەچاو نەدەکرد، تەنیا یەک حیمایەی هەبو کە تەنانەت چەکیشی پێنەبو، زۆربەی کاتەکان بزر دەبو حیمایەکەشی بەدواییدا دەگەڕا، تا سەرەنجام لە١١ی تەموزی ١٩٨٩دا بەپێی خۆی بەپیر مەرگەوە چو".

لێنا لەشەهید عەبدولرەحمان تورە بو، لەوەی کە خۆی بەکوشت دابو، بەتوندی لۆمەی دەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - رێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

# قاسملوو؛ هێمای نەتەوەیەکی خاوەن کەرامەت



**ڕێبوار کەریمی**

یاوەرێکی دەگێڕێتەوە "قوتابییەکی بەئەدەب چۆن لەبەرامبەر مامۆستای زانکۆ دادەنیشێ و قسەدەکا، سەدام حسەین بەو شێوە و لەهجەیە قسەی لەگەڵ دکتۆر قاسملوو دەکرد. ئەوەندە بەئەدەب، ئەوەندە بە حورمەتەوە..". ئەم ڕێزگرتنەی دیکتاتۆرێکی بەهێز و هەیبەت لەسکرتێری حیزبێک، تەنیا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ زانایی د.قاسملوو، بەشێکی گرینگیشی پێوەندیی بەسەنگینیی کەسایەتیی ناوبراوەوە هەبووە. ئەمە دیاردەیەکی دەگمەنە لەناو سیاسییەکانی کورددا. ئەوان زۆریان، کەلەزمانی جەستەیان ڕادەمێنی، بەتایبەتی لەکاتی دیدار لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەڕوونی شەڵەژاوی و خۆبەکەمبینییان پێوەدیارە.

مەرجێکی سەرەکیی ڕێبەرێکی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە هەستیارترین کاتەکانیشدا لەبیری نەکا ئەو ڕاسپێردراو و نوێنەری بەرژەوەندییەکان و لەوانەش زیاتر، کەرامەتی ئەو خەڵکەیە کە نوێنەرایەتییان دەکا. تەنیا لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەما سادەیە بەس بوو بۆ ئەوەی زۆر لەو چرکەساتە شەرمەزاریهێنانە نەبینین کەمێژووی هاوچەرخمان لێوانلێوە لێیان: قاسملوو هەرگیز قەبووڵی نەکرد وێنەی دیدارێکی لەگەڵ سەدام حسێن بڵاوبکرێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا سەرکردەی وامان هەبووە بە باقەگوڵەوە چۆتە سەر مەزاری سەرسەختترین نەیارانی کورد.

هونەری سیاسییەکی بەتوانا خوڵقاندنی بەرژەوەندیی هاوبەشە، نەک پاڕانەوەو تکاوڕجا. من پێشتر لەوتاری

"دیپلۆماسیی کرووزانەوە"دا باسی ئەوەم کردووە، چۆن بەشێ لەسەرکردە کوردەکان دیپلۆماسی و درۆزەی سیاسییان تێکەڵ کردووە. قاسملوو لە تاکوتەرای ئەو سەرکردانە بوو کە لە کاتی یارمەتیخواستنیشدا هێشتا نەفسبەرزیی خۆی دەپاراست. بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس نیشانی دەدەن کە لەکاتی دیداری نوێنەری باڵوێزخانەی وڵاتەیەکگرتووەکان لەبەغدا -ئەویش لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا کەحیزبەکەی قاسملوو گیرۆدەی گەلێک قەیران بوو-، ئەو لە بریی درووژاندنی باسی چەوساوەیی و لێقەوماویی کورد، باس لە زەرفیەتەکانی حیزبەکەی و توانایی لەتەنگانەهاویشتنی دوژمنە هاوبەشەکەیان دەکا، ئەویش بەزێدەڕۆییەکی بەرچاوەوە لە باسی توانایی لۆجستیکیی حیزبەکەیدا. واتە، بەرژەوەندییەکی هاوبەش دەنەخشێنێ و لەسەر ئەو بنەمایەش، باسی "هاوکاری" دێنێتە گۆڕێ. تەنیا شتێکیش کەلەبەرامبەردا داوای دەکا، پشتیوانیی سیاسییەلەکورد. قاسملوو سەنگی خۆی و سەنگی حیزبەکەی و سەنگی میللەتەکەشی بەیەکجێ دەپاراست.

گومان لەوەدا نەماوە کەقەیرانێکی فرەلایەن وای کرد د.قاسملوو بەرەوپیری وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بچێت. بەووەشەوە، شریتی دەنگی تۆمارکراوی یەکەم خولی دانوستانەکانی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی نیشانی دەدا ئەو بە چ متمانەبەخۆییەکەوە دەست بەقسان دەکا و، چەند حازرجوابانە بەرپەرچی ئیدیعاکانی نوێنەرانی حکومەت دەداتەوە. هەر کەس لە ڕەوتی ئەو گفتوگۆیانە وردبببێتەوە زوو تێ دەگا کە ئەم تاکتیکەی دەستپێکی دانووستان، نەک نیشانەی ناشارەزایی ئەو دیپلۆماتە کارکوشتەیە لەشێوەی دەسپێکردنی "دیالۆگ"، بەڵکو ئاماژە بە توانایی ئەو بۆ ڕەچاوکردنی سایکۆلۆژیی لایەنی بەرامبەری بووە. بەو سەرەتا هێرشکارانەیەوە قاسملوو دەیەوێ هەر زوو ئەو وێنایە بڕەوێنێتەوە کە بەرامبەرەکەی پێی وابێ ئەو لە رووی لاوازییەوە دانوستانی هەڵبژاردووە. بەشی ئاشکراکراوی دەوری کۆتایی وتووێژەکانیش دەیسەلمێنێتەوە کە قاسملوو چەند بەمتمانەبەخۆییەوە لەلایەنی بەرامبەری دەگەیەنێت کە ئەو هاوتووە بۆ دانوستان نەک خۆبەدەستەوەدان.

قاسملوو دواجار بووە قوربانیی نیازپاکیی خۆی و، ناجوامێرانە زەفەریان پێ هێنا. ڕەخنەی بەجێ لە قاسملوو گیراوە و گازندەی زۆر لە کەمتەرخەمیی ئەو بۆ پاراستنی گیانی خۆی، کراوە. تەنیا شتێ کە هەرگیز ڕەخنەی نەهاتەوە سەر، ئەو ڕاستییە بوو کە قاسملوو تا ئەو چرکەیەش کە لە جەرگەی دانووستانی ئاشتیدا، سنگیان پێکا و فیشەکی کۆتاییان بەناوچاوانییەوە نا، هەرگیز بەشێوەیەک نەدوا کە مرۆڤێکی کورد هەست بکا ئەو سەرکردە سیاسییەی نەتەوەکەی، حورمەتی نوێنەرایەتیکردنی کەرامەتی ئەوی، بۆ چرکەیەک ژێر پێ نابێ. ئەمەخاڵێکی

جەوهەرییە لە کەسایەتیی قاسملووی شەهیددا کە دەشێ هەر تاکێکی کورد، لەهەر چرکەساتێکی ئیفادەکردنی کوردبوونیدا، لەبەرچاوی بگرێت. ڕەنگەهەر ئەمەش باشترین پاداشت بێ بۆ گیانی دکتۆری شەهید.

سەرچاوە: کانالّی تێلێگرامیی کۆمار.

١٣ - ٧ - ٢٠١٩

## بەهایەک بۆ ئاشتی و خۆشەویستی



**مەجید حەقی**

ڕێبەری بڕبڕەی پشتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. ڕێبەری بەتوانا وەک دڵی جەستەی نەتەوە شوێندانەرە بۆ گەشەکردن و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەت. ڕێبەری بەهێز شەپۆلی دواکەوتووی بەرەو ئاراستەی پێشکەوتن و هیوادان بە نەتەوە و کۆمەڵگا دەگۆڕێتەوە و دەبێتە هۆی بنیاتنان و گەشەکردنی ناسنامەیەکی نوێ بۆ نەتەوە و ئەندامانی کۆمەڵگا پێناسەی خۆیان بە پێی ئولگووی پێشکەوتووی خۆیان کە ڕێبەریان بێت دادەڕێژن. ڕێبەر بە هەڵسوکەوت و ئاسۆبینی خۆی دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاسۆیەکی نوی لە ناو کۆمەڵگادا بنەماکانی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی دەخولقێنێت. شێوازی ڕێبەریەک کە قاسملوو بۆ حیزبەکەی و

نەتەوەکەی رەچاو دەکرد شێوازی بەهینەیی (بەکارهێنانی ئۆپتیماڵ) کردنی هەموو هێزو توانای ئەندامانی کۆمەڵگا بەرەو داهێنان، کارامەیی و گەشەکردنێکی خێرای سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بوو. شێوازێک کە تەنانەت لە سەردەمی سەخت و ئەستەمی خەباتی چەکداریدا کاردانەوەی هەبوو لە سەر بنەماکانی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

رێبەری یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی پێکهێنانی پەروەردەی پێوەندیەکانی ناو کۆمەڵگا و رێنوێنیی گۆڕانکاریە. لە روانگەی گەشەسەندنەوەدا، رێبەر دەتوانێت رۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبێت لە بەرێوەبەری خۆجێی یان رێکخراوەییدا. بۆیە سەرەرای بوونی رێبەری بە کۆمەڵ یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بە لە ناوبردنی دکتۆر قاسملوو، هەڵوەشاندنەوەی رەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی سیاسی لە کوردستان دا بوو.

#قاسملوو وەک رێبەرێکی سیاسی سەرەتا لە ناو حیزبی دیموکراتەوە دەستی کرد بە گۆرانی شێوەی ئیدارە و بەرێوەبردنی حیزبی و حیزبێکی نەریتی بەرەو حیزبێکی ئەمرۆیی و مۆدێرن بە پێی سەردەمی ژیانی خۆی گۆڕی. ئەمەش هەرەشەیەک بوو بۆ گۆڕانی سیستەمی کۆنباوی حاکم بەسەر ئێران و شێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری ناوخۆی ئێران و ناوچە نەتەوایەتیەکانی ئەو وڵاتە.

قاسملوو رێبەرێک بوو بۆ پێکهێنانی خەونە هاوبەشەکان، کەسێک بوو کە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتیەکان، پرسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و چارەسەری پرسی خاوەنداریێتی زەوی لە لایەن جووتیاران و خاوەن زەویەکاندا. ئەم بایەخانە، بایەخگەلێک بوون کە بەسەدان ساڵ خەونی جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بووە و رێبەرانی پێشوو نەیانتوانیوە وەک قاسملوو فۆرمووڵە بکەن و بکەن بە ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵک. بە درێژایی مێژوو بێ رێبەری هیچ بزاڤێک پێک نەهاتووە و نەیتوانیوە پێک بێت و بەرەوپێش بڕوات. رێبەرانی راستی هەڵسوونەرانی چەرخی مێژوو و هاندەری شۆرشە کۆمەڵایەتیەکانن لە پێناو خەونە مرۆڤانیەکانیاندا. رێبەرانی وەک قاسملوو بە ژیری و مشووری خۆیان هەوڵ دەدەن خێرایی ببەخشنە رەوتی مێژوو. لێرەدایە کە رۆڵی رێبەران لە گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگادا جوانتر دەردەکەوێت.

جیاوازی دکتۆر قاسملوو لە گەڵ رێبەرانی دیکە، لە کاریزماتیک بوون، دیالێکتیسیەن و مرۆڤی دیالۆگ و گفتگۆ

بوون نەبوو. جیاوازی دکتۆر لەگەڵ رێبەرانی سەردەمی خۆی و مەترسی ئەو بۆ کۆماری ئیسلامی، بیروباوەڕی قووڵی ئەو بوو بە دیموکراسی. هونەری قاسملوو لەوەدا بوو خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری پی باشتر بوو. ئەمەش بە واتای پێکهێنان و خوڵقاندنی لێگەرێکی جیددی لەبەرامبەر سیستەم و ئایدیۆلۆجیەکی تەواوەتی خوازی کۆماری لە سەر بنەمای ولایەتی فەقیە و هزری یەکنەتەوە و یەکزمان و یەک ئایین دامەزراوە.

سروشتیە کە، دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و ستەمکار لە کەسایەتی رێبەرانی وەک قاسملوو بترسن و هەوڵ بدەن بە درندانەترین شێوە لە لایەک ئەوان لە ناو بەرن و لەلایەکی دیکەوە بە لەناوبردنی ئەو رێبەرانە رەوتی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە بوەستێنن. لە مێژووی کۆندا کوشتنی سپارتاکۆس، سووتاندنی جیۆردانو برونە — لە لایەن ئەنگیزاسیۆن یان دەزگای لێکۆلینەوە و سەرکوتی بیروراکان لە ئورووپای سەدەی ناوەراست، تیرۆری گاندی لە هیندوستان و لەسێدارەدانی قازی محەمەد لە لایەن رژێمی پاشایەتیدا نموونەی دیار و بەرچاون کە چۆن نەیارانی ئازادی دەیانهەوێ بە کوشتن و لەناوبردنی رێبەرانی ئازادیخواز خەونی ئازادی گەلان خاشەبەر بکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٣

## مام جەلال چۆن ویستی عەبدولرەحمان قاسملۆ لەکوشتن بپارێزێت؟




**ئامادەکردن: حلمی رەسوڵ رەزا**

واژووکردنی رێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران، هەلێکە بۆ ئەوەی تاوانەکانی ئێران بەرانبەر گەلی کورد و سەرکردەکانی لەو وڵاتە وەبیر خەڵکی بهێنرێتەوە، بۆ تیشک خستنە سەر ئەو قۆناغە و پرۆسەی تیرۆرکردنی دیارترین سەرکردەی کوردی ئێرانی "دکتۆر عەبدول رەحمان قاسملۆ".

لەو بارەوە رۆژنامەی قەبەس قسەی لە "شێخی خەباتکارانی کورد" عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەمینداری گشتی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران، کە نازناوی مامۆستای پێبەخشراوە لەلایەن هاورێکانی لە حیزب و جەماوەری کوردستانی ئێران کردووە.

بەپێی قسەکان، دەسەڵاتی پەهلەوی لە ئێران و دوو لە شۆرشە گەورە شکستهاتووەکان لە ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٦٢ ئەزموونێکی ئازار بەخشە بۆ کوردەکانی ئێران، پێش ئەوە رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بە هەموو هێزیانەوە پاڵپشتی شۆرش بوون دژی رژێمی شای ئێران، بەسەرۆکایەتی خومەینی لە فیبرایەری ١٩٧٩.

هەر بەپێی قسەکان شای ئێران وای پێشاندابوو گرنگی بەداواکاریەکانی کورد نادات سەبارەت بە سەربەخۆیی و

هێـورکردنەوەی دەسـەڵاتی تـاران بەسـەر کاروبارەکانیانـدا.. کەچـی ئەم پشـتگیرییەی شۆڕشـی خـومەینی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو دەسەڵاتی نوێی باش نەکرد.

لەسەرەتای رۆژە یەکەمەکانی شۆڕشدا، پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و رێکخراوە کوردییەکان ئاڵۆزی زۆری تێدا هەبوو.. ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ ئەوەی جیاوازی هەبوو لە زمان و خوونەریت و هاوپەیمانییەتییەکانیان لە سنوور، وەک مەترسییەکی راستەقینە لێی دەڕوانین بۆ سەر پرۆژەی فارسی و سەفەوی.. کوردە سونەکان بە پێچەوانەی زۆرینەی هاووڵاتییانەوە دەنگیان نەدا بە پاڵپشتی کردنی دروست کردنی کۆماری ئیسلامی لە نیسانی ١٩٧٩.. ئەم گشتپرسییە هەلی بۆ شیعە گەرایی رەخساندو هەلی نەدا بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆ بەڕێوەبەری هەرێمایەتی.

کێشەکە زیاتر قووڵ بووەوە پاش ئەوەی کوردەکان بێ بەش کران لە کورسییەکانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەزایان لە ساڵی ١٩٧٩، کە بەرپرس بوو لەنووسینەوەی دەستوری نوێو خومەینی رێگەی نەدا عەبدول رەحمان قاسملۆ ئەندام پەرلەمانی هەڵبژێرداوی ناوچەکە بەشدار بێت لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەنی شارەزاییان، بەمەش کوردەکان لە مافە سیاسییەکانیان بێ بەش کران لە چوارچێوەی دەستوری نوێی ئێران، چونکە زۆربەی زۆریان سەر بە مەزهەبی سونە بوون.

لەبەرانبەر ئەوەدا شەپۆلێکی نیشتمانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە لەپاش هەرەس هێنانی دەوڵەتی پەهلەوی و زنجیرەیەک شۆرشی پێچەوانە بۆ شۆرش لەسەرجەم ئەو وڵاتەدا روویاندا (خۆزستان، بلوجستان و چەند بەشێکی تر)، هەڵگەڕانەوەیەکی فراوان لە ئازاری ١٩٧٩ دا روویدا، پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران پلانێکی هەشت خاڵی دارشتەوە بۆ سەربەخۆیی کورد.

لەناوەڕاستی ئازاری ١٩٧٩ دا هەڵگەرانەوەکە روویدا، کاتێک کوردەکان دەستیان بەسەر بنکەی پۆلیس و بارەگاکانی سەرکردایەتی سوپا و چەند شوێنێکی تردا گرت لەشاری (شنۆ) پاش ئەوەی نەتوانرا بڵاوەیان پێ بکرێت لەلایەن سوپاوە.



سەرچاوە Serchawe

بەگوێرەی کەناڵی (بی بی سی) شۆرشەکە کاتێ دەستی پێکرد، کە پیاوی هۆزەکان بەسەر سەربازەکاندا سەرکەوتن لە شاری پاوە، پاشان شۆرش بڵاوەی کرد بۆ ناوچەکانی تر، دوای ئەوەی ڕاپەریوەکان دەستیان بەسەر دیواندەرەو سەقزو مەهاباتدا گرت، لەو کاتەدا زۆربەی سەرکردەکانی شۆرش خۆیان وون کرد بە گوێرەی کاری شۆرشی نهێنی دەجوڵان دوای ئەوەی خومەینی فەرمانی گرتنی بۆ دەرکردن.. لە نیسانی ١٩٧٩ ململانێی چەکداری دەستی پێکرد لە نێوان گروپە چەکدارەکانی کورد و هێزە ئەمنیەکانی سەر بە حکومەتی شۆرشی ئێرانی و هێزەکانی کورد بەنمرە یەک پێک دەهات لە پارتی دیموکراتی کوردستان- ئیران و هێزەکانی کۆمەڵە.

لەناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٧٩، سوپای پاسداران ڕووەو پاوە ڕۆشتن کە لە ژێر دەستی ڕاپەریوەکاندا بوون بەبێ ئەوەی ئامادەکاریەکی وەهایان کردبێ و سوپا خۆی ئامادە کردبێت و کەوتنە بۆسەیەکی گەورەوەو توشی شکست هاتنەوە. ئەم شکتهێنانە وای لە خومەینی کرد لە سەرکردەکانی سوپا و حکومەت نزیک ببێتەوە، سەرکردەکانی ئەو کاتی ئێران ئارامیان نەبوە لەسەر داواکاریەکانی کورد بۆیە ڕێگەی سەربازییان گرتە بەر بۆ تێکشکاندنی خۆپیشاندەرەکان.. لە ئەنجامی ئەمەشدا، خومەینی ڕابەری نوێی ئێران جیهادی پیرۆزی دژی کوردەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند و هەندێک لەکەسایەتییە کوردییەکانی وەک دوژمنی دەوڵەت ناساند لە بەیاننامەی ١٧ی ئابی ١٩٧٩ و هێزە سەربازییەکانی حکومەتی ئێران هێرشێکی چەند هەفتەییان دەستپێکرد بۆ تێکشکاندنی کوردەکان لە سەقزو مەهەباد.

## چۆن دکتۆر قاسملۆ سەرکردایەتی حیزبی بەدەستەوە گرت؟

ژیانی سیاسی لە منداڵییەوە دەست پێکرد، ئەو تەمەنی ١٥ ساڵان بوو کاتێک سەرکردایەتی لقی یەکێتی گەنجانی سەر بە حیزب کەوتە سەر شانی لە شاری ئورمیە، دوای ئەو بەساڵێک، یان زیاتر شەرەفی ئەندامێتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێرانی پێ ڕەوا بینرا.

ناوبراو ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە مەهاباد و دەوروبەری لەپاش شکستهێنانی کۆماری کوردستان لەو شارەدا لە زیندوکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و لە دوای ساڵی ١٩٤٨ زیاتر کارەکانی پێشکەوت.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام بەمانای وشە سەرکردایەتی حیزبی وەرنەگرت تا دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار لە نێوان حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٧٠ بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و تیایدا حکومەتی ئەو ولاتە دانی نا بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لەگەڵ پێشکەش کردنی گرەنتی ئەوەی بەشدار بن لە حکومەتی عێراقی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا. بەلام نەگەیشتنە هەڵوێستێکی چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە کێشەی کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت و بەهەلواسراوی مایەوە لە چاوەڕوانی سەرژمێریەکان بۆ زانینی ڕێژەی نەتەوە جیاوازەکان لەو شارەدا.. لەو ژینگە ئازادیخوازانەیەی کوردی تێدا بوو دکتۆر قاسملۆ لە چیکسلۆفاکیاوە گەرایەوە بۆ عێراق و چاوی بە هاورێکانی کەوت لە پارتی دیموکراتی کوردستان-ئێران؛ ئەوانەی لە دەست رژێمی ئێران هەلاتبوون، عەقلانیەت و دیموکراتیەت دوو سیفەتی دکتۆر قاسملۆ بوون، خۆی هاورێکانی دیراسەی دۆخی سیاسی و ئابوری ئێران و دۆخی چەپی ئێران و بزوتنەوەی نیشتمانی کوردو پەیوەندیەکانی وەک ئەمینداری گشتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پاشان لە ستراتیجیەتی دیموکراتی بۆ ئێران و حوکمی زاتی بۆ کوردستان دەستی پێکرد، هەرچی حیزبیشە لە کۆنگرەی سێیەمیدا لەسەر پێشنیارەکانی قاسملۆ رەزامەندییان داو بوە ستراتیجیەتی فەرمی حیزب و لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزبدا هەلبژێردرا بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و ئەمینداری گشتی حیزب لەلایەن لیژنەی ناوەندی و بوە یەکێک لە کەسایەتیە سیاسیە گرنگەکان لەسەرجەم کوردستاندا.

پێش ئەوە وەک وانەبێژ لە زانکۆی براگی چیکسلۆفاکیا بوە، پێش ئەوەی بچێت بۆ فەرەنسا و لە زانکۆی سۆربۆن ببێتە مامۆستای زمان و مێژووی کورد.. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٨ گەڕایەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان.. بۆ ئەوەی لقەکانی حیزب دابمەزرێنێ.. لەو کاتەدا پێشمەرگە دەستی بەسەر ئەو ناوچە کوردیانەدا گرتبوو کە لە ئەنجامی ئالۆزیەکانی وڵاتەوە دروست بوبو، لە کاتی شۆرشی ئیسلامیدا کورد هەستی کرد دۆخەکە لە بەرژەوەندیاندا نیە، و رژێم مافەکانیانی رەتکردەوە.

### رۆڵی قاسملۆ پێش ئەوەی سەرکردیەتی حیزب وەربگرێ چی بوو؟

لە هەرەتی لاوێتیدا دکتۆر قاسملۆ رۆڵی گرنگی هەبو لە چالاککردنەوەی لقەکانی حیزبدا لەسەرجەم بوارەکان و بەتایبەتی لە بواری رێکخستن.. مەزنترین خزمەتی بۆ حیزب بریتی بوون لە پچڕاندنی پەیوەندی رێکخستن بە

حیزبی شیوعی ئێرانی (تودە) لە میانی کارەکانی کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە هاوینی ١٩٥٥ لوتکەی چیایەکی کەنارەکانی شاری مەهاباد، بۆ گەڕانەوەی حیزب تاکو کاری جەماوەری لە نێو ناوەندەکانی کورددا بکات.

ئەو کۆنگرە حیزبیانە کامانە بوون کە دکتۆر قاسملۆی تێدا ئامادە بوو؟ پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ و سەرکردەکان چۆن بوو، چۆن هەلس و کەوتی لەگەڵ دەکردن، چۆن ناکۆکیەکانی چارەسەر دەکرد، ئایە لە بڕیارەکاندا بەشداری بەوان دەکرد؟

دکتۆر قاسملۆ بەشداری سەرجەم کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی کردوە تاکو کۆنگرەی هەشتەم و پێش کۆنگرەی نۆیەم کۆچی دوایی کرد.. لەسەرجەم کۆنگرەکاندا وەک ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵدەبژێردراو پاشان دەکرایە ئەمینداری گشتی وەک ڕێزێک بۆ ئەو ڕۆڵەی هەیبو لە جولانەوەی نیشتمانی ئێرانی و کوردی . پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانیدا توندو تۆڵ و برایانە بوو، هەندێ کات باوکانە بوو، مکوڕ بوو لەسەر فێرکردن و پەروەردە کردنیان لەسەر باشترین شێوە، بەبێ ئەوەی بە چاوێکی نزمتر لە خۆی تەماشایان بکات. دەیوت ئەگەر جیاوازی لە دیدگاکاندا ڕوویدا ئەوا گفتوگۆی بنیادنەر باشترین ڕێگەیە بۆ قەناعەت پێکردن، کەسێکی زۆر ئارامگر بوو، دەیتوانی بگاتە عەقڵ و دڵی هاوڕێکانی.

**دکتۆر قاسملۆ لە بەرەکانی جەنگدا چۆن بوو، بەشداری لە هیچ شەڕێکدا کردوە؟**

بە کردەیی بەشدرای لە هیچ شەڕێکدا نەکردوە، ئەو کەسێکی سیاسی بوو، بەڵام ئەمە مانای وا نیە سەردانی بەرەکانی جەنگی نەکردبێت، سەردانی دەکردو کۆبونەوەی بە هاوڕێکانی دەکرد و ورەیانی بەرز دەکردەوە.. دۆخی ڕووبەڕووبونەوەی سیاسی بۆ ڕوون دەکردنەوە و کاری لەسەر ڕۆشنبیرکردنی گشتی سیاسی و سەربازی و شۆرشکردن ی شەرکەرەکان دەکرد، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ورەیان و گوێ گرتن لە بۆچونەکانیان داواو پێداویستیەکانیان.. وەک منداڵی خۆی مکوڕ بوو لەسەریان، ئەم ئامادەبونەشی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ورەی پێشمەرگەو سەرکردەکانیان.

**کێ پەیوەندی لەگەڵ عێراقی سەدام حسێن دامەزراند و مەبەست لەو پەیوەندیە چی بوو؟**

خەباتگێڕانی کوردی ئێرانی لە دێر زەمانەوە و هەرکاتێ رووبەرووی چەوسانەوە هاتبێتن پەنایان بۆ عێراق بردووە بەمەبەستی پاراستنی ژیان و بیروباوەڕیان، پەیوەندی پتەو هەبوە لە کوردەکانی هاوسنوری هەردوو وڵات ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی کوردانی عێراق هەندێ مافی خۆیان بەدەست هێنابوو، بەلام ئەم خەباتگێڕانە لە شارە کوردیەکاندا دەژیان لە نێو براکانیان بەبێ ئەوەی داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی بکەن، هەندێ جاریش وەک تاکە کەس مافی پەنابەرییان بەدەست دەهێنا.

پەیوەندی فەرمی لە نێوان حیزبی دیموکرات و دەسەلاتدارانی عێراقدا نەبوە تاکو واژۆ کردنی رێککەوتننامەی ئازار لە نێوان سەرکردایەتی جولانەوەی کوردو حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠.. لە مانگی حوزەیران یان تەموز، یەکەم دیداری قاسملوو ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە بەغدا ئەنجامدرا لە رێگەی نێوەندگیری شەهید محمد محمود عبدالرحمن ناسراو بە (سامی) وەزیری کاروباری باکورو نوێنەری جولانەوەی کورد لە عێراق. لەو کۆبونەوەیەدا قاسملۆ وەسیقەیەکی وەک بنەما گشتیەکان ختە روو، هەردوولاش لەسەری رەزامەند بوون، زەمینەیەکی هاوبەشی رەخساند بۆ پەیوەندی نێوان هەردوولا.. لەو بنەمایانە بریتی بوو لە پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ولاتە سۆسیالیزمیەکان و سنوردانان بۆ هەژموونی ئیمپریالی و بڕوا بوون بەوەی چارەسەری نمونەیی بۆ کێشەی کورد ئەوەیە؛ گەلی کورد لە عێراق و ئێران مافی حۆبەڕێوەبەردنیان هەبێت و هەردوولا پەیوەندی هاوڕێتیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەبێت، دیارەی لایەنی عێراقی بەم بنەمایانە رازی بوون وەک سەرەتایەک بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران.

### پەیوەندی قاسملۆ و مەلا مستەفای بارزانی چۆن بووە، ناکۆکییە کرۆکییەکانی نێوانیان چی بوو؟

قاسملۆ پێگەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو لای مەلا مستەفای بارزانی، کە هیچ سەرکردەیەکی جولانەوەی کورد لە پارچەکانی کوردستان نەیانبووە، بە شێوەیەک بارزانی پۆستی ئەمینداری گشتی حیزبی بۆ پێشنیار کرد لەگەڵ ئەوەی دەیزانی قاسملۆ ئەندامی حیزبێکی ترە، دیارە قاسملۆ پێشنیارەکەی رەتکردەوە و وەک ئەندامی حیزبەکەی خۆی مایەوە.

رەنگە قاسملۆ تەنیا سەرکردەی کورد بوبێت لە نامەکانیدا گوزارشتی برام مەلا مستەفای بەکارهێنابێت بەبێ هیچ

ناونیشانێکی تر.

دەربارەی ئەوەی پێی دەڵێن ناکۆکی کرۆکی، من بڕوام وا نیە هیچ ناکۆکیەکی لەو جۆرە لە نێوانیان هەبووبێت دەربارەی کێشە چارەنوسسازەکان.. ئەوەی لەو بابەتەدا هەبو ئەوەیە؛ بڕوای بەسەربەخۆیی خۆی و حیزبەکەی هەبوو، مکوڕ بوو لەسەر پاراستنی ئەو سەربەخۆییەو خوالێخۆش بوو بارزانیش ڕێزی ئەو واقیعەی دەگرت.

**پەیوەندی نێوان خەڵک و قسملۆ چون بوو، چۆن پێشوازی لێدەکردن، چیرۆکێکی دیاریکراو هەیە حەز بکەیت بۆمانی باس بکەی؟**

جەماوەری زۆر خۆشدەویست و ڕێزی بۆچونەکانیانی دەگرت و وای دادەنا ئەوان خاوەنی کێشەی کوردن، زۆر بە ڕێزەوە پێشوازی دەکردن، بەلام ئەوەی راستی بێت قاسملۆ هونەری تێکەڵ بوونی لەگەڵ خەڵکی سادەدە نەبو، بەهۆی ئەو پەروەردەیەی لەسەری راهاتبوو، ئەو لە خێزانێکی دەرەبەگ بوو، منالی و گەنجێتی لەشارە گەورەو پایتەختەکان بەسەر بردبوو، دوور لە ژینگەی ژیانی کرێکار و جووتیار.

**پێمان بڵێ پەیوەندی قاسملۆ لەگەل خێزان و خەڵکی سادەو هاوڕێ و گرینپێدانەکانی ..(موسیقا و خوێندنەوەو هونراوە)؟**

قاسملۆ نمونەیەکی دیار بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەل هاوڕێ و خێزان و هۆزەکەی یان ئەوانەی پەیوەندیان لەگەڵ خێزان و عەشیرەتەکەی هەبوو. هەلس و کەوتی لەگەلیان زۆر باش بوو، بەنزم سەیری کەسی نەکردوە، ئەو لووت بەرز نەبوو، حەزی بە خوێندنەوەی بابەتە هەمەڕەنگەکان دەکرد، حەزی لە ئەدەبیات و شیعر دەکرد بەشێوەیەکی تایبەتی.. ئەوەی ئاشکرایە جگە لە زامنی دایک، فارسی و تورکی و فەرەنسی دەزانی و دەتوانی قسەیان پێ بکات و بنوسێت، جگە لەوانەش زمانەکانی ئینگلیزی و روسی و عەرەبی و ئەلمانی و ئیتالی بە شێوەیەکی باش دەزانی. ئەو زۆر حەزی لە شعرو موسیقا بوو، گەورە هونەرمەندەکانی لە نەتەوە جیاوازەکان دەناسی، زانیاری تەواوی هەبوو لەسەر سەمفۆنیای موزرات و بتهۆڤن و موسیقای کلاسیکی بە شێوەیەکی گشتی.



سەرچاوە Serchawe

### دیدی دکتۆر قاسملۆ بۆ کوردستانی ئێران و کوردستانی گەورە چی بوو؟

قاسملۆ یەکێک بوو لەوانەی دەیوت کوردستان بەش بەش کراوە، هەرکاتێ هەل برەخسێت سەرجەم پارچەکانی یەک دەگرێتەوە، بەمە گوزارشتی لە یەکخستنی وڵاتێکی بەش کراو دەکرد، نەک بەشکردنی وڵاتێکی تر یان جیابونەوە لێی، بەڵام لەهەمان کاتدا وای دەبینی باشترین چارەسەر بۆ کێشەی کورد لەم دۆخەی ئێستا ئەوەیە، هەر پارچەیەک لە کوردستان مافی خۆبەرێوەبەری هەبێت لە چوارچێوەی ولاتەکەی خۆیدا بە گوێرەی ئیرادەی گەلەکەی.

### پەیوەندی قاسملۆ لەگەل شای ئێران چۆن بوو؟

لەگەڵ شای ئێران بەرهەلستکار بوو، ئەو دژی رژێمی شا خەباتی دەکرد و داوای رووخانی رژێمەکەی شای دەکرد لە نزیکترین کاتدا.. لە ساڵی ١٩٤٨ خۆپیشاندانێکی گەورەی لە پاریس رێکخست وەک نارەزایەتی دەربارەی سەردانی شا بۆ فەرەنسا، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی لەو ولاتە دوور بخرێتەوە بەهۆی فشارەکانی رژێمی شاوە لەسەر دەولەتی فەرەنسا، ئەوەی من بزانم هەرگیز شای نەبینیوە.

### پەیوەندی قاسملۆ لەگەڵ ئیمام خومەینی چۆن بوە، یەکتریان بینیوە، دەربارەی ئەو چی دەوت؟

قاسملۆ دوو جار خومەینی بینیوە، جارێکیان لە پاریس پێش ئەوەی بە فرۆکە بگەرێتەوە بۆ تاران، پێی راگەیاندین لە دانیشتنێکی گشتیدا چاوی پێکەوتوە، کاتێ داوای لە خومەینی کردبوو بەتەنها ببینێ کەچی رەتی کردبووەوە. دکتۆر قاسملۆ وای دەبینی هەڵس و کەوت کردن و لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەو پیاوەدا قورسە. دووەم جاریش لە شاری قوم بینیویەتی کە لەگەڵ وەفدێکی دە کەسی کورددا بۆ ئەوەی داواکاریەکانی گەلی کورد بخەنە روو، و دیدارەکە هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤی نەبوە، و رێگە بە وەفدی کورد نەدراوە داواکاریەکان بخەنە روو لە تاران و قوم، بۆیە قاسملۆ لەو کۆبونەوەیە هاتۆتە دەرەوە بەهەمان شێوەی کۆبونەوەکەی پاریس.

## دکتۆر قاسملۆ چۆن رژێمی مەلایی هەڵسەنگاندوە؟

رژێمی وەک شێوەی راستەقینەی خۆی هەلسەنگاندوە، وای داناوە رژێمێکی جیاوازەو بەربەرییە ناتوانرێ لەگەڵیدا بگەیتە هیچ ئەنجامێک لە بارەی کێشە چارەنوسسازەکانەوە بەوەی خزمەت بە داواکاریەکانی چینەکانی کۆمەڵگە و گەشەکردن و پێشکەوتنی ولات بکات لە رووی ئابوری و کۆمەلایەتی و ..تد. بە داخەوە بە تێپەربوونی کات و بە ئەزمونکردنی زۆر لەگەل ئەم رژێمەدا دەرکەوت بۆچونەکەی قاسملۆ زۆر راست بوەو لە جێگەی خۆیدا بووە، ئەم رژێمە هیچ شتێکی بە گەلی ئێران و ولاتانی دەوروبەری پێشکەش نەکردوە جگە لە کوشتن و تیرۆرو وێرانکردن.

## دەربارەی دانوستانەکانی ڤیەننا قسەمان بۆ بکە، کە تیایدا قاسملۆ کوژرا، کێ لەوێ بوو، ئامانجەکەی چی بوو، لەوە نەدەترسا بیکوژن؟

دانوستانەکانی ڤیەننا بە دوو قۆناغ ئەنجامدرا، یەکەمیان لە کۆتا رۆژەکانی ١٩٨٨، و یەکەم رۆژەکانی ١٩٨٩، تیایدا داواکاریەکانی گەلی کورد لە ئێران خرانە روو، رێگەی نمونەییش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم بەشەی کوردستان لە بۆچونی حیزبی دیموکرات لەسەر زمانی قاسملۆی تێدابوو.. وەفدی دانوستانکاری ئێران رایگەیاندبوو، توانای بڕیاردانیان نیە بەلام بە ئەمانەتەوە دەیگەیەننە بەرپرسەکانی تاران و پاشان گەڕی دووەمی دانوستانەکان دێت بە وردەکاری دیدگای بەرپرسە ئێرانیەکان لەم بارەیەوە، قۆناغی دووەمی دانوستانەکان لە رۆژەکانی ١٢ و ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ ئەنجامدرا، وەفدەکەی ئێران بە پەیمانەکانی خۆیانەوە هاتن بۆ وردەکاری بۆچونەکانی رژێم، ئەویش بریتی بوو لە چەکی بڕینەر بۆ تیرۆر کردنی بەرپرس و نوێنەرانی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران لەکاتی دانوستاندا. بەوەی ئەوان پێویستیان بە زانینی هەڵوێستەوە هەبوو لە رۆژی یەکەمدا پیلانەکەیان جێبەجێنەکردو کردیانە رۆژی دوایی بۆ ئەوەی هاوکات بێت لەگەڵ یادی چلەی کۆچی دوایی خومەینی، پەیامەکەیان بە فیشەک و خوێن بەگەلی کورد گەیاند کە هیچ جیاوازی نەبوو لەگەل فەتواکەی خومەینی بە شەر و جیهاد کردن دژی کورد بەوەی دوژمنن و هاولاتی ئێران نین. ئەوەی جێگای سەرەنجی منە رێککەوتننامەی ئەتۆمی کۆتایی لە نێوان ئێران و ٥+١ لە هەمان شار (ڤیەننا) و هەمان رۆژ کە قاسملۆی تێدا شەهیدبوو واژۆ کرا (١٣ی تەموز) ئایە ئەمە تەنها رێککەوت بوو یان مەبەستدار و رێکخراو بوو بەلایەنی کەمەوە لەلای کۆماری ئیسلامی؟ دیارە رژێمی ئێران تەنها بە تیرۆرکردنی قاسملۆ نەوەستا لە گۆرەپانی ئەوروپیدا، بەلکو

دوای ئەوەی هەستا بە تیرۆرکردنی دکتۆر صادق شەرەف کەندی لە بەرلین، رووداوی چێشتخانەی میکونوس لە ۱۹۹۲، کە پاش قاسملۆ ئەمینداریتی حیزی دیموکراتی وەرگرتبوو، هەر لەو کاتەوە گەلی کوردستان لە ئێران رووبەرووی سەرکوتکردنی دەسەڵاتداران دەبنەوە بەهۆی داوا نەتەوەییەکانیانەوە، و گرتن و لە سێدارەدان دەرهەق بە چالاکوانان بەردەوامە، ئەوان بە جیاکاری نەتەوەیی و مەزهەبی دوولایەنە کار دەکەن بەوەی خەڵکی کورد سەر بەمەزهەبی سونەن.

## رۆڵی سەرۆکی پێشووی عێراق جەلال تاڵەبانی لەو دانوستانەدا چی بوو؟

تاڵەبانی رۆلی نێوەنگیری دەبینی لە دانوستانەکانی ڤیەننا، خۆی و ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئەحمەد بن بلا سەرۆکی پێشوتری جەزائیر، لەبەشی یەکەمی دانوستانەکەدا. تاڵەبانی بەرپرسیاریتی پاراستنی گیانی قاسملۆی خستبوە سەر شانی خۆی و تۆرێکی ئەمنی دروست کردبوو لە نزیکەی ۲۰ کەس، حەوتیان دەمانچەیان هەڵگرتبوو بۆ پاراستنی گیانی دانوستانکاران، دوای ئەوەی ئێرانیەکان زانیبویان ناتوانن بە ئامادەبونی تاڵەبانی پلانی تیرۆرەکەیان جێبەجێ بکەن، مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی گەڕی دووەم ئەنجام بدەن بە بێ ئەوەی کەس لەلایەنی سێیەم ئامادەبێت، بە پاساوی ئەوەی ئەوان ئێرانین و نابێ هیچ کەس لە کێشەی ئێراندا بەشداری بکات، دیارە قاسملۆ هەستی بەم پلانە نەکردوە لەگەڵ ئەوەی ئەزمون و زانیاری فراوانی هەبوو لە بارەی پیلانەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران و نیەتی غەدرو لە هەمبەر بەرهەلستکاران و بەتایبەتی دەرهەق بە سەرکردە مێژوویەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد.

## پێش ئەوەی بچێت بۆ دانوستان چی بە سەرکردەکانی حیزب راگەیاند؟

من ئەو کات ئەندامی سەرکردایەتی نەبووم، بەلام ئەوەی بیستومە، یەکەم دیداری نێوان قاسملۆو نمایندە ئێرانیەکان بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی بوە رەنگە تەنها ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و جێگرەکەی زانیاریان هەبوبێت. بەلام پاش ئەوەی گەرایەوە کوردستان هاورێکانی لە سەرکردایەتی حیزب ئاگادارکردبووەوە دەربارەی وردەکاری نێوان خۆی و وەفدەکەی ئێران. دزای تێپەرینی چەند مانگێک بەسەر دیداری یەکەمدا، ئێرانیەکان پێشنیاری دیداری دووەمیان بۆ قاسملۆ کردبوو بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانەی دکتۆر کردبونی بۆ ئێران پێی

رابگەیەننەوە، وەلامی قاسملۆ بریتی بوو لەوەی چاویان بە جێگرەکەی بکەوێت صادق شەرەفکەندی و وەلامەکەی ئێرانی پێ بڵێن، بەلام ئەوان مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی دەبێ قاسملۆ خۆی ئامادە بێت و ئەوان ئامادە نین لەگەڵ هیچ کەسێکی تر دابنیشن، بەداخەوە ئەم مکوڕیەی ئەوان دیسان سەرەنجی قاسملۆی بۆ پیلان رانەکێشابوو.

## چۆن هەواڵی شەهید بونەکەیتان بیست؟

بەبێ گومان شەهید بوونی قاسملۆ رووداوێکی جەرگ بڕ بوو، سەرسوڕهێنەر بوو نەک بۆ هاوڕێکانی، بەلکو بۆ سەرجەم هاوڕێکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێران و پارچەکانی تریش.. هەواڵەکەمان بەهەستکردنێکی شۆڕشگێڕانە وەرگرت بەوەی بە تەواوی بەرپرسیارێتی خۆی هەستاوە و تەواو کردنی ڕێگاکە دەکەوێتە سەر شانی هاوڕێ و قوتابیەکانی.. شەهید بوونی لەناکاوی یادکردنەوە شۆڕشگێرەکانیمان هاتەوە یاد کە دەیوت: سەردەمی خۆمان لەسەر شانی خۆمانە ناگرین بۆ شەهید بوونی هاورێکانمان لەسەر ڕێگای خەبات پێویستە بە زیندویی رایانبگرین و رۆحی شەهیدەکانمان ئاسودە بکەین و بەردەوام بین لە خەباتکردن تا ئەو کاتەی ئامانجەکانیان بەدی دەهێنین کە لە پێناویدا قوربانیان بە رۆحی خۆیاندا یان پێیان بگەین لای نەمران. لەسەر خەباتگێرانی ئەو کاتە و هەر کەسە لە ناوچەی خۆی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و دەبو تەنها لە ڕێگەی لاسلکیەوە پەیوەندییان پێوە بکەین، سەرکردایەتی حیزب هەواڵی شەهید بوونی رابەرەکەیان دکتۆر قاسملۆیان بە شەرکەرەکان گەیان بەم شێوەیە: دکتۆر قاسملۆ شەهید بوو، بەلام حیزبەکەی ماوەو خەباتمان بەردەوامە. ئەم پەیامەو هەلوێستەکانی پاشتری سەرکردایەتی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەکان و زیاد بوونی حەماسەتی گەنجان، بە شێوەیەک دوای رووداني تیرۆرکردنەکە لە ماوەی چەند مانگێکدا ٤٨٠ گەنج پەیوەندییان بە ڕێزەکانی پێشمەگەوە کرد.

## کێ بەشدار بوو لە تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملۆ؟

لەگەڵ ئەوەی لیستێکمان لایە بەناوی ئەوانەی بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان کردوە لە پرۆسەی تیرور کردنەکەدا لە نمونەی مستەفوی و سەحراودری و بزورگیان بەنی هاشمی و ئەحمەدی نەژاد، بەلام لەمانە گرنگتر بریاری تیرۆرکردنەکە لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتی رژێمی ئێرانیەوە دەرچووە، لە خودی خامنەییەوە، لەبەرئەوە

ژمارەیەک لە دەستەبژێر بەشدار بوونە لە پرۆسەکەدا و جێبەجێکردنەکەی بە کۆمەڵێکی ئاسایی نەدراوە.

## لە ئەمرۆدا ئێران بەرەو کوێ؟

قورسە شرۆڤەکاران بزانن دۆخی ئێران لە ئایندەدا بەرەو کوێ دەڕوات، چونکە ئەم ڕژێمە لە شێوەی هیچ ڕژێمێکی دونیادا نیە تا پێشبینی بۆ بکرێت بە وەلامدانەوەکانی یاخود بە ئایندەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری کە خاوەنی بەڵێن نیە. ئەوەی دەتوانم بلێم لەم بارەیەوە ئەوەیە؛ ڕژێمی دەسەلاتدار لە ئێران ناتوانێ بەردەوام بێت لەسەر ئەم میتۆدە، دەبێ میتۆدەکەی بگۆڕێ (ئەمەش بەدوور دەزانم)، یان دەبێ گۆڕەپان چۆل بکات بۆ ڕژێمێکی نوێی گونجاو لەگەل سەردەمەکە، دیسان ئەمەش پێویستی بە خەیاتێکی قورس و پێشکەش کردنی قوربانی هەیە.

## ئێران هاوبەش یان دوژمنی ئەمریکایە؟

دووپاتکردنەوەی سەکردەکانی ئەمریکا و ئێران لەسەر زاری دەسەلاتدارەکانیانەوە بەردەوامیدانە بە میتۆدەکانیان لە هەلس و کەوت کردنیان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان و ڕونکردنەوەی ئەوەی پێی گەیشتون لە گفتوگۆکانی ڤیەننا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەردوولایان نەگەیشتونەتە چارەسەری کێشەکانیان، ئەوەی کراوە ڕێککەوتنە لەسەر بنەمایەک دەکرێ خزمەتی هەردوولایان بکات بۆ ماوەیەکی کورت.. لەبەر ئەوە وەک خۆم پێشبینی ئەوە ناکەم ئەم ڕێککەوتنە بەردەوام بێت هەتا لەسەر ماوەی بریار لێدراو لەسەر دەقی ڕێککەوتنەکە و قورسی زۆر دێتە بەردەم جێبەجیکردنەکەی. سەرەرا ئەوەش ڕێککەوتنەکە لەلایەن دەسەلاتی یاساییەوە تا ئێستا پەسەند نەکراوە چ ئەمریکا چ ئێران، بەدوریش نازانرێ پەسەند کردنەکەی بەربەستی زۆری بێتە بەردەم.. لەسەر ئەم بنەمایە، بروام وایە قورسە ئێران و ئەمریکا لە ئایندەدا ببنە دۆست، چونکە ئەم ڕژێمە لەسەر دەسەڵاتە، بەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە بە واز هێنان لە دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکاو پێناسە کردنی بە شەیتانی گەورە.

## چارەنوسی کوردەکانی ئێران چیە؟

ناتوانم پێشبینی بۆ چارەنوسی ئایندەی کوردی ئێران بکەم، ئەوەی دەتوانم دڵنیایی بدەم بەردەوام بوونی خەباتە لە پێناو بەدەستهێنانی داواکاریەکان لەگەڵ بوونی هەموو بەربەستەکاندا. بەلام چۆن ئەمە بەدەست دەهێنێت

ناتوانم ڕێگەیەکی تایبەت دابنێم، بەتایبەتی من وای دەبینم کوردی ئێران هەروەک لە رابردوودا سەلماندویانە ئامادەن بۆ هەموو ڕێگاکان خەبات پەرە پێبدەن و بەردەوام بن.. دەبێ ئەم گەلە هەر سەربکەوێ دوور بێت یان نزیک چونکە ئەمە یاسای ژیانە و ئێران ناتوانێ لەم ڕێسایە دەربچێت.. بەلام دیاردەی پارچە بوونی بەرهەلستکاران ی کورد لە ئێران زۆر تاڵە لە راستیدا، لە پێشدا کوردی پێوە دەناڵێت پێش هەموو کەسێک ، بەڵام ئەم دۆخە تایبەت نیە بەبەرهەلستکارانی کورد بە تەنها وەک دەزانن، ئەمە نەخۆشیەکە جولانەوە رزگاریخوازەکانی گرتۆتەوە هەتا حیزبە سیاسیەکانی ولاتە پێشکەوتوەکان، پێویستیشە ئەم دۆخە کۆتایی پێ بێت لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکانی کە هەموو لایەنەکان کۆ دەکاتەوە.

راپەرینی مەهاباد بەهۆی کوشتنی کچە کوردێکەوە بەناوی فریناز خوسرەوانی دۆخێکی دابڕاو نیە، بەڵکو زنجیرەیەکە لە زنجیرە قورس و درێژەکانی کورد لە ئێران لە پێناو ئامانجەکاندا. بەلی راپەرینی مەهاباد کۆتایی هات بە لام خەباتی قارەمانانەی ئەم گەلە کە راپەرینی مەهاباد زنجیرەیەکی بەردەوام بوەو دەسکەوتی سیاسی بەدەستهێناوە و لە گرنگترینیان سەربەرزی کورستانە، هەروەها سەرجەم خەباتگێڕانی ئێران بە رێز و هیواوە لێی دەڕوانن.

**وەک بەرهلستکارانی کورد هیچ گفتوگۆیەک لە نێوان نێوەو ئەمریکا و رۆژئاوا هەیە؟**

لەگەڵ ئەوەی من ئەندامی سەرکردایەتی هیچ حیزبێکی کوردی نیم لە ئێستادا، بەلام ئەوەندە دەیزانم زۆربەی پارتە کوردیەکانی ئێران پەیوەندییان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا و هەندێ ولاتی رۆژئاوادا هەیە، جگە لەوەش وەک خۆم نەمبیستوە گفتوگۆ هەبێت، هیوادارم هەلە بم.

**گەلی کورد لە ئێران چاوەڕوانی چی لە نێوە دەکات؟**

گەلی کورد لە ئێران چاوەڕوانی ئەوەیە لەسەرجەم گروپەکانی جولانەوەی کورد بەردەوامی بدرێ بەخەباتی رزگاریخوازی تا بەدەست هێنانی ئامانجەکان، بەبێ گومان گەل دیەوێ پارتە شۆرشگێرەکان کۆتایی بە ناکۆکیەکانیان بهێنن و لە نێو یەکتریدا ڕێکبکەون لەسەر بنەماو ئامانجی هاوبەش کە هەموان بڕوایان پێ بێت و

بەیەک ڕێز بوەستنەوە دژی هەر لایەنێک کە هیواکانی گەلی کورد تێکدەدات. هیوادارم هەموان داوای گەلی کورد ببیستن، کە خۆشی دەوێن و هیوایان لەسەر هەڵچنیوەو هەموو باشەیەکیان دەوێ بۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

## کێ "قاسملو"ی بەکوشت دا؟



**سات محەمەد**

ڕەنگە هیچ شتێک نەتوانێت بەئەندازەی ئەم وێنەیە گوزارشت لەکارەساتەکە بکات، کە لەشی خامۆشو ساردەوەبووی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "عەبدولرەحمانی قاسملو"و هاوڕێکانی لەژوورێکی شێواوو هەڵپرژاودا بەجێهێڵراونو خوێن کراسە سپییەکەی سور کردوون. ئەو فیشەکانەی ئێوارەی ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ لەچلەی مەرگی خومەینیدا، لەئەپارتمانێکی بچوکی ڤییەنای پایتەختی نەمسادا تەقێنران، کۆتایهێنان بەژیانی یەکێک لەسەرکردە هەرە چالاکو هوشیارەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی کوردییان ڕاگەیاند.

شەوێکی ساردی ساڵی ١٩٣٠ "واتە ئەو ساڵەی کە سمایل خانی شوکاک، بەدەستی پیاوەکانی ڕەزا شا دەکوژرێت"، مەمەد ئاغای وسوق کە ئاغایەکی بەدەسەلاتو دەسترۆشتووی گوندی قاسملوی نزیک شاری ورمێیە، بەختەوەرە

بەوەی یەکێک لەژنەکانی کە "بەرەچەڵەک ئاسوورییە" وەجاغی بنەماڵەکەی بەچاو هەڵهێنانی کوڕێک رۆشنتر دەکاتەوە، مەمەد ئاغا ئەم کوڕەی ناودەنێت "عەبدولرەحمان".

لەو ساڵەوە تا ١٩٨٩، کە خاڵی سەرەتاو کۆتایی زەمەنی عەبدولرەحمانی قاسملووە، کەمترین رۆژو کەمترین ساڵەکانی ژیانی لەو گوندەدا بەسەر دەبات کە زیاتر لەناوە راستەقینەکەی خۆی پێیناسراوە. ٥٩ ساڵی زەمەنی ئەم پیاوە دابەش دەبێت بەسەر چەند شارو شوێنێکی ئەم دنیایەدا کە گرنگترینیان "تارانو پراگو بەغداو پاریسو ڤیێنا"یە.

کە لەهەرەتی گەنجێتیدا بۆ خوێندن روودەکاتە تاران، دەسپێکی جەنگی ساردو رۆژگاری هەڵکشانی چەپ دەبێت لەئاستی جیهاندا، ئەوکات حیزبی تودە باڵی بەسەر فەزای فکریو روناکبیرانی ئێراندا کێشا بو، لەتاران مێشکی قاسملو پڕ دەکرێت لەبیری چەپو دەبێت بە"تودە".

ئەو کاتەی قاسملو دەچێتە پراگ، هێشتا ستالین لەژیاندا مابو، کە تاقە پیاوی مشت پۆڵاینی ئەو روبەرە لەدنیا بوو لەوڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتەوە بەرین دەبۆوە تا ناوچە ساردو دورەکانی سیبریا. پراگ فێربوونی زمانو بڕوانامەی دکتۆراو ناسینی سەرکردە چەپەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو "هێلین"ی هاوسەری ژیانی پێدەبەخشێت.

ویستگەیەکی گرنگی دیکەی ژیانی قاسملو، بەغدایە بەتایبەتی لەدوو بڕگەی مێژوویی جیاوازدا، یەکەمیان: لەناوەڕاستی دەیەی ١٩٥٠دا دوای لەکارخستنی محەمەد مسەدقو کودەتای زاهیدیو شاوە، کە لەئێرانەوە بەرەو عێراق هەڵدێو سەرەنجام لەبەغدا دەگیرسێتەوەو پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ دیارترین سیما سیاسیو ئەدەبییەکانی ئەو رۆژگارەی کوردی عێراقدا دروستدەکات، هەر لەئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانییەوە بگرە تا دەگات بەعەبدوڵا گۆران.

دووەمیان، لەسەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا کە دەگەڕێتەوە بۆ عێراقو لەوەزارەتی پلاندانان کار دەکاو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی شەخسی لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی بەعسی عێراق بنیاددەنێو بناغەی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەگەڵ حیزبی بەعسو حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق دادەمەزرێنێت.

پاریسیش، دەروازەی لەنزیکەوە ناسینی سەرکردە چەپەکانی ئەوروپاو دیارترین رۆژنامەنووسەکانی جیهانو دڵسۆزەکانی کورد لەڕۆژئاوا بەڕووی عەبدولرەحمان قاسملودا دەکاتەوە، کە ئەمەش ڕێگە بۆ پەیوەندی حیزبی دیموکراتو هێزە کوردییەکانی دیکە بەڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالەوە خۆش دەکات.

دوا ویستگەو دوا شوێنی ژیانی ئەم پیاوەش "ڤیێنا"یە، کە لەئەپارتمانێکی نزیک ئوتێل هیلتۆنی ئەم شارەدا، ئێوارەیەک بۆ هەمیشە ترپەی ئاشتیانەی دڵی لەلێدان دەخرێت.

دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملو، کە تاقە سەرکردەی کوردە لەئەوروپا خوێندبێتیو زیاتر لەنۆ زمانی رۆژهەڵاتیو ئەوروپایی زانیبێت، هەر زو لەو رۆژگارو جیهانەدا کە ئەوی تیا دەژیا درکی بەوە کرد چارەنوسی گەلانی ئەم ناوچەیە لێرە نا، بەڵکو لەچەند پایتەختو لەچەند ناوەندێکی سیاسی دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دیاریدەکریّ، هەربۆیە زۆربەی کارو کاتی خۆی بۆ ئەوە خستە گەڕ کە جگە لەچیاکان، کورد وەک میللەتێکی لێقەوماوو بەدبەخت، دۆستی دیکەو پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت.

بەڵام لەبەرامبەریشدا ئەو فاکتەری زاتی کوردی فەرامۆش نەکرد، هەربۆیە یەکێک لەو ئەرکانەی ساڵانێک لەئەستۆی گرت، سەرلەنوی رێکخستنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لەحیزبی تودە دابڕاو لەبیری چەپ دورکەوتەوە، ئیتر ئەو بێ سرەوتن بەرێکخستنەوەی سیاسیو دواتریش رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبەوە خەریک دەبێت.

لەم بوارەشدا قاسملو شانازی ئەوەی پێدەبڕێت کە توانی لەهەلومەرجێکی دژوارو لەدو قۆناغی جیاوازدا رۆڵێکی گرنگی هەبێت لەوەی حیزبی دیموکراتی لەبن باڵی حیزبی تودەو پارتی دیموکراتی کوردستانو مستەفا بارزانی دەربهێنێو بیکات بەحیزبێکی خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ.

لەبڕگەیەکی مێژویی دیکەشدا، کە لەدوا رۆژەکانی رژێمی شادا گەڕایەوە ئێران، بەپەرۆشەوە هەوڵی دا حیزبی دیموکرات بەرامبەر بەهێزێک گەنجو نویّ بکاتەوە کە وەک رکەبەرێکی سەرسەختی حیزبی دیموکرات لەو رۆژگارەدا پێینابووە گۆڕەپانی خەباتەوەو زۆربەی هەرە زۆری هەڵسوراوەکانیشی گەنج بون، کە ئەویش "کۆمەڵە" بو.

دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملو، لەساڵی ١٩٧١ەوە تا کاتی تیرۆر کردنی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بو، بۆیە رۆژانێک لەلایەن بەشێک لەهاوکارە حیزبییەکانییەوە بەنادیموکرات لەقەڵەم دراو تۆمەتباریان کرد بەوەی کە نایەوێ دەسەڵاتی لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبەکەیدا بەش بکات، تەنانەت ئەمانە دەگێڕنەوە جارێکیان لەکۆنفرانسێکدا کە سەبارەت بەدارایی حیزب پرسیاری لێدەکرێت، ئەو بەتوڕەییەوە دەڵێت "هەتا من سکرتێری حیزب بم، جگە لەخۆم کەس نابێ بزانێ چیمان هەیەو چیمان نییە".

بەڵام لەدیدی زۆربەی هاوڕێکانی دیکەیەوە، قاسملو هەرگیز ژیانێکی پڕ لەرەمزو رازی نەبووەو هەمیشە ئەو "خراپترین دیموکراسی لەباشترین دیکتاتۆری پێ باشتر بوە".


قاسملو دیاردەیەکە تا ساڵانێکی درێژخایەن لەیادەوەریی سیاسی ئێمەدا ناسڕێتەوە، رەنگە بەشێکی ئەمەش پەیوەندی بەوەوە بێت کە هەموو ساڵێک لەیادی تیرۆر کردنی ئەم سەرکردە بەئەزمونو دنیادیدەیەدا، پرسیارێکی بێ وەڵام بیرکردنەوەی زۆربەمان دەئاڵۆزکێنێت: کێ قاسملوی بەکوشت دا؟ ئایا بەپێی خۆی رۆی بەرەو کوشتارگە؟ ئەوە چ چارەنوسێک بوو کە ئەوی هەڵگرت بەرەو ڤیێنا، لەکاتێکدا باش دەیزانی دەمێکە ئیتیلاعاتی ئێران لێرەو لەوێی ئەم دنیایەدا شوێن پێی هەڵدەگرێو هەمیشە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێ بۆ لەناوبردنی؟ کە زۆر باش دەشیزانی بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتدارانی ئێران پۆ پەکخستنی جەستەی جوڵانەوەی سیاسی کورد بەردەوام کاریان لەسەر زەبر وەشاندنو تێکشکاندنی سەرکردەو مەغزو مێشکە کاراکانی کردووە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## لە سییەمین ساڵی تیرۆرکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیدا



**میرۆ عەلیار**

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی جووڵای ١٩٨٩ی زایینی) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک عەبدوڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ نووسەر و مامۆستای زانکۆ، لەلایەن تیمێکی تێروری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە سەر مێزی وتوویژ لە ڤییەن شەهید کران.

سی ساڵ بەسەر ئەو جینایەتە سامناکەی ڕێژیمی ئێران دژ بە کورد تێدەپەڕێ. دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی چۆتە نێو مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردەوە و لە بیروباوەڕی نەتەوەکەیدا زیندووە.

ئاستی سەرکەوتوویی و لێهاتوویی و شوێندانەربوونی هەر ڕێبەرێکی سیاسی بە دوو پێوەر هەڵدەسەنگێندرێ: یەکەم، بە کاریگەریی و بەرهەم و دەسکەوتە سیاسییەکانی لە کاتی ژیانیدا و دووهەم، بەو میراتە سیاسی و هزریانەی کە ڕێبەرەکە لە دوای خۆی بەجێیان دەهێڵێ.

با هەر ئەو دوو پێوەرەش بکەین بە بنەما بۆ خستنەڕووی بەشێک لە دەسکەوت و خزمەت و میراتە سیاسییەکانی عەبدولڕەحمان قاسملوو.

## بەرهەم و دەسکەوتە سیاسییەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

**یەکەم**: دابینکردنی یەکێتی فیکری و سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا: ئەو کاتەی ڕێبەریی حیزب کەوتە دەستی دوکتور قاسملوو، ئاڵۆزییەکی فیکری بەرچاو بەسەر ڕێبەرایەتی حیزبدا زاڵ ببوو و هەرکەسەی بۆ لایەکی ڕادەکێشا! بەڵام کەندوکۆسپەکان هەنگاویان بە دوکتور قاسملوو شل نەکرد و توانی بە هاوکاریی هاوبیرەکانی و بەبێ حەزفی جیابیرەکان، ڕێبەرایەتی حیزب لە دەوری بەرنامە و پێڕەوێکی سەردەمیانەدا کۆبکاتەوە و بەشێوەیەک ژیرانە جیاوازیی بیروبۆچوونەکان بۆ یەک ئامانج مودیرییەت بکا.

ئەو بڕوای بەو ئەسڵە سەلماوە هەبوو کە جیاوازیی بەگشتی و جیاوازیی بیروباوەڕ بەتایبەتی، بە نکۆڵی لێکردن و زۆر و هەڕەشە ڕەنگە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بکرێ، بەڵام سەرکوت نابێ و لەنێوناچێ و دوای ماوەیەک، لەشوێنێکی دیکە و بەشێوەیەکی دیکە و ئەوجارە ڕادیکاڵتر و بەشێوەی ڕووخێنەر سەرهەڵدەداتەوە.

لە پێناو دابینکردنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و بۆ ئەوەی بتوانی جیاوازییەکان بکەی بە دەرفەت و مودیرییەتی بکەی، دەبێ جیاوازیی وەک ئەسڵێکی ئاسایی و دێموکراتیک بسەلمێندرێ و ڕێزی لێبگیرێ. بیروبۆچوونە جیاوازەکان ئەگەر سەرکوت کران، کێشە و دووبەرەکی و لاوازبوونی بزووتنەوەی لێدەکەوێتەوە.

**دووهەم**: دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوکتور قاسملوو توانی حیزبەکەی لە هەر چەشنە بەستراوەییەک بەملا و بەولا ڕزگار بکا و لەباری سیاسی و تەشکیلاتی و تیئۆریکەوە هوییەتێکی سەربەخۆ بدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سەربەخۆیی سیاسی بەو مانایە کە پێوەر و پێوانە لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزب، بەر لە هەموو شتێک دەبێ بەرژەوەندیی خەڵک و جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بێ و تەنیا ڕێبەرایەتی حیزب ئەو سیاسەتە دیاری دەکا.

**سێهەم**: قاسملووی ڕێبەر چەمکی خودموختاری و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێرانی کرد بە پێناسەی بێ ئەملا و ئەولای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە هەر شوێنێک باسی خودموختاری و خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرابایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی دەکەوتەوە بیری بیسەر.

**چوارەم**: بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شا، کاتێک دوکتور قاسملوو گەڕایەوە بۆ کوردستان، بەڕاستی بێجگە لەو کەسانەی کە ڕابردووی سیاسی و خەباتیان هەبوو، کەم کەس قاسملوویان دەناسی و حیزبی دێموکرات لە ژێر بارانی تانە و تۆمەت و هێرشی تەبلیغاتیی زۆر لایەنەدا بوو.

بەڵام قاسملووی لێهاتوو لە ماوەی تەنیا چەند ساڵێکدا حیزبی دێموکراتی گەیاندە لووتکە و کردی بە حیزبی بەنفووز و یەکەمی کوردستانی ئێران و یەکێک لە حیزبە شوێندانەر و سەرەکییەکانی کورد بەگشتی.

**پێنجەم**: بووژانەوە و گەشەپێدان بە بیر و هەستی نەتەوەیی. لە دوای شۆڕشی ٥٧ بیروباوەڕ و ئیدئۆلۆژی چەپ بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا زاڵ بوو و پرسی نەتەوەیی لە بەرنامەی حیزبە چەپەکاندا نەک هەر لە ئەولەوییەتدا نەبوو، بەڵکوو بە بیرێکی دواکەوتووانەش دادەنرا!

لەو کەشوهەوایەدا قاسملوو ئاڵای خەباتی نەتەوەیی بەرز کردەوە و بە دەستی بەتوانای ئەو و بە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبەکەی ئەو، خەباتی نەتەوەیی بە مەودایەکی زۆرەوە، بوو بە خەباتی ئەسڵی و سەرەکیی خەڵکی کوردستان.

**شەشەم**: دێموکراسی و مودێڕنیزەکردنی ژیان و خەباتی حیزب. دوکتور قاسملوو بە تەواوی، هەستی بە زەروورەتی بوونی دێموکراسی بۆ گەشەسەندنی حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەیی کردبوو و لێبڕاوانە هەوڵی بۆ پەرەدان بە دێموکراسی دەدا. لە هەموو کۆبوونەوە و دەرفەتێکدا لەسەر پاراستنی ئوسووڵ و موناسباتی دێموکراتیک لە حیزبدا پێداگریی دەکرد و لە تێکۆشان بۆ جێگیرکردنی کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک ماندوو نەدەبوو.



سەرچاوە
Serchawe

باوەڕی وابوو کە خەباتی ڕزگاریخواز بۆ ئەوەی تووشی دووبەرەکی نەبێت و بتوانێ کەڵک لە پوتانسیەلەکانی خۆی وەربگرێ و ئازادی و دێموکراسی بۆ کۆمەڵگا دابین بکا، دەبێ لە خۆیدا ماهییەتەن دێموکراتیک بێ و بڕوای بە پرەنسیپەکانی دێموکڕاسی هەبێت.

هەروەها، پرسی ژن وەک پرسێکی یەکلاکەرەوە بۆ گەشەسەندن و بەرەوەپێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی، بە بێ دەروەستبوون بە ئوسوول و بنەماکانی دێموکراسی لە بنەماڵە و حیزب و کۆمەڵگادا، چارەسەر ناکرێ.

**حەوتەم:** نێونەتەوەییکردنی پرسی کورد. بەبێ هیچ چەشنە گومانێک دوکتور قاسملوو لە ناساندنی پرسی کورد و جووڵانەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی ڕەوای نەتەوەیی دێموکراتیک بە دنیا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕا. پێی وابوو کە پرسی کورد دەبێ لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دەربچێ و ڕێژیم بە ئاسانیی نەتوانێ بەدوور لە چاوی بیروڕای گشتی جیهانی کورد قەڵاچۆ بکا و مافەکانی پێشێل بکا.

زانایی و بەئەزموونبوون و کەسایەتی کاریزماتیکی ئەو لە لایەک و شارەزایی بەسەر چەند زمانی گرینگی دنیادا و لێهاتوویی ئەو لە گەیاندنی پەیام بە بەردەنگی خۆی لەلایەکی دیکەوە، دیپلۆماتێکی بەتوانای لە دوکتور قاسملوو دروست کردبوو و یارمەتی دابوو بە سەرکەوتنی ئەو لە ئەرکی نێونەتەوەییکردنی پرسی کورددا.

وەک کەسایەتیش، قاسملوو لە نێو کۆمەڵگای سیاسی و ڕووناکبیرانی ئورووپادا جێگایەکی شیاوی بۆخۆی مسۆگەر کردبوو. دۆستانی قاسملوو ئێستاش لایەنگرانی بەئەمەگی کورد و پرسی کوردن.

**هەشتەم:** ڕاشکاوی و ئازایەتی لە دەربڕینی بیروباوەڕ و قەناعەتدا. دوو نموونە: خوێندنەوەیەکی نوێ لە سوسیالیزم و هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیک بۆ نێو حیزب لە کاتێکدا کە تێڕوانین و تێگەیشتنی چەپی سوننەتی لە کوردستان و لە خودی حیزبی دێموکراتیشدا لەوپەڕی خۆیدا بوو! هەروەها، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ دوکتور قاسملوو نەچووە ژێر کاریگەریی و هەڵڵاوهوریا و تەبلیغاتی حیزبی توودە و هاوبیرانی. ئەو بوو دەنگی هەڵبڕی و گوتی ڕێژیمێک کە گەلانی ژێرستەمی ئێران بە تاوانی ئازادیخوازی سەرکوت دەکا و مافەکانیان پێشێل دەکا و بڕوای بە ئازادی و دێموکراسی نییە، ناتوانێ ڕێژیمێکی عادڵ و دژی ئیمپریالیست بێ.



سەرچاوە
Serchawe

حیــزبەکەی قاسـملوو زۆر زوو دەنگـی پێـی دیکتـاتوریی نـوێی بیسـت، بە دژی وەسـتایەوە و لە ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا بەمەبەستی دیاریکردنی نەوعی نیزامی داهاتوو، بەشداریی نەکرد.

## میراتە سیاسی و هزرییەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

* قاسملووی خەباتگێڕ لەگەڵ ئەوەی بڕوای قـووڵی بە چارەسەریی پرسی کورد لە ڕێگای سیاسی و وتوویژەوە هەبوو و لەو ڕێگایەشدا سەری بەرزی دانا، بەڵام فێری کردین کە خۆبەدەستەوەدان و ئاشبەتاڵ و خافڵبوون لە خەبات بۆ ئازادی، بۆ خۆمان و حیزبەکەمان بکەین بە هێڵی سوور و "تابۆ".

بە بڕوای قاسملوو، پرسی کورد ڕێگاچارەی نیزامی نییە، بەڵام نە بەو مانایەی کە ڕێژیمی حاکم حاشا لە بوونی کورد بکا، بە ئاور و ئاسن هێرش بکاتە سەر کوردستان و لەنێوبردن و قەڵاچۆی ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کورد بۆخۆی بەڕەوا بزانێ، بەڵام کورد داماو و دەستەوئەژنۆ دانیشێ، وەدەست نەیە و بەرەنگاری دوژمن نەبێتەوە و چاوەڕوانی ڕەحمی دیکتاتور بێ داخوا کەنگێ ڕێگاچارەی سیاسیی پرسی کوردی بەبیر دادێ!

بە پێچەوانە، مەبەستی دوکتور قاسملوو لەو قسەیە ئەوە بوو کە ڕێژیم بە چەک و بەڕێگای نیزامییەوە جووڵانەوەی کوردی پێ لەنێو ناچێ و کورد دەبێ بەخەباتی بێوچانی خۆی بەشێوەی جۆراوجۆر، یەک لەوان خەباتی چەکداریی، حکوومەت ناچار بکا کە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێگای وتوویژ و سیاسی بگرێتە بەر.

* قاسملووی دێموکرات دەیگوت، لە پێناو پاراستنی کەرامەتی یەکترو دابینکردنی یەکێتی و یەکگرتوویی لایەنەکانی نێو جووڵانەوە و گەشە و پەرەپێدان بە حیزبایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازدا، دەبێ لە هەموو حاڵەتێکدا دەرووەست و پابەند بین بە پێوەر و پرینسیپەکانی دێموکراسی.

پێی دادەگرت کە خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوەیی. ئەو بەدروستی دەیزانی پرسی دێموکراسی و پرسی خەبات بۆ ئازادیی و مافی نەتەوەیی بە هیچ شێوەیەک لەیەک جیا ناکرێنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

* قاسملووی خاوەن ستراتێژی دەیگوت، دەبێ هەوڵ بدەین کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ببێت بە فاکتەرێکی سیاسیی سەربەخۆ لە ناوچەدا و بۆ ئەو مەبەستە، پێویستمان بە یەکێتی و هاوهەڵوێستیی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی هەیە.

* ڕێبەری نیشتمانپەروەر فێری کردین، دەبێ بڕوابەخۆ بین و لە خەباتدا پشت بە خەڵک و هێزی خۆمان ببەستین، بڕوامان بە داهاتوو و بە سەرکەوتن هەبێ. دەیگوت، ڕەمزی سەربەرزی و سەرکەوتن لە خۆڕاگریی و بەردەوامبوون لە خەبات لە پێناو ئازادییدایە : "گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ ئامادە بێ نرخەکەشی بدا".

* واقیعبینی: واقیعبینی سیاسی بەرهەمی باشناسینی دۆخی سیاسی و مێژوویی ئەو جوغرافیایە کە خەباتی تێدا دەکەی، خوێندنەوەی فاکتەرە شوێندانەرەکانە، هێزی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دروست لە بارودۆخی بەردەستە و سەرەنجام، داڕشتنی سیاسەت و ئامانج و ستراتێژیی خەبات لە سەر بنەمای ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا و ڕەچاوکردنی سیاسەتی هەنگاوبەهەنگاو بۆ گەیشتن بە ئامانجە. لە ژیان و خەباتی سیاسیی دوکتور قاسملوودا ئەو تایبەتمەندییانە بەڕوونی دەبینرێن.

ئەو سیاسەتە واقیعبینانەیە، سەقامگیریی سیاسی لە حیزبی دێموکراتدا مسۆگەر کرد.

لەو پێوەندییەدا، ئەگەر بە دوور لە دەمارگرژیی ئاورێک لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، ئاڵوگۆڕەکانی ئەورۆ گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی قاسملوویان پێوە دیار نییە؟!

* قاسملووی زانا و بیرمەند پێی دەگوتین کە لەژیانی خوسووسی و حیزبی و خەباتماندا، فێربوون و خۆپێگەیاندن و خۆپۆشتەکردن بە چەکی زانست، بکەین بە ئەرکی ڕۆژانە.
* قاسملووی بە بیروباوەڕ، ڕێبەربوون و ڕێبەریکردنی بە کەیفییەتێکی جیاوازەوە پێناساندین. ڕێبەری خەباتگێڕ و بەئەخلاق بەپێی وەسیەتنامەکەی "لە ماڵی دنیا تەنیا کتێبخانەیەکی لە پاش بەجێ دەمێنێ و ئەویش، لە ڕێگای جێنشینەکەیەوە دەگەڕێتەوە سەر دارایی حیزب"!

هەموو ئەو توانا و تایبەتمەندییە بەرزانە، قاسملوویان کردبوو بە کەسایەتی و ڕێبەرێکی کاریزماتیک و خاوەن نفووز و ئۆتۆریتەی مەعنەوی. قاسملوو ئەگەرچی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی چاو لێدەکرا و خەڵک لەدەرەوەی حیزبەکەشی، دوکتور قاسملوویان وەک ڕێبەری هزری و سیاسی خۆیان قەبووڵ کردبوو و ڕێزیان لێدەگرت.

**قاسملوو وەک ڕێبەرێکی مێژووسازی دێموکرات و نیشتمانپەروەر، هەتاهەتایە لەبیر ناکرێ.**

برینی قاسملوو پاش ۳۰ ساڵ ئێستاش هەر تازەیە و خوێنی لێ دەچۆڕێ. ئەو برینە ئەوکاتە سارێژ دەبێتەوە کە کورد بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی کە ئامانجی قاسملوو بوون، بگا؛ کەوایە، با بە هەموومان بە خەباتی بەردەوام و لێبڕاوانە بۆ سارێژکردنەوەی برینی ڕێبەرە تاقانەکەمان تێبکۆشین.

بەرز و پیرۆز بێ یادی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملووی مەزن و هاوڕێکانی کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و کاک دوکتور فازل ڕەسووڵ.

١٧ی پووشپەڕی ٢٧١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## "عەبدولڕەحمان"ی عاشق




قاسملوو هێلینی هاوسەری - ١٩٥٢

**سات محەمەد**

عەبدولڕەحمان کە دایکی ئاسوری بوو بەمنداڵی ناوی "بابوچکا" واتە بچکۆلانەی بەسەردا دابڕی، دواتر لەهەڕەتی هەرزەکاریدا ناوەکەی بوو بە"بابۆش خان"، خوشکەزاکانی پێیاندەوت "خاڵە بابۆش خان"، دوای ئەوەی بۆ خوێندن چووە ئەوروپاو پاشان گەڕایەوە پێیاندەوت کاک رەحمان، کاتێک دکتۆراکەشی وەرگرت، بە"دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو" ناوبانگی دەرکرد.

د.حەسەنی شەتەوی بەمجۆرە باس لەعەبدولڕەحمان قاسملوی خاڵی دەکات، ئەو باس لەوە دەکات بابی قاسملو، واتە "محەمەد قاسملو" کە لەلایەن محەمەد عەلی شای قاجارەوە لەقەبی "وسوق دەولە"ی پێبەخشراوەو لەشاری ورمێو هەموو ناوچەکانی کوردستان بەناوی وسوق ناسراوە، یەکێک لەژنەکانی "فاتمەخانم" ئاسوری بووەو پێش ئەوەی شوو بەمحەمەد قاسملو بکات ناوی "ئەنەجان" بوە، دوای ئەوەی موسڵمان بوە ناوی فاتمە خانمی لێنراوە، ئەم ژنە کە بێکەس بووەو لەمسیۆنی کاسۆلیکەکان لەشاری ورمێ ژیاوە، قەدەری رۆژگار دەیکاتە دایکی قاسملو.

دکتۆر حەسەنی شەتەوی ئاماژە بەوە دەکات کە "باوکی قاسملو ٢١ ژنی هێناوە، زەری خانم، خاوەر خانم، ماڕاڵ خانم، سەید زینە، زارا خانم، سورەییا خانمو...

بەپێی گێڕانەوەی ئەو "باوکی قاسملو لەتەمەنی ٨٥ساڵیدا بەنهێنی کچێکی ١٨ ساڵەی بەناوی سورەیا کە خوشکەزای زەری خانم کۆنە ژنی بووە هێناوە، بەڵام پاش شەش مانگان بەئامۆژگاریی ریشسپییانو لەژێر کاریگەری فاتمە خانمدا تەڵاقیداوە، ئەو کە نەوەی مەمەدئاغای قاسملو بوە دەگێڕێتەوە کە من پێموت: باباغا دەبوو لەجیاتی خۆت ژن بۆ من بێنی، کەچی گوتی: رۆڵە دەمویست کچێکی شازدە ساڵە لاقانم بۆ بشێلێ فاتم نەیهێشت".

حەسەنی شەتەوی دەڵێت "باپیرەم کە بابی قاسملوە، زۆرجار لەبەرخۆیەوە ئەم گۆرانییەی دەوت:

هەرچەند دەکەم دڵ پیر نابێ
دەستم لەمەمکی گیر نابێ

ئەو زۆر سەیر ئۆگری ژنان بوو، هێندێ کتێب نووسیویانە ٢٦ ژنی هێناوە، بەڵام دایکم دەیوت ٢١ ژنی هێناوە".

ئەگەر بەدوور لەژیانی سیاسی، لەژیانی تایبەتی عەبدولڕەحمان بڕوانین، ئەو پیاوێکی تا بڵێی بەپێی گێڕانەوەی ئەوانەی ناسیویانە جوانپەرستو عاشق بووە، ئەو کە لەهەرەتی گەنجێتیدا لەپراگ دڵی بەکچێکی چیکیدا چوەو بوە بەهاوسەری بەناوی هێلینا "نەسرین"، هەمیشە خۆش زەوق، قسەخۆشو بەسەلیقە بوە، بەپێی گێڕانەوەی شەتەوی، دکتۆر قاسملو زۆرجار لەبەرخۆیەوە گۆرانییەکەی بابی دەوتەوە.

شاعیری گەورەی کورد "شێرکۆ بێکەس" یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە لەیاداشتەکانیدا "نووسین بەئاوی خۆڵەمێش"، قاسملو بەپیاوێکی جوانپەرست وەسف دەکات، ئەم شاعیرە دەڵێت: "قاسملو حەیاتی بو، وەختی سیاسەت بۆ سیاسەتو گاڵتە بۆ گاڵتە، ژیانی تایبەتی بۆ تایبەتی، ئەو ساتانەی دوور لەسیاسەتو حیزبایەتی ئەوم تیا بینیوە لەپڕێکدا روی ئەکردە منو ئەیوت:

شانو ملو گەردنی روتی بێگەرد
سنگی نەرمو مەمکی قوتی توند وەک بەرد
شیعرەکەی گۆران، ها کاک شێرکۆ ئەڵێی چی؟!

منیش ئەو شیعرەی خۆم بۆ ئەخوێندەوە:

مەدالیای کەمانێکی بچکۆلانەت
دابوو لەسنگ کە هاتوچۆت بە بەردەمی مندا ئەکرد
گوێم لێئەبوو
کەمان ئەکەوتە لێدانو
ئەشمبینی
مەمکەکانت ورد ورد سەمایان بۆ ئەکرد
ئیتر ئەویش یەک لەسەر یەک ئەیوت: بەه بەه بەه".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

## زەمان نایگاتێ



**کەریم پەرویزی**

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و دەرهەستەکانی کات، بریتییە لەوەیکە هەمووشتێک ماوەدار دەکا و بە تێپەڕینی زەمان، کاتیان بەسەر دەچێ. یان بە واتایەکی دیکە، نوێبوونی دیاردە و ڕووداوەکان بە کاتەوە بەستراوەتەوە و

تێپەڕینی کات، لە نوێبوونیان دەخا و کۆنیان دەکا.

بەڵام هەندێک شتی تایبەت لە مێژوو و ژیانی مرۆڤایەتیدا هەن کە تێپەڕینی کات ناتوانێ لەپەراوێزیان بخا و تۆزی کۆنبوونیان لێ بنیشێنێ. ئەو شتە تایبەتانە فاکتۆری کاتیان تێدا کاریگەری نییە و کاتدار نین!

کارەساتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ی زایینی، لەو ڕووداوانەیە کە کاتی تێدا قەتیس ماوەتەوە. ڕێک لەو چرکەساتەدا کاتژمێر ڕاوەستاوە و تێیناپەڕێ.

زەمان لەو چرکەساتەدا مانی گرتووە و چاوەڕێیە. چاوەڕێی پەنجەیەک کە وەگەڕی بخاتەوەو چاوەڕێی دەنگێک کە پێی بڵێ دادپەروەری جێی خۆی گرت و ئیدی دەتوانی تێپەڕی؛ بەڵام ئەو کارەساتە لەو کارەساتانە نییە کە تەنانەت دادپەروەریش بتوانێ تێیپەڕێنێ. هیچ دادێک لە جیهاندا نییە کە کارەساتی وەها تێپەڕێنێ، چوونکە فیشەک بەرەوڕووی هزر و بڕوا کراوەتەوە. هەر وەکوو چۆن لە باخی بەهەشتەوە قابیل بە نامرۆڤانەترین شێوە هابیلی کوشت و تا دونیا دونیایە، کات لەو تاوانە تێناپەڕێ، کات لە ٢٢ی پووشپەڕیش تێناپەڕێ، چوونکە هیچ شتێک نییە لە دونیادا بتوانێ داد بەرقەرار بکا لەو کارەساتەدا. تەقە لە هزر و بڕوا چۆن قەرەبوو دەکرێتەوە؟!

لەوە گرنگتریش ئەوەیە کە کات ناتوانێ بەسەر ئەو هزر و بڕوایەدا زاڵ ببێ. ئەو هزر و بڕوایەی کە لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاویدا تەقەی لێ کرا، هزر و بڕوایەکە لە دەرەوەی بازنەی کات.

بڕوا و هزری دوکتور قاسملوو، کاتی و زەماندار نەبوون. ئەو قووڵتر لەوە بیری دەکردەوە کە زەمان بتوانێ تۆزو خۆڵی لەسەرکا. ئەو بیرکردنەوە و بڕوایەی کە دوکتور قاسملوو باسی دەکرد و چوارچێوە و پێکهاتەی بۆ دادەڕشت لەو هزر و بڕوایانە نەبوو کە بۆ ماوەیەک کاریگەریی هەبێ و بەرژەوەندییەکی تاک و گرووپیی تایبەت پێڕەو بکا و دوایە بە دابینبوونی بەرژەوەندییەکە ئیدی بیرکردنەوە و هزرەکەش کاتی بەسەر بچێ.

ئەو لە دەرەوەی بەرژەوەندیی تاک و گرووپی بیری دەکردەوە و بگرە بەرژەوەندیی تاکو گرووپیشی بەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبردووییەوە فیدای بیری بەرزی مرۆڤانەی دەکرد تاکوو ژیان بۆ نەتەوەکەی مانا بکاتەوە و خەبات



سەرچاوە
Serchawe


پڕشنگدارتر بکا لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی دواڕۆژدا کە بریتی بوو لە ژیانێک شایانی مرۆڤی کورد لە سەر نیشتمانی رزگارکراوی کوردستان.

ئەو بیری لەو بنەمایانەی ژیان دەکردەوە و دەیگوت کە ئازادی کەرامەت دەدا بە مرۆڤ، دەیگوت کە بەرزترین و پڕبایەخترین پلەی ژیان، ژیانە لە پێناوی ئارمانێکی بەرزی مرۆڤانەدا و ئەساس بۆمان ئینسانە، هەر بۆیە کات نەیتوانیوە و ناتوانێ دەستی بە هزر و بڕوای ئەو بگا و ڕێگای قاسملوو بۆ ئێستە و داهاتووش هەر نوێیە و درێژەی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

---

## تێرۆری دوکتور قاسملو و مامەڵەی پشتی پەردەی دونیای سۆسیال دیمۆکراتی دۆست!



**حەسەن نەهوەن**

نیزیک بەسی ساڵ، بە سەر تێرۆرو شەهیدکردنی دوکتور قاسملو لە گەورە ڕێبەرانی لە بیر نەکراوەی جووڵانەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بەتایبەت لە رۆژهەلات و هەیئەتی هاوڕێی لە سێیەمین رۆژی وتوویژ دەگەڵ بەڕواڵەت دیپلۆماتکارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە "وین"ی پێتەختی ولاتی ئوتریش بۆ گەیشتن بە ڕێگا چارەیەکی ئاشتی

یانەی پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان تێدەپەڕێ. حیزبی سوسیال دێمۆکرات، بەڕێوەبەری دەوڵەتی ئەو کاتی ئوتریش بوو.

ئەو دانیشتنە و ئاکامە دڵتەزێنەکەی هاوکات بوو دەگەڵ کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و دەوڵەتداریی سوسیال دێمۆکڕاتەکان لە ١٧ وڵاتی ئوروپاییدا. ئەو سوسیال دێمۆکڕاتانەی کە بەڕواڵەت لە نیزیکترین دۆستانی جووڵانەوەی کورد و شەخسی دوکتور قاسملوو وەک گەورە کەسایەتیی سیاسی ناوداری کورد بوون بە جۆرێک کە تەنانەت شێوە ئامانجی فیکری حیزبیش لە کۆنگرەی شەشەم را بەرەو دامەزرانی کۆمەڵێکی سوسیال دێمۆکڕات کێشرا.

**لێرە دا کۆمەڵە پرسیارێک کە تا ئێستا بە دەگمەن هاتۆتە گۆڕێ دەورووژێن؟**

ئایا دوکتور قاسملوی زانا و ڕێبەر و وردبین لە سیاسەت، نێوەرۆک و ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە بنچ و بناوانی لە سەر ویلایەتی فەقیه و "تقیه" دامەزراوە و یاسای ئەو وڵاتەش بەو پێیە دارێژراوە، نەدەناسی؟ ئایا شارەزای عورفی وتوویژ بەبێ پشتیوانی لایەنێکی قایم لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا نەبوون؟ ئایا بە پێی چەندین جار ئەزموونی دانیشتن دەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، دیسان هەر دوو دڵ بوون؟ ئایا بوونی جیناحی بەڕواڵەت نەرمکێشی ئەوکات و ئیسلاحتەڵەبی دواتر لە دەوڵەت ا، شوێندانەری چەشنێک سازانی لێ دەکەوتەوە؟ ئایا کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق، گریمانەی هەرەس پێهێنانێکی دیکەی وەک پەیمانی ساڵی ٧٥ی "الجزایر"ی بۆ کوردی رۆژهەلات و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی لێ دەکرا؟ ئایا لەتبوونی حیزبی دێموکرات پاش کۆنگرەی هەشت و رەقیبێکی سیاسی وەک "شورای ملی مقاومت" کە لە سەرەتادا حیزب وەک کۆڵەکەیەکی بە هێزی بوو و دواتر ئیمکانی مانەوەی تێدا نەما، هۆکارێک بوو بۆ ئەگەری قۆستنەوەی سازانێک؟ و......

یان، بە خوێندنەوەی ئەوەی کە دونیای غەرب و بە تایبەتی ئوروپای سوسیال دێمۆکڕات، سەرگەرمی کێبەرکێی پەیتا پەیتای ساتوسەودای بێ ئەژماری ئابووری دەگەڵ رەییس دەوڵەتی ئیسلامی ئەوسەردەمە مەلا هاشمی رەفسنجانی دەرفەتێک بوو بۆ دانیشتن؟ دانیشتن و دانووسانێک لە جەرگەی ئورووپای سوسیال دێمۆکراتدا، کە دوکتور قاسملو لەو دونیایە دا خاوەنی زۆر دۆست لە کەسایەتی یە ناسراوەکانی حکوومی و مەدەنی و حقوقی بوون و خۆیانی تێدا بە پارێزراو دەزانی.



سەرچاوە
Serchawe

بە هەر پێوانەیەک، وتووێژێکی نێوان گەورە رێبەرێکی ناسراوی نێونەتەوەیی وەک دوکتور قاسملوو و نوێنەرانی حکومەتی ئیسلامی لەپێتەختی وڵاتی ئوتریش ناکرێ گەورە بەرپرسانی دەوڵەتی و ئەمنییەتی ئەو وڵاتەی لێ ئاگادار نەبووبێ و بە بێهۆش لایەنی نێوبژیوانی ئەو دانیشتنەش پێشنیار نەکراوە.

کورد و هێزە رەسەنەکانی رۆژهەڵات بە گشتی و حیزبی دێمۆکرات بە تایبەتی، زەربەیەکی گەورەی بە تێرۆر و شەهیدکردنی دوکتور قاسملو وە جەستەی کەوت، یەک وڵاتی ئوروپایی و هیچ حیزبێکی سوسیال دێمۆکڕات متەفقیان لێنەهات، لە بەرامبەر دا وڵاتی سوسیال دێمۆکڕاتی ئوتریش بێ مایەترین و پاشکەوتووترین ئامرازەکانی لە رەدە و ئیستاندارد خاریجکراوی بە کۆماری ئیسلامی ئێران نەغد کردەوە و باقی وڵاتانی ئەو بازنەیەش هەر کامە و بە شێوەیەک بەشی خۆیان پچڕی. ئوروپای سوسیال دێمۆکڕات تەنانەت لە رێگای دامەزراوە مەدەنێکانی مافی مرۆڤیشەوە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، چۆن زەرەری بۆ پەزی دەبوو.... کەوابوو ئەو دامەزراوەش لە ئەگەری بەرژەوەندیدا دمکوت دەبێ.

پاش سی ساڵ بە سەر ئەو کارەسات و جینایەتە، کە بە ئاشکرا لە نێو ماڵی ئورووپادا کرا، ئێستاشی دەگەڵ بێ ئاوڕی جیدی لێ نەدراوە... هەر ساڵە و جارێک بیرەوەری ئەو رۆژە تاڵە، کەم و زۆر دەکرێتەوە بێ ئەوەی حیزبە کورد یەکان بە گشتی و بەتایبەت حدکا و حدک بیرێکی ئەساسی و یاسایی کە بێ شک پێویستی بە دانانی مایەی مادی زۆرە و دەبێ تیژبینترین، زیرەکترین و بە غیرەتترین وەکیل و مافناسەکانی نێونەتەوەیی بۆ مەحکومکردن و بە چۆکداهێنان و سەلماندنی ئەو تێرۆر و جینایەتە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەرخان کرابان و هەروەها بێ هەڵوێستی دەوڵەتی سوسیال دێمۆکڕاتی ئوتریش یان بە تەنگەژە کێشابا....

هەر ساڵە و نوێنەرانی حدکا و حدک و باقی حیزبە کوردستانییەکان کە ئەندامی هەمیشەیی یان چاوەدێرن لە کۆنگرەی ئینترناسیونال سۆسیالیست کە سۆسیال دێمۆکڕاتەکان دامەزرێنەرین، تێچوویەکی زۆری بۆ دەدەن بێ ئەوەی هیچ باسێکی گرینگ سەبارەت بە پرسی کورد و تێرۆر و شەهید کردنی رێبەرانی کوردی تێدا بخەنە بەرباس و بۆ جارێکیش بێ، بەکۆدەنگی، کۆنگرەی سوسیال دێمۆکڕاتەکان بە تەنگەژە بکێشن.

بەرز و بەڕێز بێ یادی ڕێبەرانی تێرۆر کراوی کورد شەهیدان دوکتور قاسملو و دوکتور سادقی شەرەفکەندی بە دەستی ناپاکی کۆماری جینایەتکار و تێرۆریستی ئیسلامیی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩

## لە یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودا



**لوقمان مێهفەر**

قسەکردن لەسەر کەسایەتی سیاسیی دوکتور قاسملوو، ڕۆڵی ڕێبەری کردنی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و باندۆڕی لەسەر حیزبی دێموکرات، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی زانستی لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە هەیە و گرنگیشە کە دادپەروەرانە ئەو کارە بکرێت؛ بۆیە لەو نووسینە کورتەدا من خۆم لەو باسە دەبوێرم و وەک پێشمەرگەیەکی ڕێبازی دێموکرات و هاوکات ڕێبوارێکی ڕێبازی پیرۆزی شەهید دوکتور قاسملوو سەرنج دەخەمە سەر چەند تایبەتمەندییەکی بەرزی ئەو ڕێبەرە کاریزمایەی نەتەوەکەمان. لەڕاستیدا هەر چەندە تا ئێستا چەندین تێزی ماستەر و دوکتورای لەسەر نوسراوە کە بە بڕوای من مافی خۆیەتی بەڵام هێشتا کەمیان نوسیوە و گوتووە، بەڵکوو دەبێ بیر و هزری شەهید قاسملوو وەک بەشێک لە بەرنامەی پەروەردە لە قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستاندا بگونجێندرێ.

پێشەکی دەمهەوێ بڵێم کە بۆ یاد لە شەهیدانمان دەکەینەوە؟ فەلسەفەی یادکردنەوە یان ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان چییە؟ مەگەر ئەوە نییە لەو ساتەدا کە بەپێوە دەوەستین بیر لە ئامانج و خەسڵەتە بەرزەکانی شەهیدان دەکەینەوە؟ لە سی ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملووی بیرمەنددا ئەوەی دەبێ سەرنجی بدەینێ و لێی فێر بین هەمان ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەن کە ئەگەر بیانکەینە سەرمەشقی ژیان و تێکۆشانمان ئەوا هەم لە ئاسۆی گەیشتن بە سەرکەوتنی خەبات نزیکتر دەبینەوە و هەمیش ڕۆحی شەهیدان شاد دەکەین و ناو و یادیشیان زیندوو ڕادەگرین.

## ئەخلاقی سیاسی

شەهید قاسملوو فێری کردین لە سیاسەتدا پابەندی ئەخلاق بین چوونکە باوەڕێکی قووڵی بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە سیاسەتی حیزبەکەی هێزێکی کاریگەری جەماوەری و چەکداری خاوەن دەیان هەزار پێشمەرگەی لەپشت بوو بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە هەرگیز نابێت حیزبی دێموکرات بەشێوەیەک سیاسەت بکات کە زیان بە هاوبەش و هاوخەباتەکانی خۆی بگەیەنێ کە تووشی هەڵەیەک بێت دواتر نەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە. ئەوە بنەمایەکی سەرەکی بوو لە هزری قاسملوودا کە باڵی بەسەر سەرجەم ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتدا کێشا و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕەچاوی ئەو ئەسڵە دەکرێت. ڕەنگە پابەندبوونی حیزب بەو ئەسڵەوە حیزبی دووچاری کێشە و ئاستەنگی کاتی کردبێتەوە بەڵام دەرەنجام، پرەستیژ و متمانەی حیزب زیادی کردووە. هەر لەو ڕاستایەدا ئیستراتیژیک بیری دەکردەوە و فێری دەکردین ئیستراتیژی فیدای تاکتیک نەکەین، بەرژەوندی گشتی و نەتەوەیی لە سەرەوەی بەرژەوەندی کەسی و حیزبی دابنێین.

## یاساتەوەری

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات وەک دەستوور یان یاسای بنەڕەتی هەر وڵاتێک دەکرێ چاوی لێ بکرێ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. بەتایبەتیش بەرنامەی حیزبی دێموکرات کە مەبەستییەتی کۆمەڵگایەکی کراوە و دێموکرات و دادپەروەر دابمەزرێنێ، نزیک بە تێکڕای ئەو مەرج و پێوەرانەی کە دەبێ کۆمەڵگایەکی لەو چەشنە هەبێ لەو بەرنامەیەدا هەیە. بێگومان کرۆکی بەرنامەکە و هەموارکردنەوەشی کاریگەری بیرتیژی و دونیابینی شەهید قاسملووی لەسەر بووە و بە تێپەڕینی کات بایەخ و گرنگی ئەو بەرنامەیە زیاتر دەردەکەوێت. جگە لەوە



سەرچاوە
Serchawe

شەهید قاسملوو زۆر یاسا و ڕێسای دیکەی پەیوەست بە حیزب و شێوەی خەباتەکەی لە چوارچێوەی بڕیار و ڕاسپاردەدا دەگەیاندە تەشکیلاتی حیزب کە هەر یەکێک لەوان دەرخەری ڕوانگەی یاساتەوەری و یاسامەندی ئەو بوون کە پێشوەختە دەیهەویست ئەندامانی حیزبەکەی خۆی بە ڕێزگرتن لە یاسا بار بهێنێ تا لە داهاتوودا ئاسانتر بتوانێ جێبەجێی بکات.

تەنانەت لە کاتی خەباتی چەکداری و لە بەرامبەر تووندوتیژی و کاولکارییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا ڕێگەی نەدەدا یاساکانی شەڕ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە پێشێل بکرێن، چوونکە پێیوابوو کە کەسی شۆڕشگێڕ و هێزی پێشمەرگە هیچ کاتێک نابێ هەڵەی دووژمنەکەی دووبارە بکاتەوە یان وەک ئەو ڕەفتار بکات. بەڵکوو بەلایەوە گرنگ بوو کە باوەڕی ئاشتیخوازانە و مرۆڤدۆستی ئێمە دەبێ لە کاتی شەڕیشدا بە کردەوە بچەسپێ؛ وەک نموونە ئازادکردنی دیلەکانی شەڕ و تیمارکردنی دیلە برینداره‌کان پابەندبوونی حیزبی دێموکرات بە یاساکانی جەنگەوە نیشان دەدات. هەربۆیەش خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات وەک خەباتێکی بەرگری نەتەوەیی ڕەوا پێناسە کرا و دونیاش بە چاوی خۆی دیتی کە کێ داگیرکەر و تیرۆریستە.

## مرۆڤتەوەری و مافی ژن

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی جەماوەری مەزن تێکڕای چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا خۆیان تێدا دەبیننەوە و ئەوان پێکی دەهێنن. ئەوەش کە چۆن دەکرێ حیزبێکی سیاسی ئەو هەموو جیاوازییانە لە خۆیدا بۆ مەبەستێکی سیاسی لە تەشکیلاتێکدا جێگا بکاتەوە لەوانەیە بۆ چەند هۆکار بگەڕێتەوە: یەک لەوان بیری نەتەوەخوازی و ڕزگاری نیشتمان کە حیزبی دێموکرات ئاڵاهەڵگری ئەو خەباتەیە بە درێژایی مێژووەکەی، هۆکارێکی دیکەش نرخدان بە کەسایەتی تاک و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و بۆچوونەکەیەتی. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەهید قاسملوو پێداگری کردن بوو لەسەر ئەوەیکە ئەندامی حیزب دەبێ ئازاد بێ لە دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانیدا، تاک بە گشتی دەبێ ئازاد بێ لە بیرکردنەوەدا و نابێ بێدەنگ بکرێت. ئەو کۆمەڵگای خۆی باش دەناسی و ڕێزی لە جیاوازییەکانی دەگرت. هەوڵی دەدا تاکەکان بەشدار بکات لە خەباتدا و متمانەبەخۆبوونیان لا بەهێز بکات. دەرفەتی ڕەخساند تا ئەندامانی حیزب خۆیان پێبگەیەنن و خۆ پەروەردە بکەن، زیاتر لە پیاوانیش پشتیوان و هاندەری ژنان و کچان بوو تا لەو هەلومەرج و بارودۆخەی ئەوکات کە زۆر شتیان لەدەست چبوو بتوانن

قەرەبووی بکەنەوە. باوەڕی قووڵی بە بەشداری و چالاکی ژنان لە شۆڕشدا هەبوو و جێی بەتاڵی ئەوانی وەک خاڵی لاواز دەبینی. ڕوانگەی شەهید قاسملوو سەبارەت بە مافی ئەندام بە گشتی و مافی دەربڕین بەتایبەتی ڕوانگەیەکی کراوە و دێموکراتییانە بوو هەربۆیەش لە حیزبی دێموکراتدا بە ئاسانی هەست بە ئاراستە جیاوازەکان و بۆچوونە هەمەچەشنەکان دەکەین، بە واتایەکی دیکە ئەندامان ئازادن لە دەربڕین و بیروباوەڕیان تا ئەو کاتەی بەرژەوەندییەکانی حیزب و نەتەوە نەکەنە ئامانج کە زیان بە هەمووان بگەیەنێت یان ئازادی و مافی کەسانی دیکە پێشێل نەکات.

## واقعبینی لەنێوان سەربەخۆییخوازی و پێکەوەژیاندا

بەداخەوە کوردستان بەهۆی داگیرکاری و دوژمنانی دیکتاتۆرەوە بە قۆناخی جیاوازدا تێپەڕیوە و دووچاری توانەوە و قەڵاچۆکردن بۆتەوە. لەگەڵ ئەوەش کە خەبات بۆ دژایەتی داگیرکەران هەر هەبووە بەڵام بە خواست و ویستی دڵخواز نەگەیشتووە و کوردەکان بەگشتی بێ وڵات و کیانی سەربەخۆی خۆیانن. سەبارەت بە ڕوانگەی شەهید قاسملوو لەسەر خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، زۆر جار لایەن یان کەسانی هەلپەرست بەوە تۆمەتباری دەکەن کە داوای مانەوەی لە چوارچێوەی ئێراندا کردووە و لەبەرامبەریشدا دوژمنانمان بە جوداخواز کە هەوڵی پارچەکردنی ئێران دەدات ناوی دەبەن. لەڕاستیدا یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی شەهید قاسملوو سەربەخۆییخوازی بوو کە لە کەسایەتی خۆیدا ڕەنگی دابۆوە. وەک کەسایەتی خاوەن هزر و تێڕوانینی خۆی بوو و نەدەکەوتە ژێر کارتێکەری هیچ تەوژمێکی فکری. ئەو تایبەتمەندییە کەسییەی شەهید قاسملوو توانی سەربەخۆیی سیاسیش بۆ حیزبی دێموکرات بگێڕێتەوە. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە جگە لە کۆماری کوردستان وەک لوتکەی ئاواتی گەلی کورد بە ڕێبەری حیزبی دێموکرات، ئەوا دیسان هەر حیزبی دێموکرات بوو کە خودموختاری و مافی خۆئیدارەکردنی کوردستانی بە بێ شەرت بۆ کوردستان داوا کرد و خەباتی بۆ کرد و قوربانی گەورەشی لە پێناوی دا؛ بەڵام خودموختاری لە ڕوانگەی قاسملوودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقعبینییە سیاسییەی کە بە هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە کردوویەتی لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە باوەڕی قووڵی بە هاتنەدی دێموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گەلانی دیکەی ئێران لەگەڵ گەلی کورد و کرانەوەی دەرفەت و سنوورەکان بەڕووی کوردستاندا تا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بتوانێ لەبەرەوپێشبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا کەڵکی لێوەربگرێت.

لە کۆتاییدا وێڕای سەری ڕێز و کڕنۆش بۆ بیر و هزری شەهید قاسملوو، ڕوو بە نەیاران و دوژمنانی حیزبی دێموکرات و شەهید قاسملوو دەڵێم کە دوای ٣٠ ساڵ لە تیرۆرکرانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی نەتەوەکەمان تا دێت شوناسی نەتەوەیی زیاتر ڕەگ دادەکوتێ و تیشکی ڕێنوێنی و هزری قاسملوو بەتینتر و مەودادرێژتر دەبێ و ڕێگا و ڕێبازی پڕ لەسەروەری خەبات و تێکۆشانە پیرۆزەکەشی بەربەرینتر و ئاوەدانتر دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٩

---

## لە یادی ڕێبەری کاریزمای گەلی کورد دوکتور عبدولرەحمان قاسملودا



**وەستا ڕەحمان**

ڕۆژی هەینی، سێزدەی جولای ١٣٦٨ی هەتاوی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئێوارە هاوینێکی سازگار و چراخانیی شاری ڤییەن پێتەختی ئوتریش لە گەرەکێکی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی دیتودا لە ماڵێکی بێدەنگ و کپ لە سەر مێزی وتوویژ قرمژنی گوڵەی تیرۆریستانی دڵڕەشی نێردراوی جمهوری ئیسلامی سینگی پڕ لە هیوا و ئاواتی مەزنە پیاوی ناودار و سیاسەتمەداری بەتوانای نەتەوەی کورد، ڕێبەری خۆشەویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور عبدولرەحمانی قاسملویان پێکا و دڵی ئەو ئەویندارە راستەقینەی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسییان لە لێدان خست. دوکتور قاسملوی نەمر لە شارێکدا تیرۆر کرا کە لەگەڵ پراگدا مەودایەکی کەمیان هەبوو، ئەو پراگەی کە لە ژیانی سیاسیی دوکتوری سەرکردەدا دەوری تایبەتی

هەبوو. پاش ڕاپەرینە مەزنەکەی ١٩٥٦ی مەجارستان لە دژی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٦٨ ڕاپەرینی خەڵکی چێکوسلاواکی بە ڕێبەریی ئەلکسیندر دوبجی لە دژی سۆڤییەت و بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی دەستی پێکرد، بەڵام بە داخەوە ڕاپەرینەکە هەر زوو لە لایەن سۆڤییەتەوە سەرکوت کرا و دوکتور قاسملووش بە تاوانی پشتیوانی لەو ڕاپەرینە مەجبور کرا کە ئەم وڵاتە بەجێ بێڵێ. هەر ئەو دووربینی و وردبینی و ئاشقی ئازادی و دێموکراسییەی دوکتور قاسملو بوو بە هۆی ئەوە کە پاش ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هێندێک حیزب و لایەنی بەرواڵەت کۆمۆنیست و پاشکەوتوو ویستیان جەریانی پراگ و ڕۆڵی دوکتور قاسملو وەک خاڵێکی رەش لە مێژوی سیاسیی ئەودا بناسێنن؛ بەڵام ڕێبەری گەورە دوکتور قاسملوی نەمر لە میتینگی سەد هەزار کەسیی شاری مەهاباد لەنێو ئاپۆرای خەڵکدا دەری خست کە ئەو چ کاریزمایەکی جیاوازە.

بۆیە کاتێک تورەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو جەریانە هەڵپەرستانەیە لە دروشمی مەرگ بۆ حیزبی تودە رەنگ دەداتەوە، دوکتور قاسملوی شەهید زۆر بە ئارامی و بە کەلام و راوێژە جوانەکانی جەماوەر هێور دەکاتەوە و دەڵێ مەرگ بۆ تودە دروشمی حیزبی ئێمە نییە. ئەو ڕستەیە نێوەرۆکی بڕوای دوکتور قاسملوو بە دێموکراسی و ئازادیی بەیان بۆ زۆر کەس و لایەن دەردەخا. زۆر ناکێشێ حەقتانیەتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵپەرەستیی ئەو جەریانانە بۆ هەموو کەس و لایەنەکان ئاشکرا دەبێ و سیاسەتی قاسملوو، دوربینیی قاسملوو و لێهاتوویی قاسملو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان روون دەبێتەوە.

دوکتور قاسملوی نەمر بێ ترس لەو پرۆپاگەندە و تاونبارکردنانە لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەریدا شێلگیرانە خەباتی کرد و دڵنیا بوو کە سوسیالیزم بێ دابینکردنی دێموکراسی راستەقینە ناتوانێ بەردەوام بێت، هەر بۆیە لە وتوێژێکی رادیوییدا "لەگەڵ بی بی سی" رادەگەینێ کە خراپترین دێموکراسیی پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە. شەهیدی سەرکردە لە سەر دێموکراسی سور بوو و پێیوابوو شەرتی ئەساسی بەرەو پێشچوون و نەمانی زوڵم و زۆر سەرتا دابینکردنی دێموکراسیە هەر بۆیە ئازایانە و بوێرانە مەسئەلەی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دێنێتە گۆڕێ و وەک ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات دیاری دەکا کە سەرەئەنجام لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا پەسەند کرا.

دوكتور قاسملوی ڕێبەر لە نێو بەرداشی شەری سارد و مەكتەبە شوینیستەكانی ناوچەدا خەباتێكی بەرگریی چەكدارانەی بە دژی حكومەتی كۆماری ئیسلامی ئێران وەرێخست و لێزانانە لە هەموو بوارەكانی خەباتدا هەوڵی بۆ دا و ڕێبەریی كرد. مەسئەلەی كوردی لە نێو گەلانی ئێراندا زەق كردەوە و بە كردەوە بە ئێرانی نامۆ بە كوردی سەلماند كە كورد گەلێكی جیایە و لە بەشێكی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا كە كوردستانی ناوە دەژی و داوای مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆی دەكات، هەر وەها شان بە شانی ئەو خەباتە لێبراوانەیە لە كوردستان لە هەمان كاتدا دەرگای دیپلۆماسی لە دونیای دەرەوە كردەوە و كۆر و كۆمەڵ و حكومەتەكانی ئورووپایی لە مەسئەلەی كورد باشتر تێگەیاند. ئەو لەو مەیدانەدا بە دەیان كەسایەتیی ئورووپایی وەک فرانسۆ میتەران، دوكتور بێرناردكۆشنێر، دوكتور فردریک تیسۆ، هانس فیشێل لە دۆستانی نیزیكی دوكتور قاسملو بوون كە ویرای پشتیوانی لە جووڵانەوەی گەلی كورد بە كردەوە زۆریان هەوڵ بۆ چارەسەری مەسئەلەی كورد لە هەموو بەشەكانی كوردستان دا.

بۆ تێگەیشتن لە بیروباوەڕ و ڕێبازی دوكتور قاسملوی ئەمر تەنیا ئەوەندە بەس نییە كە خۆمان بە درێژەدەری ڕێگای ئەو بزانین بە بێ ئەوەی لێكدانەوە و خوێندنەوەی دروستمان لە سەر هەڵوێستەكان و بڕیارەكانی هەبێ، ئەویش پێویستیی بە هەڵسەنگاندن و تەفسیری زانستی هەیە كە بیری سیاسی و زانیاریی ئەو ڕێبەر و گەورە پیاوەی نەتەوەی كوردمان بۆ دەردەخا.

دوكتور قاسملو حیزبی دێموكرات دەخاتە سەر ڕێگەیەكی مودێرن و بیر و بڕیاری بە كۆمەڵی تێدا جێگیر دەكا ، دوكتور قاسملو كاتێک لە گەڵ بیرو ڕا جیاوازەكان دەكەوێتە وتوویژ وێرای حورمەت بۆ بەرامبەرەكەی ئیسپات دەكات كە چەندە شارەزایە و ئامادە نییە لە پێناو ئامانجەكانی گەلدا تۆسقالێک لە ویست و داخوازییەكان بێتە خوار و سەربەخۆیی حیزبی دێموكراتی لە هەموو شتێک بە لاوە گرینگتر بوو.

دوكتور قاسملوی هەمیشە زیندوو بە هەڵسەنگاندنی وردبینانە لە ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانە و بڕوا بە داهاتویەكی بەختیار دێتە سەر باسی نەسلەكانی ڕابردو و لە قووڵایی تێگەیشتنێكی مێژوییەوە ئەركی سەر شانی بەرەی هاوچەرخ دەست نیشان دەكاو بە شێوەیەكی شەففاف خەبات كردن بۆ ئازادی و دێموكراسی لە پڕۆپاگەندەی شۆڕنیستی تێكەڵ بە ئیدۆلۆژیک كراو، شەهید پەروەری، تەرویجی مەرگ جیا دەكاتەوە. ئەو هەڵسەنگاندنەشی هەڵقولاوی وردبوونەوەیەكی فەلسەفییە كە سەركردەی شەهیدمان زانایانە تێیاندا شارەزا بوو.

دوکتور قاسملوی ڕێبەر وەک سیاسەتمەدارێکی کارامە گرنگیەکی تایبەتی داوە بە تێگەیشتنی مەعریفی تا لەو ڕێگایەوە دەست نیشان بکات چ شتێک ژێرخان و پایەی بنەڕەتی و ئەساسییە لەهەڵسانگاندنی پرۆسە و ڕوداوە سیاسیەکاندا، هەر بۆیە لە دەستنیشان کردنی دوارۆژ و خویندنەوەی بریارە سیاسیەکاندا و لە تەعبیری هەڵوێستە سیاسیەکانی دەوروبەرماندا حیزبەکەمان لە ژێر ڕێبەری ئەودا لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا سەرکەوتو و سەربەرز هاتۆتە دەر و لە گەڵ ئەوەی مێژویەکی پرشەنگدار و پر سەروەریی تۆمار کردووە، لە هەمانکاتدا نەوەکانی داهاتوومان شانازیی پێوە دەکەن و لێی فێر دەبن کە سەربەخۆیی سیاسی لە جەریانی خەبات و تێکۆشاندا چەندە شانازیەکی گرینگ و بە نەرخە لە مێژووی شۆرشەکاندا.

دوکتوری نەمر بۆ ئازادی و سەربەستی خەباتی کرد، تەنیا ژیان بە ئازادی بۆ ئەو گەورە پیاوە شێوەی ژیانێکی پر بایەخی ئینسانی بوو، بیری دوکتور قاسملو بیری مرۆڤێکی دێموکرات و ئەویندارى ژیان بوو، ڕوحی ئەو شەیدای ئاشتی و مافی مرۆڤ بوو، دوکتور قاسملوی نەمر خەت و ڕێبازێکی نوێی بە نەسلی ئازادیخوازی و ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی دا و ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی بردە قۆناغێکی پێشکەوتووانە و زۆر ئازایانە بیری دێموکراتی لە نێو کۆمەڵگەدا بەهێز کرد، دوکتوری نەمر بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە هەموو ئینسانەکان ئازادن نەک لە بەر ئەوە کە ئازاد لە دایک دەبن بەڵکوو لە بەر ئەوە بۆ ئەرکی بریاردان و ژیانی ئازاد و ئیرادەی ئازاد دێنە سەر زەوی.

دوکتور قاسملوی ڕێبەر باوەڕی تەواوی بە چارەنوسی هاوبەشی نەتەوەی کورد هەبوو و قازانجی کاتی حیزبی دێموکراتی فیدای قازانجی ستراتیژیکی گەلی کورد دەکرد، ئەو کاتە کە تەنیا داواکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردرا دوکتور قاسملو لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی کوردستان و کوردا بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و ئەگەر ڕۆژێک وەک هەموو گەلانی ئازاد و بەختەوەری ئەم جیهانە چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ ئەوە یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردە نەک جیا بونەوە لە حکومەتەکانی سەردەست.

سەرەنجام دوکتور قاسملوی هەمیشە زیندوو جگە لە وەی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو سەرمایەیەکی هەرە بە نەرخی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی بوو، هەر بۆیە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی

بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوی نەمر کارێکی زۆر ئەستەم و سەنگینە و ئەوە ئەرکی گەورە پیاوان و پسپۆرانی مەیدانی عیلم و زانست و سیاسەتمەدارانی بە توانا و نێو بەدەرەوەیە.

لە کۆتاییدا بەدیهێنانی هەموو ئەو ئاوات و ئامانجە پیرۆزانەی کە ئەو رێبەرە هەڵکەوتووی کورد سەری خۆی لە پێناودا دانا هەر وەک بۆ خۆی دەفەرمێ "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی رێگایانە" تەنیا بە وەفادار بوون بەئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی و درێژەدان بە رێبازە پر لە سەروەریەکەی دوکتور قاسملوی هەمیشە زیندوو بە دی دێت.

هەزاران سڵاو لە ڕوحی پاک و بێ گەردی دوکتور قاسملوی گەورەمان!


مردن و نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان و بۆ بوکوژانی دوکتور قاسملوی نەمر!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# پووشپەڕ، مانگی ڕێزگرتن یان بێڕێزیکردن بە کورد



**پشکۆ ئەحمەدی**

مانگی پووشپەڕ بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران، مانگێکی شووم و نگریسە. پووشپەڕ وەبیرهێنەرەوەی تێرۆری سەرۆکی ئازا و بلیمەت دوکتۆر عبدولڕحمان قاسملوو، یەکێک لە لێهاتووترین و لە هەمان کاتدا خۆشەویسترین ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە ئەژمار دێت، هەر بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی ئەم کارەساتە دڵتەزێن و جەرگبڕەوە کۆمەڵێک چالاکیی بەربڵاوی مەدەنی لە داخستنی دوکان و بازاڕی زۆربەی شارە کوردییەکانەوە بگرە تا دەگاتە دیدار لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و گیان بەختکردوان، هەروەها دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و... بەڕێوەچووە.

مانگی پووشپەڕ بۆ ئێمەی کورد بووە بە هێمای بەرەنگاریی مەدەنی لە هەمبەر تێرۆر، تۆقاندن و ڕەشەکوژی کۆماری پەت و سێدارە. ئەگەرچی ڕێژیم پێی وابوو بەم کردەوە ترسنۆکانە دەتوانێت بزووتنەوەی میللی-دێمۆکراتیکی کورد لە کوردستانی ئێران پەکەر و لاواز بکات، بەڵام بە خۆشییەوە ئەم حەز و خولیا فێزەونانە، نەتەنیا سەری نەگرت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە مانگی پووشپەڕ بووە بە پاژنە ئاشیل و خاڵی لاوازی ڕێژیمی دواکەوتوو و دژی گەلی کۆماری بەناو ئیسلامی، کە وابوو ئەم مانگەش بۆ ڕێژیم گرینگی و بایەخی زۆری پەیدا کردووە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و کەم بایەخ نیشاندان و لە هەمان کاتدا پەردەپۆشکردنی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە،

کۆمەڵێک هەڵوێست و کردەوەی جۆراوجۆر لە هەڕەشە و تۆقاندن بگرە تا دەگاتە گرتن و زیندانیکردنی چالاکانی مەدەنی و کلتووری، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەی ژێر بە ژێر و نەرم، دەستی داوەتە کۆمەڵێک کردەوەی بەناو فەرهەنگی وەکوو بەڕێوەبردنی کۆنسێرت، سێمینار و کۆنگرە. کۆنگرەی ڕێزلێنان لە ناودارانی کورد، لەژێر ناوی "مشاهیری کورد"، لە شاری سنە، ڕێکەوتی ١١ و ١٢ی پووشپەڕ، نموونەی هەرە تازەی ئەم پیلانانەیە.

ناڕزایەتی و بەرەنگاری لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە سەرەڕای خراپیی بارودۆخی گشتیی هەلومەرجی ناوچە ئیتنیکییەکان، چەندین قات خراپ و نالەبارترە لەم نێوانەدا هەلومەرجی ناوچە کوردنشینەکان بەهۆی ئەوەی کە خاوەن حیزب و ڕێکخراوە و خاوەن پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتین بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکە ئێران گەلێک جیاوازە و یەکێک لەو شوێنانەی لە ئەگەری هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکدا لە ئێران ڕەنگە ڕەچەشکێن و سەرقافڵەی گۆڕانکاری بێت، کوردستانە. سەرباری هۆکاری یەکەم فاکتەرێکی دیکە کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕێژیمی وەزاڵە هێناوە، سەرهەڵدانی گوتاری ڕاسانە.

ڕاسان واتە گەڕانەوەی هێز و وزە بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران، بابەتێک لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی پاشەکشەی هێزە کوردییەکان لە ناوچە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی کوردستانی باشوور و هاتنەئارای هەندێک ڕەوتی بەلاڕێدابەر و دوورخستنەوەی وزە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوتبووە پەراوێزەوە بەڵام گوتاری ڕاسان لە ئاکامی لێکگرێدانی خەباتی شاخ لەگەڵ شار، ئەم بۆشاییەی پڕکردووەتەوە و هێز و وزەیەکی لە بڕاننەهاتووی خولقاندووە.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری دووەم دەبێ بگوترێت ڕێژیم لەم جۆرە کار و چالاکییانە وەکوو جۆرێک ئایدۆلۆژی کەڵک وەربگرێت، واتە ڕێژیم دەیهەوێت لەم ڕێگەوە هەندێک واقعییەت و ڕاستی پەردەپۆش بکات و هەندێک واقعییەتی درۆینە......... لەم ڕێگەوە ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان بەلاڕێدا ببات، بۆ وێنە دەیانەوێت لە ڕێگەی بانگهێشتکردنی هەندێک کەسایەتیی هونەری و کولتوری و سیاسیی ناکاریگەر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی کەسایەتیی قاسملوو کەمڕەنگ بکرێتەوە لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی میدیا و پڕوپاگەندەوە کارەساتی ٢٢ی پووشپەڕ لەبیر بکرێت، بەم شێوە لەم هەلومەرجە هەستیارەدا بەر بە خەباتی مەدەنیی خەڵک بگیردرێت یان وەکوو دژکردەوە لە هەمبەر خۆپیشاندانی شاری بروکسێل (ڕاسانی تاراوگە) لە ڕێگای میدیا و

پڕوپاگەندەوە بە وڵاتانی دونیا ڕابگەیەنن.

لە ئێران کێشەیەک بە ناوی کێشەی کورد بوونی نییە و بۆ وێنە باس لەم جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە دەکرێن و دەڵێن ئەوە نییە ئێمە ڕێز لە کەسایەتییە کوردەکان و تەنانەت ئەو کەسایەتییە بیانیانە دەگرین کە لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کورد کار و چالاکی دەکەن. مەبەستێکی دیکەی ڕێژیم ئەوەیە دووبەرەکەیی و کەلێن بخاتە نێوان کەسایەتییەکان و خەڵکی کوردستانەوە و بەم کارە لە جێگەی ڕێزلێنان لشکر و ڕێزی ڕابردوویان دەشکێنێت، ئەگەر چی پێویستە بگوترێت کە ئەو کەسایەتییانەی کە بانگهێشتی ئەم کۆنگرەیە کراون دەبێ لە چەند بەشی جیاوازدا پۆلێنبەندی بکرێن و بە یەک چاو تماشا نەکرێن. واتا هەندێک لەو بەناو کەسایەتییانە کەسانێکی بەکرێگیراو و مۆرەی ڕێژیم وەکوو "بیژەن زەنگەنە" و "ڕەحمان فەزڵی" و... لەخۆ دەگرن کە هەموو ژیانیان خزمەت و نۆکەرایەتی بۆ داگیرکەر بووە. لە بەشێکی دیکەی ئەم دابەشکردنەدا کەسانێکی نەزان هەڵکەوتوون، کە بەداخەوە هیچ جۆرە خوێندنەوەیەکی ئوسووڵییان لە ناسنامەی کورد و هەلومەرجی هەنووکەیی کوردستانی ئێران نییە و جیهان بە پێی بەرژەوەندیی گیرفان ڕاڤە دەکەن.

ژمارەیەکی کەمی دیکەی بەشداربووان کەسانێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرن کە بەداخەوە لە ڕێگەی هەندێک کەسانی دانیشگایی و ڕۆژنامەوانەوە فریودراون و بەسەر تەڵەدا پەڕێندراون.

وەکوو ئاکامی کۆتایی دەبێ بگوترێت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا بەردەوام نکۆڵی لە کورد و ناسنامەی کورد کردووە و بە بیانووی کوردبوون زۆربەی کەسایەتییەکانی تیرۆر، زیندانی و پەراوێز خستووە، بە هەمان شێوە لە دانی نزمترین بەرپرسیاریەتیی سیاسی، کلتووری و کۆمەڵایەتی خۆی بواردووە. ڕێژیم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی ئامادەیە هەموو کەسێک بکاتە پرد و لە کەسایەتییەکان وەکوو ئامێر و کەرەستە کەڵک وەربگرێت، واتە ڕێژیم بەم کارە نەتەنیا ڕێز لە کەسایەتییەکان ناگرێت، بەڵکوو سووک و تەنانەت تیرۆری کەسایەتیشیان دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

# نە زمان دەتوانێ و نە قەلەم بۆی دەکرێ دەریان ببڕێ



**قادر وریا**

هێندێک وێنە و دیمەن هەن دەتوانی بە دەیان لاپەڕ لە سەریان بنووسی و بە چەندین سەعات قسەیان لە سەر بکەی، بەڵام هێشتا ناتوانی هەموو ئەو واتا و پەیام و ڕووداو و کولتوور و بایەخانەی لە خۆیان دا هەڵیان گرتوە، بدرکێنی.

وەک وێنەی چوونی شەهیدان محەممەد حەسەنپوور و نەسرین حەداد بۆ سەر گڵکۆی د.قاسملوو تەنیا دوو ساڵ پێش پێکەوە شەهید بوونیان،

وەک ئامادە بوونی یادگارەکانی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی پار بۆ وێنە "شەوبۆ وەنەوشە" و "وەنەوشە"ی "هاوڕێ کارساز" لە "پێرلاشێز"،

وەک وێنەی بۆ یەکەم جار چوونی مەنسوور خوسرەوەیی هاوسەری شەهید سوهەیلای قادری بۆ سەر مەزاری

نزیکترین بەرپرسان و هاوکارەکانی(د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی)،

وەک دیتنی وێنە و دیمەنە جێی شانازییەکانی هەژاندنی دوو پێتەختی ئورووپا بروکسێل و ڤییەن بەو پەیامەی هۆگران ودرێژەدەرانی ڕێگای قاسملوو کە لە بێدەنگی و بێهەڵوێستیتان لە ئاست ئەو تاوانە خۆش نابین،

وەک بەشداریی گەرموگوڕ و بێخەوشی د.فرێدریک تیسۆی یاری وەفاداری د.قاسملوو و حیزبەکەی و نەتەوەکەی لە مراسمی ٣٠ سالەی تیرۆرکرانی ئەو پتەوترین پردی پێوەندیی نێوان فەرانسەییەکان و کورد و کوردستان دا،

وەک دیتنی (مام)کەریم عەلیپووری سەر سپی بوو و بەساڵدا چووی پێشمەرگەی پاریزەری د.قاسملوو بۆ بەردەرکی پارلمانی ئوتریش و ئەو ئاپارتمانەی د.قاسملوویان تێدا تێرۆر کرد،

وەک وێنەی وردەدر و باوەڕخوڵقێنی ئەو پێشمەرگە قارەمانە کەم ئەندامانەی لە ٣٠ ساڵەی شەهید بوونی ڕێبەرەکەشیان دا وەک کاتی بە خاکسپاردنەکەی، بە شەقەی بن هەنگڵ و چەرخی ژێر جەستەیانەوە، هەر وەک سەردەمی نێوسەنگەری چیا لە ڕیزی پێشەوە بوون،

وەک دیتنی وێنەی ئەو خاتوونانەی لە هەمووی ئەو ٣٠ ساڵەدا، بێ فرمێسک هەڵوەراندن، لە بیرەوەریی پووشپەڕی خوێناوی تێپەڕ نەبوون، بەڵام هەموو کاتیش سەرچاوەی خۆڕاگری و هاندەری بەردەوامیمان بوون،

وەک وێنەی نەخشێندرانی کۆڵان و دار و دیواری کوردستان بە دروشمی "قاسملوو! قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" و هەڵواسرانی پوستێری د.قاسملوو لە شار و گوندەکانی کوردستانی داگیرکراو بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە،

وەک دیتنی درەوشانەوەی ورە و باوەڕ و ئازایەتی لەو پێشمەرگە لاو و تازانەی دەڵێی ئەمڕۆ و هەر ئێستا هەواڵی شەهید بوونی ڕێبەرەکەیان بۆ هاتوە و لە نیو گڕ و دووکەڵی هەڵگوردی ئامانجی تۆپ و مووشەکی دوژمن دا سەنگەریان گرتوە،



سەرچاوە
Serchawe

وەک وێنەی هاوخەمی و هاوبەشی و نووسینی جوان و پێزانـانە و پێگەیشتووانەی ئێستای ئەو کەسانەی لەوانەیە لە کـاتی شـەهیدبوون و پـێش شـەهیدبوونی د.قاسـملوو دا، لێـی دڵ ئـێش و نـاڕازی بـوون، بەڵام ئەمـڕۆ بە شانازییەوە بە چاوی هێمای گشتیی پرسی ڕەوای نەتەوەکەی خۆیان سەیری دەکەن،

وەک دیتنەوەی ئەو لاپەڕانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" کە بەیاننامەی شەهیدکرانی د.قاسملوومان تێدا بڵاو کـردەوە و تۆوی ئەو بەڵێنەی تێداچاندین "نامەردین ئەگەر لە بیرت بەرینەوە و هەتا سەر بە ڕێگاکەت دا نەڕۆین"،

وەک وێنەی هاتنی نەسلێکی دیکە لە مێرمندالان و منداڵانی دیموکرات بۆسەر ڕاستەڕێی خەبـات بـۆ ئەو ئامـانجەی د.قاسملوو و یاران و هاوخەباتانی گیانیان لە پێناو دا بەخشی،


وەک وێنەی ڕێزگرتنی کوردانی قامیشلوو، قەزاقستان و... لە د.قاسملوو لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی دا،
وەک ئەو وێنانەی شایەدی دەدەن بۆ بەرهەمدانی ئەو وانەیەی د.قاسملوو، کە درێژەدانـی خەبـات و بەردەوام بـوون لەسەر ڕێگاو ڕێبازی شەهیدان، باشترین پاداش و، هۆکاری بەنەمری و زیندوویی هێشتنەوەی ناویان و ئامانجیـانە و...

***

لە ئاست ئەم وەفا و ئیرادە و نەشکان و بەردەوامیە پیرۆزە، دەتـوانم چ دژکـردەوەیەکم هەبێ بێجگە لە کڕنـۆش بردنێک بەو پەڕی ڕێزەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠١٩

# دوکتور قاسملوو، تێکۆشەرێکی نەسرەوتوو، ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو



**ئاشق ئیسماعیلی**

**بە بۆنەی سی ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمرەوە.**

**وشەی "هەڵکەوتوو" مانایەکی مەزن و بەرینی هەیە و تەنیا بۆ مرۆڤە دەگمەنەکانی مێژوو بە کار دێ، بە ڕاستیش دوکتور قاسملوو نەک هەر لە بارێکەوە، بەڵکوو لە زۆر بار و بوار دا هەڵکەوتوو بوو.**

**دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی خوێندەوار، بیرمەندێکی زانا و سیاسەتزانێکی بە ئەزموون بوو، کە لە قۆناخێکی گەلێک ناسک و گرینگی مێژوویی دا، وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی مێژووی خەباتی نەتەوەی چەوساوەی کورد دا درەوشایەوە و هەرچەند زووش ئاوابوو، گەلێک لاپەڕەی ئەو مێژووەی بە شۆقی خۆی تیشک ئاژن کرد. ئەو تیشکە لە سەر ئە و لاپەڕانە تۆمار بوو و ئێستا دوای تێپەڕینی سی ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژە دا کە هەوری ڕەشی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخۆیەوە پێچا و لەبەرچاوی هاوڕێیان و نەتەوەکەی ون کرد، هەر وا لە دڵی کوردان دا ماوە، لە توێی ئاسەوار و ئامۆژگارییەکانی دا ڕووناکایی دەبەخشێ و گومانی تێدا نیە کە تا هەتایەش هەر دەمێنێ.**



سەرچاوە
Serchawe

ژیان وخەباتی پڕ بەرهەرمی کاک دوکتور قاسملوو و بیرو باوەڕی ئەو مرۆڤە مەزنە لە زۆر لایەن و لە پەنجەرەی گەلێک ڕوانگە و بیروبۆچوونەوە خراونەتە بەرلێکدانەوە و بێگومان لەمەودواش باس دەکرێن و شی دەکرێنەوە. ئەم وتارە دەتوانێ تەنیا یادکردنەوەیەکی کورت بێ.

پێمخۆشە لە سێیەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرە مەزنە دا باسی چەند تایبەتمەندیی ئەو بکەم و بیرەوەرییەکیش لەو پێوەندییە دا بگێڕمەوە.

## دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی پێشکەوتنخواز و مۆدێڕن بوو.

تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕات، ئەوانەی لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی دوکتور قاسملوو دا بەشداربوون، هەموویان لە بیریانە کە زۆر جار ئەو دەیگوت حیزبی ئێمە دەبێ ببێتە حیزبێکی مۆدێڕن، تا بتوانێ لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم خۆی ڕێکخا و لە دنیای پێشکەوتوو دا بناسرێ.

دەکرێ بڵێین تێگەیشتنی ئاستی مۆدێرنی و نوێخوازیی دوکتور قاسملوو، بۆ خەڵکی تێکەڵاوی خەباتی ئەو کاتە و بە گشتی لە دنیای بیری سیاسیی تاڕادەیەکی زۆر نەریتی و کلاسیکی کوردیی ئەو سەردەمە دا بە تەواوی مەیسەر نەبوو، بەڵام ئەو بە هەرحاڵ، لەو کاتەوە کە دەرفەتی بۆ ڕەخسا، شوێنەواری خستە سەر هەموو لایەنە فکری و پراتیکییەکانی خەباتی حیزبی دێمۆکڕات و لە نوێکردنەوەی قەوارە و بەرنامەی ئەو حیزبە دا دەوری سەرەکیی گێڕا.

## دوکتور قاسملوو سیاسەتزان و دیپلۆماتێکی کارامە و جێکەوتوو بوو.

ئەوەندەی من بزانم هیچ مرۆڤێکی سیاسیی کورد، پێش دوکتور قاسملوو تا ئەو ڕادەیە لە موتوربەکردنی زانست و تیئۆریی سیاسی لە گەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی خەبات دا شارەزا نەبوو. ئەو کە دەیگوت:"سیاسەت هونەری مومکینە" بە ڕوونی دەیزانی ئەو هونەرە چۆن لە پێچ و خەمەکانی خەبات دا بەکار بێنێ. لێکدانەوەی ئەو لە سەر بارودۆخە سیاسییەکان، تەنانەت لە ئاستی جیهانی دا جێگای سەرنج و لێوردبوونەوە بوون، کە بە داخەوە ئەو

کات بە هۆی جۆراوجۆر و یەک لەوان زاڵبوونی جەوی شەڕی چەکداریی داسەپاو و کەمبوونی مۆڵەتی باس، لێدوانی سیاسی و هێندێک هۆی دیکە کە ئێستا دەرەتانی باسکردنیان نیە، کەمتر پێیان دەزانرا. "کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم"ەکەی کە لە بەرەبەری کۆنگرەی شەشی حیزب دا بڵاو بۆوە و پێشبینییەکانی لە سەر وەزعی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستیی ئەو سەردەمە، هەر لەو کاتە دا کە بەراوەردێکی ڕاستبینانەبوون و لەو سەردەمە دا دەرک نەکران، نموونەی شارەزایی و وردبینیی سیاسیی ئەو بوون.

## دوکتور قاسملوو دژی فەردپەرستی بوو.

ئەو سەردەمەی دوکتور قاسملوو وەک مرۆڤێکی سیاسیی کارامە ناسرا و ئەو کاتەش کە سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەش دا گەورەکردنەوەی کەسایەتییە سیاسییەکان و پەسن و پێهەڵگوتنی ڕێبەران شتێکی باو بوو. دوکتور قاسملوو دژی ئەو دیاردەیە بوو و باوەڕی وا بوو کە ئەو جۆرە شتانە پەسند نین و لە گەڵ سیستیمی دێمۆکراتی ناتەبان. ئەو بڕوای وا بوو کە پێوەندیی حیزبایەتی و بەدەنەی حیزب و ڕێبەرایەتی، دەبێ لە سەر هاوخەباتییەکی توند و تۆڵ، لێکنیزیکبوون و بناخەیەکی هاوڕێیانە بێ. ئەو لە ماوەی ژیانی خۆی دا دژی ئەوەش بوو کە وێنەی بڵاو بکرێتەوە و درۆشمی پێوە بدرێ.

بۆخۆم بیرەوەرییەکم لەو بارەوە هەیە، کە پێم‌خۆشە لێرە دا بۆ خوێنەرانی ئەم وتارەی بگێڕمەوە:

پاییزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لە گوندی "سوێناس" کۆنفرانسێکی بەرینی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی شارستان پێکهێنا. منیش لەو کۆنفرانسە دا بەشدار بووم. ئێمە بەشداربووانی کۆنفرانس نەماندەزانی کە کاک دوکتوریش دێتە ئەو کۆنفرانسە. بارودۆخەکە وای هەڵدەگرت کە لە بەر پاراستنی باری هێمنایەتی، تەنانەت شوێنی کۆنفرانسەکەش تا چەند سەعات پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوە، بە نەهێنی ڕاگیرابوو و سروشتی بوو مەسەلەی هاتنی هاوڕێ سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئەو شوێنەش بە نەهێنی ڕابگیرێ.

تازە بەڕێوەبەری بەرنامە چووبووە پشت میکرۆفۆن و بە تەمابوو ڕیزی بەرنامەی کاری کۆنفرانس ڕابگەیەنێ، کە



سەرچاوە Serchawe

لە پڕ ڕایانگەیاند کاک دوکتور لێرەیە. خەڵکەکە کاتێک ئەمەیان بیست، هەستانە سەرپێ و هەموو ڕوویان بۆ لای دەرگای شوێنی کۆبوونەوەکە، کە مزگەوتێکی گەورە بوو وەرگێڕا. کاک دوکتور وەژوور کەوت، خەڵکەکە ڕێگایان بۆ کردەوە و ئەویش لە کاتێک دا لێکدا لێکدا دەستی بۆ خەڵکەکە هەڵدێنا و سڵاوی لێدەکردن، تا ڕیزی پێشەوە کە لە نێزیک شوێنی قسەکردن بوو، هات. لەو حاڵە دا بەڕێوەبەری بەرنامە کە دیار بوو لە خۆشیی هاتنی دوکتوری زەوق گرتوویەتی، بەدەنگێکی بەرز دروشمی "بژی دوکتور قاسملوو"ی دا و خەڵکەکەش بەگەرمی دووپاتیان کردەوە.

کاک دوکتور دانیشت و من کە زۆری لێدوور نەبووم و دە ڕوخسارییەوە ڕامابووم، بە ڕوونی هەستم کرد کە ئەو دروشمدانەی پێخۆش نەبوو.
یەکەم کەس کە لەو کۆنفرانسە دا قسەی کرد، دوکتور خۆی بوو و یەکەم شتیش کە باسی کرد، مەسەلەی دروشمدانەکە بوو. ئەو کات بۆ من کە لاو بووم و لەمێژ نەبوو بە کردەوە حیزبایەتیم دەکرد، مەسەلەیەکی زۆر سەرنجڕاکیش بوو کە ئەو بە توندی ناڕازیبوونی خۆی لەو چەشنە دروشمدانە دەربڕی و گوتی:

"هاوڕێیان! من ئەو دروشمدانەی ئێوەم پێخۆش نەبوو. ئێمە هەموومان ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕاتین. کە وا بوو کاتێک دروشم دەدەین، نابێ دروشم بە ناوی کەس"فەرد"ەوە بدەین، با ئەو کەس، یان کەسایەتییە سکرتێری حیزبیش بێ، بەڵکوو دەبێ بڵێین "بژی حیزبی دێمۆکڕات" و بە ناوی حیزبەوە دروشم بدەین، کە جێگای لە سەرەوەی هەمووانە..." (دیارە ئەوە پوختەی قسەکانی کاک دوکتور بوو، کە من بە باشی لە بیرم ماون و دەقی نووسراو نین).

یادی بەرز و ڕێگای تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێ!


ئەم وتارە پێشتر لە "هەوارگەی ئاشق"، ساڵی ٢٠٠٧ دا بڵاو کراوەتەوە و ئێستاش بە هێندێک ئاڵوگۆڕەوە لە سەر ئەم دیوارە دانراوەتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕیکەوتی: ١٢ی جووڵای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## (كۆمەڵناسيی مەعريفی،يادێک لە شەهيد قاسملۆ)



لە ڕۆژهەڵاتەوە: ا.غ

هەندێک مردن هەيە كە دەبێ بەهانايەوە بچين!
لەفەلسەفەی ژياندا بوون و نەبوون مانايەكی ديالكتيكيی هەيە.
واتە دەبێ ئەمە بدەركێنين كە"هەستی هەست".

هيچ كەس ناتوانێ گۆمانێ لەوی بێ كە "هەستی هەست"چۆنكە بەپێی مەنتق ئەگەر هەستی نەبێ چلۆن دەتوانين گۆمانێک بكەين.

هيگەل ئەم هەستيە "گۆتاری يەكمين"ناو دەنێت.يەكەمين بەو بيانوەيەو كە يەكەمين خاڵی لێكۆڵينەوەيە،كە "هەستی هەست"،چۆنكە ئەگەر نەبوايا بێ گۆمان گفتگۆيش نەيببوو.ئەو ئەم هەستيە"تيز"ناو دەنێت و لانيكەم بەواتای ڕەوش ناسيی ڕەگەزەكانی شيكاری، پێ دەچێت، كە ئەم تێزە لە سێ تايبەتمەندی پێكهاتێ بێت:

١- تێز هەميشە يەكەمينە،چۆنكە ئەم هەستيە،يەكمی ترين هەستيی مەنتقيە.

٢- تێز هەمیشە سابیتە،چۆنكە جوڵان ۆ گۆڕان لە گەڵ "هەستیی هەست"كە خاڵی هەر جۆرە سیفەتێكە،ناسازگارە.
٣- تێز ناچار بەسابیت بوونە، و بەچاوی مرۆڤییدا ئەو هەمیشە مەیلی بەسابیتبوونە، چۆنكە جوڵان و گۆڕان، دەبێتە هۆی گۆڕانی هەستی، و گۆڕان بە مانای تەبدیل بوون بە نیستییە،كە ئەمە نامومكینە.

بۆ ناسینی ئەم باسە دەبێ بسلمێنین كە "هەستی هەست"، چۆنكە بەپێی مەنتق ناچار بە ئاوا سەلماندنێكین. بۆیە لەم ناسینە، ئاگادار دەبینەوە كە هستی بێ هیچ سیفەتێک نادەركدرێت. بۆیە پێمانوایە لە پێداچوونەوەیک لە هەستیدا بۆ بە وێنە كێشاندنی هەستی، خاڵێكی دیكەدا بدەركێنین كە هەستی لە خۆ، پێشاندەری هەستییەكی دیەكەیە؛ ئەوەش نیستییە.

جا بەئەو ئەندازەی كە "هەستی هەست"،و لەو كاتەی كە "هەستی هەست"،نیستییش زرورەتی هەیە.ئەم گۆتاری دووهەمییە بە ئانتی تیز دەناسرێت.

ئانتی تیزیش لە سێ تایبەتمەندی بەرەڕوو لەگەڵ تێزە:

١- تێز هەمیشە دووهەمییە، بەڵام نە بە مانای زەمانی،بەڵكۆ بە واتی مەعریفەتی ناسینیی، و هەمیشە لەناو گۆتاری یەكەمین،واتە تێز دێتە دەرەوە.
٢- ئانتی تێز لە گۆڕان و جوڵانە،چۆنكە گەوهەری نیستی وابەستەیە بە گۆڕدرای هەستی، و بەزەروری لە جوڵان سەقامگیر دەبێتەوە.
٣- ئانتی تێز ناچار لە گۆڕدراوی و جوڵانە.

لە ناسینی "هەستی هەست" دەبێ بگۆترێ نیستیش هەیە. هەستیی نیستی هەستیی هەستی، بە پێی مەنتق،نەفیی دەكاتەوە،چۆن نیستییە. "هەستی هەست"یش بە پێی ئەوەی كە هەیە،بەناچاری لە سەر هەستیی خۆی پێداگری دەكات. ئەم بەرەڕوویيە، كە لە مانای دیالكتیكی هیگەلی دەبێتە تەناقوزی نێوانی ئەم دوو ڕەگەزە، سەنتێز دەخولقێنێت.

مردنیش هەمیشە لە نەبوونی بووندا ڕووی دەدات و هەندێک جار خەڵک بەرەڕووی ئەم کێشەیە دەکاتەوە کە بۆ چی هەندێک مردن بۆ ئێمە دڵتەزێنە و هەندێک مردن ئاسایی دێتە بەرچاو.

لە فەلسەفەی بوون مردن وەکو ڕێگایەک دەبینرێت کە ئیتر نەبیت. نەبوونێک کە لە غەیبەتی بوون خۆی دەردەخات. ڕۆژانە بە ملیون کەس دێتە بوون و نەبوون و دڵی خەڵکان شاد و خەمبار دەکات. شایی و ژیانێکی مرۆڤی کە بوونەوەر یان خۆی هەست دەکات و یان خۆی نیست دەکات. ئێستە ئەم هەست و نیست کردنە دێتە ناو دەزگای لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەشەری و تێکەڵی بەها و میناکی دەستکردانەی مرۆیی دەبێت و لە دوایی بەرچەسبێک بە خۆیە وە دەگرێ کە ئایا ئەم مردنە خاونی شکۆیەک بووە یان مردنێکی ئاسایی بووە. واتە مردنیی "معتاد"ێک "کارتۆن"خاوێک چ جیاوازییەکی لە گەڵ مردنی هۆنەرمەندێک هەیە. یان مردنی پێشمەرگەیەکی ئاکامیدیسین وەکوو قاسملۆ، چەندە جیاوازە لەگەڵ مردنی بازەرگانێک. ئەم بەها لەسەردانانە کە هەندێک جار وا لێمان دەکات تا هەستی و نیستی بکەینە شوێنی مشتومڕی ناو کۆمەڵگەو و بزانین کرامەتەکان تا چ ڕادەیەک لە بەرزی و نزمیدایە...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی رزگار مستەفایی - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

## قاسملوی شۆڕشگێرمان لێ مەشارنەوە!



**شەمزین ئەحمەدنەژاد**

کورد ، یان باشتر بڵێم کوردێک کە بە ڕەهایی نەیتوانیوە خۆی لە "پاڕادیمە سەپێندراوەکانی زێنهیەتی سیاسی و خۆ بە یەک ماڵ بینی ئۆپۆزۆیۆنی فارس و تورک و عەرەب لەگەڵ دەسەڵاتی فارس و تورک و عەڕەب" ڕزگار بکات، هەموو کات هەوڵی ئەوە دەدات بۆ ڕاگرتنی دڵی ئۆپۆزۆسیۆنی فارس و نەتەوە سەردەستەکانی دیکەی داگیرکەری کوردستان، ئەویش بە قیمەتی سانسۆر کردنی وجودی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پاڕادایمەکانی ڕزگاری نەتەوەیی و هەموو هێما و نیشان و بەها و ئۆستورەکانی.

لە کاتێکدا دووژمن کلیدواژە و لیتەراتۆرە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی بە کاردانەوە لە بەرامبەر دۆزی ڕەوای ئێمە "لە مەترسی کەوتنی ئاسایش و ئەمنیەتی نەتەوەیی و تەجزیە بوونی خاک و سەرکوت و ئینکارە" هەوڵدان بۆ دروستکردنی سیمایەکی پێغەمبەر ئاسا لە ڕێبەرێکی شۆڕشگێر هێندەی بە قازانجە، دوو هێندە لێکەوتەی نەرێنی بە دواوە دەبێت.

قەت پێویست نییە گەلی وڵات داگیرکراو و پێشمەرگەی وڵاتێکی لەت لەت کراو و ژێر دەستی ئیستیعمار لە بەرامبەر کلیدواژە و لیتەراتۆری سیاسی لایەنی هێرشبەر بۆ سەر مافەکانی" بۆ نمونە فارس کە بە ماف گەیشتنی

منی کورد بە تەجزیە بوونی خاک و لە ناوچوونی شکۆ و تێکچوونی ئەمنیەتی نەتەوەیی دەخوینێتەوە" لانیکەم ڕوو بەخوودی " گەلی کورد و شۆڕشگێرانی" پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی کۆمەڵێک کلیدواژە کە بەخشەندەیی، لاشەڕی، هێمنی و لێبوردەیی" دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەتی.

لە کورتی ببڕمەوە هەڵەیەکی ستراتژیکە لە بەرامبەر کاریزمای نەتەوەی سەردەست کە نوێنگەی فاشیزمی نەتەوەی سەردەستە، لە بری زەفکردنەوە و قوڵکردنەوەی لایەنی شۆڕشگێرانە ، بوێری، سەرکەشی، نائارام بوون و ڕادیکاڵ بوون و تەنانەت توندوتیژ بوون " سیمایەکی فریشتەئاسا بە کاریزما و سەرکردەت بدەی.

ناپلئۆن، ویتکۆنگەکان، چیگواراکان و جۆرج حەبەش و دەیان و سەدان ڕێبەری بزووتنە ڕزگاریخوازەکانی دوونیا، لە لایەن گەلان و هاوڕێیانی سەنگەریانەوە کران بە قارەمان و ئوستورە بەڵام ئەوان وڵاتیان بە ئاشتی و پێغمەر بوون ڕزگار نەکرد.

دوکتور قاسملو لە لای من ڕێبەرێکی شۆڕشگێرە و بەوەڕا دەیناسمەوە کە لەسەر پرسی گەلەکەی داوای چالاکی و هەڵمەت و هێرشی دەکردە سەر دووژمنەکەی و پێشمەرگە و هێزەکانی حیزبی هان دەدا دەست لە دووژمن نەپارێزن بۆ ئەوەی ئەو و حیزبەکەی بتوانن لە پێگەی هێزەوە بچنە وڵاتان و داوای مافەکانیان بکەن.

لە کۆتاییدا قاسملو شۆڕشگێرێکی دێموکرات بوو و قەت پێمخۆش نییە بە پێغەمبەری ئاشتی ناوی بێنین چونکە لێکەوتەی ڕوانی مەنفی لەسەر ڕێبوارنی دوای خۆی بەجێدێڵێ و تیپێک ماندوو بوو لە خەبات ئەوە دەکەن بە ماڵ لە سەر کەسایەتی شۆڕشگێر و بوێرایەتی سیاسی کاک دوکتور.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو ڕۆژەی دوکتور قاسملوو تێرور کرا من لە پاریس بووم.



**ئەحمەد ئەسکەندەری**

**Den 13 juli 1989 Dr Abdullrahman Ghassemlou och hans medarbetare Abdulla Ghaderi-Azar mördades i Wien medan de höll på att förhandla med representanter från den iranska regimen. De mördades mitt under förhandlingen. De misstänkta gärningsmännen greps kort efter .morden av österrikisk polis för att därefter överlämnas till den iranska ambassaden i Wien**

ساڵی ١٩٨٩ دووسەدهەمین ساڵی شۆڕشی مەزنی فەرانسە بوو. هەربۆیە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ١٤ی ژووئییەی ئەو ساڵە زۆر تایبەتی بوو و توووریستێکی ئێجگار زۆر لە پاریس بوون.

ڕۆژی ١٤ی ژووئییە لە ماڵی دۆستێکم میوان بووین و من گوێم لە دەنگوباسی سەعات هەشتی بەیانی ڕادیۆ بی‌بی‌سی جیهانی بە زمانی ئینگلیسی گرتبوو. یەکەمین خەبەر تێرۆر کردنی دوکتور قاسملوو و عبداله قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە پاریس بوو. زۆر زەحمەت بوو باوەڕکردنی ئەو هەواڵە چونکوو هەم تێرۆری ڕێبەرانی کورد لە ئورووپا زۆر چاوەڕواننەکراو بوو و هەم هیچ زانیارییەک نەبوو لەوەی کە دوکتور قاسملوو لە ڤییەننا بووبێت. ڕادیۆ بی‌بی‌سی جیهانی، دوای دەنگوباس لە لێکدانەوەی هەواڵەکەدا لەگەڵ باقر معین (کە ئەودەم بەرپرسی بەشی فارسی ڕادیۆ بی‌بی‌سی بوو) قسەیان کرد. لێکدانەوەی ئەوم زۆر پێ سەیر بوو. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کێ دەتوانێ لە پشت ئەو تێرۆرەوە بێت، گوتی "بەم دواییانە بەشێک لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات جیابوونەتەوە.

... لەوانەیە ئەوان بن!!"

دوای بیستنی هەواڵەکە لە ڕادیۆ بی‌بی‌سی‌یەوە، من بە پەلە دەرکەوتم بۆ ئەوەی خەبەرەکە بە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بگەیەنم کە هێشتا هەواڵەکەیان نەبیستبوو.

نووسەر و ڕۆژنامەوان خاتوو کارۆل پرونهووبێر لە کتێبەکەی خۆیدا [The Passion and death of Rahman the kurd] "خولیا و مەرگی ڕەحمانی کورد" دەڵێ: سەعات هەشتی سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی ١٤ی ژووئیە ١٩٨٩ وەزیری ناوخۆی ئوتریش (نەمسا) ئاگادار کرایەوە کە ئەو تێرۆرانە سیاسین و سێ ئێرانی هاتوون و ئەو سێ کوردەیان تێرۆر کردووە... دەشڵێ تێرۆریستەکان پاسپۆرتی دیپلۆماتیکیان پێ بووە بە بێ ئەوەی کاربەدەستانی ئوتریش لە بوونی ئەم کەسانە لە سەر خاکی وڵاتەکەیان ئاگادار کرابێتنەوە. کارۆڵ سەبارەت بە لانیکەم سێ کاسێتی قسەوباسەکانی کۆبوونەوەکە بە وردی دەدوێت کە لە کیفە دەستییەکەی دوکتور قاسملوودا بینراوەتەوە و هەروەها باس لە دەستکاری کردنی ئەو کاسێتانە دەکات کە لەوانەیە یان کاری ئێرانییەکان بێت یان دەزگای پۆلیسی ئاسایشی ئوتریش...

لە سیهەمین ساڵی تێرۆری دوکتور قاسملوودا جێگای خۆیەتی کە حیزبی دیموکرات سەبارەت بەو کاسێتانە و ناوەرۆکەکەی ڕای گشتی کوردستان و جیهان ئاگادار بکاتەوە.

ڕۆژی ١٤ی ژوئیە لە پاریس ڕۆژنامە دەرنەدەچوو و ڕێوڕەسمی دووسەد ساڵەی شۆڕشی فەرانسە هەموو شتێکی داپۆشیبوو. بەڵام بەدوای بی‌بی‌سی دا وردە وردە هەواڵەکە لە ڕادیۆ و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لە جیهاندا بڵاوکرایەوە.

لەو کاتەدا هیچکەس ئاگادار نەبوو کە خولێکی تازەی گفتوگۆ لە ڤییەننا دەستی پێکردبوو و ئەوە نوێنەرانی رژیم بوون کە تێرۆرەکانیان ئەنجام دابوو. ڕۆژی دواتر هەموو ڕۆژنامەکان سەبارەت بە کەسایەتی دوکتور قاسملوو و حیزبی دیموکرات و کوردستان بە دووروودرێژی ڕاپۆرتیان نووسیی. کوردەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات بە گشتی و لە فەرانسە بە تایبەتی ڕق و تووڕەیی زۆریان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران نیشان دەدا.



سەرچاوە Serchawe

کەسانی وەکوو دوکتور بێرنارد کووشنێر - پزشک و ماوەیەکیش وەزیری دەرەوەی فەرانسە - کە بەتایبەت دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبوو، لە زۆربەی کاناڵەکان و ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوتن و سەبارەت بەو تێرۆرە لێکدانەوەیان دەدا.

ئەوەی جێگای داخ بوو، ئەوە بوو کە نە حیزبی دیموکرات و نە هیچ لایەنێکی تر لەو ڕۆژانەدا کە لە هەموو لایەک باسی ئەو تێرۆرانە بوو، بانگەوازێکیان بڵاو نەکردووە بۆ خۆپیشاندان لە دژی ئێران کە بێگومان دەنگدانەوەی ئێجگار زۆری دەبوو.

**لە بیرەوەرییەکانی هاشمی رفسنجانی لە ساڵی ١٣٦٨دا ئەم دێڕانە سەبارەت بە دوکتور قاسملوو دەبینرێت:**

**شنبه ٢٤ تیر ١٥ جولای:**

شب جلسه سران قوا در دفتر آقای موسوی اردبیلی بود. درباره مسأله (ترور عبدالرحمن) قاسملو، چین و مسائل داخلی... مذاکره کردیم.

**یکشنبه ٢٥ تیر:**

مسأله قتل (عبدالرحمن) قاسملو (رهبر حزب دمکرات کردستان) انعکاس وسیعی دارد؛ معمولا عامل قتل را از قول عراق یا مخالفان ایران حدس می‌زنند تا ساعت ده در جلسه علنی بودم.

**چهارشنبه ٢٨ تیر**

در گزارش‌ها مطلب مهمی نیست. پلیس اتریش دستور توقیف دو نفر از مأموران ایران را به اتهام نقش ایران در کشتن قاسملو داده است.



سەرچاوە
Serchawe

**جمعه ۳۰ تیر**

آقای (محمود) واعظی (معاون وزیر خارجه)، تلفنی از تهران خبرداد که وزیر خارجه اتریش گفته است، ایران در قتل قاسملو به احتمال زیاد دیده می‌شود. گفتم برای جواب مشورت کنید. گفت اتریشی‌ها خوب برخورد کرده‌اند. مأمور ایرانی را تبرئه کرده و به ایران اعزام داشته‌اند.

**سه‌شنبه ۳ مرداد - ۲۵ جولای**

آقای مهدی‌نژاد آمد. درباره قتل (عبدالرحمن) قاسملو (رهبر حزب دموکرات کردستان) گفت، بعد از آنکه اتهام‌ها برطرف شد، اتریشی‌ها خوب برخورد کرده‌اند. آنها (محمد) جعفری (صحرارودی) را تبرئه کرده و با تشریفات به ایران اعزام داشته‌اند. آقای (علی) آقامحمدی آمد. به ملاقات جعفری (دیپلمات ایران) رفته بود. پیشنهاد داشت که مصاحبه کند و از برخورد اتریشی‌ها تشکر نماید؛ به خاطر جلوگیری از توطئه‌ها علیه ایران.

**شنبه ۷ مرداد - ۲۹ جولای**

آقای (محمد) جعفری صحرارودی (دیپلمات مجروح) آمد. حالش نسبتا خوب است. در اتریش در جلسه مذاکره با (عبدالرحمن) قاسملو، چند تیر کاری خورده، ولی به خیر گذشته است. مهاجمان او را در جلسه و به قصد کشت هدف قرار داده‌اند، اما از زدن تیر خلاص خودداری کرده‌اند. ماهیت مهاجمان هنوز مشخص نشده است. در بازجویی، اتریشی‌ها خوب برخورد کرده‌اند

لەم کارەساتەدا هەروەها دوکتور فازل ڕەسووڵ کە وەکوو لایەنی سێهەم و لەگەڵ نوێنەرانی ئێران بەشداریی کۆبوونەوەکانی کردبوو، تێرۆر کرا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# قاسملوو، ریفۆرمیستێک بەو شاخانەوە




**ڕێبوار کەریمی**

ئەو خوێندنەوە فەرمییانەی بۆ کارنامەی سیاسیی دکتۆر قاسملوو دەکرێن، بە زۆری پڕۆفایلێک لە کەسایەتیی ئەو بە دەستەوە دەدەن کە دواجار بە چاک یان خراپ، پێوەندییان بە ژیان و بەسەرهاتی ئەو سەرکردە شەهیدەوە، لە دە ساڵەی کۆتایی ژیانیدا هەیە. لەم پڕۆفایلەدا سیمای قاسملوو وەک سەرۆکی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە وێنا دەکرێ. پێداگریی میراتگرانی حیزبیی ناوبراو لەسەر کارەکتەری شۆڕشگێڕانەی د.قاسملوو لەکاتێکدایە کە ئەو بە بەردەوامی لەلایەن بەشێکی زۆر لە نەیارە سیاسییەکانیەوە بە کەسێکی "ناشۆڕشگێڕ" ناوزد دەکرا: ئەوانەی لە حیزبەکەی ئەو جیابوونەوە وەک هێمایەک بۆ ناشۆڕشگێڕانە بوونی ڕێبازی ئەو، پاشگری "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"یان بەناوی خۆیانەوە نووساند. چەپە تیژڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش، پێیاندەگوت "سازشکار" (وەک هێمایەک بۆ لاشەری و هەوڵی ئەو بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی). ئایا قاسملوو کامیەک لەمانە بوو: ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ (وەک لە وێژمانی حیزبی - فەرمیدا دەگوترێ) یان مرۆڤێکی سازشکار و ناشۆڕشگێڕ (وەک نەیارەکانی دەیانگوت)؟

### "قاسملوو" کام قاسملوو؟!

هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سیاسی - چەکداریی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی ڕۆژهەڵات، بێ گەڕانەوە بۆ

نەخشی دەورانسازی د.قاسملوو، هەڵسەنگاندنێکی پڕکەمایەسی دەبێ. ئەو دیارترین کەسایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو. بەڵام هەڵسەنگاندنی کەسایەتی سیاسیی د.قاسملووش تەنیا لەبەرایی ڕووداوەکانی ئەو دە ساڵەی بزووتنەوەی سیاسی - چەکداریدا هەڵسەنگاندنێک دەبێ پڕ کەمایەسی.

ژیانی ڕۆشنبیری و ئەو ئەزموونانەی کەسایەتیی سیاسیی قاسملوویان لە بۆتەی خۆیاندا قاڵ کردووەتەوە، سەردەمێکی دوور و درێژ دەگرێتەخۆ کە گەرمەی شۆڕشی چەکداریی هەشتاکان تەنیا یەک لە چواری ئەو مەودا دوورودرێژە پێکدەهێنێت. ئەو دەمەی شۆڕشی چەکداری- سیاسیی ڕۆژهەلات دەستیپێکرد، قاسملوو ئیدی نەک هەر

کەسایەتییەکی پێگەیشتوو و کاملی سیاسی بوو، بەڵکو وەک یەکێک لە پێشەنگە بەئەزموون و شارەزاکانی گۆڕەپانی سیاسەت، لەسەر ئاستی هەموو ئێراندا، چاوی لێدەکرا. تەنانەت ئەگەر چاوێکی خێرا بە تێکڕای ئەو چارەکە سەدەیەشدا بخشێنین کە تێیدا قاسملوو لە ئەورووپا، لە گەنجێکی چەپی خوێنگەرمەوە بوو بە ئابووریزانێکی بەتوانا و سیاسەتمەدارێکی زانا، هێشتا دەکرێ چەندین وێستگەی فکریی جیاجیا لەو چارەکە سەدەیەدا لێکهاوێربکەین. بۆیە باسکردن لە قاسملوو هەمیشە باسکردنە لە "قاسملووەکان". هەموو داکێشانێکی کەسایەتیی ئەو سەرکردەیش بۆ چوارچێوەی یەک ڕاڤەی دیاریکراو، لەباری مێتۆدیکەوە هەڵە و لەباری سیاسیشەوە چەواشەکارانەیە.

## قاسملوو چی نەبوو؟

ئەگەرچی لە ژێر کاریگەریی وێژمانی چەپدا "شۆڕشگێڕبوون" هەمیشە وەک فەزیلەتێک وێنا کراوە، بەڵام بە بڕوای من نە شۆڕشگێڕبوون هەمیشە فەزیلەتە، نە قاسملووش کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ بووە. پێموایە دوو دەستەواژە کە دەتوانن زۆر باشتر کەسایەتیی خەباتکارانەی قاسملوو وێنا بکەن، یەکیان سەربزێوی و سەرکەشییەکی خۆڕسک و ئەوی دیکەیان "ڕەخنەگرێکی ڕۆشنبیرانە"یە. سەربزێوی خەسڵەتێکی زاتییە لە زۆر لە مرۆڤەکاندا، کە لە قاسملووش مرۆڤێکی نەسرەوتەی بێقەراری دروستکردبوو. بەدڵنیاییەوە ڕێکخراوە و بیرێکی "چەپی شۆڕشگێڕ" گونجاوترین دەفر بووە بۆ ڕۆحی بێقەراری مرۆڤێکی زیت و سەربزێو کە تاسەی گۆڕینی دنیا هەڵیگرتبوو. بەڵام بەڕوونی دیارە تا تەمەنی ئەو گەنجە شۆڕشگێڕەمان هەڵدەکشێ، گیانی سەرکەشییەکەی هێورتر دەبێتەوە و ئێمە

قاسملوویەک دەبینین سەبوورتر، ئەقڵانیتر، دووربینتر. لەبەرامبەردا، پەروەردەبوونی وەک کەسایەتییەکی ئاکادێمیک لەبواری پەرەسەندندا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و؛ شەقڵگرتنی زیاتری کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی وەک مرۆڤێکی مۆدێرن لە ئەورووپای ڕۆژاوادا، تایبەتمەندیی ڕەخنەگرانەی ڕووناکبیرێکی دەروەست و چاونەترسیان بە قاسملووی "میانساڵ" و گەڕاوە، بەخشیبوو.

بەم شێوەیە، چیرۆکی ژیانی قاسملوو، دەبێتە چیرۆکی مرۆڤێکی بیرکەرەوەی مۆدێرن - بەمانا کانتییەکەی - ، کە ڕەخنەگرییەکی ڕۆشنبیرانەی ڕیسککارانە، لە بەستێنی خولیای ئازادیخوازیی نەتەوایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، ئەڵقە بێپسانەوەکانی بەسەرهاتی خەباتکارانەی پێکدێنن و مانایان پێ دەبەخشن. لەڕاستیدا، لە کەسایەتیی چەپ و ڕۆشنبیرانەی د.قاسملوودا، ڕەخنەگرێکی چاونەترس بەدی دەکرێ کە لە یاخیبوونەکانیدا جەربەزەیییەکانی سمکۆی شکاک و، لە مشتومڕە فکرییەکانیدا گیانی لێپرسراوێتی "بیریارانی سەر شەقام"ی ساڵەکانی ٦٠ و ٧٠ زایینی و، لە خوێنگەرمیی ئازادیخوازانەیدا نەسرەوتەیی شۆڕشگێڕانەی چریکە چەپەکانی ئەمریکای لاتین و، دواجار وەک کوردێکی "زانای جیهاندیدە"ی پێگەیشتووی پراگ و پاریس، پایتەختەکانی دێموکراسی و شارستانیەت، بە سەروجامانە و جلوبەرگی کوردانە و پشتێنە هەمیشە ڕەنگ ڕۆشنەکەیەوە، لەنێو شاخوداخەکانی کوردستاندا، خەونی بەدنیایەکی باشترەوە بۆ ئادەمیزادی سەدەی بیستەمی کوردستان و نەوەکانی دوای خۆیەوە دەبینی.

## شۆڕشی ڕیفۆرمیستێکی شێلگیر

وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، بە دیتنی من، قاسملوو چەپێکی شۆڕشگێڕ نەبوو، تەنانەت ئەگەر ئەم ئیدیعایەی من پێچەوانەی ئەو ڕێتۆریک و ڕەوانبێژییەش بێ کە د.قاسملوو بۆخۆی بەکاری دەهێنا. ئاشکرایە چەمکەکانی "شۆڕشگێڕی" و "ریفۆرمخوازی" هەڵگری بارێکی بەهایی تایبەتن. ئێمە دەزانین "ناشۆڕشگێڕبوون" لە وێژمانی چەپدا، ئەویش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، چ بارێکی مانایی نێگەتیڤی لەخۆیدا هەڵگرتبوو. قاسملوو هەرگیز لەو بەستێنە وێژمانییەی چەپ دانەبڕا، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو دوو تایبەتمەندییەی کەسایەتیی ئەو کە لەسەرەوە باسمکردن، ئەویان کردبوو بە ڕیفۆرمخوازێکی شێلگیر، کە بەرپرسانە و ئازایانە ئامادەی دانی نرخی ئەو ڕیفۆرمخوازییەشی بوو. ئەو بیروبۆچوونانەی کە بوونە هۆی دەرکرانی لە چیکۆسلۆڤاکیای دوای بەهاری خوێنینی

پراگ، هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ بەرۆژکردنەوەی تێگەیشتنەکانی لە سۆسیالیسم، هەوڵەکانی بۆ پێکهاتنێکی لانیکەمی لەگەڵ کاربەدەستانی دوای شۆڕشی ئێران بەهیوای بەردەوامیدانی ئاشتیانە بە مافخوازییەکانی گەلی کورد لە ئێرانی دوای شۆڕشدا، لەو نموونە بەرجەستانەن کە دەیسەلمێنن قاسملوو لە باری سیاسییەوە پراگماتیستێکی بنەماگەرا (واتە، شەڕکەر لەسەر بنەماکان و مامەڵەگەر لەسەر شتە لاوەکییەکان) و لە باری ئەرزشیشەوە ڕیفۆرمیستێکی شێلگیربوو. ڕەنگە بپرسێ ئەی دە ساڵ خەبات بەو شاخانەوە ئەگەر شۆڕشگێڕی نەبوو چی بوو؟!

من ناڵێم هیچ ساتەوەختێکی شۆڕشگێڕی لە باوەڕ و بڕیار و کرداری قاسملوودا بەدی ناکرێ. بەڵام قاسملوو ڕیفۆرمیستێک بوو کە تەنانەت شۆڕشگێڕبوونەکەشی - بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ - هەڵبژاردنێکی ڕیفۆرمیستیانەی کاتی بوو لەڕووی بێدەرەتانییەوە. کاتێک قاسملوو دەڵێ "ئێمە خەباتی چەکداری بۆ ئەوە دەکەین کە حکومەت وادار بە وتووێژ بکەین"، ئەمە دەریدەخا "کارتی شۆڕشگێڕی" جا گریمان ناوەرۆکەکەی خەباتێکی توندوتیژانەی خوێناویش بێت، دواجار هیچ نییە ئامرازێک نەبێ بۆ پێملکردنی دەسەڵاتدارێتی بۆ گۆڕان و گۆڕانکاری. خەباتی چەکداری لە وێژمانی ڕزگاریخوازانەی قاسملوودا هیچکات پرسێکی ستراتیژیک نەبووە. بەتێگەیشتنی من بەشێک لەهۆکاری ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ پێشزەمینەی مەعریفیی قاسملوو وەک مامۆستایەکی وانەی پەرەسەندن، کە باش زانیویەتی ئازادی بەندە بە پەرەسەندنەوە و، مەرجی پایەداریی پەرەسەندنیش هاوسەنگییە لە پەرەسەندندا لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، فەرهەنگی و دواجار سیاسیدا، ئەویش لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییدا.

بەووشەوە، ئەوە ڕاستییەکە کە قاسملوو، لەڕێی خۆی و ئەو پرۆژەیەوە کە لە قۆناغی خەباتی چەکدارانەدا ڕێبەرایەتیی کرد، گەلێک کەسی ئاوێتەی پرۆژەیەک کرد کە بە هەموو شۆڕشگێڕانەبوونی سروشتەکەشیەوە، دەبووایە "تاکتیکێکی کاتی" بێت. ئەوە ئیتر تەنزی تاڵی ئەم چیرۆکەیە کە، تاکتیکێکی کاتی بەچەشنێک شڵقی خۆی لە زهنیەتی ئاوێتەبووانی ئەو پرۆژەیە دا، کە ئیدی زۆریان خۆیان مەحکووم بە شۆڕشگێڕ بوونێکی تاهەتایی کردووە. بەبێ ئەوەی سەرنج لەو ڕاستییە بدەن کە شۆڕشگێڕ بوونی مێعماری سەرەکیی پرۆژەکەیان نەک شتێکی ستراتیژیک و تاهەتایی، بەڵکو هەڵبژاردنێکی کاتی و بگرە نابەدڵانە و داسەپاوی ڕیفۆرمیستێکی شێلگیر بوو. لەڕاستیدا، درەوشاوەیی چیرۆکی ژیانی دکتۆر قاسملوو پێش هەموو شتێ بەو هۆیەوە بوو کە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو، لێوەشاوەیی تەعدیلی ئازایانە و بەردەوامی هەڵوێستەکانی پێ دەبەخشی - ئەمەش ڕێک بەهۆی کارەکتەرە ڕیفۆرمیستیانە شێلگیرانەکەیەوە. لەبێ قاسملووییدا بەڵام پرسی "شۆڕشگێڕی" لە گرێژنەی مێژوویی خۆی دەرچووە و

ئەنجام بووەتە ئەو دۆخەی لە بزووتنەوەی "سیاسی - شۆڕشگێڕانە"ی ڕۆژهەڵاتدا دەیبینین: داوێستاوی و کۆنەواری لە ژێر دەمامکی شۆڕشگێڕیدا و، دەستەوستانی لە ئاست پێویستییەکانی خۆگونجاندنێکی ساختاری لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزە بوونی کۆمەڵگەی پەرەئەستێنی ڕۆژهەڵات. ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە هەموو کات زیاتر پێویستییان بە گەڕانەوە هەیە بۆ سەرەتاکانی ئەندێشەی ڕیفۆرمیستیی قاسملوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٩

## سڵاو لە ڕێبازی پڕ لە شانازی دکتۆر قاسملووی ڕێبەر.



**محەممەد سلێمانی**

ڕێبازێک کە جگە لە بە هێزکردنی هەستی نەتەوەیی و یەکیەتی سیاسی شتێکیر نەبووە و نابێت و بەدرێژایی مێژووی سیاسی حیزبی دێمۆکرات وەک هێزێکی کاریگەر لە مەیداندابووە و خەباتی بەدژی سەرسەخت ترین ڕێژیمەکانی ناوچەکە کردوە.

حکوومەتی ئاخوندی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا، هەوڵیداوە بە ڕێگای تیرۆری سیاسی و نهێنیدا دژبەرانی لەسەر

ڕێگایان لابدات. کەوابوو دەسەڵاتێکی داخراو و نادێمۆکراتیکی وەک ڕێژیمی تاران، ناتوانێت سەقامگیری سیاسی و ئاسایش و ئارامی گەلانی وڵات بپارێزێت.

ڕێبەری گەورەمان زۆر دەمێک بوو خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی کە گەلی کورد لە سەر ئاستی بەرزی بڕیاردنی سیاسی و نەتەەیدا، خۆی لە نێو ناوەندێکی سیاسی ئەوتۆدا بدۆزێتەوە و بۆ مەبەستی بڕیاردانی سیاسی و نەتەوەیی.

شەپۆلی یادکردنەوەی دکتۆر قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە بڕۆکسێل ، دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی لەسەر ئاستی دەرەوە و نێوخۆیدا بەدوایخۆیدا هێناو و بە هەزاران لە کوردانی تاراوگەی لەو ڕۆژە مێژوویەدا بەشداربوون.

ئەوانیشی بە بە هۆی کارو باری ژیانی تاراوگە نیشینیەوە، دەرفەتی بەشداربوونیان بۆ ڕەنەخساوە، بە ڕێگایتردا پەیمانی خۆیان لە گەڵ دکتۆر قاسملوو و حیزبەکەیدا نوێ کردۆتەوە.

هەر لە خۆوە نەووە کە دکتۆر قاسملوو دەی فەرموو: حیزبی دێمۆکڕات ،حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازنی کوردستانە. ئەو قسەیە بەکردەوە و لە مەیدانی کرداریدا خۆی سەلماندووە. پێگەی سیاسی حێزب ناکرێت لە گەڵ هیچکام لە هێزەکانی تری کوردستاندا، بەیەکەوە بەراورد بکرێ.

هەربۆیەش ساڵانە بە میلیۆنان لە خەڵکی کوردستان بە شێوەیی جۆبەجۆر و بە گوێرەی دەرفەت و ئیمکانی خۆیان ڕێز لە شکۆی بەرزی گەورە پیاوی مێژووی هاوچەخی گەلەکەمان دەگرن.

ڕێبازی سیاسی و نەتەوەیی دکتۆر قاسملوو بۆ هەر یەک لە قۆناغەکانی تێکۆشان دەگوونجێ و ڕێبەری ئێستای حیزب زۆر بە ژیری و سەردەمیانە ئەو ڕێبازە فراوان و دێمۆکراتیکە درێژە پێدەدەن.

لە تاراوگەوە بڕیاری سیاسی لە سەر چارەنووسی سیاسی و نەتەوەی درا. خۆشەویستی دکتۆر قاسملوو ناکۆکیەکانی

زۆربەی لایەنەکانی بنەبڕکرد و لە سەر ئاستی زۆر بەرزی سیاسیدا، گەورە ڕێبەرانی کورد باوەشیان بەیەکدا کرد و پەیمانیان لە گەڵ ئامانجەکانی دلتۆر قاسملوو و حیزبەکەی نوێکردوە.

هاوخەباتی و یەکیەتی سیاسی تەنیا ڕێگای ڕزگاری و کۆدەنگی نەتەوەیە کە لە سایەیدا کورد دەرفەتی بە ئاکام گەیشتنی بۆ دەرەخسێت.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەرێکی گەورەو نەتەوەیی، توانی زۆربەی هێزە تێکۆشەر و ئازایخوازەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لە برۆکسێل بەیەک بگەیەنێتەوە.

خەباتی قاسملوو، درێژەی ئەو بزووتنەوە سیاسی و جەماوەرییەیە کە بەردی بناغەیەکی ئاکادیمی و زانستی بۆ داناوە و هەر بەوجۆرەش، بە جەوهەری فەلسەفەی شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەلات دەمێنێتەوە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران شانازی بە خۆی دەکات کە خاوەنی ئەندام و لایەنگر و دڵسۆزی ئەوتۆیە کە هەر هەموو وەختێکدا هەر یەکە و بەجۆرێک لە مەیدانی خەباتی سیاسی و نەتەوەیدا، پشتووانی خۆیان بۆ ئەو ڕێبازە ڕاگەینادۆتەوە کە دکتۆر قاسملووی مەزن گیانی بەنرخی لە پێناودا بەخشیووە.

سڵاو لە دکتۆر قاسملووی هەمیشە لە ڕێبازدا زیندوو بێت.

هەربەو بۆنەشەوە، وێڕایی دانەواندنی سەری ڕێز و وەفام لەبەردەم بارەگای نەمری قاسملوویدا، پەیمان و بەڵێن لە گەڵ ڕێبازەکەی تازە دەکەمەوە کە هەر دەم وەفارێکی ڕاستەقینەی شکۆی خەباتەکەی بم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## قاسملۆ سیمبوولی گەلی کورد یان حزبی دیموکرات؟




**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

قسە لەسەر کەسێک دەکەین کە سیاسەتمەدار، دیبلۆمات، پێشمەرگە، تێکۆشەر، نووسەر، کاریزما، قسەخۆش، دیموکراسیخواز، چەپ، مارکسیست و سۆسیالیست، کەسێکی نەتەوەیی، دیموکرات، کەسایەتییەکی سیاسیی گلۆباڵ، کەسایەتییەکی ئەنترناسیۆناڵ.

بەڵام تیرۆرکردنی واتا باس لە ڕووداوێک دەکەین، کە هەر دەڵێی دوێنێ ڕووی داوە، هێندە بەسوێ و ئازارە، ڕەنگە هێشتا قبووڵکردنی سەخت و دژوار بێت، یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و یەکێک لە ڕابەرانی کاریزمایی حزبی دیموکرات بە فیزیکی لە ناوماندا نییە، بەڵام ئایدیا و ئارمان و ڕێبازەکەی هێشتا سیمبوولی شۆڕش و قوربانیدان و خۆڕاگرییە، وەکو خۆیشی دەڵێت: "باشترین خەڵات بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگەکەیانە". واتا کۆبوونەوە و ڕێزگرتن لە د. قاسملۆ و پڕۆتستۆکردنی ئەو کردەوەیە، هەر ڕێک درێژەپێدانی ڕێگەکەیەتی. چونکە گەر حزبی دیموکرات، سەدان سەروەریی مێژوویی، سیاسی و نیشتیمانیی گەورەی هەبووبێت، یان هەبێت لە ناویاندا، یەکێک لە شانازی و سەروەرییەکانی قاسملۆیە. ئەوەش نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە سکرتێری حزبی دیموکرات بووە، نەخێر، بەڵکوو لەبەر ئەوەی د. قاسملۆ بۆخۆی کەسایەتییەکی گلۆباڵ

بوو تا لۆکاڵ.

ئەو لەسەر ئاستی دونیا، وەکو یەکێک لە ڕابەرانی کورد دەناسرا و سەیری دەکرا، پێش ئەوەی وەکو سکرتێری حزبەکەی بناسرێت، دەکرا قاسملۆ هێشتا لەناوماندا بوایە. یان لەگەڵ حزبی دیموکراتیش نەبوایە، بەڵام هیچکام لەوانە لە ڕۆڵ و کاریگەری و کەسایەتی و سیمبوولیزمی ئەوی کەم نەدەکردەوە. هەرگیز نەدەگوترا بەوەها حاڵێکیشەوە وەک یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی و نیشتیمانی قبوڵ نەکرێت. ڕەنگە یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەم ڕۆڵەی د. قاسملۆ بێت، کاتێک باسی قازی دەکرێت، بێ سێ و دوو باس لە قاسملۆش دەکرێت.

یان کاتێک باس لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت، لە پاڵ دەیان شەهید و سەرکردەی تردا، ناوی قاسملۆ دێتە گۆڕێ. تەنانەت کە باس لە یەکێک لە نزیکترین دۆستە خۆرئاواییەکانی کورد دەکرێت لەسەر ئاستی جیهانیدا، مومکن نییە قاسملۆ بەحس و باس نەبێت، یان کە باس لە حزبی دیموکرات دەکرێت، بێ سێ و دوو بڵێن حزبەکەی قاسملۆ.

بۆیە، هەندێکجار یان زۆرتر لە جارێک، حزبی کوردی تووشی هەڵەیەکی مێژوویی، سیاسی و نەتەوەیی دەبێت کە سەرکردە و کاریزماکانیان تەنها و تەنها بە موڵکی حزبێکی بچکۆلە دەبینن، تا سەرکردەیەکی کوردستانی، یان هیومانیست، یان گلۆباڵ. بۆیە حزبی دیموکرات، هەرگیزا و هەرگیز نابێت ڕێگە بدات، قاسملۆ، فکر، ئایدۆلۆژیا و کاریزمابوونی و ڕێباز و خەت و وجوود، تەنانەت شەهیدبوون و مەرگیشی بە تەنیا بە سەروەری بۆ دیموکرات بزانێت و بەس.

مەبەستمە بڵێم، گەر حزبی دیموکرات وەها بیر بکاتەوە لەهەمبەر د. قاسملۆ، بێگومان هەوڵێکە بۆ بچووککردنەوەی کەسایەتییەکی گەورە، لە چوارچێوەیەکی بچووک و لۆکاڵی حزبی، کە یەکەم زەرەمەند خودی حزبی دیموکرات دەبێت. - کە بۆچوونی من، حزبی دیموکرات. گەر بە عەلەنی ئەوەی ڕانەگەیاندبێ، کە قاسملۆ هی هەموانە یان لانیکەم هی ئەکسەریەتی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە زۆرتر وەکو سکرتێری حزبەکەی ناساندوویەتی، دەتوانم نموونەی زۆر بێنمەوە بە تایبەت بۆ ئەو ڕابەرانەی کە شەهیدبوون یان گیانیان لە دەست داوە، کە دەکرا هەر لە ڕێگەی خودی حزبەکانیانەوە گەورەتر نیشان بدرێت و بکرێنە

سیمبوولی هەموان، موڵکی هەموان، بەڵام کە نەیانکرد، حزبەکانیان زەرەریان کرد چونکە بەوە دڵی هەزاران کەسیان ڕەنجاند، کە کاریزمایەک وەکو موڵکی حزبێک ناسێنرا.

لەمبارەیەوە حزبی دیموکرات لە بەرامبەر قازی محەمەد باشتر مامەڵەی کرد و شوێنی خۆیشی گرت و تا ئەم ساتەش لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان وەها سەیری دەکرێت کە موڵکی هەموو کوردە و پێم وایە لە چل ملیۆن کەس، چوار کورد نادۆزیتەوە دژی قازی محەمەد بێ و بە موڵکی خۆی نەزانێت. ئەم تێڕوانینە مانای ئەوە نییە کە حزبی دیموکرات شانازی بە قاسملۆ نەکات، بەڵام دەبێ ڕێگە بدات، ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی خەڵکانی تریش بە هی خۆیانی بزانن. چونکە ئەوە واقیعە، گەر غیابی مام جەلال بە (ی.ن.ک) دیارە، کە بێگومان دیارە. گەر غیابی مەلا مستەفا بە پارتییەوە دیارە. کە دیارە. گەر غیابی ئۆجەلان بە(pkk)وە دیارە، کە بێگومان دیارە، گەر غیابی فوئاد مستەفا سوڵتانی بە کۆمەڵەوە دیارە، بێگومانیشم کە غیابی د. قاسملۆش بە حزبی دیموکراتەوە دیارە. بەڵام گەر ئەنجامگیری ئەم بۆچوونە کۆ بکەینەوە، غیابی هەموویان بە کورد و کێشە ڕەواکەیەوە دیارە. غیابی هەموویان، چەندە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ڕەوتی حزبەکانیان هەیە، چەند هێندە کاریگەریی لەسەر گەلی کورد و خەبات و تێکۆشان و ناسینەوەی بزووتنەوەکەوە هەیە.

ئەم بۆچوونەی من ڕەنگە خەڵکانێک بە سۆز و عاتیفەی بزانن، ڕەنگە گلەیی ئەوانە ڕاستیشی تێدا بێت، چونکە ئامار و فاکتێکی کۆنکرێتیم پێ نییە، ئەگەرچی سەددەرسەد یەقینم هەیە. بەڵام ئەمە کاری حزبی دیموکراتە، سەبارەت بە قاسملۆ ئەمە بکاتە فاکت و لە ڕێگەی دراسە، لێکۆڵینەوە و دروستکردنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بیخاتە بەردەست. ئەگەرچی دەبێت دان بەوەشدا بنێم. هێشتا هەندێک لە دژەکان، یان لە مێژوویەکی خوێناوی ڕابردوو تێنەگەیشن و نەناسین و تەئیدی ئەم فاکت و لێکۆڵینەوانە نەکەن، یان پێیان وا بێت قاسملۆش بێ کەموکوڕیی نەبووە و هەرگیز وەکو کارەکتەری سەرەکی و کاریزماتێکی نەتەوەیی نایناسن، کە دەکرێت ئەوەش بە بۆچوونێک بزانین.

دەبێت ئەوەش بە ئاسایی و ئاسانی قبووڵ بکەین، کە دوژمنانی گەلی کورد لەپێشەوەی ئەو بۆچوونەن بەردەوام ئەوە دەڵێنەوە و دەیانەوێت کەسایەتی د. قاسملۆ و خەت و ڕێبازەکەی کەم بکەنەوە، کە زۆر درۆزنانە ئەمانە دەڵێن، چونکە دەیان ساڵ بە دوایدا وێڵ بوون، کە تیرۆری بکەن سەرئەنجام بە داخەوە کە کردیان. واتا

تیرۆرکردنەکەشی کە هەر لەو کاریزماتیک و گەورەیی و بەهێزییەوە بوو، چونکە پێیان وا بوو، بە تیرۆرکردنی قاسملۆ بزووتنەوەکە، حزبەکە و خەباتەکە کۆتایی دێت. بەڵام بە هەڵەدا چوون.

د.قاسملۆ بەو پێیەی زوو لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆرئاوادا تێکەڵ بوو، کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو کولتوورە خۆرئاواییە مۆدێرنەوە، کە ڕەنگبێت هەندێک لەو چەمک، فەلسەفە و بۆچوونانە بۆ ئەوکات بۆ گەلی کورد تازە بوو، بەڵام قاسملۆ توانی ئەو چەمک و مەفهومانە بگوازێتەوە، کە لە ئێستای خەباتی سیاسیی گەلی کورد، ناوچەکە و جیهانیشدا کاریگەریی گەورەیان هەیە و داناوە.

**یەکەم**: د. قاسملۆ گەر خاوەنی تێزی گواستنەوەی دیموکراسیی خۆرئاوایی نەبێت بۆ کوردستان: یان لانیکەم لە ڕۆژهەڵات، بەڵام یەکێکە لە پێشڕەوانی ئەم میتۆد - ڕێبازە - گواستنەوەی دیموکراسی- چەمکەکانی لیبرالیزم _ ئازادییە شەخسییەکان - فەردییەکان - بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

**دووەم**: د. قاسملۆ ڕۆڵی هەبوو لە گواستنەوەی فکر و ئایدیای سۆسیال دیموکراسی: و زوو درکی بە گرنگیی ڕێباز و ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی کردبوو، کە چینی ناوەڕاست، چەندە ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا هەیە دەتوانێت خزمەتی گەورە بە شۆڕش بکات. واتە قاسملۆ لە دەورانێکدا کە گەرمەی ڕەوت و ڕێبازی مارکسیزم - ماوئیزم - قسەوباس بوو لە کۆمۆنیزمی کرێکاری، فکری لە گواستنەوەی ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی بۆ کوردستان دەکردەوە، کاریگەریشی دانا، ئەگەرچی خودی قاسملۆ خۆیشی کەسێکی چەپ و مارکسیست بوو، چ لە دەورانی گەنجیی سەردەمی حزبی تودە، چ دواتر وەکو کەسایەتی کوردی سۆسیالیست مایەوە بەڵام دەکرێت بڵێین دیسان د. قاسملۆ، یەکێکە لە ڕابەرانی گواستنەوەی ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان.

**سێیەم**: بیروڕای د. قاسملۆ بە خەباتی چەکداری هیچ پارادۆکسێکی تێدا نییە، لەگەڵ خەباتی دیپلۆماسی و ئاشتیخوازانەی، بەو دەلیلەی قاسملۆ دەیان ساڵ لە خەباتی چەکداری شەهید نەبوو، بەڵام لە پێناو ئاشتی، خەباتی دیپلۆماسی ڕێگای بەخت کرد.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٩

# خوێنێکی تازە لە دەماری خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا



(مانگێک دوای تیرۆری د.قاسملوو، نووسراوە و لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو کراوەتەوە)

**قادر وریا**

مانگێک لەمەوبەر لەودەمو ساتانەدا بوو کە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران هەواڵی دڵتەزێنی تیرۆری جینایەتکارانەی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبو هاوڕێی بەوەج کاک عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بڵاوکردەوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو خەبەرە ناخۆشە، دڵنیایی بە کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستانو هەموو دۆستانو دڵسۆزانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کوردستان درا کە مەرگی رێبەرو مامۆستای بلیمەتی حیزبو گەلەکەمان نەک هەر نابێتە هۆی دامرکانی ئاگری خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو ئاگری ئەو خەباتە زیاتر دەگەشێنێتەوەو، لافاوێکی بە تەوژمی رقو بێزاری لە دژی دوژمنانی بەخوێن تینووی کورد وەڕێ دەخا.

لە دەمو ساتێکی ئاوادا رەنگە ئەو دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستانەی پێیان وابوو بە تیرۆری دوکتور قاسملوو دەتوانن بەرۆکی خۆیان لە دەستی هەق ئەستێنی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران رزگار بکەن، زۆر باوەڕیان بەو بڕیارە

شۆڕشگێرانەیەی رۆڵە خەباتگێڕەکانی حیزبی دیمۆکرات، قوتابیانی مامۆستای شەهید نەبووبێ. بەڵام ئێستا کە تازە مانگێک بەسەر ئەو کارەساتەدا رابردوە، ئاخوندە کۆنەپەرستەکان دەبێ وردە وردە لێیان روون بووبێتەوە کە چ قوڕێکیان بۆ سەری خۆیان گرتۆتەوەو چۆن لەبەر نەزانیو جینایەتکاری، کوردستانیان لەژێر پێی بەکرێگیراوانی خۆیان دا ئەوەندەی دیکەش کردۆتە ئاگر. ئەوان بەرە بەرە دەبێ بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەگەر لەلایەکەوە لەدەستچوونی دوکتور قاسملوو خەسارێکی گەورەیە لە بزووتنەوەی کوردستانو خەباتی سەرانسەریی گەلانی ئێران بۆ ئازادی، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم تیرۆرە دەبێتە هەوێنی رقو بێزارییەکی زیاترو، ریزەکانی شورشگێرانی کوردستان پتەوترو یەکگرتووتر دەکا.

لەماوەی یەک مانگی رابردوودا دیتمان کە چۆن لە نێو کوردستان بە میلیۆن کەس لە پەژارەی مەرگی رێبەری پایەبەرزی خۆیان دا فرمێسکیان رشت، لەگەڵ حیزبی خۆشەویستی خۆیان، حیزبی قاسملووی نەمر هاودەردییان نواند، بەرانبەر بە گیانی پاکی پێشەواکەیان پەیمانیان نوێ کردەوە کە بە ئامانجو رێبازەکەی وەفادار دەبنو ساتێک لە خەبات لە پێناوی ئەو ئامانجانەدا ڕاناوەستن.

لەنێو هێزو رێکخراوە سیاسییەکانو شەخسیەتە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانیش دا دیتمان چەند رێکخراوێک نەبێ کە هەر بە قەت کۆماری ئیسلامی لە نێو گەلانی ئێران دا خوشەویستن، ئەوانی دیکە چلۆن رێز بۆ خەباتو ئامانجەکانی قاسملووو حیزبە تێکۆشەرەکەی دادەنێنو پشتیوانی لە خەباتو داخوازەکانی حیزبی دیمۆکراتو گەلی کورد بە ئەرکی نیشتمانیی خۆیانو هەر ئێرانییەکی خاوەن شەڕەفو ئازادیخواز دەزانن.

لە ئاستی نێونەتەوەییش دا مەرگی رێبەری هەڵکەوتوومان جارێکی دیکەو ئەم جارەیان بە شێوەیەکی کەم وێنە سەرنجی بیروڕای پێشکەوتنخوازانەی جیهانی بۆ لای مافو داخوازەکانی گەلی کوردو پێویستیی پشتیوانی لە خەباتی عادڵانەو بەرهەقی ئەم گەلە بۆ ئازادی راکێشا.

بەڵام لە هەمووان گرنگتر بڕیاری لێبڕاوانەو قارەمانانەی پێشمەرگە نەبەزەکانی حیزب بوو بۆ نیشاندانی ئەوە کە باشترین پاداش بۆ قاسملوو درێژەدانی رێگاکەیەتی. کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دیمۆکرات لە ماوەی ئەم یەک مانگەدا دەریان خست کە زیاتر لە هەموو کاتێک لەسەر درێژەدانی ڕێبازی پێشەوای مەزنیانو خەبات لە

پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەیان دا سوورو لێبڕاون. ئەوان کە ئەم ڕێزو خۆشەویستییەو دەنگدانەوەی ئەم شەخسییەتە جیهانییەی دوکتور قاسملووی گەورە پیاوی کورد دەبینن، ئەوان کە بە کردەوە دیتیان دوکتور قاسملووش وەک قازی محەممەدی پێشەوا چلۆن لە پێناوی بەختەوەریی گەلو نیشتمانەکەی دا گیانی بەخت دەکا، بۆ ئەوەی گیانی بەرزی دوکتور قاسملوو بسرەوێو بە ئاسوودەیی سەربنێتەوە، تینو گوڕێکی تازەیان نایە بەرخۆیانو لە یەک مانگی ڕابردوودا بە جۆرێک بەگژ دوژمنانی خوێنخۆری گەلی کوردو قاتڵانی پێشەواکەیان دا چوونەوە کە هەر دەڵێی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی گەلی کورد دا دەستی پێکردوە.

ئەگەر ئەمڕۆ بە فیداکاریو هەوڵو هیممەتی هاوسەنگەرانی قاسملوو، بست بە بستی خاکی کوردستانی ئێران لە هەموو ناوچەکانی شیمال، ناوەندو جنووب لە ژێر پێی دوژمنانی دیموکراسیو خودموختاریدا بۆتە یەکپارچە ئاگر، ئەگەر ئەمڕۆ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا تەنگیان پێ هەڵچنراوەو لە ڕاستیدا کوردستانیان لێبۆتە گۆڕستانێکی سامناک، ئەگەر لە یەک مانگی ڕابردوودا کوردستانی میلیتاریزەکراو شاهیدی کوژرانو بەدیل گیرانی سەدان کەس لە هێزی کۆنەپەرستی بە دەستی پێشمەرگە بە دەستو بردەکانی حیزبی دیمۆکرات بووە، هی ئەوەیە کە مەرگی دوکتور قاسملوو بۆتە هۆی وەگەڕکەوتنی خوێنێکی تازە لە دەماری خەباتو تێکۆشانی شۆرشگێڕانی حیزبی دیموکرات دا.

ئەو شۆرشگێڕانەی کە ئاوا زیندوو هەست بە پشتیوانیی هێزی لەبڕان نەهاتووی گەلەکەیان دەکەن، ئەو خەباتگێڕە شێلگیرانەی کە ئازادیخوازانی ئێرانو هەموو ڕێکخراوە بەشەردۆستو پێشکەوتنخوازەکانی جیهان وەک پشتیوان لە پشت خۆیان دەبینن، سەرەنجام ئەو قارەمانانەی کە دەبینن دوژمنەکەیان بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو خەیاڵی تواندنەوەی بزووتنەوەی گەلی کوردی لە مێشکی دایە، ئەم یەک مانگ فیداکارییە وەک چەپکێکی چکۆلە لەو خەرمانە گوڵە چاو لێدەکەن کە پێویستە پێشکەشی بارەگای سەرداری دیموکراسیو مامۆستای نەمری گەلەکەیانی بکەن. ئەوان دیارە باش دەزانن کە کوشتنی هەزاران کەسی دیکە لە هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم ناتوانێ بارتەقای تنۆکێک لە خوێنی ئەو ڕێبەرە بێ کە بە لێوەشاوەییو لێهاتوویی‌یەکی کەم وێنەوە حیزبەکەی لە ڕێگای دیموکراسیو خودموختاری دا بەرەوپێشەوە دەبرد. هەر بۆیە کادرو پێشمەرگە شۆرشگێڕەکانی حیزبی دیمۆکراتو ئەندامانو دڵسۆزانی حیزبی قاسملوو ئەو کاتە پێیان وایە گیانی ڕێبەرەکەیان بۆ هەتا هەتایە شاد کردوە کە ئامانجەکانی ئەو یانی دیموکراسیومافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کوردیان لە ئێران دا وەدی هێنابێ. تا گەیشتن




سەرچاوە
Serchawe

بەو ئامانجەش هەر ئەو ئازایەتی‌و فیداکاری‌یە دەنوێنن کە تا ئێستاو بە تایبەتی لەم یەک مانگەی رابردوودا لەخۆیانیان نیشان داوە.

(ئەم وتارە رۆژی سێشەممە ٢٤ - ٥ - ١٣٦٨ لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٩

## بیرەوەری



**مستەفا شەمامی**

چۆنم کەساییەتی و رەوەنگەی سیاسی و ئاشتەوایی و ئیدەئالە سیاسییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو ناسیووە،و چۆن بوو دوکتور ئامادەی ووتوێژی نێهێنی بوو کە بەداخەوە تێدا شەهید بوو؟

بۆیەکەم جار لەسەرەتای دەستپێکی شەری سی مانگەدا، کاتێک بۆ پەیوەستبوون بە حیزب سەردانی گۆرەشێر و ئاشی پشتکاوێم کرد، دەگەل دوکتور قاسملوو ئاشنابووم، دیارە دواتریش بەدرێژایی مانەوەم لەشاخ و گەرانەوە بۆ شار و بەشداریم لە کۆنگرەی ٤ و کاندیدبوونم بۆ کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی٥، و بەشداربوون لە کۆمیسیۆنی

ساغکردنەوەی لیستی فیکس کە لە وەتاغی ئاپاراتی سینەما ئۆمێدی مەهاباد شوێنی کۆنگرەی ٤ی حیزب، کە بەرێزیان و نەمر کاک غەنی بلووریان ((لەم دانیشتنەدا سەرەتای ملمەلانی دەسەلاتخوازی و سەفئارایی و لێکهەلبەزینەوە،وە سەرئەنجام ئینشعابی حیزب، دەستییپێکرد))، و یەک نوێنەر لە هەر شار تێدا بەشدار بوون، زیاتر دەگەل بیر و هزر وە کەساییەتی پراگماتیستی دوکتوور ئاشنا بووم، دەگەل ئەوەش چەند جارێک لە دەفتەری سیاسی لە شیوەجۆ و ناوچەی ئالان بەخزمەتیان گەیشتووم، بەلام هەر جارەش کە گووزەریان لە رەبەت دەکەوت، لە رێکخراوەی رەبەت کە لێی بەرپرس بووم، لە خزمەتیدا دەبووم و لێی فێر دەبووم.

سالی ١٩٨٢ بریارم دا بۆ خوێندن دەربازی دەرەوەی وەلات بۆ یوگووسلاویی بم، دەگەل ئەوەش کە زۆرینەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی مخالیفی رۆیشتنم بوون، بەلام دوکتور قاسملوو دەگەل موافقەت و راسپاردنی بۆ هاوکاری پێویست، تەوسییەی پێکردم کە بەرەو ئیسپانیا بڕۆم و بەلێنیشی پێدام کە بۆخۆشی بەمەبەستی کردنەوەی دەروازەیەک بەرەو ئەمریکای لاتین، تەشریف دێنێت و سەردانمان دەکات.

بەجێگیربوونم لە ئیسپانیا و دەستپێکی سەردانەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، گەورەترین دەرفەتی قووتابخانەیم بۆ زیاتر لێفێربوون و ئاشنایی زیاتر لەرەوەنگەی سیاسی ئەو دەولەتمەردە بۆ فەراهەم بوو، بۆیە ئەگەر بە ئیغراقی نەقەبلێنن دەتوانم ئیدعا بکەم کە زۆر زیاتر لە ئەندامانی رێبەری حیزب، دەرفەتی لێفێربوون و ئاشنایی دەگەل رێبازی سیاسی پر لەئاشتی و ئاشتەوایی بەلام زۆر قاتعانە و بەرپرسانەی نەمر دووکتور قاسملووم بۆ فەراهەم ببوو، کە لەئەنجامدا لەسەر سیستەمی عەقیدەتی بەندە کارگەری دانابوو، هەربۆیەشە دوواتر بەسوودوەرگرتن لەرێبازی ئاشتەوایی نەمران پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو، بنەمای ساغکردنەوەی پێکهاتەی بزووتنەوەی کۆماریخوازانی خاوەن نەقشەرێگای ئاشتەوایی لەپێناو ساغکردنەوەی سەروەری سیاسی بۆ کوردی رۆژهەلاتی کوردستان م، دارشت و راگەیاند.

لەئاخر سەردانەکانی بۆ ئیسپانیا بەتایبەتی ماوەیەک پێش ووتوێژ دەگەل ئێران، لەوکاتدا کە شەری براکووژی لەئارادابوو، بۆم دەرکەوت، کە زۆر نیگەرانی چارەنووسی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی رۆژهەلاتە، چەند جارێک بە بێ ئەوەی بەئاشکرا باس لە ووتوێژ بکات، دەیفەرموو شەری ئێران و ئێراق خەریکە بەرەو تەواوبوون دەروا، بەلام شەری ناوخۆیی و براکووژی و بگرە لێکەوتە سەلبییەکانی وەک: دانیشتنی کادرەکان و

خۆدەربازکردنیان بۆ ئۆروپا، وە یان خۆ تەحویلدانەوەیان بەئێران، گشت بزووتنەوەی کوردی تووشی هەرەشەی هەرەس هێنان هێناوە، و ئەگەر ئاوا بڕوات ئەگەری زەعف و لەناو چوونی مووحتەمەلە، تەنانەت لەم پەیوەندییەدا زۆر پێشتر داوای لێکردم کە ئەگەر کادرەکان لەهەر ئاستێکدا داوایان لێکردم کە بۆ دەربازبوون بۆ دەرەوەی وەلات هاوکاریان بکەم، جوابیان نەدەمەوە.

بۆیە بەقەناعەتی من، دوکتور قاسملوو لە پێناو دەربازکردنی چارەنووسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، کە لەئەنجامی شەری براکووژی نێوان دوو بالی دیمۆکرات لەلایەک و شەری نێوان حدکا وکۆمەلە لەلایەکیترەوە،و هەروەها کۆی لێکەوتە سەلبییەکانی ئەم شەرە تووشی دورکەوتنەوە لەئامانجی ئیستراتیژیک و هەرەشەی لاوازی و نەمان کرابوو، وێنەی پێشەوا قازی، بەدانیشتن دەگەل تاران سەری داناو،و شەهیدبوو.

لەکۆتاییدا دەتوانم بلێم نەمر دوکتوور قاسملوو، وەک سیاسەتوان و دەولەتمەدی سەردەمی خۆی، کەسایەتیەکی واقعیگەرا بوو، واتە لەچوارچێوەی رێئال پۆلیتیکدا سیاسەتوانی دەکرد و وێنەی نەمر پێشەوا قازی پراگماتیست و عەمەلگەرابوو. بۆ دوکتور قاسملوو "سیاسەتی یان هەموو یان هیچ"، بێ مانا بوو، لەرەوەنگەی دوکتور قاسملوو لەنێوان سیفر و سەد دا، سەد رەقەم واتە سەد گوزینەی سیاسی و دەرفەتی مافەوانی و مافخوازی هەبوو، دەگەل ئەوەش ئیدەئالی دوکتور رەقەمی سەد واتە سەربەخۆیی بوو، بەلام پراگماتیستانە ئامادە بوو بەپێ واقعییەتی زەمەنی و مکانی، وە سروشتی ژینگەی سیاسی و دۆخی خەباتی سیاسی کورد، قۆستنەوەی بچووکترین دەرفەت لەراستای چێبوونی ئیدەئالی سیاسی وە سەربەخۆییدا، بەهێند وەربگرێت و لە پێناو دەستخستنی ماندوونەناسانە عەودالی ببێت، بۆیە لەئاخرین تەحلیل و بەرئاورددا پێموایە ئەگەر لە قەیدی حەیاتدا مابا، بێگوومان شا سەرۆکی ئاو سەرۆکان بۆ رۆژهەلاتی کوردستان دەبوو.

رێگا مەدەن نەیاران و ناحەزان بێ رێزی پێبکەن

روحیان شاد و رێگە و رێبازیان، پر رێبوار بێت

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕیکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# وتاری دوکتور قاسملوو لە ئەنستیتۆی هاودەردی لەگەڵ ئامریکای لاتین و ئەفریقا

## "شەڕی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم شەڕە لەسەر جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد"

### وەبیرهێنانەوەیەک:



**قادر وریا**

ئەم وتارەم ٣١ ساڵ لەمەوبەر لە فارسییەوە وەرگێڕایە سەر کوردی بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان". ئەو کات د.قاسملوو بۆ خۆی لە ژیان دابوو.. ئەمڕۆ جارێکی دیکە خوێندمەوە تا هەم وەرگێڕانی ئەو کاتی خۆم هەڵ بسەنگێنم، هەم جارێکی دیکە چاو بە ڕوانگە و بۆچوونی د.قاسملوو لە سەر پرسێکی گرنگ دا بخشێنمەوە. وەرگێڕانەکەی من بەو هۆیەوە ئەو کات تازەکار بووم، قسە هەڵ دەگرێ، بەڵام وتارەکەی د.قاسملوو، هەر وەک ئەو کات بۆ من پڕ تام و چێژ و جێگای لێ فێربوونە.

------

لە کۆتایی هاوینی ١٣٦٧ دا دوکتور قاسملوو سەفەرێکی بۆ ئوڕووپا کرد کە نزیکەی ٣ مانگی خایاند. لەم سەفەرەی دا لە ئیسپانیا لە سەر بانگهێشتنی ئەنستیتۆی هاودەردی لە گەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا کۆنفرانسێکی لە سەر تەقەوەستان لە نێوان ئێران و عێڕاق و شوێنەواری ئەو تەقەوەستانە لە سەر جووڵانەوەی

گەلی کورد پێشکێش کرد. پاشان نیزیک بە سەعات و نیویێک وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. ئەمەی خوارەوە وەرگێڕاوی دەقی قسەکانی رێبەری شەهیدمان لەو کۆنفرانسە دایە:

شەڕی ئێران و عێراق کە نیزیکەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا، بۆ هەر دوو وڵات ئاکامی زۆر دڵتەزێنی بە دواوە بووە. زیاتر لە یەک میلیۆن کوژراو و بریندار، سەدان شار و دێی وێران، هەزاران قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنیاتی ئابووریی لە کەڵک کەوتوو، بە میلیۆن ئینسانی ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵ، کورتەیەک لە ئاکامەکانی ئەم شەڕەن. ئەگەر زیانەکانی ماددیی شەڕ بە ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ، شوێنەوارە رەوانی یەکەی لە بەراورد کردن نایە و رەنگە تا دەیان ساڵی دیکەش هەر بمێنێ.

لەم هەشت ساڵ شەڕە خوێناوی یە دا، بۆ کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع لە هەر جۆرە چەکێک، تەنانەت ئەو چەکانەی کە کەلک لێوەرگرتنیان بە پێی بڕیارنامە نێونەتەوەیی یەکان مەنع کراوە، کەلک وەرگیراوە. هەر ئەمە لە نێو دوو گەلی دراوسێ دا بۆتە هۆی دوژمنایەتی یەکی وا کە لە نێو چوونی مەگەر لە داهاتوویەکی دوور دا ئیمکانی نیە. زەبرەکانی رووحی، نەخۆشی یەکانی رەوانی و، لێک هەڵوەشانی بنەماڵەکان ئاکامێکی دیکەی ئەم شەڕەن. شەڕێک کە هیچ قازانجی گەلانی ئەم دوو وڵاتەی لە پێ دا نەبوو. پاش ئاکامەکانی زیانی ماددی و ئینسانی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە، ئێستا هەر دوو وڵات خۆیان راست لەو جێگایەی کە شەڕیان لە سێپتامبری ١٩٨٠ دا دەست پێ کردبوو دەبیننەوە. جا لە بەرامبەر ئەم بیلانە دڵتەزێنە دا داخوا بە راستی دەکرێ باس لەلایەنی سەرکەوتوو لەم شەڕەدا بکرێ؟ هەر دوو وڵات بە هۆی لە دەستچوونی بەرەبەرەی هێز و توانایان لە شەڕدا بە ناچار تەقە وەستانیان قبووڵ کرد. عێراق لە چەند ساڵ لە مەوبەرەوە داواکاری ئاگربەس بوو، ئێرانیش لە رووی ناچاری یەوە سەرەنجام قبووڵی کرد. خومەینی کە شەڕی بە "نیعمەتی ئیلاهی" دەزانی، بە پێچەوانەی مەیلی دڵی خۆی ملی بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش راکێشا. لە راستی دا خومەینی کە بۆخۆی قبووڵکردنی بڕیارنامەی بە مانای خواردنەوەی ژار دانا، تەنیا لەبەر ئەوە تەقە وەستانی قبووڵ کرد کە حاکمییەتی ئاخوندەکان بە هۆی دژایەتی و بەربەرەکانیی رۆژ بە رۆژ زیاتری خەڵک لەگەڵ شەڕ، لە مەترسی کەوتبوو. ئەم بەربەرەکانی یە خۆی لە نارەزایەتیی گشتی و، خۆ بواردنی لاوان لە چوون بۆ بەرەکانی شەڕ دا نیشان دەدا و، قەیرانی ئابووری و ناتەبایی یە کۆمەڵاتی یەکان دەبوونە هۆی پەرە ئەستاندنی. شکستە نیزامی یەکانی چەند مانگی دوایی نیشانی دا کە وورەی هێزە چەکدارەکانی رێژیم زۆر هاتۆتە خوارێ، لە حاڵێک دا هەر ئەم وورەیە

سەردەمێک وەک هۆی سەرەکیی بە هێز بوونی لەشکریانی ئیسلام حیسابی لە سەر دەکرا.

تەریک کەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی نێو نەتەوەیی‌دا کە ئاکامی پەنا بردنی رێژیم بۆ کاری تێرۆریستی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و، لە ژێر پێنانی هەموو ئوسوولێکی دیپلۆماسی بوو لە لایەک و، گیر و گرفتەکانی رێژیم لە دابین کردنی چەک و تەقەمەنی و هێندێک مەسەلەی نێوخۆیی لەلایەکی دیکە ببوونە هۆی ناتەبایی تەنانەت لە نێو ئۆرگانەکانی سەرووی رێژیم و، هەروەها ترس و سەر لێشێوان لە نێو رێبەرایەتی دا. فشاری گەورە دەسەڵاتەکان لە کەنداوی فارس بە تایبەتی لە لایەن ئەمریکاوە، حاکمییەتی لەرزۆکی ئاخوندەکانی زیاتر لە پێشوو خستبووە مەترسی یەوە. حکوومەتی خومەینی بۆی دەرکەوت کە درێژەی شەڕ بە جیددی هەڕەشە لە مان و مەوجوودییە تی دەکا. بۆیە بۆ پاراستنی بە ناچار تەقە وەستانی قبووڵ کرد.

دیارە سەقامگیر بوونی تەقەوەستان لە نێوان دوو وڵات دا بە مانای کۆتایی هاتنی یەکجاری بە شەڕ نیە. رەوتی وتووێژەکان وا نیشان دەدا کە بۆ گەیشتن بە ئاشتی یەکی بەردەوام رێگایەکی دوور و درێژ لە پێش دایە. گەیشتن بە ئاشتی یەکی بەردەوام پێویستی بە لە نێو چوونی ناکۆکی یەکان لە نێو دوو وڵات، یانی دڵنیا بوون لە دەست تێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتردایە، هەتا دەگاتە هاوکاریی نێوان دوو وڵات. پسپۆڕان و خاوەن رایان لەوە دا یەکدەنگن کە بێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەو دوو وڵاتە دا، وتووێژی ئاشتی لە وانەیە چەندین مانگ و تەنانەت چەند ساڵ درێژەی هەبێ.

لە هەلومەرجی ئێستا دا چاولێکردنی وەک یەکی رووداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ لە گەڵ ساڵی ١٩٧٥(ساڵێک کە رێککەوتننامەی ئەلجەزیرە لە نێوان ئێران و عێراق دا ئیمزا کرا و، بوو بە هۆی تێکشکانی جووڵانەوەی گەلی کورد بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی) شتێکی دروست نیە. ئەو کات کە عێراق بەشێک لە "شط العرب"ی لە بەرامبەر یارمەتی نەدان بە راپەڕینی کوردەکانی عێراقی دا بە ئێران، رێبەرایەتیی راپەڕینی کورد بە هۆی تایبەتمەندیی بە هێزی عەشیرەیی، نەیتوانی بەرامبەر بە هەلومەرجی نوێ خۆی رابگرێ و، سووک و سانا خۆی بە دەستەوە دا.

هەلومەرجی ئێستا جیاوازە، ئەم هۆیانەی شەڕێکی ئاوا درێژ و خوێناوییان هەڵگیرساند هەر لە جێگای خۆیان ماون. ئێمە تەنیا ئیشارە بە گرینگترینیان دەکەین کە بریتین لە: دیاریکردنی سنوورەکان بە تایبەت لە "شط

العرب" دا، مەسەلەی کورد بە لە بەر چاوگرتنی هەموولایەنەکانی یەوە، ویست و مەیلی مەزنیخوازانە و، سەرەنجام کێشەی نێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و ناسیۆنالیزمی فارس کە ریشەیەکی لە مێژینە و مێژوویی هەیە.

نێوەرۆک و فەلسەفەی بە تەواوی لێک جیاوازی ئەو دوو رێژیمەش دەبێ لە بەر چاو بگرین. رێژیمی ئێران کە رێژیمێکی شیعەی بونیادگەرایە دەستتێوەردان لە کارو باری وڵاتە موسوڵمانەکان بە تایبەتی لەو وڵاتانە دا کە رادەیەکی زۆر لە دانیشتوانیان شیعە مەزهەبن، بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی دەزانێ.

ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوە بۆ جارێکی دیکەش بۆ تێک شکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە رێک کەون (هەرچەند کە ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە) کوردەکان دەبێ چ بکەن؟ لە هەلو مەرجێکی ئەوتۆ دا بۆ کوردەکان تەنیا یەک رێگا دەمێنێتەوە: ئەویش بریتی یە لەوە کە: یەک بگرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان بکەن. بە ئاشکرا دەبێ بڵێین کە ئەمجار باسی ئاشبەتاڵ و خۆ بەدەستەوەدان لە گۆڕێ دانیە. بەربەرەکانی و خۆڕاگریی گەلی کورد لە شارو لادێ دا هەر درێژەی دەبێ و، لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش کەڵک وەردەگیرێ. ئەمڕۆ جووڵاَنەوەیەکی بە تەواوی سازمان دراو بە رێبەرایەتی یەکی شۆڕشگێرەوە لە کوردستان دا لە گۆڕێ دایە. لە هەلومەرجی تەقە وەستانی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراق دا کوردەکان دوو ئەرکی گرینگیان لە سەر شانە:

لە پێش دا کوردەکان دەبێ وێڕای درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە، خۆیان وەک هۆیەکی سەربەخو لە گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا نیشان بدەن. پێویستە خەڵکی جیهان لە راستی یەک کە تا ئێستا لە بەرچاویان شاردراوەتە باش ئاگادار بن، ئەویش ئەمەیە کە لەم ناوچەیە دا تەنیا یەک شەڕ لە گۆڕێ دا نیە، یانی شەڕ هەر لە نێوان عێراق و ئێران دا نیە. بەڵکو سێ شەڕ هەیە. تەقە وەستاندنی نێوان ئێران و عێراق، لە خۆی دا ئاشتیی نێوان کوردەکانی ئێران و حکوومەتی ئێران لە لایەک و، کوردەکانی عێراق و حکومەتی عێراق لە لایەکی دیکەوەی بە دواوە نیە. لە ئاکام دا خەباتی کوردەکان هەر درێژەی دەبێ و هەتا کاتێک مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ، ناوچەکە ئاشتی یەکی بەردەوام بە خۆیەوە نابینێ. پێویستە بگوترێ ئەم شێوە بیر کردنەوەیە، کە بە سەقامگیر بوونی ئاشتیی نێوان ئێران و عێراق چاوەدێرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان جێگیر لە سنوورەکانی وڵات ئیدی شاهیدی هەڵگیرسانەوەی شەڕ نابن، خەیاڵێک زیاتر نیە. لە راستی دا زیاتر لە ٥٠٠ کیلۆمیتر لەو

سنوورەی کە ئێران و عێراق لێک جیا دەکاتەوە بە نێو کوردستان دا کێشراوە. ناوچەیەک کە ئەمڕۆ بە شێکی لە ژێر چاوەدێریی جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد دایە.

دووهەم ئەرکی گرینگ ئەوەیە کە کوردەکان بۆ نێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد هەوڵ بدەن. بە راستی زۆر جێی داخە کە مەسەلەی کورد تەنیا دوای هاتنە گۆڕی مەسەلەی بە کار هاتنی چەکی شیمیایی بە دژی کوردەکان کەوتە بەر سرنجی بیر و رای نێو نەتەوەیی. بەر لە هەموو شتێک دەبێ لە بەستنەوەی مەسەلەی کورد بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی دەست هەڵگرین. پێویستە مەسەلەی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەر چاو. مەسەلەی ٢٠ هەتا ٢٥میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەک پێک دێنن و مافی بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر دا بەش کراوە خاوەنی رێژیمی سیاسیی لێک جیاوازن. تورکیە بەردی ئۆرووپا و دێموکراسی لە سینگ دەدا و، سەرەڕای بێدەنگی و خۆ بواردنی رێبەرانی ئێستای، وێ دەچێ کە سەرەنجام رۆژێک ناچار بە ناسینی کەسایەتی و مافی نەتەوەیی کوردەکان بێ. لە وەزعێکی ئاوا دا کوردەکان دەتوانن لە ئیمکاناتی قانوونی بە مەبەستی سەلماندنی داخوازەکانی خۆیان کەڵک وەربگرن.

کەچی لە کۆماری ئیسلامی دا کە ئیستبدادێکی شێوەی سەدەکانی نێوەڕاست زاڵە، کوردەکان بۆ پاراستنی کەسایەتی و مافەکانی خۆیان، ناچار بوون چەک بە دەستەوە بگرن. مافی دیاریکردنی چارەنووس دەتوانێ بە چەشنی جۆر بە جۆر بێتە گۆڕێ و شکڵ و شێوەی جۆر بە جۆر بە خۆیەوە بگرێ کە بریتین لە: خودموختاری، فیدرالیزم و سەربەخۆیی.

لە ئێران دا ئێمە شکڵی خودموختاریمان هەڵ بژاردوە و، دروشمی حیزبی ئێمە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، لە چوار چێوەی وڵاتی ئێران دایە. بە سرنجدان بە ئەزموونەکانی مێژوویی و هەروەها هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکیی ناوچەکە، ئێمە لەسەر ئەم بڕوایەین کە دروشمی ئێمە دروشمێکی واقیع بینانەیە.

داخوازی خودموختاری، داخوازێکی رەواو سادەیە. ئێمە خوازیاری پاراستنی فەرهەنگی خۆمانین و دەمانەوێ زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران دا بە زمانی رەسمی بناسرێ. لە کوردستان دەبێ فێرکردن و بار هێنان بە زمانی کوردی بێ، دەسەڵاتی سیاسی دەبێ لە پاوانی یەک ناوەند بێتە دەر و، کار و باری نێوخۆی کوردستان بدرێتە دەست



سەرچاوە
Serchawe

نوێنەرانی گەلی کورد کە بە شێوەی دێموکڕاتیک هەڵ دەبژێردرێن. مەبەستی بنەڕەتی لەم داخوازانە ئەوەیە کە کوردەکان چی دیکە لە وڵاتی خۆیان دا وەک بێگانە چاویان لێ نەکرێ و بە هاووڵاتی دەرەجە دوو و تەنانەت دەرەجە سێ نەژمێردرێن.

ئەمڕۆ کورد بوون لە ئێران دا جۆرە تاوانێکە . دەیان ساڵە کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاری و وەدەستهێنانی سەرەتایی ترین مافەکانی خۆیان خەبات دەکەن. هەر ئێستا دە ساڵی بەردەوامە کە شەڕێکی نەخوازراو بە سەر ئێمە دا سەپاوە. سەرەڕای قەڵاچۆی پەنجا هەزار کەس لە خەڵکی بێ دیفاع و شەهید بوونی ٤٥٠٠ پێشمەرگە لە مەیدانی خەبات دا بەربەرەکانیی ئێمە هەروا درێژەی هەیە. بە پێی ئەو هەواڵە تازانەی بە دەستمان گەیشتوون ئاخوندەکان لە حاڵی ئامادە کردنی هێرشێکی گەورە بۆ سەر کوردستانی ناوەندی دان. ئەو هێرشە ناتوانێ بۆ پێشمەرگەکان کە شەڕی پارتیزانی دەکەن گیر و گرفتێکی ئەوتۆ بێنێتە پێش. بەڵام ئێمە یەکجار زۆر نیگەرانی چارەنووسی خەڵکی بێ دیفاعین. هەر بۆیە ئێمە پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرین کە خودموختاری بەشێک لە مافی مرۆڤە و نابێ تەنیا وەک مەسەلەیەکی نێو خۆی وڵاتان چاوی لێ بکرێ. کۆمەڵی نێونەتەوەیی دەتوانێ و دەبێ لە ئامانجەکانی گەلی کورد بە گشتی و، هەر وەها لە مافی خودموختاری دیفاع بکا. هەر بەو مەبەستە زۆر پێویستە داوا بکرێ مەسەلەی کوردیش لە دەستووری وتووێژەکانی نێوان ئێران و عێراق لە ژێر چاوەدێریی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان دا بگونجێ.

هاودەنگیی نێونەتەوەیی تا ئێستا لە سەر کارو باری بەشێکی زۆر لە وڵاتان شوێنەوارێکی باشی داناوە. ئەم هاو دەنگی یە دەتوانێ بە لایەنگری لە داخوازی ڕەوای کوردەکان کە ئێستا لە وەزعێکی دژوار دان جارێکی دیکە توانای خۆی بنوێنێ.

هەڵبژاردنی دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" نیشاندەری ئۆگری بە تەواو مانای حیزبی ئێمە بە دێموکڕاسی یە. ئەم ڕاستی یە لە ئوسوول و یاسای بە تەواوی دێموکراتیکی نێوخۆی حیزب و هەروەها ڕێزی حیزبی ئێمە بۆ پلۆرالیزم لە نێو خۆی وڵات دا سەرچاوە دەگرێ.

ئەوەشم لێ قبووڵ بکەن کە بەڕێوە بردنی دێموکراسی و پاراستنی، لە مەڵبەندێکی دواکەوتووی بێ پێشینەی



سەرچاوە
Serchawe

دێموکراتیک و لە حاڵی شەڕ دا کارێکی زۆر دژوارە. ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تا ئێستا بۆ پاراستن و بەڕێوە بردنی ئوسوولی دێمۆکراتیک لە نێو حیزب و هەر وەها لە ناوچەکانی کوردستان دا، هەوڵ و تێکۆشانێکی بەرینی لە خۆی نیشان داوە و، لە مەو دواش هەموو توانای خۆی لەم بوارە دا بەکار دێنێ.

ئێمە بڕوایەکی پتەومان بە نەخشی سەرەکی و بنەڕەتیی دێموکراسی هەیە. بێ دێموکراسی یەکی جێگیر و بنەگرتوو لە ئێران دا، خودموختاریی کوردستان هەموو کات لە بەرامبەر مەترسی و هەڕەشەی لە نێو چوون دا دەبێ. تەنیا دەستەبەری خودموختاریی کوردستان، بوونی دێموکڕاسی یەکی سەقامگیر لە ئێران دایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی دێموکرات بە پێی ئوسوول و ڕێبازی خۆی، هەمووکات تێرۆریزمی لە فڕۆکە رفاندنەوە بگرە تا دەگاتە بۆمب دانانەوە و بارمتە گرتن، ڕەد کردۆتەوە. بە گشتی حیزبی ئێمە هەر کردەوەیەک کە ژیان و هێمنایەتیی ئەفڕادی غەیرە نیزامی و بێ دیفاع بخاتە مەترسی یەوە ڕەد دەکاتەوە. ئێمە بە هیچ جۆرێک ئامادە نین سەبارەت بە هێندێک دەسکەوتی تەبلیغاتی و کورتخایەن، لە ئوسوولەکانمان بترازێین و سیمای حیزبەکەمان کە وەک حیزبێکی سیاسیی بەرپرس، دێموکڕات و ئینساندۆست ناسراوە خەوشدار بکەین.

دۆستانی بە ڕێز!

ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵی نێونەتەوەیی هەیە. پەندێکی کوردی دەڵێ: "دوژمنێک زۆرە و هەزار دۆست کەم". بەداخەوە کوردەکان دوژمنیان زۆرە، هەر بۆیە ئێمە بەدوای دۆست دا دەگەڕێین. هیوا دارم ئەمڕۆ لەم تالارە دا هێندێک دۆستمان بۆ خۆمان دیتبێتەوە.

لە ژمارە ١٤٤ی ڕۆژنامەی ((کوردستان)) سەرماوەزی ١٣٦٧ (دیسامبری ١٩٨٨)دا بڵاو بۆتەوە.

وێنەکەش بە کامێرای خۆم گرتوومە(قادر وریا)

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی جووڵای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو،پڕاگماتیزمی بەپڕەنسیپ



**دوکتور ئیدریس ئەحمەدی**

دوکتور قاسملوو بەردەوام لە لێدوانە سیاسییەکانیدا، هەروەها لە چاوپێکەتن لەگەڵ ڕۆژنامەوانان و کەسانی ئاکادێمی، جەختی دەکردەوە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی "واقعبینە". لە لایەکی دیکەوە، لە لێدوان و نووسراوەکانیدا، بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە حیزبی دێموکرات، "حیزبێکی بەرپرسیارە". بەپێی تێگەیشتنی باو لە چەمکی "سیاسەتی واقعبینانە"، ئەو جۆرە لە سیاسەتکردن لەبەرانبەر سیاسەتی مەرامتەوەر یان ئایدیالیزمدا دادەنرێ و لەو پەیوەندییەدا، ئاماژە بە فکری سیاسی کەسانێک وەک ماکیاڤێلی و بیسمارک دەدرێ. تێگەیشتنی باو لە ماکیاڤێلی ئەوەیە کە ناوبراو ڕای وابوو کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان ڕاگرتنی دەسەڵات، سیاسەتڤان یان ڕێبەری سیاسی نابێ هیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی ڕەچاو بکا. بیسمارکیش پێداگری لە سەر دەوری یەکلاکەرەوەی هێز لە سیاسەتدا دەکرد؛ بۆ نموونە، وتەیەکی بەناوبانگی گرنگی دەدا بە وەدەستهێنانی متمانەی کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت لایەنی بەرانبەر لە سیاسەتدا، بۆیە پێداگری لە شەفافییەت لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا دەکرد.

هەڵبەت دوکتور قاسملوو هەروەها "پڕاگماتیست" بوو، واتە سیاسەتی لە بەر تیشکی پارسەنگی هێز دادەڕشت و لەو شوێنەی پێویست بایا، هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنی سیاسی دیکە دەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشی سیاسی، واتە ئەو لایەنانەی کە لە ڕووی مەرامیسیاسییەوە لە حیزبی دێموکرات جیاواز بوون.

هەڵبەت پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو، پڕاگماتیزمێکی بەپڕەنسیپ بوو. ئەمەیە پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو لە پڕاگماتیزمی لایەنی دیکە جیا دەکاتەوە. بۆ نموونە کۆماری ئیسلامیش پڕاگماتیزم لەخۆ دەنوێنێ، بەڵام هیچ پڕەنسیپێکی ئەخلاقی سیاسی ڕەچاو ناکا، نە لە نێوخۆ لەگەڵ دژبەرانی، نە لە ئاست نێودەوڵەتیدا.

کاتێک باسی دوکتور قاسملوو دەکەین، دەبێ هاوشێوەی بیرمەندانی سیاسی بەرجەستە، جیاوازی لە نێوان دوو قۆناغ لە ژیاندا بکەین. لە قۆناغی گەنجیەتیدا، دوکتور قاسملوو زۆرتر ئایدیالیست بوو. لە تێزی دوکتوراکەیدا ئەم ئایدیالیزمە بە ڕوونی دەردەکەوێ؛ هەم سەربەخۆییخواز بوو، هەمیش سۆسیالیزمی بەپێی مۆدێلی مەوجوودی ئەوکات دەویست. بەڵام کاتێک کە دوکتور قاسملوو دەبێ بە ڕێبەری حیزبی دێموکرات، بە لەبەرچاوگرتنی پارسەنگی هێز لە نێوان گەلی کورد و دەوڵەتانی حاکم بە سەر کوردستاندا وێڕای واقعیاتی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، خودموختاری وەک ئامانجی حیزبی دێموکرات دیاری دەکا. هەروەها بەرە بەرە لە سۆسیالیزمی مەوجوود لە ئەورووپای شەرقی دوور دەکەوێتەوە و دواجار سۆسیال دێموکراسی غەربی پەسەند دەکا. دوکتور قاسملوو بە ئەزموون بۆی دەرکەوتبوو کە سۆسیالیزمی مەوجوود ناتەبایە لەگەڵ ئازادی و دێموکراسی، بۆیە ئامادە بوو کە پێداچوونەوە بە فکری سیاسی خۆیدا بکا.

بەو پێیە، پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو پێچەوانەی ئەخاق یان مەرامی سیاسی نییە، بەڵکوو سیاسەتی ژیرانە و بەرپرسیارانەیە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی سیاسیدا.

کەوابوو، پڕاگماتیزم بەتاڵ نییە لە ئایدیال یان مەرامی سیاسی، بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ ئایدیالیزم، واتە هەڵگرتنی مەرامگەلێک کە زۆر ناکۆک بن لەگەڵ واقعی مەوجوود یان بە بێ ئەوەی لێکدانەوەی دروست کرابێ لە سەر زەمینەی گەیشتن بە ئامانجەی سیاسی پەیوەندیدار بەو مەرامانەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر لایەنێکی سیاسی توانایی یان هێزی ئەوەی نەبێ بە ئامانجێکی سیاسی بەرزەفڕ بگا، نەک تەنیا خەڵک پەرێشان دەکا، بەڵکوو دوژمنی زۆریش بۆ خۆی دروست دەکا و دواجاریش تووشی شکست دەبێ.

پڕاگماتیزم هەروەها جیاوازی هەیە لەگەڵ دۆگماتیزمی سیاسی، واتە ئامادەنەبوون بەپێداچوونەوە بە فکر یان مەرامێکی سیاسی کە بە ئەزموون دەرکەوتووە کە واقعبینانە نییە، یان ئامادە نەبوون بۆ هاوکاری لەگەڵ لایەنی

سیاسی جیاواز لە پێناو لاوازکردنی دوژمنی هاوبەش یان گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش.

بەڵام لای دوکتور قاسملوو، پڕاگماتیزم دەکرێ بڵێین پشتئەستوور بوو بە ئەخلاقێکی بەرپرسانە. بە چ مانایەک؟ بۆ نموونە، کاتێک دوکتور قاسملوو خودموختاری وەک ئامانجی حیزبی دێموکرات دیاری دەکا یان پێکهێنانی سیستمێکی فێدراڵی لە ئێراندا بە مومکین دەزانێ، کە لەوێدا کوردستانی ئێران بتوانێ هەرێمێکی خودموختار بێ، ئەو ئامانجەی لە بەر تیشکی پارسەنگی هێز وێڕای واقعیاتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دیاری کردبوو. ئاماژەی بەوە دەدا کە کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، بۆیە داواکردنی سەربەخۆیی هەرچەند دروست و پیرۆزیش بێ، دژایەتی هەر چوار دەوڵەت لەگەڵ خۆیدا دێنێ، هەروەها وڵاتانی دیکەش، لەوانە وڵاتانی عەرەبی و زلهێزان، ئەگەر دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان نەکەن، پشتیوانیشی لێ ناکەن. لەلایەکی دیکەوە، کوردستان دەستی بە دەریا ناگا، بۆیە لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکەوە، چوار دەورەکەی پێکهاتووە لە نەیار و دوژمن. بەو پێیە، لێکدانەوەیەکی بابەتییانە، ئەرکێکی ئەخلاقییە لە سیاسەتدا. وردتر بڵێین، دوکتور قاسملوو پێداگری دەکرد کە حیزبی دێموکرات ناتوانێ سۆز یان بەڵێنییەک بە خەڵکی کوردستان بدا یان ئامانجێکی سیاسی دیاری بکا کە زەمینەی وەدەستهێنانی نەبێ. کەوابوو، پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو هەروەها جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەو لایەنە سیاسیانەی کە پۆپۆلیستن، واتە قسەیەک دەکەن کە ڕەنگبێ بەشێک لە جەماوەر لە ڕووی ئیحساساتییەوە گوێڕایەڵی بن، بەڵام لە ڕاستیدا درۆیان لەگەڵ دەکەن، ئەویش خۆویستانە تەنیا لە پێناو ئەوەی کە پشتیوانی خەڵک بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن یان بە دەسەڵات بگەن. نموونەیەکی دیکە ئەو گرووپانەن کە بە وتەی دوکتور قاسملوو، لە کاتی دانوستاندندا، خوازیاری شەڕن، کاتێکش کە شەڕ بەرپا دەبێ، مەیدان چۆڵ دەکەن.

بەو پێیە، لە فکری سیاسی دوکتور قاسملوودا، سیاسەتی واقعبینانە، هەروەها پڕاگماتیزم وێڕای بەرپرسیاربوون وەک ئەخلاقی سیاسی، پێکەوە پەیوەندییان هەیە و تێکڕا چوارچێوەیەکی سیاسی پێک دێنن بۆ ئەوەی ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو بتوانن لە بەر تیشکی گۆڕان لە پارسەنگی هێز و هەلومەرجی سیاسیدا، سیاسەت دابڕێژن.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٥٣، شەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی جولای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe

# چرای ماڵانە قاسملوو



**عەلی بداغی**

سی ساڵە قاسملووی ڕێبەرمان بەجێی هێشتووین، بەڵام کۆڵان و شەقامەکانی شار هەر وا پڕن لە ناوی ئەو. سی ساڵە قاسملووی ڕێبەریان بە دەستی غەدر و تاوان لێ ستاندووین، بەڵام ئەوان ئێستاش زراوچووی پیلانی نگریسیانن و؛ لای ئێمەش ڕۆژ نییە قاسملوو لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر لەدایک نەبێتەوە و ئێواران نەبێتەوە چرای ماڵان و سەر بە هەموو ژوانگەیەندا نەکاتەوە.

ڕێک سی ساڵە دەمی ئەم تەورە گەیوەتە بەورە چنگ بەخوێنەکەی قەندیل، بەڵام ئەم زامە هەروا بەسوێیە و، لای ڕێبوارانی بۆتە ڕقی پیرۆز.

سی ساڵە شەنگەسوارمان گلاوە، بەڵام کاروانی ڕیزبەستووی ڕووەو خۆری ئەو هەر بەپێوەن؛ هەر بەڕێوەن... پێیان وابوو دەرکی فێرگەمان لێ گاڵە دەدەن، بەڵام نەیانزانی هەموو ئەم نیشتمانە پەیڤی قاسملووە، و هەموو کوردستان وانەکانی ئەون. لە ئێوارەیەکی پووشپەڕدا دەستی ئەهریمەن بە پیلان و دەهۆ گەیشتە خوای خۆشەویستی، خستی؛ بەڵام ئەو هەموو بەیانییەک لە ناخماندا دەژێتەوە و ئێوارانیش بە سبەینێی ڕزگاریمان دەسپێرێ...

٣٠ ساڵە قاسملووی ڕێبەرمان لە پێرلاشێز، سووچێکی ناوداری ئەم دنیایەدا ئارامی گرتوە، بەڵام ئەوەی هەدا نادا ڕووحی نەسرەوتووی و هزری لەبڕاننەهاتوویەتی کە هەموو ئان و ساتێ سەر بە ماڵی دڵاندا دەکا و

دەمانلاوێنێتەوە...

***

سی ساڵە و هەموو ساڵێ لە ساڵیادی تێرۆری د. قاسملوودا ئەم پرسیارانە دێنەوە و دەکرێنەوە کە چ شتێک دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی کورد جیا دەکاتەوە کە دوای تێپەڕینی ٣٠ ساڵ لە مەرگی، ئاوا لە ئاسمانی یادی خەڵکەکەیدا لەنگەری گرتوە و سیلەی چاوەکانی هەروا لەسەرە؟ بێگومان دوو شت: هزر و باوڕ و سیاسەتەکانی قاسملوو، لەگەڵ شێوەی مەرگ و گیان لێ ئەستاندنەکەی.

کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر بردنەپێشێی دۆزی کورد نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش - بەتایبەت باشوور - ڕوخسارێکی تایبەتیی بە ناوی قاسملوو و ماناتەکی تایبەتتری بە کاراکتەری سیاسیی ئەو داوە. قاسملوو کوردستانی لەتوپەتکراو و سنووره کێشراوەکانی نێو نیشتمانەکەی خۆی دەدی، دوژمنانی نەتەوەکەشی باش ناسیبوو؛ دەیدی کە ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی چاری کوردەکانی خۆیان ناوێ و چاویان لە کوردی بەشەکانی دیکەیە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان؛ بۆیەش فێری کردین کە دەکرێ ناکۆکیی دوژمنانی نەتەوەکەت لە بەرژەوەندیی دۆز و سەروەریی پرسی سیاسیتدا بقۆزیتەوە، بەڵام ناکرێ و نابێ لەسەر حسێبی پرس و بەرژەوەندیی کورد لە بەشێکی کوردستان چاوت لە دەسکەوتێک بێ بۆ خۆت!

قاسملووی مەزن دەیزانی کورد خۆی پەرەمپەرەم و پەرتەوازەن، ڕێگای خەبات و چارەسەری پرسەکەشی پڕ «کەند و لەند و گەوە»، بۆیە لەم ڕێگە ئەستەم و دژوارەدا بەدووی دۆست و پارتنەرەوە بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. بۆ ئەوەش هەگبەکەی پڕ بوو لە مەعنەوییاتی مرۆیی.

قاسملووی گەوره هەر دوور نەیدەڕوانی، بەڵکوو ڕوون دەیڕوانی و سیلەی دەگرت. خەباتە ڕەواکەی ئەو کاتە بە سەرکەوتوو دەزانی کە گەیشتبێتە کەنارەکانی ئاشتی و ئارامی. ئەو باوەڕی قووڵی هەم بە مافەکانی نەتەوەکەی و هەم بە پێکەوەژیانی خەڵک و ژیارەکان دی لە تەنیشت یەکتر هەبوو؛ باجی ئەم باوەڕەش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ حیزب و نەتەوەکەی گەلێ قورس بوو، و گیانی لەسەر دانا.



سەرچاوە
Serchawe

دوگماتیزم و چەقبەستن لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانی قاسملوودا جێیان نەبوو، ئەو سیاسەتی نەک لەسەر بنەمای تیوریی نەگۆڕ، بەڵکوو لەسەر بنەمای زانست و داتا و لێکدانەوە دەکرد کە هەموویان بگۆڕن. ئەو لە تویّی تیۆرییەکاندا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوەکەی نەدەچوو، بەڵکوو قوڵی لێ هەڵدەکرد و لە مەیدانی کردەوەدا بنیاتی دەنا؛ بۆیەش حیزبەکەی لە سەردەمی بەڕێوەبەریی ئەودا ببووە گەورەترین هێزی کوردی و، هەروەها خاوەن و داهێنەری بنچینەییترین پرەنسیپ و دەسکەوتە نەتەوەییەکان. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەی ئەو لە ڕابردووی دۆزی نەتەوەکەشی هەر لە پێناو بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بوو.

میراتی د. قاسملوو هەر ئەم بەها و بایەخانە نین کە هێنایە نێو حیزبەکەی و ئێستاش جێی شانازی و فەخرپێکردنن، میراتی قاسملوو وانەکانیەتی بۆ خەبات و لە سەنگەردا مانەوە هەتا دواترووپکی سەرکەوتن. ئەو بوو فێری کردین کە دێموکراسی چەند بۆ دابینبوونی مافەکانمان گرینگە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانمان بۆ مانەوەمان بە سەربەرزی چەندە زەرووره و، واقعبینیمان لە سیاسەتدا چەندە پێویست. دەرسی ئەوەی داداین شێلگیر و بوێر بین و لە بڕینی هەڵەمووتەکانی بەرەو ئامانجدا دەستی هیوا بەرنەدەین و ئیمانمان بە سەرکەوتن پتەو بێ. دەرفەت بخوڵقێنین و هەلە ڕەخساوەکان لەکیس خۆمان نەدەین. دەستی خۆمان نەبەستین و چاولەدەستی خەڵکیش نەبین.

زامی لەدەستدانی قاسملووی ڕێبەرمان بەژانە و لەکیسچوونی، ئەویش بە دەستی غەدر و تاوان برینێکی ئاوەڵایە، قەتماغە نابەستێ و لە پووشپەڕی هەموو ساڵێکدا جارێ ئەم ناعەداڵەتی و بێدادییە دەدا کە دەرحەق بە تێرۆرەکەی ڤییەن کراوە. بۆیە ئەم پەروەندەیە لە ویژدانی مرۆڤایەتی و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە دەسەڵاتی دادی ئوتریشیشیدا هەروا کراوە و ئاوەڵایە.

قاسملوو مێژوویەکە دەیخوێنینەوە، وانەیەکە فێری دەبینەوە، سەرمەشقێکە هەموو کاتێ لەبەر چاومانە و، ڕێباز و ئامانجێکە کە لە ئاسۆی ڕوانین و لە قووڵایی فەلسەفەی ڕامانەکانیدا پێی دەگەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جووڵای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## قاسملوو شۆڕشێک لە بەهاکاندا و وەستانێک لەسەر بنەماکان



**ئارەش ساڵح**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو کە ئەو لە هەموو ڕێبەرانی تری کوردی پێش و پاش خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو خاوەن تایبەتمەندییێکە کە دەتوانێت داهاتوو لە قاڵبێکی تێکەڵاو لە ئاوەز و خەیاڵدا ببینێت و پلانی بۆ دابڕێژێت. لە زمانی ئینگلیزیدا بە مرۆڤێک کە خاوەن تایبەتمەندی وا بێت دەڵێن ڤیژنێری (visionary). ڕاستییەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت، لەناو مێژوودا ئەو ڕێبەرانەی کە توانیویانە گۆڕانێک لە دنیای ڕاستییەکانی دەورووبەری خۆیاندا پێک بێنن، ئەوانە بوون کە خاوەنی وەها تایبەتمەندییەک بوون. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو کەسانەیە کە دەتوانین بڵێین توانایی بینین و پلاندانان بۆ داهاتووی هەبوو. بینینێک کە هەم ئاوێتەی ئاوەز و ژیری بوو هەم تێکەڵ بە خەیاڵ و فانتازیا. گرینگی هەردوو بەشی ئاوەز و خەیاڵ لەوەدایە کە داهاتوو ئەگەر خەیاڵکردنی تێدا نەبێت لە سنوورەکانی دۆخی هەنووکەیی تێناپەڕێت و ئەگەریش ئاوەزێکی بەهێز و ڕێکوپێک لەگەڵیدا نەبێت ئەوا تاریکتر لە ئێستا دەبێت.

دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی ڤیژنەری توانیویەتی کە دنیای خۆی بە جۆرێک بگۆڕێت کە بتوانین بە پێش لە قاسملوو و پاش قاسملوو دابەشی بکەین. ئەو دنیایەی کە ئێمە باسی دەکەین، دنیای بەهاکان و بنەماکانە.

پێش ئەوەی بچینە قووڵایی باسەکەوە، پێویستە لەسەربابەتی شۆڕش یەک خاڵ وەبیر خۆمان بێنێنەوە. شۆڕش، بەو ئامانجە روو دەدات کە دۆخی هەنووکەیی گۆڕانێکی قووڵی بەسەردابێت واتە نەتەویەکی ژێردەست لە ژێردەستی و لە ژێر زوڵم و زۆر رزگاری ببێت یان داگیرکەرێک لە وڵات دەربکرێت. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا دۆخی هەنووکەیی واتە، ژێردەست بوون، لە ژێر دیکتاتۆری بوون یان داگیرکراوبوون سەقامیان گرتووە و سیستمی بەها و بنەماکانی خۆیان هەیە و پێویستیان بەوە نییە کە لەسەریان بیر بکرێتەوە یان بۆیان پان دابرێژرێت بەڵام بە پێچەوانە، ئەو دۆخەی کە شۆڕشگێڕ دەیەوێت بیخوڵقێنێت، دۆخێکە کە بوونی نییە؛ بۆیە دەبێت ببیندرێت و پلانی بۆ دابرێژرێت. بینینی شتێک یان دۆخێک کە هەبوونی نییە پێویستی بە خەیاڵ هەیە و پلاندانانی بە ئاوەز. هەر بۆیە بۆ کوشتنی رۆحی ئازادیخوازی لە ناو ژێردەستەکاندا تەنیا پێویستە خەیاڵیان کۆنترۆڵ بکرێت یان توانای خەیاڵ کردنیان سنووردار بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان نەتوانن دۆخێک بێجگە لە دۆخی ژێردەست بوون لە خەیاڵیاندا ببینن.

لەم نێوەدا گرینگتر لە گۆڕینی فیزیکی دۆخی هەبوو گۆڕینی سیستمی بەهاکان و بنەماکانی ناو کۆمەڵگایە. ئەوەی ژێردەستەیی بەرهەم دەهێنێتەوە تەنیا فاکتەری فیزیکی و جەستەیی نییە بەڵکوو سیستمی بەها و پرەنسیپەکان و بنەماکان رۆڵێکی گرینگتر لەو پێوەندییەدا دەگێڕن. بۆیە، شۆڕشگێڕبوون وەک تایبەتمەندی رێبەرێک زیاتر لە هەرشوێنێک لە توانایی ئەو رێبەرە بۆ بینینی داهاتوویەک دەردەکەوێت کە لەوێدا، بەها کۆمەڵایەتییەکان وپرەنسیپەکان لە خزمەتی بەرهەمهاتنەوەی ئازادی مرۆڤەکان بێت.

یەکێک لەو شوێنانەی کە زۆر بە روونی دەرخەری ئەو تایبەتمەندییەی دوکتور قاسملووە و بە ئاشکرا جیاوازی ئەو لە دنیای دەوروبەری دەردەخات ئەو شوێنەیە کە وەک رێبەرێک لە بەرامبەری تەوژم و لافاوی توودەی پڕ شۆر و شۆڕشگێڕی ئامادەبوو لە میتینگی مەهاباد رادەوەستێت و بە پێچەوانەی درووشمێک قسە دەکات کە هەموو خەڵکەکە دەیڵێنەوە. لەو رۆژەدا و لەو ساتەدا کە هەموو خەڵکی پڕ لە شۆر و پڕ لە هەستی ئامادەبوو لەو شوێنە، بە جارێک یەک شت هاوار دەکەن، بەڵام لەو چرکەیەدا، دوکتور قاسملوو پێگەی رێبەربوونی دەردەخات و بە پێچەوانەی لافاوی ئامادەبووان رادەوەستێتەوە، جووڵە دەکات و بە رێ دەکەوێت و خەڵکەکەش هەمووی بە دوای خۆیدا رادەکێشێت. دوکتور قاسملوو لە قامەتی رێبەریدا و بەو هەنگاوەی، مەسیر و رێچکەی ئەوان و هەموو رۆژهەڵاتی نەتەنیا بۆ ئەو رۆژە، بەڵکوو بۆ جیلەکانی دوای خۆی دەگۆڕێت.



سەرچاوە
Serchawe

لەو رۆژەدا کاتێک کە خەڵکەکە هاوار دەکەن بژی دوکتور قاسملوو، ئەو وەک رێبەرێک هەڵدەستێتەوە و بە ئاپۆرای جەماوەر دەڵێ "نا"! ئەو رێگایە رێبازێک نییە کە ئێمە بمانهەوێ پێیدا بچین. هەربەو چەشنە کە لە رێبەرێکی راستەقینە رەچاو دەکرێت، خۆی یەکەم هەنگاو هەڵدێنێت و ئیتر دوای ئەو هەموو رۆژهەڵات بە دوایدا دەڕۆن. یەکەم هەنگاو هەڵدێنێت و دەڵێت بژی حیزبی دێموکرات، نەک بژی قاسملوو. دەڵێن رێبەر ئەوە نییە کە بە خەڵکەکە ئەمر دەکات کە بەڕێ کەون، بەڵکوو رێبەری راستەقینە خۆی یەکەم هەنگاو هەڵدێنێت، جڵەودار دەبێت و بەڕێ دەکەوێت. ئەم رووداوە، دەمێک یان لەحزەییێک لە ژیانی دوکتور قاسملووە کە بە گێڕانی رۆڵی رێبەری خۆی، توانیویەتی بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە وەلەرزە بێنێت و پڕەنسیپەکانی کەلتووری سیاسی ئێمە لە رۆژهەڵاتدا فۆرم بدات.

دوکتور قاسملوو بە بینین و پلاندانان بۆ داهاتوو لە دەلاقەی ئاوەز و خەیاڵەوە، بۆ چەندین جیلی دوای خۆی کێشەیەک بە ناوی پەرستشی تاکەکان و پیرۆزکردنی رێبەرەکان لە ناو رێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵگای کوردستان لە ناو دەبات. لەم رووەوە، ئەو شۆڕشەی کە دوکتور قاسملوو، بە هۆی بینینی داهاتوو لە قاڵبی خەیاڵ و ئاوەزدا لە میتینگی مەهابادەوە دەستی پێ کردووە و بە ئەنجامی گەیاندووە، شۆڕشێک بوو لە بەهاکانی ناو کۆمەڵگای رۆژهەڵات وراوەستانێک بوو لەسەر ئەو پڕەنسیپانەی کە خەباتی ئەمڕۆی ئێمەیان لەسەر بنیات نراوە.

رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٥٣، شەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی جولای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe

# وتووێژی کوردستان لەگەڵ نەسرین قاسملوو



**نەسرین قاسملوو:** ڕۆژنامە نووسان، سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەموویان نەتەنیا خۆشحاڵ دەبوون کە لە گەڵ "ڕەحمان" قسە بکەن بەڵکوو هەموویان، ڕازی بوون کە بتوانن لە گەڵ وەها دیپلۆماتێک قسە بکەن.

هێلێن کرۆلیچ یان نەسرین قاسملوو هاوژینی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییە دیار و بەرچاوانەیە کە لە ساڵانی سەختی خەباتدا چ بەنهێنی و چ بە ئاشکرا هاوکار و یارمەتیدەری ڕێبەری بلیمەتی بزووتنەوەی کوردستان بووە. لەم ژمارەی کوردستاندا و لە بەرەبەری سیهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ناجوامێرانەی شەهید قاسملوو لەگەڵ نووسەری کتێبی"ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا" وتووێژێکمان ئەنجام داوە کە دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی ئازیز:

**هەڤپەیڤین: د.ئومید ساعیدی**

**هیوا میرزایی**

* کاتێک کتێبی "ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان" ئەخوێنینەوە، بەسەرهاتی ژنێک دەبینین کە سەختی و دژواری

زۆری دیتوە، ئەم کوێرەوەری و ژیانە سەختە لە پێناوی چیدا بوو؟

* دەزانن، کاتێک کە لە تەمەنی لاویە تیدا سیاسی بیر بکەیتەوە، ئەو کات کە دەچیتە نێو جۆرێک خەباتەوە، بۆتانشتێکی سەلمێندراوە کە ئەم ڕێگە ئاسان نابێ، کاتێک کە ئاسان نییە، ئێوە دەزانن کە بۆچی ئاسان نییە، ئەمەیە کە کاتێک دەچیتە نێو خەبات لە دژی ئەم فیکرە، ئیدی بۆتان سەلمێندراوە کە یان دەبێ بەرە و پێش بڕۆیت یان دەبێ بێدەنگ بی و من نەمدەویست بێدەنگ بم، ئەمەیە کە دروستە کە ئاسان نەبوو بەڵام لە زەینمدا جۆرێک هێز هەبوو دەدرا بە ڕۆحی من و من دەمتوانی درێژەی پێ بدەم بێ ئەوەی کە نەخۆش بم، بێ ئەوەی کە ناراحەت بم لە بواری ڕۆحی، بێ ئەوەیکە لە واقێعدا ئەو شتەی کە خەڵک خەبات ناکەن و بیردەکەنەوە کە زۆر دژوارە بۆ من زۆر دژوار نەبوو.

* دەکرێ باسی جیهانبینی دوکتور قاسملوومان بۆ بکەی، چۆن دەیڕوانییە جیهان؟

* من دەتوانم تەنیا ئەوە بڵێم کە "ڕەحمان" هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، یەکەم بیری لە کورد دەکردەوە، بیری لە کوردستانی خۆی دەکردەوە بەڵام دەیزانی کە بەبێ جیهان ناتوانێ ژیان بکا و ژیانی کوردستان بەشێکە لە ژیانی جیهان و هەر بەم هۆکارەش جیهانبینیەکەی زۆر بەر بڵاو بوو. بۆ خۆیشی دەیسەلماند و بۆ هەر کوێ دونیا بڕۆیشتبا هەوڵی دەدا کە لە خەڵک تێبگات و لێهاتوویی و شارەزاییەکی زۆری هەبوو کە خۆی بە خەڵک بناسێنێ و لە خەڵکیش تێبگات، لەم بوارە دا بەڕاستی "ڕەحمان" کەسێکی تێگەیشتوو بوو.

* دوکتور قاسملوو چەندە باوەڕی بە نوێگەری بوو و چەندە هەوڵی دەدا کە هەم خۆی و هەمیش حیزبەکەی بە ڕۆژ و مودێڕن ڕابگرێ؟

* لە وڵاتێکدا کە نەخوێندەواری زۆرە، یەکێک کە تێگەیشت کە دێموکراسی مانای چییە؛ بۆ ئەو وڵاتە دواکەوتووە، دێموکراسی مودێڕنە و شتێکی نوێیە. جوان لە بیرمە کاتێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشی ناوەندی کوردستانی ڕزگار کردبوو و لە بەرنامەی حیزب نووسرابوو کە بەرە و دێموکراسی حیزب دەبێ هەنگاو هەڵبگرێ و چ شتگەلێک پێویستە، خەڵکی کوردستانی نیشتە جێی ئەو شوێنە هەوڵیان دا بە خێرایی، بە

خێراییەکی سەرسووڕهێنەر هەموو ئەم گۆڕانانە ئەنجام بدەن، ئەمە ئیمانی "ڕەحمان" بوو کە دەبێ دێموکراسی بێنێت بۆ کوردستان. مودێڕنیزە کردنی کوردستان ئەو کات شتێک بوو کە لە واقێعدا مودێڕن بوون لە کوردستان جۆرێک مانای نەرێنی هەبوو بەڵام "ڕەحمان" توانی ئەو مانایە بەپێچەوانە بکاتەوە و بڵێت کە دێموکراسی سەرەڕای ئەوەیکە شتێکی مودێڕنە، ئیدەیەکە کە ئازادی دەدا بە خەڵک. دەتوانین بڵێین کە لە واقێعدا "ڕەحمان" ڕێبەرێکی زۆر مودێڕن بوو. ئەم ئەزموونەی کە من کردم لەو سێ بەشە ئازادەی کوردستاندا، لە فیکرو زەینی مندا ماوەتەوە کە ئیمکانی نەبوو پێشتر لە شوێنێکی دیکە ببینم. بە دڵنیاییەوە حەتمەن لە شوێنێکی دیکەش شتی وا ڕوویداوە لە مێژووی وڵاتانی ئۆرووپایی، بەڵام من ئەو کات هێشتا لە دایک نەبوو بووم و ئەم ئەزموونە بۆ من شتێکی زۆر سەرە نجڕاکێش بوو.

* لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکاندا و ڕوو لە دونیای دەرەوە دوکتور قاسملوو چۆن دەیڕوانی و هەڵسوکەوتی دەکرد؟

* بۆ وڵامی ئەم پرسیارە تەنیا دەتوانم بڵێم کە حیزب هیچکات دیپلۆماتکارێکی وەها تێگەیشتووی نەبووە، لانیکەم تا ئەو کات نەیبووە، نازانم ئێستا بە چ شێوەیەکە. ڕۆژنامە نووسان، سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەموویان نەتەنیا خۆشحاڵ دەبوون کە لە گەڵ "ڕە حمان" قسە بکەن بەڵکوو هەموویان، ڕازی بوون کە بتوانن لە گەڵ وەها دیپلۆماتێک قسە بکەن و دوای ساڵانێکی زۆر ئەوانەی کە دوکتور قاسملوویان دەکەوتەوە بیر، هێشتایش یادی ئەو ئازادی و ساکار قسە کردنەکانی ئەو دەکەنەوە. بە ڕای من ئەمە پێوەندی بە خوێندەواری کامڵی "ڕەحمان" بوو، پێوەندی بەوە هەبوو کە چەندین زمانی دەزانی، پاشانیش ئەخلاقێکی زۆر ساکاری هەبوو و هەموو ئەمانە دیپلۆماتێکی لێ دروستکردبوو کە نایاب بوو.

* ئەو ڕێنوێنی و ڕێگە چارانەی کە دوکتور قاسملوو بۆ نەوەکانی پاش خۆی بە جێی هێشت چ بوون؟

* کاتێک کە چاو لە وێنەکانی نەوەی ئەمڕۆ دەکەم، یادی ئەو نەوە دەکەومەوە کە خۆم شایەتی بووم لە ٤٠ ساڵ لەوە پێش. "ڕەحمان" لە گەڵ لاوەکانی حیزب، پێوەندی گەلێکی هەبوو کە پێموایە کە ئەوان خۆشیان لێ دەهات، واتە نیشانیان دەدا بەڵام ئەو شتەی کە بە ڕای من گرینگتر لە هەموویان بوو ئەوە بوو کە دەیخستە زێهنیانەوە کە خەبات هەمیشە بە کەڵکە، نەتەنیا بە کەڵکە بەڵکوو پێویستە و لەمە گرینگتر ئەوە بوو کە نیشانیانی ددا کە

جیهان بەربڵاوە و نابێ تەنیا خۆیان ببینن بەڵکوو دەبێ جیهانیش ببینن، لە گەڵ جیهان بسازن، بە کورتی فێری ئەوانیشی دەکرد کە فیکرێکی نێونەتەوەییان قەبووڵ بێ و ئەنجامی بدەن و پەرەی بەم شێوازی بیرکردنەوە لە نێو لاوان و کەسانی دیکە دەدا و ئەمە بە ڕای من زۆر گرینگە.

* بۆچی کوردەکان بۆ هەمووان کێشەن، یان بە واتایەکی دیکە بۆچی چوار دەوری ئێمە کێشەیان لە گەڵ خەباتی کورد هەیە، مەگەر کورد داوای چ دەکا؟

* ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و خراپتر لە مەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستانیان کردە چوار بەش، هەموو ئەم وڵاتانە لە واقێعدا خۆیان باڵاتر لە کورد دەزانن و لە ژیانی مرۆڤ ئەمە جێگەی تەحەمووڵکردن نییە، گرفتی کورد ئەمەیە؛ دواتر گرفتی کورد ئەمەیە کە چوار وڵات لە واقێعدا کورد بە دەستکرد دەزانن و لە قوتابخانە و لە فێربوون دووریان خستووەتەوە و کوردیان بە شێوەی فەرمی دواکەوتوو هێشتووەتەوە. ئەمەیش بۆ هیچ کەس جێگەی قەبووڵ کردن نییە، کورد بۆ خۆی دەزانێ چی دەوێ، ئەوە شتێ کە من دەزانم دەیانهەوێ لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەش بووە، بێنەدەرێ کە جیهان ئەوان وەک نەتەوەی ئازاد و بەرابەر بناسێ و بتوانن خۆیان ڕێبەری خۆیان بن. من ناڵێم کە دەبێ خێرا سەربەخۆییان بوێت، چوونکە یەکەم نازانن چی لێبکەن، چوون شارەزاییان لێی نییە، دووهەمەن دوژمن لە پشت سەریانە، هە ئەو کاتەی کە کورد بە دەنگی بەرز بڵێت کە من سەربەخۆییم دەوێ لە خودموختاری وازبێنێ، ئەو کات دوژمن ئامادەیە کە هەموو کارێک بکات کە سەر لە نوێ کورد بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. دوکتور قاسملوو بارودۆخەکەی زۆر بە ڕوونی دەبینی نەتەنیا بۆ کورد بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش. کاتێکیش دەیگوت کە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان مە بەستی هەر ئەمە بوو کە کورد سەرەتا فێربێ چۆن خۆی ڕێبەری و بەڕێوە ببات؛ کاتێ کە فێربوو یان لانیکەم تێگەیشت کە یانی چی، ئەو کات دەتوانێ داوای سەربەخۆیی بکات، هەڵبەت من دەزانم کە هەموو کوردەکان سەرەبەخۆییان دەوێ زۆر سروشتییە؛ تەنیا مێژوو لە هەمبەر کوردەکان تاوانی کردووە، ئێستایش جیهان نایهەوێ هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە، کورد دەبێ خۆی هەوڵ بدات کە کارێک بکا کە بەڕاستی فێربێ و ئەو کات سەربەخۆیی وەربگرێ. تۆ وێنای بکە کە کوردستان سەربەخۆ دەبێ، کێ قەبووڵی دەکا، ئەم چوار وڵاتە، لەم چوار وڵاتە دەبێ لە هەر کامیان پارچەیەک جیا ببێتەوە لە بەر ئەوەیکە کوردستانە؛ بۆ زلهێزەکان هەموو ئیستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تێک دەچێ، ئەمانە دەبێ ئیستراتیژییەکی نوێ دابڕێژن. نەوت چەکێکی مەرگهێنەرە، ئەوەیش دەبێ کورد لێی

تێبگات ئەمەیە کە کارەکەی ئاسان نییە بەڵکوو زۆر دژوارە بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ بە خودموختاری و بە ئازادی خۆی بگات.

**❊ تۆ بۆ خۆت کوردت چۆن ناسیوە؟ ئایا کورد ئەو سیماو ڕووخسارەیە کە نەیاران و دوژمنانی وێنای دەکەن؟**

❊ کوردەکان ناراحەت نەبن ئەگەر من ڕاستبێژانە قسەیەک بکەم؛ بەهۆی چارە نووسییەوە من تەنیا ئارەزوو دەکەم کە بەهێز بێ و خەبات بکات بەڵام مەسەلەی عاقڵ بوونی بۆ من گرفتێکی هەیە، ڕەنگە پێوەندی بەوە هەیە کە جیهان کورد لە گەڵ خۆی بەرانبەر نازانێ، کورد ئارەزوویەتی کە خۆی نیشان بدات کە لە هەموو کەس بەهێزترە و ئەمە وادەکات کە ڕێکخراو دادەمەزرێنێ و حیزب دادەمەزرێنێ و هێواش هێواش ئەم ڕێکخراو و حیزبە دابەش دەکا بە چەند دانە لە بەر ئەوەیکە قەبووڵی نییەیان وا بیر دەکاتەوە کە خۆی لە کەسی دیکە بە باشتر دەزانێ؛ کورد کەمێک لە منداڵ دەچێ، بۆ ئەوەیکە خۆی نیشان بدات هەڵە گەلێک دەکا کە نەدەبوا بیکردبا. من لە واقێعدا هەموو ژیانم لە گەڵ کوردەکاندا بووە، ڕەنگە هەمیشە لە گەڵیان ژیانم نەکردبێ بەڵام تەواوی بوون و ناخی من لە گەڵ کورد بووە ئەمەیە کە من کورد و کوردستانم خۆش دەوێ و ڕەنگە هەر ئەمەش بێ کە من هەڵەکانی کورد دەبینم و حەزم لێیە کە عاقڵ ببێ.

**❊ ئەم هەموو تراژیدیا گەورانە کە بەسەر کورددا هاتووە، هۆکاری چییە کە دونیای دەرەوە هێشتا لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی دیپلۆماسییەکاندا ئاوڕ لە کورد ناداتەوە و پشتیوانی لە خەباتی کورد ناکات؟**

❊ دەبێ فێر بین لە قوتابخانە، لە کتێب، لە ڕۆژنامە، لە جیران، لە نەتەوەکەی، دەبێ فێر بێ و بیر بکاتەوە و ببینێ کە چ دەرسێکی لێ وەرگرتووە؟ ئەگەر تێگەیشت، فێربوو، ئەو کات بوێری ئەوەی هەبێ کە بەپێی ئەوە کار بکات، خەبات بکات و قسە بکات، ئەمانە ناکرێ لە ڕۆژێکی دیکەوە فێر بێ و ئەنجامی بدات بەڵام دەبێ مرۆڤ ئەو بوێرییەی تێدا بێ کە بەڕاستی ژیانی بەرە و ئەم شتانە ببات و بزانێ کە ڕەوتێکی درێژخایەنە بەڵام بڵێت کە من کوردم، من ژنم، دەبێ من ئەم کارە بکەم، ئەمەمن دەگەیەنێت بە ژنانی کورد. مەسەلەی ژنانی کورد بۆ من بووەتە مەسەلەیەکی دژوار، دەزانی ژنانی وڵاتانی دواکەوتوو هەموویان چارە نووسیان زۆر دژوارە؛ لە ڕاستیدا لە ژێر دەستی باوکیان، مێردەکەیان، براکەیان، کوێخا، شارەدار و دەوڵەتدان و هەموویان دەبێ ئەم ژێردەستییە

تەحەمول بکەن و درێژە بە ژیان بدەن، ژنانی کورد ژانێکی زیاتریان هەیە کە کوردن؛ لە ڕاستیدا هەموو ئەم زوڵمانەی دیکە کە ژنان ئەزموونی دەکەن، کورد بوونیشی پێوە زیاد دەبێ. من بینیومە کە ژنانی فارس و عەرەب لە باڵا دەستییەوە سەیری ژنانی کورد دەکەن ئەمە وەحشەتناکە، بەڕاستی وەحشەتناکە! ئەمەیە کە پیاوی کورد کاتێک کە لە مە تێگەیشت دەبێ بۆی ئاسانتر بێ کە لە گەڵ ژنکی ڕەفتارێکی دیکەی هەبێت و ژن لە گەڵ خۆیدا بەرابەر بزانێ ئەو کات دەبینێ کە ژنانی کورد چ شتگەلێک دەزانن و چ بوێرییەکیان هەیە و چ تێگەیشتوویەکیان هەیە.

دەبینی ئێستا ڕێژەی ژنانی خوێندەواری کورد زیادی کردووە. سەرەڕای ئەمانە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان مەسەلە هەر ئەمەیە و من نزا دەکەم کە ڕۆژێک بگات بەو شوێنەی کە ژنانی کوردیش(هەڵبەت بۆ ژنانی دیکەیش، بەڵام بۆ من ژنی کورد نیزیکترە تا ژنی تورک) ئازاد بن.

* ئێمە دەزانین دوکتور قاسملوو جیا لە وەی کە کەسایەتێکی سیاسی بوو، ئۆگری بۆ هونەر و بوارەکانی دیکەیشە هەبوو، دەتوانی پێمان بڵێیت کە کاک دوکتور قاسملوو لەم شتانە حەزی لە چی بوو؟

* لەم بوارە دا دوکتور قاسملوو کەسێکی ئاسان بوو، لە بواری خواردن هەموو شتێکی دەخوارد، شتێک نەبوو کە حەزی لێ نەبێ و قەبووڵی نەبێ، هەڵبەت خواردنی ئێرانی پێخۆشتر بوو، بەڵام دەکرێ ئەمەیش لە بارەی خۆیشمەوە بڵێم من خواردنی ئێرانیم لە هەموو خواردنێک پێ خۆشترە، ئەمە بوو کە لە بواری خواردن کەسێکی سادە بوو واتە ئاشپەزێک کە بۆ دوکتور قاسملوو خواردنی دروست بکردبا، کارەکەی زۆر دژوار نەبوو.

* خواردنێک تایبەت بوو کە زۆری حەز لێ بێ؟ بۆ خۆیشتان چ خواردنێکی تایبەت هەیە کە حەزتان لێ بێ لە خواردنە کوردی و ئێرانییەکان؟

* خواردنی تایبەت نازانم بەڵام ئەو شتەی کە بەڕاستی زۆری دەخوارد گوێز و فستەق بوو.

ئەو شتەی کە پێوەندی بە کتێبەوە هەیە من هەمیشە دەکەومە بیر باوە گورم، دوکتور قاسملوو هەموو شتێکی

دەخوێنـدەوە هەر شتێکی پەیدا دەکرد، تیکە ڕۆژنـامەیەک، کتێبێک هەموو شتێکی دەخوێنـدەوە، هەڵـبەت کتێبـە کلاسیکەکانی ئۆرووپا و ئەمریکایشی دەخوێندەوە. بۆ مووسیقی گوێی لە موسیقی کلاسیک دەگرت کاتێ لـە ماڵەوە داماندەنا بەڵام ئەو شتەی کە لە هەموو شت زیاتر حەزی لێی بوو مووسیقی و گۆرانییە کوردییەکـان بـوو، لـە بەر ئەوەیکە ئەوی دەبردەوە بۆ نیشتمانی خۆی. ژیانی تایبەتی دوکتور قاسملوو زۆر سادە بوو.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٥٣، شەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی جولای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا

## لە یادی قاسملووی ڕێبەردا



**کاوە بهرامی**

٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ مێژوویەکی تـاڵ بـۆ گەلـی کـورد بە گشتی، بە تـایبەت بـۆ حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـرانە کە لە کردەوەیەکـی  تیرۆریسـتیدا، کۆمـاری ئیسـلامی دوکتـور عەبـدولڕەحمان قاسـملوو سکرتێری گشـتیی ئەوکـاتی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران و هـاوڕێی تێکۆشـەر و مانـدوونەناس کـاک عەبـدوڵا قـادری ئـازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات، کـاک دوکتـوور فـازڵ ڕەسووڵ کەسایەتی ناسراوی

کوردی باشوور لە سەر مێزی بە ناو وتووێژ لە ویەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تیرۆر کرد و شەهید بوون؛ هەنوکە سی ساڵ بە سەر ئەو کردەوە تیرۆریستییەی سپای پاسدارانی رێژیم تێدەپەڕێ بەڵام گەلی کورد و دوکتووری رێبەر و سەرکردە و دیپلۆمات و مامۆستای زانکۆ و ئابووریناس و هاوڕێیانی لە بیر نەکرد و بۆ هەتاهەتایە لە ئاسمانی بایەخە مرۆڤایەتییەکاندا دەمێنێتەوە .

دوکتور قاسلملوو رێبەرێکە پاش ٣٠ ساڵ هزر و ئەندێشە و نووسین و رێنوێنییەکانی هەردەم زیندوون و جێگای تایبەتییان لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئێران و کوردستان هەیە.

سی ساڵ بە سەرکارەساتی ناجوانمێرانە و تیرۆریستی و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدکرانی رێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە ئەو کات سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو تێدەپەڕێ . هەرکامە لە ئێمە کە لە نیزیکەوە پێوەندی و ناسراویمان لەگەڵ رێبەری نەمری گەلەکەماندا هەبووە، هەڵسوکەوت و رێنوێنییە بەنرخەکانی لە گوێمان دەزرینگێتەوە و لە پێش چاومان ون نابێ و لە بیرو دڵمان جێگای خۆی کردۆتەوە، من نووسەر نیم بەڵام ئۆگریم بە شەهید دوکتور قاسملوو هانی دام پاش شەهیدبوونی گۆشەیەکی کەم لە نووسین و وتە و رێنوێنییەکانی بە هاوکاری کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و ئۆگرانی دوکتور قاسملوو لە پەرتوکێک بە ناوی "تاڤگەی حەقیقەت" لە چوار بەرگ (١٣٧٥)کۆبکەمەوە و بە کورتیش کتێبێک بە ناوی رێبەری مودیر و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات وەک سەرەتایەک لە ژیانی ناوبراو بنووسم؛ تا ئەو کات هیچ کەس و لایەنێک لەو پیوەندیەدا بەرهەمەکانی کاک د.قاسملوویان بڵاو نەکردبوویەوە بەڵام بەخۆشییەوە ئێستا ئۆگرانی دوکتور قاسملوو و دڵسۆزانی کورد بەپێی زانیاری و بەدواداچوونەکان یان کۆمەڵێک کتێب یان لەو پێوەندییە سەبارەت بە گەورەیی و لێزانی و سیاسەت و دیپلۆماسی شەهیدی هەمیشە زیندوو کاک دوکتور قاسملوو نووسیوە و کۆ کردۆتەوە کە بۆ من جێگای شانازییە و دەسخۆشیان لێدەکەم .

لە یادەوەری و بیرەوەرییەکانمدا سیهەمین ساڵی شەهیدکردنی رێبەری مەزن دوکتور قاسملوو بە کورتی یادێک لە چۆنییەتی لێدوان و باس و بابەتە بەنرخەکانی لەم نووسینەدا دەکەم. کاک د.قاسملوو لە کۆڕ و سمینارەکاندا بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە ئازادی و دێموکراسی دوو چەمکی تەواوکەری یەکتر بۆ رزگاری گەلانی ئێران لە چنگ دیکتاتۆری و پاوانخوازین و پێی وابوو دێموکراسی لە ئێران بە بێ پاراستن و دەستەبەرکردنی مافی

نەتەوەکان سەقامگیر نابێ، پێویستە ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە بیر لە چارەسەری گەلانی ئێران بکاتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا دەفەرمێ هەرگیز ((خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی، تا حیزبی دێموکرات ماوە دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی)). شەهید دوکتور قاسملوو رۆڵی سەرەکی لە داڕشتن و رێکخستنی بنەمای فکری و سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبوو. ئەو، حیزبی دێموکراتی لە بواری بۆچوونی سیاسی گەیاندە لوتکەی ئەحزابی پێشکەوتوو؛ بۆ یەکەمین جار دێموکراسی لەگەڵ سوسیالیزم لە گوفتمانێکدا بە ناوی کورتەباسێک لە سەر سوسیالیزم پێکەوە گرێدا، دیموکراسی نێوخۆیی حیزبی کردە مەبنایەک بۆ پێکەوەکارکردن و رێکارێک بۆ پێکەوەبوونی گەلان و رزگاری لە چنگ دیکتاتۆری و پاوانخوازی.

ئەگەر چاوێک لە رەوتی کاری سیاسی - کۆمەڵایەتی - دیپلۆماسی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن توانی ئەم حیزبە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم رێک بخات، لە گۆشەنیگایەکی کورتیش بێت بڕوانینە ئەدەبیات و شێوەی ئاخاوتنەکانی ئەوکات خۆی و بەرێوەبەرانی حیزب و راگەیاندنەکانی ئەو کاتەی حیزب بۆمان دەردەکەوێ ئەدەبیاتێکی جیاواز لە هەموو ئەدەبیاتەکانی دیکە بە گوفتمانێکی سادە بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ گەشەکردنی سیاسی و فەرهەنگی و دەستنیشانکردنی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد بە ئەدەبیاتێکی رەوان و سادە و پاراو پەیام و بۆچوونەکانی حیزبی ئێمە لە بەر دەست کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە رۆژهەڵات بە هەموو چین و توێژەکانی دەگەیشت.

زۆر جار رەخنە لە حیزبی ئێمە دەگیرێ و دەڵێن وتووێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی کاک د.قاسملوو لە جێی خۆیدا نەبووە لە بەر ئەوە، سەرئەنجامی ئەو وتووێژەش شەهیدکرانی رێبەری سەرکردەمانی بە دواوە بوو؛ رەنگە لە بواری چۆنییەتی و رێگا و شوێنی ئەمنییەتی ئەو بارودۆخە راست بێ بەڵام دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز بوو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کێشەکانی گەلی کورد لە رێگای دیالۆگ و ئاشتییەوە و بێ خوێنرشتن چارەسەر بکات، بۆیە رێگای وتووێژی لە گەڵ دوژمنانی گەلی کورد بۆ چارەسەری کێشەکان دەزانی، خەباتی چەکداری وەک خەباتێکی سەپێندراو بە سەر گەلی کورددا چاو لێدەکرد، رێبەری دەکرد و هەردەم خوازیاری بەرگری رەوا بوو.

بە هۆی خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامە و کتێب و راگەیاندنەکان لێکدانەوەکانی هەردەم واقعبینانە و دروست بوون، هەر بۆیە لە بواری جهانبینییەوە زۆر دەقیق و ورد بوو.

باوەڕی تەواوی بە پاراستنی مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسانی هەبوو، یەکەم حیزب بووین یاسای شەڕمان لە بواری دیلەکانی شەڕەوە لە کوردستان بڵاو کردەوە و لە کاتی خەباتی چەکداریدا توندوتیژ و لە کاتی شەڕدا لێکۆڵینەوەی لەو کەس و لایەنانە دەکرد کە یاساکانی شەڕ ناپارێزن و رینوێنی دەدان.

لە سەختترین هەلومەرجی خەباتی چەکداریدا بایەخی تەواوی بە مافی ژنان ئەدا و پێگری بەرەوپێشچوونی مافی ژنانی دەکرد، کۆرو کۆبونەوەی بۆ ساز دەکردن، هانی ئەدان کە دەبێ هەوڵ بدەن بە مافی خۆیان بگەن، لە پەیوەندی لەگەڵ بەرێوەبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم رێبەرێکی لێوەشاوە و هەم مودیرێکی مودەبیرو کاردان بوو، سیاسەتی ناوخۆیی و بەرێوەبەری حیزبی بە باشی رێک دەخست و سیاسەتی دەرەکی بەپێی لێکدانەوەی بارودۆخی ئەو کات دادەڕشت، ئەو چەمکی سەربەخۆیی سیاسی هێنایە ناو فەرهەنگی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران و حیزبێکی سەربەخۆی بۆ گەلی کورد رێک خست . فەرهەنگی رەخنە لەخۆگرتن و رەخنەگرتنی هێنایە ناو حیزبی دێموکرات بۆ گەشەکردن و پێداچوونەوە بە کەم و کووڕییەکان و ساق کردنەوەی هەڵەکان دەورێکی کاریگەری بوو.

سەرەرای هەموو خاڵە بەقوەت و شۆڕشگێڕانەکانی لە مەیدانی خەبات لە شاخ و شار، لە بواری سیاسی و دیپلوماسی لە ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان، شەهید دوکتور قاسملوو وەک مامۆستایەکی لێهاتوو و زانای زانکۆکانی ئورووپا توانی دەورێکی کاریگەر بۆ ناساندنی دۆزی کورد و ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد بگێڕێ و لە ئاستی جیهاندا کورد بە دونیا بناسێنێ. لە کۆتایی دەبێ بڵێین بۆ گەلی کورد لە دایک بوو ، لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کوردیش گیانی شیرینی بەخت کرد. هەردەم وتە بەنرخەکانی لە مێشکی ئێمەدا چرای رووناکی رێگای خەباتمان دەبن تا گەیشتن بە سەرکەوتن.

هەر وەک رێبەری گەورە و زانامان دەڵێ : باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی رێگایانە.



سەرچاوە
Serchawe

١٤ی پووشپەڕ ٢٧١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠١٩

## قاسملوو هێشتاش بۆ لاوانی کوردستان هەر سەرمەشقی خەباتە



**ئیبراهیم لاجانی**

پاش تێکشکانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی، مەیدانی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕادەبەدەر تەنگەبەر بۆوە. ئەوەندەش کە لە تەشکیلاتی حیزب مابوو، یا لە زینداندا بوو، یا لە کوردستانی گەرمێن لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا مابۆوە و مەجالی کاری سیاسی وحیزبی لێ زەوت کرابوو.ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوادا، قاسملوو وەک ئەپۆستێڵ هاتە مەیدان وبوو بە مەسیحی حیزبی دێموکرات.

تەشکیلاتی حیزبی سازماندایەوە. سەربەخۆیی سیاسی وتەشکیلاتی بۆ حیزب گێڕایەوە، بەرنامەو پرۆگرامی تازەی بۆ حیزب دارشتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی و تێکۆشەر، نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دەرکردەوە. پێوەندییەکانی حیزبی دەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر وحیزب ورێکخراوە ئێرانی وکوردستانییەکان

ڕێکخستنەوە.

قەوارە و کەسایەتی وهەیکەل وهەیبەتی بۆ حیزب گێڕایەوە. تێکۆشەرانی پەرش بڵاوی حیزبی لێرە و لەوێ کۆکرنەوەوە. بەرانبەر هەیمەنەی حیزبی توودە و لایەنە کوردستانییەکان وەستا و ئیجازەی نەدا کەس دەست لە کاروباری نێوخۆیی حیزبەوە وەردا.

* خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هەر لەو قۆناخەدا، بەسن بۆ ئەوەی ڕۆڵی قاسملوو لە مێژووی حیزبدا بە ڕۆڵێکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین.

نەخشی دوکتور قاسملوو لە تەیارکردنی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە قۆناخی شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان سازماندانی خەبات وبەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان بە دژی هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستانیشدا، نەخشێکی حاشاهەڵنەگرە.

گەڕانەوەی بەوەختی کاک دوکتور و باقی ڕێبەری حیزب لەو هەلومەرجەدا، بوو بە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات تەنانەت پاش ئەو هەموو سەرکوت و زەبر وزەنگەش کە بۆ دەیان ساڵ لەسەر تەشکیلاتەکەی هەبوو، جارێکی تریش هەستێتەوە سەر پێ و ڕۆڵی پێشڕەوانەی خۆی لە ڕووداوەکاندا بگێڕێ.

دوکتور قاسملوو بە درێژایی تەمەنی پڕکار وبەرهەمی، خزمەتێکی زۆری بە حیزب و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا کرد. ئەو لەنێو کورداندا لە ئینسانە هەرە وشیار و مەزن و بلیمەتەکانی رۆژگاری خۆی بوو.

مێژوو نوسان پێیان وایە ئەوە کە حیزب لە ئیدامەکاری نەوەستاوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو کولتور و سترەکتۆرەیە کە قاسملوو بۆ حیزبی داڕشتووە. دەتوانین ڕۆڵی قاسملوو وەک لۆکۆمۆتیڤ پێناسەبکەین. لۆکۆمۆتیڤ ئەو ماتۆڕەیە کە قەتار بە دوای خۆیدا رادەکێشێ. دوکتور قاسملووش ئەو نەخشەی لە حیزب وبزووتنەوەدا هەیە. ئەو تەنانەت پاش شەهیدبوونیشی بە قودرەتی زۆرەوە هەروا دەمانباتە پێش. لەو وەزعە ناهەموارەشدا کە حیزبی تێدایە، ئەوە قاسملوویە پاش سی ساڵ لە شەهید بوونیشی، هەر ئینێرژی موسبەت بە حیزب وبزووتنەوە تەزریق

دەکا.

تایبەتمەندی هەرە گەورەی قاسملوو ئەوە بوو کە نیشتیمانپەروەر بوو. ئەو کەسایەتییەکی جیهانی، ناوچەیی، ئێرانی بوو، بەڵام کوردستانی بوونەکەی جەوهەری ئەسڵی کەسایەتی قاسملوو بوو. کوردستانی بە هەموو وجودەوە خۆش دەویست.

دەیگووت دەچمە هەر وڵاتێک، هەست دەکەم کە بەحورمەتەوە وەرم دەگرن. بۆیە شانازی دەکەم کە ڕۆڵەی کوردستانم و بە ناوی کوردەوە قسەدەکەم. یەکێک لەو دەرسانەی ئەوەی نوێ دەبێت لە قاسملووی فێربێت، لە ڕاستیدا ئەو نیشتیمانپەروەر بوون و کوردپەروەر بوونەیە.

قاسملوو لە هەموو کەس باشتر توانای فۆرمۆلەکردنی داخوازەکانی کورد و ڕوونکردنەوەی کێشەی کوردی هەبوو. و تەبێژێکی لێوەشاوەی نەتەوەی کورد بوو لە ئاستی دونیادا هەر بۆیە مێژوونوسان دەڵێن کە لە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورددا نەخشی بنەڕەتی هەبووە.

دوکتور قاسملوو پێشمەرگەیەکی ئازاو قارەمانیش بوو. بە جەرگ ونەترس بوو. دلێربوو. لە خەبات و بەربەرەکانێ و شەڕ و مقاوەمەتدا، نموونەی ورەی بەرز و لەشکاننەهاتوو بوو. ڕۆحیەیەکی بەرزو پۆڵایینی هەبوو. پەیامەکانی کە ڕۆژانە بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵک لەڕادیۆ بڵاو دەبوونەوە، یەکپارچە دەبوونە ورەو هێزیان وەبەر ئەژنۆی خەڵک و پێشمەرگە دەنا.

قاسملوو بۆ تێکۆشەران و پێشمەرگەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پەیکەرەی لەشکاننەهاتوویی و مقاوەمەت بوو.

ڕێبەرێکی بە ئۆتۆریتەبوو. دەیەویست هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەوری بزووتنەوە وئامانجە میللیەکانی کۆکاتەوە. هەمیشە لە هەوڵی ڕێکخستنی هێزە کوردستانی و ئێرانییەکاندا بوو. تێدەکۆشا گەروویەکی هاوبەش بۆ هاواری کورد روو بە دونیای دەرەوە درووست بکات. دەیگووت دەبێ بەیەک زمان وفۆرمۆڵ بە تایبەتی لە چوارچێوەی

مافی مرۆڤ و پەسندکراوە نێونەتەوەییەکاندا مەسەلەی کورد بەرینە نێو بیروڕای گشتی.

دوکتور قاسملوو لە بەیانکردن ودەربڕینی هەڵوێستە سیاسییەکانیدا، گوێی نەدەدایە بەرژەوەندی شەخسی و تێبینییە ڕواڵەتییەکان. لە هەڵوێستگرتنندا بۆ ئەو، ئامانجە ئینسانی و دێموکراتیکەکان و حەقیقەت، پێوانە بوون. زۆر جار بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبار مەلەی سیاسەتی دەکرد و لە خنکانیش نەدەترسا. ئەگەر ئەو ئاڵای بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسامی هەڵگرت، ڕێژیم لە ئەوپەڕی هێز وتوانا و تەنانەتمە قبووڵیەتیشدا بوو بەڵام ئەو زوو ماهیەتی کۆنەپەرستانە ی ئەو ڕێژیمەی تەشخیس دا و کەوتە لەقاودانی. ئەوە ئەو دەم کارێکی زۆر سەخت بوو.

مەحکومکردنی بەبارمتە گرتنی پێرسونێلی سەفارەتی ئەمریکا لە کاتی خۆیدا، مەحکومکردنی پەلاماری سۆڤیەت بۆ سەر بەهاری پراگ، مەحکومکردنی سیاسەتەکانی حیزبی توودە لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمدا، ڕەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی مەوجود لە کاتێکدا کە قوتبێکی گەورەی سیاسەتی دونیا بوو. ڕاوەستان لە بەرانبەر هێژمۆنیخوازی موجاهیدین، حیزبی توودە و هەندێک هێزولایەنی دیکەی کوردستانیدا، هەموویان نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەو قسەیەن.

گەورەیی قاسملوو لە سیاسەتدا هەمیشە لەوەڕا هاتووە کە مەینستریمی چاڵێنج کردووە و خستویەتە ژێر نیشانەی پرسیار. ئەگەر لەسیاسەتدا، تێگەیشتنی بەرژەوەندییە میللی و نەتەوەییەکان وخێری گشتی و دیاریکردنی ئامانجی سەرەکی، لە هەموو شت گرنگترە. ئەگەر دۆزینەوەی ڕێگاو میتۆدی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی و خێری گشتی مەسەلەیەکی زۆر پڕ بایەخە. ئەگەر هەوڵدان بۆ دەکارکردنی ئەو ڕێگاو میتۆدانە و تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگا، کلیلی مەسەلەکەیە، ئەوە بێ شک دەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو لەو کارەدا لە ڕیزی پێشەوەی کەسایەتییە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکاندا بووە. ئەو ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردستان و تاکتیکی خەباتگێڕانەو چالاکی وکردەوەی سیاسیی ڕۆژانەی بە شێوەیەک لێکگرێ دابوون، کە سیاسەت وخەباتی خستبوونە خزمەت ڕزگاری میللەتی ژێرچەپۆکەی کورد. ئەو دەیەویست میللەتی کوردستان ڕزگاربێ وژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەی هەبێت. لەخۆڕا نییە دەیگوت خودموختاری ئەگەر نێوەڕۆکەکەی نەبێتە ژیانێکی پڕ لە ڕفاە وئازادی بۆ خەڵکی کوردستان، بایەخی ئەو هەموو خەباتەی نییە، واتە ئەو سیاسەتی بۆ دوو شت دەکرد بۆ ڕزگاری کوردستان

و بۆ ژیانێکی پڕ لە سەعادەت بۆ خەڵکی کوردستان. سیاسەت لای قاسملووشتێک نەبوو جگە لە کاروخەباتی رۆژانە بۆ گەیاندنی میللەتی کورد بە ئاستی میللەتانی دونیا.

لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بایەخی زۆری بە ژیان و جلوە جوانەکانی ژیان دەدەدا. لە شایی و زەماوەندی پێشمەرگەکاندا بەشداری دەکرد. جوانی و ڕێکوپێکی و کاروزەحمەتی و هونەر و مۆسیقا و ئەدەب و ژیانی بنەماڵەیی تەشویق دەکرد.

حزوورێکی بەردەوام ودیاری هەبوو. لە ریزەکانی بزووتنەوەدا، لە نێو بنکەکانی پێشمەرگەدا، لە کۆمیتە شارستانەکاندا، لە نێو تەشکیلاتی نهێنیدا، لە نێو ڕووناکبیراندا، لە نێو نوسەرانی کوردو ئێرانی وئەدیب و هونەرمەنداندا، لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییە ئێرانی و کوردستانی و ناوچەییەکاندا، حزووری بەرچاوی سیاسی و مەعنەوی پڕرەنگی هەبوو. پێشمەرگەکان چ لە دفتەر بان، چ لە ناوچە و لە قولایی مەیدانەکانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، ئەویان لە پەنا خۆیان دەدیت. لە هەموو جێیەک ئەو حزوورە گەرم و سەمیمی و سەنگینەی لەنێو ڕیزەکانی شۆڕش وخەباتدا هەبوو. ئەو حزوورەی ڕێبەری بوو کە هێزی ئەخلاقی ومەعنەوی دابوو بە خەباتی پێشمەرگە. دوژمن لە هەموو بارێکەوە بەهێزتر وپۆشتەو پەرداختر بوو، بەڵام ئەوە هەر پێشمەرگە بوو زەبری دەوەشاند، ڕەمزی ئەوە لە هێزی ئەخلاقی پێشمەرگەوە سەرچاوەی دەگرت. بەشی زۆری ئەو قودرەتە مەعنەوییە، دوکتور قاسملوو ئیلهامدەری بوو.

سونامی بوو لە نێو بزووتنەوەدا، لە مەیدانی خەبات و سیاسەتی ئێران و کوردستاندا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا پارامیترێکی جیددی بوو. وەک سونامی بوو، لە هەموو لایەکرا دەهات، نەتدەتوانی خۆی لێ لادەی و لە بەردەستی ڕاکەی. دەکرا موخالیفی بی، دژی بی، تەنانەت دوژمنی بی، بەڵام کەس نەیدەتوانی حاشا لە گرینگی و فاکتۆربوونی ئەوبکا یا ئینکاری بکا. هیچ هێزو لایەنێک نەیاندەتوانی ئینکاری جیدی بوونی قاسملوو لە سیاسەت وخەباتدا بکەن. بەتایبەتی لە مەیدانی سیاسەتی کوردستان .

لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا، لە مەجلیس و میوانی و جەژن و زەماوەندەکاندا، لە نێوماندا، چ لە رۆژانی شایی و چ لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا، دەدرەوشایەوە. بە قسەو وتە جوان و پڕماناکانی شوێنەواری لە سەر هەمووان دادەنا.



سەرچاوە Serchawe

لە خۆڕا نەبوو کۆشنێر دوای شەهیدبوونی وتی لە نێو ڕێبەرانی دونیای سێهەمدا، من ڕێزوحورمەتم لە هەموان زیاتر بۆ قاسملوو هەبوو.

قاسملوو ڕووناکبیرێکی خەباتگێر بوو. کاری فکری دەکرد، دەیخوێندەوە، وەزعی سیاسی دونیای لە هەموو گۆشەنیگاکانەوە تەماشا دەکرد و وەدوای ڕووداوەکان دەکەوت. قەت لە خۆی غافڵ نەبوو. زۆری دەخوێندەوە، چاک فێردەبوو بەڵام فەرقی گەورەی ئەو دەگەڵ کەسانی دی ئەوە بوو کەئەو هەرچی فێری دەبوو، لەجێی خۆی بەکاری دەهێنا. ئەو فێردەبوو تا لە ژیان و خەباتدا بڕواتە پێش.

بە عیشقەوە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و فەڕانسەوی و عەرەبی دەخوێندەوە. ئاگای لە ئاخرین ڕووداوەکانی دونیای ئەدەب و هونەر وسینەماو مۆسیقاو فەلسەفە بوو.

هەموو ڕۆژێ هەواڵەکانی دونیا و ناوچە و ئێرانی تاقیب دەکردن و پێوەندی نێوان ئەوانی دەدۆزییەوە و باشترین تەفسیری لێ دەکردن و بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێی خەبات کەڵکی لێوەردەگرتن.

پێوەندییەکی بەرینی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی هەبوو. لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی کوردو ئێرانی و عەرەب و بیانی پێوەندی هەبوو. هەرکەس یەکجار دیتبای دەچووە ژێر تەئسیری.

لە سەرتاسەری ئەو ماوەدا کە سکرتێری حیزب بوو، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دواییدا، شەووڕۆژ بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنی حیزب کاری دەکرد. باشترین کات و سەعاتەکانی تەمەنی خۆی بۆ نووسین و قسەکردن و دەرس وتنەوە و پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوە و دیداری جۆراوجۆری سیاسی و حیزبی و دیپلۆماسی تەرخان دەکرد.

٢

ئیدەی سیاسی قاسملوو ئەمڕۆ بۆتە دیسکۆرسی سیاسی لەکوردستاندا. بۆتە هەوێنی ژیان و خەباتی کۆمەڵانیخەڵکی کوردستانی ئێران. خوێندکاران، لاوان، قوتابیان، ژنان، مامۆستایان، زانکۆییەکان و باقی چین و توێژەکانی



سەرچاوە Serchawe

خەڵکی کوردستان ئیلهام لە قاسملوو وەردەرگرن. هەرچەند دوکتور قاسملوو هاونەسڵی، نەسڵی ئێستای کوردستان نییە، بەڵام ئیدە و پەیام و ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئێستاش لە نێو نەوەی نوێی کوردستاندا لە هی هەموو کەس باشتر وەردەگیرێن. قاسملوو لە هەموو ڕێبەرانی ئەمڕۆی کورستان، لە نەوەی نوێی کوردستان نزیکتر و مەقبوڵترە.

قاسملوو دەیگوت کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێتە دەر. کورد لە ژێر ستەمدایە و کوردستان دابەش کراوە. ئەو وەزعە نابێت قبووڵ بکرێ. ئەوە نیوەڕۆکی پەیامی قاسملوو بوو. نەوەی نوێی کوردستان بەئێسک و پێستەوە هەست بەو ستەم و بێعەداڵەتییە دەکا کە لەسەر کوردە. هەربۆیە لە دەورانی گلۆباڵیزاسیۆندا، نەوەی نوێی کوردستان، مەوقعیەتی میللەتی خۆی لە نێو گەلانی دونیادا دەبینێ و لە جەوهەری پەیامی قاسملوو تێدەگا. بەڵام قاسملوو تەنیا هەر بەوە ڕازی نەبوو کە بەدژی وەزعی ئێستای کورد و ئەو ستەمە بێتە مەیدان کە لەسەریەتی. ئەو داهاتووی کورد و کوردستانیشی دەستنیشان دەکرد. دەیزانی کورد دەبێ بڕواتە کوێ. حەزرەتی مووسا دەیزانی ئوممەتی خۆی بۆ کوێ هیدایەت دەکا.

قاسملووش دەیزانی کورد دەبێ بەرەوکوێ بڕوا. ئەو دەیگوت کوردستان دەبێ بچێتە ڕیزی میللەتانی ئازاد و پێشکەوتووی دونیا. دەیگوت مۆدێلی ئێمە ئورووپایە کە چڵەپۆپەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئینسانییە. لووتکەی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و تێکنۆلۆژی ئینسان ئەوەیە کە لە ئورووپا هەیە. بۆیە دەبێ بەرەو ئەو مۆدێلە بڕۆین. زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە تورکیە بێتە نێو ئورووپاوە. دەیگووت ئەودەم بەشێک لە کوردستان دەبێتە ئورووپا و تەئسیری لەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش دەبێ. قاسملوو ژیانی خۆشدەویست. هەژاری تەقدیس نەدەکرد. هەموو هەوڵی ئەوەبوو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەی بنیات بنێ.

ئەو لە مەزڵوومنمایی بێزاربوو. هەمیشە دەیگوت کوردستان شانسی ئەوەی هەیە ببێتە بەشێکی گرنگی بازاڕ وئابووریی ناوچە. کوردستان مەکۆی نەوت و گاز وئاوە. بۆیە ئەگەر شانسی بدرێتێ و سەرکوتی نەتەوەیی لەسەر لاچێ، زوو دەبێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە بەڵام دەیگوت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کورد دەبێ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بەسەردا بێ. ئەو دەیگوت پێشکەوتنی فەرهەنگی خەمیرمایەی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە.



سەرچاوە
Serchawe

قاسملوو نێوەرۆکیی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردی فۆرموولە کرد، یانی کوردایەتییەک کە لە نێوەرۆکدا دێموکراتیک و ئازادیخوازە، دوورە لە بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی و مەزهەبیگەری. لەو ناسیۆنالیزمەدا خاکی کوردستان کاکڵی کێشەکەیە و کورد حەساسیەتی زۆر بە خاک نیشان دەدا. لەو ناسیۆنالیزمەدا، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەکەونە سەرووی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەوە. لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا، ئامانج گەیشتنە بە مۆدێرنیتە، نەک دژایەتی مۆدێرنیتە. لەو ناسیۆنالیزمەدا، دین لە دەوڵەتو حکوومەت جیایە. یانی پێوەندییە سیاسی و حقوقییەکان سێکۆلاریزە دەکرێن نەک کۆمەڵگا. زۆر جار دەیگوت حیزبی ئێمە لائیکە. یانی ئێمە نامانهەوێ دین لە کۆمەڵگای کوردستان وەدەرنێین بەڵکوو دەمانهەوێ دین وەک نیهادێکی کۆمەڵایەتی ئەو نەخشەی هەبێت کە بە شێوەیەکی سرووشتی چاوەڕوانی لێ دەکرێت. لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتییەکان و کەمئەندامان، دەبنە بەشێک لە جەوهەری بەرنامەی ڕزگاری نەتەوەیی و شۆڕش و خەبات.

بەمجۆرە قاسملوو ناسیۆنالیزمی کوردی خستەسەر جادەیەکی ڕاست و درووست. ئەو ناسیۆنالیزمی کوردی کردە بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ناوچەکە. ئەو خەباتی کوردی لە کەوتنە داوی دژایەتی کردنی ئیسرائیل، یەهودییەت و مەسیحییەت و هەر چەشنە دین و مەزهەبێکی دیکە پاراست. بەو جۆرە ناسیۆنالیزمی کوردی کردە پاڕامێترێکی جیددی بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و ناوچەکەدا.

ئەو بە هەموو تواناوە تێکۆشا خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان نەکەونە داوی تیرۆریزم و ڕادیکالیزم و بونیاتگەرایی مەزهەبی و سیاسی و ئیدۆئۆلۆژیک و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە یانی ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی کوردی لەگەڵ دێموکراسی و لیبڕالیزم و ئوسوولە نێونەتەوەییەکان و عورفی نێودەوڵەتی هاوئاهەنگ کرد.

قاسملوو قەت سۆز و ڕق و کینەی نەدەکردە بناخەی سیاسەتگوزاری و هەڵوێستی سیاسی. واقعبین بوو. بڕوای بە لاوانی کوردستان هەبوو. تێدەکۆشا کورد فێری بەرزەفڕی بکا و هانی دەدا تووندتر و بەرزتر لەوە کە هەیە بفڕێ. شوێنەواری قاسملوو لەسەر خەباتی کورد لە چوارچێوەی زەمان و مەکانی سەردەمی خۆی تێپەڕیوە بۆیەشە لە نێو کورداندا هەروا بەرز و بێ هاوتایە. ئەو مەسئولیەتی وەردەگرت. دەیگوت چ وەک تاک و چ وەک

نەتەوە دەبێ بەرپرسایەتی قبووڵ بکەین بۆ ئەوەی لەو دۆخەی کە تێیداین بێینەدەر. دژی ئیمامزادەسازی بوو. بۆ ئەو ئیمامزادەسازی یانی ڕاوەستان لە مێژوودا، یانی بەبارمتەگرتنی داهاتوو بوو. لەحیزبایەتی و سیاسەتکردندا دژی ڕۆحیەی کەربەلایی بوو. لایەنگری عەقڵ وکردەوەی سیاسی هەڵسەنگێنراو بوو. دژی بەهرەبەرداری لە شەهیدان بوو. بۆ ئەو سست عونسۆری و کورتبینی و خۆپەرستی و ڕۆحیەی دژی کۆمەڵایەتی و تا سەری لووتی خۆدیتن، گەورەترین نیشانەکانی دواکەوتوویی بوون. لایەنگری سەرسەختی پلۆرالیزمی سیاسی و حیزبی و فەرهەنگی بوو.

پێی وابوو پلۆڕالیزم و دیسانتڕالیزم دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ئابووری و پێشکەوتن و خەلاقیەت و ئینێرژییەکان ئازاد دەکەن هەر بۆیە دەیگووت ئێران دەبێ دیسانتڕالیزە و پلۆڕالیزە بکرێ. لە سیاسەتدا جرمی بنتام بۆ قاسملوو سەرمەشق بوو واتە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی. خێری گشتی لەوەدایە کە مرۆڤ قازانجی کورتخایەنی خۆی فیدای قازانجی درێژخایەنی گەل و وڵات بکا. لەسیاسەتدا دووربین و ستراتیژیک بوو. لە نووسین و وتار و باسەکانیدا دیدی زانستی و ئینسانی زاڵە. شعووری بەرزی سیاسی و واقعبینی سیاسیان تێدایە. ئەوە لە وڵاتێکدا کە خەڵک بە هەوا و لەسەر ئەساسی سۆز و عاتیفە کاردەکەن، کارێکی دەگمەنە. ئەو لە بەیان کردنی مەبەستە سیاسییەکانیدا زۆر ڕەوان بوو؛ ئاڵۆزترین مەسەلەکانی بەزمانێکی زۆر سادە دەر دەبڕین. لە سیاسەتدا ئایندەبین بوو. خۆبەزلزان نەبوو.

دیدێکی ئاواڵای هەبوو. خاوەن نەزەر و هەڵسەنگاندنی خۆی بوو، بۆیە لە لایەن هەموو ئەکتەرەکانی سەر شانۆی سیاسەتی ئێران و کوردستان و تەنانەت موخالیفەکانیشی بە جیددی وەردەگیرا. زۆریان هێرش کردە سەری بەڵام ئەوە زەرەیەک کاری لێنەکرد و لە خەباتی سارد نەکردەوە. قەتیش شەڕەجنێوی نەکرد. هەمیشە دەیگوت دەبێ ئەدەبیاتی حیزب وەزین و هەڵسەنگێنراوبێ و لە ئەدەبیاتی چالەمەیدانی خۆ دوور بگرین. ئەو قەت حەقیقەت وگۆڕەپانی سیاسی کوردستانی لە پاوانی خۆیدا نەدەدی، نەیدەویست حیزبی دێموکرات تاقانەبێ بەڵام تێدەکۆشا حیزبی دێموکرات بەهێز و کاریگەر بێ لە مەیدانەکەدا. ئەوپێی وابوو تەوافوق دەبێ لە ئاکامیهاتنە گۆڕی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە وەدەستبێ. لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا دوای هەمووان نەزەری خۆی دەردەبڕی و تەنیا هاوئاهەنگی درووست دەکرد. قاسملوو وێڕای ئەوەیکە دەریایزانیاری بوو کەسێکی سەمیمی و گەرمیش بوو. نموونەی بەرزی ڕۆحیاتی بەرزی ئینسانی بوو. بە هەموو بڕواوە بۆ ئەو ئامانجانە کاری دەکرد کە بڕوای پێیان بوو.

پێغەمبەر ئەگەر بڕوای بە پەیامی خۆی نەبێت، ناتوانێ خەڵکیان لە دەورە کۆکاتەوە. ئەو بڕوای بە پەیامیخۆی بوو بۆیەش دەیتوانی خەڵکیان بۆ مۆبیلیزە بکات. ئەو دەیگوت دەبێ لە خەباتدا تەکیە بکەینە سەر ئامانجی درووست و وەسیلەی درووست و پڕۆسەی درووست. دەیگووت دەبێ لە جیاتی چەک و پووڵ داوای پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی بکەین. ئەو دەیگووت دەبێ تەکیە بکەینە سەر بیری خەباتگێڕانە و پەروەردە و ڕیتۆریکی حەقخوازانە و عادڵانە.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا بەدەگمەن کەسانی وا هەڵدەکەون کە دەبنە کەسایەتی مێژوویی. قاسملوو نەک دوای مەرگی تەنانەت لە سەردەمی ژیانی پربەرەکەتیشیدا، بوو بە کەسایەتییەکی مێژوویی.

ئازایەتی لە هەڵوێست گرتندا، بینشی قووڵی سیاسی و شەهامەتی سیاسی کە لەقاسملوودا هەبوون، لە هەمووسیفەتەکانی دیکەی زەقتر بوون. زەمانێک کە خەڵک جەمارانیان بە مەککەیەکی دیکە دەزانی، وتی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێ بۆنی فاشیزمی مەزهەبی لێدێ. ئەگەر نەزەراتی ئەو بە هێند گیرابا، ئێران تووشی ئەو سیاچاڵە نەدەبوو کە ئێستا تێیدایە. دوکتور قاسملوو هەم شارەزا و لێهاتوو بوو، هەم بە ویژدان و خاوەن ئەخلاقی خەباتگێڕانەش بوو. هەمیشە دەیگوت ئێمە بەرپرسین. دەبێ وریای کار و کردەوەکانمان بین و خەڵک لێمان دەپرسێتەوە. لە نێو تەواوی ڕێبەرانی سیاسیی ئێران و کوردستاندا، دەنگی قاسملوو لە دیفاع لە دێموکراسیدا، جەسوورترین و بەرزترین دەنگ بوو. لەخۆڕا نەبوو بە کوردستانیان دەگووت سەنگەری دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی. ئازادەگی جەوهەری ئەخلاقی قاسملوو بوو. ئەو دەیگوت سیاسەت ئەگەر ئیلتیزام، تەعەهود و مەسئوولیەتی لەگەڵ نەبێ دەبێتە بۆمبێکی خەتەر. مەسئوولیەت تەعەهود یەکێک لە ماتۆڕەکانی فرۆکەی سیاسەتی قاسملوو بوون؛ هەمیشە نیگەرانی ڕاستی و درووستی کار وکردەوەکانی تێکۆشەرانی حیزب بوو. ئەو چاک پێوەندی دیالێکتیکی نێوان ئامانج و وەسیلە و پرۆسە و ئاکامی دەزانی. دەیگوت ئامانجی بەرز و ئینسانی دەبێ بە وەسیلەیەکی ئینسانی و میتۆدی ئینسانی کاری بۆ بکرێ. دەنا تووشی شکست دەبێ بۆیە تێدەکۆشا بزووتنەوەی کورد لە هەموو هەڵە و پەڵەیەک و کوێرزەینییەکی سیاسی دوور ڕاگرێ.

ڕووناکبیرێکی دیار بوو بەڵام لەگەڵ هەموو ڕووناکبیران جیاوازی هەبوو. قەت ئیدیعای ڕووناکبیری نەدەکرد و ئەدای ڕووناکبیرانی دەرنەدەهێنا. لە هەمان کاتدا ئیدیعای دەروێشیشی نەدەکرد. بێ نیازبوو، کەسێکی حەماسی

بوو، هەموو ژیان و زانایی و تواناکانی خۆی هێنابوونە خزمەت شۆڕش. زۆری پێخۆش بوو میللەت و ڕۆحی باوکی لێی ڕازی بن. ئەو حیسابی لە خۆی و هاوڕێیانی دەکێشا. دەڵێن کار دەگەڵ حەزرەتی عیسا سەخت بووە، چوونکە سەختگیر بووە، بەڕاستی ئەوە لەسەر قاسملووش ڕاست بوو. ئینزباتێکی سەختی لە سەرخۆی و حیزب و هاوڕێیانی پیادە دەکرد.

بۆ قاسملوو سیاسەت مەیدانی کار بۆگۆڕینی کۆمەڵ بوو، بۆیە خەڵکی کوردستانی تەشویق دەکرد سیاسەت بکەن. دەرکێکی درووستی لە مێژوو هەبوو، دەیزانی ئێران و کوردستان بەکام وەزعی مێژووییدا تێدەپەڕن بۆیە هەمیشە گەشبین و ڕوو لە داهاتوو بوو. دژی ئەوە بوو سیاسەت، دین وەک وەسیلەی چوونە پێشی خۆی بەکار بێنێ. چونکە دەیگوت لە حاڵێکی ئاوادا سیاسەت سەرەنجام دەبێتە داردەستی دین. ئەو لەوبارەوە ئەزموونی ئورووپای بە نموونە دەهێنایەوە. فەرهەنگی سیاسی و ئینسانی قاسملوو هێندە دەوڵەمەند بوو کە هەموو کەسی دەخستە ژێر شوێنەواری خۆی.

دانیال میتران دەڵێ قسەکردن دەگەڵ قاسملوو ئارامبەخشی ڕۆح بوو. ناسری پاکدامەن دەڵێ قاسملوو کەسێکە وەک موسەدیق کە ئێران دەبێ پێیەوە بنازێ. سەرمەشقێکی لە خۆی درووستکرد، کە لە هەموو سەرمەشقەکانی ئەو چەند دەیەی دوایی نێو بزووتنەوەی کورد تێپەڕی. ئەوەتا سێ دەیە دوای شەهیدبوونیشی زەمان نەیتوانیوە بیخاتە هەمبانەی فەرامۆشییەوە. ئەو دەیگووت ئەرکی هەرە گەورەی حیزبی دێموکرات ڕێکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردستانە. قازانجی گشتی کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بوو، بۆیە ئێستاش هەر سەرچاوی ئیلهام و لێفێربوون و مۆتیڤاشونە. پێی وابوو حیزبی دێموکرات دەتوانێ لە یەک کاتدا خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و رزگاری لە بێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتیش بەڕێوەبەرێ. بە ڕۆحیەی مەزهەبی سیاسەتی نەدەکرد. ڕۆحیەی مەزهەبی یانی وشکبیری لە ئەندێشەی سیاسی و توندوتیژی لە کردەوەی سیاسیدا. بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی قاسملوو دەبێ خۆمان بە ئینلایتنمێنت واتە تەنویری قاسملوو بسپێرین. بە چاویلکەی ئیدئۆلۆژی تەماشای دونیا نەکەین.

ڕوانگە و پێرسپێکتیڤی حیزب و بزووتنەوە بەرین کەینەوە. زەنجیری بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی لە دەست و پێی سیاسەت و بیری سیاسیمان بکەینەوە. دەبێ بزووتنەوە گەورە و بەرین کەینەوە بە جۆرێک کە هیچ کەسایەتی و

هێزێکی دێموکراتیکی کوردستانی وەلانەنرێ. دەبێ سیاسەتی کوردی و حیزبایەتی لە پاتۆلۆژی پاک کەینەوە و زمانی سیاسەت و دیپلۆماسی و ئەدەبیاتی ڕۆژانەمان لە جوێن و تەوهین و سووکایەتی کردن بە یەکتر و ئەم و ئەو دوور ڕاگرین. دەبێ ئاستی سیاسەت و کاری حیزبی بەرینەسەر و خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو مەسئوولیەتەی لە سەر شانمانە. دەبێ خۆمان بەرینە ئاستی تێکۆشەرێکی حیزبی. دەبێ بە جەهەتی خێری گشتیدا هەنگاو هەڵگرین.

بەڵێ دوکتور قاسملوو ئێستاش هەروا سەرمشقی خەبات و سەچاوەی ئیلهامە بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزب و ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی دیکەی ڕێگای ئازادی کوردستان.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٥٣، ٧٥٤


٦ و ٢٢ی جووڵای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا



سەرچاوە
Serchawe

## «بۆ دوکتوری مەزن »



**شنە**

ماوەیەکە بەردەوام وێنەیەک دێتە بەرچاوم؛ پیاوێک بە پاڵتاوێکی خۆڵەمێشی و قژێکی ماش و برنجییەوە لە گۆڕستانێکی نامۆدا، لەسەر گۆڕەکەی خۆی ڕاوەستاوە. باران ئەبارێت بەڵام خەرمانەیەک لە مژ و ڕووناکی دەوری داوە و پێش بە تەڕبوونی ئەگرێت. دڵەڕاوکێم هەیە بە جۆرێک کە ناتوانم لە شوێنی خۆم بجووڵم و بڕۆمە پێش. لەو شوێنەی کە من وەستاوم دەموچاوی ئەوم بە تەواوەتی لێ دیار نییە، بەڵام ئەوەیکە ئەیبینم خەمی تێدا نییە تەنیا ئەڕوانێت. لە خۆی، لەو بەردە، شایەدیش خەیاڵی لە شوێنێکی ترە... لە کوردستان!

بۆ کەسێکی کورد کە ساڵگارێک لە کوردستان ژیابێت ئێرە زۆر نامۆیە، ئەم ئازارە کە ناخم ئەهەژێنێت ئازار و ئێشی خاکە، سەختە دووربوون لە خاک، لە وەتەن، لە نیشتمان... بە تایبەت بۆ ئەو! ئەڵێن کاتێک لە کوردستان بوو، وانەی مرۆڤایەتی بە خەڵک ئەدا، پێشمەرگەکانی وڵاتم لە پۆلەکانی قوتابخانەی ئەودا، بە زانستەوە بۆ شەڕی دوژمنی داگیرکەر ئەڕۆیشتن. ئەڵێن هیچ کات شەڕی نەدەویست، شەڕی پێ فرۆشرا، مرۆڤانە لەگەڵ دوژمن هەڵسوکەوتی دەکرد. خوازیاری وتوویژ لەگەڵ کەسانێکدا بوو کە وتوویژیان بۆ خوێنڕشتن و فریودان بەکار ئەهێنا. خوێندوومەسۆ کە لە پێشمەرگەیەک کە فیلمی لە گرتنی پایگایەک گرتبوو، دڵگیر بوو و بۆ زانین سەبارەت بە بایەخی گیانی مرۆڤ لە تەشوێقی بێبەش کرا. ئینسانێکی وەها بەرز و گەورە ئەو خاکە، ئەو شوێنە

دنجە چۆن ئەیگرێت؟ بە دوای چییەوەیە و خوازیاری چییە؟ ئەڵێن ڕۆحێکی سەرگەردان تا خواستەکەی بە ئەنجام نەگات ناحەوێتەوە. من لە ژێر ئەم بارانە ناکاوەدا خووساوم و بۆ ئەم خەمە گەورەیە ئاسمانی هەندەرانم بۆ ئەگری و ئەو بیر ئەکاتەوە. خەمبار نابینم، دڵنیام مانوو بوو... باشتر لە هەرکەس ئەیزانی دوژمنی نیشتمانی داگیرکراومان، هەرگیز خواستمان بە حەق ناناسێت.

لە خۆم ئەپرسم ئەگەر بە هەر بکوژێک پێش جێبەجێ کردنی ئەرکی پێسپێردراوی مەجالێک بدرێت بۆ ناسینی کوژراو، ئایا دیسانیش ئەیکوژێت؟ دڵنیا نیم. ئینسانێکی وەها بەرز کە لە کاتی خۆیدا هەزاران هەزار عاشقی ئەو و ڕێبازە پڕشنگدارەکەی بوون و تەنانەت دوای خۆیشی بۆ هەتاهەتایە لە دڵی میللەتەکەیدا ئەژی و جێگەی ڕێزە، بۆ دوژمنەکەی نەناسراو نەبوو. بەڵام بە داخەوە وڵاتە لەت لەت کراوەکەی من کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی کەسانێک کە هیچ ڕێزێک لە هیچ کەس و هیچ شتێک ناگرن. وەکوو هیچ جێگایەکی دیکەی ئەم دنیایە نییە.

ئەم پیاوەش، ئەوەی باشتر لەهەرکەس ئەزانی. تەنانەت بەرلە هاتنیان وەکوو مونجییەک بۆ ئینسان! ئەمان باوەڕیان بە خودا بوو و ئەم باوەڕی بە مرۆڤایەتی. مەگەر فەلسەفەی هەر دین و هەر ئایینێک پاراستنی ئەخلاق و بە ڕەسمییەت ناسینی حەقی ئینسان نییە؟ ئەی چۆنە کە دیندارە داگیرکەرەکان بەبڕوا بەو ئایینە ئەوەندە بە ئاسانی تۆیان شەهید کرد؟

هەموو دیتمان کە لە دیوێکی خووساو لە خوێنی تۆ و هاوڕێکانت باڵی ڕاستت سپی ماوە! هەر ئەو باڵەی وا بۆ ئاشتی و ئازادی و بەدیهێنانی ئاواتەکانی کورد بەرەو نوێنەرانی ناحەقترین دەوڵەتی دنیا درێژ کرابوو... لە پاڵتاوەکەت خوێن ئەڕێژێت... بۆ دەنگم ناگا پێت؟... بۆ نابیبنی؟ گۆڕستانی نێوداران سوور هەڵگەڕاوە... خوێنە ئەبارێت لە ئاسمانی خەمباری هەندەران، خوێنە عەرزەکە دائەپۆشێ، خوێنە کە وێنەکە دائەپۆشێ و تۆ هەر ئەڕوانی و لەسەر گۆڕێک کە دەتەویست لەوێوە کوردستانی لێ دیار بێت، وەستاوی!

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٥٣، شەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی جولای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا

# سیهەمینساڵیادی شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو

## خاباتگێڕی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی



**ئیبراهیم لاجانی**

ڕۆژی ١٣ی یولی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لەگەڵ عەبدوولا قادری ئازەر، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئورووپا، لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریش، کەوتنە بەرپەلامارێکی تیرۆریستی و شەهید کران.

ئەو تیرۆرە لە کاتێکدا روویدا کە نوێنەرانی بزووتنەوەی کوردستان لەگەڵ "دیپلۆمات" ە نێردراوەکانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەی کورد لە ئێران، لەڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش، لە حاڵی وتووێژ دابوون.

تیرۆریستەکان، بۆ شوێنە ونکەی پیلانەکەیان، تەنانەت دەستیان لە کوشتنی کەسی خانەخوێش واتە دوکتۆر فازیل ڕەسوڵ، کە کوردێکی عیراقی و ڕێکخەری کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوو لای وتووێژەکە بوو، نەپاراست.

قاتڵەکان پاش ئەوتاوانە گەورە، لە کاتێکدا لە ژێر چەتری حیفازەت و مەسونیەتی دیپلۆماتیک دابوون، بێ هیچ

جۆرە لێپرسینەوە و دادگای کردنێک، لەلایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی دەوڵەتی ئوتریشەوە، ئیسکۆرتکران و ڕەوانەی تاران کرانەوە.

تیرۆری ڤییەن لە لایەن گروپێکی تیرۆریستەوە کەسەر بە ڕایەڵکەیەکی گەورەتری سەرکوت و تیرۆر، واتە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، جی بە جێ کرا. دەزگایەک کە هەر لە بنەڕەتڕا بۆ لەنێوبردن و کوشتنی موخالیفانی ڕێژیم و بردنە پێشی ئامانجە سیاسیەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچەو دونیادا سازمان درابوو و، تا ئەودەم لە نێوخۆی وڵات و ئورووپاو شوێنەجۆراوجۆرەکانی دیکەی دونیادا، دەستی بە خوێنی سەدان کەس لە ڕەخنەگران، چالاکانی مەدەنی و سیاسی و خەباتگێرانی نێوڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی تاران، سووربووبوو.

کوشتن و تیرۆرێ دوکتۆر قاسملوو یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەو ڕایەڵکە تیرۆریستیەی حکومەتی تاران بوو. چوونکە ئەو لە لایەک ڕێبەری بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و جەماوەریی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران بوو، لە لایەکی دیکەشەوە خۆی و حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕیزی هەرەپێشەوەی ئەو هێزە سیاسیانەدابوون کە هەر زوو ماهیەتی دواکەوتوانەو مەترسیەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان بۆسەر ژیانی گەلانی ئێران و ئاشتی و سەقامگیری سیاسی لە ناوچەکەدا، بۆ بیروڕای گشتی، ئاشکراکردبوو.

هەموو لایەک دەزانن کە هەرلەسەرەتای سەڵەکانی ١٩٨٠ی زایینیەوە، بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زۆر بە ڕوونی دژایەتی خۆی لە گەڵ دامەزراندنی هەر چەشنە سیستەمێکی سیاسی لە ئێراندا، لە سەر بناخەی لێکدانەوەیەکی دەمارگرژانە لە دین، واتە کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند.

ئەوە بوو بە سەرەتایەک بۆ هێرش و پەلاماری ئاخوندە بەدەستەڵات گەیشتوەکانی تاران تا بە هەموو جۆرێک دژایەتی دەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتەکەمان بکەن و بە ئاگرو ئاسن و گرتن و کوشتن و زیندان و ئەشکنجە و ڕاونان، وەڵامی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی ئێران و کوردستان بدەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا بوو، کەئاخوندەکان ،رۆژی ١٨ی ئۆگەستی ساڵی ١٩٨٠ ی زاینی، جیهاد واتە شەڕی موقەدەسیان بەدژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و تیکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان قەدەغەکرد. بەوجۆرە بەدەیان هەزار سەرباز و پاسداریان بۆ کوشتنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و یەک لەوان دوکتۆر قاسملوو ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی کوردستان کرد.

شایانی باسە دوکتۆر سادق شەرەفکەندیش، کە پاش شەهیدبوونی قاسملوو، وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران هەڵبژێردرا، دواتر لە بێرلین، لەساڵی ١٩٩٣ی زاینی، لە کاتی بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستدا، هەر بەفەرمان و پیلانی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کوژرا.

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەرەتاییترین مافە سیاسی و فەرهەنگیەکانی خۆی وەک مافی خوێندن بەزمانی کوردی، مافی بەشداری سیاسی لە کاروباری وڵات و ناوچە کوردنشینەکان و ژیان لە ئازادی و ئاشتیدا بێ بەشە. هەر بۆیە شانبەشانی گەلانی دیکەی ئێران بۆ وەدستهێنانی ئازادی و دێموکراسی و دیسانتراڵیزەکردنی دەستەڵاتی حکومەتی ناوەندی و دابین و دەستەبەرکردنی مافە سیاسیەکانی خۆی لە ئێرانی فرەکولتور و فرە ئێتنیکدا، ساڵانێکی زۆرە خەبات دەکات. ئامانجی ئەو خەباتە بریتیە لە دامەزراندنی ئێرانێکی فیدراڵ لەسەر بناخەی نۆرمە دێموکراتیک و سکۆلارەکان و پرنسیپە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، کە لەوێدا ماف وئازادیە کانی تاکەکەس و کەمایەتیە نەتەوەیی ، فەرهەنگی، زمانی و مەزهەبی و جنسیەکان بێ هیچ چەشنە جیاوازیدانانێکی سیاسی و مەزهەبی دابین کرابن. سیستەمیک کە لەهەمانکاتدا ریز لە یاسا و قانوونە نێونەتەوەیەکان بگرێ و بە شێوەیەکی هارمۆنیک لە گەڵ دونیای دەوروبەری خۆی هەڵسوکەوت بکات . لەو خەباتەدا کە ئێستاش هەروا درێژەی هەیە کوردەکان پێویستیان بە یارمەتی و پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی و هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی هەیە.

وەک دەزانین کە ئەمڕۆ کێشەی کورد بۆتە یەکێک لە مەسەلە هەرە ئەکتووێلەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. کوردەکان لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بوونەتە پاڕامیترێکی سیاسی جدی و شوێن دانەر، لەسەر وەزعی سیاسی ناوچەکە و بێ بەشداری وەبەرچاوگرتنی ئەوان سیاسەت لە و وڵاتانە و لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا، تووشی بنبەست دەبێت. ئەوە لە ئێرانیشدا هەر ڕاستە.



سەرچاوە
Serchawe

لە سیهەمین ساڵی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوودا، وێڕای بەرز ڕاگرتنی یادی دوکتۆر قاسملووی نەمرو وەفاداری نیشاندانەوە بەو ئامانجانەی کە ئەو گیانی خۆی لە پیناویاندا بەختکرد، بەجێ یە پێکەوە داوا بکەین کە:

• دەوڵەتی ئوتریش ڕێگا بدات کە عەدالەت جێبەجێ بکرێ و قاتڵەکان و ئەوانەی فەرمانی ئەو قەتڵە سیاسیەیان سادرکردوە، واتە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، موحاکەمە بکرێن.

• کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی، یەکیەتی ئوورروپا و بیروڕای گشتیی لە خەباتی کوردەکان بۆ ئازادی و دیموکراسی لەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، پشتیوانی بکەن.

• پێش لە پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ لە ناوچە کوردنشینەکاندا بە گشتی و لە کوردستانی ئێراندا بە تایبەتی، بگیردرێ.


• کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ریگانەدا مەسەلەی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دا بەگشتی و لە کوردستانی ئێراندا بە تایبەتی، بکرێتە قوربانی ساتوسەودای سیاسی و ئابووری و بازرگانی لە گەڵ ریژیمی تاران.

• یەکیتی ئورروپا بەگشتی و دام و دەزگا سیاسی و دیپلۆماسیەکانی، لە هەموو تواناو ئیعتباری خۆیان بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە ناوچەکە و بە تایبەتی لە کوردستانی ئێراندا، کەڵکوەرگرن.

• لەو وەزعە تازەدا کە لە ناوچەکەدا هاتۆتە گۆڕێ، فاکتۆری کورد وەک عامیلێکی گرنگی بردنە پێشی دێموکراسی و ئاشتی ببینرێ و هەڵسوکەوتی لە گەڵ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠١٩

## نووسراوەیەکی بەپێز لەلایەن دادە شەهلای دەباغیەوە



"آرامش دوستدار، فیلسوف فارس زبان" باس لەوە دەکا کە لە دوای هێرشی ئیسلام بۆ ئێران تا ئێستا تەنیا یەک بیرمەند بووە کە بناخەی تێفکرینی ئێرانی هێناوەتە ژێر ڕەخنە ئەویش "زەکەریای ڕازی" بووە کە خوداوەند وەک خالق دێنێتە ژێر پرسیار. دوستدار بەردەوام دەبێ و دەڵێ کە ئینسانی ئێرانی قەت بیری نەکردۆتەوە.

بەڕای من لە مێژووی جوغرافیای ئێران دا تا ئێستا بیرمەندی دیکەش دەبێ زیاد بکرێ کە کوردە، ئەویش دوکتور قاسملویە. د. قاسملو بە پشتیوانەی مەعریفی و فکرێکی بەهێزی ئوروو‌پایی توانی خوێندنەوەیەکی لۆکاڵی بۆ کێشەی نەتەوەیی هەبێ. بیرمەندێک کە نە تەنیا کێشەی کوردی دەناسی بەڵکوو زوو توانی سیستیمی فکری جمهوری ئیسلامی و مافیای سپای پاسداران بناسێ و فریوی دروشمی شۆڕشگێرانەی دژی "امپریالیستی" خومێنی نەخوا.

د. قاسملوو بیرمەندێک کە ئیدەئۆلۆژی میلیتاریستی، فاشیستی، مائۆیستی، کاگێبێ-ی شۆڕەوی، بەعسی، ئیسلامی ناسیبوو و پێشکەوتنی ناوچە و گەلەکەی لە ئاشتی، دیالۆگ و هاوکات بەرخۆدان و خەبات دا دەدیت. بیرمەندێک کە ئەرزشی بۆ زانست و خوێندن دادەنا. بەڵام قاسملوو هەر چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژاندا کوتی "پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرادا ڕوا" خۆشی بیرمەندێک بوو کە تاک و تەنیا کەوت. (جگە لە دوست و هاوفکری د. شەرەفکەندی کە ئەویش بەداخەوە زوو دوای دکتور شەهید کرا.)


لەڕاستیدا دەمویست ئەمە وتارێک بێ، بەڵام دووبەرەکی و شەڕەدندووکە تاقەتی بردووم. بۆیە کۆی باسەکەم لەم دوو پاڕاگرافەدا کۆ کردەوە.

یادی پێشەوا، د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی کە ناویان لەم نووسینەدا هات بەرز و بەڕێز بێ.

١٢ی جووڵای ٢٠١٩

---

## ئێستە ئیتر سی ساڵە قاسملوو ناتوانێ هەرگیز بمرێ.




**موسلیم ئەحمەدی**

ئێستە ئیتر ٢٢ی پووشپەڕە، ١٣ی جووڵای. ئیتر بە حوکمی ئەمڕۆ دووبارە قاسملوو بۆ گفتوگۆ و ئێرانیەکان بۆ تێرۆر دەچنەوە ژوورێکی نەفرەتی شارێکی نەفرەتی وڵاتێکی نەفرەتی ئەم زەوینە نەفرەتیە. ئیتر بە حوکمی مێژوویەک کە مێشکمانی داگیر کردووە دووبارە لە قاسملووەوە سمکۆش زینوو ئەبێتەوە کە دیسانەوە بچێتەوە سەر خوانی مردن، لە قاسملووەوە قازیش زینوو ئەبێتەوە کە دیسانەوە بچێتەوە سەر سێدارە. بەڵام ئێستە ئیتر سی

ساڵە کراسە خوێناویەکەی قاسملوو ناهێڵێ زەوینی مێشکی هیچ کوردێ تینوو بمێنێ، بە خوێن ئاوی دەدا، ئاوی دەدا، ئاوی دەدا و ئێستە ئیتر سی ساڵە لە مێشکی هەموو ئەوانەی بە قەدەر سی ساڵ چاویان بڕیوەتە ٢٢ی پووشپەڕی ١٩٨٩ی ڤیەننا داری کوردایەتی ڕواوە و باڵای کردووە و لق و پۆی دەرکردووە. ئێستە ئیتر دەتوانین بەم دارەدا سەرکەوین و سی ساڵ باڵابەرزتر بین، سی ساڵ دوورتر ببینین، ترسەکانمان سی ساڵ باڵاکورتتر بن، دوژمنەکانمان سی ساڵ کوێرتر بن، سی ساڵ دواکەوتووتر. تاران سی ساڵە سەرتاپا شەڵاڵی ئارەق لە خەوێ بەخەبەر دێتەوە کە هەموو شەوێ ئێخەی دەگرێ و وازی لێ نایەنێ. خەوێ کە بڕوای پێ هێناوە قاسملوو هێشتا نەمردووە. کە بە کوشتنی قاسملوو بۆ هەمیشە مردنی قاسملوویان وە دوا خستووە. کە بە کوشتنی قاسملوو لە جەستەی خۆیا قاسملوویان لە جەستەی هەمووماندا زیندوو کردووە. خەوێ کە تێیدا تاران سەرێکی گێژی سەر ملێکی باریک دەسووڕێنێتەوە و چاوە تەنگە پڕ لە ڕق و قینەکانی تەنیا قاسملوو دەبینێ، یەک قاسملوو، دوو قاسملوو، هەزار قاسملوو، هەزاران هەزار قاسملوو. خەوێ کە تێیدا هەموو وشەکانی زمانی فارسی هەر یەکەو دەمانچەیەکیان بە دەستەوە گرتووە و ڕووەو تاران ئەیانەوێ شەرمی خۆیان بسڕنەوە. بەیانی کە تاران لە خەو هەستێ سی ساڵە فیشەک بە داهاتووی خۆیەوە دەنێ. تاران وا دەزانێ ئەگەر هەموو گیانە زیندووەکانی دنیا بداتە بەر گوللە سبەینێ کە مەرگ دێتە سەر وەختیەوە کەمتر مردوو دەبێ، کە دەتوانێ بە کوشتنی ئەوانیکە خۆی لە مردن ڕزگار بکا. تاران نازانێ بە کوشتن ناتوانێ ڕێگە لە مردنی خۆی بگرێ. تاران سەیری دەوروبەری دەکا و کە دەبینێ هەموو ئەوانەی بەر گوللەیانی داوە دووبارە هەڵدەستنەوە شێت دەبێ. تاران ئەگەرچی چاوی حوکم ناکا و ناتوانێ دوورەدەستی داهاتووی خۆی ببینێ بەڵام وەکوو سەگێکی کوێر وایە دەتوانێ هەست بە بۆنی مردن لە داهاتووی خۆیدا بکا. تاران خۆی بە دار بەردا دەدا لەو گەندەبۆی مردنە ڕزگاری بێ و کەچی دەڵێی کەوتۆتە داوی شەپۆلە بەهێزەکانی زەریاوە، هەرچی دەکا هەر نزیکتر دەبێتەوە. تاران زۆر دەوەڕێ، بەڵام مردن زۆرتر کەڕە. کەڕیی مردن لە دەنگی وەڕینەکانی تاران زۆرترە. تاران کە ئیتر لە وەڕین کەوت و دەنگەکەی بۆنی مردنی وەک کفن بە سەردا کێشرا ئیتر دەکرێ دەنگی ژیان باشتر ببیسی. گوێ ڕابگری و ببینی قاسملوو هێشتا پێدەکەنێ و شەو وەک چلۆن دەوری چرایەک دەدا، وەک پۆلێ خوێندکار بە دەور مامۆستاکەیانەوە، دەوری پێکەنینی قاسملووی داوە و پێکەنینی قاسملوویە شەو جوان دەکا وەک چلۆن شەو ڕۆشنایی پێویست دەکا. ئێستە ئیتر سی ساڵە قاسملوو ناتوانێ هەرگیز بمرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

# چەند باش دەبوو ئەگەر یادی ٣٠ ساڵەی تڕۆری شەهید د قاسملوومان بەیەکەوە بەڕێوە بردبا.



**رەشید قازی**

ئێستا، رێک ٣٠ سال بەسەر ترۆری د قاسملوودا تێدەپەرێت. رێک پاش ٣٠ ساڵ، درێژدەرانی رێبازی سەربەرزی رەحمانی کورد، لە دوو جەستەی جیاوازادا وێرای بوونی یەک دووژمن و یەک ئامانجی هاوبەش هەرکام بە مەیلی خۆیان، ئەسپی خۆیان لە گورەپانی خەباتی کورد لینگ دەدەن. یەک بە بەرزکردنەوەی خەباتی چەکداری و یەکیش بە گرینگیدانی زیاتر بە خەباتی جەماوەری کە هەردووک تەواکەری یەکترن، لە دوو رەهەندی جیاوازدا رێباز و خەت و خولیاکانی قاسملوویان شەق کردوە و بەرەوپێشی دەبەن. هەرچەند سەرکردەی هەردووک لایەنی دێمۆکرات لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا بەشداری کۆبونەکانی یەکتر دەبن و هەردووک لایەن ئەندامی ناوەندی هاوکاری هێزەکانی رۆژهەلاتی کوردستانن بەلام تا ئێستاش بەو قەناعەتە نەگەیشتوون ئەندام و لایەنگرانیان بەشداری بۆنە و هیماکانی هاوبەشی جیزبەکانیان بکەن.

ئیسا رێک لە ٣٠ ساڵەی یادی ئەو سەرکردە مەزنە دا چەند باش دەبو دوو لایەنی دیمۆکرات لانیکەم دەمارگرژیەکانیان لە ئوروپا وەلا دەنا و یەک دەنگ و یەک رەنگ سالیادی ئەم کارەساتەیان بە یەکەوە یاد دەکردەوە . چەند باش دەبوو ئەم دوولایەنە ئەندامەکانیان لە ئوروپا هاندابا تا هەلگری کلتوری ئوروپایی بن و بە بی لەدەستدانی کات، هەمویان لە یەک رۆژ و لە یەک کاتدا بچنە بەردەم پارلمانی ئوتوریش و دەنگ هەلبرن و داوا بکەن لە ٣٠ ساڵەی یادی ئەم کارەساتەدا پەروەندەی ئەم قەتلە سیاسە بکەنەوە و لەوەی زیاتر بازرگانی

بە خوینی رەحمانی کورد و کوردەکان نەکەن. چەند باش دەبوو رێک لەم ساڵیادەیدا هەموو دیمۆکراتەکان لە سەر مەزاری شەهیدان لە پیرلاشێز، کۆ دەبوونەوە و بە شەکانەوەی ئالای کورد و دەنگی کپکراوی کورد و خوێنی بەناحەق ڕژاووی سەرکردەی کوردیان لە مەزارگەی گەورەپیاوانی فەرانسە، شیرانە بە گوێ ڕاگەینە گشتێکان و خەلکی ولات و نیشتماندا دەگەیاند. ئایی چەند باش دەبوو لە جیهانی ئازاد دا، ولامی کردار و رەفتاری خوڵقینەرەکانی ۲۱ی خەرمانانی سالی ڕابردوودا کە لە ژێر پۆستالی داگیرکەری دوژمندا، بە گالەدانی دووکان و بازار دووژمنیان تەزاند دەدایەوە و ئەم رەفتارەیان دەکردە هەوینی تەبایی و یەکیتی و دووبارەکردنەوەی ۲۱ی خەرمانانێک لە ئوروپا و تاڕاوگەدا. با لە ۳۰ سالەی شەهیدبوونی رەحمانی کورددا بتوانین وەسیەتەکەی پێشەوا بە جێی بگەیەنن و رەوانی قاسملوو شاد بکەین و ڕق و قینی پەند خواردومان گۆر بکەین و لاپەریەکی نوی لە خەباتمان هەڵبدەێنەوە بە یەکەتی و تەباییەوە هیما و گەورەی دیمۆکراتی سەردەمی خەباتی شاخ بۆ حیزب و گەل بگیرینەوە و بە دیپلۆماسی دەرگا گالەدراوەکانی تاوان و سات و سەودای دووژمن و نەیارانی دیمۆکراسی و بەرژەوەندیخوازەکانی نەوت و خوێن لە ئوروپا بکەینەوە و سەرکەوتنێکی دیکەش بۆ گەڵ و نیشتمان و ڕووڕەشێکی دیکە بۆ کۆماری پەت و سێدراە تۆمار بکەێن. دە ورەن یاران با ۳۰ سالەی ئەم کارەساتە بکەینە هەوینی تەبایی و یەکیتی مالی کورد کەشتی بەلالێدراوی خەبات و چارەنوسی کورد لە دەریا توفانیاوەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین بەرەو کەنارەکانی سەرکەوتن رێبەری بکەێن. سلاو لەهەموو ئەو کەسانەی کە بەشداری خۆیان یادی ئەم کارەساتە شەرمەزار دەکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ۹ی جوولای ۲۰۱۹

## هونراوە و پەخشان:

# Ji bo bîranîna rêberê her tim bi ken



**عەبدوڵلا حیجاب**

**Sî sal bi ser wê roja tarî re derbas bûn dema ku şandên ehrîmen, li xaniyek bê parêz li bajarê Wienê kena li ser lêvên rêberê bêhempaye kurd Dr. Qasimlo yê mezin bi kîna veşartî di mejiyê bi gemare tije fen u xape dêvên dijberî mirovatiyê de bersiv dan. Qasimlo, bi dilek paqij ber bi mesaja aştiyê ve çû, lê haya wî jê nebû ku li pişt maskeya aştiyê, jahriya şer u kuştinê veşartiye. Komara Îslamî, bi teror kirina Qasimlo xwest ken û hêviyê ji gelê kurd bistîne, lê niha, 30 sal piştî vê roja reş li her deverek axa paqije Kurdistanê bi wêne u hêviyên Dr. Qasimlo re tê himberanî hev. Qasimlo bû sembola berxwedana gelê xwe, u Komara tarîtiyê di nava gemara îdeolojiya sedasalên navîn de jahriyê hildimije**

## Ji bo bîranîna Qasimlo yê her tim rêber

**Sal çi qas derbas bibin**
**Tu hin qas zindîtirî...**
**Di kenê zarokan de**
**Di dilê evîndaran de**

**Di rondikên çavên dayîkan de**

**,Di roniya çavên li rê**
**,tîrêjên tava jiyanê**
**u hêviya sawayên di nava pêçolkan de**

**Her ku demsal tên**
**Tu jî bi wan re têy**
**Weke tu bi xwe sal u demsal bî**
**Nûbûn u vejînê bi xwe re bînî**

**Tu u xweza niha yek in**
**Bi baranê re dibî dilop**
**Bi tavê re dibî tîrêj**
**Bi bayê re dibî hilim**
**Bi befrê re dibî kuliyên aram**
**Ji avê re dibî cobar**
**Ji deştê re dibî balge**
**Ji çiyan re dibî xemil**
**Zozan bi te rûgeş dibin**
**Hêvî li Kurdistanê şîn dibe**
**Pêşmerge pê dilxweş dibin**

**Jîna te ketiye jiyanê**
**Bûye hêz bo berxwedanê**
**Tu namirî, her tim dijî**
**Weke kurd u Kurdistanê**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# گەواهینامەی مێژوومان



**مەهاباد قەرەداغی**

(بۆ قاسملوو، سەرکردە و پێشمەرگەی کوردستان)

لە مێژووم پرسی
لەم سی ساڵەدا کێی وا دەناسی
پێشمەرگە بووبێ، سەرکردە بووبێ و عاشقی ڕاستی؟

کێی وا دەناسی؟
هەسارەی زەوی جێی نەهێڵابێ یادی پڕ شکۆی
خوێنی بووبێتە گەشترین تابلۆی
چوار وەرزەی خەبات
بۆ هەرکوێ چووبێ
لە نێو هزریدا هەڵیگرتبێ چوارپارچەی وڵات

لەم سی ساڵەدا
کێی وا دەناسی؟
دڵی هەمیشە لێی دابێ بۆ ژیان، ئازادی و عەشق
گیانی هەمیشە مەشخەڵێ بووبێ لە مەیدانی مەشق
کێی وا دەناسی

دیرۆکی پیری کوردستانی من
ئەی پەڕاوەکەی پڕ داستانی من

کێی وا دەناسی؟
لەم سی ساڵەدا
خەندەی ئاوێتەی خۆرهەڵات بووبێ
بەردەوام گزنگ ماچی کردبێ بیروبۆچوونی
هەردەم وەک ئاسمان فراوان بووبێ ناخی دەروونی

کێی وا دەناسی؟
مەلی ئاواتی دڵی میللەتی
فێری فڕینی بێ وەستان کردبێ
کێی وا دەناسی مەرگ نەناسێت و
هەر کەسیش بیری لە مەرگی گیانی پیرۆزی کردبێ
دەستبەجێ مردبێ!

کێی وا دەناسی ئەی مێژووی دێرینم
لەم سی ساڵەدا شەیداترین بێ بۆ خۆشەویستی
هەوێنی هزری
بەبێ هەدادان هەنگاوی نابێ بەرەو سەربەستی؟!

***

مێژوو پێی گوتم: ڕاستیت پێ بێژم؟
لەم سی ساڵەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر
شانازی و شکۆ
دەبێتە بەشی سەرکردەیەکی خاکیتر لە خاک
پاکژتر لە پاک
بەناوی قاسملۆ!
مێژوو پێی گووتم: ڕاستیت پێ بێژم؟



سەرچاوە Serchawe

سەرسامم بەو ڕۆژەی کە ڕەنگێکی سوور
لە ڕۆحی ڕژا و
بوو بە مەرەکەب بۆ خامەی هەتاو
هەر لەو ڕۆژەوە پرشنگ دەباریٚ

هەر کاتیٚ ناوی ئەو بێتە سەر زار
جۆش و خرۆشی شۆڕش وەک ڕووبار
دەرژێتە شادەمار!
دیرۆک پێی گوتم:
ئەمە ڕاز نییە، ئاشکرایە خۆ
لاپەڕەیەکی گەشتر لەپەڕەی دیرۆکی ئەوم، نەدیوە بە خۆ!
سی ساڵە باڵای بەرزتر دەبیٚ بڕوا و ڕێبازی
تیژتر دەڕوانیٚ چاوی وەک بازی
زووتر دەگاتە جیٚ پەیامەکەی
پێشمەرگە لە نێو سەنگەری بەرگری
دەیخوێنێتەوە وشە بە وشەی بڕوانامەکەی!

مێژوو پێی گوتم: موژدەت دەدەمیٚ
دڵۆپەکانی خوێنی خۆرئاسای
قازی و قاسملۆ و
هەزاران پێشمەرگەی ئازای نێر و میٚ
بوونەتە دەیان زیٚ
زێکانیش یەک دەگرن دەبنە زەریا
هێندەی نەماوە ببنە ئۆقیانووس
سوێند بیٚ بە مەزدای مەزنی تێکۆشان
سوێند بە چارەنووس
سوێند بە کوردستان
هێندەی نەماوە تیایدا بخنکیٚ ڕێژیمی مەرگ و تاریکپەرستی
هێندەی نەماوە کۆتایی پیٚ بیٚ شەوگاری پەستی



سەرچاوە Serchawe

ئەوسا دەیبینن چەند بە شکۆوە
مەشخەڵی ڕزگاری دەبەنە سەر کێوان
پۆل پۆل پێشمەرگەی بەئاکاری کورد
نەورۆزێکی نوێ
دەکەنە شادێڕی مێژووی سەرکەوتن
بۆ بەهاری کورد!

ئەوسا دەیبینن چۆن جارێکی تر
قەت لەبار ناچێ و لە کوردستاندا
لە دایک دەبێ کۆمارێکی تر!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

## باری وەفا



## بێبەش پیرۆتی

بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەر نووسیبووم و بەخت یار نەبوو لە کاتی خۆیدا بکەوێتە بەر چاوی یارانم. وا لێرە دایدەنێم.

چەمی بیری رووناکی تۆ، قەت ناسرەوی
چیای کوردی هەر بە پێوەی قەت ناکەوی

سێ دەیەیە دەستەو داوێنی هەستێکم شێعرێکم بۆ بخوڵقێنێ هەتا لە بەرزیی باڵا دا شان لە شانی تیشکی خۆردا، شێعر هەروا باڵا دەکا و لە بەرامبەر هەست و ویستم کورتی دێنێ.

## باری وەفا

سی ساڵە و هەموو رۆژێ
ماری رقم ژار دەردەکا
سی ساڵە و هەموو ساتێ
شێعری کێوییم وەک پێشمەرگە
بەرگی تۆڵە دەبەر دەکا
سی ساڵە گشت بەیانیان
تیشەی ناڵە خەوی شیرنم دەرووخێنێ
سێ دەیە وەک سێ سەدەیە
تاڵاوێکی وەک ژەقنەمووت
کچی قژ زەردی شادییم و
کانی بزە و بەختەوەرییم دەخنکێنێ
سێ دەیە وەک سێ سەدەیە
پەنجا میلیۆن باری وەفام کردۆتە کۆڵ
لەم شاخ لەو دەشت
لەو چەم لەم دۆڵ
گێڕاومە و دامنەناوە
سوێندم خواردوە بە کانیاوی چاوی خەزاڵ
بە یاقووتی سووری دەمی دارەبەنێ
بەو ئازارەی هەستا لە شاری «ڤییەن»ێ
بەو رووە گەشەی تا کورد ماوە
بە رووی مەرگ و بیری رەش و خەیاڵی خاو پێدەکەنێ

داینەنێم تا
زەوی ژار پڕاوی ژینم
دڵی خاکی پڕ برینم
مەزرای مەزاری ئەوینم
سەرانسەر سەوزیی حەز دێنێ.
ناخم دەفری سەر ئاگرە و
خوێنم تێیدا سێ دەیە نا... سێ سەدەیە
لە کوڵ ناچێ
دار و بەردی کوردستانم پێی بۆتە گڕ
دەسووتێنێ رووحی ئەوەی ویستی رووحم بسووتێنێ
ئەوەی ویستی بەژنی ئاڵام لێ بشکێنێ
تیری بیری قاسملووەکەم بوەستێنێ
ناخم دەفری سەر ئاگرە هەر هەڵدەچێ و بێ حەجمینە
هیوای بەرزی ئاسمانی شین
دەریای شین و
رەنگی شینە
لە نێو چنگی گورگی مەرگ
رەها بوونی بووکی ژینە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

# بۆ ڕوحی پیرۆزی قاسملوو



**کەریم فەرخەپوور**

لە سەدەی پێشکەوتندا
لە مەملەکەتی یاسا و قانووندا
لە پێتەختی دێموکڕاسی، لە لانکی پێشکەوتن و عەداڵەتدا
لە سەدەی بیست، لە هەناوی ئورووپادا
لەسەرمینبەری کلیسا، لە بەردەمی پاپادا
ئاشتیخوازێک، مافخوراوێک، پێشمەرگە و سەرکردەیەک لە خاچ درا،
قاسملووی کورد تیرۆرکرا
نیشتمانێک ڕەشپۆش کرا
ئاسمان خرۆشا گەردوونی گریاند
گۆڕ لەرزی و زەوی هەژاند
بەڵام ئەهلی کتێب و یاسا تا ئێستا کپ و بێدەنگ هەر لە خەودان
لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستەوە
لە تەکیەی تاریک پەرستانی جەمارانەوە
لە کۆشکی جیهاد و جینایەت و ئەنفالەوە
ڕەوەی دڵڕەش و قین لە دڵ
بەدەمامک و شمشێرەوە
بۆ زەماوەندی مەرگی فریشتەیەک

هاتنە ناوەندی خۆرئاوا
لە ڤییەنی شۆخ و شەنگدا
لە باوەشی بووکی ڕازاوەی ئورووپادا
مەرگیان بە باڵای قاسملوو بڕی
لە بیابانی غوربەتدا
لە شەوەزەنگی سیاسەت و بێدادیدا
لەناو گڕی باڕوت وگوللەدا
ڕوحیان سووتاند
قاسملوو و هاوڕێکانی شەڵاڵی خوێن و
خوێنڕێژانیش بە پەنجەمۆری خوێناوییەوە
بە دەهۆڵ و زوڕنای مەرگەوە
بە بەردرگای کۆشکی خاوەن شکۆدا
لەنێو ئاپۆرای بازرگانان و سیاسەتوانانلدا
بە کەژاوەی ڕازاوەی سیاسەتی بەرژەوەندی و درۆ، لەژێر چارشێوی مەغول و هیتلێردا
لەژێر سێبەری ئینجیل و خاچەکەی عیسادا
بەرەو بارەگای جەهل و جەهالەت
بەرەو کۆشکی ئەهریمەنیی هۆلاکۆ بەدرەقەکران
داد و دێموکڕاسیش متتەقیان لێوە نەهات
لەمێژ ساڵە لە کوردستانی داگیرکراودا
خاکی کورد و مافی کورد و نەوتی کورد
کلیلی دەروازە داخراوەکانی نێوان زۆرداران ودەوڵەتانن، بەڵام بۆ یەکەم جارە لەمێژوودا
لەسەرمینبەری کلیسا، لەسەر تابووت و تەرمی کورد، مزگەوت و کلیسا بەیەک دەگەن
قەشە و ئاخوند شمشێر و خاچ لەیەک دەگەن
دەرگای دادگا گاڵە دەدرێن، حەق و یاسا لەنێو دەبرێن
بێتاوان تاوانبار و تاوانبارخەڵات دەکرێن
ئەی سیاسەتوانانی کۆشک و کلیسا
سەدان ساڵە بە بێتاوان لەناو دەبرێین
ساڵەهایە خوێنمان دەڕژێ و دەکوژرێین
زەمەنێکە هەقمان دەخورێ وهاوار دەکەین



سەرچاوە
Serchawe

هەتا کەی کپ وبێ دەنگن؟

هەتاکەی ئاشقی زێڕ ونەوت وگەنجن؟

تاکەی تەماشاچی مەرگی ژن وپیاو  و پیر و گەنجن؟

تاکوو ئێوە وا بێدەنگ بن

تا کڕنۆش نەبەن بۆ سەر گۆڕی شەهیدی من

تا لە کریسمەس ڕۆشن نەکەن مۆمێ لەسەر مەزاری ڕێبەری من

تا تاجەگوڵینە دانەنێن لەسەرگۆڕی سەربازی ون، تا شەرمەزار نەکەن دژمنی خوێنڕێژی من

تا پێرلاشێز ئارام نەگرێ لە ئاهو حەسرەتی میوانی دووروڵاتی غەریبی من

تا لەسەر ئیڤێل لێ نەدرێ جاڕی مافخوراوی شەهیدی من،

لێرە لەم مینبەرەوە لە بناری قەندیلەوە، لە ماڵەکەی قاسملوووە تا ئورووپا ، هەموو ڕۆژێ، هەموو ساڵێ، لەبەر دەرگای پارلمان وکلیساتان، لەبەر پەنجەرەی هەموو ماڵێ،

لەگشت شەقامێ، لەنێو هەموو گوندێ، لە ناوەندی هەموو شارێ، لە هەموو مێدیاکانی جیهانەوە هاوار دەکەم، تا دەهەژێن کۆشک و تەلار، تا ڕیسوا بێ هاودەست و دۆستی زۆردار،

هەمووجارێ لەگەڵ زەنگی کلیساتان هاوار دەکەم تا ویژدانە نووستوەکان لە خەو ڕابن، هاوار دەکەم تا گوێچکە ئاخنراوەکان، دەرگا داخراوەکان

دەکرێنەوە

هاوار دەکەم تا ئەو ڕۆژەی یاسا و داد ودادوەرتان شەرم دەیگرێ،

هاواردەکەم

تا ئەو ڕۆژەی رۆحی پیرۆزی قاسملووی کورد ئارام دەەگرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

## گرشەی مێژوو بۆ قاسملوو



**بێبەش پیرۆتی**

لە جەماران
پاشای ماران
درێشەکەی بە سەر مۆز و مێشەکەرەی بەردەمیدا دەخشێنێ
گێژ و وێژ و حۆلیان دەکا،
فووی فیتوایان پێدادەکا و دەیاننێرێ
دەیاننێرێ
هەتا ژین و
هەتا جوانی و
هەتا خۆشەویستی ببڕن.
دەیاننێرێ لابڕ لێدەن بەرەو بەهشت
چەشنی ئێران ئەوێش بگرن.
بە پێی فیتوا کورد کافرە و
خوێن و خاک و ماڵ و نامووسی " کافر"ان
بۆ قشوونی جیهاتکەران
وەکوو: گڕاس
وەکوو: زینا

وەکوو: درۆ

وەکوو: بوختان

وەک هەڵدانی پێکی تاوان

شیری گۆی مەمکی دایکیانە

شاکلیلی قفلی دەرگای بەهەشتیانە.

هاتن هەتا

پێک پێک شیری مەمکی تاوان بخۆنەوە

بە سەرخۆشیی لەو بادەیە

تاقی بەڵێن پێدراوی بەهەشتی خوا بدۆزنەوە.

نەیانزانی کە کوردستان

مەیدانی ئەو سوارانەیە

ژێر سمی ئەسپەکانیشیان

چەشنی لوولەی چەکی شانیان مەکۆی گڕە

نەیانزانی لە کوردستان

دەریایەک بیر

کێویک هیممەت

خۆرێک ئارەزوو

کاکێشانێک گرشەی مێژوو

وەک "قاسملوو"

بۆ ئەو سوارانە ڕێبەرە.

هاتن بەڵام

ئەستێرە کانی ئاسمانی کوردستانم بوون بە گوللە

هاتن بەڵام

نیگاکانی منداڵانی وڵاتەکەم بوون بە زللە

چەم بوون بە گڕ

ڕق بوون بە مشت

کێو بوون بە پشت

دەشت بوون بە مین

دۆڵ و درەخت یەکیان گرت و

بوون بە جێگەی بۆسە و کەمین.
هاتن بەهشت داگیر بکەن
ئاوری دوزەخ هەڵیلووشین
تراویلکەی کوردنەمانیان لێبوو بە شین.
مێزەر رەش و سەر بەهەشی قۆم و تاران
هێڕ بوون لە بەر بۆنی خوێنێ
هێڕ بوون لە بەر تامی شکان
کەوتنە پیلان.
کۆسەیەکی شاقەل شۆڕی بۆگەنیوبیر
تەمای کوێر کردنەوەی کانی
گرتنی بەری تیرێژی خۆر
شکاندنی باڵی ئارەزوو
لە کورد ئەستاندنی"قاسملوو"
هاتە سەری.
کەوڵی مەڕی کردە بەری گوێ لە مستە پەستەکانی
بە رەنگ رووی رەش وەکوو قیری سپی کردن
بەرەو کانگای ماڵپەرەستە سڕ هەستەکان
بەرەو "ڤییەن"
بەڕێی کردن.
لەوێ لە ژێر سنەوبەرە بەرشەرمەکان
داوی تێرۆریان نایەوە و
دانەی ئاشتیان لە سەر پژاند،
کۆتری کوردان
"قاسملوو"مان هاتە سەری و
بێچووەکانی کۆسە زۆڵە
باڵیان شکاند.
خێوی تاوان
بارێکی دی کەوتە کۆشی
بۆ دەمێکی رووبار وەستا

کێو نەوی بوو
دەشت لەرێوە
کانی داما
گشت کوردستان تەم داپپۆشی.
ئاسمان گریا
بە فرمێسک تەمی رووی رۆژی کەم کردو
تیشکی دەرخست
لە گەڵ تیشک کۆتری کوردان
"قاسملوو"مان هەستایەوە
لە شەقەقەی باڵی دا و فڕی،
تاقی ئاسمانی بڕی
ماندوو نەبوو هەر بەرز بوو
هەر بەرز بوو
تا لە ئاسمانی کوردستان
خۆر بوون بە دوو.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی سی ساڵەی شەهید د.قاسملووی نەمر.



لە کوێوە و باسی کوێ بکەم؟
لە چیەوە و باسی چی بکەم؟
ئەوە هاژەی بەفرەلۆکەی کوێستانەکانی خاک نییە،
کێوە دەگری!
ئەوە گرمەی لەیەکدانی سەری دوو کەڵەکێویی بزۆز نییە،
بەردە لە یەک دەبێتەوە!
ویشکەساڵیی سەردەمی فیرعەونەکان نییە، ئەم وەنەوزە
ڕەپستە و مێرگ و بژوێنە
کە مانیان گرتوە لە ڕسکان!
لەو ساتەوەی کە تۆ ڕۆیشتی
هیچ بەهارێک گوڵی نەکرد،
هیچ هەنارێک بەری نەگرت،
داربەڕووی ئەم نیشتمانە بوونەتە داوەڵەی مردن،
ڕووبارەکان پێچەوانەی ڕەوتی خۆیان دەلوێنەوە و
بەجێی باران خۆڵ دەبارێ.


کە تۆ ڕۆیشتی
خوداش پشتی لە ئێمە کرد
نە پێغەمبەرێکی ناردەوە و
نە ئایەتێک پشتێندی لێ بچنینەوە.
لە کوێوە و باسی چی بکەم؟
قەرار وابوو
مەشغەڵەکەی ڕێبەندانی پێشەوامان، لە پەنجەی تۆوە گوڵ بگرێ.
قەرار وابوو
گەرووی کوێستانەکان بدڕی و هەواری کوردی تیا چێ کەی.
ئەی خوداوەندەکەی ئەوین،
ئەی کەژاوەی دڵی ماندووی بەرخۆدانی بێ خودای کورد،
کوا بەهاری دوارۆژی کورد؟
کوا خۆری ڕۆژی ڕزگاری؟
کوانێ قەندیل؟
کوا نەکەرۆز؟
کوا وەنەوشە و داڵانپەڕ و مانێشت و داڵاهۆ و بەیان؟
کە ڕۆیشتی
شاخەکانیش لە سەربەرزی بەربوونەوە و
تەمی نەگبەت سۆمای بەریی لێ بڕیوین.
لەو ساتەوەی کە تۆ ڕۆیشتی،
دایکانی ئەم نیشتمانە هەمووی سەریان لە هەش ناوە.
دەریغ لە بزەی ئەوینێک!
مەخابن بۆ چرۆی باران!
دەگریم بۆ خۆم، کە چەندە بێ تۆ غەریبم ..
دەگریم بۆ تۆ، کە چەندە غەریبی لە خۆت.
لە چیەوە و باسی کوێ بکەم؟
هێشتاش باڵندەکانی بیانووی ڕێت
سۆراغی جێژوانت دەگرن.
هێشتاش کە باران دەباری

بە یادی تۆوە گوڵ دەگرێ.
تراویلکەی هەناسەی ودمی هەنگاوت
دەربەندی چۆڕێ سێبەرتن.
لە کوێوە و باسی چی بکەم؟
لە چییەوە و باسی کوێ بکەم؟
چەندە ساردە باوەشی ئەم نیشتمانە
چەندە زەردە، چ بێ متمانە، چەند لەرزۆک و لاوازە،
بەهاری دوای تۆی تەمامان.
کانیاوێکی قوڵپی خوێن
رووبارێکی سوێی مل بەکوێن
چیایەکی چەماوی رووت لە ئاوێنەی مانگەشەودا
بێ هەناسە و مەل و بژوێن،
ئەوە شینی گەلێکی بەجێماوی مێژوویە
کوردە، بۆ قاسملوو دەگری.

* شێعری برادەرێک لە نێوخۆی وڵات (رۆژهەڵاتی کوردستان)،
بۆ یادی سی ساڵەی شەهید د.قاسملووی نەمر.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی وریا رەحمانی - ڕێکەوتی: ١٢ی جووڵای ٢٠١٩

## قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە!



**هاشم ڕۆستەمی**

هەیاران ! ئەی هەڤاڵانی دێموکرات!
ئەی ڕێبوارانی ڕێگەی سەختی خەبات!
ئەمرۆ ئێوە چما ڕەشپۆشن؟!
چما بێ دەنگن چما خامۆشن؟!
چما چاو بە فرمێسک و دڵ بەخەمن؟!
چما روخسار پەرێشان و لێو بەتەمن؟!
ڕەنگە ئێوەش لەمن بپرسن، چما تۆ نازانی ئەمرۆ سی هەمین ساڵیادی شەهیدی سەرکردەو ڕێبەرە؟ ڕۆژی سوور بوونی مێزی وتووێژ بە خوێنی دیپلۆماتکاری کارامەو، یارو یاوەری پێشمەرگەی نێو سەنگەرە!
هەیاران ! ئەی هەڤاڵانی دێموکرات!
ئەی ڕێبوارانی ڕێگەی سەختی خەبات!
فرمێسکی چاوەکانتان بسڕن. پەرێشانی لە روخسارتان لادەن. تەمی خەم لە سەر لێوان لابەن. چونکە بە هەڵە مەچنو بزانن کە قاسملوو هەرگیز نامرێ و، نەمردووە.
ئەو لە بیر و ئەندێشەدا
لە ڕێبازدا
لە ڕێگەی رزگاریدا

لە نێو دڵی تەک تەکی ئێمەی ڕێبواری ڕێگەکەیدا هەر جاویدانەیەو هەر زیندووە.

هۆ شەهیدە لە خوێندا شەلاڵەکەی سەر مێزی وتووێژ!

هۆ میوانە سوورخەڵاتەکەی گۆرستانی پیرلاشێز!

ئاگات لێیە کە کیژو کوڕانی دڵسۆزی دێموکرات چ لە هەندەران چ لە نێوخۆی وەڵات، لە رۆژئاواوە تا رۆژهەڵات، شێرانە دەگوڕێنن‌و داوای سەزادانی بکوژانت بە گوێی تا هەنووکە کپی دونیادا دەدەن.

هۆ دونیای پێشکەوتوو! هۆ جاڕدەرانی مافی مرۆڤ! هۆ پەرە پێدەرانی نەزمی نوێ!

هۆ ئوروپای پێشکەی دادپەروەری‌و دێموکراسی!

دە توزێ لە ئاست ئەم گەلە ستەمدیدەیەی ئێمەشدا، لە ئاست ئەم شەهیدە بەناحەق کوژراوەی ئێمەشدا، چاوی قووچاوتان بکەنەوە تا بزانن‌و ببینن کە چلۆن‌و بەئاشکرا، لەناو جەرگەی ئوروپادا، ئەوە حەڤدە ساڵە، بازرگانانی فرمێسک‌و خوێن، لە ئاست ئەم جینایەتە سامناکەدا بێ دەنگن‌و خوێنی سەرکردەی نەتەوەیەکی ئازادیخوازیان چۆن فیدای سات‌و سەودای ئابوری‌و بازرگانی کردوە. دە ئێوەش بزانن کە قاسملو لە ڕێباز دا هەر زیندوە.

ئەی نەیارانی گەل و وڵاتم

ئەیدوژمنانی نیشتمان و خاکم

ئەی دڵرەشانی حاکمی قوم و تاران

ئەی گورگە کەڵپ خوێناویەکانی جەماران!

لاتان وابوو بە تیرۆر کردنی ڕێبەرانمان، بە شەهید کردنی سەروەرانمان، هێزو توانامان لێ دەستێنن؟

لاتان وابوو دەتوانن لە ریشەوە دەرمان بێنن؟

ئای چەندە سەهوون، چەندە نەزانن!

مەگەر هەستی شۆرشگێری‌و ماف ویستی دوای شێخ سەعیدو شێخ مەحمودو سەید ڕەزاو سمایل ئاغای شکاک، کپ‌و بێ دەنگ بوو؟

مەگەر دوای لەداردانی پێشەوا

لە مەکۆی ئازادیخوازی،لە چوارچرا

مەگەر هێزی لەبن نەهاتۆوی گەل بڕستی لێ برا؟

ئایی کە مێژوو نەزان‌و نەفامن، ئای کە خوێنرێژو بێ تامن.

تاوانی دەیان جارە دووبارە دەکەنەوە، جینایەتی بە ئاکام نەگەیشتوو تازە دەکەنەوە.

ئەی شەمشەمەکوێرەکان!

کام ستەم کار، کام خوێن رێژ،

کام دیکتاتۆری نێو حەرەم سەرا یا سەر بەرماڵی نوێژ

توانیویەتی تاسەر لە کەللە سەراندا شەرابی دەستەڵاتداری هەلقورێنێ؟
یا چۆنی پێی خۆش بێ ئاوها بنەڕێنێ؟
ئەهای دەسەڵاتدارانی تاران! بۆ نابینن؟ خۆ هەر دوێنێ بوو لە دراوسێی رۆژهەڵاتتان فڕکە فڕکی ، فرێ دانی ڕیش و مێزەر بوو، خۆ هەر دوێنێ بوو لە دراوسێی رۆژئاواشتان، کە خاوەنی کۆشکی زێر بوو،
دیکتاتۆر، کونەمشکی لێ بە قەیسەر بوو.
دە ئێوەش بزانن کە ئەمڕۆ یا سبەی، درەنگ یا زوو،
هەستی شۆڕشگێرانەی گڕ گرتوو،
فڕێتان دەداتە نێو زبڵدانی مێژوو.
هۆ شەهیدە سوور خەڵاتەکەی پیرلاشێز!
هۆ مامۆستاو سەرکردەی بیرو هێز!
چەند نەفام بوون ئەوانەی وایان زانی دەتوانن بە گوللە تۆ بکوژن،
چەند نەفام بوون، وایان زانی تۆو ڕێبازت پێکەوە دەنێژن.
چەند نەفامن، چەندە گێژن!
ئەوان نەفام بوون، نازانن و نەیانزانی تۆ پاش مەرگیش هەر سەرکردەو ڕێبەری،
تۆ هەر بیلبیلەی چاو و تاجی سەری.
ئاخر تۆ سیاسەتوانو دیپلۆماتکارێکی لێزان بووی، ئاشنا بە مووسیقیو شێعرو زمان بووی.
تۆ هاندەری بەگوڕی ڕێگەی سەختی خەبات بووی، بووژێنەرەوەی ڕێکخراوی دێموکرات بووی.
هۆ سەرکردە! هۆ ڕێبەرە شەهیدەکەی دێموکرات!
هەرتۆ بووی ئەتوت وتووێژیش شێوەیەکە لە خەبات.
داهێنەری" ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە" تۆ بووی، ئەوەی دەیوت باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگەکەیانە تۆ بووی. ئەوەی دەیگووت گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادی یەش بدات، تۆ بووی.
بۆیە منیش پر بەدەم هاوار دەکەم و دەڵێم، هۆ ورمێو سنە! هۆ ئیلامو کرماشان!
هۆسەرجەم شارەکانی تری کوردستان!
هۆ دۆڵی دێموکرات
هۆ قەندیلی مەکۆی خەبات
هۆ گەلاڵەی دڵ پر لە گڕ
هۆ کۆیەی خۆ ڕاگر!
هۆ وردو درشت، کیژو کوڕی وڵات
هاوسەنگەرانی بیری دێموکرات

هۆ ڤییەننی تا هەنووکە بۆ ئێمە خوێنتاڵ
هۆ پیرلاشێز، گۆڕستانە بەناوبانگەکەی کۆنەساڵ!
هۆ دییاری دیار، هۆ ونیی ون
هۆ لوتکەی بەرز، هۆ بەحری بێ بن!
هەموتان بزانن کە قاسملوو لە ڕێبازدا ،
لە سیاسەت و بیری دێموکرات دا
هەر دەمێنێ و جاویدانەیە
لە شێعر وسروود و گۆرانی دا هەر دەمێنێ و، فەرزانەیە.
بەرز و بەڕێز بێ سیهەمین ساڵیادی شەهید بوونی
دوکتور قاسملوو و هاورێیانی.

ئەم پەخشانە شێعرەم ساڵی ٢٠٠٦ (حەڤدە ساڵ بەر لە ئێستا)نووسیوە و لە خۆپیێشاندانێک کە بە مەبەستی داواکاریی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی دوکتور قاسملوو پیک هاتبوو، لە ئۆسلۆ لە بەرامبەر سەفارەتی ئوتریش خوێندەوە. بە برێک دەستکاریەوە دامنایەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩

# "وڵاتی شەهید بە کاتە خۆڵەمێشییەکانەوە"



**نووسەر: داروەن**

ئێرە وڵاتێکە پەژارە و خەفەت تانوپۆی تەنیوە، لێرە هەرچی رووناکییە دەکوژێنەوە، تەنانەت تیشکی رۆژیش، هەڵدەوەرن. خاکی سووری شۆڕەسوارانی، هێڵی نووری دزراوە. تابلۆی مەرگ بە گشت رەنگانەوە، لە سەردەرانەی هەموو ماڵان هەڵواسراوە، ئەمە ئاخی سەر گوسەلی خوێنە، لە جانتای فیشەک و مەتەرێزدا رەگاژۆی کردووە. هەموو رۆژێ بوومەلەرزەی مەرگ رامدەچڵەکێنێ.

بەرد و دار، بن پچک و دەوەن، تیش و لووتکە، بەفر و باران، بە تێکڕا قەتیسی دڵۆپەبارانی خوێنی ئاسمانی جەستەی کچان و کوڕانی سەوزی ئەم جوغرافیایەن. ئاخ چەندە خەفەتبارم، لە بن هەستی سەوزی دارەبەنێ، کوردستانم شەنوکەو دەکەم، بە کامێرای خەیاڵ فیلمی مێژوو هەڵدەکەمەوە. تەڕاتێنی سریاڵی کارەساتان لە بس تبەبستی ئەم خاکەدا دەتریقێنەوە.

کەی ڕەوایە خەڵکی دنیا دەستەملانی گزینگی خۆر بن، منیش لە ئامێزی شەپۆلی خوێن، خەونی خوێناوی رامتڵەکێنێ؟! ئاخ چ کەشێکی تاسەبارە! هەودای بیرم رایەڵێکی بارتەقای کوردستان رائەنگاتووە، بە قاڵدرمەی ساڵانەوە. ساتەکان لەبەریەک رادەنێم، هەر کارەساتن لە دەمەخۆڵەمێشییەکاندا سوور دەچن! کاروانێک بە هەزاران کۆتەڵەوە بەرەو لووتکە بە تەرمی

شەهیدانەوە، مەودای زەمان ئەنجن ئەنجن دەکات.

بە درێژایی ئەنگێوەی هەردووک چاوم، کارەساتان دەپێکم. ئێرە وڵاتی شەهیدە بە کاتە خۆڵەمێشییەکانەوە. کام شەهید، کاروانێک بە شەفەقی سووری شەهیدانەوە؟ ژمارەکان کولن لە بژاردەی شەهید و چۆڕاوگەی خوێن، لەم نیشتمانە، خەریتەی خاک بە زامی شەهید گۆش دراوە، هەر بستە خاکێ ئاوسی خوێنی شەهیدە و شەهید لە دایک دەبێ، کەچی هەروا بستووی زەمان جێ ناهێڵێ. مێژووی گەلان دەپشکنم، هەرگیز نەمدی وەک کورد تەرمی شەڵاڵی خوێنی خۆی،

بە کۆڵ دادا و بەرەو زنجیرەی کارەساتان هەنگاو بژمێرێ.

کەشی وڵاتی من جۆرێکە کەس لە مەرگ ناپرینگێتەوە، بە درێژایی مێژوو مۆتەی مەرگ لێرە دەستەمۆیە! لە سەر شانۆی ژین، لەگەڵ فریشتەی مەرگ، ئەم خەڵکە سەما دەکەن بەڵام ئاخۆ لە هەندەرانیش بێ پەسیوم. لە بەهەشتی خەڵکانی خوداپێداو، لە ئامێزی سەوزی ئوروپا، لە پاڵ دەنگی مافی مرۆڤی غەورگرتوو، سەرکردەی وڵاتی خوێن، دۆسیەی مەرگ بە قەڵەمی ئەنگوستی شەڵاڵی خوێن واژۆ دەکات. ئاخ گەردوون! پلانت چەندە بەژانن، لە هەمبەر پەیامهێنی کوێستانی وڵاتی من؟! دەک داری سۆزی خەزان تێکەوتووت هەڵوەرێ، چۆن بە گوللە پێشوازی میوانی ماندووی هەڵوەدای کوردستان دەکەن؟ ئەی چۆن ئێژن! ئێرە وڵاتی دێموکراسی و داڵدەی لێقەوماوان و بەشخوراوانە؟ ئەدی بۆ سەفیری سۆزی خاکی خەزانبڕی من، جەستەی ئاژن ئاژن دەکرێ بە بەرچاوی سەوزی قەوانەی جاڕنامە مافی مرۆڤەوە؟ لەم کاتەوە یەک بەیەک مانای وشەکانی هەڵچۆڕا، دەرووی بێ مانایی لە خەونەکانی مندا گەرۆمەی کرد. دالەکان لە بیابانی مەدلوولدا سڕبوون. هەموو دنیا بۆ قەڵافەتی من سوار و گورگن، چاویان دەبریسکێتەوە.

ئاخ ئێرە وڵاتی شەهیدە بە کاتە خۆڵەمێشییەکانەوە. دڵم پڕ لە ناسۆرە، شەڵاڵی ئارەقم ئەو شنەبایەی بە ناو بسکی سەوزی دارەبەنێ ئازاری رادەژاندم. هەستی باڵگرتنی پێدەدام. دەستی دەگرتم، هەتا هەڵکشانی لووتکە و ئاسمان! کەچی ئێستا لە بێدەنگی بە سامدا دەتلێمەوە.

بیرم لە بوخچەی جامانەیەک و شۆڕەسوارانی راسانی دەرووی خەبات، لە گێژەنی خەفەتێکدا، کوێستان بە کوێستان بە دوای تریفەی مانگی ئاوابوودا دەگەڕێ، کە پەنجەی مەسیحایی لە گەردەنەی وڵاتێ تەرە بووە. ئاخۆ لەم ئاخە

تاسەبارەدا بە دەم چ زامێکەوە بکرۆزێمەوە؟ نە سێبەری گابەردێک، نە بن پچکی دارێک، بۆ سانەوە داڵدەم دەدا، جیهانی من بەژاراوی مەرگ پرژێندراوە، ئەم گەردەلوولە دەرەتانی لێبڕیوم. روو لەهەرلایەک دەکەم دێوی مەرگ لە

بەرپێمدا شین دەبێتەوە.


ئەوەتا پێتەختی وڵاتانی دنیا شەرمەزاری جەستەی هەڵکەوتەی کوردن. ئەم خوێنەی شەقامی ویەنی داپۆشی گرکانێکە دورگەی مافی مرۆی داپلۆسیوە. کوردستان و ویەن و پیرلاشێز، سێ کوچکەی ئازاری شلپ و هۆڕی شلەژانی دەریایەکی مەندن، وانەی مێژووی غەدری رەشی دێموکراسی دەڵێنەوە. واژۆی زامی جەستەی شەهیدێکن، بە تامی خوێن و تیشکی خۆرەتاو و بزەی باران.

هۆ.. سەرکردەی وڵاتی جامانە بە ئاسوودەیی سەر بخە خاکی هەندەران ئەی پێشمەرگەی

شەهید، ئەی دوکتوری کورد!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

# یادی شەهیدی نەمر "فازیل ڕەسوڵ"



**جیهاد محەمەد**

کاکە فازیل هاوڕێ و خزم و کەسی خۆشەویستم، زۆر سەختە من زیندوو بم و یادی تۆی گیان بەختکردوو بکەمەوە، تۆی گیانبەختکردوو کوانوویەکی هێندە گەرمت لە ناو دڵمدا چێ کردووە هەرگیز ناکوژێتەوە. چ قەدرێکە، گیانی تۆ گوللە دایبێژێت، دڵی منیش سوچەڕی خەم. کێ بوون ئەوانەی دڵیان هات گوڵی چاوەکانت بپروێنن؟! کێ بوون ئەوانەی دڵیان هات هەناری دڵت داتەکێنن؟! کێبوون ئەوانەی توانیان خەندەی سەر لێوت بتۆرێنن؟! کێبوون ئەوانەی سەرووی باڵاتیان لارکردەوە و کانی ڕۆحتیان وشک کرد؟! ئاخر خۆ دڕندەش شەرمی لە ئاغری و مرۆڤدۆستیی و ژینگەدۆستیی و سروشتدۆستیی تۆ دەکرد، بەڵام دیارە ئەوانە لە دڕندەش دڕندەتر بوون. بکوژەکانی تۆ حەلاجکوژەکان و ئارامکوژەکان و فەرهاد فەرەجکوژەکان و عەبدولخالق مەعروفکوژەکان بوون، بکوژی دەیان ئینساندۆستی وەک تۆ و فەرج فۆدە بوون. بکوژەکانی ئێوە(تۆ و قاسملوو عەبدوڵڵای قادری) سیکتاریزمە بیرتەسکەکان بوون، کە هەرگیز ئاشتی و پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنیان نەویستوە و نایانەوێت. ئەزانم لە هەموو لایەکەوە فێڵیان لێ کردیت، دەنا تۆ زۆر لەوە وردتر بوویت بکەویتە داوی گەلەگورگێکی خوێنخۆرەوە. لە یادی ئەو زوڵمەی لە تۆ کرا دەستم قەڵەم ناگرێت و بە زۆر هێز دەدەمە بەرخۆم شتێکی کورت بنووسم، ئاخر قەڵەم هەرچی بنووسێت با سەوزەڵانێک و گوڵستانێک و نێرگسجارێکیش بخولقێنێ لە یادی تۆی جوانەمەرگدا و پێشکەشتیکا، کەچی هەر ناچارە، ملکەچانە سەر دانەوێنێت لە بەرامبەر ڕێز و خۆشەویستی و بیری فراوانی تۆدا،

بۆیە بە لارەملیەوە ئەم چەند دێڕە دەنووسم و پێت دەڵێم تۆ هەمیشە زیندوویت لەلام. ئێستاش وا دەزانم ئەو ساتەیە هەواڵی مەرگتم پێگەیشت و ئەم هەواڵە دڵتەزێنە هەر گەرمە لام و سارد نابێتەوە.

## فازیل ڕەسوڵ کێ بوو؟

فازیل مەلا مەحموود حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە، کە لە ١٣ی حەوتی ١٩٨٩دا لە ڤیێننای پایتەختی نەمسا لەگەڵ هەردوو گیانبەختکردوو قاسم لۆ و عەبدوڵڵای قادریدا لە سەر مێزی دانوستاندن تیرۆر کران.

فازیل ڕەسوڵ، ئەو کەسە بوو، کە خەمی میللەتێکی لە کۆڵ گرتبوو، هەرچ کەسێک فازیلی بۆ جارێک بینیبێت و ناسیبێت، زانیوێتی ئەم گەنجە چەند وردبین و زیرەک و بلیمەتە، سەری سوڕماوە لەوەی چۆن ئەو دڵە بچکۆلەیەی جێگەی ئەو هەموو خەم و پەژارەیەی میللەتێکی تیا دەبێتەوە، ئەی چۆن توانیوێتی دڵی بکات بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆ هەڵگرتنی ئەو هەموو خەم و پەژارەیەی میللەتەکەی و بەشێکیشی بۆ ئەو هەموو هیوا و ئاوات و خۆشەویستی و گەشبینییەی نەک هەر بۆ میللەتەکەی خۆی بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی و بە تایبەتی چارەسەری کێشەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوین.

## کەسایەتی فازیل ڕەسوڵ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە

فازیل ڕەسوڵ، هەر لەسەرتای لاوێتیەوە، کەسێکی وردبین بووە، کەسێک بووە، توانیوێتی دڵی هەموو خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی بە جۆرێک ڕابکێشێت بە لای خۆیدا، کە کەس دڵی نەهاتووە بۆ ساتێکیش لێی زویر بێت. لە ناو خێزانەکەی خۆیدا کەسانێکی بە تەمەنتر و بە ئەزموونتر و خوێنەوارتر و خاوەن بڕوانامەی گەورە هەبوون وەک براکانی و ئامۆزاکانی، کەچی حسابی فازیل وا کراوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم گەنجە خوێنگەرمە بلیمەتە باش جێگەی خۆی دەکاتەوە لە ناو میللەت و کۆمەڵگاکەی خۆیدا، بۆیە حسابی تایبەتی بۆ کراوە، هەتا توانیبێتیان دەستیان گرتوە و وەک قوتابیەکی بلیمەتی خۆیان تەماشایان کردووە و پشتیوانییان کردووە و دڵسۆزانە دەست لە ملانی بوون، ئەمیش بە دڵی فراوانەوە گەورەکانی خۆی قبووڵکردووە و خۆی بە فێرخوازی هەمیشەییان زانیەوە.

لە ناو هەموو ئەو کۆڕ و کۆمەڵ و ئۆرگانە سیاسیانەشی کە کاری کردووە، چ چەپ و چ ڕاست هەمان حسابی بۆ کراوە و هەمان چاوەڕوانی لێکراوە.

مێشک و دڵی فازیل بە هیچ جۆرێک جێگەی تۆڵەسەندەوە و ڕق و کینەی تیا نەدەبووەوە، کەسێک بوو هەتا بڵێی دژی توونددووتیژی و خوێنڕشتن بوو، ئەم گەنجە جوانە خەندە بەلێوە ڕووخۆشە هەمیشە دەشنایەوە بۆ هەرچ کەسێکی بەرامبەری. فازیل شنەی شەماڵ و بای وەشتی خۆشەویستی بوو بۆ هەموو کەس بێ جیاوازی. میهرەبانی و نەرمونیانیەکەی لە میهر و نەرمونیانی دایک دەچوو بۆ ڕۆڵەکەی.

ویژدانم ئاسوودە نابێت، ئەگەر دان بەو ڕاستیەدا نەنێم، کە ئەم کوڕە گەنجە زیرەکە، وەک پەپولە وا بوو، لە ژیانیدا ئازاری هیچ کەسێکی نەدابوو، دژی هەموو توونددووتیژیەک بوو، دژی هەموو کوشتن و بڕین و خوێنڕشتنێک بوو، کەسێکی تا بڵێی دڵپاک و بە ئەمەک و هاوڕێدۆست و خزمدۆست و ناسک بوو، کەسێکی سادە و ساکار و خاکی بوو، ئەوەی لە گیرفانیدا بوایە حەزی دەکرد لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا بەشی بکات و پێکەوە خەرجی بکەن، هەتا بڵێی دوور بوو لە خۆپەرستیەوە.

ئەم کوڕە گەنجە خوێنگەرمە، هەمیشە بیر و ئەندێشە ئینسانیەکەی لە گەشەکردندا بوو، هەمیشە سادە و سادەتر و خاکیتر دەبووەوە. ئەگەر کەسێک هەبێت ئێستا گلەییەکی لەم شەهیدە هەبێت، من دڵنیام ئەگەر فازیل لە ژیاندا بوایە، ئێستا نزیکترین کەس و هاوڕێ و دۆست و خزمی ئەو کەسانە بوو.

## فازیل ڕەسوڵ وەک ڕۆشنبیر و سیاسی

فازیل بیرمەندێک بوو لەو بیرمەندانەی کە وا بیری دەکردەوە، دەتوانێت و دەتوانرێت، هەموو سەنگەرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە لەم پەڕی چەپەوە تا ئەو پەڕی ڕاست، لەم پەڕی لیبراڵەوە تا ئەو پەڕی ئایدۆلۆژیە بیرتەسک و سیکتاریزمەکان کۆبکاتەوە و لە یەکتریان نزیکبخاتەوە.

فازیل، لەوە تێگەیشتبوو، کە ئەم دنیای پڕ لە کوشتن و بڕین و خوێنڕشتنە، بە شۆڕشی چەکداری و بەکارهێنانی

هەمان چەکی دەستی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا نەک هەر چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئەوە درێژەپێدەری هەمان بەشمەینەتیە بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات و گەلی کوردی ستەمدیدەی زوڵملێکراو لە مێژوودا.
هەمیشە زیاتر گوێگربوو لەوەی کە قسە بکات. فازیل هەمیشە فێر دەبوو، لە خۆفێرکردن بۆ ساتێکیش ڕانەدەوستا. فازیل هەمیشە فێرخوازێکی زیرەک بوو، زۆر بە وردی گوێی دەگرت و ڕەخنە و تێبینی خۆی زۆر بە ئەدەبەوە پێشکەش دەکرد. فازیل وا گوێی شل دەکرد بۆ بیر و بیرکردنەوە جیاوازەکان، کە وا دەزانرا بە تەواوەتی بڕوای گۆڕدراوە، تەنانەت لە ڕەفتاریشیدا بە هەمان شێوە ڕێزی لە هەموو بیر و بیرکردنەوە جیاوازەکان دەگرت.

فازیل خۆشەویستی هەموو مرۆڤدۆست و یەکسانخواز و دادپەروەرخواز و دیموکراتخوازەکان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا چونکە ئەوەندە بە هەڵپە بوو، بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک کە مرۆڤی کورد و دواتر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوین سەریان بە لەشیانەوە بنووسێت و ئۆخەیەک بکەن لە ژیاندا، چونکە زۆر ورد بیری دەکردەوە لە پیلانە گڵاوەکانی زلهێزەکانی دنیای سەرمایەداری، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەم کارەکتەرە سیاسییە لای حکومەتە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە بە ئیسرائیلیشەوە کە بە دەوڵەتێکی دیموکرات دادەنرێت خۆشەویست نەبوو. دەتوانم بڵێم بەشێک لە تیرۆکردنی و بە ناحەق خوێنڕشتنیشی هەر ئەم هۆکارە بوو.

فازیل ڕەسوڵ، لە سەرەتای مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگەی دوای نسکۆی بزووتنەوەی گەلی کورد(شۆرشی ئەیلول)، ئەوەندە بە نهێنی گەڕایەوە کوردستان، تا ماوەی چەند مانگێک نەیهێشت هیچ کەس لە خوشک و براکانیشی بزانن کە لە کوردستانە. کاتێکیش خۆی و دەستەیەک پێشمەرگەی چەکدار چوونە قەرەداخ و گەیشتەوە بە شەهید ئارامی هاوڕێی، عەقید خەڵەفی مدیری ئەمنی سلێمانی کە ئەمەی زانیبوو، وتبووی بە دەست ئارامەوە داماوین نۆرەی فازیلە.

فازیل ڕەسوڵ، لەگەڵ فەلەستینەکان زۆر دۆست بوو، هەمیشەش ڕای وا بوو، کە فەلەستینەکان دەبێت ئەو واقیعە تاڵەی بەسەریاندا سەپێنراوە، دەست و پەنجە نەرمکەن لەگەڵیدا، ڕای وا بوو کە بچوکترین دەرفەتی ئاشتی و ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕەت نەکەنەوە. ڕای وا بوو کە درێژەی شەڕی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان زیاتر بەشمەینەتی دێنێتە ئاراوە بۆ هەموو ناوچەکە. ڕای وا بوو کە چۆن گەشەی ڕووەکێک لە کۆرپەییەوە تا دێتە بەر بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، هەموو ئەو ناحەقیانەی لە گەل و نەتەوە و چینێکیش دەکرێت ناتوانرێت بە

یەک گوژم و بە یەک جار بنەبڕ بکرێت، بۆی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ژیانێکی بەختەوەر و یەکسان و دادەروەردا بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت. فازیل لای وا بوو کە هەموو ڕێگەکان تاقیکراونەتەوە، تەنها یەک ڕێگە ماوە ئەویش پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژیان و قبووڵکردنی دۆستایەتیە ئەگەر هەموو مافەکانیش تیا بە دەی نەیەت.

ئەم پیاوە وا بیری دەکردەوە، کە لە ژیانێکی ئارامدا، لە خۆشگوزەرانیدا، لە دوورخستنەوەی ئاگری شەڕ و تۆقاندندا، مرۆڤەکان باشتر بیردەکەنەوە، عەقڵانیەت و شارستانیەت پێویستی بە کەش و هاوای سیاسیی ئارام هەیە.

## گەڕانەوەی فازیل بە قاچاخ بۆ کوردستان

فازیل، کە گەڕابووە کوردستان بە نهێنی پەیوەندی کردبوو بە چەنک کەسایەتیەکی سیاسی و ئەدەبیەوە، لاوانە هەندێک لە هاوڕێکانی خۆی، بۆ هەرکەسێک نامەی نووسیبوو، نەیوتبوو گەڕاومەتەوە، وتبووی نیازم وایە لەم نزیکانەدا بە قاچاخ بگەڕێمەوە کوردستان، بۆ ئەوەی دەمودوویان تاقی بکاتەوە. ئەوەی من ئاگادار بم هەندێک لەو کەسانەی کە لە دواجاردا پەیەوەندی پێوە کردبوون، شەهید دڵشاد مەریوانی و کاک شێخ ئەشرەف خزمی نزیکی مام جەلال و کاک ئەنوەری حەمە ڕەشید و کاک ئەحمەد ئابڵاخی و مامۆستا عەبدوڵڵا میدیا و چەند کەسێک لە خێزانەکەی خۆی بوون، هەروەها کاک عەبدولڕحمانی حاجی سدیق(گۆران) و کاک زاهیر باهیر بوون وەک نوێنەری گروپێکی سیاسیی ئەو سەردەمە، لە هەولێریش بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵلا پەشێو و سامی شۆرش بوون، لە بەغداد یەک دوو کەسێکی تر بوو، کە ئەو سەردەمە ماڵیان لە بەغدا بوو.

هەر بۆ خستنەڕووی ڕاستیەکان، فازیل لەگەڵ ئەوەی زۆر بە قەناعەتەوە بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری گەڕایەوە کوردستان، بەڵام لە دواجاردا پەشیمان بوو، چونکە لای وا بوو، کە مەرج نییە تەنها ڕێگەی خەبات دژی بەعسیە فاشیەکان شۆڕشی چەکداری بێت، وا بیری دەکردەوە کە خەباتی سیاسی و مەدەنی باشترین ڕێگەیە، ئەم گۆرانە لە فکریدا هۆکارێکی سەرکەی بوو کە لەگەڵ چەند بیرمەند و ڕۆشنبیرێکی عەرەبیدا گۆڤاری (منبر الحوار) دامەزرێنن، لەوانە ئەحمەد بن بللا. ئەم گۆڤارە و نووسینەکانی زیاتر فازلیان لە ناو ڕۆشنبیرانی عەرەبی و

فەلەستینیەکاندا ناساند، زیاتریش بیرکردنەوە وردەکانی دەرکەوتن، کە چۆن پیلانە گڵاوەکانی زلهێزەکانی دنیا هەڵدەتەکێنێت و چۆن لەسەریان دەنووسێت، هەر ئەمەش بوو کە ڕقی گەورەی لە دڵی حکومەت و دەوڵەتانی ناوچەکەدا دروستکرد بەرامبەری.

ئەوانەشی کە دەڵێن، فازیل لە بیرمەند و کەسێکی چەپەوە گۆڕاوە بۆ بیرمەندێکی ئیسلامیی، بە هەڵەدا چوون و لە بیری فراوانی فازیل و بیرکردنەوە فراوانەکەی تێنەگەیشتوون. بە بڕوای من ئەم کورە گەنجە هێندە بە فراوانی بیری دەکردەوە لەوەی کە بۆ قۆناغیک کە ڕەنگە ئەم قۆناغە درێژە بکێشێت، پێویستە هەموو بەرەی چەپ و ڕاست و لیبراڵ و ئیسلامیی لە سەنگەرێکدا بوەستن دژی پیلانە گڵاوەکانی زلهێزەکانی دنیا، کە هیچ خێر و خۆشیەکیان بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ناوێت، بەڵکو هەمیشە پیلانی ئەوە دادەڕێژن کە شەڕ و پێکدادان و ئاژاوە هەبێت لە ناوچەکەدا، وا بیری دەکردەوە، شەڕ و پێکدادانی نێوان لایەن و ئایدیۆلۆجیەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەبێت بوەستێنرێت، بۆ ئەوەی عەقڵانیانە بیربکەنەوە و تێبگەن لەوەی کە هۆکاری سەرەکی دواکەوتووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە کوێوە سەریهەڵداوە و گەلی کورد بۆ ناگات بە سەربەخۆیی و ئازادی.


وەک سەدان و هەزاران کەسی تر لەم هۆکار و فاکتەرانە تێگەیشتبوو، ئەوەی لا ڕوون بوو، کە گرنگە ئایدۆلۆجیە دژەکانیش لەم مەسەلەیە تێبگەن، دەنا بە نوخبەیەک بیرمەند و ڕۆشنبیر هیچ شتێک ناکرێت. واش بیری دەکردەوە، کە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا، پیلانی دەوڵەتە زلهێزە چاوچنۆکەکانی دنیایە، بۆ ئەوەی هەمیشە مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کورد ئامڕازێک بێت بە دەستیانەوە و بەکاری بهێنن، هەروەها هەمان بیرکردنەوەشی هەبوو دەربارەی شەڕی فەلستینیەکان و ئیسرائیل، لای وابوو ئەو شەڕ و پێکدادانانە تەنها بەرژەوەندی کۆمپانیا سەرمایەدارەکانی دنیایی تیایە و هیچ کام لە ئیسرائیل و خودی دەوڵەتانی عەرەبیش نایانەوێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

یەکێک لەو کەسانەی بۆ چەند جارێک فازیل ڕەسوڵی بینیەوە لە سلێمانی و قەرەداخ، کاک زاهیر باهیر بووە، کاک زاهیر دەڵێت، "لە وەسەتی سیاسیدا کەم کەسم بینوە هێندەی فازیل گوێگر بوو بێت". لە ڕاستیدا وا بوو، لە گفتوگۆکردندا کەم قسەی دەکرد و بە وردی گوێی لە بەرامبەرەکەی دەگرت، هەڵبەت ئەمەش خەسڵەتی کەسە زیرەکەکانە، خەسڵەتی ئەوانەی کە دەیانەوێت زیاتر فێربن و لە هەمان کاتدا ڕێزگرتنیشە لە بەرامبەر،

خەسڵەتی ئەو سیاسیانەیە کە نایانەوێت خۆیان بسەپێنن بەسەر کەسدا، خەسڵەتی ئەو ڕۆشنبیرانەیە کە بەردەوام خۆیان بە فێرخواز دەزانن و دەیانەوێت فێربن، خەسڵەتی ئەو بیرفراوانانەیە کە خۆیان و حیزبی خۆیان و ئایدۆلۆجیەتی خۆیان وا نابینن کە هەموو ڕاستیەکانیان لایە، تا بیرکردنەویان نەبێت بە بیرکردنەوەیەکی فاشیانە.

فازیل ڕەسوڵ، لەو سەردەمە کورتەی پێشمەرگایەتیەکەیدا، لە سەرەتای دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا، جگە لەوەی زۆر نزیک بوو لە شەهید ئارامەوە، گەلێک هاوڕێ و دۆست و خزمیشی بەسەر کردبووەوە، گەلێک کەس بووبوون بە هاوڕێ و دۆستی. وەک خۆی بۆی گێڕامەوە، هەندێک لەو کەسانە وەک کوێخا ساڵحی گوڕباز، چەند ئەم ویستویەتی بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام پێی وتبوو ئەگەر من عەقڵم بێت تۆ لە خێڵی حاجی مەلاڕەسوڵی دێلێژەیت و خزمی شێخ ڕەفیقیت. بوو بوو بە هاوڕێی شەهید ئاشتی(بەکر چاو شین) و کاکە یوسفی جوانە مەرگ، هەروەها بووبوو بە هاوڕێ و دۆستی نزیکی شەهید تاهیری حەمەی موردا. بە نهێنیش سەردانی خزمانی دێلێژەی کردبوو بۆ چەند جارێک.

جارێکی تر سڵاو لە گیان و مەزاری پاکت شەهیدە سەربەرزەکە.



شەهید ئارام و فازیل مەلا رەسوڵ

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

# بەیننامە و ڕاگەیاندروەکان:

## ڕاگەیاندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی سی ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو




**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**

**ئەویندارانی ڕێگا و ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو!**

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ٣٠ ساڵ بەسەر تێرۆری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهید دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتی ئوتریشدا تێدەپەڕێ. هەرچەند دوای تێپەڕینی سێ دەیە بەسەر ئەم کردەوە تێرۆریستییەدا پەروەندەی ئەم جینایەتە هەروا بە داخراوی ماوەتەوە، بەڵام ئەم پەروەندەیە لە ویژدانی هەموو تاکێکی هوشیاری کورددا بۆ هەمیشە بە کراوەیی دەمێنێتەوە و کۆماری ئیسلامی ئێران وەک ڕێژیمێکی تێروریست، ڕیسوا و مەحکوومە.

ڕاستە شەهید دوکتور قاسملوو ڕێبەری فکری و سکرتێری حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام کەسایەتیی دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و پانتایی بیر و ئەندێشەکانی، ئەویان لە سەر ئاستی نیشتمانەکەیدا کردۆتە کەسایەتییەکی بەرزی کوردستانی کە هەموو کەس و لایەنێکی دێموکرات و پێشکەتنخواز بە موڵکی خۆی دەزانێ. بۆیە جێی خۆیەتی لە سی ساڵەی تێرۆری ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووەی کورد و کوردستاندا، هەموومان پێکەوە، بە هەر شکڵ و شێوەیەک کە پێمان دەکرێ و بۆمان دەگونجێ، یادی بکەینەوە و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکووم بکەین.

### ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

ئێوە کە دوای شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەمان، شەهید دوکتور قاسملوو بە هەموو هەوڵ و فیداکارییەکی خۆتان، درێژەدەری بیر و ئەندێشەکانی شەهید قاسملوو و هەموو شەهیدان بوون و هەن ، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەبێ‌گوێدان بە هەڕەشە و گوڕەشەکانی کوماری ئیسلامی، لە شارو ناوچەکانی کوردستان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی جۆراوجۆر یاد و ناوی دوکتور قاسملووتان بەرز ڕاگرتووە، لە سی ساڵەی ئەم یادەدا ئەرکی زیاترتان دەکەوێتە سەر شان.

بۆیە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای ڕێزو پێزانین بۆ تێکۆشان و ماندووبوونتان، بە دەسنیشانکردنی کۆمەڵێک بەرنامە و ڕێکاری تایبەت، داوا لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دەکات کە پێکەوە و یەکگرتووانە و بە شکۆیەکی بەرزتر لە ساڵانی ڕابردوو یادی شەهید دوکتور قاسملوو بەرز ڕابگرن.

### کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی سی ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملووەوە داوا دەکات:

١- بە هەر شێوەیەک دەگونجێ لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی پووشپەڕدا بە بەکارهێنانی ڕەنگی شین، یادی شەهید دوکتور قاسملوو بەرز ڕابگیردرێ و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، مەحکووم بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە؛ لە

شوێنە گشتییەکاندا ئاڵا و نەوارێکی شین هەڵبواسرێ، لە پۆشینی جل و بەگدا هەوڵ بدرێ لە ڕەنگی شین کەڵک وەربگیردرێ.

٢- شەوانی ٢١ و ٢٢ی پووشپەڕ بە هەڵکردنی مۆمێک و بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی تایبەت، نیشان بدەین کە د. قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە.

٣- دروشمەکانی تایبەت بە یادی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، بە ڕەنگی شین بنووسرێنەوە.

٤- بە بەکارهێنانی عەلامەتی زەربدەر (X) و نووسینی دروشمی "نا بۆ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی"، تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکرێ.

سڵاو لە یاد و ناوی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادریئازەر

ریسوایی بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٩ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٩

# ڕاگەیاندنی ناوەندی هاوکاریی بەبۆنەی سی ساڵەی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملووەوە

سی ساڵ پێش ئێستا، ڕێکەوتی (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات یەکێک لە دیارترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو، لەگەڵ عبدالله قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، تیرۆر کران.

دوکتور قاسملوو لە سەر ئەساسی باوەڕمەندبوون بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد، وتوێژی لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی بە شێوازێک لە شێوازە ڕەواکانی خەباتی کورد و وەک پڕنسیپێکی دیموکراتیک سەیر دەکرد.

عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک کەسێکی بەرپرسیار بەرانبەر بە چارەنووسی میللەتەکەی، هەمیشە وەک ڕێبەرێکی پڕاگماتیک، لە چوارچێوەی پێکەوە سازان و دیالۆگ هەنگاوی دەنا، بەڵام بەداخەوە لە سەر مێزی وتوێژ وڵامی پەیڤە ئینسانیەکانی بە گوللە درانەوە..

ڕاستە کە نەیارانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان توانییان ئەم ڕێبەرە و ڕێبەرانێ دیکەی بزووتنەوەی کورد بە جەستە لەنێو بەرن و حەزفیان بکەن، بەڵام ئێستاش پاش سی ساڵ بە سەر تیرۆری ڤییەن

دا، بزووتنەوەی کوردستان لە سەر تێکۆشان بە مەبەستی مافە ڕەواکانی خۆی هەروا بەردەوام و لەسەر پێیە. ئێستاش سەرەڕای ئەوەیکە دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران هەمیشە هەوڵی داوە پرسی کورد لە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە بخوێنێتەوە و بۆ حاشالێکردن و سڕینەوەی بەردەوام ڕێگای توندوتیژ و ئەمنیەتی دەگرێتە بەر، بەڵام حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وێڕای بەرەنگارییەکی ڕەوای فرەچەشن، دیسانیش پێیان وایە لە کۆتاییدا هەموو کێشەکان لە سەر مێزی وتوێژ چارەسەر دەکرێن.

بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران پاش سی ساڵ تێپەڕین بە سەر تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا، قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە. ئەوەی لە هەموو گرینگترە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەوڵی سیستەمی سیاسی لە تاران کە هەمیشە هەوڵی دەدا لە ڕێگای سەرکوت و داپڵۆسینەوە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لاواز و بێدەنگ و جووڵە بکات، ئێستا خەباتێکی بەربەرینی جەماوەی لە شکڵی مەدەنی لە ئارادایە. ئەم خەباتە کە ماهییەتێکی عەداڵەتخوازی و نەتەوەیی هەیە، بە شێوازێکی هێمنانە خەریکە بە تەواوەتی ڕیشە دادەکوتێ و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بەربەرینتر دەبێتەوە. ماهییەت و ئامانجی ئەم خەباتە جەماوەرییە کە هەمان شوناسخوازی نەتەوەیی و گەڕان بەدوای ڕێگاچارەی دێموکراتیک یە کسانی خوازانەیە، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە سیاسەت و تێڕوانین و تێکۆشانی حیزبەکان، کاریگەری و شوێنەواری قوڵیان لە سەر ئەم کۆمەڵگەیە داناوە.

بەداخەوە تا ئێستاش ئەو دەسەڵاتەی کە پیلانی تێرۆری دوکتور قاسملووو ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانیان داڕشت و بەڕێوەیان برد، هەر بە تێڕوانینی ئەمنیەتییەوە سەیری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و داواکاریی حیزبەکان دەکات. بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کە باوەڕێکی قووڵی بە چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە هەیە، بەداخەوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستان، تێرۆری ڕێبەرانی کورد، سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، لە پاشکەوتوویدا ڕاگرتنی کوردستان، هێرشی مووشەکی و بوردمانی بنکە و بارەگای حیزبەکان وئیعدام و لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانی سیاسەتی نکۆڵی و حاشاکردن لە پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێران وڵام دراوەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لە ئێستادا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەی لە سەر پرسی ناوکی و ڕێکەتنی "بەرجام" لە رووبەرووبوونەوە و گوشارخستنەسەر ئەم رێژیمە دایە، ئێمە وەک حیزب و لایەنەکانی کوردستان وێرای ئەوەی ڕاشکاوانە ڕامانگەیاندوە کە ئەم گوشارانە بۆ سەر رێژیم بە باش دەزانین، هاوکاتیش وتوومانە کە کێشەی ئێمە لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران لە سەر ماف و داخوازییەکانمان بۆ دەیان ساڵ پێش ئەو گرژی و ئاڵۆزیانەی نێوان ئێران و ئامریکا دەگەڕێتەوە. تەوەری سەرەکیی کێشەی ئێمە لە گەڵ تاران داخوازییە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی خۆمانە کە لە جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا وەک "سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ" دانی پێدا نراوە.

لە داهاتووی وڵاتی ئێراندا چاوپۆشیکردن لەداواکارییەکانی بزووتنەوەی کوردو ویستە ئینسانی و نەتەوەییەکانمان - وەک تا ئێستا سەلمێندراوە - نە تەنیا زیان بە پرۆسەی دیموکراسیزاسیۆنی ئەم وڵاتە دەگەیەنێ، بەڵکوو بەتەواوەتی لە قازانجی سەقامگیری و بەرەپێشچوونی ئێراندا نیە. درێژەکێشانی ئەقڵییەتی تەواویەتخوازیی دەسەڵاتدارانی تاران، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ داهاتووی ئەم وڵاتە بەرەو کۆمەڵێک سناریۆی ناڕوون دەبات. بۆیە پێویستە دەسەڵات لەتاران وڵامێکی لۆژیکی بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بداتەوە کە، لە بەرنامە و سیاسەتی لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا فورموولە کراون.

یادی شەهید د.قاسملوو و سەرجەم شەهیدانی خەباتی حەق خوازانەی گەلی کورد بەرزو بەرێز بێ وڕێگاو ڕێبازیان بەردەوام بێت.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٠ی پوشپەڕی ١٣٩٨ - ١١ی جولای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامە بە بۆنەی ٣٠ ساڵەی تیرۆری د.قاسملووی ڕێبەرەوە




**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!**

**هۆگران و دڵسۆزانی باوەڕ و ئامانجەکانی د.قاسملوو!**

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بە سەر تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤییەن کە تێی دا د.عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، هاوڕێ عەبدوڵلا قادری ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و د.فازڵ ڕەسووڵ، بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گیانیان لێ ئەستێندرا، ڕادەبرێ. د.قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵلا قادری ئازەر بۆ چاوپێکەوتن و وتووێژ لە گەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر داخوازەکانی گەلی کورد، چووبوونە ڤییەن، بەڵام هەر بە دەستی ئەوان درانە بەر دەستڕێژ و شەهید کران.

گومانی تێدا نیە کە لەدەستدانی ڕێبەرێکی بە توانا و لیهاتووی وەک د.قاسملوو بەو هەمووە کاریگەرییەی لە سەر حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیبوو، بەو ناوبانگ و ئیعتیبارەی لە ئاستی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ولە نێو ئوپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بە دەستی هێنابوو، هەر وەها بە سەرنجدان بە ناسراوی و نفووزی لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی جیهاندا، بۆ حیزبی دیموکرات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و بزووتنەوەی کورد، زەبرێکی بەژان و خەسارێکی قەرەبوونەکراو بوو. ڕێبەرانی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە لەداوخستنی ئەو ڕێبەرە گەورەیە و ڕاکێشانی بۆ نێو بۆسەی



سەرچاوە
Serchawe

مەرگ بە ناوی پێشوازی لە پەیامی ئاشتیخوازیی ئەو، بە ئامانجێکی گەورە و لە مێژینەی خۆیان گەیشتن. ئەوان کە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتەکەیان دا پلانیان بۆ تیرۆری د.قاسملوو دارشتبوو، توانیان یەکێک لە گرنگترین رێبەرانی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، بەرامبەر زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی وەستایەوە و خەبات و بەربەرەکانییەکی بەرین و سەرسەختانەی لە کوردستان رێبەری کرد، لە نێو بەرن. بە تیرۆری د.قاسملوو، حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بەرەورووی تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی بوونەوە. بڕیاری ئەوان دەبوایە ناکامیی دەسەڵاتدارانی تیرۆریستی تارانی لێ بکەوێتەوە کە ئارەزووی دامرکانەوە و پووکانەوەی خەبات و خۆڕاگری لە کوردستان بە دوای تێرۆری د.قاسملوویاندا دەکرد و، ئاوات و چاوەڕوانیی هۆگران و ئەویندارانی بیروباوەڕی قاسملوو و، دڵسۆزان و پشتیوانانی حیزبی دیموکرات بێنێتە دی کە پووچەڵکردنەوەی خەون و ئاواتەکانی بکوژانی رێبەرەکەیان بوو. مێژوو شایەدە کە درێژەدەرانی رێگا و رێبازی ئەو رێبەرە بە تایبەتی و، دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان بە گشتی، لە ئاستی چاوەڕوانی و ئەرکێکدا بوون کە مێژوو لەم برگە هەستیارەدا خستبوویە سەرشانیان. چونکە بە شێلگیربوونیان لە سەر خەبات و گوڕ و تیندان بە بەربەرەکانی لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران سەلماندیان: ئامانجەکان، باوەڕەکان، رێگا و رێبازی ئەو رێبەرە و حیزبێک و خەباتێک کە د.قاسملوو نوێنەرایەتی و رێبەرایەتیی دەکرد، بە شەهید بوونی ئەو کۆتایی پێ نایە و بەردەوام دەمێنێتەوە.

٣٠ ساڵ بە سەر تێرۆری د.قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و سەرکردە و کەسایەتیی سیاسیی کوردی ناسراو لە ئاستی ناوچە و دنیادا ڕابردووە. لە بیرەوەریی ٣٠ساڵەی ئەو تاوانە شەرماوییەی رێژیمی ئێراندا، کۆمەڵێک پرس و بابەتی گرنگ شایانی ئاوڕلێدانەوە و هەڵوێستە لەسەر کردنن و، لێمان دەخوازن لەم یادە دا وەبیرخۆمان و بەردەنگەکانی دیکەیان بێنینەوە و خۆمانیان لە بەرامبەردا ئەرکدار بکەین:

## یەکەم:

**مانەوەی بە داخراویی کەیسی تیرۆرێکی سیاسی و دەوڵەتی.** بوو بە ٣٠ ساڵ، دەوڵەتی ئوتریش نەک هەر ئەرکی سیاسی و قەزایی و حقووقی و ئەخلاقیی خۆی لە ئاست تیرۆری رێبەر و کەسایەتییەکی سیاسیی گەورەی کورد لە نێو پێتەختەکەی خۆیدا جێبەجێ نەکردوە، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەک هەوڵی داوە ئەو پەروەندەیە بە داخراوی

بمێنێتەوە و نەکەوێتەوە گەڕ. دەوڵەتی ئوتریش لە کاتی ڕوودانی تیرۆرەکە، بکوژەکانی لە بەردەستدا بوون، بەلام لە جیاتی سپاردنیان بە دەزگای لێکۆڵینەوە و زیندان و دادگا، بە ڕێزەوە حەواڵەی تارانی کردنەوە. لەو کاتەوە هیچ کات بۆ وەگەڕکەوتنەوەی ئەم کەیسە و جێبەجێبوونی حوکمی عەدالەت لە بارەیەوە، هاوکار نەبووە و، بۆ ئەوەی ساتوسەودا نهێنییەکانی پشت ئەم کەیسەیان لە گەڵ ڕێژیمی تاران لێ ئاشکرا نەبێ، هەوڵی پووشبەسەرکردنی داوە . ئەوەش لە کاتێک دایە کە لە ماوەی ٣ دەیەی ڕابردوودا چەندین جار تیرۆریستبوونی ئەو ڕێژیمە و بەشداربوونی ڕێبەران و بەرپرسانی هەرە پلەبەرزی لە پلان و کردەوە تیرۆریستییەکاندا لە لایەن دادگا موعتەبەرەکان و دەزگاکانی لێکۆڵینەوە لە ئاستی ئورووپاو ئەمریکادا، بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکراوە سەلمێندراوە، کە بڕیاری مێژوویی دادگای میکۆنووس لە بارەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی یەک لەوانە. ئێمە پێمان وایە لەقاودانی ئەم ڕەفتارەی دەولەتی ئوتریش و، وەرێخستنی گوشارێکی سیاسی، دیپلۆماتیک و مرۆڤدۆستانە بۆ سەر دەزگا پێوەنیدارەکانی ئەو وڵاتە بە مەبەستی کردنەوەی ئەم کەیسە و درکاندنی ڕاستییەکان لە بارەی، پێویستە یەکێک لە ئامانجەکانی کاری هاوبەشی هۆگران و درێژەدەرانی ئامانجەکان و ڕێگای خەباتی د.قاسملوو لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونیدا بێ.

## دووهەم:

**قاسملوو، بووە بە هێمایەکی پرشنگداری نەتەوەیی وخەباتگێڕیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.** ئەو جێگە و پێگەیەی د.قاسملوو و باوەڕەکانی دوای تێپەڕبوونی ٣٠ساڵ بە سەر شەهید بوونیدا، لە نێو نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیانە، لە چەند بارەوە شایانی تێڕامان و لێوردبوونەوەن. لەم ٣٠ سالە دا تا هاتوە ناوی قاسملوو پتر بووە بە هێمای خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان. باوەڕ و ئەندێشەکانی قاسملوو چوونەتە نێو بیرکردنەوە و ڕوانینی نەسلەکانی دوای خۆیشی و، یادی ئەو ڕێبەرە هەر لە بیرەوەریی شەهید بوونی تا بۆنەی لە دایکبوونی، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران بۆ کۆڕی تێکۆشان و خەبات دژی دیکتاتۆری، بندەستی و بێمافی بانگەواز دەکا. لە مێژ سالە قاسملوو بووە بەو هێمایە کە لە لایەکەوە تیرۆریستبوون وبێپەرنسیبیی بەڕێوەبەران و بڕیاردەرانی ڕێژیمی تاران و بەکارهێنانی نیازی ئاشتیخوازانەی بەرامبەرەکەیان بۆ تیرۆر و کوشتن وەبیر دینێتەوە، لە لایەکی دیکەش بووە بە هێمای جوانترین هزرەکان و سەرچاوەیەکی ڕوون بۆ ڕاڤە وشیکردنەوەی چەمکەکانی پێوەندیدار بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی، بەڕێوەبردنی

کۆمەڵ و پێکەوەژیانی گەلان. ئەوە مایەی شانازییە ڕێبەر و کەسایەتییەکی سیاسی و خەباتگێڕ، تا ئەو کاتەی بۆ خۆی لە ژیان و لە چڵەپۆپەی ناوبانگ دابوو و چەقی بڕیار بوو، دژی تاکپەرستی بوو، بەڵام لە دوای نەمانی، بە هۆی گەورەیی و پانتایی بیرکردنەوە و ڕوانینەکانی و، بەخشینی گیانی لە پێناویاندا، بووە بە هێمایەکی گشتی و نەتەوەیی خۆشەویست. ئەم ڕاستییە، دروستیی پەیامەکەی ۳۰ ساڵ لەمەوبەری حیزبەکەی قاسملوو دەسەلمێنێ کە: "نەتەوەیەک ڕێبەرێکی وەک قاسملووی پێگەیاندبێ، ناهومیدی ناناسێ و ڕێگاکەی بەرنادا...".

## سێهەم:

بەردەوامیی عەقڵیەتی تیرۆر و سەرکوت و نینکار لە تاران. ڕێژیمێک کە بەئامانجی وەشاندنی گەورەترین زەبر لە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و مافخوازیی خەڵکی کوردستان، د.قاسملووی تێرۆر کرد، هەتا ئیستاش لە بەڕەسمی ناسین و داننان بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد خۆی بواردوە و لە سەر کوشتن و ئیعدام و سەرکوتی ئازادیخوازانی کوردستان لە نێوخۆ و، کردەوەی تیرۆریستی و دەستدرێژکارانە لە دەرەوەی سنوورەکان دژی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات بەردەوامە. لە گەڵ ئەوەی نە تیرۆری د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی و دەیان و سەدان تیکۆشەری دیکەی حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات و هێرش بۆ سەر بنکەکان و تیکۆشەرانیان، نەئیعدام و کوشتنی سەدان و هەزاران لاوی کورد لەماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، نەبوون بە هۆی دەستهەڵگرتنی گەلی کورد لە داخوازە ڕەواکانیان، ئەم ڕێژیمە لە ڕووبەڕوونەوەی پرسی کورددا، هەر وەک پێشوو پشتی بەسەرکوت وتیرۆر بەستوە. کەمتر لەساڵێک لەمەوبەر، ڕێبەران و بڕیاردەرانی ئەو ڕێژیمە، داوا و بانگەوازی چارەسەری پرسی کورد بە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیخوازانەیان بە مووشەکبارانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دایەوە و تاوانێکی گەورە و پڕشوورەیی دیکەیان خستە سەر کارنامەی ڕەشی خۆیان بەرامبەر گەلی کورد. بەڵام هاوخەمیی سەرانسەریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە لە تویی مانگرتنە گشتییەکەی ۲۱ی خەرمانانداو، لە مەیداندابوونی بەردەوام و پەیتاپەیتایان بۆ بەرگری لەشوناسی خۆیان و داواکردنی مافەکانیان، ناکارامەیی و تێکشکاویی سیاسەتی سەرکوت و دڕندەیی و زەبر و زەنگیان دووبارە سەلماندەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ٣٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملووی ڕێبەر کە گیانی خۆی لە پێناوی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بە ڕێگای ئاشتیخوازیدا دانا، بە دەرفەت دەزانێ تا پەیامی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر و هەر وەها پەیامی دواساتەکانی ژیانی ئەو ڕێبەرە گەورەیە، جارێکی دیکەش وەبیر ڕێبەران و بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بێنێتەوە کە "پرسی کوردستان ڕێگا چارەی نیزامی نیە". بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان، بەردەوام دەمێنێتەوە و بەرەوپێش دەچێ. وەبیر بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی دێنینەوە کە ئەگەر کاتی خۆی بە شەڕ و هێرش و کوشتن وڵامی پەیامی ئاشتیخوازانەیان نەدابایەوە و ڕێگای چارەسەری دروستیان گرتبایە بەر، نە کوردستان ئەو هەمووە قوربانی و وێرانییەی بە خۆوە دەدیت، نە ڕێژیمەکەی ئەوان لە نێوخەڵکی کوردستان ئەوەندە بێزراو و بێ پێگە دەبوو. ئێستاش ئەوە ئەوانن کە دەتوانن بیسەلمێنن ئایا هیچ دەرسێکیان لە مێژووی ڕەشی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ خەڵکی کوردستانی ئێراندا وەرگرتوە؟ ئامادەن بەسیاسەتی ناسەرکەوتوو و تاوانخولقێنانەی ٤٠ ساڵەی خۆیان لە بارەی کوردستاندا بچنەوە؟ و، لاپەڕەیەکی نوێ لە سەر بناغەی قبووڵکردنی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی گەلی کورد و چارەسەری پرسی کوردستان بەڕێگای سیاسی و ئاشتیخوازانەدا، هەڵ بدەنەوە؟

## چوارەم:

**لە وەبیرهێنانەوە و لێ فێربوونی وانە و ئەزموونەکانی د.قاسملوو نابێ غافڵ بین.** ئەو باوەڕانەی ڕێبەری شەهیدمان هێنانیە نێو سیاسەت و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد، ئەو بنەما و پرەنسیپانەی د.قاسملوو لە بارەی پێکەوەژیانی جۆراوجۆرییەکان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا، لە بارەی هاوپشتی و هاوکاریی بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراجۆرەکانی کوردستان و لە زۆر بوار و ڕەهەندی دیکەی دیپلۆماسی، تێکۆشانی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیدا جێگیری کردن، هەتا ئێستاش شیاوی لێ فێربوون و وەبیرهێنانەوە و ڕەچاوکردنن. ئێمە لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە شانازییەوە خۆمان بەرعۆدە و ئەرکدار کردوە کە ئەم گەنجینە بە نرخەی وانە و ئەزموونەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە، وەک سەرچاوەیەکی بە نرخ بۆ خۆپێگەیاندن و پەروەردەی فکری و سیاسیی تیکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بەکار بێنین. لەم یادەشدا داوا لە ڕووناکبیران، چالاکانی بواری هزر و نووسین دەکەین سەرنج بخەنە سەر نووسین، لێدوان، ڕوانگە و بۆچوونەکان و ژیان و خەباتی ئەو کەسایەتیە بەرزەی نەتەوەکەمان و لە گەشاندنەوە و هەڵێنجان لەم سەرچاوە

بە نرخە غافڵ نەبن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٣٠ ساڵەی تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ڤییەندا، بە ڕێزەوە یادی ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و هاوڕێی بەنرخ عەبدوڵلا قادری ئازەر دەکاتەوە و سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمریان دەنێرێ. لەم بۆنەیەدا داوا لە سەرجەم هۆگرانی بیر و ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە و تێکڕای دلسۆزان و دۆستانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان و دەرەوەی وڵات دەکەین ٣٠ سالەی ئەم تیرۆرە بکەنەوە بە دەرفەتێک بۆ مەحکوومکردنەوەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و بۆ نارەزایەتیدەربڕین لەداخرانی کەیسی ئەم تیرۆرە لە لایەن دەولەتی ئوتریشەوە. هەر وەها داواکارین بیرەوەریی تیرۆری دقاسملوو دەرفەتێک بێ بۆ سەلماندنەوەی خۆشەویستیی ئەو ڕێبەرە لە نێو نەتەوەکەیدا و دەربڕینی وەفاداری خەڵکی کوردستان بە ئامانجەکانی. با جارێکی دیکە بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بسەلمێنینەوە بە ستاندنی گیانی د.قاسملوو، ڕووناکیی خۆری باوەڕەکانی لە ئاسمانی کوردستان نابڕێ و کاروانی خەبات و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە لێهاتوە، وەستان و پەککەوتن ناناسێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

٢٢پووشپەڕی ١٣٩٨ = ١٣جولای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی ١٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە خۆپیشاندانەکەی بروکسێلدا



**کوردستانییانی هێژا، ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو!**

ئەمڕۆ هەموومان لێرە کۆبووینەتەوە، تاکوو ڕۆژێکی دیکەی تاڵی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان وەبیر بێنینەوە. ڕۆژی ١٣ی جولای ١٩٨٩ی زایینی، بەرامبەر لەگەڵ ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی کە ڕێبەری شەهید، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی، بە هیوا و ئامانجی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لەسەر مێزی دانوستان لەگەڵ هەیئەتی بەناو دانوستانکاری ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران.

تێرۆرێک کە لە شاری ڤیيەن، پێتەختی ئۆتریش و لەنێو دڵی ئورووپای شارستانییەت و بەناو مەکۆی پاراستنی مافی مرۆڤ، بە ڕۆژی ڕووناک و لەبەرچاوی جیهانییان ڕووی دا و قاتڵەکان کە دیپلۆمات تێرۆریستەکانی سەر مێزی وتووێژ و نێردراوی ڕێژیمی تاران بوون، لەژێر حیمایەی پۆلیسی ئۆتریش تا فڕۆکەخانە هاوڕایی کران و نێردرانەوە تاران، تا لەوێ بە پاداشتی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە گرنگەی کە پێیان سپێردرابوو، خەڵات بکرێن. ئورووپاش کش و مات تەنیا چاولێکەر و بیسەری ئەو خەبەرە پڕ لە شەرمەزارییە بوو کە لە ڕاگەیاندنەکانیاندا بڵاو دەکرانەوە.

**بەڵام قاسملوو بۆ تێرۆر کرا؟**

قاسملوو ئەو سیما نەتەوەییە پێشکەوتنخواز، شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازە بوو کە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و بزاڤی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆمان بە ڕێبواری ئەو ڕێگایە دەزانین کە ڕێبازی دوکتور قاسملوو بوو.

قاسملوو بۆ ئێمە تەنیا ڕێبەری حیزبی دیمۆکرات نەبوو، بەڵکوو قوتابخانەیەک بوو کە لە زۆر ڕەهەندەوە کاریگەری لەسەر سیاسەت و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد دانا. لە هەمان کاتدا ئەو مامۆستایەک بوو کە وانەکانی کوردبوونی وەک میراتێک لە ڕێبەرانێکی گەورە وەک "سمکۆ" و "پێشەوا قازی محەممەد"ـەوە گەیاندە ئێمە. ئەو وانانەی کە کوردبوون وەک ناسنامەیەک بەرجەستە دەکاتەوە و خەبات بۆ کوردستانیش وەک ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆیی دەزانێت. بۆیە کاتێک بیر لە قاسملوو دەکەینەوە، لە ڕاستیدا وێنای مرۆڤێکمان دێتە بەرچاو کە سیمایەکی ئەمڕۆیی و مرۆڤتەوەرانە لە خەبات و ئامانجە ڕەواکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان دەخاتە ڕوو.

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری تاکوو ئەمڕۆ، بەردەوام بووە لە کاولکاری و تێرۆر دژ بە کورد و هەموو نەتەوە بندەستەکانی ئێران، لەم ڕێگەیەدا لە هیچ تاوانێک سڵی نەکردووەتەوە.

خومەینی بە فەرمانی جیهاد دژی بزووتنەوەی کوردی ئێران، دەستی بەکار کرد، هەمان فەرمان کە دواتر داعش دژ بە کوردانی ئێزیدی ڕایگەیاند و جێبەجێی کرد.

ڕێژیمی خومەینی لەو ماوەیەدا هەموو هەوڵی خۆی خستوەتەگەڕ کە بە شەڕ، ئەشکەنجە و ئێعدامی خەڵکی جیابیر لە نێوخۆی وڵات، پەرەپێدانی شەڕ، چەندبەرەکی و ناسەقامگیری لە نێو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر شوێنی دیکەی دونیا، بناخەی دەسەڵاتەکەی خۆی پتەو بکات، بەڵام پەرچەکرداری حیزبی دیمۆکرات تەنیا بەدواداچوونی سیاسییانە و بەرگریی ڕەوای لە پرسەکە بووە. چونکە لە سەخترین ڕۆژانی سەرکوت لە کوردستان، قاسملوو فێری کردین کە ئێمە وەک کۆماری ئیسلامی هەموو کردەوەیەک لە دژی نەیارانی خۆمان بە ڕەوا نەزانین. لەم بوارەدا بوو کە هەرگیز ئیجازەی نەدا کە تێرۆر بە تێرۆر جواب بدرێتەوە. تاکوو ئەمڕۆ زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کراون. بەڵام وەڵامی حیزبی دێموکرات هەمیشە کەڵک وەرگرتن لە مافی بەرگریی ڕەوا بووە.



سەرچاوە
Serchawe

کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ئەم چل ساڵە لە سیاسەتێکی ئایینی وەک ئەوەی داعش پێڕەوی دەکرد، بەردەوام بووە. بەڵام د. قاسملوو لە سەرەتاوە باوەڕی وا بوو کە ئاوێتەکردنی سیاسەت بە ئایین، کۆتاییەکەی شەڕێکی هەمەلایەنە دەبێت کە هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە و دەبێتە ئەو هەلومەرجە کە ئەمڕۆ لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەیبینین. بۆیە ئێمەش وەک قاسملوو چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بە داماڵینی بەرگی ئایینی لە سیاسەت دەزانین.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەدا بناخەی داناوە، حکوومەتی ترس، زیندان، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان و بن پێکردنی مافی ژنان بووە. هۆکارەکەی دیار و ڕوونە، حکوومەتێک کە باوەڕی بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ نەبێت ناتوانێت سەرچاوەی ئاسایش بۆ هاوڵاتیانی بێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە قاسملوو بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد کە چارەسەریی کێشەکان بەخشینی هێز بە کۆمەڵگا و تاکەکانیەتی تا دەسەڵاتی سەرکوتکار کۆنترۆڵ بکات.

یەکێک لە بونیادە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی، دژایەتییە لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگای جیهانی. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژئاوا وەک کۆمەڵگەیەکی دوور لە شارستانی و دوور لە مرۆڤایەتی ناو دەبات. هەمان ئەقڵییەت کە داعشیش هەڵگری بوو. بەڵام کاتێک چاو لە ژیان و ئەندێشەی دوکتور قاسملوو دەکەین، خەونەکانی لە ڕۆژئاوا چەکەرەیان کرد، باشترین دۆستەکانی ئورووپاییەکان بوون، بەها ڕۆژئاواییەکان، وەک دێموکراسی، یەکسانیی ژن و پیاو و کولتووری پێکەوە ژیان، بەهای ئەساسیی ژیانی تاکەکەسی و سیاسیی ئەو بوون. بۆیە هەموو ئەم بەهایانە تاکوو ئەمڕۆ لە لای کوردانی خۆرهەڵات مانای هەیە و ناسنامەبەخشە.

بۆ ماوەی چوار دەیەیە کە حیزبی دێموکرات دژ بە کۆماری ئیسلامی خەبات دەکات، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێژیمە هەر وەک د. قاسملوو دەڵێت نایەکانگیرە لەگەڵ جیهانی ئازاد و ئازادیدا. بەڵام کاتێک سەیری سیاسەتی نێودەوڵەتی دەکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناڕوونییەک هەبووە لە تێگەیشتن بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جیاوازی لە نێوان توندڕەو و میانەڕەو لە ئێران دادەنێن. لە ڕاستیدا لەئێران ئەم جیاکارییە ناتوانێت ڕاست بێت، چوونکە کێشەی ئەساسی لە ئێران سیستەمە سیاسییەکەیەتی. سیستمێک کەوەک هێندێک لە ڕێژیمەکانی سەردەمی شەڕی سارد لەسەر ئەساسی ئیدۆلۆژییەکی داخراو و چەقبەستوو و زۆر دواکەوتووانە کار دەکات، کە کاراکتەرە سیاسییەکانی ناوی وەک فەرمانبەرن نەک بڕیاردەر. ئەوەی بڕیار

دەدات وەلی فەقیە و بەیتی ڕێبەری و مافیای سەربازی و ئەمنییەتیی سپای پاسدارانە. بۆیە هیچ یەک لە سەرۆک کۆمار یان کاربەدەستێکی تر کاری گەورە ناتوانێت بکات. وەک "محەممەد خاتەمی" خۆی پێی لێناوە، ئەوان تەنیا "تدارکچی" بوونە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئورووپا و ئامریکا هێشتا باوەڕی زاڵ وایە کە دەبێ پێوەندییەکان لەگەڵ ئێران ڕابگرن، تا بەڵکوو لەو ڕێگایەوە، کۆماری ئیسلامی بگەڕێننەوە سەر هێڵی دیالۆگ، بەڵکوو وەک دەسەڵاتێکی نۆرماڵ لەگەڵ ئەوان و وڵاتانی دراوسێ ڕەفتار بکات، هەر وەک چۆن ڕێفۆرمیستەکان لە نێوخۆی وڵات نزیک بە بیست و پێنج ساڵە بە ناوی پێکهێنانی چاکسازی هەنگاو بە هەنگاو لەو ڕێژیمەدا خەڵکیان هانداوە بۆ پارێزگاریکردن لە ڕێژیم و مانەوەی لە دەسەڵاتدا، بەڵام تا ئێستا ئەو سیاسەتە چەواشانە تەنیا بوونەتە هۆی ئەوەی ڕێژیم بە قازانجی خۆی کەڵکیان لێ وەربگرێت و فراوانخوازیی خۆی زیاتر پەرە پێبدات، ئێستاش دنیا شاهیدە کەسیاسەتی مەداراکردن لەگەڵ ڕێژیم بە هیوای پێکهێنانی ریفۆرم دوای چل ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نەک ئەو ڕێژیمەی بەرەو ریفۆرم ڕانەکێشاوە، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لەسەر بردنە پێشی سیاسەت و بەرنامەکانی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوە پێداگری کردووە، لە بەرانبەردا زۆربەی خەباتکارانی ئێران لە خاکی ئورووپا تێرۆر کراون نەک ئامریکا. مانای ئەو کارەش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک بارمتەیەک لەگەڵ ئورووپا دەجووڵێتەوە. بەڵام هەرگیز باوەڕی بە پێوەندیی ستراتژیک و درێژخایەن لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا نەبووە.

بەگشتی ئەوەی لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات میراتگێری مرۆڤگەلێک وەک سمکۆ، پێشەوا و قاسملووین. مرۆڤگەلێک کە بونیادی باوەڕ بە جیهانی ئازاد و ڕزگاری بۆ کوردستانیان بۆ ئێمە داناوە. لەم ڕێگەدا دەیان جارکەوتووینەتە بەر تێرۆر، زیندان، ئەشکەنجە و ئاوارە بووینە. بەڵام پاش زیاتر لە حەوت دەیە هێشتا لەم ڕێگەدا هەنگاو دەنێین. لێرەدا کۆ بووینەتەوە تا پەیمان لەگەڵ دوکتور قاسملوو و ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵ ئەو شەهیدبوون نوێ بکەینەوە و پێیان بڵێین ڕێگاکەتان کوێر نەبووەتەوە و هەروا پڕ ڕێبوارە. بە کۆماری ئیسلامیش بڵێین تێرۆری ئەو کەسایەتییە مەزنە و تێرۆرەکانی دیکەتان دادی نەدان و نەک نەتانتوانی دەنگی ئازادیخوازیی کورد کپ بکەن، بەڵکوو ئێستا و دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ لەو تێرۆرانە ڕۆژبەڕۆژ دەنگی مافویستیی گەلی کورد زیاتر بەرزبووەتەوە و ڕاشکاوانەتر لە هەموو کات ئامادەن بۆ خەبات دژی ئێوە. تەنیا شتێک کە دەتوانێت ئاراممان بکاتەوە ڕزگاری، ئازادی، ئاسایش و بەختیاریی نەتەوەیەکە کە داوای

مافەکانی خۆی دەکات. ئەو مافانەی کە بۆ هەموو نەتەوەکانی جیهان ڕەوایە، بۆ ئێمەش وەک نەتەوەی کورد ڕەوایە.

دوا قسەم بۆ ئێوە کوردانی تاراوگە و ئاوارەی دەستی زۆرداری ئەوەیە کە وەک دەزانن سێ ساڵ پێش ئێستا بڕیاری ڕاسان یان ڕابوونێکی ترمان لە خۆرهەڵاتدا دەرکرد، با ئێوە خۆشەویستان بزانن کە ئەگەر دڵمان بە ئێوە گەرم نەبا، ئەگەر ئێوەمان وەک پاڵپشتی خەباتەکەمان نەزانیبا، دڵنیا بن کە ئەستەم بوو، لەو کاتەدا بڕیاردانێکی ئەوتۆ گران و گرنگ بدەین، بۆیە ئێستا ڕووی قسەکانم دەکەمە ئێوە و داواتان لێدەکەم کە چۆن ڕێزی پێشمەرگەکانمان، چۆن ڕێزی خەباتکارانی شار ڕۆژانە بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکەر دەکەن، بە هەمان ئیرادە و تواناوە گۆڕەپانی وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا بکەن بە سەنگەرێکی تر لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات. کاتێک ناوی ئەم خرۆشانی بێوێنەی ئێوەمان وەک ڕاسانی تاراوگە ناو ناوە، مانای ئەوەیە کە توانا و ئیرادەی ئێوە بە ڕادەی توانای شاخ و شار بۆ خەباتی خۆرهەڵات گرینگە. بۆیە وەک حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای خۆرهەڵات داواکاریمان ئەوەیە کە پشتقایمتر لە جاران ئاوێتەی ڕاسان بن و هەوڵ بدەن کە ئاوێنەی خەباتی شار و شاخ بن لە جیهانی دەرەوە. چوونکە ڕێبەرانی شەهید لەو باوەڕەدا بوون کە ئێمە ئەرکێکمان لەسەر شانە، ئەگەر ئەو ئەرکە بە جوانی جێبەجێ بکەین، نەوەکانی داهاتوو ئیتر دەتوانن بە ئازادی و ڕزگاری بژین. کوردستان و کورد چاویان لە ئێمەیە.

سڵاو لە دوکتور قاسملوو و هاوڕێ شەهیدەکانی، کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و فازڵ ڕەسووڵ.
سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.
سڵاو لە تێکۆشەرانی خۆرهەڵات بۆ بەردەوامییان لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانیان.

سپاس بۆ ئێوە خوشک و برایانی خۆشەویست بۆ بەشداریتان لەو یادە پڕشکۆیە.
سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

١٨ پووشپەڕ ٢٧١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بزووتنەوەی کۆماریخوازان، ٣٠هەمین سالرۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بەرز و پیرۆز رادەگرێت




**هاونیشتیمانە بەرێزەکان**

**خەڵکی مافخوازی کوردستانی رۆژهەلات**

رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ رۆژێکی پر لەکارەساتە لە مێژوویی خەباتی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی رۆژهەڵاتدا. دروست ٣٠ساڵ لەمەوپێش لەم رۆژە شوومەدا، گەورە سیاسەتوان و دیپلۆماتکار و بگرە دەوڵمەردی بلیمەتی کورد، دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کە لە پێناو چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کوردی رۆژهەڵات دەگەل نوێنەرانی دەسەڵاتی ئێران لە ویەن پێتەختی وەڵاتی ئوتریش لە ووتوێژ و مزاکرەدا بوو، شەهید دەکرێت.

دوکتور قاسملوو هەر لەسەرەتای دەستپێکی شۆرشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، بڕوای قووڵی بە رێگاحەللی ئاشتیانەی کەیسی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات هەبوو، هەر بۆیەشە لەمپەیوەندییەدا گشت چالاکیی سیاسی، دیپلۆماتیک و مێدیاتیکی حیزبی لەپێناو چەسپاندنی گووتاری ئاشتی و سوودوەرگرتن لە مکانیزمی دیالۆگ و دانووستاندنی ئاشتەوایی بۆ حەللی کێشەکان دەگەل تاران، تەرخان کردبوو، وە هەر لەم راستایەشدا دوای شەری ٣مانگە و ئیعلامی لەببەیک بە "پەیامی سولحی خومەینی"، وەک گووتەبێژی هەیئەتی حووسنی نییەتی کوردستان دەگەڵ هەیئەتی نێردراوەیی تاران، واریدی ووتوێژ و دانووستاندنی ئاشتەوایی بوو، وە چەندین دانیشتنیان بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگاحەللی ئاشتیانەی پرسی کورد، دەگەڵ هەیئەتی نێردراو کرد. بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

بەداخەوە شەڕخوازان سەرئەنجام توانیان ڕەوتی ئاشتەوایی بەرەو گرژی و سەپاندنی شەری بەرگری نەتەوەیی جهەتدار و هیدایەت بکەن، شەڕێک کە ئێستاشی دەگەڵدا بێت، هەر درێژەی هەیە.

کارەساتی دڵتەزێنی ٢٢ی پووشپەر دەگەڵ ئەوەش کە خەسارەکان و لێکەوتە سەلبییەکانی، بە ڕوخسار و پەیکەری بزووتنەوەی رزگارخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی حیزبی دێمۆکراتەوە هەنووکەش هەر بەزەقی دیارن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەکرێت ئەم کارەساتە وەک نووقتە گۆرانێکی مێژوویی لە خەبات و ڕەوشی کاری ئەکتەرەکانی دەخیل لە خەباتی نەتەوەخوازی کورد دا حیسابی بۆ بکرێت. نووقتەگۆرانێک کە ڕەوتی خەباتی لە لووتکەوە بەرەو نزمی و لاوازی وەرچەرخاند، وە سەرئەنجام ئافەتی کەمپنشینی و چەقبەستوویی نەخوازراویی، تووشگیری تێکۆشەران و ڕەوتی خەبات کرد.

بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک بزووتنەوەیەکی سەردەمییانە و خاوەن پرۆژەی ئاشتەوایی، کە ئیستراتێژی و ئامانجی ئیستراتیژیکی بزووتنەوەی لەسەر ئاستی بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی سەردەمی کۆمارە کە بە ڕێبەرایەتی پێشەوا و پشتیوانی هێزی نەمر بارزانی،و هەروەها ئازموونە بەنرخەکانی ڕەوشی کاری شەهید دوکتور قاسملوو لەپێناو ئاشتی دا دارشتووە، خۆی بە ڕێبواری راستەقینەی رێبازی ئاشتەوایی ئەم شەهیدانە دەزانێ،و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پرۆژەی ئاشتەوایی حەللی کێشەی کوردی ڕۆژهەڵاتی بۆ گشت حاڵەتەکان، لەسەر ئاستی بنەما یاسایی و حقوقییەکان دارشتووە، کە لەم سۆنگەیەوە سوودوەرگرتن لە بژاردەی دیالۆگی ئاشتەوایی بە گوونجاوترین و کاراترین گووزینەی سەرخستنی پرۆژەکە دەقەبلێنێ.

هەر بۆیەشە لە گرژترین حالەتەکاندا، بزووتنەوە لەسەر درێژەدان بە پرۆسەی دیالۆگی ئاشتەوایی سوور و پەیگیر، چالاک و چالاکتر دەبێت و دەمێنێتەوە. بەڵام ئاشکرایە سەرخستن و چێکردنی پرۆژەی ئاشتەوایی، پێویستی بە هاوکاری گشت لایەنەکان هەیە، واتە شانسی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە پەیوەندی راستەوخۆی دەگەل ئاستی هاریکاری لایەنەکانی دەخیل لە دیارکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، واتە بۆ سەرخستنی پرۆژەی ئاشتەوایی و چەسپاندنی ئاشتی پێویستی بە هاریکاری " شاخ و شار و نیهادگەلی گۆرەپانی خەباتی مەدەنی، هێزە کوردیەکانی رۆژهەڵات و دەسەلاتی ناوەندی لە تاران"، هەیە.

لێرەدا بێ مووناسیبەت نابێت، بیرورای گشتی خەڵکی کوردستان ئاگادار بکرێتەوە،کە: هێندێک کەس و لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی رۆژهەلات، دەگەڵ ئەوەش بزووتنەوەی کۆماریخوازان لە ماوەی ٨ ساڵ تێکۆشانی گشت رەهەندی لە پێناو ئاشتی،و "گراندنەوەی لایەنەکانی کوردستانی و دەسەلات لە تاران بۆ سەر مێزی مزاکرە و دانووستاندنی ئاشتەوایی"دا، بەوپەری شەفافیەتی سیاسی ، سەراحەتی گووتاری و مێدیاتیکی، وە سەداقەتی کرداری ماندوونەناسانە فەعال و چالاکی نواندووە، بەلام بەداخەوە ئەم کەس و لایەنانە، بە جێگای هاوکاری و راوێژکاری و هیدایەتی پرۆژەکە بەرەو ئاستی سەرخستن و چەسپاندنی گۆفتمانی ئاشتی و ئاشتەوایی، و هەروەها دوورەپەرێزی لەشەر و تەحەموولی خەسار و تێچوویی زیاتری مادی، مەعنەویی و دانی شەهیدی زیاتر، بەناحەق سەرقالی پرۆپاگەندەی مەنفی و کارشکێنی و کارگرانی، وە تەنانەت ناساندنی بزووتنەوەی کۆماریخوازان وەک جەریانێکی فکری و سیاسی کە هەڵگری پێشازۆی ئاشتیانە بۆ چارەسەری دۆزی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە، وەک جەریانێک کە گەنجان بە ئەدەبیات و کولتوری دوورەپەرێزی لە گرژی و رادیکالیزمی کرداری، تەشویق و تەبلیغ دەکەن، لەوەش زیاتر هەندێ لایەن وتاک بۆ تەوجیهی ئاستی مودیریییەتی لاوازییان سەبارەت بە قایمراگرتنی ئاستی ئینسجامی رێکخراوەییان، بزووتنەوەیان وەک هۆکاری سەرەکی هەڵوەرین ئەندام و کادرەکانیان،و هەروەها دەربازبوونیان بەرەو ئوورووپا ناساندووە. وە لەم راستایەشدا نامسئولانە بیرورای گشتی خەڵک و زۆر لایەنی ئیداری، حیزبی و حکومییان لەپێناو شێواندن و روخاندنی شیرازەی رێکخراوەیی، وە لەئەنجامدا کپ کردنی گوفتمانی ئاشتەوایی، دژ بە رەوشی کاری بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەلاتی کوردستان، مەسموم کردووە.

بەلام:

دەگەڵ هەموویی ئەوانەش، بزووتنەوەی کۆماریخوازان، قورس و قایم و وەفادار بە ڕیبازی شەهیدان کە لەشەر بۆ ئاشتی، وە لە پێناو ئاشتی و ئازادی و خۆبەڕێوەبەری خۆجەییدا، گیانی پاکیان بەخت کردووە، درێژە بە تێکۆشان و چالاکە ئاشیخوازەکانی دەدات،

هەر لەمپەیوەندیەشدا روو لە گشت حیزب و کەساییەتیە سیاسی، کۆمەلایەتی، ئاینی، فەرهەنگی،و نیهادگەلی گۆرەپانی خەباتی مەدەنی ناوخۆی وەلات دەکات، کە پرۆژە ئاشتەوایی بزووتنەوەی کۆماریخوازن بە هی خۆیان و لەخزمەت خۆیان و خەلکی کوردستانی رۆژهەلاتدا بزانن، و لەپێناو سەرخستن وە چەسپاندنی ئاشتی، ئازادی و

خۆبەڕێوەبەری خۆجەیی دا، کە شەهید دوکتور قاسملوو، وە گشت شەهیدانی ڕێگای ئاشتی و ئازادی گیانی پاکیان لە پێناویی‌دا بەخت کردوە، سەمیمانە هاوکاری بزووتنەوە بکەن.

بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یاد و یادمانی ٢٢ی پووشپەر، ٣٠هەمین سالرۆژی شەهیدبوونی دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو، کەسایەتی کاریزماتیک و ئاشتیخواز و هەڵکەوتووی کورد، وە سکێرتێری گشتی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەرز رادەگرێت.

هەر لەم‌پەیوەندیشدا روو لە خەڵکی کوردستان داواکارە، کە وەک پاداشێک بۆ ئەم شەهیدە نەمرە و گشت شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان کە لەپێناو ئاشتی‌دا گیانی پاکیان لەبەرەکانی شەر،و مزاکرە بۆ ئاشتیدا بەخت کردووە، ڕێگا و ڕێبازی مافخوازی و ئاشتیخوازانەیان وون نەکەن و هەوڵبدەن بە تازەکردنەوەی عەهد و پەیمان و وەفاداری ئەرکی درێژەدان بە ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزی شەهیدان، کە ئەرکی نیشتیمان‌خۆشەویستی و نەتەوەخوازیە، بەجێ بگەیەنن.

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ئاشتی و ئازادی
بژی ئاشتی و سەرکەوێ گوفتمانی ئاشتەوایی،و هاوژینی بەئاشتی

بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەلاتی کوردستان


٢١ی پووشپەری ١٣٩٨، بەرامبەر بە ١٢ - ٧ - ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی بزووتنەوەی کۆماریخوازان

## ئەمەگناسیتان بۆ شەهید دوکتور قاسملوو هیوابەخشە!



سەرچاوە
Serchawe




ئەم ساڵ کە سی ساڵەی تێرۆری رێبەری لێوەشاوەی حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی بوو، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەڕێژییانەدا کە دەفتەری سیاسیی حیزب و کۆمیتەی یادکردنەوەی ٣٠ ساڵەی دوکتور قاسملوو دایڕشتبوو، لە چەندین چالاکیی دیار و درەشاوە لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات هەم یادی رێبەری شەهیدیان بەرز راگرت، هەم جینایەتی کۆماری ئیسلامی و مامەڵەی سەوداچییانەی دەوڵەتی ئوتریش لەگەڵ ئەم کارەساتەیان ڕیسوا کرد.

تێکۆشان و ماندووبوونی ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی حیزب بۆ ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی ئەم چالاکییانە و پێشوازیی بەرچاوی تەشکیلاتی حیزب لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات و هەروەها پێشوازی و بەشداریی بەرچاوی دۆستانی حیزب و هۆگرانی مەسەلەی کورد، نیشاندەری ئەمەگناسیی ئەوان بۆ شەهید دوکتور قاسملوو و زیندوویی هەردەم زیاتری یاد و وانەکانی ئەو گەورە نەمرە لە زەین و دڵ و دەروونی تێکۆشەرانی دێموکڕات و خەڵکی کوردستاندایە.

بەم بۆنەوە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە پێویستی دەزانێ بە گەرمی سوپاس و پێزانینی خۆی لە بەرامبەر هەموو ئەو کەسانە و بەگشتی خەڵکی کوردستان دەرببڕێ کە لەم یادەدا بە پیل بەرنامە و بانگەوازەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە چوون و بەم شێوەیە هیوا و دڵگەرمیی زیاتریان بە رێبوارانی رێگای شەهید دوکتور قاسملوو بەخشیوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

**دەفتەری سیاسی**

**٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٨ (١٥ی ژووئیەی ٢٠١٩)**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩**

## سپاس و پێزانینی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێوەندیدار بە چالاکییەکانی تایبەت بە یادی سی ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو




**پانتایی کار و چالاکییەکانی پێوەندیدار بە یادی سی ساڵەی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، بۆ جارێکی دیکە و بەهێزتر لە هەمیشە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چ هەڵەیەکی گەورەی کرد کە پێی وابوو بە تیرۆری ڕێبەرانی کورد دەتوانێ کۆتایی بە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بێنێ. لە سی ساڵەی ئەم یادەدا ڕێبوارانی ڕێگای شەهید دوکتور قاسملوو لە ئاستێکی بەرینی بێوێنەدا لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵات سەلماندیان، درێژەدەرێ ڕاستەقینەی ڕێگای شەهیدانن و هاوکات لە گەڵ ڕێزگرتن لە ڕێبەران و کەسایەتییەکانی گەل، کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە بیر ناکەن.**



سەرچاوە
Serchawe

لە سی ساڵەی تێرۆری ڤییەندا چالاکان و تێکۆشەرانی سەر بە حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات هەر لە لوڕستانەوە تا ورمێ بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهید دوکتور قاسملوو و تراکتەکانی تایبەت بەم یادە و نووسینی درووشمەکانی هەڵگری پەیامی ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو و مەحکوومیەتی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، حەماسەیەکی بێوێنەیان خوڵقاند. لەم پێوەندییەدا ئەندامانی و لایەنگرانی حیزب لە سەر داوای کەمپەینی "پێکەوە بەرەو یادی ٢٢ی پووشپەڕ"، بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕەنگی شین کەڵکیان وەرگرت و پەیامی یەکبوون و یەکگرتووییان بڵاوکردوە. دانانی وێنەی شەهید دوکتور قاسملوو و داگیرسانی مۆم، بەشێک لە کارە سەمبولیکەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان لەم یادەدا بوو.

ئەمساڵ لە کردەوەیەکی ڕچەشکێنانەدا کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی و هونەرییەکانی نێوخۆی وڵات بە دانانی پۆستی جۆراوجۆر و بەرهەمەکانیان لە تورە کۆمەڵایەتییەکاندا، گوڕ و تینێکی دیکەیان بەم یادە بەخشی. لەم پێوەندییەدا بە سەدان کەس لە کەسایەتییەکانی کورد لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە بێ ترس لە دەسەڵاتی سەرکوتکەر، بۆ یەکەمجار ئەم ڕچەشکێنییەیان کرد و ڕاشکاوانە بە ناوی خۆیانەوە ڕێزیان لە یاد و ناوی ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور قاسملوو گرت.

لە دەرەوەی وڵات، کوردانی تاراوگە و ئەویندارانی ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو لە چەند شوێنێکی وەک؛ گۆڕستانی پرلاشێز، ڤییەن و بروکسێل و.. ئاکسیۆن و کۆبوونەوەی بەرینیان وەرێخست و وێڕای بەرزڕاگرتنی بیر و ئەندیشەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، جارێکی دیکە و لە ئاستێکی بەرین دا سەرنجی وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیان بۆ تێرۆری ڤییەن و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاکێشا. لەم کۆبوونەوانەدا کە یەک ڕەنگ و یەک دەنگ بوون، ڕۆڵی ئۆرگان و کۆمیتە و ئەندامانی سەر بە تەشکیلات و ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات جێی سەرنج بوو.

هاوکات لە گەڵ ئەم کاروچالاکییە بێوێنانە، کۆماری ئیسلامی ئێران وێڕای بە ئەمنیەتیکردنی سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان بە مەبەستی پێشگیری لە بەڕێوەچوونی چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات کە بە خۆشیەوە تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، تۆپخانەکانی سپای پاسداران بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بە بیانووی بوونی بنکە و بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێرشیان کردە سەر ناوچە سنوورییەکانی بناری هەڵگوورد و کێلەشین

و بە خەستی بووردمانی کردن. لەم پێوەندییەدا لە گەڵ ئەوەیکە زەرەر و زیانێکی زۆری مادی بەر دانیشوانی ئەو سنوورانە لە دیوی باشووری کوردستان کەوت و چەند کەسێکش شەهید و بریندار بوون، پێشمەرگە چاونەترسەکانی کوردستان لە چیا سەرکەشەکاندا مانەوە و ڕۆژانێکی پڕ لە ئیمان بە ڕێبازی سەخت و دژواری خەبات بۆ ڕزگاریی خاک و خەڵکەکەیان تەجرووبە کردەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە: کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، تێکۆشەران و ئەندامانی ئەرکوەخۆگری حیزب لە نێوخۆی وڵات، چالاکان و کەسایەتییەکانی نێوخۆ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کوردانی تاراوگە، ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و پێشمەرگەکانی کورستان دەکات و بۆ جارێکی دیکە بە دەنگێکی بەرز ئافەرینیان پێ دەڵێ.

ئافەرین بۆ هەموو ئێوە کە سەلماندتان،"قاسملوو هەمیشە لە ڕێبازیدا زیندووە".


حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩

## دوای ٣٠ ساڵ بە یادی عەبدولڕەحمان قاسملوو هەرگیز لەبیر ناکرێ



## بە یادی عەبدولڕەحمان قاسملووهەرگیز لەبیر ناکرێ

لەو ڕۆژەدا لە ١٩٨٩، بە بیستنی هەواڵی کوژرانی بێ بەزەییانەی هەڤاڵ و هاوڕێمان عبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یاریدەدەرەکەی عەبدوڵلا قادری ئازەر، گشت ئێمە گەلێک دڵگران و شۆک بووین.

تا ئەوڕۆش هیچ کەس لەبەر ئەو مرۆڤکوژییە ڤیزەونە نەکەوتۆتە ژێر لێپرسینەوەی یاسایی.

ئێمە لە ئینتەرناسیۆنال سوسیالیست پەیوەندییەکی بەهێزمان لە گەڵیدا درووست کردبوو و تەنیا سێ حەوتوو پێش ئەوەی کە ترسنۆکانە بیکوژن پێکەوە هەژدەهەمین کۆنگرەی ناونەتەوەیی خۆمان بەڕێوە بردبوو.

ئێمە هیچ کات ناوبراو یا ئەو دۆزەی کە گیانی بۆ بەخت کرد لە بیر ناکەین و هەرگیز دەست لە خەباتمان بۆ گەیشتن بە ڕێز گرتنی تەواو لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد هەڵ ناگرین. ئێمە قورس و قایم شان بە شانی هەڤاڵە کوردەکانمان لە خەباتیان بۆ ئاشتی، دێموکراسی و مافی یەکسان وێستاوین و لە داهاتوشدا دەوێستین.

لە سیهەمینساڵڕۆژی تیرۆری عەبدولڕەحمانی قاسملوودا، ئێمە سەری ڕێز و نەوازش بۆ ڕێبازەکەی دادەنەوێنین. ئێمە لە هەمان کاتدا هەڵوێستە دەکەین و یادی سەرجەم ئەو شەهیدانە دەکەینەوە کە بە هەمان شێوە بوونە قوربانیی و بە گیانی خۆیان نرخی وەفاداریی و باوەڕیان بە دادپەروەریی و یەکسانیی دا.

ژیانی ئەو بە فیڕۆ نەچووە. میراتی ئەو درێژەی هەیە و هەروا دەبێتە سەرچاوەی هاندانی سەرجەم ئێمە.

لویس ئایالا   سکرتێری گشتیی



سەرچاوە Serchawe

ئینتەرناسیۆنال سوسیالیست

١٣ی جولای ٢٠١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩

## دەبا ئەو پەڵە ڕەشە لەسەر ئاسمانی ڤییەن نەمێنێ




**مستەفا شەڵماشی**

(دەقی وتاری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆبوونەوەی بەردەم پارلمانی ئوتریشدا)

خانمان و ئاغایانی بەڕێز!

دۆستانی خۆشەویست!

سپاستان دەکەین بۆ بەشدارییتان لەم ڕێوڕەسمە کە بە بۆنەی ساڵڕۆژی سی ساڵەی تیرۆری ڕێبەری مەزنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی گیراوە. سی ساڵ لەمەو بەر لە گەڕەکی سێی شاری ڤییەن، سێ سیاسەتمەداری کورد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، عەبدوڵڵا قادریئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی؛ کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی دیپلۆمات تیرۆریستانی ئەم ڕێژیمەوە و گیانیان لەدەست دا. هەڵبەت ئەو جینایەتەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نە یەکەم جینایەت و نە دوایین جینایەتیشیان بوو. مێژووی چل ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پڕە لە جینایەت و کوشتن و برین. لە لای زۆربەی خەڵک ئاشکرایە کە لەو ماوەیەدا بە سەدان هەزار ئینسان یا ئێعدام کراون و یا بە شێوەگەلی دڕندانە لەنێو براون. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩١ تا ١٩٩٧ تەنیا لە کوردستانی عێراق پتر لە ٤٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئاکامی چالاکییە تیرۆریستییەکانی ئەم ڕێژیمەدا کوژراون. لە ئێراندا لەلایەن دەزگای دادی ئەم وڵاتەوە حوکمی وەک سەنگسار کردن بۆ کەسانێک کە تووشی پێوەندی سازکردن لەگەڵ کەسانێک بێجگە لە هاوسەرەکانی خۆیان دەبن، دەستبڕین لە ئاکامی دزی کردن، لێدان بە قامچی و زۆر شێوازی سزادانی دیکە و تەنانەت لە سێدارەدان لەبەر چاوی خەڵکدا، زۆر بە ئاسایی بەڕێوە دەچێ.

سیستمی بەڕێوەبەرایەتیی ئێران سیستمێکی خەلافەتییە کە ڕێبەرییەکەی لە دەستی مەلاکان دایە و ڕێبەری سەرەکیی ئەم حکوومەتە بە «وەلی فەقیهـ» دەناسرێ و، خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی دەزانێ و؛ بە دەسەڵاتێکی بێسنورەوە لە لوتکەی ئەو سیستمەدا جێگیر بووە. یاسای سزادانی ئەو سیستمە لە خوێندنەوەیەکی تایبەتی لە ئایینی ئیسلام و ئایینزای شێعەی دوازدە ئیمامی سەرچاوە دەگرێ؛ کە پێبەندییەکی کرداری بە یاسا مرۆڤدۆستانە و نێونەتەوەییەکانەوە نییە.

سزادانی دژبەرانی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەشکەنجە و ئازارێکی زیاترەوە دەکرێ. ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیم لە لایەن ئەم حکوومەتەوە بە «مفسد فی‌الارض» و «محارب» ناو دەبرێن، کە بۆ ئەم کەسانە بەپێی یاسای سزای ئیسلامی چوار شێوە سزادان دیاری کراوە؛ کوشتن بە گوللە، هەڵواسین بە دارەوە، بڕینی قۆڵی چەپ و ڕانی ڕاست و یان بەپێچەوانەوە و، چوارەمیش دوورخستنەوە.

ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆ بووینەتەوە بۆ وەبیرهێنانەوەی یەکێک لە سامناکترین جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لە ١٧ی ٧ی ١٩٨٩دا گرووپێک لە تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و عەبدوڵڵای قادریئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسووڵیان لەسەر مێزی وتووێژ تێرۆر کرد. ئەو سێ دیپلۆماتە کوردە بەو هیوایەوە لەگەڵ بەناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتبوون کە چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد لە ئێراندا ببیننەوە. بەڵام مخابن بەرنامەی دەستەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی شتێک نەبوو جگە لە ناردنی گرووپێکی کۆماندۆیی تێرۆریست بۆ لەداو خستنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی. لە هەمووی ناخۆشتر و چاوەڕواننەکراوتر کردەوەی دەوڵەتی ئەو کاتی ئۆتریش بوو لە بەرامبەر ئەو جینایەتە سامناکەدا. هەرچەند لە ڕۆژی یەکەمدا تێرۆریستەکان لە لایەن پۆلیسی ئۆتریشەوە دەستبەسەر کران و بردران بۆ لێپرسینەوە؛ بەڵام لە دواییدا بێ ئەوەی بدرێن بە دادگا و لێپرسینەوەی قانوونییان لەگەڵ بکرێ، ڕادەستی باڵوێزخانەی ئێران لە ولاتی ئۆتریش کران و پاشانیش بەڕێ کرانەوە بۆ تاران. کردەوەی نەشیاو و دوور لە مافویستیی دەوڵەتی ئۆتریش و وەزارەتی دادی ئەم ولاتە، بوو بە هۆی درێژەدانی کردەوەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە لە ولاتانی دیکە. کە لە یەکێکی دیکە لە بەرچاوترین تێرۆرەکاندا دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە شاری بێرلینی ئاڵمان بوونە قوربانیی دەستی تێرۆر و بێدەنگیی دەوڵەتانی بەرژەوەندیخواز.

ئێستاش ڕێژیم بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر تێرۆر و کوشتنی دژبەرانی خۆی بەردەوامە. دوای هاتنە سەرکاری حەسەنی ڕۆحانیش وەک سەرۆککۆمار کە زۆر بەڵێنیی درۆی دابوو، بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بەرەو ئاقارێکی خراپتر لە پێشوو ڕۆیشتوە. ئاماری زیندانییانی سیاسی و هەروەها ئێعدام کردن چۆتە سەرترەوە. پشتیوانی لە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان لە عێراق و سووریە و لوبنان و یەمەن بەردەوامە. کردەوە تێرۆریستییەکانی دژبە گەلی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە؛ وەک دانانەوەی بۆمب لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە ساڵی ٢٠١٧دا کە بووە هۆی شەهید بوونی ٥ کەس لە کادر و پێشمەرگەی ئەم حیزبە، مووشەکباران کردنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە کۆیەی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨دا کە 16 شەهید و پتر لە ٤٠ بریندارى لی کەوتەوە؛ لە دیارترین و نوێترین کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەم ڕێژیمەن. لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمییەوە کاربەدەستانی ئێران ڕووی خۆش بە ولاتانی ڕۆژاوایی نیشان دەدەن و، لەگەڵ ئەوان لە وتووێژدان، بەڵام لەژێرەوە خەریکی دروستکردنی چەکی ئەتۆمین. ماوەی ساڵێکە کە ولاتی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام هاتۆتە دەرەوە و ئێرانی لە باری ئابوورییەوە بەتوندی گەمارۆ داوە، سپای پاسدارانی وەک

تیرۆریست ناساندوە. سپای پاسداران لەراستیدا ڕۆڵی سەرەکیی لە هەموو کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمدا لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەگێڕێ.

نەتەوەی کورد بە کردەوە نیشانی داوە کە لایەنگری ئاشتی، پێکەوە ژیان و دێموکراسییە و، دژبە تیرۆر و شەڕ و ناعەداڵەتییە. حەق وایە هەر بەم پێیەش وڵاتانی ئازاد و دێموکرات و نەتەوە پێشکەوتووەکان لەم ڕێگایەدا پاڵپشتی بن و بە وەگەڕختنەوەی دۆسییەی ڕێبەری کوردان دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لەڕاستیدا بەم کارە ڕێز لە پرسی نەتەوەیەکی پەنجا میلیۆنیی بێبەش لە هەموو مافێکی ئینسانی دەگیرێ. هەر لەبەر ئەوەش وەبیر حکوومەتی ئۆتریش دهێنینەوە کە ئەرکی یاسایی و ئینسانیی خۆی لە بەرامبەر ئەم نەتەوە زوڵم لێکراوەدا بەباشی ڕاپەڕێنێ. ئێمە داوا لە وەزارەتی دادئەستێنیی وڵاتی ئۆتریش دەکەین کە دۆسییەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە شاری ڤییەن وەگەڕ بخاتەوە و پێداچوونەوەی جیدیی بۆ بکا، بەو مەبەستەی ڕێژیمی ئێران لە تاران ناچار بکرێ کە جینایەتکارەکان بۆ دادگاییەکی عادڵانە تەحویلی وڵاتی ئۆتریش بدا. دەبا عەداڵەت بەڕێوە بچێ و ئەو پەڵە ڕەشە لەسەر ئاسمانی ڤییەن نەمێنێ.

سەرکەوتوو بن لە بەدواداچوونی عەداڵەتدا!
بەڵێ بۆ دنیایەکی پڕ لە ئازادی، عەداڵەت و ئاشتی!
نا بۆ تیرۆریزم، دیکتاتۆری و جەنایەت

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# کارو چالاکییەنی ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات

## خالید عەزیزی: کورد، فاکتۆری سەرەکی لە ئێران



لە میانەی چاوپێکەوتن و دیدارەکانی کاک خالید عەزیزی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەگەڵ تینک تانک و ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکان، ئەمجارەیان لەسەر داوای Washington Kurdish Institute سمینارێک بۆ بەڕێزیان سەبارەت بە تاوتوێ کردنی دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی بە بۆنەی سییەمینساڵوەگەڕی شەهید دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە ٢٢ جووڵای لە واشنگتن بەڕێوەچوو.

ئەم سمینارە بە بەشداری هەندێ شرۆڤەکاری سیاسی و کەسایەتی ژورنالیسیت و ئاکادیمێکی ئەمریکی و وەفدێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی کاک خالید عەزیزی: پێکهاتوو لە بەڕێزان کاک کامڕان باڵنوور نوێنەری حیزب لە ئەمریکا، کاک خەبات ئیبراهیمپوور بەرپرسی کومیتەی حیزب لە واشنگتن و کاک جەماڵ مەحموودزادە ئەندامی کومیتەی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرەتای بەرنامەکە کاک ئالان باڵنوور لە وتارێکدا بە زمانی ئینگلیسی بە تێروتەسەلی ژیان و خەباتی شەهید دوکتور قاسملووی بۆ ئامادەبووان باس کرد و لەقاودانی ئەم کردەوە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانی زانی و کوتی کۆماری ئیسلامی ئێران گەورەترین مەترسییە بۆ سەر تەناهی و ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتر کاک خالید لە لێدوانێکی تێروتەسەلدا دۆخی کوردی ڕۆژهەڵاتی تاوتوێ کرد. کاک خالید کوتی:

لەبەر کێشەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی پرسی گەلانی ئێران و کێشەی گەلی کورد پەراوێز خراوە، بەڵام لە هەر حالەتێکدا بە مان یان نەمانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ دیسان دۆخی ئێران هەر لە جێگەی خۆی دەبێ، چون بە لەبەرچاو گرتنی پتانسییەل و هێز و مێژووی خەباتی گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی پێگەی بەهێزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ قەزییەی ئێمەی نادیدە بگرێ و من وەک خۆم لێرەم بۆ ئەوەی سەرنجی ئەمریکاییەکان بۆ ئەم خاڵە گرینگە زیاتر ڕابکێشم.

کاک خالید هەروەها باسی لەوە کرد کە بەدوای ئەوەیە کە سرنجی کۆمەڵگەی جیهانی زیاتر ڕاکێشێ بۆ کەیسی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و لە ڕێی ناوەندە پەیوەندیدارەکانەوە ئەم باسە بەدواداچوونی بۆ بکا و هەروەها کردەوەی تیرۆریستی مووشەکبارانی قەڵای حیزبی دێموکراتیش بە یەکی تر لەم دۆسییانە دانا کە لەباری حقووقی نێونەتەوەییەوە دەبێ بخرێتە کاناڵی یاسایی خۆیەوە بۆ ئیدانە کردنی ئەم جەنایەتە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی.

لە کۆتایی سمینارەکەدا هەندێ پرسیار لە لایەن میدیاکارانی بیانی و کورد و هەروەها شرۆڤەکارانی سیاسی ئاراستەی بەڕێزیان کرا کە بە تەسەلی وڵامی ئامادەبووان درایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی دیپرێسە زۆنداخی ئوتریشی لە سەر خۆ پیشاندانەکەی وییەن و بەشێک لە وتەکانی بەڕێز مستەفا شەڵماشی



Die Presse

Kurdenmord in Wien: „Wir verlangen Gerechtigkeit für Ghassemlou“

Österreich müsse den Fall des vor 30 Jahren ermordeten Kurdenpolitikers wieder aufrollen, fordert Mostafa Shalmashi von der Demokratischen Partei Kurdistans. In der iranischen Bevölkerung wachse Unmut über das Regime.

**ئێمە داوای ئیجرای عەداڵەت دەکەین لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملو دا**

**کوردەکان: وەڵاتی ئوتریش دەبێ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملو دوای سی ساڵ وەگەڕ خاتەوە.**

**مستەفا شڵماشی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی سیاسەتمەداری کورد دوکتور قاسملو کە پێش سی ساڵان لە وییەن تیرۆر کرا، دەکا.**

بێزاری خەڵک لە ڕژیم لە پەرەسەندن دایە، ئەورۆ ڕۆژێکە کە نوێنەرانی کوردی ئێران لە بیری ناکەن. لە ١٣ی جولای سی ساڵ لە مەوبەر، لە شاری وییەن بەناوبانگترین سیاسەتمەداری کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو و دوو لەهاوڕێیانی لەلایەن تیمێکی پیاوکوژی ئێرانەوە تیرۆر کران. ئەوان لەئاپارتمانێک لە گەڕەکی سێ، دەگەڵ نوێنەرانی ڕژیمی ئێران بۆ وتووێژ کۆ ببونەوە، بەڵام وتووێژەکە تەڵەبو داندرابۆوە. کاربەدەستانی ئوتریش لە ژێر فشاری ڕژیمی ئێران قاتڵەکانیان بە بێ هیچ ڕێگریەک ئازاد کرد.

ڕۆژی هەینی ئەندامان و لایەنگرانی چەندین حیزبی کوردی یادی سی ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملویان لە

مەیدانی هێڵدنپلەچ (بەردەمی پاڕلەمان) کردەوە. مستەفا شڵماشیش بۆ ئەو یادە هاتبو. شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە لە ئێران. حیزبەکەی وی لایەنێکە لە حیزبە سەرەکیەکەی سەردەمی قاسملو. شڵماشی لە وتوویژ لەگەڵ مێدیاکان داوای لە بەشی قەزایی ئوتریش کرد کە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملو زیندوو بکرێتەوە. ئەو کوتی ئێمە داوای ئیجرای عەدالەت دەکەین بۆ ڕێبەرەکەمان قاسملو. ئوتریش دەبێ پابەند بێ بەیاساو پرێنسیپە دێموکڕاتیەکانی خۆی، ئەوە قەتڵێکی سیاسی بوو دادستانی ئوتریش بەرپرسیارە کە لەو تیرۆرە بکۆڵێتەوە.

### ئەوان (کوردەکان) وتوویژ ڕەت ناکەنەوە

شڵماشی دادگای میکۆنۆسی لە ئەڵمان وەک نمونەیەکی بەرچاو هێنایەوە. لەوێ ساڵی ١٩٩٧ لە قەتڵێکی هاوشێوەدا بکوژەکانیان مەحکوم کرد. دادگای ئاڵمان ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە بڕیاردەرانی ئەو تیرۆرە ناساند.

خەبات بۆ مافی زیاتری کوردەکان لە ئێران، دوای کوشتنی قاسملو بەردەوام و درێژەی هەبو و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تا ئێستاش هەر ئامادەگی تێدایە بۆ وتووێژ. شڵماشی ئێمە وەک پرێنسیپ وتوویژ هیچکات ڕەت ناکەینەوە، چونکە هیچ کێشەیەکی سیاسی بە شەڕ و ڕێگای نیزامی چارەسەر نابێ. بەڵام بەداخەوە ڕژیمی ئێران تا ئێستاش پرسی کورد بە چاوی ئەمنییەتی هەڵدەسەنگێنێ و هەڵس و کەوتی دەگەڵ دەکات. لە ڕێکەوتی مانگی سیپتامبری ٢٠١٨ دا ئێران هێرشی موشەکی کردە سەر بنکە و بارەگاکانی دوو لایەنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی باکوری عێراق. لەو هێرشەدا ١٦ کەس گیانیان لەدەست دا کە لە نێو قوربانیەکان دا ٦ کەسیان ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوون. شڵماشی کوتی ئێمە پێشنیاری ووت و وێژ و ڕێگا چارەی سیاسی دەکەین و ئەوان بە کوشتن و برین وەڵام دەدەنەوە. لایەنەکەی دیکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێ دەچێ ئێستاش شەڕی چەکداری لە بەرنامەی دا هەبێ. پێتوایە پێشمەرگەکانیان ببن بە بەشێک لە هێزی نیزامی ئەمریکا؟

### شڵماشی کوتی:

ئێمە هەمو حیزبەکان لەسەر یەک هەڵوێستین کە بە نوێنەرایەتی هیچ لایەنێک شەڕ ناکەین. ئێمە کومیتەیەکی

هاوبەشمان پێک هێناوە بۆ هەل و مەرجێک کە ئەگەر دەرفەت ڕەخسا بۆ وتووێژ دەگەڵ ڕژیم یان ئەوە کە هەل و مەرجێک بڕەخسێ بۆ گەڕانەوەی هێزەکان کە بتوانین بە یەکەوە ئیدارەی کوردستان بکەین.

### نان لە جیاتی چەکی ئەتۆمی

خەڵک ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە ڕژیم بێزارتر دەبن. خەڵکی ئێران چەکی ئەتۆمیان ناو بەڵکو نان و ژیانیان دەوێ. ئەوان لایەنگری شەڕو کێشە لەگەڵ ئیسرائیل نین، ئەوان خوازیاری پێڕاگەیشتن بە قوتابخانە و نەخۆشخانەکانن، نەک ئەوە کە سەروەت و سامانی ئێران سەرفی گروپە تیرۆریستیەکان لە عێراق و یان لوبنان بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی ٢٠ی جوولای ٢٠١٩

---

## لە وڵاتی فینلاند سمینارێک لە ٣٠ ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو هاورێیاندیدا بەرێوەچوو



ڕۆژی شەممە ٢٠ - ٧ - ٢٠١٩ لە شاری تورکووی وڵاتی فینلاند بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە کوردستانیانی نیشتەجێ لە فینلاند سمینارێکی سیاسی لە دوو پانێلدا بۆ هەریەک لە بەرێزان قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دوکتور هێمن سەیدی شرۆڤەکاری سیاسی بەرێوەچوو.



سەرچاوە
Serchawe

لەم سمینارەدا جیا لەوەی نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان، چەندین کەسایەتی فینلاندیش وەک( سێپۆ لەهتۆنێن )جێگری سەرۆکی شارەوانی شاری تورکوو وێرای چەند ئەندامی شارەوانی، هەروەها ( سارا سۆفیان) ئەندام پارڵمان لەم سمیناری ٣٠ ساڵەی تیرۆری ویەن بەشدار بوو.

سەرەتای بەرنامەکانی ئەم سمینارە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێ دەنگی ڕاگرتن بۆ ریز گرتن لە سەرجەم شەهیدان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد . پاش وتەی بەخێرهاتنی ئامادەبووان،نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کورد وفینلاندیەکان پێشکەش کرا.

لە برگەی سەتای سمینارەکەدا هەریەک لە بەرێزان( سێپۆ لەهتۆنێن )جێگری سەرۆکی شارەوانی شاری تورکوو هەروەها (سارا سۆفیان) ئەندام پارڵمانی فینلاند هەر یەکەو لە دوو برگەی کورتدا چەن خولەکیک لەسەر کوردو ئاشنابوونیان بەم نەتەوە و کولتورەکەی و هەروەها ئاشنابوونیان لەگەڵ ئەو گرفت و کێشانەی کورد لەگەڵی بەرەو رووە ئەوان پیی ئاشنان.

لە پانێلی یەکەمی ئەم سمینارەدا دوکتوور هێمن سەیدی شروڤەکاری سیاسی باسێکی پێشکەش کرد لە ژێر ناوی تیرۆری دوکتوور قاسموو لە خوێندنەوەیەکی دوبارەی شورسی ١٩٧٩دا.

بەرێزیان لە باسەکەیدا کە بەشێووەیەکی دیکۆمێنتاری ئاورێکی وردی لەسەر ئەو زەمینە و هەل و مەرجانە دایەوە کە پێش شورشی گەلانی ئێران و دوای ئەو لە ئێران و کوردستان لە ئارادابوون.

بەرێز سەیدی، ئاماژەی بەوەدا کە لە ئێران دا شۆرێک بەرێوەنەچوو بەڵکوو شۆرشەکان لە ئێراندا بەرێوەچوون. بەرێزیان پییان وابوو ئەوەی لە کوردستان و تاران روویاندەدا خاڵی هاوبەشیان نەبوو، لە کوردستان بزوتنەوەکان چەپ و دێمۆکرات نوێنەرایەتی خەڵکیان دەکرد و چەپ و دێمۆکرات متمانەی خەلکیان بەدەست هێنابوو. بەڵام لە تاران ئەمە راست پێچەوانەبووهەموو شتێک بەرەو بە ئیسلامیکردن دەچوو.

دوکتوو هێمن سەیدی لە بەشیکی دیکەی باسەکەیدا تیرۆری دوکتوور قاسموو،ی لە خوێندنەوەیەکی دوبارەی شورشی

١٩٧٩دا بەراوردی زۆریّ لە سیاسەت و هەڵوێست باوەرو ئامانجەکانی کورد لەگەڵ دەسەڵاتداران لە تاران کرد. بەریزی پێیان وابوو ئێمە دەبێ شانازی بە رابردووی خۆمانەوە بکەین چون شورشی کورد زۆر کراوە و دیمۆکراتیک بوو، دواکانی داوای سەردەمیانە و پرلە بایەخی ئینسانی بوون، بۆیە تاران لە زۆر بواردا داوای لێبوردنێک بە کوردو شۆرشەکەی قەرزدارە.

بە شی دووهەمی سمینارەکە کە پاش ١٥ خەلەک پشوو دەستپێکردەوە و سەرەتا هەڵبژاردەیەک لە قسەکانی دوکتوور قاسملووی نەمر بۆ ئامادەبووانی سمینارەکە بلاو کرایەوە.

پاشان هونەرمەندانی لاو و میوزیک ژەن دیارو پێشەوا میرسەیدی پارچە میوزیکێکی تایبەتیان بۆ ٣٠ ساڵەی تیرۆری ڤیەن پێشکەش کرد و جێی ڕەزامەندی بەشداران بوو.

پانێلی کۆتایی سمینارەکە دیاری کرابوو بۆ بەرێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بەرێز قادر وریا بە ئاماژە بە قۆناغی پر هەوراز و نشێوی ژیانی سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، رۆل و نەخشی دوکتوور قاسملوو لە جومگە و کۆلەکە ئەساسیەکانی ژیانی سیاسی حیزبی دێمۆکرات بەرز نرخاند.
بەرێزیان باسیان لەوە کرد، لە سەردەمێکدا د.قاسملوو دێتە ناو ژیانی سیاسی حیزبی دێمۆکرات کە رێبەرایەتییەکەی پرش بلاون یا لە ژینداندان یا لە ئاوارەیی، بەلام د.قاسلموو بەو توانایی و لێوەشاوەیی خۆی جارێکی دیکە رێبەرانی ئەم بزوتنەوەیە ساغ دەکاتەوە شکلی پێ دەدا.

بەرێز وریا لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە نەخشی دوکتوور قاسملوو تەنها ساغکردنەوەی حیزبی دیمۆکرات نەبوو، بەڵکوو نەخشێکی بەرچاو و چارونووسسازی لە نوێکردنەوەی حیزبی دێمۆکراتدا هەبوو.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا قادر وریا ئاماژەی بەوەدا کە نابی نەخشی دوکتوور قاسملوو چووک بکەینەوە تەنها لە حیزبێکدا و کاریگەریەکانی لەسەر کۆی خەباتی رزگاری خوازی نابێ نادیدە بگیردرێ.کەسایەتی و شارەزایی

ئەو لەسیاسەت و گۆڕەپانی سیاسی کورد لە ئێران و تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستاندا ئەویان کردبوو بە کەسایەتیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی.

قادر وریا لە درێژەی باسەکەیدا کوتی: نابێ نیگەران بین یا دژکردەوەی توندمان هەبێ بەرانبەر بەو کەس و لایەنانەی رەخنە لە دوکتوور قاسملوو دەگرن، هەموو ئینسانێک بەتایبەت کە ئەرک و بەرپرسایەتی لە ئەستۆ بێت دوور لە کەم و کورتی و رەخنە نیە. بەرێزیان پێی وابوو رەخنە گرتن بەو مانایە نیە کە خزمەتە زۆرو زەوەندەکانی شەهید دوکتوور قاسملوو بە حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی کورد بەگشتی کەم رەنگ بکرێتەوە، بەڵکوو بۆ دەرس لێوەرگرتن و بەرچاورونی زیاتر بۆ خەبات و تێکۆشن بێ.

لە کۆتایی باسەکەیاندا قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات باسی لە کاریگەری شێوازی شەهید بوونی دوکتوور قاسملوو کرد کە لە ویژدانی هەر ئینسانێکی ئازادیخوازدا بەتایبەت ئازادیخوازی کورد دا دەمێنێتەوە، چون ئەم تێرۆرە ناجوامێرانە و فیلبازانە بوو. ئەم تێرۆرە جۆرێک لە تەحقیری نەتەوایەتی نەتەوەیێک بوو. رێبەرێکی کورد بە باوەری ئاشتی و ئازادی لە سەر مێزی دیالۆگ بە غەدر و ناجوامێرانە شەهید بکرێ.

سمیناری ٣٠ ساڵەی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەر پاش نزیک بە ٣ کات ژمێر کۆتایی هات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان - کومیتەی فینلاند

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی ٢١ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی ئاکسیۆنێکی بەرین لە ٣٠ ساڵەی تیرۆری ویەن دا لەبەر پارلەمانی ئوتریش




بەڕێوەچوونی ئاکسیۆنێکی بەرین لە ٣٠ ساڵەی تیرۆری ویەن دا لەبەر پارلەمانی ئوتریش

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٨ی = ١٢ی جوولای ٢٠١٩

هەتاوی بەرامبەر ١٢ی جولای ٢٠١٩ی زایینی، لە ٣٠هەمین ساڵەوەگەڕێ شەهیدکرانی ڕێبەری زانا و بلیمەتی گەلەکەمان دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و کاک عەبدووڵا قادری ئازەر و دکتور فازڵ ڕەسووڵ بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، خۆپیشاندانێکی بەربڵاو لە شاری ویەن ی پایتەختی ئوتریش بەڕێوەچوو.

سەدان کەس لە دێژە پێدەرانی ڕێبازی شەهیدان، هۆگرانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان کە لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپاوە ڕوویان لە ویەنی پایتەختی وڵاتی ئوتریش کردبوو، هەروەها نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی

سیاسی کوردستانی و ئێرانی و ئوتریشی و دەیان کەسایەتی سیاسی کورد و بێگانە، بە مەبەستی سەرکۆنە و ڕیسوا کردنی تێرۆری ناجوانمێرانەی ڕێبەر و سەرکردەی زانا و بلیمەتی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەردەم بینای پارلەمانی ئوتریش کۆبوونەوە.

سەرەتای خۆپیشاندان بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کە لە لایەن کۆڕی سروودی حیزبی دیموکراتەوە خوێندرا و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامەکە، هاوڕێیان پەرۆش ئالانی و سکالا حەکیمزادە بەخێرهاتنی ئامادە بووان کرا.

بە دوای ئەو دا هاوڕێ بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات وتارێکی پڕنێوەرۆکی بە زمانی ئینگلیسی لە پەیوەندی لەگەڵ تێرۆری ناجوانمێرانەی ڕێبەری کارامە و لێهاتوومان دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و چۆنیەتی کردەوەکە و سات وسەودای حکومەتی ئوتریش لەگەڵ ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی پێشکەش کرد. بەڕێز شەڵماشی لە بەشیکی دیکەی وتارەکەی دا بە ئاماژە بە تێروری حکومەتی و نێودەوڵەتی ڕژیمی تاران، ئاماژەی بەو کردەوە تێروریستیانە کرد کە هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات، بە شێوەیەکی سیستەماتیک و پلان بۆ داڕێژراو لە لایەن پلەبەرزترین کەسایەتییەکانی ئەو حکوومەتەوە، هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەر دەسەلاتییەوە بۆ چاوترسێن کردن و سڕینەوە فیزیکی دژ بەرانی خۆی بە کاری هێناوە، کە بە داخەوە سەرەڕای بوونی بەڵگەی حاشا هەڵنەگر، بەڵام هێشتا ڕای گشتی نێودەوڵەتی گوێی خۆی لێ ئاخنیوە و یەکێک لە بەڵگە حاشا هەڵنەگرەکانیشی تێرۆری ڕێبەر قاسملوو و کاک عەبدوولا قادر و کەسایەتی سیاسی دکتور فازیل ڕەسووڵ،ە.

بەڕێز شەڵماشی داوای لە ڕای گشتی ئوروپا و حکومەت و دەسەڵادارانی وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد کە لەوە زیاتر لە ئاست سەرەڕۆییەکانی حکومەتی ئێراندا بێدەنگ نەبن و هاوکات لە ٣٠یەمین ساڵەوەگەڕی تێرۆری وییەن و شەهید کرانی دکتور و قاسملوو و هاوڕێیانی دا بۆ جارێکی دیکە پەروەندەی ئەو تێرۆرە بێننەوە ڕۆژەڤ و هەوڵی ڕاپێچ کردنی پلان داڕێژان و ئەنجامدەرانی کردەوە قێزەونە بۆ بەردەم دادگا و عەداڵەت بدەن.

ئینجا هاوڕێ عەلی مازووجی بەرپرسی پەیوەندییە نێودەڵەوتییەکانی حیزبی لە وڵاتی ئوتریش وتاری کومیتەی ئامادەکاری ڕێوڕەسمی ٣٠ ساڵەی تێرۆری وییەنی بە زمانی ئاڵمانی پێشکەش کرد. بەڕێز عەلی مازووجی لە وتارەکەیدا باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە پرۆسەی شەهید کرانی د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە وییەنی پایتەختی ئوتریش و لە لایەن دیپلۆماتی تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی و چونیەتی سات و سەودای حکومەتی ئوتریش لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ئازادکردنی تێرۆرسیتتەکانی کرد. بەڕێزیان باسی لەو هەوڵانە کرد کە بە درێژایی ئەو ٣٠ ساڵە بۆ زیندوو کردنەوەی دۆسییەی ئەو تێرۆرە دراون کرد و باسی لە کەمتەرخەمی و خەمساردی دەسەڵات دارانی ئوتریش چ لە کاتی رووداوی کارەساتەکەدا و چ لە ئیستادا کرد. داوای لە حکومەتی و پارلەمانی ئەو وڵاتە کرد کە گوێ بۆ داواکاری ملیۆنان خەڵکی ئازادی خواز و ماف خواز ڕاگرن کە داوای بە سزا گەیاندنی کاربەدەستانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانن لە بەردەم دادگایەکی بێلایەنی نێودەوڵەتی دا کرد.

به دوای ئەو دا بەڕێز و تێکۆشەر، سیاسەت مەدار و ئەدیبی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا عەبدوولا حەسەنزادە کە بە درێژایی دەیان ساڵ، یەکێک لە نزیکترین یاران و هاوڕێیانی ڕێبەری شەهید دکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو، وتارێکی پوختی پێشکەش کرد. بەڕێز مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی وتەکانی دا گوتی:

هاونیشتمانانی خۆشەویست!

دۆستانی دکتور قاسملوو!

هاوبیران، هاوڕێیان و قوتابیانی دکتور قاسملووی نەمەر!

بوونی من لێرە دوو هەستی زێدە بە یەکم دەداتێ. یەکیان ئەوەی کە لە شارێکم، لە وڵاتێکم کە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا مامۆستایەکی گەورە و ڕێبەرێکی مەزن، ڕفیقێکی خۆشەویست و دۆستێکی لەمێژینە، یەعنی دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و کاک عەبدوولا قادری ئازەرو دکتور فازڵ ڕەسووڵ،م لە دەست دا.

هەستی خۆشییەکەم ئەوەیە کە دەبینم لە ڕۆژێکی ئاوا دا بە سەدان کەس لە هاوبیران و هاوفیکر و ڕێبوارانی ڕێی قاسملوو لێرەن و من و لە نێوانیان دام، بە دیداریان شاد دەبمەوە و هەرئەوەش نا، ئەوانە هاتوون بۆ گەیاندنی دوو پەیام، پەیامی یەکەم ئەوەیە کە ئەو ڕێبازە، ئەو فیکر و ئەندیشەی کە دکتور قاسملوویان بۆ شەهید بوو

هەر زینــدوون و هەربەرقەرارن و ئەوانەی قاسـملوو، یـان لای شـاگردانی قاسـملوو دەرسـیان خوێنـدووە لە سـەر پەیمانەکەیان وەفادارن.

پەیــامی دووهەم ئەوەیە کە لە ویژدانــی میللەتــی کــورد دا، لە ویژدانــی ئینســانە مەســئوول و ئازادیخوازاکانــدا نەبەستراوە. ئەمڕۆش نەبێ ساڵێکی دیکەش نەبی، دە ساڵی دیکە ئەو پەروەنـدەیە بە ئـاوەڵایی دەمێنێتەوە، تـا ئەو کاتەی بە هیممەتی هەموو خێرخوازان و هەموو ئینسـانە باشـەکان، پەروەنـدەی دوکتـور قـاسملوو و هاوڕێیـانی وەکوو دوکتور سەعید و هاوڕێیانی بە ریسوایی تەواوەتی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ دێ.

بە دوای وتەکانی مامۆستا دا دۆستێکی گەلەکەمان دکتور "پیتر پیلتس" کە پتر لە هەموو کەس خۆی بە پەروەندەی تیرۆر کرانی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانیەوە خۆی ماندوو کردووە، چەند وتەیەکی بەکەڵکی پێشکەشێ ئامادە بووان کرد. ناوبراو باسی لە چۆنیەتی ئەو سات و سەودایە کرد کە حکومەتی ئەو کـاتی ئوتریش لەگەڵ کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ پەردەپۆش کردنی ئەو مەسەلەیە ئەنجامی دابوو.

ئینجـا خـاتوونێکی سیاسـەت مەدار و ئـازادیخواز بە نـاوی خـاتوو بێریڤـان ئەسڵان، کە چەنـدین سـاڵ لە نـاو پەرلەمـانی ئەو وڵاتە دا داکۆکی لە کەیسی دکتـور قـاسملوو و هاوڕێیـانی کـرد چەنـد وتەیەکی بەرخی بە زمـانی ئاڵمانی پێشکەشی بەشداران کرد.

دوابەدوای ئەو کەسـایەتییەکی ناسـراو ودۆسـتێکی دیرینـی گەلەکەمـان و دژبەرێکـی ناسـراوی سیاسـەتەکانی ڕژیمـی ئیسلامی ئێران و بەرپرسی ڕێکخراوی "ستوپ دە بۆمب" دکتور شتیڤان گیرگات چەند وتەیەکی بەنرخی سەبارەت بە کەیسی شەهیدانی وییەن و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ڕژیمی ئیسلامی پێشکەش کرد.

ئینجا کەسایەتییەکی ناسراو و داکۆکی کارێکی بەردەوامی مافی نەتەوە بندەستەکان و سەرۆکی ڕێکخراوی "پەنابەر لە قەیـران دا" بەڕێـز "میکاییـل گییێـر" پەیـامێکی پـڕ نێوەرۆکی پێشکەشی ئامـادە بـووان. پەیـامەکەی ئەو بەڕێـزە هەڵگری پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی و پشتگیری بۆ دۆزی ڕەوای کورد و بە ئاوڕدانەوە لە دۆسییەی تیرۆری دکتور قاسـملوو و هاوڕێیــانی، هاوکـات لەگەڵ سـەرکۆنە کردنــی مـامەڵە و سـاتو سـەودای حکـومەتی ئـوتریش، داوای

سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی ئەو دۆسییەی کرد و هیوای خواست کە هەموو خێرخوازان و کەسانی خاوەن هەڵویستی ئوتریشی جیهانی بۆ پشتگیری لە داوای رەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد بێنە دەنگ.

پاشان بەڕێز "دیدی تساخ"، کەسایەتی ناسراوی ئوتریشی و یەکێک لە پشتیوانانی گەلی کورد و سەرۆکی حیزبی کمۆنیستی ئوتریش بە پێشکەش کردنی وتارێک دەنگی خۆی خستە پاڵ خۆپیشاندەرانی ڕێورەسمی ۳۰ ساڵەی شەهید کرانی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و داوای سەرلەنوێ زیندوو کردنەوەی پەروەندی تێرۆری وییەنی کرد. بەڕێزیان باسی لە هۆکارەکانی چاوپۆشی و داخستنی پەروەندەی ئەو تێرۆرە لە لایەن حکومەتی ئوتریشەوە کرد و هاوکات بە ئاماژەی ناوی ئەو کەسانە کرد کە لەو مامەڵە و سات و سەودا سیاسییە دا لەگەڵ حکومەتی ئێران بەشدار بوون. بەڕێزیان داوای لە حکومەتی ئوتریش کرد کە بە پەلکێش کردن ئەو کەسانەی هۆکار بوون بۆ داخستنی ئەو پەروەندەیە، خزمەت بە دیموکراسی و بە دەست هێنانەوە ئێعتباری سیاسی وڵاتەکەیان بدات.

کەسایەتێیەکی دیکەی ئوتریشی بە ناوی "نیکۆلاز کوسرات" ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی شاری وییەنی گەورە و یەکێک لە ناسراوترن کەسایەتییەکانی ئەو وڵاتە کە بەردەوام لە وتار و نووسینەکانی دا داکۆکی لە مافی نەتەوە بندەستەکانی گەلی کورد کردووە، وتارێکی زۆر ورد و پڕ ناوەرۆکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان بە هێنانەبەرباسی مافی مرۆڤ و یاسا و ڕێسا ناسراو و دانپێدانراوە نێودەوڵەتییەکان، ئاوڕی لە پەروەندەی تێرۆری وییەن و هەموو کردەوە تێرۆریستیانە دایەوە کە لە لایەن حکومەتی تێرۆرسیت پەروەری ئێرانەوە ئەنجام دراون. بەڕێزیان باسی لەوە کرد کە دەبێ بە گوێرەی ئەو یاسا نێودەوڵەتییانە کە لە مەنشووری نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ دا ئاماژەیان پێکراوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

پاشان نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئوتریش بەڕێز "حەمە کەریم" پەیامی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لە وڵاتە پێشکەش کرد.

ئینجا پەیامی مەڵبەندی کوردی فییەن لە لایەن نوێنەری ئەو ڕێکخراوە خوێندرایەوە.

بە دوای ئەواندا هاوڕێ کەمال حەسەنپوور پەیامی ڕێکخراوی سوسیال ئینتێرناسیۆڵ،ی خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە دا پەیامی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران خوێندرایەوە. پاشان هاوڕێ حەسەن حاتەمی پەیامی شۆڕای دیموکراتی خوازانی ئێرانی خوێندەوە. پەیامی کومیتەی دەرەوەی ولاتی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو سەیران بایزیدی،یەوە خوێندرایەوە. بە دوای ئەو دا پەیامی کۆمبەندی هەمبەستەگی بۆ ئازادی و پارتیبەرابەری لە ئێران لە لایەن عەبدولقەیووم ویداد،وە پێشکەش کرا.

پێویست بە ئاماژەیە کە دوو تێکۆشەری ناسراوی حیزبەکەمان، هاوڕێیان "عەلی سوورەچۆمی و مامۆستا ئەحمەد ڕەحمانی" بە خوێندنەوەی دوو پەخشان و هۆنراوە هەستی پاکی خۆیان لە ٣٠ سالەی ئەو تیرۆرە ناجوانمێرانەیە دا دەربڕی.

لە کۆتایی ئەو ڕێورەسمە دا بەرێز حەمەرەسووڵ کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدک و بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوەی ولات چەند وتەیەکی وەک سوپاس و ڕێزلێنان لە بەشداربووان و بەرزنرخاندنی ئەو ڕۆژە و هەروەها داواکارییەکانی خۆپێشاندەران و بەشداربووان لە دادگا و خەڵکی ئوتریش و ناوەندی دەسەڵاتداری ولاتی ئوتریش و پارلەمان باس کرد و سەبارەت بە دۆسیەی شەهید دوکتور قاسملوو و هاورێیانی چەند وتەیەک پێشکەش کرد و گووتی کە داواکارییەکانی حیزب و بەشداربووان بە نووسراوە تەحویلی چەند ئۆرگانی تایبەتی و دەسەڵاتدار و چەند کەسایەتی گەیشتووە و دواتر سوپاسی حیزبی دێموکراتی کورددستانی بۆ هەڵوێستی هەموو لایەنەکانی دووپات کردەوە.

لە کۆتایی ئەو ئاکسیۆنە دا بڕیارنامەیەک بە ناوی خۆپیشاندەران و بەشدارانەوە لە چەندین خاڵ دا تەنزیم کرا و ڕادەستی سەدری ئەعزەم، سەرۆک کۆمار و پارلەمانی ئوتریش کرا. پێویست بە ئاماژەیە کە ئەو بڕیارنامەیە واژووی دەیان حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی، ئێرانی و ئوتریشی لە سەر درا بوو و تێیدا داوا لە حکومەتی ئوتریش و بە تایبەت دەزگای دادوەری ئەو ولاتە کرابوو کە پەروەندی تێرۆری ویەن بۆ جارێکی دیکە زیندوو بکرێتەوە.

ئەوەش دەقی بڕیارنامەکەیە:

## بڕیارنامەی خۆپێشاندەرانی بەردەم پارلەمانی ئوتریش

کۆبۆنەوەیٚ ئیحترازی ڕۆژی ١٢ - ٧ - ٢٠١٩ کاتژمێر ١٤,٠٠

### کردەوەی تیروریستی لە ناوەڕاستی وییەندا

خانمان و ئاغایانی بەڕێز، دووستانی خۆشەویست،

تەواو سی ساڵ لەمەو بەر لە گەرەگی سێ شاری وین، سێ سیاسەتمەداری کورد ، دووکتور عەبدولرەحمانی قاسملو، عەبدولا قادری ئازە ر و دوکتور فازل رەسوڵ، لە سەر میزی وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیکەوتنە بەر دەستریژی گۆلەی بە ناو نوێنەر و لە ڕاستی دا تیروریستانەی رژیمی ئیسلامی ئێران و گیانیان لە دەست دا.

هەڵبەت ئەو جینایەتەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نە یەکەم جینایەت و نە دوایین جینایەتیشیان بو. تەواوی مێژووی چل ساڵەی حاکمییەتیرژیمی ئیسلامی ئێران پرە لە جنایەت و کوشتن و برین. لە لای زۆربەی خەڵک ئاشکرایە کە لە و ماوەیەدا بە سەدان هەزار ئیسان یا ئیعدام کراون و یا بەشێوەیەکی درندانەی دیکە لە ناو براون. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩١ تا ١٩٩٧ تەنیا لە کوردستانی عێراق پتر لە ٤٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزبە کوردیەکانی کوردستانی ئێران لە ئاکتسیونەکانی تیروریستی رژیمی ئیسلامی ئێران دا لە ناوچوون. لە ژیانی رۆژانەی ئێران دا کردەوەی وەکی سەنگەسار کردن و شەلاق لێدان و موجازات کردن بە شێوەکانی دیکە و حەتا هەڵاوەسینی خەڵک لە مەیدانە گشتیەکان دا و لە بەر چاوی خەڵک، شتێکی ئاساییین.

دەبێ بڵێین کە شێوەی حاکمیەت لە ئێران دا سیستمی خەلافەتی تەواو عەیارە کە ڕێبەریەکەی لە دەستی مەلایەکی ئاینی دایە کە بە "وەلی فەقیە" دەناسرێ و خۆی بە وەکیلی خوا لە سەر ئەرز دەزانێ و بە دەسەڵاتێکی بێ

سنورەوە لە لۆتکەی ئەو سیستیمە دا جێگیر بووە. قانونی موجازاتی ئەو سیستمە سەرچاوە لە ئیدەئۆلۆژیەکی وشکی مەزهەبی بە ناوی شەرع دەگرێ کە پابەندی هیچ قانونێکی مرۆڤدۆستانەی نێونەتەوەیی نییە و لە رادە بەدەر وحشیانەیە. لە قانونی سەزایی دا حکومەتی کۆماری ئیسلامی سەزای بەدەنی وەکی قامچی لێدان و سەنگسساری ژنان و کوشتنی ژن و پیاوان بە خاتری لادانی جنسی و برینەوەی دەست و پێی مروڤەکان وەک سەزادان لە سەر دزی و ئیجراکردنی عەمەلی قەساس، بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئێراندا بەرێوە دەچن. پێویستە بگۆتری کە جنایەتەکانی داعەش کۆپیەکی سەد دەرسەدی لە کردەوەکانی رژیمی ئیسلامی ئێرانن.

سزادانی دژبەرانی سیاسی جمهوری ئیسلامی ئێران زۆر سەختتر و وەحشیانەترە. ئەندامانی ئەحزابی کوردی لە لایەن ئێرانەوە بە "موفسید و فیل ئەرز و دژبەری خودا" دەناسرێن. بە پێی قانونی سەزایی ئێران ئەوانە دەتواندرێ بە چوار شێوە مجازات بکرێن: کوشتن بە گوللە، هەڵاوسین بە دارەوە، قەتعی قۆڵی چەپ و رانی راست و یا تەبعیت بۆ جێگایەکی دوور. سێ شێوەی ئەوەڵ زۆرجار لە ئێران بەرەیوە چوون. ئەو ئەعماله جنایەتکارانە وەکی دەزانن رێکاری سازمانی تیروریستی داعەشیشە، کە لە دنیادا دەنگی داوەتەوە.

ئەورۆ ئێمە لێرە کۆبوینە وە بۆ وەبیرهێنانەوەی یەکێک لە سامناکترین جینایەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی . لە ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ دا گروپێک لە تیروریستەکانی ریژیمی ئیسلامی ئێران دوکتور عەبدولرحمانی قاسملو و عەبدولای قادری ئازەر و دوکتور فازل رەسولیان لە سەر میزی ووت و وێژ تیرۆر کرد. ئەو سێ دیپلۆماتکارە کوردە بەو هیوایەوە لە گەڵ بە ناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشتبون کەچارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد لە ئێران دا ببیننەوە. بەڵام مخابن بەرنامەی دەستەی نوێنەرایەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی کە شتێک نەبو جگە لە گروهێکی کۆماندۆیی تیرۆر، تەنیا و تەنیا لە داو خستن و تیرۆر کردنی دوکتور قاسملو و هاوڕێکانی بو. لە هەموی ناخۆشتر و دوور لە چاوەڕوانیتر کردەوەی دەوڵەتی ئوتریش بو لە بەرامبەر ئەو جینایەتە سامناکە دا. هەرچەند لەرۆژی ئەوەڵ دا تیرۆرستانی بکوژلە لایەن پولیسی ئوتریشەوە دەستبەسەر کران و بردرانبۆ لێپرسینەوە. کەچی دە دوایی دا بێ ئەوەی بدرێن بە دادگا و لێپرسینەوەی قانونیان لە گەڵ بکرێ، ناردرانەوە بۆ سەفارەتخانەی رژیمی ئیسلامی ئێران. پاش چەند رۆژانیش بەداخەوە تیروریستەکان لە نێوەڕاستی دنیای ئازاد و دێموکڕاتیکەوە لە لایەن پولیسی ئوتریشەوە بەرەو فرۆکەخانە ئیسکۆرت کران و ناردرانەوە بۆ ئێران. کردەوەی نەشیاوو دوور لە قانونیی حکومەتی ئوتریش و وەزارەتی دادگوستەریەکەی بوو بە هۆی هاندرانی سەرانی ریژیمی

ئیسلامی کە لەدەرەوەی وڵات درێژە بە کردوە تیروریستیەکانی خۆیان بدەن. کەتیروری دووکتور سادقی شەرفکەندی وهاوڕێیانی لە شاری بێرلینی ئاڵمان دەکرێ وەک بەرئەنجامی ئەوە ببینرێ کە رژیم بۆ کاری تیروریستی دەستی ئاوەڵا کرابوو.

ئێستاش ڕژیم بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەر تیرۆر و کوشت و کوشتاری موخالیفانی بەردەوامە. دوای هاتنە سەرکاری حەسەنی روحانیش وەکی سەرۆک کۆمار کە زۆر بەڵێنی بەدرۆی دابو، هەل و مەرجی مافی مروڤ لە ئێران دا بەرەو خراپتریش رۆیشتوە. رادەی زینـدانیانی سیاسی بەنـدکراو و ئێعدام کردنیـان چۆتە سەرێ. پشتیوانی کـردن لـە رێکخراوە تیرۆریستیەکان هەر لـە عێراقـەوە تـا یەمەن بەردەوامە. کـردەوەی تیرۆریستی دژی کـورد بـە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە. هەروەک دانانەوەی بۆم لە بنکەی دەفتەری سیاسی کە ٥ کەس بونە قوربانی، موشەکبارانی کۆبونەوەی کومیتەی ناوەندییی حیزب لە کۆیەی کوردستانی عێراق کە ١٦ کوشتەی لە رێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی لێ کەوتـەوە و چەنـدین تیـرۆری دیکە. کاربەدەسـتانی ئێـران رووی خـۆش بە وڵاتـانی غەربـی نیشـان دەدەن و دەگەڵ ئەوان دەوتـوویژ دان، بەڵام لە ژێـرەوە خەریکـی دروستکردنی چەکی قورس و بەرنامەی ئەتومی خۆیـانن. مـاوەێ سـاڵێکە کە وڵاتـی ئەمریکـا لە قەراردادی بەرجام هاتوتە دەر و ئێرانـی لە بـاری ئابوریەوە بە تونـدی ئـابڵوقە داوە، سوپای پاسدارانی وەکـی هێزێکـی جنایەتکـار خستوتە نـاو لیستی تیرۆرەوە. سوپای پاسداران دەراستیدا دەستی لە هەمووی ئەو کـردەوە تیروریستیانەی کە لە ناو خۆ و لە دەرەوە وڵات کراوە هەیە و فاکتورێکی زۆر سەرەکی لە ئاژاوەگێری لە ناوچە و لە هەموو دنیادایە.

نەتـەوەی کـورد بە کـردەوە نیشـانی داوە کەلایـەنگری ئاشـتی، پێکـەوەژیان و دێموکراسـی و دژبەری تیـرۆر و نـاعەداڵەتی و جینـایەتە. حەقوایـە هـەر بـەم پێیـەش وڵاتـانی ئـازادو دێمـوکرات و نەتـەوە پێشـکەوتووو قانونمەندەکان پشتیوانی بن و بە وەگەر خستنەوەی پەروەندەی تیـرۆری رێبـەری کوردان دوکتور عەبـدولرەحمانی قاسملو و هاورێیانی یارمەتی بکەن بە ئیجرای عەداڵەت لە کەیسی شەهیدانی وییەن دا، کە لـە ڕاستی دا کەیسی نەتەوەیەکی چل میلیۆنیی بێ بە ش لە هەمو مافێکی ئینسانیە.

هەر لەبەر ئەوەش ئەو حیزب و ریکخراو و کەسایەتیانە وەبیر حکومەتی ئوتریش دهێننەوە کە ئەرکی قانونیی خۆی لە بەرابەر ئەو نەتـەوە زوڵم لێکراوە دا بە باشی راپەرێنی. ئێمە داوا لە وەزارەتی دادگوستەری ئوتریش

دەکەێن کە پەروەندەی تیروری کوردەکان لە شاری وییەن وەگەڕ بخاتەوەو پێداچونەوەی جیددی بۆبکا،تا رژیمی ئێران لە تاران مەجبور بکرێ کەجینایەتکارەکان بۆ موحاکمە تەحویلی وەڵاتی ئوتریش بدا. دەبا عەداڵەت ئیجرا بکرێ و ئەو پەڵە ڕەشە بێعەداڵەتیە لەسەر ئاسمانی وییەن لاچێ.

بۆ ئەو ئامانجە ئێمە کۆبونەوەیەکی ئیحترازی لە رۆژی ١٢,٠٧,١٩ لە هیلدن پلاتس کاتژمێر ١٤ بەرێوە دەبەین و داوای بەشداری هەمەلایەن دەکەین.

ناوی ئەحزابی بەشدار لە ئەو ئاکسیۆنە و هەروەها پشتوانانی ئەو نوسراوەیە:

١- حیزبی دیموکراتی کوردستان
٢- پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (ئۆتریش)
٣- پارتی دیموکراتی پێشرەوی کوردی سوریە
٤- بزوتنەوەی گۆران
٥- کۆمەڵەی کوردی یەزیدی
٦- لالەش، ریکخراوی کوردانی یەزیدی بۆ بە ئێکەوە کارکردن و تێکەڵاو بوون
٧- پ.یە.د، پارتی یەکێتی دیموکراتی (سوریە)
٨- پارتی دیموکراسی و دادپەروەر
٩- مەلبەندی کوردی لە ئوتریش
١٠- پارتی ئازادی کوردستان
١١- پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریە
١٢- حیزبی سوسیالیستی دیموکراتی سوریە
١٣- پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریە
١٤- ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی سورییە (وەک هەویی)
١٥- حیزبی یەکێتی کوردستانی سوریە
١٦- حیزبی شیوعی کوردستان

١٧- کۆمەڵەی فیکوم (رێکخراوی چەتری کوردستان تورکیە)

١٨- حیزب مردم بلوچستان

١٩- یەکێتی ژنانی دیموکرتی کوردستان

٢٠- شارەوانی کورد لە تاراوگە

٢١- ریکخراوی کورد، بوو کولتور، ئەدەبیات و تێکەڵاو بوون

٢٢- حیزبی کومونیستی ئوتریش

٢٣- ستوپ بومب (ئوتریش)

٢٤- بنیادی پەنابری دە بوحراندا (ئوتریش)

٢٥- حیزبی ئێستا (ئوتریش)

٢٦- سەوزەکانی (ئوتریش)

**ئەو کەسایەتیانەش پشتوانی ئێمەیان کردو:**

١- دوکتور پیتیر پیلتس (سیاسەتمەدار)

٢- خانمی دوکتور بێریوان ئەسڵان (سیاسەتمەدار)

٣- دوکتور ئێوا شۆرک هوبیر (نوسەر)

٤- ماجستیر ئاندریاس پاولیچ (نوسەر)

٥- گیرهارد توشلەر (فیلمساز)

٦- ماجستر دیدی تساخ (سیاسەتمەدار)

٧- دوکتور شتیفان گیرگات (ئوستادی زانکۆ و بەرپرسی بنیادی "ستۆپ دی بومب"

٨- میکائیل گێنەر (فەعالی کۆمەڵایەتی و بەرپرسی بنیادی "پەنابەری دە قەیران دا"،

٩- نیکۆلاوز کۆنرات (سیاسەتمەدار، فەعالی کۆمەڵایەتی)

**حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی دەرەوەی وڵات**

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە یادی دوکتور قاسملوو لە شاری هەولێر



حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سییەمین سالیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو ، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی لە شاری هەولێر بەڕێوەبرد.

پاش نیوەڕۆی‌ڕۆژی شەممە ٢٢ی پووشپەڕ کە ڕێکەوت بوو لە گەڵ ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هاوڕێیانی، لە شاری هەولێر ڕێوڕەسمێکی بەربڵاو بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ئەو حیزبە و دەیان کەسایەتی سیاسی و فەرهەنگی و نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی کورد، بەڕێوەچوو.

دوای سروودی ئەی‌ڕەقیب، خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی وییەن، ڕاگەیەندرا.

دوای ئەوەی پێشکەشکارانی ئەو ڕێوڕەسمە، خەدیجە مەعزوور و ناسر پیرۆتی، وێڕای بەخێر هاتن کردن لە مێوانان، پێشەکییەکیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، پەیامی دەفتەری سیاسی، لە لایەن بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندرایەوە.

لە سەرەتای پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژەدان بە پێگەو جێگەی دوکتور قاسملوو



سەرچاوە
Serchawe

لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان و لە ئێراندا هاتبوو؛ گومانی تێدا نیە کە لەدەستدانی ڕێبەرێکی بە توانا و لیهاتووی وەک د.قاسملوو بەو هەمووە کاریگەرییەی لە سەر حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیبوو، بەو ناوبانگ و ئیعتیبارەی لە ئاستی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ولە نێو ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی‌دا بە دەستی هێنابوو، هەر وەها بە سەرنجدان بە ناسراوی و نفووزی لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی جیهاندا، بۆ حیزبی دیموکرات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و بزووتنەوەی کورد، زەبرێکی بەژان و خەسارێکی قەرەبوونەکراو بوو. ڕێبەرانی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە لەداوخستنی ئەو ڕێبەرە گەورەیە و ڕاکێشانی بۆ نێو بۆسەی مەرگ بە ناوی پێشوازی لە پەیامی ئاشتیخوازیی ئەو، بە ئامانجێکی گەورە و لە مێژینەی خۆیان گەیشتن. ئەوان کە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتەکەیان دا پلانیان بۆ تیرۆری د.قاسملوو داڕشتبوو، توانیان یەکێک لە گرنگترین ڕێبەرانی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، بەرامبەر زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی وەستایەوە و خەبات و بەربەرەکانییەکی بەرین و سەرسەختانەی لە کوردستان ڕێبەری کرد، لە نێو بەرن.

لە درێژەی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە ئاوردانەوویەک لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆر و لە ناوبردنی ئازادیخوازانی دێموکرات هاتبوو بەردەوامیی عەقڵیەتی تیرۆر و سەرکوت و ئینکار لە تاران. ڕێژیمێک کە بە ئامانجی وەشاندنی گەورەترین زەبر لە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و مافخوازیی خەڵکی کوردستان، د.قاسملووی تێرۆر کرد، هەتا ئیستاش لە بەڕەسمی ناسین و داننان بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد خۆی بواردوە و لە سەر کوشتن و ئیعدام و سەرکوتی ئازادیخوازانی کوردستان لە نێوخۆ و، کردەوەی تیرۆریستی و دەستدرێژکارانە لە دەرەوەی سنوورەکان دژی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەردەوامە. لە گەڵ ئەوەی نە تیرۆری د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی و دەیان و سەدان تێکۆشەری دیکەی حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات و هێرش بۆ سەر بنکەکان و تێکۆشەرانیان، نە ئیعدام و کوشتنی سەدان و هەزاران لاوی کورد لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، نەبوون بە هۆی دەستهەڵگرتنی گەلی کورد لە داخوازە ڕەواکانیان، ئەم ڕێژیمە لە ڕووبەڕووونەوەی پرسی کورددا، هەر وەک پێشوو پشتی بە سەرکوت وتیرۆر بەستوە. کەمتر لە ساڵێک لەمەوبەر، ڕێبەران و بڕیاردەرانی ئەو ڕێژیمە، داوا و بانگەوازی چارەسەری پرسی کورد بە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیخوازانەیان بە مووشەکبارانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دایەوە و تاوانێکی گەورە و پڕشوورەیی دیکەیان خستە سەر کارنامەی ڕەشی خۆیان بەرامبەر گەلی کورد. بەڵام هاوخەمیی سەرانسەریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە لە تویی مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانانداو، لە مەیدانـدابوونی بەردەوام و پەیتاپەیتایـان بـۆ بەرگـری لە شوناسـی خۆیـان و داواکردنـی مافەکانیان، ناکارامەیی و تێکشکاویی سیاسەتی سەرکوت و درندەیی و زەبر و زەنگیان دووبارە سەلماندەوە.

پاش پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە برگەیەکی دیکەدا بەرێز ئارام مودەرسی پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی کە بەبۆنەی سی ساڵە تیرۆری دوکتور قاسملوو ئامادە کرا بوو پێشکەش کرد.

لە بەشێک لە پەیامی ناوەندی هاوکاریدا هاتبوو: ڕاستە کە نەیارانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان توانییان ئەم ڕێبەرە و ڕێبەرانێ دیکەی بزووتنەوەی کورد بە جەستە لەنێو بەرن و حەزفیان بکەن، بەڵام ئێستاش پاش سی ساڵ بە سەر تێرۆری ڤییەن دا، بزووتنەوەی کوردستان لە سەر تێکۆشان بە مەبەستی مافە ڕەواکانی خۆی هەروا بەردەوام و لەسەر پێیە. ئێستاش سەرەڕای ئەوەیکە دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران هەمیشە هەوڵی داوە پرسی کورد لە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە بخوێنێتەوە و بۆ حاشالێکردن و سڕینەوەی بەردەوام ڕێگای توندوتیژ و ئەمنیەتی دەگرێتە بەر، بەڵام حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وێڕای بەرەنگارییەکی ڕەوای فرەچەشن، دیسانیش پێیان وایە لە کۆتاییدا هەموو کێشەکان لە سەر مێزی وتووێژ چارەسەر دەکرێن.

بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران پاش سی ساڵ تێپەڕین بە سەر تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا، قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە. ئەوەی لە هەموو گرینگترە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەوڵی سیستەمی سیاسی لە تاران کە هەمیشە هەوڵی دەدا لە ڕێگای سەرکوت و داپڵۆسینەوە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان لاواز و بێدەنگ و جووڵە بکات، ئێستا خەباتێکی بەربەرینی جەماوەی لە شکڵی مەدەنی لە ئارادایە. ئەم خەباتە کە ماهییەتێکی عەداڵەتخوازی و نەتەوەیی هەیە، بە شێوازێکی هێمنانە خەریکە بە تەواوەتی ڕیشە دادەکوتێ و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بەربەرینتر دەبێتەوە. ماهییەت و ئامانجی ئەم خەباتە جەماوەرییە کە هەمان شوناسخوازی نەتەوەیی و گەڕان بەدوای ڕێگاچارەی دێموکراتیک یە کسانی خوازانەیە، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە سیاسەت و تێڕوانین و تێکۆشانی حیزبەکان، کاریگەری و شوێنەواری قوڵیان لە سەر ئەم کۆمەڵگەیە داناوە.

لە درێـژەی ئەو ڕیوڕەسـمەدا هەرکـام لە بەڕێـزان عەدنـان مـوفتی: سیاسـەتمەدار و سـەرۆکی پێشـووی پاڕلمـانی کوردستان، ئومێد خۆشناو، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرۆکی فڕاکسیۆنی پارتی لە پاڕلمانی کوردستان، د. کاوە مەحموود، سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان، خاتوو سینەم بەدرخان، دۆستی بنەماڵەیی دوکتور قاسملوو لەسەر کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ ئامادەبووان قسەیان کرد.

دوای پێشکەش کردنی سروودێکی شۆڕشگێڕانە، خاتوو مەهاباد قەرەداغی پارچە شیعرێکی کە بۆ یادی دوکتور قاسملوو ئامادە کرد بوو، خوێندەوە.

لە بڕیگەیەکی دیکەدا هۆنراوەی عەبدوڵڵا حیجاب لە لایەن "ژیهات خوراسانی"یەوە خوێندرایەوە.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا چەند ئاواز و سروودی تایبەت بەو یادە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا و هونەرمەند تاهێر خەلیلی سروودێکی پێشکەش بە یادی ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور قاسملوو کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٩

## لە زێدی لە دایکبوونی "دوکتور قاسملوو" یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە بەرز ڕاگیرا




لە شاری ورمێ بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە چالاکییەکی تەبلیغیدا یاد و ناوی ئەو ڕێبەرە ناوازەیە بەرز ڕاگیرا.

شەوی ٢٠ی پووشپەڕ لە بەرەبەری ساڵڕۆژی کردەوە تیرۆریستییەکەی شاری ڤییەن و شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری ورمێ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

لەو چالاکییەدا لە چەندین گەڕەک و شەقامی بەرچاوی شاری ورمێ کە بریتین لە دەبیرستانی ١٣ ئابان، زانکۆی ئازادی ورمێ، پارکی شار، پارکی فەرهەنگ، شارەکی فەرهەنگیان و چەندین شوێنی دیکە، وێنە و تراکتی تایبەت بە یادی دوکتور قاسملوو بڵاوکرایەوەو بە نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە کۆماری ئیسلامی و بکوژانی قاسملووی شەهید، مەحکوومکران.


کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و دەستخۆشی کردن لە سەرجەم لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، بەتایبەتی تێکۆشەرانی دێموکرات لە گەورە شاری ورمێ ، سڵاویان بۆ دەنێرێ و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی "دزەی مەرگەوەر"، سەر بە شاری ورمێ، بە شێوەیەکی بەربڵاو، تراکت و پۆستێری تایبەت بە یادی ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاوکردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩

---

## لە شاری سەقز یادی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا




لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکان بە بۆنەی ساڵیادی کارەساتی تیرۆری ڕێبەر و تێکۆشەری گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە شاری سەقز یاد و ناوی ئەو ڕێبەرە مەزنە بەرز ڕاگیرا.

شەوی ٢١ی پووشپەڕی ٩٨ هەتاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەقز، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد و لەو ڕێگایەوە بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد و هەروەها لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێبەرانی شەهید پەیمانی وەفادارییان نوێکردەوە.

لە درێژەی چالاکییەکانی خەڵکی دێموکراتدۆستی کوردستان، لایەنگرانی ڕێبازی قاسملوو لە شاری سەقز بە شێوەی بەربڵاو یاد و ناوی دوکتور قاسملوویان بەرزڕاگرت.

لەو چالاکییەدا لە چەندین گەڕەک و شوێنی بەرچاو لە شاری سەقز بە سەدان وێنەو تراکتی تایبەت بەو یادە بڵاو کرایەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەستخۆشی کردن لە خەڵکی دێموکراتدۆستی کوردستان، بەتایبەتی لایەنگرانی چاونەترسی حیزب لە شاری سەقز، هیوای سڵامەتی و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

---

## بۆ دوویەمین جار بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری بانە چالاکیی تەبلیغی کرا




شەوی ٢١ی پووشپەڕ بە بۆنەی ساڵرۆژی تیرۆری ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، لایەنگرانی ڕێبازی قاسملوو لە شاری بانە بۆ جارێکی دیکە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بانە بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تڕاکتی



سەرچاوە Serchawe

پێوەندیدار، وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و ڕێبەری لێوەشاوەی گەلەکەمان، بۆ جارێکی دیکە کۆماری تیرۆریستپەروەری ئێرانیان مەحکووم کرد و، لەگەڵ ڕێباز و ئامانجی شەهیدان بە تایبەتی ڕێبەرانی شەهید، پەیامی وەفادارییان نوێکردەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و دەستخۆشی لە سەرجەم لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، بەتایبەتی تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بانە، سڵاویان بۆ دەنێرێ و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

---

## بەرزڕاگرتنی یادی شەهید عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شاری تیکاب




لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکان بە بۆنەی ساڵیادی کارەساتی تیرۆری قاسملووی ڕێبەر و تێکۆشەر، لە شاری تیکاب سەر بە ناوچەی دێموکراتپەروەری هەوشار یاد و ناوی ئەو ڕێبەرە مەزنە بەرز ڕاگیرا.

شەوی ٢١ی پووشپەڕی ئەمساڵ کە هاوکاتە لەگەڵ سییەمین ساڵی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی،

ئەنـدامان و لایەنگرانـی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لە شـاری تیکـاب، چـالاکیی تەبلیغییـان بەڕێـوەبرد و لەو ڕێگایەوە بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد.

لە درێژەی چالاکییەکانی خەڵکی دێموکراتدۆستی کوردستان، لایەنگرانی ڕێبازی قاسملوو لە شاری زێڕینی تیکاب بە شێوەی بەربڵاو یاد و ناوی دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت.

لەو چالاکییەدا لە چەندین گەڕەک و شوێنی بەرچاو لە شاری تیکاب بە تایبەتی لە گەرەکەکانی ناوباخ و مدرسە امام علی و پشت فرمانداری بە سەدان وێنەو تراکتی تایبەت بەو یادە بڵاو کرایەوە.

هەروەها بەشێکی دیکە لە لایەنگرانی وەفادار بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تیکاب لەم گەڕەک و شوێنانە چالاکییان کردوە کە بریتین لە:

"محلە شریف‌ئاوا، بلوواری ئازادی، شەقامی ئینقلاب، شەقامی خومەینی، ١٧ شەهریوەر، پارکی جەنگەڵی میللەت، بلووار تەخت سوڵیمان، جادەی ساحلی"

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەستخۆشی کردن لە خەڵکی دێموکراتدۆستی کوردستان، بەتایبەتی لایەنگرانی چاونەترسی حیزب لە شاری تیکاب و ناوچەی هەوشار، هیوای سڵامەتی و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ جارێکی دیکە بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری سنە چالاکی کرا




دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سنە بە بۆنەی ساڵیادی تیرۆری ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

شەوی ٢٠ی پووشپەڕ لە چالاکیکی دیکەی ئەندامان و لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سنە، دارودیواری گەڕەکەکانی، "شەریفاوا، تەکیە و چەمەن، بلوار، موارک ئاوا، غەفوور، شارەکی کەشاوەرز، شارەکی زاگروس و حەسەن ئاوایان" بە تراکت و وێنەی شەهید قاسملوو ڕەنگین کرد.

جێی ئاماژەیە کە لەو چالاکییەدا هەزاران تراکت و وێنەی ڕێبەران بڵاو بووەتەوە و هەروەها چەندین گەڕەک و کۆڵان و شەقامی شاری سنە دروشمی شۆڕشگێڕانە تێیدا نووسرا.

شایانی باسە لە یەکەم ڕۆژانی مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ چالاکییەکان بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەستیپێکرد و لە شاری سنەش بۆ دوویەمین جار چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

## بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری دێولان چالاکیی تەبلیغی کرا




لە شاری دێولان بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بە شێوەی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغی کرا.

شەوی ٢١ پووشپەڕی ٩٨ی هەتاوی لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و درێژەدەرانی ڕێبازی قاسملوو، لە شاری دێولان بە بڵاوکردنەوەی وێنەو تراکتی پێوەندیدار بە یادی ٢٢ی پووشپەڕ بۆ جارێکی دیکە وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی ڤییەن، تیرۆریزمی "کۆماری ئیسلامیی ئێران"یان مەحکوومکرد.

ئەو گەڕەک و شوێنانەی لە شاری دێولان کە تێیدا چالاکیی تەبلیغی کراون بریتین لە:

"محلە ی قەڵایی، بیمارستان، شارەک شەیدا، شارەکی زاگرۆس، بیمارستان قدیم، جادەی سنە بۆ هەمەدان، چوار ڕای ئازادی، بان چم، مخابرات، تەکیەی شێخ حیسامەدین، دارایی قەدیم".

هەروەها لە هەڵمەتێکی دیکەدا لە شارۆچکەی بلۆاناوای دێولان، چالاکی هاوشێوە بەڕێوەچوو.

لەو چالاکییەدا دۆستان و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو کۆڵان و گەڕەکەکانی بلۆاناوا، دروشم و نووسراوەی شۆڕشگێرانەیان نووسی و وێنە و تراکتی پێوەندیدرا بە یادی ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاوکردەوە.

كۆمیسیۆنی تەشكیلاتی حیزبی دێموكراتی كوردستان وێڕای دەستخۆشی كردن لە خەڵكی دێموكراتدۆستی كوردستان، بەتایبەتی لایەنگرانی چاونەترسی حیزب لە شاری دێولان لە ناوچەی لەیلاخ، هیوای سڵامەتی و سەركەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

---

## بەرزڕاگرتنی یادی شەهید دوكتور قاسملوو لە ئیلامی دێرین




لە شاری ئیلام یاد و ناوی شەهیدانی ڤییەن، بەتایبەتی شەهید دوكتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا.

لە شەوانی ڕابردوو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە شاری كوردپەروەری ئیلام، بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی تیرۆری ڕێبەری ناوازەی گەلەكەمان، شەهید عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی، چالاكیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد و لەو ڕێگایەوە بۆ جارێكی دیكە كۆماری ئیسلامییان مەحكووم كرد.

شەوی چوارشەممە ڕێكەوتی ١٩ی پووشپەڕ لە درێژەی چالاكییەكانی خەڵكی دێموكراتدۆستی كوردستان، لایەنگرانی ڕێبازی قاسملوو لە شاری گرینگی ئیلام بە شێوەی بەربڵاو یاد و ناوی دوكتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت.


لەو چالاکییەدا کە لە ئیلام و چەند شاری ئەو پارێزگایە بەڕێوەچوو، بە سەدان وێنەو تراکتی تایبەت بەو یادە بڵاو کرایەوەو هەروەها لە چەندین شەقام و گەڕەکی بەرچاوی ئیلام دروشمی "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" نووسرا.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەستخۆشی کردن لە خەڵکی بەهەست و هەڵوێستی ئیلام، بەتایبەتی لایەنگرانی چاونەترسی حیزب لەو شارەدا، هیوای سڵامەتی و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٩

---

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە شاری شنۆ




لە درێژەی چالاکییەکان بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور عەبدوڵرەحمان قاسملوو، ڕێبەری ناوداری کورد، لە شاری دێموکراتدۆستی شنۆ چالاکیی تەبلیغی کرا.

بە پێی هەواڵێک کە لە شاری شنۆوە بە دەستمان گەیشتووە، شەوی ڕابردوو ١٩ی پووشپەڕ، بەشێک لە لایەنگرانی

حیزبی دێموکراتی کوردستان و درێژەدەرانی ڕێبازی قاسملوو کوردان، بە نووسینی دروشمی شووڕشگێڕانە و بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی پێوەندیدار، وێڕای مەحکووم‌کردنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ جارێکی دیکە لە گەڵ ئامانجەکانی شەهیدانی حیزب، بەتایبەتی ڕێبەرانی شەهید، پەیمانی وەفادارییان نوێ‌کردەوە.

شایانی باسە لە یەکەم ڕۆژانی مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ کە هاوکاتە لەگەڵ سییەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان چالاکییەکان دەستی پێکردووە هێشتا هەر بەردەوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٩

---

## چالاکیی تەبلیغی لە شاری سەردەشت بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ



لە شاری کوردپەروەری سەردەشت بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو چالاکیی تەبلیغی کرا.

لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، لایەنگرانی ڕێبازی قاسملوو لە شاری سەردەشت چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

شەوی ڕابردوو ڕێکەوتی١٨ی پووشپەڕی ٩٨ی هەتاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڕەکەکانی "فەرهەنگیان و شەبەکەی دووی" شاری سەردەشت بە نووسینی درووشم و بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکتی پێوەندیدار، وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات و ڕێبەری لێوەشاوەی گەلەکەمان، بۆ جارێکی دیکە کۆماری تیرۆریستپەروەری ئێرانیان مەحکووم کرد و، لەگەڵ ڕێباز و ئامانجی شەهیدان، پەیامی وەفادارییان نوێکردەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و دەستخۆشی لە سەرجەم لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەردەشت ، سڵاویان بۆ دەنێرێ و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٩

---

## سمینارێکی تایبەت بۆ یاد کردنەوەی دکتور قاسملووی مەزن لە وڵاتی کانادا




حیزبی دێموکراتی کوردستان کومیتەی ڕۆژئاوای کانادا. ڤانکۆڤێر لە سییەمین سالیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو ، سمینارێکی تایبەتی لە شاری ڤانکۆڤێری کانادا بەڕێوەبرد.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٣ی جوڵای بەرامبەر بە ٢٢ی پووشپەڕ کە ڕێکەوت بوو لە گەڵ ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی، لە شاری ڤانکۆڤێری وڵاتی کانادا سمینارێکی تایبەت بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیان و ئەندامان و تەشکیلاتی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا بەڕێوەچوو.

دوای خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەیڕەقیب، خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بەتایبەتی شەهید دکتور قاسملووی ڕێبەر و هاوڕێیانی، ڕاگەیەندرا.

دواتر لە لە لایەن ئەنوەر کەریمی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا وێرای بە خێر هێنانی بەشدار بووان، بە نوێنەرایەتی تەشکیلاتی حیزب لە کانادا بە خێرهێنای بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری پێشوو و ئەندامی ڕێبەری حیزب بۆ بەشداری لەو یادە گرینگەدا کرد و داوا لە کاک خالید کرا بۆ پێشکەش کردنی باسەکەیان، کە تایبەت بوو بۆ یادی سی ساڵەی شەهید بوونی دکتور قاسملووی مەزن.

بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری پێشوو و ئەندامی ڕێبەری ئێستای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەرەتای باسەکەی بە ئاماژەدان بە پێگەو جێگەی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان و لە ئێراندا، تیشکی خستە سەر وێستگەکانی ژیانی سیاسی و خەباتی دکتور قاسملووی ڕێبەر لە قۆناغە جیاوازەکان و دیار بوونی شوێن پەنجەی شەهیدی نەمر بە سەر مێژوی سەردەم و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان تا ئەمڕۆ.

بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە دکتور قاسملوو نەک بە تەنیا لە ماوەی ژیانی دا، بەڵکوو دوای شەهید بوونەکەشی سەرمایەیەکی گەورە بوەو، هەتا ئێستاش کاریگەریەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە سەر خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان دا ڕەنگ دەداتەوە.

بەڕێز عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا وتی کە دکتور قاسملوو وەک کەسێکی پڕاگماتیست تەنیا لە سەر یەک جۆر مێتۆد و شێوازی بیر کردنەوە قەتیس نەدەمایەوە و، لە گەڵ ڕەوتی ئاڵ و گۆڕەکانی خەبات دا نوێ دەبوویەوە و پڕۆژەی نوێ و بیری نوێی دەهێنایە نێو خەباتی گەلەدمانەوە.

هەروەها بەڕێز خالید عەزیزی ئاماژەی بە باوەڕی دکتور قاسملووی ڕێبەر لە سەر چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد کرد و وتی دکتور قاسملوو خەباتی پێشمەرگانەو ئەزمونی ڕووداوەکانی ئەو کاتی باشوری کوردستانی دیتبوو بۆیە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆریدا کە پێش بە شەڕ بگیرێت و هەمیشە دەیگووت ئەگەر ئێمە بتوانین ڕۆژێک پێش بە شەڕ بگرین ئەوە بە سەد ڕۆژ پێشدەکەوین.

بەشی کۆتایی سمیناری یادی سی ساڵەی شەهید بوونی دکتور قاسملوو، ترخان کرابوو بە پرسیار و وڵام، کە لەو بەشەش دا ژمارەیەکی بەرچاوو لە بەشدار بووان پرسیارەکانیان ئاراستەی بەڕێز کاک خالید عەزیزی کرد و بەڕێزیشیان بە وردی وڵامی پرسیاری بەشدار بووانی دایەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە کوردستانیانی ڤانکۆڤێر پێشوازێکی گەرم و گوڕیان لە سمیناری یادی سی ساڵەی شەهید بوونی دکتور قاسملووی مەزن داکرد و بە شکۆیەکی تایبەتیەوە یادی شەهید دکتور قاسملووی نەمریان کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

## مەراسمی پێرلاشیز و پەیمان نوێکردنەوە




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣ی جولای ٢٠١٩ زایینی بەرامبەر بە ٢٢ی پوشپەڕی ١٣٩٨ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگران و تێکۆشەرانی سیاسی حیزبە کوردستانی و ئیرانیەکان و دۆستانی بیانی، لە گۆڕستانی پێڕلاشێز،ی شاری پاریس، وڵاتی فەڕانسە و لە ٣٠هەمین ساڵەی تێرۆری وییەن دا کۆبونەوە. سەدان کەس لە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و دژبەری ڕژیمی ئیسلامی ئێران، کە بەشێکیان لە وڵاتانی دیکەی ئوروپاوە ڕوویان لە پاریس کردبوو، بە مەبەستی سەرکۆنە و ڕیسوا کردنی تیروری ناجوامێرانەی ڕێبەری هەڵکەوتووی گەلی کورد و سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو و هاوڕێیانی کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و دوکتۆر فازڵ ڕەسوڵ و دووپات کردنەوەی وەفاداری بە ڕێبازە پیرۆزەکەیان لە پیرلاشیز پێک گەشتن.

ئامادەبووان لە بەردەرگای گۆڕستانی بەناوبانگی پێرلاشێزەوە کۆبوونەوە و پاشان بە ڕێپێوان بەرەو گڵکۆی دوکتۆر قاسملوی هەمیشە زیندوو ڕێکەوتن و بەرنامەکە پاراستنی چرکەساتێک بێدەنگی بۆڕێز لێنان لەگیانی پاکی شەهیدانی سورخەڵاتی گەلەکەمان دەستی پێکرد.

پاشان خاتو شیلان مودەڕەسی وەکو پێشکەشکاری بەرنامەکە بە زمانەکانی کوردی و فارسی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و دواتر تێکڕا گۆێبیستی سرودی ئەی شەهیدان بووین.



سەرچاوە
Serchawe

پاشان بەڕێزان کاک سەعید بیگزادە و کاک مەولود سوارە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چەپکە گوڵی ڕێز و وەفایان پێشکەش بە گڵکۆی شەهیدان کرد..

بەشی یەکەم بەرنامە بە وتەکانی بەڕێز کاک سەعید بیگزادە دەستی پێکرد. لە درێژەی مەڕاسیمەکەدا وتە بەنرخەکانی دوکتۆر قاسملوی مەزن لە لایان پێشکەشکاری بەرنامەکەوە دەخوێندرانەوە.

پاشان هاوڕێ سوڵتان گولاوی «بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان» پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی پێشکەش کرد.

دواتر کاک مەنسور خوسرەوی هاوسەری شەهید خاتو سوهەیلا قادری کە بۆ بەشداری لە مەراسیمەکەدا لە کوردستانەوە هاتبوو، پەیامی بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

دووهەمین وتاری مەراسیمەکە بە زمانی فەڕانسەوی لە لایەن کەسایەتی سیاسی دوکتۆر عەزیز ماملێ پێشکەش کرا. بە دوای ئەو دا بەڕێز دوکتور فردریک تیسۆ دۆستی لەمێژینە گەلی کورد چەند وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد کە لەلایەن دوکتۆر عەزیز ماملێ،وە لە فەڕانس،یەوە وەرگێڕایەوە سەر کوردی.

ئینجا بەرێز مەولوود سوارە لە وتەیەک دا لە لایەن کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حدک،وە سوپاسی دوکتور فردریک و هەموو دۆستانی فەرانسەوی کرد کە هەمیشە پشتیوانی جولانەوەی بەرحەقی کورد بوون ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئەو پشتیوانەیە دەربری.

هەروەها هەرلەو پیوەندیەدا بەرێزان کاک سەعید بیگزادە و مەولوود سوارەوە وێنەیەکی تایبەتی دوکتۆر قاسملوو کە لە سەر فەرشێک نەخشیدرابوو، وەک وەفایەک بۆ ئەو دڵسۆزییەی بەڕێزیان پێشکەش بە دوکتۆر فردریک تیسۆ کرد.

هاوڕێی هێژا کاک مەولود سوارە پەیامی سکرتێری ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست بەرێز لویس ئەیالای پێشکەشی

ئامادەبووانی کرد.

یەکێکی تر لە وتاربێژەکانی بەرنامە کەسایەتی سیاسی بەڕێز دوکتۆر حوسەین لاجوەردی بوو کە پەیامی پشتگیری و هاودەنگی خۆی بۆ حیزب و تیکۆشەرانی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستان دووپات کردەوە.

دواتر چەپکە گوڵی ڕێز و وەفای بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە لایان خاتوو شەوبۆ وەنەوشە و کاک مەنسور خوسرەوی پێشکەش بە گڵکۆی کاک عەبدوڵا قادری ئازەر کرا.

لە درێژەی مەڕاسیمەکەدا چەندین پەیام لە لایان نوێنەری ڕێکخراوە بەشدارەکانەوە پێشکەش کران کە بریتی بوون لە:

* پەیامی «سازمان اتحادیه فداییان خلق ایران» بە زمانی فارسی لە لایەن خاتو ایران دخت انصاری،ئەندامی ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیەوە خوێندرایەوە.

* پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لەلایەن هاوڕێی تێکۆشەر فەرزانە ڕەشیدزادە

* پەیامی «شورای دیموکراسی خوازانی ئێرام» لەلایان هاوڕێ ئەدیسۆن فەرامەرزی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە بریتانیا

* پەیامی «کۆمبەندی هاوپەیوەندی بۆ ئازادی و بەرامبەری لە ئێران» لە لایەن هاوڕێ ئارش زەمانی ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە فەرانسە.

* پەیامی کۆنفیدڕاسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا لە لایان بەڕێز وڵات نەهری.

پێویست بەئاماژەیە، بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی نەمران دوکتۆر قاسملو و عبداللەی قادری ئازەر ئامادە ڕێ و ڕەسمەکە بوون.

لە کۆتایی مەراسمەکەدا بەڕێز کاک سەعید بەگزادە وێڕای دەربڕینی سپاس و پێزانین بۆ ئامادەبوونی بەشداران کۆتایی بە مەراسمەکە هێنا و ئینجا تێکڕای ئامادە بووان بە مەبەستی نوێ کردنەوەی بەڵێن و ڕێز لە شەهیدانی میکۆنوس چوونە سەر گڵکۆی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی و تاجە گولینەی ڕێز و وەفا لەلایەن بەڕێز کاک خانەی ماملێ و هاوڕێی تێکۆشەر کوێستان گادانی،یەوە خرایە سەر گڵکۆی پیرۆزیان.

کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدانی وییەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی جووڵای ٢٠١٩

---

## ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٣٠ی ساڵەی تیرۆری شەهیدانی وییەن شەقامەکانی لەندەنیان هەژاند.



ڕێکەوتی ١٥ی جولای ٢٠١٩ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە لەندەن بە بەشداری ئەندامان و لایەنگرانی لایەنکانی ناوەندی هاوکاری و هەروەها ڕەوەندی کورد لە بریتانیا خۆپێشاندانیان بۆ نارەزایەتی و بیرهێنانەوەی بیروڕای گشتی لەمەر تیرۆری ناجوێمێرانەی شەهید دوکتۆر عبدالرەحمان قاسملو ڕێبەری جولانەوەی کورد و کاک عبداللە قادری ئازەر لە وییەن ڕێکخست.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم خۆپێشاندانە بە سروودی ئەی رەقیب دەستی پێکرد

پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستان لەلایەن کاک فەرید دەیهیم بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بریتانیا پێشکەشی بەشدار بووان کرا.
پەیامی همبستگی بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێران لەلایەن کاک کەیوان رەسول ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا پێش کەش کرا.

ئەو جار بە دروشم دان بەرەو باڵوێزخانەی ئوتریش وەرێ کەوتن

لە کۆتای بەرنامەکەدا سوپاسنامەی ناوەند لەلایەن کاک مەحمەد ئەفەندی ئەندامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا خوێندرایەوە.

لەو خۆپێشاندانە بەدەیان دروشمی کوردی، فارسی ئینگلیسی دران هەروەها چەند شیعر و پەخشان پێشکەش کرا.

کاتژمێری ٤ی پاشنیوەرۆ کۆتای بە خۆپێشاندانەکەدرا.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان لە ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو




هەموو ساڵێک لە مانگی پووشپەڕ و نیزیکبوونەوە بە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ناوەندە ئەمنییەکان گوشار و هەڕەشەکانی خۆیان بۆ سەر خەڵکی قاسملوودۆستی کورد زیاتر دەکەن.

بە گوێرەی ئەوزانیارانەی کە بە "کوردستان وکورد" گەیشتوون،

لە ڕۆژی ١٩ پووشپەڕ هەتاکوو ڕۆژی شەممە ٢٢ی پووشپەڕ ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بە دەستی نێردراوانی کۆماری ئیسلامی، سپای پاسداران هەڕەشەیان لە خەڵکی کوردستان کردوە، کە نابێ لە ژێر هیچ پاساوێک دووکان و بازاڕ دابخەن، دەنا بە توندی سزا دەدرێن.


هەر لەو پێوەندییەدا هاونیشتمانییەک لە شاری شنۆوە، ڕایگەیاند کە ماوەی سێ ڕۆژی جموجۆڵێ هێزە ئەمنییەکان لە نێو شار و گوندەکانی ئەو ناوچە زیادی کردووەو، ناوەندە ئەمنییەکان و بەکرێگیراوانی ڕێژیم هەڕەشە لە خەڵک دەکەن کە لە هەرچەشنە چالاکی و داخستنی دووکان و بازاڕ خۆ ببوێرن، دەنا ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە.

هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە ئەمساڵ کە ڕێکەوتە لەگەڵ سییەمین ساڵی تیرۆری دوکتور قاسملوو، گوشارو

هەڕەشەکان زیاتر لە ساڵانی پێشوو بووەو دەزگا ئەمنیەتییەکان بە وردی خەڵکی ناوچەی شنۆیان کونترۆڵ کرد بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە شاری شنۆ بە هەڵکردنی ڕەنگی "شین" و داخستنی دووکان و بازاڕ خەڵکی دێموکراتدۆستی ئەو ناوچەیە بێزراوی خۆیانیان لە کۆماری ئیسلامی و وەفادارییان بۆ خوێنی شەهیدان دووپات کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٩

## چالاکیی تەبلیغی بەربڵاو لە شاری سنە بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ




لە شاری سنەی قارەمان بە بۆنەی ساڵڕۆژی تیرۆری شەهید قاسملوو و هاوڕێیانی چالاکیی تەبلیغی کرا.

بە هیمەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سنە، بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی تیرۆری ڤییەن، بە شێوەیکی بەربڵاو وێنە و تراکتی تایبەت بەو یادە بڵاو کرایەوە.

لە ڕۆژانی ٢٠ تا ٢١ی پووشپەڕی ئەمساڵ تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سنە بە مەبەستی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها پەیمان نوێکردنەوە لە گەڵ ڕێباز و ئامانجی شەهیدانی حیزب و گەل،



سەرچاوە
Serchawe

چالاکیی تەبلیغیاتییان بەڕێوەبرد.

لە یەکەم هەڵمەتی شۆڕشگێڕانە لە شاری سنە ئەو گەڕەکانە کە چالاکیی تەبلێغی تێیدا بەڕێوە چوو بریتین لە: حاجی ئاوا، شارەکی پەنجی ئازەر، شارەکی وەحدەت، نەنەڵە، کوێر ئاوا، شێخان، دەفتەر فەنی، کەمەربەنی ٢٥، فەیزا ئاوا و چەن گەڕەکی دەور و بەر.

جێگای ئاماژەیە ئەندامان و لایەنگەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاو کردنەوەی تراکت لە نێوان خەڵک بە تایبەت لاوان بوونە هۆی دڵخۆشیکی زۆر و خەڵکی دێموکراتدۆستی سنە بە دروشمی "بژی قاسملوو، بژی دێموکرات" پشتیوانی خۆیان بۆ ڕێبازی شەهیدی ڕێبەر دووپاتکردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٩

---

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە لۆڕستان




بە بۆنەی سییەمین ساڵی شەهیدکرانی ڕێبەری ئازادیخوازی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، دۆستان و لایەنگرانی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلەکەمان لە شاری "ئەزنا" لە پارێزگای لۆرستان، چالاکیی تەبلیغییان

بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا لە نێو شاری "ئەزنا" بە بەربڵاوی تراکت و وێنەی پێوەندیدار بەو یادە بڵاوکرایەوە.

شەوی شەممە ٢٢ی پووشپەڕ کە ڕێکەوتە لەگەڵ ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاونیشتمانییانی لۆڕ لە شاری "ئەزنا" لە چەندین شوێنی بەرچاو و هەستیاری ئەوشارە، بە بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکت و نووسراوە، وێڕای مەحکوومکردنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، سۆز و هاوپێوەندی خۆیانیان بە گەلی کورد و خەباتە ڕەواکەی دەربڕی.

ئەو گەڕەک و شوێنانە لە شاری "ئەزنا" کە چالاکیی تەبلیغی تێیدا کراون بریتین لە: شەقامی بیست مێتری، گەڕەکی "شاهد"، گەڕەکی "تابان یک"، شانزدە مێتری، کۆڵانی جەوانمەردی، مزگەوتی "باب الحوائج" بلوواری سپا، بلوواری جیهاد، کۆڵانی شەهبازی، کەلانتەری ئەزنا.

هەروەها بەشێکی دیکە لە دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئەهواز لە سەر جادەی نوورئابادی ئەو شارە بە چالاکیی تەبلیغی خۆیان ڕایانگەیاند کە ئەندێشەکانی قاسملووی ئاشتیخواز، بە زیندوویی ماوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٩

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە ناوچەی لەیلاخ



بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، بۆ ڕێزگرتن لەو ڕێبەرە ناودارە لە ناوچەی لەیلاخ بە شێوەی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغی کرا.

شەوی ٢٢ پووشپەڕی ۹۸ی هەتاوی لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و درێژەدەرانی ڕێبازی قاسملوو، لە ناوچەی لەیلاخ بە بڵاوکردنەوەی وێنەو تراکتی پێوەندیدار بە یادی ٢٢ی پووشپەڕ بۆ جارێکی دیکە وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی ڤییەن، تیرۆریزمی "کۆماری ئیسلامیی ئێران"یان مەحکوومکرد.

ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی قورچیا و لە ئاواییەکانی کایوەشە و میرەکی و تازەئاوای ناوچەی لەیلاخ بۆ ڕێزگرتن لە یادوناوی دوکتور قاسملوو بەشێوەی بەربڵاو چالاکییان کردووە لە شوێنە بەرچاوەکان وێنەی دوکتور قاسملوویان هەڵواسیوە و دروشمی شۆڕشگێڕانەیان نووسیوە.

لەو چالاکییەدا دۆستان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو کۆڵان و گەڕەکەکانی شارەدێی قورچیا، دروشم و نووسراوەی شۆڕشگێڕانەیان نووسیوە و وێنە و تراکتی پێوەندیدرا بەیادی ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاوکردۆتەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەستخۆشی کردن لە خەڵکی دێموکراتدۆستی کوردستان،



سەرچاوە
Serchawe

بەتایبەتی لایەنگرانی چاونەترسی حیزب لە شاری لە ناوچەی لەیلاخ، هیوای سڵامەتی و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

---

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە ئاوایی گامێشگۆڵی




لە ئاوایی "گامێشگۆلی"ی بۆکان یاد وناوی شەهید دوکتور قاسملوو بەرزڕاگیرا.

لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکان بە بۆنەی ساڵیادی کارەساتی تیرۆری ڕێبەر و تێکۆشەری گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو ئاوایی گامێشگۆلی چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

شەوی ٢٢ی پووشپەڕی ٩٨ هەتاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاوایی گامیشگۆلی، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد و لەو ڕێگایەوە بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد و هەروەها لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێبەرانی شەهید، پەیمانی وەفادارییان نوێکردەوە.

لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی دێموکرات لە گامێشگۆلی چەند بینای دەوڵەتیان کرد ئامانج و دروشمی شۆڕشگێڕانەیان لەسەر نووسی و هەروەها دار و دیوای نێو ئاواییان بە وێنەی دوکتور قاسملوو ڕازاندەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەستخۆشی کردن لە خەڵکی دێموکراتدۆستی کوردستان، بەتایبەتی لایەنگرانی چاونەترسی حیزب لە ئاوایی گامێشگۆلی، هیوای سڵامەتی و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩

## چالاکیی تەبلیغی "لاوانی شۆڕشگێڕی هەوشار" بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە




بەشێک لە لاوانی دێموکراتدۆستی ناوچەی هەوشار بە ڕێکخستنی خۆیان لە ژێر ناوی "لاوانی شۆڕشگێڕی هەوشار، ئەمساڵ بە بۆنەی ساڵرۆژی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو دەستیان دایە چالاکی.

لاوانی شۆڕشگێڕی هەوشار لە نێوشاری تیکاب و دەوروبەری ئەوشارە بە بڵاوکردنەوەی وێنەو تراکت و نووسراوەی تایبەت بە یادی دوکتور قاسملوو، بۆ جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیانیان بە ڕێبازی شەهیدان دووپات کردەوە.

لاوانی خوێنگەرمیی هەوشار، لەو چالاکییەدا ڕایەنگەیاندوە کە هەتا وەدی هاتنی ئامانج و ئاواتی شەهیدان، ڕێچکەو ڕێبازی دێموکرات بەر نادەن و سەرلەونوێ تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد.

ئەو شوێنانەی شاری تیکاب کە لە سەر دەستی لاوانی دێموکرات چالاکی تێیدا کراون بریتین لە؛ گەڕەکەکانی ناوباخ، "مدرسه امام علی"، پشت "فرمانداری"، "بلووار تەخت سلێمان"، لە گەڵ چەندین گەڕەک و کۆڵانی دیکەی ئەو شارە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەستخۆشی کردن لە لاوانی بەهەست و هەڵوێستی کوردستان، بە تایبەتی لاوانی ناوچەی هەوشار، هیوای سڵامەتی و سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٩

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧١٩ی کوردی - جوولای ٢٠١٩ی زایینی




بێبەش پیرۆتی

لە بەحری خوێ تێدەپەڕم

چی سنووره هەمووی دەبڕم

دەڕۆم وێنەی پاپۆڕێکی تۆفانشکێن

لە بەستێنی "پێرلاشێز"دا لەنگەر دەگرم.

دەڵێم: هەستەوە ڕێبەرم

ڕەنگ و بۆن و ورە و هیوا و

تین و گوڕ و عیشق و جوانیی کوردستانم بۆ هێناوی

ئاخر بۆ خۆت هۆی هەرمان و

لە گەڵ گشتیان تێکەڵاوی.

١١ی جوولای ٢٠١٩

سەرچاوە
Serchawe